ڕەسووڵ حەمزەتۆڤ

# داغستانی من

ـ کتێبی یەکەم

هەواڵنامەی کتێب

عەزیز گەردی

لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردە

بەغدا ـ چاپخانەی (علاء)

١٩٧٩

ڕەسوول حەمزەتۆڤ

1970

# داغستانی من

— کتێبی یەکەم —

CHAIAK M
00 46 - 704 045 250

عەزیز گەردی

لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورده

بەغدا — چاپخانەی (علاء)

١٩٧٩



ئەی ڕێبوار ! ئەگەر ویرات بە بەر ماڵمدا بڕۆی و لانەدەی،
تەرزەو برووسکەت لێ بارێ ، تەرزەو برووسکە !

ئەی میوان ! ئەگەر ماڵی منت بە دڵ نەبوو ،
برووسکەو تەرزەم لێ بارێ ، برووسکەو تەرزە !

« نووسراوی سەر دەرگایەك »

ئەبووتالیب گوتوویە :

ئەگەر دەمانچە بە رابووردووەوە بنێی ،
دوارۆژ تۆپت پێوە دەنێ ٭



# لەباتیی پێشەکی

## بە گشتی لەبارەی پێشەکی یەوە

**کە لە خەو ڕادەبی ، خێرا لەناو نوێنەکەت دەرمەپەڕە وەکو ئەوەی کە شتێك ڕێیەوەدابیت ، لەپێشدا نەختێ لەو خەونە وردبەوە کە دیوتە •**

لەوبڕوایەدام هەتا خوا خۆیشی بەرلەوەی چیرۆکی خۆش بۆ دەستو پێوەندەکانی بگێڕێتەوە ، یا ئامۆژگاری‌یان بکا ، جگەرەیەك دادەگیرسێنێ ، بەکاوەخۆ قومی لێ دەداو دەکەوێتە بیرکردنەوەو دووکەڵەکەی بە با دەدات •

فڕۆکە پێش ئەوەی لە شەقەی باڵ بداتو بفڕێ ، گرمەگرمو گڕەگڕێکی زۆر دەکات ، سەراپای فڕۆکەخانە دەپێوێ تا دەگاتە فڕگا •• تا دێ گرمەو نەڕەو هاژەی زیاد دەکات ، پاشان ملی ڕێ دەگرێ بکەوێتە هەواوە ، ئەم هەموو بێنەو بەرەیە دەکات ئینجا هەڵدەفڕێ •

هەلیکۆپتەر پێویستی بە پێڕۆ نی‌یە ، بەڵام ئەویش پێش ئەوەی لە زەوی

جودابێتەوە ، گرمەگرمێکی زۆر دەکات ، دەشریخێنێ ، دەنەڕێنێ ، توند توند دەهەژێ‌و رادەتەکێ ، تا باڵ دەگرێ‌و بە هەوا دەکەوێ •

تەنیا هەڵۆی شاخاوی راستەوخۆ ، یەکسەر لەسەر تەقتەقە تاوێرەکەیەوە تێی‌دەتەقێنێ‌و بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ‌و لەوێ بە کەیف‌و شادی‌و دڵنیایی‌یەوە دەفڕێ‌و هەر بەرز دەبێتەوە بەرز دەبێتەوە تاوەکو پنتکێکی گچکۆکەی لێ دێ‌و لە مەودای چاو دەردەچێ •

پێویستە کتێبی باشیش بەم‌جۆرە ، بە بێ‌پێشەکیی درێژو بێ‌تام ، دەست پێ‌بکات •

کاتێ کە (گا)یەك ، تیژ ، بە لاتدا تێ‌دەپەڕێ ، ئەگەر نەتوانی لەپێشەوە قۆچی بگری‌و بەرزەفتی بکەی ، ناتوانی لەپاشەوە کلکی بگری‌و بیوەستێنی •

گریمان گۆرانی‌بێژ باندووری لە دەستە ، ئەمن دەزانم دەنگی خۆشە ، بەڵام ئەدی بۆچی پێش‌ئەوەی دەست بە گۆرانی بکات ، بە دەستە خۆی نی‌یە ، پەنجە بە ژێ‌یەکان‌دا دێنێ‌و نەرم نەرم دەیانلەرێنێتەوە ؟ هەر ئەم قسەیەشم هەیە بۆ : ئەو راپۆرتەی کە پێش ئاهەنگی سازو مۆسیقا دەخوێندرێتەوە ، یا ئەو موحازەرەی پێش دەست‌پێ‌کردنی شانۆنامە نواندن دەدرێ ، یا ئەو ئامۆژگاری‌یە وشکەی خەزوور بۆ زاوای دادەدات لەجیاتیی ئەوەی کە بانگی بکاتە سەر مێزو پێکێك (چارکە)ی بۆ تێ‌بکات •

جارێکیان کۆمەڵە مریدێك دانیشتبوون ، لەبارەی شیرتیژی‌یەوە لاف‌و گەزافیان بەسەر یەکتر لێ‌دەدا ، شانازی‌یان بە خۆیان دەهات ، باسی ئەوەیان دەکرد کە شیریان لە باشترین پۆڵا دروست‌کراوەو ئایەتی بەرزو پیرۆزی قورعانی لەسەر هەڵکەندراوە • ئەو مریدانە (حاجی موراد)ی جێگری (شامل)ی گەورەو مەزنیان لەگەڵ‌دا بوو ، حاجی موراد پێی گوتن :

« باوكم ! ئێستا ، ئێوە لەبەر سێبەری دار چنار دانیشتوون ، پیلەکە لەسەر چ دەکەن ؟ سبەی لەگەڵ گەردی بەیانی شەڕ دەست پێدەکات • ئەوەدەمە شێرەکان خۆیان بەدەنگ دێن » •

لەگەڵ ئەمەشدا ، ئەمن لەو بڕوایەدام ، خوا پێش ئەوەی کە بەوێ ، بە شێنەیی جگەرەیەك پێدەکات •

لەگەڵ ئەمەشدا ، نەبووە بە عادەت لە چیاکان ، کە سوار لەسەر کۆسپەی ماڵێ سواری ئەسپ بێ ، بەڵکو تا لە ئاوایی دەردەچێ جڵەوی ئەسپەکەی ڕادەکێشێو وردە وردە دەڕوا • بۆیەش وادەکا تا لەوماوەیەدا دەرفەتی بۆ بڕەخسێ بیر لەو شتانە بکاتەوە کە بەجێیان دێڵێو ئەو شتانەش کە دەشێ بێنە ڕێی • ئێشەکەی هەرچەندە بەتالووکەش بێ گوێی لێ نییە ، بەکاوەخۆ ، بەدەم بیرکردنەوەوە تا پەرگەی ئاوایی ئەسپەکەی جڵەوکێش دەکا ، جا لەوێ بەئەسپایی پێ داوێتە سەر رکێفو خۆی هەڵدەداتە سەر زینو کووڕ دەبێتەوە سەر قەڵپۆزو ئاوزنگی لێدەداو لەناو تەپو تۆزدا بزر دەبێ •

منیش پێش ئەوەی خۆم هەڵبدەمە سەر زینی کتێبەکەم ، جڵەوی ئەسپە ڕەسەنەکەم ڕادەکێشم ، بەدەم بیرکردنەوەوە نەختێ لە تەنیشتی دەڕۆم ••• من خووم وا گرتووە قووڵ بیر بکەمەوە ، بەر لەوەش قسە لە دەمم بێتە دەرەوە ، نەختێ لە قوڕگمدا دەیکوڵێنم •

نەك تەنیا ئەگەر پیاو لاڵو پت بێ قسەی بە گرانی لە دەم دێتەدەرێ ، بگرە ئەگەر لە وردترینو قووڵترینو گونجاوترین وشەش بگەڕێ ، لەوانەیە وشەکەی بە گرانی لە زمان جودا بێتەوە • هیوادارم بەمقسانەم دەمهەراشیم نەکردبێو خەڵکم سەراسیمە نەکردبێ • بەڵام ئەوەندەش هەیە ئەمن لاڵو پت نیم • من بەدوای وشەی ڕاستو دروستو پڕ بە پێستی خۆیدا دەگەڕێم ، بۆیە وادەبێ جاروبار زمانم بلەنگێ •

ئەبووتالیب گوتوویە : پیشەکیی کتێب وەکو ئەو زلە قەسەرە وایە کە ئافرەتی ئەفسانە پەرست لە کاتی پینەکردنی فەرووەی مێردی لەبەر ددانی ڕادەکا ، چونکە وا باوە دەڵێن ئەگەر ئافرەت لەکاتی ڕاپیی کردنی ئەم کارەدا زلە قەسەر نەخاتە بەر ددانی ، لەوانەیە فەرووەکە بێتە کفن .

هەروەها ئەبووتالیب گوتوویە : ئەمن وەکو ئەوکەسە وام کە لە تاریکاییدا دەست لە دەرگایەك بگێڕێ ، یا وەکو ئەوکەسە وام کە دەرگاکەی دۆزیبێتەوە ، بەڵام دڵنیا نەبێ داخوا بۆی دەشێو ئەوەندە دەهێنێ کە سەر بە ژووریدا بکا یان نا ؟ لە هەمان کاتیشدا لە دەرگا بدا : تەق ـ تەق .

« هۆ ، ئەوانەی ئەودیو ! ئەوانەی پشت دەرگا ! ئەگەر دەتانەوێ گۆشت لێ بنێن ئێستا وەختی هەستانو خەریك‌بوونە »

« هۆ ، ئەوانەی ئەودیو ! ئەوانەی پشت دەرگا ! ئەگەر دەتانەوێ هەرزن بکوتن ، پێویست بە تەنگاوی ناکا ، لە خەو مەبن » .

« هۆ ، ئەوانەی ئەودیو ! ئەوانەی پشت دەرگا ! ئەگەر دەتانەوێ (بووزە)یەکی چاك بخۆنەوە ، لەبیرتان نەچێ دراوسێشتان بانگ بکەن » .

تەق ـ تەق ، تەق ـ تەق .

باشە ، ئەرێ منیش لابدەم ، یا بە بێ من هەڵدەکەن .

بنیادەم دوو ساڵی پێدەچێ تا فێر دەبێ قسە بکات . شەست ساڵیشی پێ دەچێ تا فێر دەبێ دەمی خۆی بگرێو قسە نەکات .

ئەمن نە دوو ساڵانمو نە شەست ساڵان . لە نیوەڕێی ژیانمدام و لە نوختەی کۆتایی‌یەوە نزیکترم ، هەر بۆیەشە وشەی نەبێژراوم بەلاوە زۆر بەنرخترە لەو هەموو وشانەی کە گوتراون .

ئەو کتێبەی کە هێشتا نەمنووسیوە زۆرم پێ لەو کتێبانە بەنرخترە کە لە

پێنووسەکەم کەوتوونەتەوە • ئەو کتێبە قەت نرخی تەواو نابێ • لە هەموویان باشتر کەوتۆتە بەر دڵم‌و لە هەمووشیان زەحمەتترە •

کتێبی نوێ وەکو گەلی‌یەکە قەت پێدا نەچووبم ، بەڵام هەموو لادیوارەکانی لە بەردەممدا دەکشێنەوە باش‌و بەرەو دەشتایی گوم‌و تەماوی ڕادەکێشن • کتێبی نوێ ئەسپێکە قەت زینم نەکردووە • خەنجەرێکە قەت لە کالان دەرمنەکێشاوە •

چیایی دەڵێن : قەت خەنجەرەکەت بە هەوانتە هەڵمەکێشە ، بەڵام ئەگەر ناچاربووی هەڵی‌کێشیت ، بیوەشێنە ، وای بوەشێنە یەکسەر سوارو ئەسپ پێکەوە لەت بکەی •

ئای ، چیایینە ! قسەتان چەند ڕاستە !

لەگەڵ ئەمەشدا ، پێش ئەوەی خەنجەرەکەت هەڵبکێشی بزانە ئاخۆ

---

باش سووراوە یان نا ؟

هۆ ، کتێبەکەم !

ساڵەهای ساڵە تۆ هێلانەت لە ناخی دەروونم داناوە • تۆ وەکو ئافرەتێکی زۆر خۆشەویست وایت کە لەدوورەوە تەماشای بکەی ، وەکو ئافرەتێك کە خەونت پێوە دیبێ ، بەڵام هەرگیز زاتت نەکردبێ لێی نزیك بیتەوە • جاری‌وا بووە زۆر لێم نزیك بوەتەوە ، هەر ئەوەتە خۆی لێ نەخشاندووم بەڵام من شەرمن‌و ترسنۆك بوویم‌و خۆم کێشاوەتەوە •

بەڵام ئێستا ـ بڕایەوە • بڕیارم‌داوە ئازایانە لێی بچمە پێش‌و دەستی بگرم • حەزدەکەم لە دڵدارێکی شەرمنەوە ببم بە مرۆیەکی دلێرو شارەزا •

ئەسبەکەم زین دەکەم‌و سێ قامچیی لێ دەدەم ، جا هەرچی دەبێ با ببێ •

لەگەڵ ئەمەشدا ، پێش هەموو شتێ جگەرەیەك لە توونی خۆمانەی ئەم شاخانە دەپێچم و وەختی بێ ڕادەبوێرم • جگەرە ، کە پێچانەکەی هەندە خۆش بێ ، ئەدی دەبێ کێشانەکەی چەند خۆشتر بێ •

هۆ ، کتێبەکەم !

پێش ئەوەی دەست پێ بکەم ، دەمەوێ ئەوە باس بکەم کـــە تـــۆ چۆن لە ناخی مندا چووزەرەت دەرکردو چۆن ناونیشانەکەتم دۆزی‌یەوەو بۆچـــی دەتنووسم و لە ژیاندا دوای چ ئامانجێك کەوتووم •

مێوانەکەم دەبەمە ناو چێشتخانە ، کە لەشە بەرخ هێشتا بەدارەوەیە ، بۆن و برینگی تکە (شاشلیك) نی‌یە بەڵکو بۆنی خوێن و خوڕو گۆشتی خاوو پێستەی تەڕو نەگرواوە •

برادەرەکانم دەبەمە ژووری ئیش‌کردنم کە دەستنووسەکانمی تێدایە • دەستووریان پێ دەدەم بە کەیفی دڵی خۆیان دەستیان تێ وەربدەن •

ئەگەرچی باوکیشم دەیگوت : ئەوەی دەست لە دەستنووسی خەڵـــك وەربدا ، وەکو ئەوکەسە وایە کە دەست لە گیرفانی خەڵك ڕابکات •

هەروەها باوکم دەیگوت : پێشەکیی کتێب وەکو کابرایەکی ناوشـــان ئەستوور وایە کە تەپلەیەکی قیتی لە سەر بێ و لە هۆڵی شانۆدا لە ڕیـــزی پێشەوەی تـــۆ دانیشتبێ • پیاو زۆر مەمنوونیەتی ئەگەر ڕاست دابنیشێ و خۆی بە لای ڕاستەو بە لای چەپەدا نەهەژێنێ • ئەو جۆرە کەسە سەیرکەرێکـــی وەك من زۆر سەخڵەت دەکات و •• لەئەنجامدا لێی لە ڕك ڕادەچم •

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : زۆر جار وادەبێ لە شیعر خوێندنەوەی ئێواران، چ لە مۆسکۆ بێ و چ لە شارەکانی‌تری ڕووسیا بێ ، قسە بۆ گوێگران بکەم • لەوێ خەڵك لە زمانی ئاڤاریی من ناگەن • دەست پێ دەکەم بە ئەکسێنتی خۆم

وەرگێڕدراوم دەخوێننەوە • بەڵام بەرلەوەی ئەوان شیعرەکانم بخوێننەوە ، داوام لێ دەکەن ، بە زمانی زگماکی خۆمان شیعرێکیان بۆ بخوێنمەوە : « حەزدەکەین گوێمان لە ئاوازی زمانی ئاڤاریو ئاوازی شیعری تۆ بێ » • جا دەست بە خوێندنەوەی شیعرەکەم دەکەمو خوێندنەوەکەشم وەکو هەژاندنەوەی زێیەکانی پەندوور وایە بەر لە دەستپێکردنی گۆرانی •

ئاخۆ پێشەکیی کتێبیش شتێکی لەم بابەتە نییە •

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : کە لە مۆسکۆ قوتابی بووم ، جارێکیان باوکم

هەندێ پارەی بۆ ناردم بۆئەوەی پاڵتۆیەکی زستانی بۆ خۆم بکڕم • وا ڕێك کەوت پارەکەم خەرج کردو پاڵتۆم نەکڕی • بۆ پشووی زستان ناچاربووم بەو جلانەوە بچمەوە ماڵێ بۆ داغستان کە هاوینێ پێی هاتبوومە مۆسکۆ • کە گەیشتمە جێ ، دەستم پێ کرد بڕوبیانووی بێ سەرو پێم بۆ باوکم هێنایەوە ، یەك لە یەك پڕوپووچو ناماقووڵتر بوون • کە خۆم تەواو لە گرێیان شەتەك دا ، باوکم قسەی پێ بڕیمو گوتی :

« ڕاوەستە ڕەسووڵ ! دەمەوێ دوو پرسیارت لێ بکەم » •

« فەرموو ، بپرسە » •

« پاڵتۆت بۆ خۆت کڕی ؟ »

« نەخێر » •

« پارەکەت خەرجکرد ؟ » •

« بەڵێ ، خەرجم کرد »

« ئێستا ، هەموو شت ئاشکرا بوو • کە نوێشکی شتەکە بە دوو قسە دەگوترێ ، تۆ بۆ هێندە قسەی بێکەڵك دەکەیتو پێشەکییوا دوورو درێژ دادەمەزرێنی » •

باوکم ئاوهای فێر کردووم •

لەگەڵ ئەمەشدا ، کۆرپەی تازە بوو یەکسەر قسە ناکا ، پێش قسەکردن گرو گاڵ دەکا • هەندێ جار کە بەدەم ئازارەوە دەگری هەتا دایکیشی نازانێ بۆچی دەگری ؟ •

ئاخۆ گیانی شاعیریش وەکو گیانی کۆرپە وا نی‌یە ؟!

باوکم دەیگوت : کاتێ کە خەڵك چاوەڕێی مێگەلە مەڕێك دەکەن لە باوانی شاخان بێتەوە ، یەکەمجار قۆچی نێری‌یان لێ دەردەکەوێ کە هەردەم سەرایی کێشە ، پاشان نێری‌یەکە بەتەواوی دەردەکەوێ‌و ئینجا مێگەلەکە •

کاتێ کە خەڵك چاوەڕێی کۆرەوی زەماوەندێك ، یا شین‌و شەبۆڕێك دەکەن ، پێش هەموو شتێ قاسیدیان لێ دەردەکەوێ •

کاتێ کە لە ئاوایی‌یەکی شاخاویدا خەڵك چاوەڕێی قاسیدێ دەکەن ، یەکەمجار گەواڵە تەپ‌و تۆزێکیان لێ دەردەکەوێ ، ئینجا سوارەکە •

کاتێ کە خەڵك چاوەڕێی گەڕانەوەی راوکەرێك دەکەن ، یەکەمجار تاژی‌یەکەیان لێ دەردەکەوێ •



# ئەم کتێبە چۆن لەدایك‌بووە ؟ لەکوێ نووسراوە ؟

**هەتا منداڵی بچووکیش خەونی گەورەیان هەیە**

« نووسراوی سەر بێشکەیەك »

**ئەو چەکەی پیاو یەك‌جار لە ژیاندا پێویستی پێ دەبێ ، پێویستە بەدرێژایی تەمەنی پەیدای کردبێ .**

**ئەو شیعرانەی بەدرێژایی ژیانت دووپاتیان دەکەیتەوە ، لە تاقە دانیشتنێکدا نووسراون.**

باڵندەیەکی بەهاری بەسەر گوندێکی دەمجۆگادا هەڵفڕی ، بیری لە شوێنێك دەکردەوە لێی بنیشێتەوەو پشوویەك بدا ، چاوی لە بانی پانو پاگژی خانوویەك دەگێڕا ، لە باگوردانێك دەگەڕا . ئیدی ئەو باڵندەیە لە ئاسمانی شینەوە بۆ نەختێ حەسانەوە دابەزی‌یە سەر ڕستەکەیەك . ئافرەتێکی مەکرۆو بلعات گەورە گرتی‌و بردی‌یە ژوورەوە . باڵندەکە دیتی ئەو خێزانە هەموو لەگەڵی باشن ، بۆیە لەوێ گیرسایەوەو لەسەر ناڵێك هێلانەی هەڵنا کە بە بزمارێك لەسەر کاریتەیەکی کۆنی بە تەنی‌و دووکەڵ داکوترابوو .

ئاخۆ کتێبەکەی منیش شتێکی لەم بابەتە نی یە ؟

چەند جار لە ئاسمانی شینو سامالی شیعرەوە ڕوانیومەتە دەشتی پەخشانو چاوم لە جێگایەك گێڕاوە لەسەری هەڵبنیشمو هەناسەیەکی تێدا بخۆمەوە •

نەخێر ، وا باشە بەراوردەکە لەگەڵ فڕۆکەیەکدا بکەم ، کە خەریك بێ لە فڕۆکەخانە بنیشێ ، بەرلەوەی بگەمـــە ســەر زەوی تەنیشـــتاو تەنیشـــت دەسووڕێمەوە ، بەڵام لەبەر تووشیی هەواو تووڕەیی ئاســمان لێپرسراوانی فڕۆکەخانە ماوەی نیشتنەوەم نادەن • لە سووڕی گەورەدا ملدەنێمو راســـت دەفڕم ، دەفڕمو دیسان دەشتی ئارەزووەکانم لەخوارێ بەجێدێڵم •••لە زۆر بارو بە زۆر بۆنەوە شتیوام لێ قەوماوە •

لێکمداوەتەوە ، کەوابوو دیارە لە تەوێڵم نەنووســراوە بێ بنیمە ســـەر تاوێرە بەردێکی گەورەو پتەو • دەبێ پێم هەر لـــە ڕۆیشتنو ڕێگا کوتانەوەدا بێ • نابێ چاوەکانم لە پشکنینو دۆزینەوەی شوێنی نوێی ئەم سەرزەمینە بکەون، نابێ دڵم لە داهێنانی گۆرانیی نوێ پشوودان بزانێ • وەکو جووتیارێك چۆن ئەوکاتەی کە پەڵە هەورێك یا ڕەوە قورینگێکی بەسەر سەرەوە ، بەئاسماندا ، تێدەپەڕێ هێدم دەیگرێو تاسێك دەیباتەوە ، پاشـــان دووبارە بەتینو تەوژمو هێزو گوڕێکی نوێوە دەست داوێتەوە سەر دەستەندوو ، منیش ئاوا دەســـت بە تەواوکردنی ئەو پارچە شیعرە دەکەم کـــە لە نیوەی ڕێدا ، بە نیوەچڵی ، بەجێم هێشتبوو •

بەڵێ ، هەرچەندە شیعری خۆم لەگـــەڵ تاقی ئاسمان بەراورد کردبێ ، شیعرەکەم وەکو تەبارەکـــەم ، بوورو بەیارەکـــەم ، کارو پیشـــەی سەختم ، کەوتۆتە بەرچاو •• تا ئێستا هیچ پەخشانم نەنووسیوە •

جارێکیان نامەیەکم بۆ هات ، زەرفەکەم کردەوە ، کاغەزی سەرنووسەری گۆڤارێکی تێدابوو ، کە گەلێ ڕێزی گۆڤارەکەو ڕێزی سەرنووسەرەکە دەگرم• سەرنووسەر نامەکەی بەم وشانە دەستپێکردبوو :

« ڕەسووڵی بەڕێز ••••• » بە گشتی ، سەرلەبەری نامەکە هەمووی سوپاس و ستایش و پێداهەڵگوتنی قووڵ بوو •

کە نامەکەم کردەوە دەتگوت ئەو پێستە گایەیە کە جیایی‌یەکانمان لەسەر بانی هەڵدەخەن تا وشك بێتەوە • کە پەڕەکانم هەڵدایەوەو خوێندمەوە ، وەکو ئەو پێستە گایە تەقە تەقیان دەهات کە وشك کرابێتەوەو چوار قەد کرابێ تا لە ماڵەوە هەڵی بگرن • تەنیا ئەوەندە بوو بۆنی پێستەی لێ نەدەهات • بگرە نامەکە بۆنی هیچ شتێکی لێ نەدەهات •

سەرنووسەرەکە نووسیبووی :

« بڕیارمان داوە چەند ژمارەیەکی داهاتووی گۆڤارەکەمان بۆ دەستکەوت و کردەوەی بەرز و ئیشی پەسندو کاری ڕۆژانەی داغستان تەرخان بکەین • جا چ چیرۆکی کرێکارو کارەکەرەکانمان بێ و ئازارو ئاواتیان دەربڕێ ، چ چیرۆکی (بەیانی)ی گەش و درەوشەداری وڵاتی شاخاویمان بێ و ڕەوشت و نەریتە ڕەسەن و دێرینەکانمان پێشان بدا • بەڵام زۆربەی هەرە زۆری لەبارەی (ئەمڕۆ)ی سەربڵندو سەرنجکێشەوە بێ • بڕیارمان داوە کەس نی‌یە بتوانێ شتی وا لە تۆ باشتر بنووسێ ، جا تۆش کەیفی خۆتە هەر ژانرێکی هەڵی‌دەبژێری ـ کورتە چیرۆکت دەوێ کورتە چیرۆك ، وتارت پێ خۆشە وتار ، حەز لە وەسفی ئەدەبی دەکەی وەسفی ئەدەبی ، مەراقت تەعلیقە تەعلیق ، هەر ئەوەندەیە نووسینەکە (نۆ) تا (دە) لاپەڕەی فۆلسکاب بێ و بۆ ماوەی بیست تا بیست و پێنج ڕۆژی دیکە تەواوی بکە •• ئومێدەوارین و •••••پێشەکی سوپاست دەکەین » •

وەختی خۆی کچ بە بێ ڕەزامەندیی خۆی بە مێرد دەدرا ، سووك و ئاسان هەروەکو ئەمڕۆ ڕوویان لێ دەناو بڕیارەکەیان پێ ڕادەگەیاند ، بەڵام ئەو سەردەمیش کەس لەو جیایانە زاتی نەکردووە ، بە بێ ڕەزامەندیی کوڕ ،

ژنی بۆ بخوازێو زەماوەندی بۆ بگێڕێ • بەڵام ئەوەش هەیە دەگێڕنەوە جارێکیان کابرایەکی خەڵکی (گیداتلی) ئیشێکیوای کردبوو • جا خۆ قاتی سەرنووسەرە بەڕێزەکەی برادەری منیش خەڵکی گیداتلی نی‌یە ؟ هاتووە هەموو شتێکی بۆ ڕێك خستووم ، هەموو بڕیارێکی لەباتی داوم • بەڵام کێ دەڵێ من ڕازیم چیرۆکی داغستانەکەم بە ماوەی بیست ڕۆژو بە نۆ لاپەڕە بگێڕمەوە ؟

لە ڕکان ئەوەندەی دەستم تێدابوو نامەکەم فڕێدا ؛ چونکە زۆر پەستو شەرمەزاری کردم • پاش بەینێك تەلەفۆنەکەم بەتوندی کەوتە قرەقڕ • دەتگوت تەلەفۆن نی‌یە ، بەڵکو مریشکەو تازە لەسەر هێلکە هەستاوە • بێ گومان تەلەفۆنەکە لە بارەگای دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەوە بوو :

« هەلۆو ، ڕەسووڵ ، ڕۆژباش • نامەکەت پێ گەیشت ؟ » •

« بەڵێ ، پێم گەیشت ! »

« ئەدی کوا باسەکە ؟ »

« خۆت دەزانی سەرم زۆر قاڵە ، نەپڕژاومەتە سەر نووسین » •

« گوێت لێ بێ ڕەسووڵ ، قسەیوا نابێ • گۆڤارەکەمان نزیکەی ملیۆنێ دانەی لێ چاپدەبێ ، لە دەرەوەی وڵاتیش دەخوێندرێتەوە • ئەگەر بەڕاستی پڕ ئیشیت پیاوێکت بۆ دەنێرین ، تۆ تەنیا هەندێ بیری سەرەکیی باسەکەی بدەرێو نەختێ بۆی شیبکەوە ، ئەو خۆی تەواوی دەکا ، پاشان خۆشت پێدا بچۆوەو ڕێکیبخەو ناوی خۆتی لێ بنووسە • لە هەمووی گرنگتر ناوەکەتە »•

« هەرکەسێ هەوەسی بە چارەی مێوان نەیە هەقە ئێسك و پرووسکی وردو خاش کرێ • یاخوا ئەوکەسەی بە ڕوویەکی ترش و نێوچەوانێکی مۆنەوە پێشوازیی مێوان دەکا ، قەت گەورەیەکی لە ماڵێدا نەبێ ئامۆژگاری‌یەکیان بکات ، گچکەیەکی لە ماڵێدا نەبێ گوێ لە ئامۆژگاری‌یەکە بگرێ • ئێمە بەش‌بەحاڵی خۆمان ئاوها لە مێوان دەگەیین • بەڵام بیکە بۆ

خاتری خوا (سالیخالۆف)(*)م بۆ مەنێرە ، بە بێ ئەو تەمبوورم بۆ لێ دەدرێ • ئەمن خۆم قوڵپ لە جەرەی خۆم دەنێم • ئەگەر پشتم بخورێ کەس ناتوانێ لە خۆم باشترم بۆ بخورێنێ » •

گفتوگۆکەمان لێرەدا بڕایەوە • والسلام والکلام •

پشووی مانگانەم وەرگرت و بەرەو گوندی (تسادا)ی خۆمان کەوتمەڕێ •

تسادا ! حەفتا ئاگردانی گەرم •• دووکەڵی شین لە حەفتا دووکەڵکێشەوە بەرەو ئاسمانی ساماڵی شاخاوی بەرز دەبێتەوە • خانووی سپی لەسەر خاکی ڕەش چەقیون • شینایی پان و بەرین ڕووی کردۆتە گوندو کەوێڵی سپی • لەپشت گوندی شاخ قیت بوونەتەوە ، چیای سەخت و هەڵدێر بەسەر گوندەکەماندا دەڕوانن و لەو منداڵانە دەچن کە لەسەر ئاخەبان کۆدەبنەوەو سەیری زەماوەندی ناو حەوشە دەکەن •

کاتێ گەیشتمە تسادا نامەیەکم هاتەوە بیر ، وەختێ خۆی کە باوکم یەکەمجار چووبووە مۆسکۆ ، بۆ ماڵەوەی ناردبوو • پیاو نەیدەزانی باوکم لەکوێ گاڵتە دەکات و لەکوێ بەڕاستیەتی • باوکم مۆسکۆی بەلاوە زۆر سەیرو عاجباتی بوو •

« هەر دەڵێی ، لێرە ، لە مۆسکۆ ، خەڵکی بۆ چێشت لێنان ئاگر لە ئاگردان ناکەنەوە ، چونکە هیچ ئافرەتێ نابینم تەپاڵە بە دیواری خانووەوە بدا ، نابینم دووکەڵ وەکو کڵاوە قیتەکەی ئەبووتالیب لە سەربانان بەرز بێتەوە • ئەو باگوردانانەش نابینم کە ئێمە بانی پێ دەیەستینەوە • لێرە ، نابینم گیا لە سەربانێ رابخەن و وشکی بکەنەوە ، بەڵام ئەوانە ئەگەر گیا وشك نەکەنەوە ، ئەدی چ دەکەن بە ئالیکی مانگاکانیان ؟ تاقە ژنێکم نەدیوە بە

(*) کە کاروبار بە چاکی بڕوا ئافارەکان دەڵێن : وەکو تەمبوورەکەی سالیخالۆف وایە •

پشتی‌یە گیاوە بەڕێوە بێ • قەت گوێم لە فیقەی زوڕناو زیکەی تەمبوور نەبووە • پیاو وادەزانێ خەڵك لێرە ، نە زەماوەندیان گێڕاوەو نە ژنیان هێناوە • ئەوەندەی کە بەناو شەقامەکانی ئەم شارە سەیرو سۆبەتەدا سووڕاومەتەوە یەك سەر مەڕم نەدیوە • ئێستا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ : کاتێ کە خەڵکی مۆسکۆ میوانیان دێ‌و بێ لە کۆسپە داوێتە ژووریٚ چیی بۆ دەکوژنەوە ؟ کاتێ کە برادەرێکی دڵسۆزو سەنگینیان دێتە لا ، ئەگەر مەڕێکی لە بەربێ نەکوژنەوە ، چۆن‌و بە چ جۆرێ پێشوازیی لێ دەکەن ؟ نەخێر ئێرەیی بەم‌جۆرە ژیانە نابەم ، دەمەوێ بگەڕێمەوە تسادا ، بچمەوە ماڵی خۆمان ، دەتوانم لەوێ تێر تێر خنکالی(*) بخۆم‌و پێشتر خێزانەکەم تێ‌بگەیەنم کە سیرکوتی بکات ••• » •

باوکم کە مۆسکۆی لەگەڵ گوندەکەی خۆمان بەراوردکرد زۆر کەم‌و کورتیی‌تریشی لێ دۆزی‌یەوە • بێ‌گومان بە گاڵتەی بوو کە دەیگوت سەرم سووڕماوە کە تەپاڵەم بە دارو دیوارەکانی مۆسکۆوە نەدیوە ، بەڵام بە گاڵتەی نەبوو کە گوندە خنجیلانەکەی خۆی بێ لەو شارە گەورەیە پەسندتر بوو • ( تسادا )ی خۆی خۆش‌دەویست‌و بە هەموو پێتەختەکانی ئەم سەرزەمینەی نەدەگۆڕی‌یەوە •

(تسادا)ی خۆشەویستم ! لەو دونیا فراوانەوە هاتوومەتەوە کە باوکم ئەو هەموو کەم‌و کورتی‌یەی لێ گرتبوو • بەو هەموو دونیایەدا گەڕاوم‌و شتی سەیرو سەمەرەم بینیوە •• نیگام بە شتی زۆر جوان زاخاودراوە بەڵام لەسەر هیچێکیان هەڵنەنیشتووە • سەرنجم لە کلیسەیەکی زۆر جوانەوە چۆتە سەر کلیسەیەکی‌تر • لە ڕوخسارێکی نازکەوە بازی‌داوەتە سەر ڕوخسارێکی‌تر ، بەڵام ئەوەم زانیوە کە ئەو شتەی ئێستا دەیبینم هەرچەند

---

(*) جۆرە خواردنێکە لە گۆشت دەکرێ ، زۆر بەتامە • تایبەتی‌یە بە وڵاتی قەوقاس •

جوان‌و دڵگیر بێ ، بەیانی شتی لەویش جوانتر بەدی‌دەکەم ، ئەدی نابینی دونیا دونیایەکی بێ‌پایانەو کۆتاییی نی‌یە •

داوای بووردن لە پەرستگاکانی هیندو ئەهرامەکانی میسرو کۆشـــکە رۆمانی‌یەکانی ئیتالیا دەکەم • داوای بووردن لە شەقامە گەورەکانی ئەمریکاو بولڤارەکانی (*) پاریس‌و باخچەکانی بەریتانیاو چیاکانی سویسرا دەکـــەم • هەروەها داوای بووردن لە ئافرەتانی پۆلەندەو ژاپۆن‌و رۆما دەکەم •

ئێوەم هەموو زۆر خۆش‌ویستووە ، لەدیارتان تاساوم‌و سەرم لە جوانیتان سوورِ ماوە ، بەڵام دڵم هەروەکو خۆی بە نەرم‌و هێمنی لێی‌داوە • ئەگـــەر لێدانی دڵم نەختێ خێراتر بووبێ ، ئەوە لەبـــەر هەســـتی وشك‌بوونی زارو کاسی‌یەکی وەختی نەبووە •

ئەدی هۆی چی‌یە کە دووبارە چاوم بەم حەفتا خانووە کەوتەوە کـــە بێچکەی بەردیان گرتۆتە هامێز ، دڵم لەناو دەفەی سنگم کەوتە گورپە گورپ‌و وا داچڵەکی دەندەم لەگـــەڵ هاتە ژان ، چـاوم فرمێسکی تێـدا قەتیس ما ، سەرم کاس‌و وڕ بوو ، دەتگوت نەخۆشم‌و یا تا مڕ بووم خواردوومەتەوە ؟

ئاخۆ دەبێ گوندێکی خنجیلانەی داغستان لە ڤێنیسیاو قاهیرەو کەلکـەتا جوانترو خۆشتر بێ ؟ ئاخۆ ئەو ژنە ئافارانـەی دەیانبینم باریکەڕێ دەکوتنەوەو کۆڵەدار دێننەوە ، لە ژنە کەزی شۆڕە سکەندیناڤی‌یەکان نازدارترن ؟

تسادا ! بەناو کێڵگەو شیناییەکانت‌دا دەگەڕێم‌و خووناوی فێنکی بەربەیان قاچی ماندووم دەشواتەوە • دەم‌و چاوم لە داماوو کانیاوەکانت دەشۆم •

دەڵێن : ئەگەر تینوو بووی ئاوی ئەو کانی‌یە بنۆشە کە لە زەوی‌یـــەوە هەڵدەقوڵێ •

---

(*) بولڤار : شەقامێکی یەك خەتە ، لەملاو لەولای داری بەرز هەڵچووبێ •

هەروەها دەڵێن ـ باوکیشم وای‌دەگوت ـ : پیاو تەنیا لە دوو باردا دەبێ بچێتە سەرچۆك : بۆ خواردنەوەی ئاوی کانیو بۆ قرتاندنی گوڵ .

تسادا ! تۆ کانیی منیت . چۆك دادەدەمو وەکو یەکێکی زۆر تینوو دەم بە ئاوەکەتەوە دەنێم .

تاشە بەردێك دەبینم ، لەسەر ئەو تاشە بەردە تارمایی بنیادەمێکم دێتە بەرچاو ، ئەوە منم وەك سی ساڵ لەمەوبەر ، لەسەر بەردەکە ڕۆنیشتووم ، چاوم لە مێگەلە مەڕێکە ، تەپلەیەکی گەچلاوم لە سەرە ، داردەستێکی درێژم بەدەستەوەیەو تۆزم لە پێ نیشتووە .

باریکە ڕێیەك دەبینم ، تارمایی هەمان بنیادەمی تێدا دەبینم ، منم وەك سی ساڵ لەمەوبەر ، بەرەو گوندێکی دراوسێ ڕێگام گرتۆتەبەر ، ڕەنگە باوکم ڕەوانەی کردبم .

هەر هەنگاوێکی هەڵی‌دەگرم تووشی خۆم دەبم ، بە ساڵانی منداڵیم ، بە کەژی بەهاران‌و بە باران‌و گوڵ‌و گەڵاڕێزانی پایزانەوە .

خۆم ڕووت‌دەکەمەوەو لەشم دەدەمە بەر تافگەی تیژو خوڕەم . کە تافگەکە لەسەر بەردێك دەکەوێتە قەوزەو دادەڕژێتە خوارەوە جۆگەلەکەی دەپسێ‌و دەبێتە هەشت وردە سۆلاڤ پاشان هەموو تێك‌دەکەنەوەو بەسەر شان‌و باسك‌و سەرو ملمدا دەڕژێ . دووشی سەرشۆرکی ئوتێلی ( ڕۆیاڵ پالاس ) لە فەڕەنسا ، لەچاو تافگە فێنکەکەی من وەکو لەیستۆکی باغە وایە .

ستێرێك لەناو تاشەبەردان کۆبۆتەوەو ئاوی دامیاوەکانی دێتەوە سەر . بە ڕۆژ ئاوەکەی گەرم دادێ . گۆمی شینباوی خۆشۆشتنی ئوتێلی (مترۆپۆڵ) لە لەندەن لەچاو مەلەوانگەی شاخەکانی من وەکو ترارە ئاوێك وایەو هیچی‌تر .

بەڕاستی ، زۆرم پێ خۆشە بەناو شاری گەورەدا بگەڕێم ، بەڵام دوای

پێنج شەش پاسەی دوورو درێژ شارەزای شارەکە دەبم‌و لێی ڕادێم‌و ئارەزووی پاسەو گەڕانم دادەمرکێتەوە •

کەچی لێرە ، هەزارەمین جار بوو لە کۆڵانـــەکانی گوندەکەم پاسـەم دەکردو لێی تێر نەدەبووم ، مگێزی گەڕانم کەم‌نەدەبۆوە •

ئەمجارە چوومە هەموو ماڵێـك • لەکن هـەموو ئاگردانێك ، جا ئـەو ئـاگـردانە چ‌ئـاگـری تێـــدا بسووتایە ، چ پەنگـری تێـدا بدرەوشایەوە ، چ خۆڵـــەمێشی ســاردو ســڕی تێــدا بایــە ، ســـەرم دانەوانـــدو سەریشم تۆزی خۆڵەمێشی ساردو سپی ڕۆژگاری لێ نیشتبوو •

لە تەنیشت هەندێ بێشکەدا وەستام کە ژن‌و پیاوی دوارۆژی شاخـــان پەلیان تێدا دەکوتا ، لەتەنیشت هەندێ بێشکەی‌تر وەســـتام کـە بەتاڵ‌بوون ، کەسیان تێدا نەبوو ، بەڵام هێشتا گەرم‌بوون • هەندێکی‌تریش کە لەمێژ بوو سەرین‌و سەربێشکەیان سارد ببۆوە •

تەماشای هەر بێشکەیەکم دەکرد وام‌دەزانی منم تێیدا ڕاکشاوم‌و هێشتا سەراپای ژیانم لەبەردەمدایە : ڕێچکەی شاخاوی ، شەقامە پانەکانی ڕووسیا ، شاڕێ‌و فڕۆکەخانەی دووره وڵاتان •

نزە نزم بۆ کۆرپەکان کردو لایلایەم بۆ گوتن تا بەدەم گۆرانی‌یـــە سادەو ساکارەکانمەوە خەویان لێ کەوت •

هەروەها لەناو گۆڕستانی تسادا گەڕام‌و سووڕام ، گۆڕی چینەبەستوو ، خۆی لەگەڵ گۆڕی نوێ لێك‌دابوو کە بۆنی خۆڵی تازەی لێ هەڵدەستا •

کڕوکەپ لە ماڵی تازیەداران دانیشتم • بە خۆشی‌و شادی لە زەماوەندا هەڵپەڕیم • زۆر چیرۆك‌و حەکایــەتم گوێ لێ بوو پێشتر نەمبیســـتبوون ، زۆری‌ترم هاتەوە بیر کە وەختێ خۆی دەمزانین‌و لەبیرم‌کردبوون ، لە ناخـــی ناخەوەی تاریك‌و بێ‌بنی بیرەوەریدا سەریان هەڵدایەوە •

بەو چاوانەی خۆم شتی نوێم بینی • گوێم لە باس و خواسی کۆن بوو و هەمووم هاتەوە یاد • بیرەکانــــم وەکو داوی ڕەنگاوڕەنگ وابوون کە لـــە تەشی بادرابێ • وێنەی ئـەو مافووره ڕەنگینەم لـە مێشکی خۆمدا کێشا کـە دەشێ لەو داوانە بچنرێ •

**هەر دوێنێ بوو ، لەگەڵ هاوڕێکانم**
**بەرەو هێلانە کێشکە دەخشیم**
**دڵبەرێکی چاوشین و نازدارم بەلادا تێپەڕی**
**یەکسەر گۆڕام و بووم بە پیاوێکی تەواو**
**هەر دوێنێ بوو ، خۆم بە گەورە دەزانی**
**خۆم بە ژیرو ئاقڵ دەزانی**
**دڵبەر هات ، بە سادەیی بۆم گرژی‌یەوە**
**لە بەردەمیدا بوومەوە منداڵ •**

بەڵێ داستانێکی دڵداریم هەیە • تەواو نەبووە • کوڕو کچ • کوڕەکـە منم • باڵەوانی سەرەکیش خۆشەویستەکەمە • دەبێ دانیشم داستانەکە تـەواو بکەم ، بەڵام هەستم وەهایە کە تازە برووسکەیەکی بەپەلەم بۆ هاتبێ و پێویست بێ هەموو ئیش و کارێ بنێمە لاوەو ڕووبکەمە فڕۆکەخانە •

لەوانەیە وا ڕێکبکەوێ کە پیرەژنێکی چیایی لەگەڵ تاریک و ڕوونـــی بەیانیدا ئاگر لە ئاگردانێدا بکاتەوە ، بیەوێ شیوی شەوی گەرمبکاتەوە کـــە بابیی هەموو خێزانەکە دەکا • کەچی لەبڕ مێوانێکی ناوەخت لە کوسپەی دەرگا پەیدا ببێ ، ئیدی دەبێ مەنجەڵە شیوی ڕۆژی پێشتر بێتە خوارێ و جەمێکـــی نوێ ئامادە بکرێ •

یا لەوانەیە وا ڕێکبکەوێ : کە لە زەماوەندێکدا گەنج و تولاز لەدەوری زاوای ئاوەڵیان دابنیشن ، کەچی لە هیچەوە پیاوی لەوان گەورەتر بە زووری بکەون ، ئەوانیش ناچار بن هەستن و شوێنی خۆیان بۆ چۆڵ بکەن •

یا لەوانەیە وا ڕێك بکــەوێ : توانای هیــچ کارێکت نەبێو بــە سستی
پاندوور لە دیوار بکەیتەوە ، بۆئەوەی بزانی داخۆ دەنگــی لێوە دێ یان نا ؟
ئیتر دەست بە هەژاندنەوەی ژێیــەکان بکەیتو ئاوازەکــەت لە مێشکدا
بجۆشێو هەڵبچێو دەنگی بە نەرمو لووسی بڕواو تۆش دەست بە گۆرانــی
بکەیتو ئاگات لە خۆت بڕێ ، تا وا دەکەی شەو نەماوەو ڕۆژ بۆتەوە .

یا لەوانەیە وا ڕێك بکــەوێ : گەنجێك بە ئیشــێکی بێهوودە بچێتــە
گوندێکی دراوسێو کــە گــەڕایەوە ئافرەتێکی لەپشــت خۆیــەوە سواری
ئەسپەکەی کردبێ .

سەرنووسەری بەڕێزی گۆڤار : داوای نامەکــەتان بەجێدەگەیەنم .
بەمزووانە مل دەدەمە نووسینی کتێبێك لەبارەی داغستانەوە . بەڵام بمبوورە
کە ناتوانم لەو ماوەیەدا تەواوی بکەم کــە ئێوە بۆتان داناوم . زۆر پیادەڕێ
هەن دەبێ پیاندا بڕۆم . ڕێچکــە شاخاوییــەکانی ئێمەش زۆر باریكو
پێچاوپێچو پڕ هەڵەتن .
شاخەکانی من لەدوورەوە زۆر جوان دەبریسکێنەوە ، وەکو غەرە گەوهەری
نەتاشراون . ئەسپەکەم دەشتێکی هەراوی گــەرەکەو حەزناکا بەو گەلیە
تەنگو تریسکانەدا غاربدا کە ئێوە بۆتان داناوە .
من ناتوانم داغستانی خۆم لەناو هەشت نۆ (نۆ ، دە) لاپەرەکەی ئێــوە
بپێچمو ناشتوانم لەبارەی (دەستکەوتو کردەوەی بەرزو ئیشی پەسندو کاری
ڕۆژانەی داغستان) ، (چیرۆکی کرێکارو کارەکەرەکانمان بێو ئازارو ئاواتیان
دەبڕێ) ، ( چیرۆکی [بەیانی]ی گەشو درەوشەداری وڵاتی شاخاویمــان
بێو ڕەوشتو نەریتە ڕەسەنو دێرینەکانمان پیشان بدا ، بەڵام زۆربەی هەرە
زۆری لەبارەی [ئەمڕۆ]ی ســەربڵندو سەرنجکێشەوە بێ ) بنووسم . پێنووسە
بچکۆلانەکەم ئەو بارە قورسەی پێ هەڵناگیرێ ، وردە دڵۆپە مەرەکەبی سەر

نووکی ، ڕووباری گەورەو تەوژمی کەفزبوینی شاخانو دواڕۆژی جیهانو چارەنووسی یەك بنیادەم ناگرێتە خۆی .

باڵداری گەورە زۆری خوێن تێدایە ، باڵداری بچووك کەمی خوێن تێدایە . ئەندازەی خوێنەکە بەگوێرەی باڵدارەکەیە .

گوتوویانە : **بە ڕێکەوت ناوکی میوەیەکیان فڕێدا ، هەر بە ڕێکەوتیش کەوتە تەوقەسەری شوورێکو جوانترین شاخی لێ ڕسکا .**

گوتوویانە : **ئەگەر هیچ عەلیەیەك لە دونیادا نەبوایە هیچ عومەرێك پەیدا نەدەبوو . ئەگەر شەو نەبوایە ، هیچ شوێنێ نەبوو بەیانی لێ بدا .**

گوتوویانە : **« هەلۆ ! تۆ لەکوێ لەدایکبووی ؟ »**

**« لە گەلێیەکی تەنگ »**

**« هەلۆ ! تۆ بەرەو کوێ دەفڕی ؟ »**

**« بەرەو ئاسمانی بەرین » .**



## لەبارەی ئەم کتێبەو ناونیشانەکەیەوە

**هەندێجار مژدەدەری جەژنم ، هەندێجاریش کە زرنگامەوە ، نیشانەی ئەوەیە مەترسیەك بەڕێوەیە .**

« نووسراوی سەر زەنگێك »

**منداڵێ لێرە ڕاکشاوە ، ناوی باوکی لێیە . باوکی ئازاو ڕاستگۆ بوو ، ئەمیش لەسەر ڕێی ئەو دەڕوات . ئەم منداڵە ناوی باوکی نازڕێنێ .**

**خەنجەری باوکی لەسەر سەریەوە بە دیواردا هەڵواسراوە . لایلایەکانیش باسی قارەمانێتیی باوکی دەکەن .**

«نووسراوی سەر بێشکەیەك »

دوو شت هەن چیایی دەبێ بیانپارێزێ . تەپلەکەی‌و ناوەکەی . تەنیا ئەوکەسەی لەژێر تەپلەدا سەرێکی هەبێ ، تەپلە لەسەر دەنێ . تەنیا ئەوکەسەی ئاگری لە دەروونیدا بێ لێناگەڕێ ناوی بزڕێ .

ساپیتەی نزمی خانوەکەمان گەلێ جێ گوللەی پێوە دیارە . دۆستەکانی

باوکم دەمانچەیان بە سایەوە دەنا ، بۆ ئەو هەڵۆیانەی لەسەر شاخەکانی ئـەم دەوروبـەرە لـەناو هێلانەکانیانا هەڵنیشتبوون تا ئاگاداریان بکـەنەوە کـە خوا برایەکی‌دیی پێ بەخشیون ، هەڵۆیەکی‌دی لە داغستان پەیدا بووە •

بێ‌گومان تەقەو گوللە نابێتە هۆی لەدایک‌بوونی کوڕ ، بەڵام کـــە کوڕێك دێتە دونیاوە هەمیشە تەقە دەکرێ‌و ئەوەش نیشانەی کوڕ بوونە •

دۆستێکی باوکم دوو تەقەی لە شەرافەتی من کرد ، یەکێك بـــەرەو ئاسمان ، کە لەدایك‌بووم • ئەوەی‌تریش بەرەو زەوی کە ناوم لێ نرا •

دایکم بۆی گێڕامەوە کە چۆن ناویان لێ نام • من سێـیـەم کـــوڕی ماڵەوەمان بووم ، ماڵەوەمان کچێکیشی تێدابوو کـە خوشکمە ، بەڵام ئێمە باسی نێرینە دەکەین ، باسی کوڕ دەکەین •

خەڵکی گوندەکەمان ، بەرلەوەی نۆبەرەکەمان بێتە دونیاوە ، لەمێژبوو ناویان دەزانی ؛ چونکە بەپێی ڕەوشتی خۆمان دەبوا بەناو باپیری ڕەحمەتـی بکرێ ، بۆیە هەموو خەڵکی گوندەکەمان دەیانزانی‌و دەیانگوت بەمزوانـــە (محمد)ێکی‌تر لە ماڵی هەمزەدا پەیدا دەبێ •

سەگ‌و بشیلەی لێ دەربچێ ، هیچ جوارێ‌یەك ، پێی بە حەوشـــەی باپیرم نەکەوتووە • بەدەگمەن جاجمی بەخۆی‌دا دەداو ڕەنگە هەر نەیزانیبێ جلی ژێرەوە ماناى چی‌یە • لەم‌دونیایـــەدا دختۆر نی‌یە شانازی بەوەوە بکـــات کە تاقە جارێك ســـەیری (محمد)ی کردووە ، یا لـە دەم‌و ددانی ڕوانیوە ، خورپەی دڵی سووسە کردووە ، پێی‌گوتووە هەناسەی ڕابگرێ ، یا پشووی قووڵ بخواتەوە ، یا هەر بە شێوەیەکی گشتی لەشی دیبێ • کەسی گوندەکەمان بەتەواوی نازانێ کەی لەدایك‌بووەو کەی مردووە • ئەگەر شتێکی نووسراوو جێگەی بڕوا هەبێ‌و هەموو جارێ باوکمی پێ بشکێننەوە ئەوەیە کە باپـــیرم

کەمێك عارەبیی دەزانی • باوکم یەکەم نۆبەرەی کە برا گەورەمە بە ناوی ئەوەوە کرد •

باوکم مامێکیشی هەبوو ، نەختێ پێش لەدایك‌بوونی کوڕی دووەمی ئەمری هەقی بەجێ‌گەیاندبوو • مامەکەی ناوی (ئەخیلچی) بوو • کە خێزانەکەمان کوڕی دووەمیان بوو ، خەڵکی گوندەکەمان بە شادمانی‌یەوە هاواریان کرد «ئەخیلچی‌یەکی‌تر لەدایك‌بوو • ئەخیلچیمان دووبارە ژیایەوە • ئەگەر قەلەڕەش لەسەر خانووە ساکارەکەیان بنیشیتەوە ، یاخوا مزگێنیی خۆش بێ ، نەك نیشانەی شوومیو بەدبەختی • یاخوا ئەو کوڕە کە گەورە بوو وەکو ئەوکەسە شیرپاكو دەروون خاوێنو دڵساف بێ کە بەناویەوە ناونراوە » •

کە دایکم هاتە سەر مانگو رۆژی خۆیو نزیك‌بوو من بێمە سەر دونیا ، باوکم هیچ ناوی ئامادەی نەبوو لێم بنێ ، یا هیچ خزمو دۆستێکی بەو زووانە نەمردبوونو لە دوورولاتەوە بێ سەرو شوێن نەچووبوون • کەسیوا نەبوو ناوەکەی دەقەبەر من بکرێو بۆم ببێتە مایەی سەربلندی •

پاش ئەوەی هاتمە دونیاوە باوکم دەمڕاستو ردێن سپی‌یەکانی گوندی بانگ‌کردە ماڵێ ، تا بێن لە ئاهەنگی ناونانی من‌دا ئامادە بن • هەموو بە هەیبەتو هەیت‌وهووتەوە لە ماڵێ دانیشتن ، دەتگوت ڕوویان لێ‌نراوە بڕیار لەسەر چارەنووسی تەواوی وڵاتێك بدەن • یەکەو کاسەی خڕی چێشتیان بەدەستەوە گرت ، ئەو کاسانەی گۆزەکەرەکانی بەلخار دروستی دەکەن • کاسەیان پڕ (بوزە)ی سەربەکەف بوو • تەنیا ئاقە پیاوێکی نوورانی کە لە هەموویان پتر کەوتبووە ناو ساڵانو سەرو ڕیشی سپی بوو و دەتگوت پێغەمبەرە ، بە دەست‌بەتاڵی دانیشتبوو •

دایکم لە ژوورەکەی تەنیشتەوە هاتە ناو کۆڕی ئاهەنگەکەو منی دایە

دەست ئەو پیرەمێردە • لە ئامێزی کابرادا کەوتمە پەلەقاژێ ، لەو کاتەدا دایکم ڕووی کردە کابراو بەمجۆرە ئاخاوتی :

« لە زەماوەندی مندا ستران‌و گۆرانیی خۆت چڕی ، جارێ پەندوورت لێدەداو تاوێ تەمبوور • گۆرانی‌یەکانت زۆر خۆش بوون • ئەدی ئێستا کە کۆرپەکەمت گرتۆتە باوەش ، چجۆرە گۆرانی‌یەك دەچڕی ؟

« ئاخر ، کچێ ! تۆ کە دایکیت ، دەبێ تۆ لەکاتی لانك ژەندندا گۆرانیی بۆ بڵێی ، پاشان باڵندەو ڕووبار گۆرانیی بۆ دەڵێن • شیرو گوللەش گۆرانیی بۆ دەڵێن • بەڵام با دەزگیرانەکەی خۆشترین گۆرانیی بۆ بڵێ » •

« دە کەواتە ناوێکی لێ بنێ ، بۆئەوەی من کە دایکیـــم‌و هەمـــــوو گوندەکەمان‌و سەراپای داغستان گوێی لەو ناوە بێ کە تـــــۆ ئێســـــتا لێیدەنێی ! » •

پیرەمێردەکە بەرەو سایتە هەڵیدام‌و گوتی :

« ناوی کچ دەبێ وەکو جریوەی ئەستێرەو بۆنی گوڵ وابێ • کەچی ناوی پیاو دەبێ زرنگەی شیرو حیکمەتی کتێبی تێدابێ • من گەلێ ناوم لەناو کتێباندا خوێندۆتەوە ، زۆر ناویشم لە شریقەی پێکدادانی شیردا بیستووە • ئێستا کتێب‌و شیر ناوێکم دەچرپێننە گوێ ، ئەویش (ڕەسووڵ)ە •

جا پیرەمێردەکە ، کە دەتگوت پێغەمبەرە ، داهاتەوە سەر من‌و بە نەرمی چرپاندیە گوێیەکم : (ڕەسووڵ)و لە بناگوێیەکەی دیم هاواری کـــرد : (ڕەسووڵ) •

کۆرپەی گریاوی دایەوە دەست دایکی‌و ڕووی دەمی قسەی لە دایکەو لە هەموو دانیشتوانی ماڵێ کردو گوتی :

« ئەمە (ڕەسووڵ)ە » •

ماڵ کش‌و بێ‌دەنگ بوو • بێ‌دەنگی‌یەکە نیشانەی قبووڵ کردنی ناوی من بوو • گەورە گەورەکان کاسەیان هەڵقوڕاندو دەستیان بە سمێڵدا هێناو ڕەزامەندی‌یان پێشاندا •

دوو شت هەن دەبێ چیایی بیانپارێزێ : تەپلەکەی‌و ناوەکەی • دەشێ تەپلە زۆر بەسەر سەرەوە قورس بێ ، ناویش هەر وایە • دیارە پیرەمێـــردە ردێن سپی‌یەکە ، کە زۆر دونیا دیتە بوو و گەلێ شتی خوێندبۆوە ، مەبەستی تایبەتیی لەم ناوەی من هەبوو •

« ڕەسوول» وشەیەکی عارەبی‌یە ، مانای (پەیامێر) یا وردتر بڵێـــین (نوێنەر) دەگەیەنێ • کەواتە من پەیامێرو نوێنەری کێم ؟

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : بەلچیکا • بۆ بەشداریی بەیەك گەیشتنێکی هەموو شاعیرانی جیهان چووبووم • نوێنەری گەلـێ وڵات‌و نەتـــەوەی جۆربەجۆرە ئامادە بوون • هەرکەسێ دەهات باسی گەلی خۆی دەکـــرد ، باسی شیعرو رۆشنبیری‌و دواڕۆژی گەلی خۆی دەکرد • بەڵام نوێنەری‌واش هەبوو کە هونگاری بوو لە لەندەنەوە هاتبوو ، ئیستۆنی بوو لە پاریســـــەوە هاتبوو ، پۆڵەندی بوو لە سان‌فرانسیسکۆوە هاتبوو • چارەنووس ئەوانـــەی پەرت‌و بڵاو کردبۆوەو لە خاکی خۆیان دووری خستبوونەوەو فرێی دابوونە ئەودیو دەریاو شاخەکانەوە •

من لە هەمووی زیاتر سەرم لە شاعیرێك سووڕ ما کە هات‌و گوتی :

« بەڕێزینە ! ئێوە لە زۆر وڵاتی جۆربەجۆرەوە هاتوونەتە ئێرە • ئێوە نوێنەری زۆر گەلی جیاجیان • تەنیـا من نوێنـەری هیچ گـەلێکی تایبەتی‌و هیچ وڵاتێکی تایبەتی نیم • من نوێنەری هەموو نەتەوەیەك‌و هەموو وڵاتێکم • من نوێنەری شیعرم • بەڵێ ! من خۆم شیعرم • من ــ ئەو خۆرەم کـــە هەموو دونیا ڕووناك دەکاتەوە ، من ــ ئەو بارانەم کە بێ‌ئەوەی بیر لە ڕەگەزی خۆی

بکاته‌وه زه‌وی پاراو ده‌کاته‌وه . من ئه‌و دره‌ختەم که ده‌توانێ به چاکی لــه هه‌موو گۆشه‌یه‌کی دونیادا وه‌کو یه‌ك چرۆ بکا » .

به‌ده‌م ئه‌م وشانه‌وه سه‌کۆی دوانی به‌جێ‌هێشت . زۆر که‌س چه‌پڵه‌یان بۆ لێدا . من له دڵی خۆمدا گوتم : ڕاست‌ده‌کات ئێمه‌ی شاعیر لێ‌پرسینه‌وه‌ی هه‌موو دونیامان له ئه‌ستۆیه ، به‌ڵام ئه‌وه‌ی پێوه‌ندی به خاکی خۆیه‌وه نه‌بێ ناتوانێ ببێ به نوێنه‌ری جیهان . به لای منه‌وه ئه‌و جۆره که‌سه وه‌کو ئه‌وه وایه که لــه وڵاتی خۆی باری کردبێ‌و چووبێ لــه وڵاتێکی‌دی گیرسابێته‌وه‌و ژنی هێنابێ‌و به خه‌سووی بڵێ : دایه . من دژی خه‌سوو نیم ، به‌ڵام لــه دایکی ڕاسته‌قینه‌م بترازێ هیچ دایکی‌ترم نی‌یه .

که لێت‌بپرسن تۆ کێی ؟ ده‌توانی پاسنامه‌کــه‌ت پێشــان بــده‌ی ، په‌ساپۆرته‌که‌ت ده‌ربێنی که هه‌موو شتێکی تایبه‌تی تۆی تێدایه . که گه‌لیش پرسیاری لێ بکــرێ ، داخۆ چی‌یه ؟ له‌باتیی پاسنامه ، زاناو نووســه‌رو نیگارکێش‌و مۆسیقارو سیاسی‌و هونه‌رمه‌ندو کارمه‌نده‌کانی پێشان‌ده‌دات .

پیاو ده‌بێ له سه‌ره‌تای لاوی‌یــه‌وه وا تێ‌بگا کــه بۆئه‌وه هاتۆته دونیاوه ببێ به نوێنه‌ری گه‌له‌که‌ی‌و ده‌بێ بۆ جێ‌به‌جێ‌کردنی ئــه‌م ئــه‌رك‌و ده‌وره‌ش په‌روه‌رده بکرێ‌و پێ‌بگه‌یه‌نرێ .

پیاو ناوو ته‌پلــه‌و چه‌کی پێ ده‌درێ ، له‌نــاو بێشکه‌وه فێری گۆرانیی زگماك ده‌کرێ .

جاره‌نووس بمباته هه‌ر وڵاتێك ، من خۆم بــه نوێنــه‌ری ئــه‌و خــاك‌و شاخ‌و گونده ده‌زانم که یه‌که‌م‌جار له‌وێ فێره ئه‌سپ زین‌کردن بووم . لــه هه‌رکوێ بم خۆم به په‌یامنێری داغستانه‌که‌م داده‌نێم .

له لایه‌کی‌تریشــه‌وه ، کــه ده‌گه‌ڕێمــه‌وه بۆ داغستانه‌کــه‌م ، وه‌کو

پەیامنێرێکی تایبەتیی ڕۆشنبیریی هەموو مرۆڤایەتی‌و نوێنەری هەموو وڵاتەکەمان‌و سەراپای دونیا وام •

**هەرچەندە هەوڵدەدەم ناتوانم وەکو**
**چۆن خۆم دەمەوێ، ئاوا ، باسی وڵاتەکەم بکەم**
**خورجینەی پڕم بە پاشکۆی زیندا شۆڕ بۆتەوە**
**هەرچەندە هەوڵدەدەم بۆم ناکرێتەوە**
**نەمتوانیوە بە زمانی زگماکم گۆرانی‌یەکی نوێ**
**لەبارەی دونیای بەر مانگەشەو بنووسم**
**سندووقێکی پڕ خەزنەم دۆزی‌یەوە**
**هەرچەندە هەوڵدەدەم بۆم ناکرێتەوە**

کاتێ کە لەگەڵ هاونیشتمانەکانمدا لەسەر بانی خانوەکەم دادەنیشین ، دامدەگرنە بەر پرسیاری زۆرو زەوەند :

« کەسی ناوچەی خۆمانت لە دوورە وڵات بینی ؟ »
« ئەرێ چیای وەکو چیاکانی ئێمە لە هیچ شوێنێکی‌تری دونیادا هەیە ؟ »
« ئایا لە وڵاتی بێگانان غەریبیی وڵاتی خۆمانت دەکرد ؟ »
یادی گوندەکەمانت دەکردەوە ؟ »
« ئایا خەڵکی وڵاتانی‌تر چ‌پڕ لەبارەی ئێمەوە دەزانن ؟
دەزانن ئێمەش لە دونیادا هەین ؟ »

منیش وەڵامیان دەدەمەوە :

« کە ئێمە خۆمان بە باشی خۆمان نەناسین ، ئەوان چیمان دەرهەق دەزانن • ئێمە ملیۆنێکین‌و لەناو توورەکە بەردی چیاکانی داغستان کۆبووینەتەوە • یەك ملیۆن کەسین‌و بە چل زمانی جیاواز دەدوێین ••• » •

« دە کەواتە باسی خۆمانمان بۆ بکە ، باسی ئێمە بۆ هەموو خەڵکی ئەم سەرزەمینە بکە • سەدان ساڵە مێژوومان بە شیرو خەنجەر نووسراوەتەوە •

ئەمانە وەربگێڕە سەر زمانی ئادەمیزاد • ئەگەر تۆ ئەمەت پێ نەکرێ کە لە گوندی تسادا هاتوویتە دونیاوە ، دڵنیا بە کەس بۆت ناکات » •

« بیرەکانت وەکو جەڵەبە ئەسپی هەڵبژاردە ڕێكبخە ، کە هیچیان لە هیچیان کەمتر نەبێ ، هەریەکەیان بێ‌هاوتا بێ ، وێنەی نەبێ ، ئەم ڕەوانە بەرەو باوانی بزوونی لاپەڕەکانت ڕادە ، با بیرەکانت وەکو ئەسپی ڕەواوە یا وەکو گەلە گامێشێك لەسەر لاپەڕەکانت غاربدەن‌و تۆزبکەن » •

« بیرەکانت مەشارەوە ، ئەگەر بیانشاریتەوە پاشان لەبیر دەکەی لەکوێت داناون ، وەکو ئەو قرچۆکەت لێ دێ کە پارەی لە شوێنێك شاردبێتەوەو بە شوێنەکە نەکەوێتەوەو سەبارەت بە چاوچنۆکی هەمووی لە دەست بچێ » •

« سا ، هەرچی‌یەك بێ بیرەکانت بۆ خەلکی‌دی بەجێ‌مەهێڵە • نابێ کەرەستەی بەنرخ بدرێتە دەست منداڵ یاریی پێ بکا چونکە دەیشکێنێ ، بزری‌دەکا ، خۆی پێ بریندار دەکا » •

« کەس وەکو خۆت شارەزای خووی ئەسپەکەت نی‌یە » •

**چیرۆکێك لەبارەی ئەو ڕێگایەی کە باوکم کردی‌یەوە :**

ڕێگای ئۆتۆمۆبیل لە گوندەکەمانەوە دەچێتە میرەدێی (خونزاخ) کە مەڵبەندی ناوچەکەمانە • هەر جارێك باوکم بچووبایە خونزاخ ، بە ڕاستەڕێی گشتیدا نەدەچوو ، خۆی پیادەڕێی‌یەکی کردبۆوە بەوێدا دەڕۆیشت • خۆی ڕێگاکەی شکاندبوو ، خۆشی کردبوو ، بەیانی‌و ئێواران هات‌وچووی پێدا دەکرد •

باوکم بەهرەیەکی تایبەتیی لە دۆزینەوەی گوڵی زۆر جوانی ئەو ڕێگایە هەبوو • بەجۆرێك چەپکی دەکردن کە زۆر جوانترو دڵکێشتر دەیانئواند • زستانان لەم‌بەرو لەوبەری ڕێگادا وردە پەیکەری بنیادەم‌و

ئەسپ‌سواری لە بەفر دروست‌دەکرد • خەڵکی تساداو خونزاخ دەچوونە سەیری ئەم وردە پەیکەرانە •

لەمێژە چەپکە گوڵەکان ژاکاون‌و وەریون ، پەیکەرە بەفرینەکانیش دەمێکە تواونەتەوە ، بەڵام گوڵی داغستان‌و پەیکەری چیاکان هێشتا زیندوون‌و لەناو شیعرەکانی باوکمدا دەژین •

جارێکیان هێشتا منداڵێکی کاڵ بووم ، باوکم مابوو ، دەرفەتی چوونە (خونزاخ)م بۆ هەڵکەوت • لە ڕاستەڕێ لام‌داو ویستم ڕێگەی باوکم بگرم • پیرەمێردێك چاوی لێم‌بوو ، ڕای گرتم‌و پێی گوتم :

« واز لەو ڕێگایە بێنە کە باوکت کردوویەتەوە ، برۆ خۆت ڕێگایەکی نوێ بکەوە » •

ئامۆژگاری‌یەکەیم گرتە گوێ‌و چووم لە ڕێگایەکی نوێ بگەڕێم • ڕێگەی گۆرانی‌یەکانم زۆر درێژو سەخت‌و دژوارە ، بەڵام تائێستا هەروا دەڕۆم‌و گوڵ بۆ چەپکی تایبەتیی خۆم دەچنم •

لەو ڕێگادا بوو کە بیری نووسینی ئەم کتێبەم بۆ هات •

پەیدابوونی بیری‌وا وەکو منداڵ‌بوون وایە • منداڵ لە ڕۆژو سات‌و خولەکی تایبەتیی خۆیدا دەبێ ، بەڵام پێش ئەوەی بێتە سەر دونیا دەبێ وەکو (بز - جنین) لە سکی ئافرەتێکدا پێ گەیشتبێ ، بۆئەوەی لەناو ( ئارەقەی ) نێوچەوان‌و ئازاری ژان‌گرتندا لەدایك‌بێ •

کتێبیش ئەوها دادەنرێ •

دەشێ منداڵ پێش‌ئەوەی لەدایك‌بێ ناوی لێ بنرێ • جا من چ‌ناوێك لە کتێبەکەم بنێم ؟ ئەرێ ناوی گوڵێکی لێ بنێم ؟ یا ناوی ئەستێرەیەك ؟ ئایا دەتوانم لەناو کتێبەکانی‌تری حیکمەتدا ناوێکی بۆ بدۆزمەوە ؟

نەخێر ، زینی خەڵك لە ئەسپی خۆم ناكەم • ناوێك كە لە سەرچاوەیەكی دوورەوە هاتبێ وەكو ناوێكی سەرەڕۆ ، وەكو نازناو وایە ، قەت نابێتە ناوی ڕاستەقینە •

ئەمە هەمووی وا ، بەڵام ئەگەر بتەوێ لە ناونیشانێك بگەڕێی ، ئەوا بەو ناوەڕۆكەوە دەبەسترێتەوە كە دەتەوێ بیخەیتە كتێبەكەتەوە ، بەو ئامانجەوە شەتەك دەدرێی كە شوێنی كەوتووی • تۆ كە تەپلە دەكڕی ، تەپلەیەكی وا هەڵدەبژێری یەك بە سەری خۆت بێ ، بەڵام ناتوانی سەرت بەگوێرەی تەپلەكە بگۆڕی •

درێژیی ژێ بەگوێرەی قەبارەی پەندوور دەگۆڕێ •

هۆ گوندەكەم ! شاخەكانم ! داغستانەكەم !

ئێوە هێلانەی بیرو هەستو ئاواتی منن • لەم هێلانەیەدا بوو كە پاش ئەوەی پەڕو باڵم لێ‌هات لە هەوا ڕاهاتم • هەموو گۆرانی‌یەكانم لەم هێلانەیەوە بۆ دێن • داغستان ئاگردانی منە ، بێشكەی منە • كەوابوو ئەم هەموو بیركردنەوەی بۆ چی‌یە ؟ لەم شاخانە هەمیشە كوڕ بە ناوی باپیری دەكرێ • كتێبەكەم كوڕەی زادەی مێشكمە ، منیش ڕۆڵەی داغستانم ، كەوابوو ناوی دەنێم « داغستان » •

ناو هەیە لەم ناوە جوانترو دروستترو گونجاوتر بێ ؟

باڵیۆزێك كە دەبێ بە نوێنەری وڵاتی خۆی ، ئاڵای وڵاتەكەی لەسەر ئۆتۆمۆبێلەكەی هەڵدەداو وڵاتەكەی بەو ئاڵایە دەناسرێتەوە • كتێبەكەم وڵاتەكەمە ، ناونیشانەكەشی ئاڵاكەیە •

بیر ، لە هەموو لاپەڕەو هەموو دێرو هەموو وشەیەكدا لەگەڵ نووسەردا دەكەوێتە گفتوگۆ • بیرەكانی منیش لەبارەی ناونیشانی كتێبەكەم كەوتوونەتە

وت‌وویژ ، وەکو ئەو وەزیرانە وان کە بەشداریی کۆنگرەیەکی جیهانی دەکەن‌و تەنانەت لەسەر بەرنامەی کاری رۆژانەش لێیان دەبێتە مشت‌ومڕ .

بەم‌جۆرە ، وەزیرێکیان پێشنیار دەکا ، دەبێ کتێبی داهاتوو ناونیشانەکەی تەنیا یەك وشە بێ ـ « داغستان » ، وەزیرێکی‌دی ئەمەی بە دڵ نی‌یە ، کاغەزەکانی سەرمێزی بەردەمی ڕێك‌دەخاو بەرپەرچی دەداتەوە :

« ئەمە نابێ ، شتی‌وا قەت نەبووەو ناشبێ . تۆ چۆن دەتوانی ناوی سەرلەبەری وڵاتێك لە نامیلکەیەك بنێی ؟ ئەگەر تەپڵەی باوکێك لەسەر کوڕەکەی بنرێ ، کوڕە بەئاسانی سەری لەناو تەپلەکەدا بزر دەبێ » .

ئەو وەزیرەی پێشنیاری کردبوو ، بە بێزاری لە دەمی دەداتەوە :

« بۆ نابێ ؟ کاتێك کە مانگ لەسەر سەرمانەوە بە ئاسماندا تێ‌دەپەڕێ‌و وێنەکەی لەناو ئاوی ڕووبارو دەریاکاندا دەدرەوشێتەوە ، بۆچی ئێمە بە وێنەکەش هەر دەڵێین « مانگ »و هیچ وشەی‌دی بۆ بەکارناهێنین . چ‌پێویست دەکا ناوێکی تایبەتی بۆ تیشکدانەوەی وێنەکە بەکاربێنین ؟ ڕاستە ، چیرۆکێك هەیە دەڵێ ڕێوی گورگی ئیقناع کرد کە وێنەی درەوشاوەی مانگ لەناو ئاودا پارچە بەزێکی بەرازەو گورگە بۆ خۆی فڕێ‌دایە ناو ڕووبارەکە بۆئەوەی بەزە بەرازەکە دەربێنێ . بەڵام خۆ دیارە ڕێوی بە فێڵبازو ساختەچی ناسراوە » .

وەزیرەکەی‌دی پێ دادەگرێ‌و دەڵێ : « دیسان هەر نابێ ، بەکەڵك نایە . جارێ پێش هەموو شتێك داغستان شتێکی جوگرافی دەگەیەنێ . لە چیاو ڕووبارو گەلی‌و کانیاوو دەریا پێك‌هاتووە . من کە وشەی « داغستان »م دەکەوێتە بەرگوێ یەکسەر نەخشەیەکی جوگرافیایم دێتە بەرچاو » ..

منیش هەڵی‌دەدەمێ : « نەخێر ، بۆ وا ، من دڵم لە خۆشەویستیی

داغستان كەیلە ، بێ‌گومان دڵم نەخشە نی‌یە . بەگشتی وەری‌بگری داغستانی من هیچ سنووری جوگرافیایی‌و شتی‌تری نی‌یە . نە بە لووسی‌و نە بە ڕێك‌و بەردەوامیش لە سەدەیەكەوە داناڕژێتە سەدەیەكی‌تر . ئەگەر كتێبەكەم بنووسم ، كتێبەكەم نابێتە ڕابەری داغستان . وا دەكەم سەدەكان بڕژێنە ناو یەكترو ئنجا بوختەی ڕووداوی مێژوویی‌و بوختەی گەلەكەو بوختەی وشەی (داغستان)ی لێ دەردێنم .

ڕەنگە (داغستان) بەلای هەموو داغستانی‌یەكانەوە یەك ماناو هەمان مانا بگەیەنێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەكە داغستانی خۆی هەیە .

منیش خاوەنی داغستانی خۆمم ، ئەو تاكە داغستانەی كە خۆم دەیبینم‌و خۆم دەیناسم . تان‌وپۆی لەو شتانە چنراوە كە من‌و هەموو داغستانی‌یەكان لە ڕابردوو و ئێستادا تاقیمان كردوونەتەوە ، لە گۆرانی‌و ڕووبارەكانی ، بەندو تاشە بەردەكانی ، هەڵۆو ناڵەكانی ، ڕێگاكانی ، تەنانەت زایەڵەی شاخەكانیش .

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : كیسلۆڤۆدسك (بووژانگە) . من‌و

---

ئۆزبەكی‌یەك هاوژوورین . لەكاتی هەڵاتن‌و ئاوابوونی ڕۆژ ، لە پەنجەرەوە ، جووتە لووتكەی جمكانەی ئەلبورزمان لێ دیارە . بەلای منەوە ئەو دوو ترۆپكە گەلێ لە سەری تاشراوو زگاری ئەو دوو برادەرە دەچن كە موریدی نەبەردی شامیل بوون .. لەپڕێكا هاوسێكەم گوتی : ئەم دوو لووتكەیە پیرەمێردێكی ڕیش‌سپی بوخاراییم دێنەوە یاد كە لەدوای دوو پەردە پلاو دەگەڕا ، ئاسۆی بەربەیانی دۆڵی بەردەمی سەرسامی كردو لەشوێن خۆی چەقی .

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : كە چوومە كەلكەتا ، سەرم لە ماڵی

---

(ڕابەندەرانات تاگوور)ی مەزن دا ، لەوێ چاوم بە وێنەی باڵندەیەك كەوت ،

لەم دونیایەدا ، لە هیچ شـوێنێ شتیوا نەبووە • باڵندەکـە لە گیانی ئاگوور پەیدابووبوو و بێ گەیشتبوو و بەری ئەندێشەی ئەو بوو • بێ گومان ئەو ئەگـەر باڵندەی راستەقینەی سەرزەویی نەتاسیبا ، قەت نەیدەتوانی وێنەی باڵـــندە عاجباتی یەکەی خۆی بکێشێ •

منیش باڵندەیەکی سەرنجکێشیوام هەیە ـ داغستانی منە • هەر بۆیەشـە دەبێ ناوی کتێبەکەم (داغستانی من) بێ • لەبەرئەوە نا کە داغستانەکە هـی منە ، بەڵکو لەبەرئەوەی تێ گەیشتنی من لـە داغستـان لەگەڵ هی خەڵك جودایــە •

بەمجۆرە مەسەلەکە یەکلا دەبێ • لەسەر بەرگی کتێبەکەم دەنووسرێ « داغستانی من ! » •

بێدەنگی تەختێ باڵ بەسەر کۆنگرەی وەزیراندا دەکێشـێ • هیـچ ڕەخنەو ڕەت کردنەوەیەك نابێ • کتوپڕ وەزیرێکیتر ، ـ کە سێ یەمین کەسە ـ لەسەر مێزەکەی ڕاست دەبێتەوەو دەچێتە سەر سەکۆی دوان :

« داغستانی من ! شاخەکانی من ! ڕووبارەکانی من ! همم ••• ژیانـی گەلەکی خراپ نی یە ؟ بەڵام ئەو سـەردەمــەی کــە گەنجیتو لە تەمـەنی قوتابێتیدایت ، پێتخۆشە لەناو خەڵکدا بژی • پاشان پیاو دەیەوێ ژوورێــك یا خانوویەکی سەربەخۆ پێکەوە بنێ • ئەوەندە بەس نی یە کە بڵێی « ئاگردانی من » ، ئاگردانەکە دەبێ ئاگری تێدا بسووتێ • ئەوەندەش بەس نی یە کـە بڵێی (بێشکەی من) • ئەو بێشکەیە دەبێ کۆرپەی تێدابێ • هەر بەمپێیەش ، ئەوەندە بەس نی یە کە بڵێی (داغستانی من) • ئەم وشانە دەبێ بیری چارەنووسی داغستانو داغستانی ئەمڕۆیان تێدابێ •

ئێوە هەمووتان دەزانن (سلێمان ستالسکی)ی شاعیری میللیمـــان ، زۆر ژیرو زانا بوو • ئەو دەزانێ من چیم لە دڵدایەو دەمەوێ چی بڵێم • ئەمە قسەی

ئەوە : « من شاعیرێکی لیزجی یا داغستانی یا قەوقاسی نیم • من شاعیرێکی سۆڤێتیم • من خاوەنی ئـەم هەموو وڵاتـە هەراوو بەرهـەڵدایـەم » • سلێمانی زاناو ڕیش سپی وای دەفەرموو • تۆش تەنیا یەك شت دەڵێی و ئاوازی یەك بیر لێ‌دەدەی • گوندی من ، شاخەکانی من ، داغستانی مـن ، پیاو وا تێ‌دەگا کە بە لای تۆوە سەراپای دونیا لە داغستان دەست پێ دەکات و لە داغستانیش کۆتایی دێ • ئەدی کرملین سەرەتای دونیا نی‌یە ؟ من ئەمەم لە ناونیشانی کتێبەکەی تۆ ناکەوێتە مێشك •

تۆ قەفەسە سینگێکت دروست کردووە بەڵام لەبیرت‌چووە دڵێکـی خوڕپەداری بخەیتە ناو • دوو چاوت دروست کردووە بەڵام لەیادت نەبووە تروسکایی دیتنیان پێ بەخشیت • چاوی مردوو وەکو تلی‌یە ترێ وایـەو هیچی‌تر » •

وەزیری سێیەم قسەی خۆی تەواو دەکاو بەدەم خەندەیەکی ناسك و شانازی‌یەوە دێتە خوارێ و دەچێتەوە سەر کورسیی خۆی • کۆمەڵێك کاغەزو بەرگە کتێبی گەورەو گرنگی لەبن هەنگڵە • لە بریقەی چاوەکانی وادیـارە کە بڵێ کۆتاییم بە هەموو شتێك هێنا ، چۆن حوکمی حاکم ڕەت نابێتەوە ئاواش نابێ کەس قسە لە قسەی مندا بکات •

لەم کاتەدا ئەندامێکی‌تری کۆنگرەکە دەچێتە سەرسەکـۆی دوان ، کابرایەکی زیخ و ڕووخۆشە ، لەوانی‌دی گەنجتر دیارە • جۆری پەیڤین و دوانی زۆر لەوانی‌دی جودایە ، چونکە بە شیعرە •

**کە یەکێ دانیشتبێ کەس نازانێ داخۆ شەلە یان نا**
**کە یەکێ نووستبێ کەس نازانی داخۆ کوێرە یان نا**
**کە یەکێ نان‌دەخوا ، کێ دەزانێ داخۆ قارەمانە یان ترسنۆك**
**کە یەکێ نەدوێ ، کەس نازانێ درۆزنە یا ڕاستگۆ**

جا گوێ ڕاگرن پێتان بڵێم :

« ئێستا ، دەمەویست بڵێم شتی چاکە کە بیرێك هەبێ ، بەتایبەتـی لەوەی کە قسەکەرەکانی پێش من باسیان کرد • بەڵام جاریوا هەیە نەك تەنیا زۆر بیریان لە مێشکدایە ، بگرە زۆر ئایدیۆلۆژیشیان هەیە ، کە دەشێ زیـــان بە بیرەکە بگەیەنێ •

(*) ئەو کابرایەتان بەبیر دێنمەوە کە ناوی (میخائیل) بوو و خەڵکـــی گوندی (تیلا) بوو • ئەگەرچی لە پرۆگرامی کۆبوونەوەشدا نییـــە ، بـەڵام قسەکەرەکان وەکو ئەوەی باسی ئەو میخائیلە بکەن وایە •

سەیرێك لە لیژنەی پارتیی (خونزاخ) هەبوو ناوی لە خۆی نابو میخائیـل گریگۆرەڤیچ بوسینەڤ • کەچی لەڕاستیدا ناوی میخائیل نەبوو ، ناوی محمد بوو • محمد چووە شەڕی ناوخۆیی‌و کە گەڕایەوە ناوی محمدی پێـــوە نەمابوو • ناوە داغستانی‌یەکەی خۆی گۆڕیبوو • ناوی لە خۆی نابـــوو (میشا) • باوکی کە کەوتبوە ناو ساڵانەوە پێی گوت : « کوڕم هەق وایە دایکت تازیەت بۆ بگرێ • من ناوم نابووی محمد ، تۆ کەیفی خۆتە ئێستا ، چ لـــە ناوی خۆت دەکەی وای لێ بکە ، بەڵام کێ ڕێگەی دای دەست لە نـــاوی من بدەی ؟ کێ ڕێگەی دای حەسەن بکەیتە گریگۆری ؟ من باوکی نـــۆمو هێشتا لە ژیاندا ماوم ، دەمەوێ هەر بە حەسەنی بمێنمەوە » •

بەشداراتی شەڕی ناوخۆیی زۆر سەرشەق‌و کەللەڕەق بوون لەســـەر هەڵوێستی خۆیان ، هەر میخائیل گریگۆرەڤیچ نەبێ ، بۆیەش هەر بە سەیری لە لیژنەی پارتیی (خونزاخ) ئیشی دەکرد •

میخائیل تا بڵێی لاوازو کەمزان بوو ، بەڵام زۆر بە زیرەك‌و ڕۆشنبیر لە خۆی دەگەیشت • لە هەموو شوێنێك خۆی هەڵدەکێشاو باسی زانایی خۆی

---

(*) لێرەوە ، لە دەقە ئینگلیزی‌یەکەدا نەبوو • مامۆستا جەمشید حەیدەری لە ڕووسی‌یەوە بۆی کردمە کوردی‌و منیش دامڕشتەوە •

دەکرد • زۆرکەس وایان‌دادەنا کە تێکۆشەرێکی زۆر کەللەڕەقە لەسەر بیروباوەڕی خۆی •

جارێکیان (حاجی)ی مامۆستامان گەف (انذار)ی لێ کرابوو ، بۆیەش گەفی لێ کرابوو چونکە خزمی بنعامێکی هەبوو بەڕەسەن دەچۆوە سەر بنەماڵەی میرەکان‌و حاجییش ئەمەی لە ئەنکێتەکەی خۆیدا باس نەکردبوو •

پانوورە ، حاجیی بانگ‌کردە ماڵی خۆیان لە گوندی (باتلیچ)و بڕیارەکەی پێ ڕاگەیاند •

لە ڕێگادا تووشی (میخائیل گریگۆرەڤیچ) ی سەیزی لێژنەی ناوچەی پارتی بوو • کەوتنە گفتوگۆ • حاجی بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە •

« بەڵێ ، بۆ تۆ ، گەڤ کەمە ، دەبوا لە پارتی دەرت‌بکەن • تۆ چتۆ ئەندامی پارتیی ؟ چتۆ کۆمۆنیستی ؟

کۆمۆنیستی ڕاستەقینە ، نەك خزمی بنعامی ، بگرە ئەگەر برای لە دایك‌و باوکی بێ ، خوشکی بێ ، باوکی بێ ، دەبێ لە دەستی بنووسێ‌و لەسەری بازنەدا » •

مامۆستا چاوی هەڵبڕی‌و سەیرێکی میخائیلی کردو گوتی :

« دیارە بەلاش نی‌یە بە زیرەك‌و ڕۆشنبیرت دادەنێن • - لە پادشا بە پادشاترت دادەنێن - • سەیرە ، چۆن تا ئێستا هەموو چیاکانی داغستانت نەکردۆتە پێ‌دەشت • چۆن بەردی ڕەق‌و زەقی چیاکانت نەکردۆتە دەشتایی • هەرچۆن بێ قسە لەگەڵ پیاوی وەکو تۆ سوودی نی‌یە » •

ئەگەرچی هەردووکیان دەچوونە یەك گوندو ڕێگایان یەك بوو ، بەڵام حاجی لای‌داو ڕێگایەکی‌تری گرتەبەر •

میخائیل گریگۆرەڤیچ بە سەرسامی‌یەوە پرسی :

« ئەوە تۆ دەچیتە کوێ ؟ »

« بچمە هەرکوێ ، ڕێگام لەگەڵ تۆ نی یە » •

« من دەچمە کۆمۆنیزم •• دیارە تۆ دەتەوێ بەپێچەوانەی من بڕۆی » •

« نامەوێ لەگەڵ تۆدا بچمە کۆمۆنیزم • نامەوێ لەتەنیشت تۆ بڕۆم » •

« بزانە داخوا کاممان زووتر دەگەینەجێ » •

قسەکەرە گەنجەکە ، ئەم چیرۆکەی تەواوکردو بەبەر قسەکانـــیدا چـــوو :

شاعیرێك ، شیعرێکی لەبارەی شوانێکەوە نووسی :

**ئەم چیاکانی داپۆشی**
**ڕێگای چوونە پێش زۆر روونە**
**هۆ شوانەکە ! بەرانەکانت**
**بەرەو کۆمۆنیزم بازۆ**

یاخود : حەسوودێك داوایەکی بۆ لێژنەی ناوچە نووسی :

« هەرچەندە هەوڵمداوە ، بگرە هێزیشم خستۆتەکار ، ژنەکـــــەم ئیقناع نەبووە بەشداریی کورتە کۆرسی مێژووی پارتیی بۆلشەویك بکا ، تکایە ، بەڵکو لێژنەی ناوچـــە لـــەڕووی پـــەروەردەی ئایدیۆلۆژی‌یەوە کار لە ژنەکەم بکات » •

یاخود : جارێکیان ئاگاداری‌یـەکی ترسناك لەســەر دەرگای بارەگـای یەکێتیی نووسەرانی داغستان هەڵواسرابوو :

« هەرکەسێ بیرێکی تیووریی قووڵی نەبێ ، هەقی نی‌یە لەم دەرگایە بێتە ژوورەوە » •

پیرە ئەبووتالیبی غەفووری مەزن بە ئیش ڕێی کەوتە یەکێتیی نووسەران، کە چاوی بەو ئاگاداری‌یە کەوت کشایەوە ، نەچووە ژوورێ •

یاخود : مەحەج قەلا ، شاری فرەنەتەوە ، گەلێ گۆڕستانی جیاوازی تێدایە :

هیی گاورەکان ، هیی موسلمانەکان ، هیی جوولەکەکان . هاوڕێیەکی ڕۆشنبیر ، لە کۆبوونەوەیەکی جەوجوولی کۆماریدا ، وتارێکی خوێندەوە گوتی :

ئێمە ، بەردەوام ، بە بێ کۆڵدان بۆ پتەوکردنی دۆستایەتیی گەلان تێدەکۆشین ، کەچی گۆڕستانەکانمان جودان . کاتی ئەوە هاتووە کە گۆڕستانێکی گشتی دروستبکەین و ناوێکیشی بۆ بدۆزینەوە . دەڵێن : « منداڵی خێزانێك » بەڵێ ، بەشێوەیەکی گشتی ... بۆنموونە ، دایك و باوك دیندار بوون و نوێژیان بۆ خوا دەکرد . ئەدی ئەز چبکەم ؟ چۆن دەبێ لەگەڵ ئەوان لە گۆڕستانێکدا بنێژرێم . من لە ساڵی ۱۹۳۷ەوە ئەندامی پارتیم . نەخێر ، دەمێکە دەبوا گۆڕستانێکی نوێ لەسەر بنچینەی بیرێکی بەرز لە شارەکەمان دروست بکەین . دەڵێن لەمێژ نیيە ئەو بەستە زمانە مردووە ، بە گۆڕستانە نوێکە ڕانەگەیشت(*) .

ناونیشانی کتێب وەکو تەپلە وایە . کامەیان گرنگترە . تەپلە یا ئەو سەرەی لەژێر تەپلەدایە ؟ دەمەوێ چیرۆکێکتان بۆ بگێڕمەوە کە چۆن بە سێ ڕاوکەر گورگێکیان گرت .

ئەرێ بەڕاست ، ڕاوکەرەکە سەری پێوە بوو ؟

---

سێ ڕاوکەر پێیانزانی گورگێك لە گەلێیەکی نزیك گوندەکەیان هەیە . بڕیاریاندا بچن بیگرن و بیکوژن . خەڵك بە زۆر جۆر چیرۆکی ئەو ڕاوە دەگێڕنەوە . من بە منداڵی ئەمەم بیستووە وا بۆتان دەگێڕمەوە : ڕاوکەرەکان گرگەکەیان تەنگاو کرد . گورگ لە سێ ڕاوکەرەکان

---

(*) تا ئێرە وەرگێڕانەکەی مامۆستا جەمشید بوو .

خۆیٚ لە کونە ئەشکەفتێك پەستا • ئەشکەفتەکە یەك تاقە کونی تێــــدا بوو ، ئەویش زۆر تەنگ بوو بەحەستەم سەری زەلامی پێوە دەچوو ، شانــــی پێوە نەدەچوو • ڕاوکەرەکان خۆیان لە پەنا بەردێك مەلاس دا • لوولەی تفەنگیان خێواندە کونەکەو چاوەڕێ بوون گورگ بێتەدەرێ • خۆ گورگ گێل نی‌یە • لە کونەکەی خۆیدا پاڵی‌دایەوە • بێ‌گومان لە زۆرانێدا ئەو لایە دەدۆڕێنــــێ کە زووتر سەبری نەمێنێو ئارامی لێ هەڵگیرێ •

ڕاوکەرێکیان لە چاوەڕوانیدا شل‌و شەکەت بوو ، بڕیاری دا خۆی بەناو کونە ئەشکەفتەکەوە بباو گورگەکە بکوژێ • لە گەرووی ئەشکەفتێ نزیك بووەوەو سەری بردە ژووری•هاوڕێکانی بەینەك چاویان تێ‌بڕی،نەیانزانی بۆچی نە تەکان دەدا بچێتە ژوورەوەو نە بەلانی کەمەوە هەوڵ دەدا سەری بکێشێتەوە•لەئەنجامدا، کە چاوەڕوانی هێزی لەبەر بڕین ، چوون کابرایان گرت‌و ڕایانکێشا دەرەوە ، وادەکەن سەری پێوە نی‌یە لە یەکتریان پرسی ئاخۆ کاتێ کــــە کابرا ویستی بچێتە ناو ئەشکەفتەکە سەری پێوە بوو یان نا ؟ یەکێ گوتی : سەری پێوە بوو • ئەوەی‌تر پێی‌داگــرت‌و گوتی : نەخێر نابێ ســــەری پێوە بــــووبێ • کەلەشی بێ‌سەریان هێنایەوە گوند • خەڵك هەموو تێ‌گەیشت ؛ پیرەمێردێك کە چاوی پێ کەوت گوتی : بەو پێ‌یەی کە ڕاوکەر ویستوویە خۆی بکا بە کونەکەداو گورگەکە بکوژێ ، دیارە لەمێژە بێ‌ســــەر بووە ، ڕەنگە هەر بە بێ‌ســــەری لەدایك بووبێ ••• مەسەلەیان گەیانــــدە ژنی کابرا ، بەڵکو وەڵامێکی ئــەم پرسیارە بداتەوە •

« چوزانم مێردم سەری هەبووە یان نەیبووە • هـــــەر ئەوەندەم دێتەوە بیر هەموو ساڵێك تەپلەیەکی نوێی بە ڕادان دەدا » •

بیر دەبێ لە بۆتەی شتی ڕاستەقینەدا دەربڕدرێ نەك بە وشە • دەبێ لەناو کتێب‌دا بێ نەك لەسەر بەرگەکەی زەق هاوار بکا ••• وشەیەك پیاو بتوانێ لە کۆتاییی گفتوگۆدا دەری‌بڕێ پێویست ناکا لە سەرەتاوە بیدرکێنێ •

زۆر جار نووشتە بە ملی کورپەی ساواوە دەکـرێ تا ژیانێکی خۆش‌و بێ‌وەی بەرێتەسەر و لە دەردو دڵتەنگی چەپاڵـەی بدا • با وا زەن نەبـەین نووشتە بەڕاستی کار دەکا ، بەڵام هەموو دەزانین نووشتە لە جێگایەکی نەدیو ، لەسەر گۆشت ، لە بن‌جلکان دەدووری •

هەموو کتێبێکیش دەبێ نووشتەی‌وای تێدابێ کە بەرچاو نەبێ‌و خوێنەر خۆی هەڵی‌بێنێ ئەم نووشتەیە چی‌یە ؟

یـان : کە ( ئوربیچ ) دروست دەکەن ، نەختێ هەنگوینی تێ‌دەکەن ، هەنگوینەکـە لەناو شتی شیرین‌و بۆن‌خۆشـدا دەتوێتەوە بەڵام تۆ نە دەیبینی‌و نە هەستیشی پێ دەکەی •

یـان : باخچەیەك لە شاری بۆمبای هەیە هەمیشە گەشەو هەر زەینەتـە سەیری بکەی • سەرباری قرچەی گەرمای دەوروبەری نە سیس دەبێ‌و نـە وشك دەبێ • ئەمەش سەبارەت بەوەیە کە گۆمێکی پەنهانی لە بنە ، نادیترێ • ئەو گۆمە ئاوی ژیانبەخش‌و فێنکی بە درەختەکان دەبەخشێ •

بیر ، ئەو جۆرە ئاوە نی‌یە کـە بەخوڕ دادەڕژێتـە ناو بەردان‌و گەوارە ڕوشکێك دەڕژێنێ ، بەلکو ئەو جۆرە ئاوەیە کـە بـە بێ‌ئەوەی بە چاو ببینرێ نم‌و شێ بە زەوی دەبـەخشێ‌و ڕەگ‌و ڕیشـەی درەخت‌و گیاو گوڵ پاراو دەکاتەوە •

ئەو وەزیرەی لەسەر مێز دانیشتووەو هـەر چوار دەوری کاغـەزو کتێبە ، مست لە مێزی بەردەمی دەداو دەڵێ :

« مەبەستت لەم قسانە چی‌یـە ؟ ئایا تەپلە بـە هەر شتێك برازێنیتەوە هەریەکە – بە مێزەری سپی ، شریتی سوور ، ئەستێرەی پێنج گۆشە ؟ ئایـا پیاو هەرشتێك لە بەرۆکی خۆی بدا هەریەکـە – چ‌نیشانەی سـوور بێ‌و چ خاچی ڕەش ؟ یا وادەزانی گرنگترین شت دڵی میهرەبانە ؟ •

« پیاو ناتوانێ لە یەك‌کاتدا لـە گوندی (ئانووسی) حەسـەن بێ ، لـە

(گوتخۆی) مامۆستا بێ ، لە (گینیجوتلی) لێپرسراوی لاوان بێ ، لە (خونزاخ) مەلا بێ • لەبارەی کتێبیش هەر وایە ›(*) •

نەخێر ، نەخێر •• دیسان نەخێر !! بیر وەکو ئاڵا وایە نابێ لە بەرچاو بسڕێتەوە • پێویستە بەرز هەڵبدرێ ، دەبێ وا هەڵبگرێ کە خەڵك بەدیی بکەن و شوێنی بکەون •

ئەو وەزیرەی لە هەموویان گەنجتر بوو لێیان وەدەنگ هات و گوتی :

« دەك ژنی چاولەدەرو حەشەری بێ ئەوەی بەمقسانە ڕازی نەبێ ، بەڵام تۆ وات گەرەکە ئاڵا لەو کەسانەوە دوور بێ کە تێیڕادەمێنن ، یا بە شێوەیەکی تر بڵێین تۆ دەتەوێ بیر ، لە گیانی مرۆڤەوە دوور بێ • دەتەوێ بیانخەیتە ناو دوو گالیسکەی جیاوازو سەربەخۆ ، بەڵام دانێ ئەم دوو گالیسکەیە دوو ڕێگـــەی جیاوازیان گرتەبەر ؟ تو دەڵێی پیاو نابێ خۆی بە ئاڤار یا بە داغستانی بداتــە قەلەم ، دەبێ خۆی بــە هاووڵاتێکی سۆڤێتی بزانێ • بەڵام ـ بۆ نموونە ـ من ، لە یەك کاتدا خۆم بە ئاڤاریش و بە ڕۆڵەی داغستانیش و بە هاووڵاتێکی سۆڤێتی‌یش دەزانم • بێ گومان ئەم شتانە پێچەوانەی یەکتر نین و یەکتر ناسڕنەوە •

وا باوە دەڵێن دونیا لە کرملینەوە دەست پێدەکات • ڕازیم • بەڵام بۆ من،دونیا لە ئاگردانەکەی خۆمەوە ، لەسەر کۆسپەیماڵی خۆمەوە ، لەو گوندەوە کە تێیدا دەژیم ، دەست پێدەکا •

کرملین و گوندی من ، بیری کۆمۆنیزم و هەستی نیشتمان پەروەری وەکو دوو باڵی باڵندەو دوو ژێی پەندوورەکەی من وان •

بۆچی پیاو بە لاقێك هەنگلەشـــەلێ بکات ؟ هەر بۆیـــەش دەبێ بیر لە ناونیشانێکی‌تر بکەیتەوە بۆ کتێبەکەت ، ناونیشانێکی‌وا کــە هەستی ناوەوەی پێشان بدات » •

---

(*) پەرەگرافی نێوان کەوانوولکەکان لە ئینگلیزی‌یەکەدا نەبوو • مامۆستا جەمشید حەیدەری لە ڕووسی‌یەوە بۆی کردمە کوردی •

من له هەموو شوێنێك بەدوای داغستانی خۆمدا دەگەڕێم • که به سەفەر ڕێم کەوتە هیند بیرم هەر له داغستان دەکردەوە • لەناو ڕۆشنبیریی کۆن‌و فەلسەفەی ئەم وڵاتە دەنگێکی خۆشم هاتە گوێ • دەنگی داغستانی خۆمم پێ گەلێ خۆش‌و ڕەوانە ، چونکه لەم دونیایەدا ، له دوورەوە دێته بەرگوێم • کاتی خۆی وشەی داغستان تەنیا لەناو گەلیی چۆڵ‌و بەردی ڕەق‌و ڕووت‌دا دەنگی دەدایەوە ، کەچی ئەمڕۆ له سەرانسەری وڵات‌و سەرلەبەری دونیادا دەنگ دەداتەوەو لەناو ملیۆنەها دڵدا دەزرنگێتەوە •

لەناو کلیسەی بووزی‌یەکانی (نیپال)یشدا که وڵاتێکه بیست‌ودوو گەڕاوی تێدایه یادی داغستانم کردەوە • بەڵام (نیپال) وەکو ئەڵماسێکی نەتاشراو وایه ناتوانم لەگەڵ داغستانی خۆمدا بەراوردی بکەم چونکه ئەڵماسی داغستان شووشەیەکی پتر بڕیوە •

له ئەفریقیاش بیرم گەڕایەوە لای داغستان • ئەو وڵاتە خەنجەرێکی هێنامەوە یاد که تەنیا چارەکێکی له کالان دەرکێشرابێ • له وڵاتەکانی‌تریش له کەنەداو بەریتانیاو ئەسپانیاو میسرو ژاپۆن بیرم چووەوە داغستان‌و چاوم لەو شتانە گێڕا که به داغستان دەچن‌و ئەو شتانەی که پێی‌ناچن •

جارێکیان له سەفەرێکی یوگۆسلاڤیا خۆم له شاری (دۆبرۆفنیك)ی نازدار بینی‌یەوە که کەوتۆتە سەر کەناری ئەدریاتیك • شەقام‌و خانووی ئەو شارە وەکو گەلی‌و تاشە بەرد ، شاخی گرانێتی زنارو ڕەوەزبەند وان •• دەرگای خانووەکان وەکو کونە ئەشکەفت وان که له بەردی ڕەق‌و لووس داتاشرابێ • لەودیویشەوە کۆشکی بەرز قیت بۆتەوە که به نەخش‌و نیگاری سەدەکانی کۆن‌و ناوەڕاست ڕازاوەتەوە •

شارەکه وەکو (دەربەند)ی خۆمان شوورەی بۆ کراوە • به ناو کۆڵانی تەنگ‌و ڕێك‌و بەسەر پلیکانەی بەرددا به دیواردا هەڵگەڕام •

بەدرێژاییی ئەو دیوارە ناوە ناوە قوللەیەکی بەرد قیت بۆتەوە • هەر قوللەیەك جووتە مەتەرێزێکی وەکو دوو چاوی زەق‌و تیژی تیدایە • ئەو قوللانە وەکو مریدەکانی ئیمام بەدەوام دڵسۆزانە لەشوێنی خۆیان چەقیون •

کە گەیشتمە سەر ترۆپکی دیوارەکە ، ویستم لە مەتەرێزەکانەوە سەیری ناو قوللەکان بکەم بەڵام لەبەر حەشامەتی گەڕیدان نەمتوانی لە نزیکەوە چاوی پێدا بگرم • لەو شوێنەی کە ڕاوەستابووم دوو پارچە شتی شینم لێ دیاربوو و بەس • پارچە شتەکە بەقەد مەتەرێزەکە بوو ، مەتەرێزەکەش لەناو لەپی پیاو گەورەتر نەبوو • بەڵام کاتێك کە لە مەتەرێزێك نزیك بوومەوە سەرم لە دیمەنی ئەو دەریا بێ‌پایانە سووڕ ما کە لەژێر خۆری کانوونی دووەمدا ڕاکشابوو • دەریایەکی ناسك بوو چونکە دەریای ئەدریاتیك بوو ، دەریای باشوور بوو • تووشیش بوو چونکە وەختەکە کانوونی دووەم بوو • دەریاکە ڕەنگی شین نەبوو بەڵکو ڕەنگاوڕەنگ بوو • شەپۆلی بەرەو کەناری بەردین دەهاویشت ، شەپۆلەکان وەك گرمەی هەور بە بەردەکان دەکەوتن‌و دەکشانەوە • دەریاکە زۆری کەشتی تێدابوو • هەر کەشتی‌یەك بەقەد گوندەکەی ئێمە دەبوو •

کاتێك کە لەپشت گەڕیدەکان هەستامەوە سەر پەنجەی پێ بۆئەوەی سەرنجێك لە دونیای فراوان بدەم‌و ئینجا پاشان خۆم گەیاندە لای پەنجەرەکان بۆئەوەی باش تەماشا بکەم ، هەمدیسان داغستانم هاتەوە یاد •

داغستانیش ، هەمیشە ، لەدواوە هەستابووە سەر پەنجەی پێ ، چاوەڕێی نۆرەی خۆی دەکرد ، لەو کاتەشدا پشتی پانی بەختەوەرەکانی پێش خۆی بەرچاویان گرتبوو • ئینجا لە مەتەرێزێکی بچکۆلەی قوللەی سەر دیوارەوە سەراپای دونیای لێ بەدەرکەوت • ئێستا وا تێکەڵی دونیای فراوان بووە • ڕەوشت‌و ڕێگاو گۆرانی‌و شەرەف‌و کەرامەتی خۆی لەگەڵ خۆی هێناوە •

هەموو شاعیرەکان ، زۆر جار کە بەدوای ئەندێشەو وێنەی جۆراوجۆردا گەڕاون ، هەوڵیانداوە بیرو ڕای خۆیان دەرهەق داغستان بخەنە شێوەو قاڵبی تایبەتیی خۆیانەوە .

مەحموودی شاعیری غەمبار لەبارەی گەلەکانی داغستانەوە گوتوویە ، ئەوانە وەکو داماوی قەد شاخان وابوونو تێ کۆشاون بۆئەوەی هەموو تێك بکەنەوەو یەك جۆگەلە بخشێنە خوار ، بەڵام بۆیان نەکراوەو تاك تاك ڕێگایان گرتۆتەبەر . هەروەها دەیگوت گەلەکانی داغستان ئەو گوڵانەم بەبیردێننەوە کە لە گەڵی یەکی تەنگو تاریکدا ڕوابنو هەوڵبدەن بگەنە یەکتر ، بەڵام نەتوانن یەکتر بگرتە باوەش ... کەچی ئەمڕۆ هەموو گەلەکانی داغستان یەکیان گرتووەو یەك جۆگەلەی شاخاویو یەك چەپکیان پێك هێناوە .

باتیرای دەیگوت : چۆن پیاوی دەست کورت کەڵۆسی دڕاوی فڕێ دەداتە دوورترین کونجی تاریکی ، داغستانیش ئاوەها لوولدراوەو فڕێدراوەتە گەڵیو کەلەنە شاخان .

باوکم پاش ئەوەی کە مێژووی داغستانی خوێندەوە ، داغستانی لەگەڵ (ڕۆگ)(*)ی شەراب بەراوردکرد کە بادەنۆشان لەسەر مێزی خواردنەوە ئەمدەستو ئەودەستی پێ دەکەن .

داغستانەکەم ! لەگەڵ چیدا بەراوردت بکەم ؟ چ وێنەیەك بدۆزمەوەو بیرو ڕای خۆمی دەربارەی مێژوو و چارەنووسی تۆ پێ دەربڕم ؟ ڕەنگە پاشان وشەی جوانترو گونجاوترم بۆ بێت ، بەڵام ئەمڕۆ دەڵێم : « پەنجەرەیەکی بچکۆلەیەو بەسەر ئۆقیانووسی فراوانی دونیادا دەڕوانێ » یا بەشێوەیەکی کورتتر : « پەنجەرەیەکی بچکۆلەیە بەسەر ئۆقیانووسێکی گەورەوە » .

---

(*) ڕۆگ : کاسەیەکی تایبەتییە لە شاخی شوورو بزنەکێوی دروستدەکرێو بە زیو دەنەخشێنرێو بۆ شەراب خواردنەوە بەکاردەهێنرێ .

هاوڕێ وەزیرەکانـــم ! ئێوە ناونیشانێکی‌ترتان بۆ کتێبەکەم دەوێ کـە خەریکم بینووسم • من دەزانم وڵاتە هاوسێکانی‌تری داغستانی منیش هەمـان قسە لەبارەی خۆیانەوە دەکەن • چ‌قەیدی‌یـــە • با داغستان چەند ناوێکـــی هاوتای بێ •

ئەم تەپلەیەی خۆمتان پێشکێش دەکـــەم ـ « داغستانی من » ئـەوەش ئەستێرەی سەر تەپلەکەیە ـ « پەنجەرەیەکی بچکۆلەیە بەسەر ئۆقیانووسێکی گەورەوە » •

وەکو یەکێك کە خەریکـــی ئاواز لێدان بێت ، ئاوا پەنـدووره جووت زێ‌یەکەمم ئامادە کردووە •

وەکو یەکێك کە خەریکی درووماں بێت ، ئاوا دەزووم لە دەرزی‌یەکەم هەڵکێشـــاوە •

وەزیر ، چۆن لە کۆتایی کۆنگرەی جیهانیـــدا بڕیار لەسەر هـــەموو پەیڕەوو ڕاسپاردەکانی دەدەن ، وەزیرەکانی منیش ئاوەها بڕیاریان لەســـەر ناونیشانی کتێبەکەی **من دا** •

دەگونجێ : وا ڕێك‌بکەوێ دوو برا بە تەبایی سواری یەك ئەسپ بن •

هەروەها دەگونجێ یەك ســواری چاپوك دوو ئەسپ بە جڵەوێك باتە سـەر ئـاو •

ئەبووتالیب گوتوویە : « وایە کابرا شەیقەیەکی وەکو هی لیڤ تۆلستۆیی کڕیوە ، ئەدی سەرێکی وەکو هی‌ئەوی لەکوێ پێ‌دەکرێ ؟ » •

دەڵێن : ناوێکـی باشـــیان لێ‌ناوە ، داخوا کـە گـــەورە بوو دەبێتـــە چتۆ پیاو ؟ » •



# لەبارەی فۆرمو
# چۆنیەتیی نووسینی ئەم کتێبەوە

**خەنجەرێك هەمیشە لە کالاندا بێ ،**
**ژەنگ هەڵدێنێ**
**سوارێك هەمیشە لە ماڵەوە بێ ، دەوا دەکا**
« نووسراوی سەر خەنجەرێك »

**دەزووم لە دەرزییەکەم هەڵکێشاوە ،**
**بەڵام چجۆرە چاکەتێك بدوورم ،**
**ژێم لە پەندوورەکەم خستووە ،**
**بەڵام چجۆرە گۆرانییەك بچڕم •**

ئەسپە خورت و سەرکێش و دڵسۆزەکەم باش ناڵ کراوە • سمەکانیم پشکنیوەو ناڵەکانیم بەسەرکردۆتەوە • زینم کردووەو تەنگەم شەتەك داوە • پەنجەم بە بن تەنگەوە ناچێ • بەڵێ ! ئەسپەکەم زۆر پوختە ، بە زانایی زین کراوە •

پیرەمێردێکی ڕیش سپیی وەك باوکم ، جڵەوم دەداتە دەست ، کچێکی چاو بەخوماری قشت قامچیی لێخوڕینم دەداتێ • کچە نازدارێکی شاخاویی

دراوسێمان بەئەنقەست دەست بە جەڕەی پڕ ئاوەوە ، دێتە بەرامبەرم • ئەوەش ڕەوشتێکی خۆمانەیەو نیشانەی بە ئاوات خواستنی گەشتێکی خۆش و بەختەوەرە •

کە جڵەوی ئەسپەکەم ڕادەکێشم و بەناو گوندەکەماندا بەرەو پەڕگەی دێ دەڕۆم ، بەلای هەر کەسێکدا ڕابووردم لاڕێ دەبێ و ڕادەوەستێ و دەڵێ : « بەخێر بچیت »

لە پەڕگەی گوندەکەمان ، کچێکی نازدارتر چرایەکی داگیرساو لەسەر لێوی پەنجەرەکەی دادەنێ ، وەك ئەوەی کە پێم بڵێ :

« ئەم پەنجەرەیەت لە بیر نەچێ • ئەم چرایەت لە بیر نەچێ • تا دەگەڕێیتەوە ئەم چرایە هەر دەسووتێ ، کە ڕێگەی دوورو درێژ دەبڕی و شەوی تووش و دژوارت دێتە پێش ، ڕێگاو ڕۆژگارت بۆ ڕووناك دەکاتەوە • دوای شەکەتی و داوەشانی ڕێگاش کە لە گەڕانەوەدا لە گوندەکەت نزیك بوویتەوە ، پێش هەموو شتێك تروسکایی ئەم چرایەت دەکەوێتە بەرچاو • ئەم پەنجەرەو ئەم چرایەت لەبیر بێ » •

دوا سەرنجی قووڵ و درێژ لە گوندەکەمان دەدەم • دەبینم دایکم بە تاقی تەنێ ، قیت لەسەر خانووەکەمان ڕاوەستاوە •• تا دێ دیمەنی هەر بچووك دەبێتەوەو بچووك دەبێتەوە تا دەبێ بە خەتێکی ستوونیی باریکی سەر ڕووی تەختی ئاسۆیی بانەکەمان ••• پاشان کە دەگەمە پێچێکی تری ڕێگا ، گردێك دیمەنەکەم لێ دەشارێتەوە ، کە ئاوڕ دەدەمەوە • بێجگە لە چیا هیچی ترم ناکەوێتە بەرچاو •

پێشەوەشم هەر چیایە ؛ بەڵام دەزانم ئەو دیوی چیا دونیایەکی فراوانە ـ شارو گوندو دەریاو ئۆقیانووس و ئێستگەی شەمەندەفەرو فرۆکەخانەو کتێبی تێدایە •

سمی ئەسپەکەم لەسەر ڕێگای ڕەقی داغستانەکەم چرتەی دێو دەنگ دەداتەوە • لە سەرەوەش ئاسمان کەوتۆتە باوەشی ترۆپکە شاخانەوە • جارێ هەتاوەو بارێ تەستێرە بەندەو تاوێ هەور دایپۆشیوەو گاوێ بارانە •

**بسەنگلێوە ، ئەسپەکەم ، بسەنگلێوە !**
**هێشتا ئاوڕم نەداوەتەوە**
**گوندە ئازیزەکەمان بەجێ‌دێڵین ،**
**با سەرنجێکی تری لێ بدەم**
**بفڕە ، ئەسپە ڕەسەنەکەم ، بەرەو پێشەوە بفڕە •**
**ئاوڕ مەدەوە ، چونکە ئێرە کۆتایی نی‌یە ،**
**زۆر گوندمان لەپێشە ،**
**کە براو برادەریان تێدایە •**

ئێستا بچمە کوێ ؟ چۆن ڕێگایەکی ڕاست هەڵبژێرم ؟ چۆن ئەم کتێبە نوێ‌یە بنووسم ؟

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : ئێستا ، گەنجەکانی داغستان جل‌وبەرگی

---

داغستانی لەبەر ناکەن • چاکەت‌و پانتۆڵ‌و کراسی هاوچەرخ لەبەردەکەن ـ هەروەك مۆسکۆو بتلیس‌و تاشکەندو دووشانبەو مینسك •

ئەم زەمانە تەنیا ئەندامەکانی کۆمەڵەی گۆرانی‌و هەڵپەڕکێی داغستان جلی نەتەوایەتی دەکەنەبەر • ڕەنگە پیاو لە زەماوەندا هەندێ کەسی بکەوێتە بەرچاو کە جلی نەتەوایەتی لەبەردەکەن •••• دەبینی هەندێ‌جار ، ئەگەر یەکێ بی‌یەوێ جل‌وبەرگی داغستانی بکاتەبەر ، ناچارە یا لە برادەرێکی بخوازێتەوە یا بەکرێی بگرێ ، چونکە خۆی نی‌یەتی • بەکورتی : جلی نەتەوایەتی ڕوو لە نەمانە ، بگرە هەر بزرە •

هەرچۆنێك بێ ، گرفتی هەرە گەورە ئەوەیە هەندێ شاعیر هەن ، جلی

نەتەوایەتی چۆن بزر بووە ، ئاوەها مۆری نەتەوایەتی لە شیعرەکانیاندا بزرەو شانازی‌یشی پێوە دەکەن •

منیش جلی ئەورووپایی لەبەردەکەم • چاکەتە چەرکەسی‌یەکەی باوکم لەبەرناکەم • لەگەڵ ئەمەشدا بەتەما نیم شیعرەکانم بە جوبەی بێ‌سیماو پێزەوەر برازێنمەوە • دەمەوێ شیعرەکانم بەرگی‌نەتەوایەتیی داغستانیان لەبەردابێ،ئەمن کێم ؟ تەمەنم هەمووی چەند گرێ‌یەکە(*) لەو ماوەی تەمەنمدا خەڵکی چاکەت‌و پانتۆڵ‌و قۆندرەیان کردۆتەبەر • شیعریش ژیانی تایبەتیی خۆی هەیە • ڕۆژی بوون‌و مردنی هەیە • من هیچ قسەیەك دەرهەق شیعری خۆم ناکەم ، چونکە لەوانەیە بەقەد من نەژی •

لە مۆسکۆ ، پیرە داربەڕوویەکم بینی گوتیان ئەوە (ئیڤان)ی (گرۆزنی) ناشتوویەتی • ئەو درەختە زۆر کەسی دیوە بەرگی (بۆیاری)یان لەبەردا بووە ، ئینجا قەمسەڵەو پارۆکە ، پاشان شەپقەو چاکەتی شۆڕ ، خوودەی سەربازی (بودیۆنی)و چاکەتی قایش‌و پاشتریش چاکەت‌و کراسی ئاسایی‌و پاش ئەویش پانتۆڵی دەرەلینگ فش‌و پانتۆڵی تەسك • کەچی دار بەڕووەکە هەروەکو خۆی مایەوە • وەك ئەوەی بە خەڵکەکە بڵێ :

هۆ خەڵکینە ! ئەگەر هیچ ئیش‌و کارتان نەبێ ، دەشێ هەر ڕابکەن‌و مۆدەی جل‌وبەرگتان بگۆڕن •

من بەش‌بەحاڵی خۆم پیشەی خۆمم هەیە ـ تیشکی خۆر وەردەگرم‌و دەیکەمە داری ڕەق‌و پتەو ، دەیکەمە بەڕوو ، بەڕووەکەش درەختی پتەوی لێ دەڕوێ •

لە شاخاندا دەڵێن : پیاو بە جل‌و بەرگیەوە پیاوە ، بەڵام پیاوی ئازا بە ئەسپەکەیەوە ئازایە •• ئەم پەندە زۆر باش زرنگاوەتەوە ، بەڵام بە بڕوای من

(*) گرێ : ١٠ ساڵ •

ڕاست نی‌یه • پێویست ناکا پاڵەوان کەوڵە پڵینگ بکاتەبەرو ، بۆی هەیە زرێی پۆلایین دڵێکی پڕ ترسی لەژێرەوە بێ •

چونکە : زۆر جار وابووە شووتیم بـه ڕەنگی جوانی هەڵبـــــژاردووەو پاشان سپی‌و بێ‌تام دەرچووەو هەر هێندەم پێ‌ماوە پشت‌ملم بخورێنم •

چونکە : جارێکیان ، کابرایەکی خەڵکی (ئوتسوکولی) حەزی لە کچێك دەکرد ، چوو هەڵی‌بگرێ ، لەنـــاو قاپۆوتێکی پێچاو فڕاندی • پاشان کـه قاپووتەکەی کردەوە ، بینی دایرە کەلۆسەکەی کچەی هێناوە •

چونکە : جارێکیان ، ئەبووتالیب بۆی گێڕامەوە لە گوندێکی دوور لـه دووی گەڕابووەوە بچێتە زەماوەندو لەوێ زوڕنای زەنی‌بوو • زەماوەندەکـه یەك پارچە زرم‌وهۆڕو هەراو زەنا بوو • لە گۆڕەپانی بەر دێدا سێ ڕۆژ زوڕنا فیقەی هات ، دەهۆڵ ڕمبەی لێ هەستا ، کـــەمان زریکانـدی ، ئۆکۆردیۆن شادیی بەخش‌کرد ، گۆرانی دونیای پڕکرد • هەروەکو لـه داغستان دەڵێن «دەم‌دەم»و «چەم‌چەم»ێکی بێ‌پسانەوە بوو ــ گوێگرو نانخۆر یەقی دابووەوە • گوند هەمووی بەسەر ئەو زەماوەنـــدەدا ڕژابوو • هـەموو لە هەموو ــ پیرو تولاز ــ هەرکەسە بایی خۆی هەڵپەڕی •

ڕۆژی سێیەم ئاهەنگ‌گێڕەکە بە دەنگێکی بلند بە خەڵکی ڕاگەیاند کە بووك‌و زاوا دێنـه گەڕی دیلانێ • باشـــه ، سێ ڕۆژ بوو خەڵك هـەموو زاوایان دیبوو • بەڵام کەس بووکی نەدیبوو • بووکیان لە جێگایەك دانابوو ، نیقاب‌و پۆشی‌یان پێـــدا دابوو ، دەم‌وچاوی دیار نـــەبوو • سێ ڕۆژ بەرگی ڕازاوەی بووکێنیی بووکـه سەرنجی ئەبووتالیبی ڕاکێشابوو • لە بریق‌و باق‌و تریسکانەوەو درەوشانەوەدا شانی لە شانی سەربەرگی ئەتنۆلۆژیی قەوقاسـی دەدا • کە بووك دەستی بە شایی کرد ، ئەبووتالیب زراوی لە کەلەشی گەورەی چوو • کەلەشی وەکو (ماناس)ی پاڵەوانی ئەفسانەییی ناو داستانێکی کێرگێزی

وابوو کە دەزگای بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی دەوڵەت بڵاوی کردۆتـــەوە ...
بووك خۆی ئامادەکرد بۆشێی لە ڕوو لابـدا • خەڵك هەموو تامەزرۆ بوون ،
دەمیان بەش کردبوەوە ، ئەبووتالیب ڕاوەستابوو هەناسـەی ڕاگرتبوو ، لەناکاو
بۆشی لاکەوت ـ ئەو نموونەی کـە سێ ڕۆژ بوو هەمووڵا چاویان لە ڕێ بوو
ئەوەبوو :

چاوێکی دەیڕوانییە (خونزاخ)و چاوەکەی‌تری سەیری (بۆتلیـخ)ی
دەکرد • لەنێو هەر دوو چاوەکانیشەوە کە بە تووڕەیی لەدوورەوە بە لاتـی
تێك ڕادەمان ، لووتێکی درێژی قەڵانگی لە ڕوخساری چەقی‌بوو •

ئەبووتالیب دڵی گوشرا • هەستی‌کرد چیتـــر ناتوانێ زوڕنا بژەنـــێ‌و
چیتریشی پێ ناخورێ • زەماوەندەکەی بەجێ‌هێشت •

ئەمن وا تێ‌دەگەم ئەبووتالیب لەم بەسەرهاتەدا زێدەڕەویی نواندووە •

لەگەڵ ئەمەشدا : نەخشـــەی نایاب‌و ڕازاوە کتێبی کڵۆڵی بێ ڕزگار
ناکرێ ، چونکە لێرەش دەبێ پەردەکـــە لابدرێ‌و نرخی ڕاستەقینـەی خۆی
پێ بدرێ •

چونکە : لە سەردەمی ڕابردوودا ، لەم شاخانـە ، باری ژیانی ئافرەتی
کابان‌و ڕای پیاوان دەرهەق ئەو کابانانە گەیشتبووە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ‌و
بوو بە باسێکی سەرەکی • ئەو کاتـە مێرد نەبوو بوێرێ ساتێك مل‌بێچی لـە
ژنەکەی بکات • تێك‌گیران‌و دەمەقاڵی‌یەکی سووکی ماڵێ دەبوو بەهۆی ئـەوە
کە مێردەکە ڕابکێشنە لێژنەی ناوچەو بەتوندی «گەف»ی لێ‌بکەن • لەوەش
سەیرتر ئەوەبوو هەموو ئەندامانی لێژنـــەی ناوچـــە خۆشیان «گەف»یان
لێ‌کرابوو • لەو ساڵەدا ، یەك لەدوای یـــەك کۆنگرەی کابانان دەگیراو لـە
هەموو کۆنگرەکانی‌دی پتر قسەیان تێدا دەکرا •

لە عەینی ساڵدا ، ئافرەتێکی زلـــەی کەتـــە فێر ببوو دەچووە بازاڕی یەکشەموان و قاچاخچێتیی دەکرد • پۆلیس شەرمی لێ دەکرد ، دەترسا نەوەک بە ناوی دەستخستنە ناو سەربەخۆیی و کاروباری ئافرەتانی جیاوە سزا بدرێ • لەگەڵ ئەمەشدا بۆ سێیەمین (یەکشـــەم) بەترســـەوە خۆی لێدانووساندو لـــە پێنجەمین (یەکشەم)دا بڕیاری دا بیگرێ و بیباتە پۆلیسخانە •

کاتێ کە پۆلیسەکـــە ژنەی بـــە گیراوی بە شـــەقامدا دەبرد ، خەڵک پەنجەیان بۆ درێژدەکرد ، سەریان سووڕ مابوو ، چۆن غـــیرەتی کـــردووە ئافرەتێکی سەربەست و ئازادی ئەم شاخانە ڕاکێشێتە گرتووخانە •

لەناو بازاڕی پڕحەشامەت نەیتوانیبوو باش تەماشای ژنەکە بکات و لێی ورد بێتەوە ، بەڵام ئێستا ، کە بەوردی سەرنجی لێدا ، شتی زۆر سەیرو سەمەرەی کەوتە بەرچاو وەکو ئەو جزمە گەورەی لە خوار تەنوورەکەیەوە داکشابووە خوارێ • پۆلیسەکە بیری کردەوە : (ئەم ماستە بێموو نییە)(*) ئیدی ئەوەبوو پۆشیی لە ڕووی ژنە دابچڕی ••• ڕووی ترش و تاڵی زەلامێکی مڕومۆچـــی لێ بەدەرکەوت ، دوو چاوی شۆڕو سمێڵێکی بادراوی وەک ڕەشە ئەمامـــی قەد شاخی پێوەبوو •

هەندێ هونەرمەندی بێبەهرەو بێئارام و بێشەرم و شوورەییش هـــەن بۆئەوەی کاڵایان بە هەرمێن بێ پەنا دەبەنە بەر هەندێ نەخشەو نیقابیوا کـــە بە ڕەنگی بریقەدار بیری تەسکیان داپۆشێ • سەرباری ئەمەش ، کە سک بەتاڵ بوو چفایدەیە پیاو تیلاکی خوار بکا •

سەرباری ئەمەش : خەنجەری دار هەچەندە جوانیش بێ ، ناتوانـــــی

فڕووجێکی پێ ســـەر ببڕیت • ئـــەو جۆرە خەنجـــەرە تەنهـــا داوە بارانی پێ دەبڕدرێ •

---

(*) لە ئەسڵەکەدا دەڵێ : « ئـــەم جۆگایـــە لە کانییـــەکی ئاساییـــەوە هەڵناسێت » •

سەرباری ئەمەش : ژنهێنانی بووکەشووشە وەچەی لێ ناکەوێتەوە •

سەرباری ئەمەش : کە منداڵێک سوننەت دەکەن ، شاپەڕی قازی پیشاندەدەن بۆئەوەی تەفرەی بدەن • تۆ ناتوانی بە شاپەڕی قاز منداڵ سوننەت بکەی ، سوننەت کردن گوێزانێکی تیژی دەوێ •

هەرچۆنێک بێ ، نە خوێنەر منداڵن تەفرە بخۆن‌و ژێر بنەوە ، نە منیش ئەو هونەرمەندەم خەنجەری مقەبای خستبێتە کالانەوە ، با کالانەکەش ڕەسەن‌و نەخشین بێ •

بێ گومان : کالانیش شتێکی پێویستە ، چونکە خەنجەر بە بێ کالان ژەنگ هەڵدێنێ • جوانیشە ئەگەر کالانەکە ڕازاوە بێ •

بێ گومان : زمانی گێڕ دەرهەق بیری هەرە ناسک وەکو گورگ‌و مەڕ وایە •

بێ گومان : توندترین عارەبانەش لە ڕێگەی سەختدا وەردەگەڕێ‌و لەوانەیە لە لێواری گەلیەکی هەزار بەهەزاریش هەڵبدێرێ •

بێ گومان : تەنگەو پاڵووی کەر لە ئەسپ ناوەشێتەوە ، زینی ئەسپیش قەت بۆ کەر ناشێ •

لێرەدا ناچارم چیرۆکی ئەو کابرا بەلخاری‌یەتان بۆ بگێڕمەوە کە وڵاغێکی نارەسەنی هەبوو •

**چیرۆکی کابرای بەلخاری‌و یەختەکەی :**

جارێکیان کابرایەکی بەلخاری یەختە بەستەزمانەکەی بارکرد ، جەڕەو جەلعەو شەربەو گۆزەی لێ‌ناو چوو لەو گوندە شاخاوی‌یانە ساغیان بکاتەوە •

ئەو ڕۆژە لە گوندێکی ئاڤاریدا سوارسوارانێ بوو • گەلێ شۆڕە سوارو ئەسپی ڕەسەن کەوتبوونە گۆڕێ • ئەم شۆڕە سوارو ئەسپە حدوودانە هەموو

ناویان بەم‌ناوەدا بڵاوبووەوە • شۆڕە سوارەکان پیاوی کۆڵەو لێ‌هاتوو بوون • ئەسپەکان ئەسپی چوست‌و چاپوك بوون • شۆڕە سوارەکـان گـڕی دلێری‌و سەربەرزی‌یان لە ڕوو دەپڕژا ، ئەسپەکـان بڵێسـەی بێ‌ئارامی‌یان لەچـاو هەڵدەستا •

شۆڕە سوارەکان خەریکی ڕیزبەستن‌و تەیاربوون‌و خۆ ئامادەکردن بوون کە کابرای کڵۆڵی بەلخاری لەناکاو هاژاویە نێو جەرگـەی مەیدان ••• بە خۆی‌و بە ئەسپەکەیـەوە هـەردووکیان بێ‌تووك‌و خـەواڵوو بوون • شۆڕە سوارەکان گاڵتەو قەشمەری‌یان خستە سەر کابراو هاواریان کرد •

« وەرە بەگەڵمان کەوە ! »

« یەختەکەت بۆ سوارسوارانێ ناونووس کە ! » •

« لەگەڵمان ڕاکە ، بلا ئەسپەکەت هێزی خۆی بنوێنێ » •

« غاردە لەگەڵمان نەوەك کەس نەبێ نالی ئەسپەکانمان هەڵگرێتەوە » •

لە وەڵامی ئەم هەموو تیزو تیتاڵەدا ، کابرا بە کپ‌و بێ‌دەنگی باری لەسەر پشتی یەختەکەی داگرتـە خوارێ • بەکاوەخۆ کـەل‌وپەلەکـانی لەولاوە لەسەریەك داناو بە شێنەیی سواری ئەسپەکەی بوو و چوو جێگەی خۆی لـە ڕیزی شۆڕە سوارەکان گرت •

ئەسپی شـۆڕە سوارەکان کەوتـە کوڕژن‌و سمکۆڵ‌و سـەرکێشی ، هەستانەوە سەر پاشوو • بەڵام ئەسپی کابرای بەلخاری سەری دانەواندو کزو خەواڵوو ڕاوەستا •

ڕمبازی دەستی پێ‌کرد • ئەسپە چوست‌و چاپوك‌و تەیارو ئامادەکـــان وەك ڕەشەبا ورشەیان هات‌و تێ‌یان‌تەقاند • تۆز بەری ئاسمانی گرت • ئەسپی کابرای بەلخاری لە کلکەی دواوە دیار بوو ڕای‌دەکرد • دەورەی یـەکەم‌و دووەم‌و سێ‌یەم تەواو بوو • ئەسپەکان شل‌و شەکەت بوون • لاڵغاوەیان کەفی

کردو سەراپای لەشیان کەف‌و نارەقەی دەرداو تۆپەڵ تۆپەڵ ڕژایە سەر زەوی • وردە وردە لاق‌و لەتەریان سست‌بوو ، لە کورتی‌یان دا ، هەرچەندە سوارەکان قامچی‌یان وەشاندو ئەسپەکانیان دەنگ‌دا ، نەخێر ئەسپ هێزیان نەبوو زیاتر بەزن ••• کەچی یەختەی کابرای بەلخاری لە سەرەتاوە چۆن ڕای‌دەکرد ، هەر لەسەر ڕاکردنی خۆی بەردەوام بوو ـ نە خێراتر دەبەزی ، نە هێواشتر • یەکەمجار لەگـــەڵ ئەسپەکانی دواوە غاری‌دەدا ، ئینجا بەگـــەل ئەوانـــەی ناوەڕاست کەوت‌و پاشان خۆی گەیانـدە ڕیزی پێشەوەو لەئەنجامـدا ، لـــە دەورەی دەیەمین ، کە دوا دەورە بوو بەپێش هەموویان کەوت • ئیتر ناچاربوون شریتی سەرکەوتنی بکەنە مل •

خاوەنەکەی بە شێنەیی گەڕایەوە لای گۆزەکانی‌و باری کردنەوەو ملی ڕێگای خۆی گرتەبەر •

شتی‌وا لەئەدەبدا پتر ڕوودەدا تا لە سوارسوارانێ •

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : ئەو شیعرانەی بەئاسانی نووسراون ، هەندێجار

---

خوێندنەوەیان گرانە • ئەو شیعرانەی بەزەحمەت نووسراون ، هەندێجـــار خوێندنەوەیان ئاسانە •

ڕوخسار (فۆرم)و ناوەڕۆك وەکو بەرگ‌و بنیادەم وان • یەکێك کـــە خۆی پیاوێکی باش‌و زیرەك‌و ڕەوشت‌بەرز بێ ، بۆچی جل‌و بەرگیشی وەکو خۆی نەبێ ؟ پیاو کـــە ڕوخساری قۆز بوو ، بۆچی بیرەکانیشی لـــە خۆی نەوەشێنەوە •

زۆرجار وا ڕێك‌دەکەوێ ، ئافرەتێك زۆر جوانە ، پیاو هەر حەزدەکـا تەماشای بکا ، بەڵام زیرەك نی‌یە • خۆ ئەگەر زۆر زیرەك بێ ئەو حەڵـــە هێندە جوان نی‌یە • بەرهەمی هونەریش هەمان شتە • لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ ئافرەتی بەختەوەر هـــەن ، جوانی‌و زیرەکی‌یان لە یـەك ڕادەدایـە • کتێبی شاعیری بەهرەدارو ڕاستەقینەش ئاوەهایە •

جارێکیان کابرایـــەکی گوندی (مالی) گوتی : « کـــە یەکێك بەرەو گوندەکەمان بێت ، هەر کە لە کەلەوە دەرکەوت یەکسەر دەزانم ئەخۆ پیاوی چاکە یان خراپ » .

کابرایـەکی (کوباچی) گوتی : « زێڕ یا زیو لەخۆیـــەوە هیچ نرخی نی‌یە . گرنگ وەستایە ، پێویستە وەستا کارامەو مەعلان بێ » .

**جوانترین گۆزە کە خەڵکی دەیخەنە بازاڕەوە**
**لە قوڕی ئاسایی دروست‌دەکرێ**
**هەروەها جوانترین شیعر**
**لە وشەی ئاسایی دەهۆنرێتەوە**

ـ نووسراوی سەر گۆزەیەك ـ

من پازدەهەزار ڕۆژ زیاتر لەم دونیایەی خۆماندا ژیاوم . بە زۆر ڕێگادا ڕۆیشتووم‌و سەفـەرم کردووە . هەزاران‌کەسم دیوە . بەقەد جۆگـــەلەی نەژمراوی کاتی باران‌و بەفر توانەوەی شاخان یادو سەرنجم بۆ پەیدا بووە . بەلام چۆن بیانگەیەنمە یـەکتر ، کتیبێکیان لێ دروست بکەم ؟ نووسینی ئـەو جۆرە کتێبە گەلێك لە هەلکـەندنی جۆگەلەیـــەکی قووڵ‌و بەرینی ناو دۆڵ دەچێ . بەلام ئەمەیان نیوەی کارەکـــەیە . سەرەڕای ئەمەش دەبێ هـەموو جۆگەکانی شاخ لە یەك بکەنەوەو بڕژێنە ناو ئەم جۆگەیە .

جا ئـــەم کارە چۆن ڕاپەڕێنم ؟ بێجگە لـــە زانیاریی ژیان چ تەرحـە زانیاری‌یەکی‌ترم گەرەکە ؟ تیووریی ئەدەب ؟ بەلام پیاو نابێ ئەوەندە بیر لـــە جۆنیەتیی نووسینەوەی شیعر بکات‌و خۆی پێوە خەریك بکات ، بەلکو دەبـێ یەکسەر دەست‌بداتە قەلەم‌و دەست بە نووسین بکات .

دەمەوێ بلێم من خۆم هیچ قوتابخانەو ڕێبازێکی پەسندی ئەدەبیم نی‌یە . من نووسەرو هونەرمەندو مامۆستا هەن پەسندیان دەکەم‌و هیچی‌تر .

لە دفتەری بیرەوەریمدا : لە تاقی کردنەوەیەکی ئامۆژگەی ئەدەب ، لە ئافارێکیان پرسی ، جیاوازیی نێوان ڕیالیزمو ڕۆمانتیزم چی‌یە ؟ ڕەنگە کابرا هیچ کتێبێکی لەم‌بابەتە نەخوێندبێتەوە ، بەلام وەلامێکی لێ ڕەچاو دەکرا • پاش نەختێ بیرکردنەوە بەم شێوەی خوارەوە وەلامی مامۆستاکەی دایەوە :

« ئەگەر بە هەلۆ بلێین هەلۆ ، ئەمە ڕیالیزمە ، خۆ ئەگەر بە کەلەشێر بلێین هەلۆ ، ئەمە ڕۆمانتیزمە »

مامۆستاکە پێکەنی‌و ڕای‌بارد •

من بەش‌بەحالی خۆم هەمیشە هەولمداوە بە ئەسپ بلێم ئەسپ ، بە کەر بلێم کەر ، بە کەلەشێر بلێم کەلەشێرو بە پیاو بلێم پیاو » •

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : ڕابەندەرانات تاگووری سەربلند برایەکی هەبوو ، ئەویش نووسەر بوو و لە ئەدەبی هیندیدا سەر بە قوتابخانەی «بەنگال» بوو • تاگوور خۆی لە خۆیدا قوتابخانە بوو ، خۆیشی ڕێبازێکی تەواوی ئەدەبی بوو • جیاوازیی ئەم دوو برایەش لەوەدایە •

گیانی ڕابەندەرانات بالندەیەکی تایبەتیی خۆی تێدابوو بە هیچ بالندەی‌تر نەدەچوو • پێشتر هیچ بالندەی‌وا نەبووە • ڕەوانەی ناو دونیای هونەری کردو هەمووکەس دەیزانی ئەم بالندەیە هیی ڕابەندەرانات تاگوورە •

ئەگەر هونەرمەندێك بالندەی خۆی بەرەلا بکات‌و بالندەکە لەگەل ڕەوە بالندەیەکی‌تری کت‌ومت وەکو خۆی تێکەل ببێ دیارە هونەرمەند نی‌یە • مانای وایە ئەو بالندەی بەری هەلداوە هیی خۆی نی‌یە ، نامۆیە • بەلام ئەو چۆلەکەی کەس نەتوانێ لەناو ڕەوە چۆلەکەی‌تر بیناسێتەوە کە هەموو پێك‌دەچن ، هەر چۆلەکەیەو هیچی‌تر نی‌یە •

پیاو دەبێ خاوەنی ئاگردانی خۆی بێ‌و بتوانێ ئاگری تێدا بکاتەوە • یەکێك سواری ئەسپی خەلك بووبێ ، چزوو چدرەنگ هەر دەبێ لە

ئەسپەکە دابەزێو بیداتەوە خاوەنی خۆی • قەت بیری خەڵکی تــر زیــن مەکە • هەردەم خاوەنی بیری خۆت بە •

ئانە لە خۆم دەدەم ، ئەدەب لەگەڵ پەندوورو نووسەر لەگەڵ ژێیەکانی سەر پەندوور بەراورد دەکەم • هەر ژێیەك دەنگی خۆی هەیــە ، ئاوازی خۆی هەیە ، بەڵام ئەگەر پێکەوە وەریان‌بگرین هەموو یەك‌دەگرن‌و تەبایی‌یەك پێك‌دێنن •

پەندووری ئاڤاری تەنیا دوو ژێی هەیە • گوایا باوکم ژێی سێیەمی بۆ پەندووری ئەدەبی ئاڤاری زیادکردووە • من دەمەوێ ببم بە خاوەنی دەنگــی تایبەتیی خۆم کە لە هــەموو دەنگێکی‌تر جودا بێ • من دەمــەوێ ببم بــە ژێیەکی‌تری کۆنە ئامێرەکەی ئاڤاریمان •

حەزناکەم وەکو ئەو ڕاوکەرانە بکەم کە دەچن کەلەشە بزنەکێــوی لــە بازاڕ دەکڕن‌و کە گەڕانەوە ماڵێ دەڵێن نێچیری خۆمانەو خۆمــــان کوشتوومانە •

یاخود لەوانەیە وا ڕێك‌بکەوێ :

دەنگ بڵاوبێتەوە کە ڕاوکەرێك بزنەکێوی‌یەکی لە دۆڵێکدا کوشتووە ، هەموو ڕاوکەرەکان شاڵاو بۆ ئەو دۆڵە دەبەن کەچی لەو کاتەدا ڕاوکــەری یەکەم دەچێ لە جێگایەکی‌تر ورچێکی زل دەپێکی‌و تا ڕاوکەرەکان دادەوەرنە ئەم شوێنە ، ڕاوکەری سەروەستا دەچێتە کەلێیــەکی‌ترو پڵینگێکی گــەورەی بەفر ڕەنگ ڕاودەکات •

باشە ، پرسیارێك : کامەیان ڕاوکەری ڕاستەقینەیە ؟ ئەوەی خــۆی شوێنی نێچیرەکەی هەڵدەگرێ ؟ یا ئەوەی شوێن پێی ڕاوکەرەکە دەکــەوێ ؟ پیاوی ئاوها لە دزینی نێچیری تەڵەی خەڵك ناپەنگێتەوە • ئەمانە هەنــدێ نووسەرم دێننەوە یاد ـ پیاو نابێ وەکو ئەو ناسیارەی من بکا کە دوای ئەوەی کۆڕنی ئیڤلۆڤیچ چۆکۆفسکیی ناسی ، وای پیشان دەدا ئەبووتالیب هەر ناناسێ •

گۆم که گەیشتە دەریاو سەرنجی لە ئاسۆی بێپایانی شینایی بەردەمی دا که خۆی لەگەڵ لێکداوە ، نابێ هەرگیزاو هەرگیز ئەو سەرچاوەیە فەرامۆش بکا کە لەبەرزایی شاخەکانەوە ئاوی بەدەمەوە کردووەو نابێ ئەو جۆگە تەنگ‌و سەخت‌و ڕەقانەش لەبیربکا کە لە داکشاندا پێیاندا ڕۆیشتووە .

ڕاستی ، من وەکو ئەو جۆگەلە شاخاوی‌یە وام . ئەو کانی‌یەم خۆش‌دەوێ کە لێی هەڵقوڵاوم . ئەو بەستە ڕەقانەم خۆش‌دەوێ کە پێیاندا ڕۆیشتووم ، ئەو گەلی‌یە تەنگ‌و تاریکانەم خۆش‌دەوێ کە ئاوی منیان پێدا دەڕوا . ئەو کەڤرانەم خۆش‌دەوێ کە ئاوەکەیان بەسەردا دەڕژێ‌و تافگەی زیوین پێك‌دێنێ . ئەو نەورایی‌یە مەندو کپەم خۆش دەوێ ئاوەکەی تێدا دەگیرسێتەوەو چیای دەوروبەرو ئاسمانی سەرەوەی بە هەموو ئەستێرەوە تێدا دەدرەوشێتەوە ، دیسانەکە ئاوەکە دەڕواو جارجار بە نەرمی‌و تاوتاو بە خوڕەم‌و خێرایی دەخشێتە خوار .

هەرچۆنێك بێ ، من نالێم تەنیا گەنیم بەسە ، مادام لە ڕۆیشتن‌دام ، دیارە ئامانجێکم لەپێشە . نەك تەنیا وا هەست دەکەم کە دەریایەکی گەورە چاوی لەڕێمە ، بەڵکو بە چاوی خۆم دەیبینم .

لەمەودوا تەنیا نیم . پارچەیەکی سەراپای داغستانم کە ئاسۆیەکی فراوانی لە بەردەمدا بۆتەوە . لەو هەموو ماوەیەدا هەر تەنیا سنووری گۆڕستانەکانمان فراوان نەبووە ، بگرە تخووبی بیروباوەڕیشمان لەبارەی ژیان‌و جیهانەوە بەرین بووە .

من شاعیرێکی ئاڤارم . لەگەڵ ئەمەشدا نەك تەنیا هەر هەستی لێپرسینەوەی ئاڤارستان‌و سەراپای داغستان‌و هەموو وڵاتەکەمانم لە دڵدایە ، بەڵکو هی هەموو دونیام لە دڵدایە . ئەمە سەدەی بیستەمە . پیاو وانەبێ ناژی .

بۆیان گێڕامەوە : دوای لەدایك بوونم بــە ماوەیەکی کەم باوکـم ناچار دەبێ بار بکاتو بچێتە گوندی ( ئەرادەریخ ) چونکە ئیشی کەوتبـووە ئەوێ • دوو خورجینەیان لە ئەسپی باوکم هەڵدابوو • یەکێکیان هەمـوو ماڵەکەمانی تێدابوو ـ پەڕۆو پاتاڵو ئاردو ڕۆنو هەندێ کتێب ، ئەوەی‌تریش سەری منی لێ هاتبوە دەرێ •

پاش ئەو سەفەرە دایکم تووشی نەخۆشی‌یەکی گران هاتو نەیتوانـی شیری مەمکەکانیم بداتێ : هەرچۆنێك بێ ، ژنە هەژارێکی گوندەکە ، کـە لەمێژ نەبوو کۆرپەی لەبەر سك هەڵگیرابوو ڕازی بوو شیرم بداتێ • بەم‌جۆرە ژنە بوو بــە دایەنم • بوو بــە دایکـی دووەمینم • بەم‌چەشـنە دوو ژن لــەم سەرزەمینەدا هــەن کــە قــەرداریانــم • تەمــەنم هەرچەنــدە درێژ بێو هەر شتێکی بۆ ئەوان یا لەبەر خاتری ئەوان بیکەم ناتوانم قەرزیـان بدەمەوە • قەرزی دایك لەسەر کوڕەکەی قەتاوقەت تەواو نابێ •

ئەم دوو ئافرەتە هەردووکیان ، بوونەتە دایکی من : یەکیان دایکمە ، ئەوەیە منی هێناوەتە دونیاو یەکەم کەس بوو بێشکەی ڕاژەندمو تا کەوتمــە خەوەوە گۆرانیی بۆ گوتم • ئەوەی‌تریش هەر دایکمە ، ئەوەیە شیری مەمکی خۆی دەرخوارد دامو لە مردن ڕزگاری کردمو گەرمای ژیانی پێ بەخشیم • لە باریکەڕێی مردن بردمیە سەر ڕێگای پانو بەرینی ژیان •

گەلەکەم دوو دایکی هەیە ، وڵاتە خنجیلانەکەم دوو دایکی هەیــە ، هەریەکە لە کتێبەکانیشم دوو دایکیان هەیە •

دایکی یەکەمم داغستانی خۆمە : لەوێ لەدایك بوومو گوێم لە زمانـی زگماکی دایکم ڕاهاتو فێربووم قسەی پێ بکەم ، بۆیە بۆتە یەك پارچــەی بوونم • لەوێ بوو ، کە یەمجار گۆرانیی گەلەکەمم کەوتە بەرگوێو یەکـەم سترانی خۆم چڕی • هەر لەوێیش بوو یەکەم قومە ئاوم نۆشیو یەکەم‌جـار

تامی نانم چەشت • بە منداڵی کە بەسەر تیشەبەردی تژدا هەڵدەگەڕام ، هەرچەندە کە بریندار دەبووم و ئازارم دەخوارد ، ئاوو گیای خاکی خۆم برینی سارێژ دەکردم • خەڵکی شاخان دەڵێن : دەرد نییە بە دەرمانی گیای شاخەکانمان نەبەڕێ •

دایکی دووەمم ڕووسیای مەزنە ، دایکی دووەمم مۆسکۆیە • ئەوبوو پەروەردەی کردم • باڵی بێ بەخشیم ، خستمیە سەر ڕێگای بەرینی ژیان و ئاسۆی هەراوو بێ‌بایانی هەموو دونیای پیشان‌دام •

من فەرزێکی دایک و فەرزەندانەی ئەو دوو دایکەم لەسەرە • دوو وێنەی سەر مافوور بە دیواری خانووەکەمدا هەڵواسراون : یەکێك وێنەی مەحموودە ، ئەوەی‌تر وێنەی پوشکینە • زۆر گوڵی ئاگرینی باوانی شاخەکانی نزیك گوندان لەناو لاپەڕەکانی کتێبی شیعری (بلۆك)دان و فێنکایەتیی شەوە سپی‌یەکانی (پترۆگراد)م بۆ دێنن •

ئەو دوو دایکەی من وەکو دوو باڵ ، دوو دەست ، دوو چاو ، یا دوو گۆرانی وان • دەستی ئەو دوو دایکە برۆیان ساوداوم ، بەڵام هەرکاتێ هەقەمست بووبم ، گوێیان ڕاکێشاوم • هەریەکە ژێیەکی لە پەندوورەکەم بەستووە کە دوو ژێی هەیە •

لەسەر زەوی ، لەسەر گوندەکەم بەرزیان کردمەوە ، لەسەر شانی ئەوانەوە گەلێ شتم بینی ، ئەگەر ئاوا بەرزیان نەکردامایەوە چاوم پێ نەدەکەوتن • چۆن هەڵۆ نازانێ لەکاتی فڕیندا کامە باڵی پێویستترو بەنرخترە ، منیش ئاوا ناتوانم بڵێم کامە دایکم بەلاوە ئازیزترە •

لە ڕۆژگاری کۆندا ، خەڵکی چیاکان تەنیا گیاو ئاویان بۆ تیماری دەردو چارەی نەخۆشەکانیان بەکاردەهێنا • باوەڕیان بە تەبیبەکان هەبوو • ڕاستت دەوێ تەبیبی‌وا هەبوون ئێستاش هەر باسیان دەکرێ • ئەوانە بۆ

چارەکردنی سەرێشەیەکی سووکو ئاسایی داوای سەربڕینی بەرانێکی ڕەشیان دەکرد • هەموو ئاڤارێك دەزانێ گۆشتی بەرانی ڕەش لە گۆشتی بەرانی سپیو تاڵە خۆشترو تەڕوبڕترو بەتامترە • تەبیبەکە پێستەی تەڕی لە سەری نەخۆشەکە دەگرتو وازی لێ دەهێنا ، کە دەڕۆیشت کەلەشەکەی بۆ خۆی دەبرد ، ئێمە ، لێرەدا باسی ئەو چەشنە تەبیبانە ناکەین ، بەلکو باسی ئەوانە دەکەین کە دختۆری میللیی زۆر باش بوونو دەیانزانی ئێشیان چیەو دەرمانیان چیە ؟

جارێکیان ، باوکم کەوتە نەخۆشخانە ـ نەخۆشخانەی کرملین لە مۆسکۆ • لەوێ گیاو کانی‌یەکانی داغستانی خۆی هاتەوە یاد ، داوای لە کوڕەکانی کرد هەندێ ئاوی لەو کانی‌یە بۆ بێنن کە لە قەدشاخی (بوتسراخ)ەوە هەڵدەقولا •

قسەی باوك دەستوورە بۆ کوڕ • کوڕەکانی چوونەوە داغستان ، بە چیای (بوتسراخ)دا هەڵگەڕان ، کانی‌یەکەیان دۆزی‌یەوەو هەندێ ئاویان لێ هێنا بۆ شاعیرە ئاڤارە نەخۆش کەوتووەکەی خەستەخانەی کرملین •

باوکم ئاوەکەی خواردەوە ، وردە وردە چاکتر بوو و هێندەی پێنەچوو دەردی پێوە نەما ، بەڵام ئاگای لەوە نەبوو کە هەمان ڕۆژ هەندێ دەرزی‌یان لەو دەرزی‌یانە لێدابوو کە تازە لەدەرەوە هێندرابوون •

لەوانەیە باوکم تەنیا بە دەرمانی جیهانی‌یەکان چاك نەبووبێتەوە ، لەوانەیە ئاوی ئاڤار کە دەرمانی خۆمانە نەبووبێتە هۆی چاکبوونەوەی ، بەڵام بەگشتی وەری‌بگرین ، هەردوو دەرمانەکە چاکیان کردۆتەوە • لەبارەی ئەدەبیشەوە هەمان شتە • ئەدەب لە خاکی خۆی ، لەناو گەلی‌یەکانی خۆی ، لە زمانی زگماکی خۆیەوە هەڵدەقولێ • لەگەڵ ئەمەشدا ، هەستی نووسەری ڕەسەنو ڕاستەقینەی ئەمڕۆ گەلێ گەلێ لە سنووری نیشتمانی خۆی دوورتر دەڕوا •

ئەو هەستەی کە کار لە هەموو مرۆڤایەتی ، لە سەرانسەری جیهان دەکات دەبێ دڵی پڕکردبێ و لە مێشکیدا ڕەنگی دابێتەوە .

**کە ڕێبوارێك ملی ڕێ دەگرێ**
**چ توێشەیەک لەگەڵ خۆی دەبا ؟**
**ئەختێ شەراب ، هەندێ نان دەبـا ،**
**بەڵام ، تۆ ، مێوانی ئازیز ! خەمت نەبێ**

**تا بتوانین خزمەتت دەکەین**
**نان و شەرابەکەت بەجێ بێڵە**
**ژنە چیاییەك ئەستوورکت بۆ دەکا ،**
**مێردەکەیشی شەرابت بۆ تێدەکا**

**کە ڕێبوارێك ملی ڕێگا دەگرێ**
**چیتر لەگەڵ خۆی دەبا ؟**
**خەنجەری تیژ سووراو ، لەگەڵ خۆی دەبا ،**
**بەڵام ، تۆ مێوانی ئازیز ! خەمت نەبێ**

**شاخەکان بەخێرهاتنت دەکەن**
**ئەگەر یەکێ خراپەت لەگەڵ بکـا .**
**چیایی خەنجەریان هەڵدەکێشن ،**
**ئەرکی خانە خوێتی بەجێدێنن**

**کە ڕێبوارێك ملی ڕێگا دەگرێ**
**چیتر لەگەڵ خۆی دەبـا ؟**
**کۆنە گۆرانییەکی خۆش ، لەگەڵ خۆی دەبـا ؟**
**تا بە ڕێگاوە بیچڕێ .**

**ئێمەش ، ئەی مێوانی ئازیز ! گۆرانیمان گەلێ زۆرە ،**
**ڕەنگە گوێت لێ بووبن**
**کەوانە وەرە گۆرانیی خۆت بێنە**
**بارێکی هەندە گران نییە .**

ــــ بۆ بەراوردکردنی نووسەرو دخۆر ، دەبێ دخۆرەکە ئەو توانایـەی هەبێ تاقی کردنەوەی ساکاری ڕۆژانەو دوا بەرهەمی دەرەنانی پێکـــەوە بەکاربێنێ

پیاو ئەگەر بۆی بکرێ نووسەر لەگەڵ ئەوکەسە بەراورد بکا کە بەپێیان بڕواو بەناو گەلی بێگانەدا بسووڕێتەوە ، پێویستە ئەو کابرایە هەر گاوێ بە میوانەتی لایدا ناو گەلێکی‌تر ، گۆرانیی خۆیانی لەناو دڵو دەروونیدا بێ • بەڵام لە هەمان‌کاتیشدا دڵی جێگەی ئەو گۆرانی‌یانەی تێدا ببێتەوە کە بۆی دەڵێن •

کابرا ، لەلایەن گەلی خۆیەوە بەڕێ‌دەکرێو لەلایەن گەلێکی ترەوە پێشوازی دەکرێ ، هەردوو گەلیش گۆرانیی تایبەتیی خۆیان هەیە •

ئەوکاتەی کە یەکەم تیپی هوشیارکردنەوەی میلی چووە گوندی (کیلیب)، ئافرەتەکان دانیشتن‌و پشتیان لە قسەکەرەکان کرد چونکە نەدەبا موحازیر دەم‌وچاویان ببینێ ، بەڵام پاش قسەکەرەکان کە گۆیەندەیەك بەدەم گۆرانی گۆتنەوە هاتە پێشەوە ، ئافرەتەکان ڕێزی گۆرانی‌یەکەیان بەلاوە لە ڕێزی خۆداپۆشینەکەیان زیاتر بوو ، بۆیە ڕوویان کردە گۆیەندەکەو ماوەیان درا کە پۆشی‌یەکانیشیان هەڵبدەنەوە •

ڕۆژ نی‌یە ، دەقیقە نی‌یە ، من ئەو گۆرانی‌یەم لەناخەوە زیندوو نەبێتەوەو لە دڵمدا نەزرنگێتەوە کە دایکم لەسەر بێشکەدا بەگوێیدا هەڵداوم • ئەو گۆرانی‌یە بێشکەی هەموو گۆرانی‌یەکانمە ، ئەو بالیفەیە سەری شەکەت‌و وڕو ماندووومی لەسەر دەحەسێنمەوە ، ئەو ئەسپەیە بەرەو دونیایەکی سپی هەڵم دەگرێ ، ئەوکانی‌یەیە تینوێتیم دەشکێنێ ، ئەو ئاگردانەیە تین‌و گەرمی‌یەکی وام بێ دەبەخشێ تا ماوم پێویستم پێ‌یەتی •

لە هەمان‌کاتدا ، حەزناکەم وەکو (شوکوم) وابم • ئەگەرچی گەورەو تەمام بوو لە مەمك نەبڕابووەوە ، دایکی هەر شیری دەدایە • بەوجۆرە کەسە دەڵێن :

« بە کەلەش گایە ، بە مێشك گۆلکە » •

ئەمڕۆژگارەدا ئێمە لە پڕکردنەوەی ئەنکێتی جۆراو جۆر ڕاهاتووین • من لەو زەمانەدا گەلێ ئەنکێتم پڕکردۆتەوە • هیچ تاکێکیان پرسیارێکی لەبارەی خۆشەویستیی وڵات تێدا نەبووە ، بەڵام ئەوە ئەمە ناگەیەنێ کـە بەگشتی ئەم خۆشەویستی‌یە لە دونیادا نی‌یە •

لەگەڵ ئەمەشدا ، ئەوەندە کەمە کە بنووسی من هاونیشتمانێکی سۆڤێتیـم، دەبێ ڕەوشت وەکو ڕەوشتی هاونیشتمانێکی سۆڤێتی بێ • ئەوەندە کەمە کە بنووسی ئـەندامی پارتیی کۆمۆنیستی یەکێتیی سـۆڤێتم ، دەبێ بە ڕەوشـت ئەندام بــی •

لە وەڵامی پرسیاری (زمانت چی‌یە؟)دا ، ئەوەندە کەمە کە بنووســـی زمانم ئاڤاری‌یە ، دەبێ ئاڤاری بەڕاستی زمانی زگماکت بێو پێویسـتە پیاوانـەو مەردانە ئاگادار بی زمانەکەت نەگۆڕێ •

وەرنە لام ، مێوانە جۆربەجۆرەکان ، گرنگ نی‌یـە لەکوێوە هاتوونو چ گۆرانی‌یەکتــان پێ‌یە ؟ من پێشوازیی هەمووتان دەکەم • وەك برا ، وەك خوشك وەرنە لام • جێگەی هەمووتان لەناو دڵمدا دەبێتەوە •

کاتی خۆی ، ئەگەر چیایی‌یەك بهاتایەوە (خونـــزاخ)و ژنێکی لـــە نەتەوەیەکی‌تر هێنابایـــەو لەپشـت خۆی سواری ئەسپی کردبا ، هـــەموو بە ڕووگرژی تەماشایان دەکردو پیرەمێردەکانی دێ ئەو کارەیان لێ پەســـند نەدەکرد • کەچی ئەمڕۆ ، گەورەو بچووك ، هەموو لەم ڕەوشتە ڕاهاتـــوون • ئێسـتا وەکو جاری جاران نی‌یـە • ئاڤـار ژن لە هەر نەتەوەیـــەکی‌تر بێنێ شووره‌یی نی‌یە ، چیایی تەنیا یەك جۆرە ژن‌هێنانیان پێ ناشیرینەو ڕەتی‌دەکەنەوە ئەویش ژن‌هێنانی بێ حەزلێ‌کردنە •

بێ‌گومان ، ڕاسـتە ، تا گوڵی ڕەنگاوڕەنگو جۆراوجۆر پتر لێك‌بدەی چەپك قەشـــەنگتر دەردەچێ • تا ئەسـتێرەی ئاسمان زۆرتر بن ئاســـمان

ڕووناکتر دەبێ • گۆلکە زێڕینە بۆیە جوانە چونکە هەموو ڕەنگەکانی سەر ڕووی زەویی تێدا کۆبوەتەوە •

جارێکیان ، لە ئەفریقیا گوڵێکی سەیرو نائاسایم دی • هەر پەلکێکی بۆنێکی لێ دەهاتو ناوێکی تایبەتیی هەبوو • بە یەك وشە : دەسکە گوڵێکم دی لەسەر یەك بنج ڕوابوو ، ئەو گوڵە گوڵێکی تاقانەو بێوێنە بوو •

من دەمەوێ کتێبی ئاقارێم وەکو ئەم گوڵە ئەفسانەییە ئەفریقاییە وابێ ، بۆئەوەی هەرکەسە شتێکی خۆی تێدا بدۆزێتەوە •

جا هەر شتێکی لە نووسینی کتێبەکەم پێم بوێ لە بەردەمی خۆمی دادەنێم ، دەق وەکو وەستا کارامەکانی (کۆباچی) ، بۆئەوەی هەرشتێکی دەستی بۆ بەم ئامادە بێ •

وەستای (کۆباچی) زێڕو زیو ، چەقۆی ئەڵماس ، چەکوش ، مەکتەب (کونکەر)و مۆری تایبەتیی خۆی هەیە • منیش زمانی زگماکم ، ڕاستی ژیان ، دیاردەی پێگەیشتنی خەڵك ، ئاوازی گۆرانییەکانمان ، هەستی مێژوویی ، هەستی دادپەروەری ، ڕابردووو دوارۆژی نەتەکەوەم هەیە • گەلێ بۆتەی زێڕم بەدەستەوەیە بەڵام ئاخۆ دەستم کارامەیی پێویستی تێدایە ؟ ئاخۆ بەهرەو کارامەییم بەش دەکەن ؟ ئەرێ چ بکەم بۆئەوەی گۆرانییەکانم وەکو چۆلەکەی زیندوو بخەمە سەر لەپی دەستم ، تاکو خۆشەویستی چۆن دڵ کەیل دەکات ، گۆرانییەکانی منیش ئاوا بە بێبانگ کردنو وریاکردنەوە دڵتان سەرشار بکەن ؟

دووبارە سەرنج لەو شتانە دەدەم کە لەسەر مێزەکەم داناون •

دەڵێن : یاخوا سواری بێئەسپ ژنی لێ بتۆرێ •

---

هەروەها دەڵێن : یاخوا ئەو سوارەی ئەسپی بێقامچیو زینە ، ژنی لێ بتۆرێ •

دەڵێن : قەت نەکەی کا لەبەر هەڵوو گۆشت لەبەر گەر دابنێی .

دەڵێن : خانووی جوانیش ئەگەر دیوارەکانی پتەو نەبن ، دادەتەپێ .

دەڵێن : جارێکیان مریشکێك لە خەودا بینی بۆتە هەڵۆ ، لەسەر تاشە بەردێك لە شەقەی باڵی داو باڵەکانی شکان .

جارێکیان جۆگەلەیەك لە خەودا بینی بۆتە ڕووبارێکی گەورە ، ئاوی خۆی بەسەر قومو زیخدا وەرگردو یەکسەر چکی کرد .



## زمان

**مەلۆتکەیەك لێرەدا پێدەکەنیو دەگری ،**
**هێشتا قسەی پێ ناکرێ**
**بەلام بەمزووانە باسدەکا**
**کە خۆی کێیەو بۆچی هاتۆتە دونیاوە .**

« نووسراوی سەر بێشکەیەك »

**ئەگەر وشە لەدونیادا نەبوا ، دونیا وەکو ئێستا نەدەبوو .**

**شاعیر سەد ساڵ پێش دروستبوونی دونیا هاتۆتە دونیاوە .**

**پیاوێك بوێرێ شیعر بنووسێو زمانیش نەزانێ ، وەکو شێتێکە کە مەلەوانی نەزانێو خۆی فڕێبداتە ناو ڕووبارێکی هەڵچووەوە .**

هەندێ کەس هەن کە قسە دەکەن بۆیە قسە ناکەن چونکە بیرێکیان لە مێشکدا کۆبۆتەوە ، بەڵکو لەبەرئەوە قسە دەکەن چونکە سەری زمانیان دەخورێ . هەندێ کەسیش کە شیعر دەنووسن بۆیە شیعر نانووسن چونکە سۆزێکی قووڵیان لە ناخی دڵەوە هەڵدەقوڵێ ، بەڵکو لەبەرئەوە شیعر دەنووسن چونکە ...... باشە ، زەحمەت پیاو بزانێ ئەوانە بۆچی کتوپڕ دەست بە

شیعر نووسین دەکەن • ئەوانە دێڕەکانیان وەکو گوێزی وشك وایـە کە لەناو هەمبانەی نەغاراودا خڕەی دێ •

ئەم جۆرە کەسانە حەزناکەن تەماشای دەوروبەری خۆیان بکەن‌و یەکەمجار بزانن دونیا چ‌باسە • حەزناکەن گوێ ڕابگرن‌و بزانن چۆن دونیا پڕ ئاوازو نەغمەو گۆرانی‌یە •

ئێستا : پرسیارێك ، بۆچی بنیادەم چاوو گوێ‌و زمانـــی دراوەتـــێ ؟ ئەوە بۆچی دوو چاوو دوو گوێی هەیە ، بەڵام تەنیا یەك تاکە زمانی هەیـــە ؟ سەبارەت بەوەیە ، پێش ئەوەی کە زمان تاکە وشەیەك ڕەوانەی دونیا بکـــا پێویستە چاوەکان هەندێ شتیان دیبێ‌و گوێیەکانیش نەختێ شتیان بیستبێ • ئەو وشەیەی کە لە لێو دەترازێ گەلێ بەو ئەسپە دەچێ کە لە ڕێچکەی شاخاویی ڕك‌و تەنگەبەردا دابەزیبێتە دەشتی پان‌و بەرین • ئەم پرسیارە دەکرێ : ئایـــا پیاو دەتوانێ وشەیەك ڕەوانەی دونیا بکا ئەگەر ئەو وشەیە پێشتر سەردانی دڵی نەکردبـــێ ؟

وشە بە ڕووتی نابێ ، پێویستە یەکێك بێ لەمانە : جوێن ، پیرۆزبایـــی ، جوانی ، ئازار ، پیسی ، گوڵ ، درۆ ، ڕاستی ، ڕووناکی ، تاریکی •

**زۆرجار لە وڵاتی خۆمدا بیستوومە**
**وشە ئەم دونیایەی بۆ ئێمەی ئاوانبار دروست‌کردووە**
**ئەو وشە (کردەوە ــ سەیرە) وەکو چی بوو ؟**
**پاڕانەوە ؟ فەرمان ؟ یا ئەو نزایەی لە ناخمانەوە دەزرنگێتەوە •**

**لەپێناوی ئەو دونیادا دەچینە جەنگ**
**کە هێزی شەڕ بێ‌بەزەیی‌یانە دای‌دەپچڕێ**
**قسەی خۆت بکە ــ پاڕانەوە ، یا جوێن ، یا نوێژ**
**تەنیا ئەوە دونیاکەمان دەپارێزێ •**

جارێکیان برادەرێکم گوتی : « من دەسەڵاتداری وشەی خۆمم ، بمەوێ نایدرکێنم ، بمەوێ دەتوانم دەری‌ببڕم » • ڕەنگە ئەمەیان بۆ برادەرەکەم شتی

چاك بێ ، بەڵام نووسەر دەبێ دەسەڵاتداری ڕەسەن‌و ڕاستە قینەی وشـــەو نەفرەت‌و پەیمانەكانی بێ • نابێ دوو پەیمان بە سۆزێك بدا • بەگشتی ، بەلای منەوە ئەوەی زۆر سوێند بخوا درۆزنە •

ئەم كتێبە ئەگەر لە ماقوور بچێ ، ئەوا لە داوی ڕەنگاوڕەنگی زمانی ئاڤاری دەیچنم • ئەگەر لە پاڵتۆی فەرو بكا ، ئەوا كەوڵەكان بە داوی كشتی زمـــانی ئاڤاری لێك‌دەدوورم •

دەڵێن لە سەردەمی زۆر كۆندا زمانی ئاڤاری وشەی زۆر كەم بـــوو • چەند بیرێكی وەكو ـ ئازادی ، ژیان ، دلێری ، دۆستایەتی ، چاكە ـ بە یەك وشە یا بە هەندێ وشەی لەیەك‌نزیك لەبارەی دەنگ‌و ماناوە ، دەردەبڕران • دە با خەڵك هەر بڵێن گۆیا زمانی گەلە بچكۆلەكەمان هەژارە ، من هەرچی شتێكـــم بوێ دەتوانم بە زمانی زگماكی دایكم دەری‌بڕم‌و پێویستم بە هیچ زمانی‌تر نی‌یە بۆ دەربڕینی بیرو هەست‌و سۆزم •

نەتەوەیەكی زۆر بچووك لە داغستاندا هەیە پێی‌دەگوترێ لەك • زمانی لەكی ئەوپەڕەكەی ٥٠٫٠٠٠ كەس قسەی پێ‌دەكەن ، ناتوانین ژمارەی لـــەوە وردتر بدەین چونكە منداڵیان هەیە هێشتا فێری قسە نەبوون‌و هی‌واشیان هـەیە زمانی باوكیان لەبیرچۆتەوە •

(لەك)ەكان ژمارەیان كەمە ، سەرەڕای ئەمەش لە زۆر شوێنـــی دووری ئەم دونیایەدا هەن • نەهاتی‌و بێ‌گوزەرانی سەبارەت بە خاكی چەقـــین‌و بەردەلانیان بەم هەموو سەرزەمینەدا پەرت‌و بووتانی پێ‌خستوون • زۆریـــان، وەستای چاك‌و كارامە بوون ، ناڵبەندو زێڕینگەرو تەنەكەچی بوون • هەندێكیان بەردی تل بوەوە بوون‌و گۆرانیی خۆیان چڕی • لە داغستاندا قسەیەك هەیـــە دەڵێ : « كە شووتی دەشكێنی وریا بە نەوەك (لەك)ێكی لێ دەربپەڕێ » • دایكە (لەك)ێك كە كوڕەكەی بۆ وڵاتی بێگانان بەڕێ‌دەكرد ، پێی گوت : ڕۆڵـــە !

که شله ساوەر لە فەخفوریی شارستانانەدا دەخۆی ، تەماشای بنی کە ، بزانــە کەسی خۆمانی تێدا نی‌یە » ٠

ئەمەش چیرۆکێکە دەیگێڕنەوە : جارێکیان کابرایەکی (لەك) لە شەقامەکانی شارێکی گەورەدا دەسووڕایەوە ـ ڕەنگە مۆسکۆ بووبێ یا لێنینگراد ـ کت‌وپــڕ چاوی بە یەکێك کەوت جل‌و بەرگی داغستانیی لەبەر بوو ، ئــەمــە وەکــو هەناسەیەکیماڵەوە وابوو بۆ ئەو ٠ بۆیە هەستی‌کرد خۆشی بێ‌و ترشی بــێ دەبێ ئەم کابرا نەناسیاوە بدوێنێ ٠ لێی چووە پێش‌و بە زمانی (لەك)ی ئاخاوتی ٠ کابرا سەری بادا ، واتە هیچی تێ‌ناگا ٠ ئینجا کابرای (لەك) بــە کۆمیکــیو تاتی‌و لێزگینی قسەی کرد هەر دادی نەدا ، هەر زمانێکی بەکاری‌هێنا نەیتوانــی هاونیشتمانە بەرگ داغستانی‌یەکە بە قسە بێنێ ٠ بۆیە ناچار بوو پەنای بردە بەر زمانی ڕووسی ، ئەو حەلە بۆی‌دەرکەوت کە کابرا ئاڤارە ٠ کابرای ئاڤار مــا سەرکۆنەی هاوڕێ نەناسیاوەکەی بکات‌و بەسەر خۆی‌دا بشکێنێتەوە :

ـ « تۆ چ‌جۆرە داغستانی‌یەکیت ، چ‌جۆرە نیشتمانپەروەرێکیت ، ئەگەر زمانی ئاڤاری نەزانی ؟ تۆ حوشترێکی گەلۆری نەك داغستانی » ٠

ئەمن ناتوانم لەم گفتوگۆیەدا لای ئاڤارەکەمان بگرم ، پێویستی نەدەکــرد بەم‌چەشنە سەروبۆنەلاکی کابرای (لەك) بکوتێتەوە ٠ بێ‌گومان شتی چاکــە ئەگەر یەکێك زمانی ئاڤاری بزانێ ، بەڵام شتێکی ئیستەرەم نی‌یە ٠ گرنــــگ ئەوەیە کابرا زمانی زگماکی خۆی ـ زمانی لەکی ـ دەزانی ، بێجگە لەمــەش زۆر زمانی‌دیی دەزانی کە ئاڤارەکە نەیدەزانین ٠ ئەبووتالیب ، جارێکیــان ، بە سەردان چووبووە مۆسکۆ ٠ بە ڕێکەوت لە شەقامێکدا کابرایەکی نەدیتی‌و نەناسی قسەی لەگەڵ کرد ٠ ڕەنگە پرسیاری ڕێگای بازاڕی لێ کردبێ ، تومەز کابرا ئینگلیزە ٠ ئەبووتالیب ئەمەی بەلاوە سەیر نەبوو ، چونکە شەقامەکانــی مۆسکۆ بە هەموو دەمێ پڕ بێگانەن ٠ ئینگلیزەکە لە ئەبووتالیب حاڵی نەبــوو ،

بۆیە یەکەمجار بە ئینگلیزی پرسیاری لێ کرد ، ئنجا بە فەڕەنسی‌و ئەسپانی‌و ڕەنگە پاشان هەندێ زمانی‌تریشی بەکارهێنابێ . ئەبووتالیبیش بەش‌بەحاڵی خۆی هەوڵی‌دا بە زمانی ڕووسی لەگەڵ ئینگلیزەکە بدوێ ، پاشان زمانی لەکی‌و ئاڤاری‌و لێ‌ گینی‌و دارجینی‌و کۆمیکی لەگەڵ بەکارهێنا .

لەئاکامدا ، بە بێ‌ئەوەی لە یەك حاڵی بن ، لێك جودا بوونەوەو ڕۆیشتن .

داغستانی‌یەکی ڕۆشنبیر هەبوو ، دوو وشەو نیو ئینگلیزیی دەزانی ، ویستی ماناو بایەخی ڕۆشنبیری لە ئەبووتالیب بگەیەنێ :

« خۆت‌دەزانی ڕۆشنبیری مانای چی‌یە ؟ تۆ ئەگەر کابرایەکی پێگەیشتوو بوای دەتتوانی لەگەڵ ئینگلیزەکە بدوێی ... تێ‌ناگەی چ‌دەڵێم ؟ » .

ئەبووتالیب وەڵامی‌دایەوە : « تێ‌دەگەم . بۆ تێ‌ناگەم . تێ‌ناگەم ؟ بەڵام پێم‌ناڵێی بۆچی دەبێ کابرای ئینگلیز لە من ڕۆشنبیرتر بێ ؟ خۆ ئەویش تاکە زمانێکی لەو زمانانە نەدەزانی کە من ویستم قسەی لەگەڵدا پێ بکەم .

بە لای منەوە ، زمانی نەتەوان وەکو ئەستێرەی ئاسمان وان . من حەزناکەم هەموو ئەستێرەکان لەناو یەك ئەستێرەی گەورەدا بتاوێنەوە . لەباتیی ئەوە ڕۆژ هەیە . بەڵام‌لەگەڵ ئەمەشدا،دەبێ ئەستێرەش لە ئاسماندا بدرەوشێنەوە . با هەرکەسە خاوەنی ئەستێرەی خۆی بێ .

من ئەستێرەی خۆم ـ زمانی زگماکی ئاڤاریم ، خۆش دەوێ . بڕوام بەو جیۆلۆجیستانە هەیە کە دەڵێن بۆی هەیە گردی بچووکیش زۆری زێڕ تێدابێ .

ژنێك ئەم نەفرەتەی لە ژنێکی‌دی دەکرد : « یاخوا ، خودا منداڵەکانت لە زمانی دایکیان بێ‌بەری کات » .

لەبارەی نەفرەتەوە : کە خەریکی نووسینی هۆنراوەی (ئافرەتی چیـــا) بووم ، سەیرم کرد پێویستم بە هەندێ جوێن و نەفرەتە بۆئەوەی ئافرەتێکـــی شێتەڵۆکەی ناو هۆنراوەکە بەکاریان بێنێ • پێیان گوتم ژنێکـی سـەرسپی لە گوندێکی شاخاویدا هەیە • دراوسێی نەماوە شەڕە جنێوی لەگەڵدا نەکـــات و لەبەر سەگانی ڕوونەکات • یەکسەر ملی ڕێگام گرت و چووم ئەو ئافرەتـــە بەناوبانگە بناسم • کە پێم لەسەر کۆسپەی دەرگای ماڵەکەیان دانا ، کـــات بەیانی‌یەکی بۆنداری بەهاری بوو ، لە وەختی‌وادا ، بەڕاستی تاوانە پیـــاو جوێن بدات و نەفرەتی لە دەم بێتە دەرەوە ، پێویستە هەر شاد بێ و گۆرانی بڵێ • زۆر بە ساکاری مەبەستی خۆم لە پیرەژن گەیانـد : دەمـەوێ هەندێ جوێنی گەورە فێر بم تا لە هۆنراوەیەکدا بەکاریان بێنم کە خەریکم دای‌دەنێم » •

ـ « یاخوا ، زمانت لە دەم وشك بێ ، ناوی دەزگیرانت لەبیر نەمێنـــێ • یاخوا ئـەو کەسەی بە قسە ڕاسپێری بۆ دەبەی لە قسەکانت نەگـا • یاخوا کە لە سەفەرێ گەڕایتەوە ماڵێ (چاك و خۆشی)ی گوندەکەتانت لەبیرنەمێنـێ • یاخوا ، کەلووس بێ و (با) لەناو دەمتدا بلوورێنێ • ئەمن کە شادومان نـەبـم (خوا شادت نەکا) چۆن پێکەنینم دێ ؟ ماڵێك مردووی تێدا نەبێ فرمێســـك ڕشتن چ کارێکی تیا دەکا ؟ ئەگەر کەس دارم لە دەم وەرنەدا ، تـــووڕە و برینداروم نەکا ، چۆن جوێنم پێ‌دەدرێ ؟ هەستە بڕۆ • جارێکی‌تر بە ئیشی‌وا پڕوپووچ ڕوو نەکەیتە لای من » •

منیش پێم گوت : « سوپاس ، ژنی باش » • ماڵەکەیم بەجێ‌هێشت • کـە ڕۆیشتم بیرم‌کردەوە : « ژنە هێشتا لەسەرەخۆ بوو ، تووڕە نەکرابوو ئـــەم هەموو جوێن و نەفرەتەی بەسەردا ڕشتم ، ئەدی ئەگەر بەڕاستی بجۆشـێ و هەڵبچێ و بیەوێ لەگەڵم بکات دەبێ چیم بە چڕوچاودا بدا ؟ کێ هەیە بەتەواوی تووڕەی بکا ؟

لەوباوەڕەدام ڕۆژێك دێ فۆلکلۆریستەکانی داغستان کتێبێك لەو جوێن و تووك و نەفرەتانە خڕکەنەوە کە لە شاخان بەکاردێن • ئەوجەلە خەڵك دەزانن داهێنان و پاکی و بێگەردی و خەیاڵبازی (فانتازی)ی دانیشتوانی شاخانمان لە چ پلەیەکدایەو زمانەکەمان چ توانایەکی زۆری دەربڕینی هەیە •

هەر گوندێك جوێنی تایبەتیی خۆی هەیە • وریا بن نەکەونە بەر بای ئەو جنێوانە • لە هەندێ نەفرەتدا دەست و پێت دەکەوێتە ناو کۆت و کەلەپچەی نادیار • لە دووەمدا دەبینی لەناو تابووتدا ڕاکشاویت • لە سێیەمدا چاوت ڕژاوەتە ناو ئەو لەگەنەی خواردنی تێدا دەخۆی • لە چوارەمدا چاوت بەسەر تیشە بەردی زەق و تیژدا گلۆر دەبێتەوەو لە بنی گەلیدا بزر دەبێ • نەفرەتی چاو لە نەفرەتە هەرە ترسناك و بەسامەکانەو پوختەی هەموو جوێن و نەفرەتێکە • لەگەڵ ئەمەشدا ، نەفرەت هەیە لەویش بەهێزترە • جارێکیان دوو ژن لە گوندێکدا بەشەڕهاتبوون ، گوێم لێبوو دەیانگوت :

« یاخوا ! ، خوا ئەوکەسە لە منداڵەکانت بسەنێ کە فێری زمانیان دەکات » •

ـ « نەوەڵڵا ، خوا منداڵت لەو کەسانە بسەنێ کە دەتوانن زمانی خۆیانی فێر بکەن » • نەفرەتی تۆقێنەر ئاوەها دەبێ • بەڵام بە بێنەفرەتیش ، هەرکەسێ لەو شاخانە ڕێزی زمانی زگماکی دایکی نەگرێ ، ڕێزی ناگیرێ • هەر جیایی‌یەك بە زمانێکی شل و شێواوەوە شیعر بنووسێ ، دایکی شیعرەکانی ناخوێنێتەوە •

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : جارێکیان ، لە پاریس تووشی هونەرمەندێکی

داغستانی بووم • قەدەرێك پاش شۆڕش بۆ خوێندن چووبووە ئیتالیا • ژنێکی ئیتالیایی هێنابوو و لەوێ گیرسابووەوە • لەبەرئەوەی لە شاخان ڕاهاتبوو ، لەو وڵاتە حەجمانی نەبوو • زۆری سەفەر دەکرد • سەردانی پێتەختی گەورەی وڵاتە دوورەکانی دەکرد • بەڵام دەچووە هەر شوێنێ تاسەی نەدەشکا •

حەزم کرد چاوم بە بەرهەمەکانی بکەوێ تا ببینم ئەم تاسەو ئارەزووەی نیشتمانی چۆن بە ڕەنگ و تابلۆ دەربڕیوە •

ڕاستی یەکەی نیگارێك لەسەری نووسرابوو : « تاسەی نیشتمان »و بەمجۆرە کێشرابوو :

وێنەی ژنێکی کێشابوو کە ژنی خۆی بوو ، ژنە بەرگی ئافاریی خۆمانی لەبەربوو ، لەسەر کانییەکی چیایدا وەستابوو ، گومگومەیەکی زیوی ڕازاوەی دەستکردی وەستا شارەزاکانی (گۆتسائلی) بەدەستەوە بوو • گوندێکی چۆڵ لە قەدشاخێك کرابوو ، خانووەکانی بەرد بوون و پشتی کردبووە شاخێکی لە خۆی چۆڵتر کە ترۆپکەکەی لە تەمدا نقووم ببوو •

هونەرمەندەکە گوتی : « تەم فرمێسکی شاخانە • کە تەلان و لاپاڵەکان لە تەمدا نقووم دەبن دڵۆپە ئاوی ڕوون بەسەر گاشە بەردی لێـر لێـردا دێتەخوارێ ، ئەو تەمە منم » •

نیگارێکیدی بریتیبوو لە ئەمامێکی ڕووت کە لە بەردەلانێکی ڕەق ڕوابوو • باڵندەیەکی بەسەرەوە بوو • باڵندەکە دەیخوێند و لە پەنجەرەی خانوویەکیش کچێکی غەمبار سەری بەدەرەوە داگرتبوو •

کە هونەرمەندەکە هەستیکرد ئەم نیگارە دڵی لێ سەندم بـۆی لێکدامەوە :

- « بیری ئەم نیگارەم لە ئەفسانەیەکی کۆنی ئافاری وەرگرتووە » •

« کامەیان » •

«ئەوەی دەڵێ : جارێکیان ، کابرایەك باڵندەیەکی گرت و خستیە نـاو قەفەزێکەوە • باڵندەی بەخسیر شەو و ڕۆژ هەر دەیچریکاند - وای هێلانەکەم (زێدەکەم) ، هێلانەکەم ، هێلانەکەم ، هێلانەکـەم ! دەق وەکو من چۆن ئەوە چەند ساڵە ئەم وشانە دووبارە دەکـەمـەوە ••• خاوەنی باڵـندەکـە ووردی

کردەوەو گوتی : « ئەم باڵندەیە خەڵکی چنۆ وڵاتــە ؟ دیارە دەبێ خەڵکی جێگایەکی زۆر فێنك‌و خۆش بێ ، پڕ دارو درەخت‌و باڵندەی بەهەشت بێ . وا باشە بەرەڵای کەم ، بزانم دەچێتە کام لا ، بەڵکو ڕێگای ئەو وڵاتە خۆشەم پیشان‌بدا » . کابرا قەفەزەکەی کردەوەو باڵندەکە لە شەققەی باڵی داو فڕی . چوو ، دە هەنگاو بەولاوە ، لە سەر نەمامێکی ڕووت هەڵنیشت کە لە بەردەڵانێك ڕوابوو ، هێلانەی لەسەر چڵی ئەو نەمامە دروست‌کردبوو .

ئینجا هونەرمەندەکە گوتی : « منیش لە پەنجــەرەی قەفەزەکەمــەوە نیشتمانی خۆمم لێ دیارە » .

« ئەدی کەوابوو بۆ ناگەڕێیتەوە نیشتمان ؟ »

« ئێستا وەدرەنگ‌کەوتووە . وەختی نەماوە . کاتی خۆی دڵێکی گەنج‌و چابوکم لە نیشتمانەکەم هێنایە دەرەوە ، ئێستا چۆن ئێسکی پیر بەمەوە » .

کە لە پاریس گەڕامەوە ، چاوم لە خزم‌و کەس‌وکاری هونەرمــەندەکا گێڕاو دۆزیمنەوە . کە زانیم دایکی ماوەو نەمردووە هێدمم گرت . خزمەکانی هەموو لە ماڵێکدا کۆبوونەوەو گوێ‌یان بــۆ شل کردم . منیش باسی کوڕەم بۆ گێڕانەوە کە وڵاتی خۆی بەجێ‌هێشتبوو و چووبووە وڵاتی بێگانان .

دیارە هیویان لێ دانابوو ، بۆیە کە زانی‌یان ماوەو نــەمردووە ، زۆریان کەیف پێ‌هات .

لەناکاو دایکی کوڕە لێی‌پرســیم : « تۆ بە زمانی ئاڤــاری لــەگەڵی دوای ؟ »

« نەخێر ، تەرجومانمان هەبوو . من بە ڕووسی قســەم دەکردو کوڕی تۆش بە فەرەنسی » .

دایکە پۆشی‌یەکی لەو پۆشی‌یــە ڕەشانــە بەسەر دەم‌و چاوی‌دا کــە ئافرەتەکانمان وەختێ کوڕیان دەمرێ دەیپۆشن .

باران بانی دەکوتا • ئێمە لە ئاڤارستان بووین • لە باریسیش لەوسەری دونیا ، ڕۆڵە دڵنەوازەکەی داغستان ڕەنگە گوێی بۆ تریەی باران شل کردبێ •

دایکە بەینێك داما • پاشان هەڵیدایە : « سەهووی ، ڕەسووڵ : کوڕی من لەمێژە مردووە • نابێ ئەو کوڕە کوڕی من بێ • ئەگەر کوڕی من بوا ئەو زمانەی لەبیرنەدەکرد کە منی ، دایکی ئاڤاری ، فێرم کردبوو » •

بیرەوەری یەك : سەردەمانێك ، لە شانۆی ئاڤاریدا کارم دەکرد • ئەوسا ،

کەرەستەی شانۆکاری و جل و بەرگ و پێویستی یەکانی ترم بەکۆڵ دەگواستەوە (هەموو کەرەستەو کەل و پەلی شانۆمان بە پشتی کەر دەگواستەوە ، بەڵام هەندێك دەمایەوە دەبوا خۆمان هەڵیانبگرین ) • گوند بە گوند دەگەڕاین و هونەری درامیمان پێشکێش بە جیایی یەکان دەکرد • ئەو ساڵەم هەر لەبیرە کە لەو گەڕانەدا بردمەسەر •

لە هەندێ شانۆکاریدا دەوری بچکۆلەیان دەدامێ ، بەڵام هەمیشە هەر لە (قولغی قسەکەر) دادەنیشتم • ئەو حەلە کە شاعیرێکی گەنج بووم ئەو ئیشەم پێ لە هەموو دەورێك خۆشتر بوو • نواندن و ماکیاژو ئیشارەت و چوونە سەرشانۆم بەلاوە لە پلەی دوودا بوو • لەوباوەڕەدا بووم لە هەمووی گرنگتر وشەیە • بۆیە خۆم لە ئەکتەرەکان دادەنووساند بزانم هەموو ڕستەو دێڕەکان بەتەواوەتی دەردەبڕن • ئەگەر ئەکتەرێك وشەیەکی بپەڕاندایە ، یا بیگۆڕیایە ، لە جێگەی خۆم دەردەپەڕیم ، بە دەنگێکی هێندە بڵند وشەکەم بەدروستی دەگوت کە دەنگم دەگەیشتە هەموو کونجێکی هۆڵەکە •

ڕاستی یەکەی ، من دەق و دارشتنی وشەکانم بەلاوە لە هەموو شتەکانی دی گرنگتر بوو ، چونکە بە بێ جل و بەرگ و ماکیاژیش وشە هەر دەگوترێ و هەرچۆنێك بێ گوێگران لە ماناو مەبەستەکە حاڵی دەبن •

ئێستا ، نوکتەیەکی خۆشم بە بیر هاتەوە •

چیرۆکێکمان پێشکێش دەکرد بە ناوی (چیانشینەکان) کە باسی ڕابردووی کۆنی گـــەلی ئاڤاری دەکرد • وەکو جاری جاران من قســـەکەر بم • لــە چیرۆکەکەدا پاڵەوانی سەرەکی کە (ئای‌غازی)یە ، زەلامێـــکی کوشـــتووەو داویەتە کێو • بە شەو دێتەوە دێ تا خۆشەویستەکەی ببینێ •

خۆشەویستەکەی لێی دەپاڕێتەوە کـــە زوو بگـەڕێتەوە شاخ نـەوەك پێی‌بزانن وبیکوژن ، بەڵام (ئای غازی) ـ کـە ماگاییف دەورەکـــەی دەگێڕا ـ گوێ بە قسەکانی نادا • کەپەنکی خۆی بەسەردا دەدا بۆئەوەی باران تەڕی نەکات‌و بە دەنگێکی پڕسۆزو وەفاداری باسی حەزو سووتان‌و دەردو ئازاری خۆی بۆ دەکا • لەناکاو ڕووداوێك هاتە پێشەوە کەس چاوەڕێی نەبوو • لــە گۆنگەی ئەم دیمەنە دڵداری‌یـــەدا ژنی ماگاییف هەڵی‌کوتایە ســـەر شانۆو شاڵاوی بۆ مێردەکەی بردو تێی‌بەربوو گوایە باسی حەزحـەزۆکێی لەگـــەڵ ژنێکی‌دی کردووە •

ماگاییف زەنـــدەی ژنی خۆی گرت‌و بـــەکڕو بێ‌دەنگـــی لەســـەر شانۆکەبردیە ئەولا تا لە پەنا پەردەوە مەسەلەکەی تێ‌بگەیـــەنێ‌و بەئومێد بوو زوو بێتەوە سەر شانۆو شانۆکاری‌یەکە تەواو بکا ، بەڵام ژنە پێی لێ لە کەوشێ ناو عێن‌وبین لێ‌نەگەڕا بچێتەوە سەر شانۆ • کچە ئەکتەرەکە ماوەیێك بەتەنیـا لەسەر شانۆ ڕاوەستاو کار وا بڕۆیشتایە دەبوا شانۆکاری‌یەکە بەتاڵ‌بکرێ •

من لە شوێنی خۆم دانیشـــتبووم • بێ‌گومـــان ، نە بەرگی ئەکتەریـم لەبەردابوو • نە ماکیاژیشم کردبوو • پانتۆڵێکی ساکارو کراسێکی سپیی یەخە والآم لەبەردابوو • وابزانم سۆلیشم لە پێدا بوو •

ئەگەرچی دەوری ماگاییفم لەبـەربوو ، بەڵام نەدەبوو بـەم شـێوەیە ، بەو جل‌و بەرگەوە بچمەوە سەر شانۆ • لەگەڵ ئەمەشدا سەبارەت بەوەی کە من بایەخی هەرە گەورە بە وشەکان دەدەم ، نـەك جل‌وبـەرگ ، خۆم پێ

ڕانەگیراو هەڵم کوتایە سەر شانۆو هەموو قسەکانی ئای غازی ـ ماگاییف ـ م بە کچە گوت‌و دەورەکەم تەواو کرد •

نازانم ئاخۆ دانیشتووان ڕایان لە کردەوەکەم بوو یان نا ؟ بۆی هەیە دراماکە بووبێتە کۆمیدیا • بەڵام من بەش‌بەحاڵی خۆم زۆر دڵنیا بووم • خەڵکی بێ‌ئەوەی تاقە وشەیەکیان لە دەست بچێ لە تەواوی چیرۆکەکە گەیشتن • منیش ئەوەندەم دەویست •

لەبیرمە لەگەڵ هەمان تیپ یان تاقم هاتینە گوندی (گونیب) کە دەکەوێتە بناری شاخێکی بەرزەوە • من پێشتر ئەو گوندەم نەدیبوو • واباوە دەڵێن : شاعیر دەبێتە شاعیرو وەکو خۆمان گوتەنی قۆناغن •

بیستبووم شاعیرێك لە (گونیب) هەیە ، بەڵام بە دیداری شاد نەببووم • چوومە سەردانی‌و ئەویش بردمیەوە ماڵێ‌و تا شانۆکاری‌یەکەمان لەوێ نیشی کرد هەر مێوانی ئەو بووم •

ماڵی خانەخوێکەم ئەوەندە ڕێزیان گرتم لە خۆم تەریق بوومەوە ، پێم ناخۆش بوو کە تووشی ئەو هەموو زەحمەت‌و سەخڵەت‌و ماندوو بوونەم کردن • قەت ئەو ڕووخۆشی‌و میهرەبانی‌و مێوانپەروەری‌یەی دایکی شاعیرەکەم لەبیرناچێ کە هێندە بە گەرم‌و گوڕی خزمەتی کردم •••

کە هاتین بڕۆین ، ویستم هەندێ وشەی‌وا بدۆزمەوە سوپاسیان پێ بکەم لە خۆیان بوەشێتەوە • بە ڕێکەوت کاتێ ماڵاوایم کرد تەنیا دایکی شاعیرەکە لەوێ بوو و بەس •

زانیم هیچ شتێ بەلای دایکەوە بەقەد ئەوە خۆش نی‌یە کە دوو قسەی چاك لەبارەی کوڕەکەیەوە بیسێ ؛ بۆیە بەشەرمەوە زۆرم بە شان‌و باهۆی کوڕەدا هەڵدا ، کە خاوەن بەهرەو توانایەکی زۆرە • پێم گوت کوڕەکەی

شاعیرێکی زۆر زۆر پێشکەوتخوازەو هەمیشـە لەبارەی باس و خواسی پێویستی ڕۆژانەوە دەنووسێ •

دایکە بە دەنگێکی غەمگینەوە قسەی بێبڕیەو گوتی : « ڕەنگە شـاعیر بێو لە ڕیزی پێشـەوەی شـاعیرانیش بێ ، بـەلام بەهرەی نی‌یـە • ڕەنگـە شیعرەکانی بەسی شتی پێویستی ڕۆژانە بکـەن ، بەلام کە دەیانخوێنمەوە دلـم دەگوشـرێ •

« ڕەسووڵ ! ئەوەش بزانە ، کاتێ کوڕەکەم تازە فێری یەکەم وشە دەبوو هێشتا کەس تێی‌نەدەگەیشـت گەلێ گەلێ شادو بەختـەوەر بووم • ئەمڕۆش کە ئەك فێری قسە بووە ، بەلکو شـیعریش دەنووسێ هیچ هەوەسم پێ نایە • قسەیەك هەیە دەلێ ژن ئەقلی لە داوێنی کراسیدایە ، تا دانیشتووە باشە ، بەلام کە هەستایەوە هەمووی لێ دەڕژێتە سەر زەوی • کوڕەکەی منیش وایە : تا لەسەر مێزەو نان دەخوا پیاوێکی ئاسایی‌یە ، لە قسەی وەڕس نابم ، بەلام کـە لەسەر مێزی خواردنەوە هەلدەستێو دەچێتە سەر مێزی نووسین هەموو وشـە ساکارو بەرزەکانی لە دەست دەچێ ، تەنیا وشـەی پووچو بێمانـای ڕەسمیی پێ‌دەمێنێو هیچی‌تر » •

هەرکاتێ ئەم ڕووداوانەم دێتەوە یاد ، لەبەر خوای گەورە دەپاڕێمـەوە زمانەکەمم لێ نەسێنێ • حەزدەکەم بە جۆرێکی‌وا بنووسم کە دایکمو خوشکمو هەموو خەلکی چیاکانو هەر کەسێکی‌دیش کە شیعرەکانم ، ئەم کتێبەم ، هـەر شتێکی‌ترم بخوێنێتەوە تێی‌بگا • نامەوێ خەلك بێزار بکەم • دەمەوێ دلیـان خۆش بکەم •

ئەگەر زمانەکەم گەنی ببێ ، ساردو سڕ بێ ، وشك هەلگەڕێو کـەس تێی‌نەگا ، بە یەك وشە : ئەگـەر زمانـەکەم دابڕزێ ، ئـەوە ترسناکترین مەرگەساتی ژیانمە •

جاری‌وا دەبوو کـــە دانیشتوانی گوندەکـــەمان لەنزیك مزگـــەوت کۆدەبوونەوەو باسی دونیـــاو خەڵك‌و خوایان دەکـــرد ، من شـــیعری باوکمم بۆ دەخوێندنەوە • ئەوحەلە هێشتا منداڵ بووم ، کوڕێکی بچووك بووم ، بەڵام دەمتوانی زۆر بەتوندی ، بە دەنگێکی بەرز بخوێنمەوەو وشـــەکان لێك جیـــا بکەمەوە • بۆنموونە کاتێ کـــە شیعرێکی نوێی باوکمم خوێنـــدەوە بە ناوی « ڕاوە گورگی تسادا » ، ددانم دەقرِســاندو هەموو وشـــەکانم بە دەنگی (تس) وەکو لە وشەی (تس)و (تسادا)دا هەیە دەردەبڕی تا دەنگـــەکان بلەرنـــەوەو لەگوێدا بزرنگێنەوە • وامدەزانی ئەم توندکردن‌و گوشینەی دەنگ دەبێتـــە هۆی ئەوە کە وشەکان باشتر دەربڕم‌و خـــەڵك باشتر تێمبگەن‌و پتر کاریان تێ‌بکـــەم •

باوکم بەم قسانە هەڵەکانی ڕاست دەکردمەوە :

« کوڕم ، چما قســـە گوێزە بـــە ددان بیشـــکێنی‌و هـــەڵی‌لووشی ؟ چما قسە سیرە بخرێتـــە ناو جۆنی‌و بکوترێ ؟ بۆ قسە زەویی وشك‌و ڕەقـــەنە بە گاسنی قورس‌و ماندووبوون‌و ئارەقڕشتن بکێڵدرێ ؟ کوڕم ، دەبێ زۆر بە ڕەوانی وشەکانت دەربڕی ، بەئاسانی ، بە هێمنی ، بە بێ‌نقەنق‌و خۆگوشین ، بۆئەوەی چیڕەی ددانت نەیێ » •

دووبارە دەستم بە خوێندنەوە کردو لە جاران باشتر نەبووم ، باوکـــم هاواری کردە دایکم کە لەسەر بانی خەریکی ئیش بوو :

« ئافرەت ! بزانە ، بەڵکو تۆ فێری بکەی » •

باوکم چۆنی دەویست ، دایکم بەو چەشنە وشە گرانەکانی بۆ گوتم :

« گوێت لێ بێ کوڕم ، دەبێ ئاوەها بکـــەی ، دە ئێستا دووبارە خۆت تاقی‌بکەوە » •

هەوڵمدا بەڵام بێ‌هوودە بوو •

باوکم بە تووڕەیی هاواری کرد : « تفوو ! کاتێك کابرای (جولەتاری) وەکو تۆ وشەکانی تێكشکاند بە گەسك دارکاریم کرد ، بەڵام نازانم چ لـە کوڕی خۆم بکەم ؟

وای گوت‌و بە تووڕەیی ڕۆیشت .

## باوکم چۆن کابرای (جولەتاری)ی دارکاری کرد ؟

ئەمەی باسی دەکەم ، سەر لە بەیانیی بەهارێـك ڕووی‌داوە . بەهاران بەروبوومی کۆن تەواو دەبێ‌و بەرهـەمی نوێش هێشتا پێ ڕا نەگەیشتووە . بۆیە هەموو شتێك لە بازاڕدا نرخی گرانتر دەبێ ، هەتا بـە گۆزەو دیزەش ڕادەگا . ئەگەرچی ئەمانە لە زەوی‌دا ناڕوێن ، بەڵام ئەوانیش بەهاران نرخیان گرانتر دەبێ .

ئەو کاتە باوکم گەنج بوو ، بڕیاری‌دا بچێتە بازاڕ . دراوسێ‌یەکی داوای لێ کرد ، لەگـەڵ دەسـتی خۆی گەسـکێکی بۆ بکـڕێ‌و بۆ ئەم مەبەسـتەش ۲۰ کەپێکی دایە .

کاتێ هەمزەی گەنج ماڵاوایی کردو ڕۆیشت ، کابرا دوا قسەی ئەوەبوو بە هەمزەی گوت :

« ئەگەر هەرزانترت دەست کەوت ، ئەوەی ماوە بۆ خۆت » .

ئیدی باوکم زوو گەسك‌فرۆشێکی دۆزی‌یـەوەو دەستی بە مامەڵە کرد . هەموو کەس دەزانێ لـە بازاڕی ڕۆژهەڵاتدا کـە نرخی یەکەمت پێ‌دەڵێن بایەخێکی‌وای نی‌یە . شتێك پێنج کەپێك بێنێ ڕەنگـە داوای سەد کـەپێکت لێ بکـەن .

باوکم گەسکێکی ئەستوورو پتەوی هەڵبژاردو پرسی :

« ئەمە فرۆتەنی‌یە ؟ » .

« بەڵێ فرۆتەنی‌یە . ئەگەرنا بۆچی لێرە وەستاوم ؟ » .

« بەچەندە ؟ » •

« چل کەپێك » •

« بۆ گەسك مایتە ؟ چی‌یە ؟ ئەو نرخە گرانەی لەسەر دادەنێی • نرخی ڕاستیم پێ بڵێ‌و بمدەرێ » •

« چل کەپێك » •

« بە بێ گاڵتە ؟ » •

« چل کەپێك » •

« بیست دەدەمێ » •

« چل کەپێك » •

« ئاخر تەنیا ٢٠ کەپێکم پێ‌یە » •

« کە پارەی تەواوت بوو ، ئەوێ گاوێ وەرەوە » •

باوکم زانی گەسکی پێ ناکرێ ، ئیدی ڕۆیشت‌و بەنـــاو بازاڕدا سووڕایەوە • هێندەی پێ نەچوو چاوی بە حەشامەتێك کەوت ، بڵندایی‌یەك ، لەنزیك ڕیزە دووکانێك تێك‌چڕژابوون • لێ‌یان نزیك کەوتەوە ، بـــە باڵەپەستۆ چووە پێشەوە ، بینی مەحموودی شایەرە خەڵکی گوێ‌یان لـــێ ڕاگرتووە •

مەحموود لە ناوەڕاستی حەشامەتەکە دانیشتبوو ، پەندووری بەدەستەوە بوو • جارێ ژێ‌یەکانی دەهەژاندەوەو بارێ دەستی دەخستە سەر ژێ‌یەکان‌و هەڵی‌دەکردە گۆرانی • هەموو بە هەناسە گرتەوە گوێ‌یان بۆ کلـــۆر کردبوو • ئەوەندە کش‌ومـات بوو ، هـەنگ بە ئاسـمانی بازاڕدا بفڕیبوایـە گیزەی دەهات • لە جانی گۆتندا کوڕێکی گەنج کۆخی ، چیایی‌یەکی ریش‌سپی کە لەوانەیە باوکی بووبێ بەتوندی دووری‌خستەوە •

لەم ساتە کپ‌و بێ‌دەنگەدا کـە نەدەبوو لە گۆرانیی مەحمـوود بەولاوە

هیچ دەنگێ بەرزبێتەوە ، کابرایەکی (جولەتاری) لەگەڵ ئەوەی تەنیشتی کەوتە گفتوگۆ .. کابرا نیازی خراپ نەبوو . هاوسێکەی لە یەك وشەی ئاڤـــاری نەدەگەیشت ، جا کابرای (جولەتاری) وشەکانی مەحموودی بۆ لێك‌دەدایەوە . کێشەکە لەوەدابوو کە هەڵەوەڕی و چەنەبازیی کابرا خەڵکی پەست‌کـــردو سەرنجی گوێگرانی پەرت‌کردو شادیی لێ تۆراندن .

هەمزەی لاو ــ کە پاشان بوو بە باوکی من ــ لەم کردەوەی کابـــرای (جولەتاری)بە پەست بوو ، قۆڵی راکێشا ، بێهوودە بوو . چرپاندی‌یە گوێی کە دەمی بگرێ‌و قسە نەکا ، سوودی نـەبوو . نەیزانی چۆن بێ‌دەنگی بکا ، ســـەیرێکی دەوروبـــەری خۆی کرد . بە ڕێکـــەوت کابرای گەسـك‌فرۆش گەسکەکانی بەجێ‌هێشتبوو و هاتبوو لە خەڵکەکە نزیك ببوەوە تا گوێ لـــە گۆرانی‌یەکە بگرێ . باوکم هـــەڵی‌کوتایـــە ســـەر گەســـکەکان‌و قورسترین گەسکی دەرکێشاو کەوتە گیانی کابرای جەربەزەی جولەتاری . کابرا خۆی ڕاپسکاندو کشایـــەوە ، دەستی بە هـــەڕەشەو گوڕەشـــە کرد ، بەڵام باوکـــم هێندە لێی لە ڕك‌ڕا چووبوو هیچ گوێی بە قسەکانی نەبزووت‌و لە ئاکامدا ئەم کابرا گێرە شێوێنەی دەرکرد کە ئاوازی گۆرانی‌یەکەی مەحموودی لـــــە حەشامەتەکە حەرام‌کردبوو .

ئینجا باوکم گەڕایەوە لای گەسك‌فرۆشەکە بۆئەوەی گەسکەکەی بداتەوە . کابرا پێی گوت :

« فەرموو ، بیبە بۆ خۆت » .

« ئاخر لە ٢٠ کەپێك زیاترم پێ نی‌یە ، تۆش چل کەپێکت دەوێ » .

« بەخۆڕایی بیبە ، ئـەوەی تۆ کردت لە هەموو گـەسك‌و کەرەستەکانم زیاتر دێنێ » .

ئەمڕۆ دنیا پڕبووە لە پیاوی وەکو کابرای جولـەتاری ، بەڵام جێی داخە

هیچ کەسێک نی‌یە پێی دارکاری بکرێن ، یا هیچ کەسێ‌وا نی‌یە ئەو کەسانە لەکاتی خۆیدا بخاتە کار .

لە چیاکاندا ئەگەر یەکێک قسەزان‌و زیرەک‌و بەرچاو بێ ، دەڵێن : « ئەسپێک بە زینەوە دەهێنێ » .

لە دەفتەری بیرەوەریمدا :

عەلی عەلیێف کە لە مەحەچ‌قەڵا دراوسێی من بوو ، پاڵەوانێکی کوڵ‌و ئازایە . چوار جار پاڵەوانێتی جیهانی وەرگرتووە . جارێکیان لە شاری ئەستەمبووڵ لەگەڵ پاڵەوانێکی زۆر بەوەجی تورک کەوتە زۆرانبازی . غەنیمەکەی پاڵەوانێکی کارامەو ڕاهاتووبوو ، بەڵام عەلی کە پاڵەوانێکی مەندو زیرەک بوو زۆر بەئاسانی پشتی لە عەردی دا .

کاتێک کابرای تورک هەستایەوە سەر پێ لەبەرخۆیەوە نەفرەتێکی کرد کە لە شاخەکانی داغستان زۆر باوە . عەلی کە گوێی لێ بوو لە ئەستەمبووڵ بە ئاڤاری قسە دەکرێ بەجارێک واقی وڕما . تورکەکە زیاتر واقی وڕما کە پاڵەوانی سەرکەتوو بە ئاڤاری پێی گوت :

« هاونیشتمانەکەم ، بۆ جنێو دەدەی ، ئەمە یاری‌یە یاری ! » .

بەڵام حەکەم‌و حەشامەتەکە لە هەمووی زیاتر واقیان وڕما کە دیتیان هەردوو غەنیم لەناکاو بەجۆرێک باوەشیان بەیەکدا کرد دەتگوت بران‌و لەمێژە یەکتریان نەدیوە .

پاشان بەدەرکەوت تورکەکە بە ڕەچەڵەک لە بنەماڵەیەکی ئاڤارە کاتی خۆی دوای دیل‌بوونی شامیل کۆچیان کردووە . ئەم دوو برادەرە تا ئەمڕۆش تا بڵێی بەینیان خۆشە .

بیرەوەری‌یەکی باوکم : ساڵی ١٩٣٩ باوکم چووە مۆسکۆ ، بۆئەوەی

مەدالیایەکی پێدرابوو ، وەری بگرێ • ئەمە ئەوکاتە شتێکی زۆر گەورە بوو • جا کە باوکم هاتەوەو مەدالیاکەی بە بەرۆکەوە بوو ، جەماعەت یا کۆبوونەوەی گشتیی دێ بەسترا • ڕوویان لـە باوکم نا باسی ئـەم سەردانەی خۆی بکات بۆ مۆسکۆ ، هەستی چۆن بووە بەرامبەر کرملین‌و دیتنی سەرەك میخائیـل ئیڤانۆڤیچ کالینین کە ئەو پایە گەورەیەی هەیە ، هەروەها داوایان لـێ کرد سەرنج‌و تێبینیی خۆیان بۆ بگێڕێتەوە •

باوکم ، چی‌یان لێ پرسی وەڵامی دانەوە ، پاشان گوتی : « گرنگتریـن شت کە هەرگیزاو هەرگیز لەیادم ناچێ ئەوەبوو کە کاتێ سەرەك کالینیـن بانگی کردم بە ڕووسی ناوی نەبردم ، بە ئاڤاری ناوبردم • گوتـــی (تسادا هەمـــزە) نەك (هەمزە تسادا) » •

ردێن سپی‌یەکان سەریان سووڕ ما و سەری ڕەزامەندی‌یان بۆ لەقاند •

باوکم پێداچوو ، گوتی : « بەم جۆرە دەبینن ئێوە چەندتان پێ خۆشـە کە شتی‌وا لە من دەبیسن ، دەوجا بزانن من چەندم پێ خۆش بووە کە لـە کرملین ، لە دەمی کالینین بە خۆیم بیستبێ • خوا دەیزانێ ئەوکاتە هێنـدە شادو بەختەوەر بووم تامی وەرگرتنی مەدالیاکەم هەر لەبیرنەما » •

ئەمن بەتەواوی لە هەستی باوکم دەگەم •

بەر لە چەند ساڵێك ، لەگـەڵ وەفدێکی نووسـەرانی سۆڤیەت چوومـە پۆڵەندا ، لـە ئوتێلی (کراکۆڤ) دابـەزیبووین • بەیانی‌یـەك ، یەکێك لـە دەرگای ژووری منی دا • کە دەرگام کردەوە دیتم کابرایەکی بێگانە بوو ، بە زمانێکی زۆر تەواوی ئاڤاری لێی‌پرسیم :

« ئەرێ ، ڕەسووڵی هەمزەی لێرەیە » ؟ •

کە ئەمەم بیست ، شلەژام‌و پێشم خۆش‌بوو •

( دەك ئاگر لـە ماڵی باوكت بەربێ ! ئـەوە چۆن تۆی ئاڤار گەیشـتیە كراكۆف ) •

بە دیتنی ئەم كابرایە زۆر شادومان بووم‌و ڕامكێشایە ژوورەكـەم‌و ئەوڕۆژە تا ئێواریێ‌و ئێوارەش تا مـاڵنووسـتنان هـەر گفتوگۆمـان كرد • مێوانەكەم ئاڤار نەبوو ، زانایەكی پۆڵەندی بوو لە ئەدەب‌و زمانەكانـــی داغستانی دەكۆڵی‌یەوە • یەكەم‌جار لە گرتووخانەی ئۆردووی ئەڵەمان لـە دوو هاونشینەوە گوێی لە زمانی ئاڤاری ببوو ، ئیتر كەوتبوە داوی ئەشقـی ئەو دوو ئاڤارەو زمانی ئاڤاری‌و كەوتبووە سەر لێكۆڵینـــەوەی زمانـــی ئاڤاری • پاش ماوەیەك یەكێك لە دوو ئاڤارەكە دەمرێ‌و ئەوەی مابوەوەش سوپای سۆڤیەت ڕزگاری دەكات‌و ئێستاش هەر ماوە •

من‌و كابرا هەر بە ئاڤاری دەدواین • ئەمەم زۆر پێ ناڕێك‌و بەرەوازی بوو • زانای تازە دۆستم داوەت كرد بۆئەوەی لە داغستان بێتە سەردانم •

بەدرێژایی ئەو ڕۆژە بە ئاڤاری دواین • بەڵام قسـەی من‌و قسـەی ئەو زۆر جودا بوون • ئەو وەكو زانایەك بە زمانێكی زۆر پەتی‌و تەواو ـ زۆر تەواو ـ لە هەمان كاتیشدا بە زمانێكی زۆر بێ‌زاخ دەدوا ••• زیاتر بایەخی بە ڕێزمان دەدا نەك بە نوكەو تام‌و بۆی قسە • باوەڕی بـــە سیســـتەم‌و داڕشتنی وشە هەبوو ، نەك تان‌وپۆی زیندووی وشەكان •

دەمەوێ كتێبێك بنووسم ڕێزمانی تێدا مل‌كەچ بێ بۆ زمان ، نەك بـۆ هیچ شت‌و شێوەی‌تر •

بەجۆرێكی‌تر : من ڕێزمان بەو ڕێبوارە دەشـوبهێنم كە بە لاكەلاك‌و بە داوەشاوی بە ڕێگادا دەڕوا ، ئەدەبیش بەو ڕێبوارە دەشوبهێنم كە بە سواریی ئێستر ڕێگا تەی‌دەكا • جارێكیان پیادەیەك تكای لە ئێستر سوارێكی‌وا كـرد كە هەڵی‌بگرێ ، سوارەكەش پیادەی لە پشتە خۆی سوار كرد • پـیادەی

کەلەکەوێت پەیتا پەیتا غیرەتی بزووت‌و زاتی زیادی کردو سوارەکەی لەسەر زین فڕێدایە خوارێ‌و تیی‌تەقاندو بەجێی‌هێشت‌و هاواری‌کرد : « ئەم ئێسترە ئێستری خۆمەو هەموو شتێکی ناو خورجینەکەش ماڵی خۆمە » .

ئەی زمانی زگماکی ئاڤاریم !

تۆ سامانی منیت ! ئەو گەنجینەی بۆ ڕۆژی ڕەش هەڵم‌گرتووی ، دەرمانی هەموو دەردانمی . ئەگەر یەکێ لەگەڵ لەدایك‌بوونیدا دڵێکی ستران‌بێژی لە سنگدا بێ‌و سەرباری ئەمەش کپ‌و بێ‌دەنگ بێ ، وا چاکە هەر نەهاتایەتە دونیا . من گەلێ گۆرانیم لە دڵدایەو دەنگیشم هەیە ، دەنگەکە تۆی ئەی زمانی زگماکی ئاڤاریم ! تۆ دەستت ڕاکێشام‌و وەك منداڵێکی ساوا لە گوندەکەی خۆم بردمتە دەرەوە بۆ دونیای فراوانی خەڵك‌و منیش باسی وڵاتی خۆم بۆ کردن . تۆ منت گەیاندە لای ئەو شتە مەزنەی پێی‌دەڵێن زمانی ڕووسی . ئەویش بوو بە زمانی زگماکم ، دەستەکەی‌تری گرتم‌و بۆ ناو هەموو وڵاتانی دونیای بردم . زۆر مەمنوون‌و منەتباریم دەق بەوچەشنەی کە مەمنوون‌و سوپاسگوزاری دایەنەکەمم . ئەو دایەنەی بەخێوی کردم ، ژنێکە خەڵکی گوندی (ئەرادەریخ)ە . بەڵام باش دەزانم کە من دایکی ڕاستەقینەی خۆمم هەیە ، ئەو دایکەی کە منی هێناوەتە سەر دونیا .

چونکە : پیاو دەتوانێ تپك (شقارتە ـ شەمچە) لە دراوسێیەکی وەربگرێ بۆئەوەی ئاگر لە ئاگردانی خۆی دابگیرسێنێ ، بەڵام ناتوانێ بۆ تپك بچێتە لای دراوسێکانی تا ئاگر لە دڵی خۆیدا بکاتەوە .

گرنگ ئەوەیە خەڵکی دڵیان یەك بێ ، چ‌قەیدی‌یە با بە زۆر زمانی جیاوازیش بدوێن .

دەزانم هەندێ برادەرم پشتیان کردۆتە گوندی خۆیان‌و ڕوویان کردۆتە شاری گەورە . چ‌تاتەواوی لەمەدا نابینم . زەڕنەقووتەش هەر کە

بالی گرت هێلانەی خۆی بەجێدێڵێ • بەڵام نازانم چ دەرهەق ئەو برادەرانەم بڵێم کە لە شاری گەورەدا دەژینو بە زمانێکیتر دەنووسن ؟

بێگومان ئەمە ڕای تایبەتیی خۆیانە ، بۆ من نەهاتووە سەرکۆنەیان بکەم ، بەڵام دەزانم ئەوانە بەوکەسە دەچن کە بی‌یەوێ (دوو شووتی بە دەستێك هەڵگرێ ) •

من قسەم لەگەڵ ئەو بەستەزمانانە کردووەو تێگەیوم ئەو زمانەی کە قسەی پێدەکەن فرێ بەسەر زمانی ئاڤاری‌یەوە نەماوە بەڵام ڕووسیش نی‌یە • ئەمانە دارستانێکم دێننەوە یاد کە پاسەوانەکانی ئەرکی سەرشانیان بە باشی بەجێنەهێنن •

راستی ، هەندێ‌کەسم دیوە ، لەبەرئەوەی زمانی زگماکی خۆیان زۆر هەژارو بێ نرخو نموود بووە ، چوون بەدوای زمانیتری گرنگو دەوڵەمەندا گەڕاون ، لەئەنجامدا وەکو بزنی ناو ئەفسانە ئاڤاری‌یەکەیان لێ هاتووە :

« بزنێك چووە دارستان بۆئەوەی کلکە گورگێك لە خۆی بنێ ، بەڵام کە گەڕایەوە ماڵێ قۆچەکانی خۆیشی نەمابوون » •

یان : ئەمانە وەکو قازی کەوی وان • قاز دەتوانێ مەلەوانی بکاتو خۆی لە ئاودا نقووم بکات بەڵام نەك وەکو ماسی ، دەتوانێ کەمێك بفڕێ بەڵام نەك وەکو باڵندەی سەربەست ، دەتوانێ نەختێك بخوێنێ بەڵام نەك وەکو بولبول • بەکورتی : هیچ‌کارێك بەتەواوی ناکات •

جارێکیان ، لە ئەبووتالیبم پرسی : « ها ، وەزعت چۆنە ؟ »

« نە باشم ، نە خراپ ، وەك گورگ نیم ، بەڵام وەکو کەرویشکیش نیم • بە یەك وشە : مامناوەنجی‌یەکی باشم » •

ـــ ئەبووتالیب بڕێك داماو پاشان پێداچوو : « مامناوەنجی وەزعێکی زۆر خراپە بۆ نووسەر • نووسەر دەبێ وا هەست بکا یا گورگەو کەرویشکێکی هەڵلووشیوە ، یا کەرویشکەو لەبەر گورگ ڕای کردووەو قوتار بووە » •

ـــ لە دەفتەری بیرەوەریمـــدا : جارێکیان ، هەنـــدێ لاو لە گوندێکـــی دراوسێمان هاتنە لای باوکم‌و پێیان ڕاگەیاند کە گۆرانی‌بێژێکیان دارکاری کردووە •

باوکم لێی پرسین : « لەبەر چی دارکاریتان کرد ؟ »

« کە گۆرانیی دەگوت ڕەزای خۆی گـران دەکرد • بەئەنقەســت دەکۆخی ، وشەکانی تێك‌دەشکاند • جارێ دەیزریکاندو جارێ وەك سەگ دەلووری • گۆرانی‌یەکەی تێك‌وپێك دەدا • ئێمەش بۆیە دارکاریمان کرد » •

« باشە ، بەچیتان لێ دا ؟ »

« هەندێك بە قایشی پشت‌و هەندێکیش بە مستەکۆڵە » •

« دەبوا قامچیشی لێ بخەنەکار • بەلام حەزدەکـەم بزانم لە چ‌شوێنێکی لەشیتان دا ؟ » •

« بەزۆری لە بەشی خوارەوەی لەشی • بەڵام ئەسکوردیشی هەنـــدێ زەبری بەرکەوت » •

« دەنا سەری لە هەموو شوێنێ تاوانبارتر بوو » •

ـــ بیرەوەری‌یەك : بۆچی ڕووداوێکی ترتان بۆ نەگێڕمەوە کە هەرچی‌و چۆنێك بێ وا کەوتۆتە مێشکمەوە ؟

گۆرانی‌بێژێکی ئافاری لە مەحەچقەلا هەیـــە • ناوی ناهێنم با نەزانێ لەگەڵ ئەومانە • ئەوەش هیچ لە باسەکـــەی ئێمە کـــەم ناکاتەوە • ئـــەو گۆرانی‌بێژە هەمووجارێ دەهاتە لای باوکـــم‌و داوای لێ دەکرد شیعری

گۆرانیی بۆ دابنێ ، باوکیشم دڵی نەدەشکاندو ئەوەندەی پێ نەدەچوو شیعرەکان دەکرانە گۆرانی •

ڕۆژێکیان ، دانیشتبووین چامان دەخواردەوە • ئێستگەی رادیۆ بڵاوی کردەوە کە گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ هەندێ گۆرانیتان پێشکێش دەکا کە هەمزە تساداسا شیعرەکانی داناوە • ئێمە هەموو گوێمان قوڵاغ کرد • باوکیشم گوێی راگرت • بەڵام تا زیاتر گوێمان بۆ ڕاگرت سەرسامتر بووین چونکە گۆرانیبێژەکە وشەکانی بەجۆرێك دەردەبڕی یەك برگەی ئاشکرا نەبوو • هەر هاتو هاوارو قیژەقیژمان دەبیستو هیچیتر • کەڵەشێر چۆن یەکەم جار دانەکەی هەموو پەرتو بڵاو دەکاتەوە ، پاشان دنك دنك هەڵیدەگرێتەوە گۆرانیبێژەکەش ئاوها وشەکانی قووت دەدا •

کاتێ کە باوکم تووشی گۆرانیبێژەکە بوو ، لێیپرسی بۆچی وشەکانی بەمدەردە بردووە • گۆرانیبێژەکە وەڵامیدایەوە :

« بۆیە وامکرد چونکە نامەوێ کەس لە وشەکان بگاتو لەبەریان بکات • ئەگەر گۆرانیبێژەکانیتر لە شاخان فێری وشەکان بن ، ئەوانیش گۆرانییەکەم دەبێژنو منیش دەمەوێ هەر تەنیا خۆم بیڵێمو بەس » •

دوای ماوەیەك باوکم ئاهەنگێکی شەونخوونیی بۆ برادەرەکانی گێڕاو لە دوو گۆرانیبێژەکەیشی گێڕایەوە • لە ئاخرو ئۆخری ئاهەنگەکە باوکم (کوموز)ێکی کۆنی شکاوی لە دیوار کردەوەو هێنایە خوارێ تەنیا یەك ژێی ساغ بوو ئەویش نەبەسترابوو • باوکم دەستی بە هەژاندنەوەی ئەو ژێیە ساغە کردو هەڵی کردە گۆرانی ، گۆرانییەکی گوت کە گۆرانیبێژەکە دایناببوو • هەموو وشەکانی یەك یەك بە چاکو ڕەوانی دەربڕی بەڵام ئاوازەکەی هەموو بەو ئامێرە شکاوە شێواند • گۆرانیبێژەکە پەستو مڕ بوو • هەستا

نارەزایی پێشاندا کە نابێ گۆرانی‌یەکـــەی بە (کوموز)ی کۆن‌و شـکاو لێ بدرێ ، چونکە جوانیی ئاوازەکە بەم‌شێوازە دەرنابڕدرێ •

باوکم بە هێمنی وەڵامی دایەوە :

« ئەمن بەئەنقەســـت بەم‌جۆرە مۆسـیقام لێ‌داو گۆرانیـم گوت • بۆنەوەم بوو تا خەڵکی‌تر فێری ئاوازەکەی تۆ نەبن‌و پێیان لەبەر نەکـرێ •• ئەگەر گۆرانی‌یەك کەس لە وشـەکانی نەگات‌و گۆرانیی بەسـوودیش بێ ، دیارە ئەو گۆرانی‌یەش هەمان شتە کە کەس لە ئاوازی ناگا » •

داغستانی‌یەکـان بە دە زمـان کتێب دەنووسن‌و بە نۆ زمـان بڵاوی دەکەنەوە • لەم‌بارەدا ئاخۆ دەبێ ئەوکەسانە چ‌بکەن کە بە زمانی دەیەمـین دەنووسن ؟ بەراست ، ئەمە چ‌جۆرە زمانێکە ؟

زمانی دەیەم زمانێکە ئەوکەسـانە قسەی پێ‌دەکەن کـە زمانی دایکی خۆیان لەبیرکردووە جا ئاڤاری بێ یا لەکی یا تاتی‌و هێشتا هیچ زمانی‌تریش فێر نەبووین • ئەوانە وەکو ئەوە وان کە لەبەینی دوو کورسی دانیشتبن •

ئەگەر زمانێکی بێگانە لـە زمانی خۆت باشـتر بزانی جێی خۆیـەتی بەکاری‌بێنیت • بەڵام کە هیچ زمانی دی بەتەواوی نازانی ، بە زمانی زگماکی خۆت بنووسە • نەکەی بە زمانی دەیەمین بنووسی ، ها ! راستی ، ئەمن دوژمنی زمانی دەیەمینم • زمان دەبێ ڕەسەن‌و ڕەچەڵەکی کۆن بێ ، تەمەنی هەزاران ساڵ بێ ، ئەو حەلە بەکەڵکی بەکارهێنان دێ •

بێ‌گومان ، زمانم دەگۆڕێ • ئەمـە شتێکە هەرگیز پیلەکەی لەسـەر ناکەم • گۆڕانەکە کت‌ومت بەوجۆرەیە کە درەخت هەموو ساڵێ گەڵاکانـی دەگۆڕێ ـ هەندێکیان سیس دەبن‌و هەڵدەوەرێن ، هـەندێکی‌تر دەپشکوون‌و جێی‌ئەوان دەگرنەوە • لەگـەڵ ئەمەشدا ، درەختەکـە خۆی هەر دەمێنێ ، ساڵ‌بەساڵ تەڕترو بەتەوترو بەبەرەکەت‌تر دەبێ‌و بەرهەم دەبەخشێ •

منیش گۆرانیو کتێبەکانی خۆمتان بۆ دێنم ، ئەو بەرهەمەی کە لەسەر درەختی کۆنو بچکۆڵانەی زمانی ئاڤاری ڕسکاوە •

## زمانی زگماکم

ئەو شتانەی لە خەودا دەیانبینن زۆر سەیرن •
ئەمشەو خەونم بە مەرگی خۆمەوە دی •
بە قرچەی نیوەڕۆ ، لەژێر ڕەوەزە شاخێکی داغستان کەوتبووم •
بە گوللە پێکرابوومو بەئاستەم هەناسەم دەهات •

ڕووبارێك بەلامەوە هاژەی دەهاتو دەڕۆیشت •
لە شیوی مەرگمدا ، لەبیر کرابووم •
بە بێدەنگ لەسەر زەوی پاڵمدابووەوە
خەریك‌بووم ببم بە هەمان زەوی •

خەریك‌بوو بمرم ، بەلام کەس پێی‌نەدەزانی
کەسیش نەدەهات ماڵاوایی‌م لێ بکا ،
بێجگە لەو هەڵۆیانەی بەسەر سەرمەوە دەسووڕانەوە
لە شیوێکی نزیك دەیانقیراند •

کەس لێم نزیك نەدەبووەوە ، فرمێسکێکم بۆ بڕێژێ ،
کەس لەسەر گۆڕە تازەکەم نەبوو ، سووی لێ ببمەوە :
نەدایك ، نە برادەرێ ، نە نازدارێ •
نە سەردولکە بێژێکیش گیرابوو بۆم بگریو هاوار بکات •

بەمجۆرە لەوێ کەوتبووم ، دەمردم ••
کە کتوپڕ لە نزیکەوە گوێم لە دوو کەس بوو
بە زمانی خزمەکانم ـ ئاڤارەکان
بەڕێوە یەکتریان دەدواند •

لەوێ ، لەبەر هەتاوی نیوەڕۆ کەوتبوومو دەمردم
لە دۆڵێکی داغستانەکەم
ئەوانیش کە دەڕۆیشتن باسی حەسەنێکی فێڵبازیان دەکرد
ئەو فێڵانەی لە کابرایەکی کردبوون •

که به بێتوانا لە بەینی بوون و مەرگدا هەڵواسرابووم
بەم وشانە سەرخۆش بووم کە لە نزیکمەوە دەهاتن
ئەو حەڵە زانیم چ شتێ چارەی من دەکات ·
دختۆر نی یە ، زمانی زگماکە ·

با زمانەکانی دیش چارەی دەردی گیانی خەڵکی تر بکەن
بۆ من نەهاتووە گۆرانی یان پێ بڵێم ·
بەڵام ئەگەر بەیانی زمانەکەم بفەوتێ
با من ئەمرۆ بمرم ·

دڵم هەمیشە بۆ زمانەکەم ژان دەکات ·
ئەگەرچی ڕەنگە هەندێکەس لە زمانەکانی تر بە هەژارتری دابنێن
ئەگەرچی ، لە ( ئەنجوومەنی گشتی )دا بەکارنایە
بەڵام بۆ من ـ زمانە زگماکەکەم ـ هەردەم شتێکی چاکە ·
ئاخۆ نەوەکانم بۆ تێگەیشتنی مەحموود
پەنا دەبەنە بەر وەرگێڕانی وشکی خەڵك
ئاخۆ من دوا پێنووس بەدەستم
کە بە زمانی ئاڤاری دەنووسم ·

من ئەم ژیانەم خۆش دەوێ ، ئەم دونیا گەورەیەم خۆش دەوێ
هەموو کونجێکی ئەم وڵاتە گەورەیەی بنیادەمم خۆش دەوێ ·
بەڵام وڵاتی سۆڤێتم لە هەموویان خۆشتر دەوێ
نابتوانم بە زمانی خۆم گۆرانیی پێ هەڵدەڵێم ·
لە (چوکۆتکا)وە تا دەریای بەڵتیك
ئەم وڵاتە سەربەست و گوڵینەم بەلاوە ئازیزە
لە هەرکوێ پێویست بوو بۆی دەمرم
بەڵام کە مردم ، با (لێرە) بنێژرێم ·
کە لە گۆڕستانی نزیك گوندە کۆنینەکەم
ئاڤارە ئازیزەکانم ناوە ناوە کۆدەبنەوە
با بە ئاڤاری ناوی ڕەسووڵ بێنن
کە هاونیشتمانێکیانە ، میراتگری هەمزەی تسادایە ·

له دەفتەری بیرەوەریمدا : کوڕە چینی یەك ویستی کچە ڕووسێك بێنێ ؛

بەڵام دایك و باوکی کوڕە قایل نـەبوون . دەبێ کچە زۆری حەز لەو کوڕە ئاڤارە کردبێ و بۆی سوتابێ چونکە ڕۆژێکیان کوڕە نامەیەکی کچەی بۆ هات بە زمانی ئاڤاری نووسیبووی . کوڕە یەکسـەر چوو نامەکەی پیشانی دایك و باوکی دا ، ئەوانیش هێندەیان بەلاوە سـەیر بوو باوەڕیان بە چاوی خۆیان نەدەکرد . ئەم تاقە نامەیە کارێکیوای تێ کردن ، وای بزواندن کە ڕازیبوون کچە ببێ بە بووکی ماڵیان .

له دەفتەری بیرەوەریمدا : زمان بۆ نووسەر وەکو دەغڵودان وایە بـۆ

فەلاح . هەر گوڵێك گەلێ دانە گەنمی تێدایەو گوڵەکانیش ئەوەنـدە زۆرن نایەنە ژمار . لەگەڵ ئەمەشدا ، ئەگەر فەلاحەکە بە تەمبەڵی دابنیشێ و سەیری تەبارە دەغڵەکەی بکا یەك دنکی لێ هەڵناگرێتەوە .

دەبێ یەکەمجار دەغڵەکە بدوورێتەوەو ئنجا بکوترێ ، بەڵام ئەمە تەنیـا بەشێکی کارەکەیە ، پاشان نۆرە دێتە سەر شەنەباو لێك جوداکردنەوەی ڕەوسەو کا ، ئنجا هاڕین و کردنە ئارد ، هەویرو ئەنگوتك بڕین و نانبرژاندن .. بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە لەبیرتان ناچێ هەرچـەندە پێویستمان بـە گەنـم بێ نابێ هەمووی بەکاربێنین . فەلاح هەمیشە باشترین گەنم بـۆ ( نـۆو ) هەڵدەگرێ .

نووسەرێك کە خۆی بە زمانی خۆیەوە ماندوو بکات لە هەموو شتێ زیاتر لە فەلاح دەکات .

گوتوویانە : هەندێ منداڵ درەختێکیان بڕیەوە ، تاق تاق کەرەیەکـی لەسەر دەژیا . هێلانەکەیان تێك دا .

ـ « هۆ درەختەکە ! پێم بڵێ بۆچی بڕایتەوە ؟ »

« چونکە نەمتوانی هیچ قسەیان لەگەڵدا بکەم ،

ـ « هۆ تاق‌تاق کەرەکە ! بۆچی هێلانەکەت کاول کرا ؟ » ،

« چونکە زۆرم چەنە لێدا » .

گوتوویانە : وشە وەکو باران وایە ـ یەکەم جار باری زۆر گەورەو پیرۆزە ، دووەم جار باشە ، سێیەم جار بەرگەی دەگیرێ ، چوارەم جار ئافات‌و لێشاوە .



# بـابــەت

**ئەم دەرگایە مەشـکێنە ، کلیل بەئاسـانی دەیکاتەوە ٠**

« نووسراوی سەر دەرگایەك »

**مەڵێ : « بابەتێکم بدەرێ » ٠**

**بەڵکو بڵێ : « دوو چاوم بدەرێ »**

« ئامۆژگاری بۆ نووسەرێکی لاو »

« هاوڕێ خۆشەویستینە ! هەست‌دەکـەم زۆرم مگێز لە نووسینە ، بەڵام نازانم لەبارەی چی‌یەوە بنووسم ٠ بابەتێکی ڕۆژانەی خۆشم بدەنێ تا کتێبێکـــی بەرز بنووسم » ٠

هیچ سەیر نی‌یە بۆ گەنجێك کە بەم هەست‌و میزاجەوە بـــۆ یەکێتیی نووسەران ، یا بۆ دەستەی نووسەرانی گۆڤارێك ، یا ڕۆژنامەیەك ، یا بـــۆ نووسەرێك بنووسێ ٠ منیش نامەی وام بۆ دێ ٠ باوکیشم بۆی دەهات ، بەڵام کە بۆی دەهات سەری با دەداو دەیگوت :

« ئەم گەنجە دەیەوێ ژن‌بێنێ ، کێشە لەوەدایە نازانێ کێ بخوازێ ٠

هیچ کچی تایبەتیی لە بەرچاو نەگرتووە ، بۆیە کەس نازانێ دەبێ داخوازیکەر ڕەوانەی لای کێ بکرێن » •

بیرەوەرییەک : جارێکیان یەکێتیی نووسەرانی داغستان ، نامەیەکی لە ئەبووتالیبەوە پێ گەیشت ، داوای کردبوو بۆ ماوەی مانگێك ڕەوانەی گوندێکی دووری چیایی بکەن بۆئەوەی کەرستەی ئەدەبی کۆبکاتەوە • لە کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەردا کاتێ لە داواکەیان کۆڵییەوە لێیان پرسی داخۆ بەتەمایە چ باسێك بنووسێ •

پیرە شاعیر پەست و زویر بوو :

« بۆ ؟ ڕاوکەر دەزانێ تووشی چ جۆرە نێچیرێك دەبێ ـ کەروێشك ، قاز ، گورگ ، ڕێوی ••• ؟ چما جەنگاوەر پیشەکی دەزانێ چ جۆرە باڵەوانییەك لە شەڕدا دەنوێنێ ؟ »

وا ڕێکەوت منیش لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە بووم • قسەکانی ئەبووتالیب مۆرکێکی وایان بە دڵمەوە نا هەتا هەتایە ناسڕێتەوە • من سەرم لەوان کەسان سووڕدەمێنێ کە نووسەر بەو پرسیارانە هەراسان دەکەن داخۆ لە ساڵانی داهاتوودا نیازی نووسینی چیی هەیە • بێ گومان ، نووسەر بەشێوەیەکی گشتی بیرێکی لەبارەی پلانی ئەو کارەیەوە هەیە کە بەتەمایە بیکات • دەشێ بڕیار بدات کە ڕۆمان ، یا تریلۆژی بنووسێ ، بەڵام کە دێتە سەر شیعر ••• شیعر وەکو دیاری بە بێ ئاگادارکردنەوە ، دەپەڕێتە کەللەوە • شیعر مل بۆ یاسای توندو تیژ کەچ ناکات • پیاو ناتوانێ پیشەکی نەخشەیەك دابنێ : ئەمڕۆ سەعات دەی پێش نیوەڕۆ لە جادەدا تووشی کچێك دەبم و حەزی لێدەکەم • یا بەیانی سەعات پێنجی دوای نیوەڕۆ ڕقم لە کابرایەکی دووڕوو هەڵدەستێ •

شیعر وەکو گوڵی ناوباخ و شیرازەی گیا نییە • لەوێ ، هەموو شتێ لە شوێنی خۆیەتی و لە بەرچاو دیارە ، پێویست بە گەڕان و پشکنین ناکات •

شیعر وەکو ئەو گوڵە کێوی‌یانە وایە کە لە بوورو بەیارێك یا لە مێرگێکی شاخاویدا ڕوابن • لەوێ ، هەر شەقاوێك داوێی گوڵێکی جوانترت دەکەوێتە بەرچاو •

سۆز مۆسیقا پەیدا دەکات • مۆسیقا سۆز دەبزوێنێ • کامەیان پێش کامەیان دێ ؟ تا ئەمڕۆش ئەم گرێیە خاونەکراوەتەوە : کامەیان پێشتر هەبووە ، هێلکە یا مریشك ؟ دەق بەو شێوەیەش پیاو بۆی هەیە بپرسێ : ئایا نووسەر بابەت دەخوڵقێنێ ، یا بابەت نووسەر دەخوڵقێنێ ؟ بابەت هەموو جیهانی نووسەر دەگرێتەوە • بابەت بریتی‌یە لە وجوودی نووسەر • بابەت نەبێ نووسەر نابێ • هەر نووسەرێك بابەتی خۆی هەیە •

هەست‌و بیر وەکو باڵندە وان ، بابەتەکە ئاسمانە
هەست‌و بیر وەکو شوور وان ، بابەتەکە دارستانە
هەست‌و بیر وەکو ماسی وان ، بابەتەکە چیایە
هەست‌و بیر وەکو ڕێگا وان ، بابەتەکە ئەو شارەیە کە هەموو ڕێگاکان بۆی دەچن‌و یەکتری تێدا دەگرنەوە » •

وڵاتەکەم بابەتی منە • پێویست ناکا بەدوایدا بگەڕێم یا هەڵی‌بژێرم • ئێمە وڵاتمان هەڵنابژێرین • وڵاتەکەمانە کە هەر لە سەرەتاوە ئێمە هەڵدەبژێرێ •

هەڵۆ بە بێ ئاسمان نابێ ، بزنە کێوی بێ تاشەبەرد نابێ ، مارماسی بێ جۆگەلەی ڕوون‌و خوڕەم نابێ ، فڕۆکە بێ فڕۆکەخانە نابێ • بە هەمان شێوەش نووسەر بە بێ وڵاتی‌خۆی نابێ • ئەو هەڵۆیەی بە تەپی‌و تەوەزەلی لەناو باخچەدا بەناو مریشکاندا بڕوا هەڵۆ نی‌یە ، ئەو بزنە کێوی‌یەی بە تەبایی لەگەڵ مێگەلی کۆلخۆزدا بلەوەڕێ بزنەکێوی نی‌یە ، ئەو مارماسی‌یەی لەناو گۆمی دەستکردی ماسیاندا مەلە بکات مارماسی نی‌یە • ئەو فڕۆکەی لە مووزەخانە داندرابێ فڕۆکە نی‌یە •

دەق بەوشێوەیەش ، هیچ بولبولێك بە بێ چریکەو خوێندن بولبول نی‌یە •

دیسان لەبارەی بابەتەوە : لەوەتی منداڵم یادی دیمەنێکی تایبەتیم لە مێشکدایە • هەرکاتێ پەنجەرە بچکۆلانەکەی ماڵەکەمانم بکردایەوە دەشتێکی سەوزو فراوانم دەکەوتە بەرچاو ، وەکو سەرپۆشی مێز لە بەرپێی گوندەکەمان ڕاکشابوو • لە هەمولایەکەوە تاوێرە بەرد وایان دەنواند کە خۆیان دەسەر ئەو دەشتە داهێناوە •• تووڵەڕێی قەدشاخان بەجۆرێ پێچیان دەکردو دەسووڕانەوە جووڵەی ماریان بەبیر دەهێنامەوە • دەرگەی ئەشکەوتەکانیش لە گەرووی دەعبا دەچوون • ڕیزە شاخێکی‌تر لەپشت ئەم شاخانە هەبوو ، وەك پشتی حوشتر لووس‌و خڕو پتەو دیار بوو •

ئێستا ، ئەمن دەزانم لە سویسراو دەوروبەری ناپۆلی شوێنی زور جوانتر هەن ، بەلام ڕێم کەوتبێتە هەر شوێنێك‌و چاوم بە هەر جوانی‌یەکی سەرزەوی کەوتبێ ، بە بێ گۆڕین‌و داتاشین ، دیمەنەکەم لەگەڵ وێنە دوورەکەی سەردەمی منداڵیم بەراورد کردووە ، ئەو وێنەیەی کە لە چوارچێوەی بچکۆلەی پەنجەرەی ماڵەکەماندایە • ئەم بەراوردەش هەموو شتێکی جوانی دونیام لە بەرچاو دەخا ••• ئەگەر لەبەر هەرچی‌و چۆنێك ، ئەم گوندە مەڵبەندی خۆم نەبوایە ، ئەگەر گوندەکەمان لە مێشکمدا نەبوایە ئەو حەلە هەموو دونیام بەلاوە وەکو سینگێکی بێ‌دڵ‌و زارێکی بێ‌زمان‌و چاوێکی بێ‌بیلەو هێلانەیەکی بێ‌باڵندە وا دەبوو • ئەمەش هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کە من بابەتەکەم لەناو سنووری تەسکی گوندو خانووەکەم دەئاخنم ، ئەوە ناگەیەنێ کە من شوورەیەکی بڵند بەدەوری بابەتە بەهادارەکەمدا هەڵدەبەستم •

زەوی هەیە کە گاسن تفرێکی ئەستووری لەسەر لابرد لمێکی بە پیتی لێ دەردەکەوێ • زەوی‌یش هەیە هەر تفرێکی تەنکی لەسەر لابدرێ زەوی‌یەکی چەقێنی لێ دەردەکەوێ • زەویی‌واش هەیە بێ‌ئەوەی تفرە تەنکەکەشی لەسەر

لأبەن ، بەردو چەوی تێدایە • ئەمن نیازم وا نی یە زەویی وا بکێڵم و دای بچێنم ، چونکە دەزانم بەرهەمی کەمە •

حەز ناکەم خۆشەویستیم دەرهەق خاکی زگماکی خۆم سندم بکـــەم ، یا ڕایبەوڵێنم • وەکو ئەسپێك کــە بە ڕۆژ ئیشی گرانی کردبێ و بۆ لەوەڕ بەر هەڵدرابێ ، ئاوا جڵەوی ئەسپەکــەم بەرەڵلا دەکەم ، دەست بـــە ملی تەڕو شێداری دا دێنم و پێی دەڵێم : « بۆ خۆت نەختێ بلـــەوەڕێ ، با شەنگ و تاقەتت بێتەوە بەر » •

نیشتمانەکەم ، لە ناخی هەست و نەستمدا ، وەکو ئەو جۆرە ئەســـپە سەرازادە ، هێمن و نەرم و لەسەرخۆیە •

من حەزناکەم لە خانووەکەم ، لە گونـــدە شاخاوی یەکەم ، لـــە داغستانەکەم ، یا لە سەراپای وڵاتەکەمـــدا بەدوای هەموو دیاردەیەکـی دونیاکەماندا بگەڕێم • بەپێچەوانەوە ، وڵاتی خۆم لـــە هەموو دیاردەیەك و لـــە هەموو کونجێکی دونیادا بەدی دەکەم • لەم بارەیەوە هەمـــوو دونیـــا بابەتی منـــە •

لەبیرمە جارێکیان لە (سانتیاگۆ)ی دوورو ئەفسانەیی دا تاریك و ڕوونـــی بەیانی لەگەڵ دەنگی کەڵەشێر بەئاگا هاتم ، کە چاوم کردەوە تا ماوەیەك وام هەست کرد کە لە ماڵەوەم ، لە گوندە بەردینە بچکۆلەکەی خۆمانم ، بەم جۆرە کەڵەشێرەکانی سانتیاگۆ بوونە بابەتێك بۆ من •

جارێکیان ، لە پێشبڕکێیـــەکی جوانیدا ئامادەبووم لە ژاپۆن ، کە لـــە فەنتازیترین شاری (کەمەکورا) بەسترا • کاتێ کە نەشمیلەکان بە بەردەممدا دەڕۆیشتن بۆئەوەی شاژنی جوانی یان لەناو هەڵبژێرن ، لەگەڵ تاقە شاژنێکی جوانی خۆمانم بەراورد کردن کــە لــە چیاکانی ئاڤارستان بـــەجێم هێشتبوو و

جوانی‌یه‌کی‌وای تێدابوو له‌واندا نه‌ده‌دی • به‌م‌جۆره نازداره‌کانی ژاپۆن ، بگره شاژنی جوانیی ژاپۆن بوو به بابه‌تێك بۆ من •

له سه‌ردانێکی ( نیبال ) ، تا تێربووم سه‌یری په‌رستگای بووزی‌یه‌کان‌و کۆشکی پاشاکان‌و ئه‌و بیست‌و دوو گه‌ڕاوه‌م کرد که چاره‌ی هه‌موو نه‌خۆشی‌یه‌ك ده‌که‌ن‌و هه‌موو سیحرو شوومێك له دونیادا ده‌سڕنه‌وه • پاشان به یاڵه سه‌خته‌کانی چیای (که‌ته‌مه‌ند)دا هه‌ڵگه‌ڕام • ئه‌مه داغستانه‌که‌می هێنامه‌وه یادو گه‌ڵێ له دیمه‌نی کۆشك‌و په‌رستگا جوان‌و نه‌خشینه‌کان زیاتر دڵم پێ کرایه‌وه • شاخی ساکارم به‌لاوه زۆر به‌نرختر بوو له‌و کۆشکه به‌رزانه‌ی چاوم پێ‌که‌وتن • وام چووه دڵه‌وه که ئه‌م شاخانه نه‌خۆشی‌و به‌دی‌و وه‌یشوومه له دڵ ده‌رده‌که‌ن نه‌ك گه‌ڕاوه سیحری‌یه‌کان • به‌م‌جۆره په‌رستگای بووزی‌یه‌کان‌و چیاکانی (نیبال) له‌پڕێکدا بوون به بابه‌تێك بۆ من •

دوای شاره قه‌ڵه‌باڵغ‌و پڕهه‌راو جه‌نجاڵه‌کانی هیند ، بردمیانه گوندێکی بچکۆلانه‌ی نزیك (که‌لکه‌تا) • له‌سه‌ر جۆخینی گه‌نم‌کوتاندا ئیش گه‌رم بوو • گای هێمن گێره‌یان ده‌کردو گوڵه گه‌نمی زێڕینیان له‌ژێر پێدا ده‌کوتا • هیچ شانۆو مووزه‌خانه‌یه‌ك له دونیادا به‌قه‌د دیمه‌نی ئه‌و گا هێمنانه‌ی گوڵه‌گه‌نمی زێڕینیان ده‌کوتا خۆشی‌و شادیی نه‌خستۆته دڵمه‌وه • وام زانی چوومه‌ته‌وه گونده‌که‌ی خۆمان‌و بوومه‌ته‌وه منداڵ • به‌م‌جۆره گوندێکی بچکۆلانه‌ی هیندی نزیك (که‌لکه‌تا) بوو به بابه‌تێك بۆ من •

بینیومه : له شاخه‌کانی (ئه‌ندۆنیسیا)ش وه‌کو شاخه‌کانی خۆمان

ده‌هۆڵ کوتراوه • قه‌وقاسی‌یه‌ك له شه‌قامه‌کانی نیۆیۆرکدا به جل‌وبه‌رگی چه‌رکه‌سیی نه‌ته‌وایه‌تیی خۆمانه هات‌وچۆی کردووه • داغستانیی داماو که خۆیان خۆیانیان ئه‌فه‌رۆز کردووه له ئه‌سته‌مبوڵ‌و پاریس ژیاون • گۆزه‌ی ده‌ستکردی گۆزه‌که‌ره ناوداره‌کانی به‌لخار له له‌نده‌ن خراوه‌ته پێشانگا •

خەڵکی ڤینیسیا واقیان لە مەعلانێو کارتانیی تەنافبازەکانی گوندی (تسۆفکرا)ی لەکیمان وڕماوە • کتێبێك لەبارەی شامیلــەوە ، لە شاری پترسبۆرگ ، لــە دووکانی کۆنەکتێب ـ فرۆشێك کەوتووە •

لە هەموو شوێنێك ، چووبم بۆ شوێنی هەرچەند دووریش ، بیرم هەر لەلای داغستان بووە •

ئەگەر کۆمەڵە دوژمنێك پێکەوە هێرش بکەنە سەر جەنگاوەرێك ، ئەوە نیشانەی بەدبەختیی جەنگاوەرەکەیە ، چونکە ناتوانێ لە یەك کاتدا بەرگری لە پێش و پاشی خۆی بکا ، بەڵام ئەگەر بەردێکی بۆ بڕەخسێ پشتی پێوە بدا ئیشی زۆر شڕ نابێ : شیروەشێتی ئازاو چاپووك ، ئەگەر بەردێکی هەبێ پشتی پێوە بدا دەرەقەتی دوو ، بگرە سێ دوژمنیش دێ •

داغستان شاخی منە • پشتم دەگرێ بۆئەوەی خۆم لەبەر هەموو کاتێکی تەنگانەو بگرە لەبەر گەورەترین تەهامەت ڕابگرم •

ڕێبوار کە دەچنە شاران و دێنەوە ، گۆرانی نوێ لەگەڵ خۆیان دێننەوە ماڵێ • گرفتی من لەوەدایە بچمە هەرشوێنێك کە گەڕامەوە گۆرانیی داغستانی لەگەڵ خۆم دێنمەوە • لەگەڵ هەر شیعرێکی تازەدا ، سەر لەنوێ وڵاتەکــەم دەبینم و سەرلەنوێ تێیدەگەم و سەرلەنوێش خۆشمدەوێ •

بەلای منەوە داغستانەکەم بێبەی و بێسنوورە •

لە دەفتەری بیرەوەریمدا :

« هۆ ، هەڵۆ ! گۆرانیی پەسندت باسی چی دەکات ؟ »
« شاخی ڕك و بەرز » •
« هۆ ، ماسیگرە ! گۆرانیی پەسندت باسی چی دەکات ؟ »
« دەریای شین » •

« هۆ ، قەلەڕەشکە ! گۆرانیی پەسندت باسی چی دەکات ؟ »
« کەلەشی بەتامی شەڕگە » .

ئەدەبیش باڵندەی خۆی هەیە ـ هەڵۆو ماسیگرەی خۆی هەیە . هەندێك شاخیان پێ خۆشە ، هەندێك دەریا . هەر باڵندەیەك ڕەگەزی خۆی هەیە ، بابەتی خۆی هەیە . بەڵام قەلەڕەشکەش هەن ، ئەمانە خۆیان لە هەموو شتێ خۆشتر دەوێ . قەلە ڕەشکە کاتێ لە شەڕگـــەدا چاوی کوژراوێك دەردێنێ باکی پێ نی‌یە داخوا ئەو چاوانە چاوی قارەمانێکن یا هیی ترسنۆکێك . هەندێ نووسەر دەناسم ئەمڕۆ نیشی‌وا دەکەن سوودی ئەمڕۆی تێدابێ‌و بەیانیش شتی وا دەکەن کەڵکی بەیانیی پێوە بێ .

دیسان لەبارەی بابەتەوە : بابەت وەکو سندووقێکە پڕ گەنجینەی بەهادار بێ ، کلیلەکەی وشەیە ، بەڵام دەبێ ئـــەو گەنجینە بەهادارە هیی خۆت بێ نەك هیی خەڵکی‌تر .

هەندێ نووسەر خێرا لە بابەتێکەوە دەچنە سەر بابەتێکی‌تر بە بێ‌ئەوەی لە هیچێکیان قووڵ بنەوە . ئەوانـــە سەرقاپەی سندووقەکـــە هەڵدەدەنـــەوەو سەرەکەی بە گۆڕێ وەردەکەن‌و هەڵدێن . خاوەن سندووقەکە دەزانێ ئەگەر بە ئەسپایی ناواخنی سندووقەکە یەك یەك دەربهێنرێ قووتوویەکی پڕ مرواریی بەنرخی لە بندا دەردەکەوێ .

ئەوانەی لە بابەتێکەوە باز دەدەنە سـەر بابەتێکی‌تر وەکو (دالاکۆلۆف) وان کە لە شاخاندا بە ژن‌زۆری ناوبانگی دەرکردبوو . کابرا توانی (٢٨) ژن بێنێ بەڵام سەرەنجام بە بێوەمێردی مایەوە .

ناتوانین بابەت لەگەڵ تاقە ژنی شەرعیی پیاو ، لەگەڵ دایك ، لەگـــەڵ منداڵی تاقانە ، بەراورد بکەین ، چونکە نابێ بگوترێ : « ئەمە بابەتی تایبەتیی منەو کەس هەقی نی‌یە دەستی بداتێ » .

بابەتەکە هیی منە بەڵام بۆ هەموو کەس واڵایە • خۆم گوێم لێ بووە نووسەرێك جنێوی بە نووسەرێکی‌تر داوە گۆیا بابەتەکەی لەم دزیوە ، دەیگوت : « کێ ڕێگەی دای لەبارەی ـ ئێرچی کازاخ ـ ەوە بنووسی ؟ خۆت زۆر باش دەزانی ئەم بابەتە بابەتی منە • منم کە لەبارەی ئێرچی کازاخەوە دەنووسم • ئەوەی تۆ دەیکەی دزی‌یەکی بە سۆرە سۆرە » •

نووسەرەکە ئەوەندە پەشۆکابوو دەتگوت دەزگیرانیان فڕاندووە • چیابی‌یەك وەڵامێکی هەقەمستی نایە دەست : « ئەوەی کە شیری تێژو بێبەزەیی بێ ئەو دەتوانێ بێ بە ئیمام • بووك هیی ئەو کەسە نی‌یە دەنێرێتە داخوازی ، بەڵکو هیی ئەو کەسەیە کە دەیهێنێ‌و دەیکاتە ژنی خۆی • بابەتی ئێرجیش وەکو هەر بابەتێکی‌تر هیی ئەو کەسەیە کە بە باشی لەبارەیەوە بنووسێ » •

ڕاستی دەشێ گەلێ نووسەر بە جودا جودا ، هەر یەکە سەربەخۆ لەبارەی یەك بابەتەوە بدوێن • ئەدەب کۆڵخۆزی تێدا نی‌یە • هەر نووسەرێك زەویی خۆی‌و کێڵگەی خۆی هەیە ، هەرچەندە بچووکیش بێ •

هەرچۆنێك بێ من کەس لە زەویی خۆم پاوان ناکەم • چێنر سەر لە زەوی‌یەکەم نادەم •

نە سەگێکت لەسەر تخووبی زەوی‌یەکەم دەکەوێتە بەرچاوو نەیاساوڵێکی تفەنگ بەدەست •

بە ڕاست ؟ کوا ئەم تخووبە لە کوێیە ؟ چۆن دیار دەکرێ و ، لەکوێوە دەبەزێ ؟ بابەتی من پاوانی تایبەتیی نی‌یە • ئەو شوێنە مەحرەمەی مزگەفت نی‌یە کە نابێ کەسی بێگانە پێی تێ باوێ •

جارێکیان لە کۆنگرەی نووسەرانی داغستان بوو بە گفتوگۆ • یەکێ پرسی : « بۆ دەبێ داغستانی‌یەکان لەبارەی وڵاتەکانی‌ترو گەلەکانی‌ترەوە

بنووسن ؟ دەبا ئەسپانی لەبارەی ئەسپانیاو ژاپۆنی لەبارەی ژاپۆن‌و ئەوانەی لە ئۆراڵ دەژین لەبارەی پیشەسازی‌یەکانی ئۆراڵەوە بنووسن • ئەگەر باڵندەیەك هێلانەی لە باخچەیەك کردبێ قەت دەچێ لە باخچەیەکی‌تردا بخوێنێ ؟ ئایا دەبێ خۆڵ لە بەرزاییی بەردەڵانەوە بهێنرێتە خوارێ بۆ ناو ئەو دۆڵەی کە خاکێکی زۆر بە پیت‌و بەرەکەتی تێدایە ؟ ئاخۆ دەبێ دونگەمەڕ پێش قرچانەوە کەرەی تێ‌بکرێ ؟ » •

مێوانێك کە لە کۆمارێکی‌ترەوە هاتبوە کۆنگرەکە وەڵامی دایەوەو گوتی : « باڵندە چۆن هێلانەی خۆی هەیە دەعباش ئاوها لانەی خۆی هەیە • بەڵام خۆر ڕووناکی بە هەموو دڕندەو جانەوەرێك دەبەخشێ ، باران بەسەر هەموو درەختێکدا دەبارێ • پەلکە زێڕینە خۆی دەخاتە بەر هەموو چاوێکەوە ، برووسکە لەسەر شاخی بەرزو لەناو دەربەندی قووڵ چەخماخە دەداو شرقەی لێوە دێ •• دەکرێ برنج لە وڵاتی دوورەوە بێنی‌و پەردەپڵاوێکی بوختەو زەریفی پێ لێ‌بنێی • من لە وڵاتێکی بێگانەوە هاتوومەتە کۆنگرەکەتان• هەر بۆ ئەوە هاتووم پیرۆزبایی‌تان لێ‌بکەم • بۆئەوە هاتووم چیاکانتان ، دەریاکانتان ، گەلە نەبەزەکەتان ، ئافرەتە ناسك‌و نازدارو داوێن پاکەکانتان ببینم‌و خۆشم بوێن • کە چوومەوە ئەگەر لەبارەی ئێوەوە بنووسم خەڵکی لای خۆمان زۆر سوپاسم دەکەن • ئێوەش ئەگەر لەبارەی ئێمەوە بنووسن هیچ زیانتان لێ ناکەوێ • نووسەر خۆی سەرپشکە چی بنووسێ • وەکو مەسەلەی دڵداری وایە • ئایا کە خۆشەویستی دەچێتە دڵەوە پرس بە کەس دەکات ؟ •

کۆنگرە چەپڵەی ئافەرینی بۆ میوانەکە لێ‌دا کە قسەکانی وەکو تیر تیژو بەکار بوون • بەڵام من کە چەپڵەم بۆ لێ دەداو تەواو لەگەڵ قسەکانیدا بووم هەندێ بیرم لە مێشکدا بوو لێم جودا نەدەبووەوە :

« شتی چاکە پیاو لەبارەی وڵاتەکانی‌ترو گەلەکانی‌ترەوە بنووسێ بەڵام ئەوکاتە کە بەتوندی پێی لەسەر بابەتی خۆی چەسپاندبێ » •

داغستانی بچکۆلەو دونیای فراوانم دوو گۆلن‌و کە شۆڕ دەبنەوە دۆڵ تێکدەکەنەوەو یەك ڕووبار دروست دەکەن : دوو دڵۆپە فرمێسکن‌و لە دوو چاوەوە دەڕژێن‌و بەسەر دوو ڕوومەتدا دێنە خوارێ ، بەلام لە یەك سەرچاوەوە ـ خۆشی یان ناخۆشی ـ هەڵدەقوڵێن :

**دوو دڵۆپە فرمێسك ڕژانە سەر گۆنای شاعیریکەوە**
**یەکێ لە چەپەوە ، یەکێ لە ڕاستەوە .**
**دڵۆپی تووڕەیی‌و دڵۆپێ خۆشەویستی .**
**فرمێسکی خەم‌و فرمێسکی شادی**

**دوو دڵۆپە ڕۆندکی مەندو ڕوون وەك بلوور ،**
**دوو دڵۆپ کە لێك دەبنەوە هچ هێزیان تێدا نی‌یە**
**بەلام کە تێك دەکەنەوە دەبنە شیعرێك**
**وەك برووسکە دەبریسکێنەوە یا وەك گەوارە دادەڕژێ .**

ئەی داغستانی بچکۆلەم ، ئەی دونیای فراوانم !

ئێوە ژیانی منن ، ئاوازی منن ، کتێبی منن ، ئێوە بابەتی منن .

هەڵۆیەك لەسەر تاشە بەردە بەرزەکانیەوە نەفڕێتە خوارێ بۆ دەشتی هەراو ، هەڵۆیەکی خراپە .

هەڵۆیەك لە دەشتی هەراوەوە نەگەڕێتەوە سەر تاشە بەردەکانی ، هەڵۆیەکی خراپە .

هەڵۆ ئەم کارەی بەلاوە ئاسانە . خۆی بە هەڵۆیی لەدایك‌بووەو تەنانەت ئەگەر خۆیشی بی‌یەوێ ناتوانێ ببێتە ماسیگرەو قەلەڕەشکە . نووسەر زۆر زەحمەتە ببێ بە هەڵۆ ، ئەو کاتە دەبێتە هەڵۆ کە لەکاتی لەدایك‌بوونیەوە گەوهەری ئەم باڵندە ئازاو مەزنەی تێدا هەبووبێ .

لەلای ئێمە ئەگەر یەکێ فێری (کوموز) لێدان نەبووبێ دەڵێن : « قەیدی ناکا ، لەو دونیا فێر دەبێ » .

زۆر نووسەر هەن دەست دەدەنە قەڵەمو دەکەونە سەر نووسینو لەباتیی ڕکو خۆشەویستی ، مڵومۆ ، ڕابەرییان دەکات •

سەرەڕای ئەمەش میوان کە دێتە گوندێکو دەیەوێ سەر بە ماڵێکدا بکات ، بەگوێرەی بۆنی چێشتخانە ماڵەکە دەست نیشان دەکات • هەندێ چێشتخانە بۆنی دەرمیان لێ دێ ، هەندێکیتر بۆنی گۆشتی برژاویان لێ دێ •

هەروەها دەشێ دوو کچی سەروعوزرشۆر ، یەکێك بەئاقڵو یەکێك بێئاقڵ بێ • دیارە بە سووكو ئاسانی یەکەمیان هەڵدەبژێردرێ چونکە مارەیی زۆرترە •

جا هەندێ نووسەر هەن بەلایانەوە هیچ جیاوازی نییە لەبارەی هەرچی باسو وڵاتێکەوە بنووسن • ئەمانە وەکو ئەو قاچاخچییە چاوچنۆکانە وان کە وا دەزانن تا دوورتر بڕۆن زۆرتریان پێدەبڕێ • دیسان ئەمانە ئەو کچە (یارخەلشا)ییەیەم دێننەوە بیر کە وا تێدەگەیشت هیچ کوڕ نییە لە گوندەکەی خۆیان شایەنی خوازبێنی کردنی بێ ، حەزی دەکرد کوڕێك لە گوندێکیترەوە بنێرێتە داخوازیی ، بۆیە هەر بە کچێنی سەرینایەوە •

**چیرۆکی ئەو دوو چیاییەی چوونە دارستانێکەوە :**

دوو چیایی ماڵیان بەجێهێشتو ملی ڕێگای دارستانێکیان گرتەبەر بۆئەوەی یەکەو (نیر) بکەن • دیارە نیرە کۆنەکانیان شکابوو •

یەکەمیان خێرا درەختێکی دۆزییەوە کە بۆ نیر دەشیاو دوو لکی وشکی زۆر چاکی لێبڕییەوەو گەڕایەوە • کەچی برادەرەکەی دڵەڕاوکێی بوو هەر دەیگوت ئەم درەختە نا ئەوەیدی باشترە ، ئەوە نا ئەوەیدی • ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ بە دارستانەکەدا گەڕا • دڵی هیچ دارێکی نەگرت • لەئەنجامدا ، هەرچۆنێك بوو دوو لکەداری بڕییەوە زۆر لەوانە خراپتر بوون کە لە سەرەتاوە چاوی پێکەوتن •

ئێوارێ درەنگ گەیشتەوە ماڵێ . کە گەیشتەوە جێ بێنی هاوڕێکەی لە جووتی دەهاتەوە ، ڕۆژە جووتێکیشی بە نیرە نوێکەی کردبوو .

ئەم پەندەم لە ئەبووتالیب بیست . بەوبۆنەیە گێڕایەوە کە شاعیرێکی داغستانی پاش گەڕانو سووڕانێکی زۆر ، هاتبوەوە دوو شیعری خراپووچکەی هێنابوەوە .

لە کۆتاییدا پیرە شاعیر گوتی : « گۆرانی‌یەك لە ماڵەوە پێت لەبەرنەکرێ ، لە دەرەوەی ماڵێ نایەتەوە بیرت » .

ئینجا گوتی : « هەندێ جار شاعیرەکان وەکو ئەو چایی‌یە وان کە ڕۆژێکی ڕەبەق بە دوای تەپلەکەیدا گەڕاو تەپلەکەیشی ئەو ماوەیە هەر لەسەر سەرە دەبەنگەکەی خۆی بوو » .

دیسان لەبارەی بابەتەوە : ئەو ڕۆژەی کە بۆ یەکەمجار ، بە سەفەر ، لە گوندەکەمان چوومە دەرەوە ، دایکم چرایەکی داگیرساوی لەسەر لێواری پەنجەرە داناو کاتێ بە شلو شەکەتی ڕێگام دەبڕی ئاوڕم دایەوە دیتم چرای ماڵەکەمان لە ناو تەمو تاریکیدا بۆم دەبریسکایەوە .

کە لەم دونیایەدا خەریکی گەشتو گەڕان بووم ، چەند ساڵ بوو چرای سەر پەنجەرە بچکۆلەکەمان بۆی دەچریواندم ... کە لە ئەنجامدا گەڕامەوە ماڵێو لە ژوورەوە ، بەناو پەنجەرەکەدا ، تەماشای دەرەوەم کرد ، ئەو دونیا فراوانەم کەوتە بەرچاو کە بە درێژایی ژیانم گەشتم پێدا کردبوو .

کێ بابەت بە نووسەر دەبەخشێ ؟ بێ گومان ئەگەر سەر یا چاو یا گوێ یا دڵی پێی ببەخشێ گەلێ لەمە ئاسانترە . ئەو نووسەرانەی کە بابەتیان لە ڕکو خۆنەویستی هەڵناهێنجن بەڵکو بە بۆن‌کردن بەدوایدا دەگەڕێن ،

ئەمانە ناتوانن ببن بە رۆڵەی سەردەمی خۆیـــان ، ئەمانە رۆڵەی یەك تاقە رۆژن نەك رۆڵەی سەردەمەکەیان • یاخود بڵێین ئەو کـەسانە وەکو ئـــەو بووکە کەڕە وان کە ئێستا بۆتانی باس دەکەم •

چیرۆکی بووکە کەڕەکە :

دەگێڕنەوە ، دەڵێن : هەبوو نەبوو کچێکی کەڕ لە گوندێکدا هەبوو • کوڕێك لە گوندێکی تر هەبوو بە کەڕایەتیی کچەی نەزانیبوو • ناردیـــــە خوازبێنیی • هەموو شتێك ڕێك‌خراو مێوان کۆبوونەوەو بوو بە زەماوەنـد • بووکە حەزی نەکرد مێوان بزانن کەڕە ، بۆیە هانای بردە بەر دەستە خوشکێکی بۆئەوەی دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکا • داوای لێ کرد لە تەنیشتیەوە دابنیشێ‌و هەرچی ڕوویدا بە ئیشارەت تێی‌بگەیەنێ • ڕێك کەوتن ، ئەگەر قسەیەکـــی خۆش بکـرێ جێگـــەی پێکـــەنین بێ دەستەخوشـــکەکەی نوقورچێـــك لە شانی ڕاستەی بدا ، ئەگەر باس باسی شتێکی ناخۆش بێ‌و جێگـــەی داخ‌و خەفەت بێ نوقورچێك لە شانی چەپەی بدا •

نەبۆتە عادەت بووك لە زەماوەندی خۆیدا قسان بکا • بۆ ئەمیـــــش هەر وا چاکتر بوو کە دەنگی دەرنەبێ • ئەوەبوو ماوەیەك کار بە ڕێك‌و پێکی ڕۆیشت‌و بووکەکە تەبای خەڵکەکە لە شوێنی پێکەنین پێ‌دەکەنی‌و لە کاتـــی خەم‌و ناخۆشیدا خۆی پەست دەکرد •

بەڕێکەوت ، دەستەخوشکەکەی ئیشارەتەکانی لێ تێکچوو • لەباتیـــــی شانی چەپە نوقورچی لە شانی ڕاستە دەداو بە پێچەوانەش • بەم جۆرە کـــە هەموو لا کت‌وکوێرو پەست دەبوون بووك دەتریقایەوەو کە مەست‌و دڵخۆش دەبوون ئەم هەناسەی ساردی هەڵدەکێشاو کەسەری بە با دەدا •

زاوا زۆر بە چاکی لە بووکێ وردبووەوە • لەکۆتاییدا گەیشتە ئەم قەناعەتە کەوا بووکە زۆر بێ‌مێشکەو هیچ لە قسان ناگات • ئیدی بە چ ڕێگایـــەکدا هاتبوو بەو ڕێگایەدا ناردیەوە •

نووسەری ڕەسەن نابێ وەکو ئەو بووکە حەوجەی بە نوقورچی چەپەو ڕاستە بێ • پێویستە تەنیا ژانی دڵو هەستی شادی دەستی پێ بۆ قەڵەم بدا • نابێ لەبەرئەوە پێبکەنێ چونکە خەڵک پێدەکەنن‌و بی‌یەوێ خۆیان لەگەڵ بگونجێنێ ، نابێ لەبەرئەوەش خەم دایبگرێ تا وا پێشان بدا بەشداریی خەمی خەڵک دەکات • نەخێر ئەو دەبێ خۆی جەووەکە دروست بکا • با هەموو خەڵک ئەو کاتە شادومان بن کە شاعیر پێدەکەنێ ، با ئەو کاتە خەفەت بخۆن کە شاعیر باسی دەردەدڵی خۆی دەکات •

دەبا ئەم ڕووداوەی خوارەوەش ببێ بە ڕوناکی‌یەک بۆ ئەوانەی ڕایان لەگەڵ مندا نی‌یەو هێشتا هەر بڕوایان وایە کە بۆ نووسەر وا ئاسانترە بە هاندانی خەڵکی‌تر شت بنووسێ •

بیرەوەری‌یەک · ئەوکاتەی کە لە پۆلی دووەمی قوتابخانەی سەرەتایی بووم ، لە قەڵای خونزاخ ، لەگەڵ کچێکی چاوشینی (نینا) ناو لەسەر یەک کورسی دادەنیشتین • کچە کچی مامۆستایەکی رووس بوو • ئەمن حەزم لێ دەکرد ، بەڵام شەرمم دەکرد باسی خۆشەویستیی خۆمی بۆ بکەم • لەئەنجامدا بڕیارم دا نامەیەکی بۆ بنووسم • بەڵام ئەمەش شتێکی ئاسان نەبوو ، چونکی یەک تاقە وشەی ڕووسیم نەدەزانی • جا داوای یارمەتیم لە برادەرێکم کرد • برادەرەکەم هەندێ وشەی ڕووسیی پێ گوتم‌و منیش بە بێ‌ئەوەی بزانم مانایان چی‌یە بە ڕێنووسی ڕووسی تۆمارم کردن • وام دەزانی ئەو وشە ناسکانەی دڵداری دەنووسم کە دەمەویست بە بەرگوێی (نینا)یان هەڵبدەم •

بە دەستی لەرزانەوە نامەکەم دایەو ئەویش هەر بە دەستی لەرزانەوە وەری‌گرت‌و کردیەوە • کە خوێندیەوە یەکسەر ڕاچڵەکی‌و لە پۆل دەرپەڕی‌یە

دەرەوە • چیتر قایل نەبوو لەگەڵ من لەسەر یەك کورسی دابنیشێ • پاشان پێ کەوتم نامەکەی من جوێنی پیس و بێپەردەی تێدا بوە •

نموونەیەکی‌دیم لەبیرە • کاتێ خۆی کە لە «ئامۆژگەی ئەدەب»دا قوتابی بووم (نینا) لە کۆلێجی مامۆستایان دەیخوێند کە بە ناوی لینینەوە کرابوو • جارێکیان ، لە مانگی کانوونی یەکەم ، لە رۆژێکدا کە رۆژی لەدایك‌بوونی خۆی بوو داوەتی کردمە ماڵەوە منیش بڕیارم دا دیاری‌یەکی بۆ ببەم ، پێم وابوو باشترین دیاری ئەوەیە شیعرێکی بەم‌بۆنەیەوە بۆ بنووسم‌و بۆی بخوێنمەوەو پاشان پێشکێشی بکەم •

بەم جۆرە شیعرێکی پیرۆزبایم رێکخست‌و هاوڕێ‌یەکی شاعیرم هەبوو ئیقناعم کرد بۆم بکاتە ڕووسی • هاوڕێکەم شەوێکی تەواو پێ‌یەوە خەریك بوو بەڵام کاتێ کە وەرگێڕانەکەی بۆ خوێندمەوە ، شیعرەکەی خۆمم نەناسی‌یەوە • تەنیا هەندێ کەف‌و کوڵ‌و جۆش‌و خرۆشی سۆزێکی گڕگرتووم کەوتە بەرگوێ‌و هیچی‌تر • هیچی لەوە تێدا نەبوو کە من دەمەویست بە (نینا)ی بڵێم •

ئەم جارەیان تەفرەم نەخوارد • ئاخر پەندم لە جاری یەکەم وەرگرتبوو، بۆیە بە هاوڕێکەمم گوت :

« بڕۆ ئەم شیعرە بۆ دڵخوازی خۆت بخوێنەوە لە رۆژی لە دایك بوونیدا، ئەوەی تۆ نووسیوتە شیعری خۆتە ، هی من نی‌یە » •

دیسان لەبارەی بابەتەوە : بابەت وەکو ماسیی مردارەوەبوو ناکەوێتە سەرئاو ، دەبێ لە ناخی قوولایی‌یەوە کە تەوژمی ئاو تیژو روونە بۆی بگەڕێی‌و بیدۆزیتەوە • دەبێ لە گێژو گەڕی بن تاڤگەدا بیدۆزیتەوەو دەری‌بێنی • ئاخۆ پیاو ئەو پارەیەی دوای رەنج‌و ئارەقەی زۆر دەستی دەکەوێ بەلایەوە وەکو ئەو پارە وایە کە لە ڕێگاوە دەیدۆزێتەوە ؟

چیانشینەکان دەڵێن پیاو بەئاسانی دەتوانێ ڕەوە گیانداریکی کێـــوی بگرێ یا کەروێشك و حەقەڵشو ٠٠٠ بەڵام وا حاکە یەك تاقە گیانداری کێوی ڕاو بکات یا ڕێویش بێ ٠ پیاو نازانێ داخۆ ئـــەم جۆرە ڕاوەی لەکوێ بـــۆ مەیسەر دەبێ ٠ مەرج نی‌یە نێچیری بژاردە هەر لە گەلێی دووردا بێ ٠

ڕاوکەرێك هەبوو ، بەعەزرەت بوو ڕێوی‌یەکی بۆز بگرێ ٠ هەمـوو ژیانی خۆی بە هات‌و چۆی ناو شاخان بردەسەرو لە ڕێوی‌یەکی‌وا دەگەڕا ٠ بەڵام کە کەوتە ساڵانەوەو شەنگی لەبـــەر بڕا ، نەدەگەیشتە شوێنی دوور ، جا لە گەلی‌یەکی نزیك ڕاوی دەکرد کە تەنیا بەرداوێژێك لە ماڵەکەیانـــەوە دوور بوو ٠٠٠ ئەتۆ وەرە لەو سەیرو سۆبەتە ، ڕێوی‌یەکی بۆزی قەشەنگی لەو نزیکە دۆزی‌یەوە ٠

ڕاوکەر لە ڕێویی پرسی :

« تا ئێستا خۆت لەکوێ شاردبووەوە ؟ لەوەتی هەم لێت دەگەڕێم » ٠

ڕێوی وەڵامی دایەوە : « هەمیشە لێرە بوویم ٠ ئەدی نازانی لەوانەیـە سەراپای ژیانت لەو گەڕانە بەیتە سەر ، بەڵام لە تاقە ڕۆژێك بە چاوقوچانێك نێچیرەکەت بدۆزیتەوە ؟ »

ڕاستی نووسەریش ئەو تاقە ڕۆژەی هەیە ، ئەویش ئەوکاتەیە کە خۆی دەناسێ‌و بەسەر بابەتی خۆیدا هەڵدەبێ ٠ ئیدی نابێ پاشدان هەرگیـــزاو هەرگیز بیگۆڕێ ٠ ئەگەر بیگۆڕێ بە مەرەدی برادەرەکەی من دەچێ ٠

هەروەها لەبارەی شانۆنامەیەکەوە کە ناسیاوێکم نووسیبووی :

---

جارێکیان ، نووســەرێکی داغستانی شانۆنامەیـــەکی لەبارەی ژیانی کۆڵخۆزەوە نووسیبوو ٠ ئەگەرچی بابەتەکە گرنگیش بوو بەڵام ئەو شانۆیەی کە شانۆنامەکـەی پێشکێش کرابوو ، بە بیانووی پڕوپووچ ڕەتی کـردەوە : شانۆنامەکەیان بەلاوە خۆش نەبوو ٠

لەوانەبوو ئەم بیانووە بۆ نووسەرێکی‌تر بەس بێ ، بەلام کابرای شانۆنامەنووس لەو جۆرە کەسانە نەبوو • رکی بووەوە ، بۆ لایەنی تایبەتیی نووسی • ئەوەبوو لێژنەیەك پێکهات بۆئەوەی لە مەسەلەکە بکۆڵێتەوەو چی پێویستە بیکات •

لێکۆڵینەوەکە بەم ئەنجامە گەیشت : شانۆنامەکە لەبارەی دوو تیپی کشت‌وکاڵی بوو کە لە ڕووی زیادکردنی بەرهەمی گەنمەوە کەوتبوونە ململانەو بەدەم گۆرانیی خۆشەوە ئیشیان دەکرد •

لێژنە دارشتنی شانۆنامەکەی بەلاوە پەسند بوو • ئەگەر هەندێ زرووفی تایبەتی نەبوا هیچ کەندو کۆسپێکی نەدەهاتە ڕێ : لەکاتی نوژینەوەی شانۆنامەکەدا بڕیار درابوو لەباتیی گەنم پەمۆ لە دەشتی کومیك بچێندرێ • (جا لەبەرئەوەی دوو تیپە شادومانەکەی شانۆنامەکە خەریکی ململانەو دروێنەی گەنم بوون لە دەشتی کومیك) دیارە (بابەتی گەنم) لە وەرزی (پەمۆچاندن)دا شتێکی زۆر بێ جێیە •

شانۆنامەنووسەکە یەکسەر شانۆنامەکەی گۆڕی‌و بەرلەوەی پەمۆی تازە چاندراو قۆزاخە بکات شانۆنامە نوێکە تەواو بوو • لەولاوەش تا شانۆنامە نوێکە دەستکاری کراو ئامادە بوو ئیش بە لایەکی تردا وەرگەڕا : بڕیار درا لەبەرئەوەی ئەو دەشتە پەمۆ لە گەنمیش خراپتر دێنێ ، (دەرە)ی لێ بچێنن کە لە هەموو دانەوێڵەیەك باشتر دەڕسکێ •

شانۆنامەنووسی بەهرەدارو پیشەگەر دووبارە کەوتەوە ڕێکخستنی چیرۆکەکەی • ئەگەر شانۆکە نەسووتایە نازانم ئەنجام بە چی دەگەیشت •

ئاسیاوەکەم بەم ڕووشکانو نەهامەتی‌و نائومێدی‌یانە پەست‌و دڵگیر بوو • چوە قەراخ ڕووبارێك‌و دەستنووسە کڵۆڵەکەی فڕێدایە ناو گێژاوی شەپۆلان‌و هیچ سوویشی لە شانۆنامەکە نەبوەوە •

وا بزانم دەبێ چیرۆکێکی تریشتان بۆ بگێڕمەوە کە نووسەرێکی ڕووس بە ناوی « خەڵکی خوێنگەرم »ەوە نووسیویە • ئەمجارە شانۆنامەکە باسی « گەنمو پەمۆ » نەبوو ، باسی (ماسیگران)ی دەکرد • نەخێر باسی ماسیگرانیش نەبوو • ئەدی کەواتە باسی چیی دەکرد ؟ •

هەڵمەتێك برابوو بۆئەوەی چیانشینەکان هانبدەن گوندە کۆنەکانیان بەجێبێڵنو لە (دەشتی) خوارێ ، لە ناوچەی کەناراویدا نیشتەجێ بن •

ئێمە نامانەوێ بچینە ناو ئەم تەنگو چەڵەمە ئاڵۆزەوە •

ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە هەندێ جار ئەم چیانشینانەی سەدان ساڵە مەڕداری دەکەن لەبەر زرووفی تایبەتیی نوێ دەبن بە ماسیگر • تێناگەم بۆ دەبێ ماسیگرێکی خراپ لە شوانێکی باش چاکتر بێ – کە واش نی‌یە • من ئەمەم لە شانۆنامەی (خەڵکی خوێن گەرم)دا بێ ناسەلمێ • هەرچۆنێك بێ لە شانۆنامەکەدا تێ گەیشتین چۆن خەڵکی گوندێکی دوور لە دەریای قەزوین‌دا بوون بە ماسیگر •

لەبەرئەوەی پاڵەوانەکانی چیرۆکەکە هەموو ئاڤار بوون ، شانۆنامەنووسەکە دەستنووسەکەی پێشکێش شانۆیەکی ئاڤاری کرد ، ئەویش نەیکردە نامەردی یەکسەر ڕەتی کردەوە •

کابرای شانۆنامەنووس چی بکا باشە ؟ هەر کەسێکی‌تر بوا لەجێی ئەو دڵی دەشکاو نائومێد دەبوو ، بەڵام هەروەکو دەزانین لە شەترەنج‌دا ئەگەر – بۆنموونە – ڕەشەکان بکەونە تەنگانە ، ئەسپ ناچارە هەنگاوێکی‌وا باوێو کارێکی‌وا بکا کە یاری‌یەکە یەکسەر وەربگەڕێو نۆرە بێتە سەر سپی‌یەکان بۆئەوەی تا زووە بەرگری لە خۆیان بکەنو بکشێنەوە دواوە •

نووسەری شانۆنامەی (خەڵکی خوێنگەرم)یش هەنگاوێکی لەم چەشنەی هاویشت • خێرا ناوی هەموو ئاڤارەکانی کردە ناوی کومیکیو پێشکێشی

شانۆیەکی کومیکی کرد ، بەڵام دادی نەدا ، چونکە شانۆ کومیکی‌یەکەش ڕازی نەبوو شانۆگەری‌یەکی وا پێشان بدا کە شوانی کێوانی تێدا بن بە ماسیگر .

جا لەبەرئەوەی داغستان زۆر نەتەوەی تێدایە ، پاڵەوانەکانی چیرۆکەکە بوون بە دارجین‌و لیزجین ، بەڵام نەبوون بە ماسیگری چاك .

ئەمە وەکو ئەو سەگە برسی‌یە وابوو کە لەبەرئەوەی خواردن لە ماڵێدا نەبوو تۆڕی‌یان کرد ، ئەویش گەلێ ماڵ گەڕا بەڵام تاقە ئێسکێکی دەست نەکەوت .

دوای چەند ساڵێك شانۆنامەنووسەکە چوە مۆسکۆ بۆئەوەی لە (کۆرسی بەرزی ئەدەب)دا بخوێنێ . پڕوپاگاندە لە مەحەج قەڵا بڵاو بوەوە گوایا هەموو ماسیگرەکان بوونەتە قەرەج . کاتێ کە شانۆێ (ڕۆمێنی)ی مۆسکۆ چیرۆکەکەی پەسند کرد بووکە شەلە مێردی دەست‌کەوت بەڵام ژن‌و مێردایەتی‌یەکە درێژەی نەکێشا .

بەم‌جۆرە دەبینن بوختەی دوو شانۆنامەم بۆ گێڕانەوە کە دوو شانۆنامەنووسی ناسیاوم دایانناون .

ئەگەر لە کۆبوونەوەی یەکێتیی نووسەران بوومایە لەمێژ بوو هاوارم دەکەوتە بەر گوێ ، پێ‌یان دەگوتم : « باسی خۆت بکە ، ڕەخنە لە خۆت بگرە ! »

ئەمن چ دەرهەق خۆم بڵێم ؟ زۆر شادومانم کە بتوانم ئەم تەرزە تاوانانە لە دونیای ئەدەبدا بسڕمەوە کە تازە باسم کردن . هەر چۆنێك بێ خۆیشم هەست دەکەم بارگرانیی تاوانێکم لەئەستۆدایە بەڵام ئەگەر لەگەڵ ئەو هەموو باسانەی (دەرە)و (پەمۆ)و (ماسی)دا بەراورد بکرێ ، هیچ دەردەچێ .

لەسەردەمی لاویمدا ، جارێکیان کارێکی منداڵانەی ئەوتۆم کرد تا ئێستاش لەژێر باری شەرمەزاری دەرنەچوویم .

زۆر جار برادەرەکانم سەبارەت بەم کارە بەئەنقەست سەرزەنشتیان کردووم ، ئەمەش سزاکەم بوە ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا سزای هەرە گەورە لە ناخی خۆمدایە . کەس ناتوانێ ئەوەندە بە توندو تیژی سزام بدا .

باوکم دەیگوت : ئەگەر کارێکی ناڕەواو بێشەرمانە بکەی ، پاشان هەرچەندە بە گەرمی پەشیمان بیتەوەو بپاڕێیتەوە کارەکەت ناسڕێتەوە .

هەروەها باوکم دەیگوت : ئەوەی کارێکی بێشەرمانە بکاتو دوای چەند ساڵێك دەست بە تۆبەو پەشیمانی بکات وەکو ئەوکەسە وایە قەرد بە جۆرە پارەیەك بداتەوە کە لە بازاڕ کێشرابێتەوەو ڕەواجی نەمابێ .

هەروەها باوکم دەیگوت : « ئەگەر جلەو بۆ پیاوی خراپ شۆڕ بکەیو لێبگەڕێی بێتە ناو ماڵتەوە ، چ فایدەیە پاشان ئەو شوێنە کووزکوت بکەی کە لەسەری دانیشتبوو » .

« کە گا دزرا تازە چی پێدەوێ قوفڵی گەورە لە دەرگا بدەی » .

ئەمە هەمووی ڕاستە . دەشزانم سوودی نییە پیاو پاش لێقەومان بێ بە حەکیم .

هەندێ جار خوێنەرەکانم نامەم بۆ دەنووسن ، هەندێ شتم دێننەوە یاد ، برینم لە نووژەن دەکولێنەوە . دەڵێی بەرد دەگرنە پەنجەرەکەم . دەڵێن :

« ڕەسووڵ هەمزە ! خۆت هەڵخەو بۆمان بگێڕەوە ، بە ئێمەی خوێنەری خۆت بڵێ ئەمە چۆن بوو ؟ بۆچی وات لێهات ؟

« چیتان پێ بڵێم ؟ باسی چیتان بۆ بکەم ؟ »

« پرسیار ! پرسیار ؟ساڵی ۱۹۵۱ شیعرێکت نووسی‌و ناوی شامیلت زڕاندو داتپەڵۆسی • کەچی ساڵی ۱۹٦۱ شیعرێکت داناو بە شامیلت هەڵگوت • هەر دوو جار شیعرەکان ناوی ڕەسووڵ هەمزەتۆفیان لێ نووسرابوو • حەزدەکەین بزانین ئاخۆ ئەمانە هەردووکیان هەر یەك ڕەسووڵن ، یا دوو ڕەسووڵی جودان ؟ باشە ، باوەڕ بە کامیان بکەین ؟ ئەمە پرسیاری هەموو پرسیارانە • تیرێك لە لەش چەقیبێ ، دەردێ ، بەڵام ئەدی ئەگەر تیرەکە دڵی پێکابێ » •

خوێنەرە ئازیزەکەم !

نازانم ئێستا تۆ تەمەنت چەندە ؟ ڕەنگە هێشتا لە هەڕەتی لاوی‌دا بیت • ئایا لە ژیانتدا هیچ تخووبت بەزاندوە ؟ من بەش‌بەحاڵی خۆم بەسەرم‌هاتوە : کەوتوومەتە داوی دڵداری‌یەوە بەڵام بێ‌ئەوەی پێم بگاتە سەر ، وازم لێ هێناوە •

وادەبێ دوو دراوسێ پەنجەرەیان بەرامبەر یەکتر بێ‌و کۆڵانێکی تەنگیان بەین بێ ، هەر پەنجەرەیەك دراوسێ‌یەکی تێدا بێ ، هەردووکیان ڕووبەڕووی یەکتر بن‌و هەردەم لە شەڕو گاڵەدا بن یەکتر بە بەدکاری تاوانبار بکەن‌و شت بە چاوی یەك‌دی‌دا بدەنەوە • گەورەکە هەڕو گیف لە بچووکەکە بکات‌و بەپێچەوانەش • من وەکو ئەم دوو دراوسێ بەشەڕهاتوانە وام ، بەڵام لە هەردوو پەنجەرەکەدا هەر خۆمم • تەنیا ئەوەندە هەیە یەکێکیان ڕەسووڵی گەنجی تێدایەو ئەوەی‌تر ڕەسووڵی ئەمڕۆ •

چۆن کچی جوان لاوی ساویلکە کوێر دەکات ، بریسکەی ڕۆژگاریش ئاوها منی کوێر کردبوو • کوڕ چۆن دەزگیرانی بەلاوە بێ کەم‌و کورتی‌یە منیش بەو چاوە سەیری هەموو شتێکم دەکرد ، بچووکترین ناتەواویم بەدی نەدەکرد •

راستی‌یەکەی بڵێین من سێبەری ڕۆژگار بووم • بە ڕەسمی بڵاوکرابووەوە کە شامیل کرێگرتەی بەریتانیاو تورکیا بووەو هەوڵی‌داوە ئاشتی نێو گـــەلان بشێوێنێ • منیش بڕوام بەو ماڵەیە هەبوو کە لەسەر ئەم قسەیە سوور بوون • متمانەم بە خاوەنی ماڵەکە هەبوو ، جا لەو کاتەدا بوو ئەم شیعرانەم نووسی کە باسی شکاندن‌و شووشتنەوەی شامیلەکەمان دەکەن •

ئەمڕۆ ، جاروبار خەڵکی بۆئەوەی دڵم بدەنەوە دەڵێن :

« بیستوومانە ئەم شیعرانەت بە گوێرەی فەرمـــانی تایبـەتی نووسیوە • پێیان‌گوتووی ، ناچاریان کردووی بیاننووسی » •

وا نی‌یە ! کەس دەستی نەگرتووم بە خورتی پێم‌بنووسێ ، من خـــۆم بەوپەڕی ئارەزووی خۆمەوە ئەم شیعرانەم لەبارەی شامیلەوە نووسی‌و بردمنە لای دەستەی نووسەران •

من وەکو ئەو چیاشینانە وابووم کە بێ‌ئـەوەی یەك پیت عارەبی بزانن بەڕێ قورعان هەڵدەدەنەوەو بێ‌ئەوەی لە یەك تاقە وشەی بگەن تامێکی زۆر خۆشی لێ وەردەگرن •

من سێبەری ڕۆژگار بووم‌و هیچی‌تر • ئەو کاتە نەمدەزانی شاعیر قـەت نابێ ببێ بە سێبەر • پێویستە ئاگرو کانگای ڕووناکی بێت ، جا گرنگ نی‌یـە ڕووناکی‌یەکە کز بێ یا وەکو ڕۆژ وابێ • ڕووناکی هەر ڕووناکی دەبەخشێ‌و سێبەری نی‌یە •

من ئەم هەموو شتانەم بەدرەنگـــەوە زانی ••• جا چی بوو ؟ هەمـوو جۆرە سێوێك هەیە • هەندێك زوو پێ‌دەگـــەن ، کەچی هەندێکی‌تر تا پایز پێ‌ناگەن دەشێ من لەو جۆرە سێوە پایزەیە بم •

ئەمە وا ، بەڵام برینەکەم هێشتا ساڕێژ نەبوە •

دیسان کۆنە برینی لەمێژینەم
سارێژ نابێو ئاگر لە دڵم بەردەدا
لە منداڵییەوە حیکمەتی باپیرم دەزانم
بەو چیرۆکو ئەفسانانەی پێی هەڵگوتراون .

حیکمەت بوو کە لەگەڵ ژیان تێکەڵ ببوو .
بە تاساوی گوێم لە هەناسەبرکێی بەرزی گرت ،
کە جارێکیان هەوری زەردباو ، وەکو سوپا ،
بەسەر گوندەکەمانەوە بەرەو شەڕی مانو نەمان ڕۆیشت .

ئێوارەیێ دایکم گۆرانییەکی شاخاویی چڕی
هێشتا نەمتوانیوە لەیادی بکەم .
دایکم وەك ڕۆندکی بریقەدار دانەدەمرکایەوە .
پێش خۆراوا بوو بە خووناوی کێلگەکان .

پیرە جەنگاوەرێك بە بەرگی قەوقاسییەوە
لەسەر دیوارەوە دەیڕوانییە خوارێ ، چۆپان بوو
دەستی چەپەی لەسەر قەفتەی خەنجەر بوو
کالانەکەیشی بەسەر چۆکی ڕاستەدا شۆڕ ببووەوە .

لەیادمە ، وێنەی پیرەمێردەکەم لەیادە .
دوو برا بچووکەکەمی ناردە سەنگەر .
چاوم لە خوشکم بوو کە ملوانکەو دەستوانەی خۆی
بەخشی بۆ ئەوەی تانکێکی لێ دروستبکەن ، ناوی ئەوی لەسەر بێ .

باوکیشم ، نەختێ بەر لە مردنی
شیعرێکی لەبارەی پاڵەوانەکە دانا .
داخەکەم ، شامیل ئەو حەلە بێسووچ تاوانبار کرابوو ،
بووبوە قوربانیی بوختانان .

ئەگەر لەبەر ئەم زەبرە ناکاوە نەبوا ، ڕەنگە
باوکم پتر بژیایە ـ منیش بەشداری لۆمەم ـ
لە دڵسۆزیی خۆمەوە ، هەندێ شیعری پەلەم
بە ناوی خۆمەوە بۆ کۆرسی بوختانکەران دانا .

شمشێری باپیرە گەورەم کە چەند ساڵ بوو
دوژمنەکانی خەڵتانی خوێن کردبوو
بە قسە شێوێنرابوو ، منیش بە نەزانی
چەکی خیانەتکاریم بە شیعرێکی منداڵانە سوی .

ئێستا کە هەنگاوی قورسی شەو دەزرنگێنەوە ٠
ماڵنووستنان ، تارماییەك لە پەنجەرە دێتە ژوورەوە
پاسەوانی نەبەردی گوندی (ئەخولگو) ،
پیرە دانەکەی گوندی (گونیب) دێتە ژوورەوە

دەڵێ : لە شەڕو لێقەومان‌دا
گەلێ خوێنم ڕشت‌و زۆر خەفەتم چەشت ٠
نۆزدە جار بریندار بووم ، خوایە ! سەبووریم بدە ،
جاری بیستەم ، هەی پیسکەی مخەنەت ، تۆ بریندارت کردم ٠

برین هەبوو هیی خەنجەرو هەش‌بوو هیی گوللە ٠
بەڵام برینەکەی تۆ سێ هەندەی ئەوانی‌تر ژان‌دەکات ٠
ئەمە یەکەم جارە چیانشینێك ئەم ئازارە سەختەم بدات ٠
بوختانەکەی تۆ یەکسەر سنگی بڕیم ٠

ئەگەرچی ئەمرۆ سەردەمی (غەزا) تێپەڕیوە ٠
لەگەڵ ئەمەشدا ، کوڕم ، غەزا ئەم چیاییانەی پاراستوە ٠
دەشێ ئەم زەمانەی چەکی من لە کار کەوتبێ ٠
بەڵام سەردەمێ بوە کە ئازادیی پاراستووە ، بەڵێ پاراستوویە ٠

وەکو چیانشینێك ، بەبێ‌وچان جەنگام
هیچ ماوەی ئاهەنگ‌و گۆرانیم نەبوو ٠
وا بووە شاعیرێکم دارکاری کردوە ،
لەگەڵ سترانبێژەکان توند بووم ، حاشا ناکەم ٠

ڕەنگە ، خۆڕا تووڕە بووبم ، بەهەڵەدا چووبم ٠
جڵەوی سۆزم لە دەست بەربووبێ ٠
بەڵام ئەگەر بێت‌و لەگەڵ تۆو لەگەڵ خاوەنی گۆرانیی پووچ‌دا
دووگیاڕکی بکەمەوە ، خۆم بە ڕاست دەزانم ٠

بەم‌جۆرە تا بەیانی لەتەکمەوە دەوەستێ ٠
لەتاریکاییدا لەسەر حەسیرەکەم شێوەی دەکەمەوە ٠
ردێنە خەناوییەکەی چەند بەهەیبەتە ، چەند ورشەدارە ٠
مێزەری سەری کە لە تەپلەکەی ئاڵاوە ٠

بە چ وشەیەك تەوازۆ بێنمەوە ؟
لەبەردەم ئەم‌و گەلەکەم‌دا شەرمەزاری هەڵەیەکی گەورەم
ئیمام مریدێکی هەبوو ــ سەربازێکی قاڵبووی جەنگ بوو ــ
لێی تۆراو بەجێی‌هێشت ٠ ناوی حاجی موراد بوو ٠

له هەڵەی خۆی پاشگەز بووەوە ، ویستی بگەڕێتەوە لای
بەڵام چارەنووسی وابوو ، دەبوا لەنێو زەلکاودا بمرێ .
بگەڕێتەوە لای شامیل ؟ ماقووڵ نی‌یە .
لە من ناوەشێتەوە ـ زەمانە گۆڕاوە ـ ڕێگای ئەو ناگرم .

ئێستا لە تۆڵەی ئەو شیعرە پووچو بێ‌مانایەدا .
دەبێ خەوزڕانو شەرمەزاری بکێشم .
زۆر دەڕۆم بەڵکو لێم ببوورێ .
بەڵام نامەوێ لە ڕێگاوە ، لە زەلکاودا بچەقم .

لەگەڵ ئەمەشدا ، لێم‌نابوورێ ، پاڕانەوە کەلکی نی‌یە .
نەخێر هەرگیز لە خیانەتی شاعیر نابوورێ .
ئەوەی بە شمشێر بنووسێ خراپەی وا لەبیرناکا
تا لە ژیاندا بم داخی ئەو دێرە کرچو کاڵانەم ناچێ .

با وا بێ ، بەڵام ئەی گەلەکەم ! بە لانی کەمەوە
تۆ ڕەحمم پێ بکە . با شوورەیی سەرشانم زۆر قورس نەبێ .
تۆش ئەی نیشتمانەکەم ، بە چاوی ئەو دایکەوە
سەیری شاعیرە تەفرەخواردوەکەت مەکە
کە کوڕەکەی بێ‌شەرمانە هەراسانی کردبێ .

« نازانم داخۆ داغستانی‌یەکان لەبارەی ئەو شیعرانەوە لێ‌یان بوردووم یان نا ؟ ئاخۆ تارمایی ـ سێبەر ـ ەکەی شامیل لێم خۆش‌بوە یان نا ؟ من هەر ئەوەندە دەزانم کە هەرگیزاو هەرگیز خۆم لە خۆم نابوورم .

باوکم دەیگوت : « خۆت لە شامیل مەدە ، ئەگەر خۆتی لێ بدەی ، تا ماوی خۆشی لە خۆت نابینی » .

قسەی باوکم ڕاست دەرچوو .

ڕۆڵەی چیایی‌یەك بووم ، نازم نەکێشراوە ،
هەڕەشەم لێ کراوە ، زەبرم خواردوە ،
باوکم لە سزای بەدکاری‌یەوە
گوێی بادام تا وەك گوڵ سوور هەڵگەڕاوە .

**ئێستاش ڕۆژگار لەباتیی باوکم گوێم بادەدا**
**ـ یەك دوو زەبری گرانم بەردەکەوێ ـ**
**وەکو چۆن سازندە گوێی (دووتار)ەکەی بادەدا**
**ئەگەر ژێیەکی خاو بووبێتەوەو ئیش نەکات .**

ڕۆژگار ! ساڵ لە ڕۆژ پێك دێ‌و سەدە لە ساڵ . کەواتە چەرخ ـ عهد ـ چی‌یە ؟ لە سەدە پێك دێ یان لە ساڵ ؟ یان دەشێ تاقە ڕۆژێك ببێتە چەرخێك ؟ بۆی هەیە درەخت پێنج مانگ گەڵای پێوە بێ بەڵام تاقە ڕۆژێك یا تاقە شەوێك بەسە بۆئەوەی گـــەڵاکانی سیس بن‌و بژاکێن‌و زەرد هەڵگـــەڕێن . ئەمـــە پێچەوانەکەیشی ڕاستە ، بۆی هەیە درەخت پێنج مانگ ڕەش‌و ڕووت بێ بەڵام بەیانی‌یەکی گەرم‌و هەتاو بەسە بۆئەوەی بووژێتەوەو لە چرۆی سەوزدا خەست بێ . یەك بەیانیی خۆش بەسە بۆئەوەی گوڵ دەربکات .

هەندێ درەخت هەن هەموو مانگێك ڕەنگیان دەگۆڕێ ، هەندێکی‌تر هەن قەت ڕەنگیان ناگۆڕێ .

هەندێ باڵندەی کۆچەر هەن بەپێی کژ لە وڵاتێکەوە دەچنە وڵاتێکی‌تر ، هەڵۆش هەیە کە هەمیشە دڵسۆزی شاخی خۆیەتی .

باڵندە حەزیان لێ‌یە بە هەوادا بفڕن ، ماسیی چاك سەرەوهەوراز ئاو شەق دەکات . شاعیری ڕەسەن بەپێی ئارەزووی دڵی خۆی « دژی هەموو بیروڕای دونیا » ڕاست دەبێتەوە .

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : شـــاعیرێکی ئاڤاریی برادەرم ، پار ، کۆمەڵـە

---

شیعرێکی نوێی چاپ کرد . هەموو شیعرەکـــانی زۆر بە ڕێك‌وپێکی دابەش کردبوو . دەتگوت ئەپارتمانی شارێکی گەورەیە . بـــەم‌جۆرە شیعرە سیاسی‌و نیشتمانی‌یەکانی بریتی بوون لە نووسینگە ، شیعرە دڵداری‌و دەروونی‌یەکانـی ژووری نووستن بوون ، شیعرە سروشتی‌یـــەکانی ژووری نیگارکێشان بوون . بەڵام حەپەساوم نازانم ئەو شیعرانە لەکوێ دابنێم کـــە لەبارەی کشت‌و کێڵ‌و

دانەوێڵەو مەڕو ماڵاتەوە نووسیویە ، لەوانەیە باشترین جێگا بۆ ئەمانە چێشتخانە بێ .

ئەدی توخوا هەقی ئەو گۆرانی‌بێژە نەبوو کە لە شاخەکانی خۆیانەوە هاتبوە مەحەج قەلا بۆئەوەی بەشداریی پێشبڕکێی گۆرانی‌بێژەکانی داغستان بکا ؟ ئەم شاعیرەی ئێمە کە شیعرەکانی خۆی بەمجۆرە رێك‌خستبوو داوای لە گۆرانی‌بێژە میوانەکە کرد کە لە هەر بەشێکی کتێبەکەی گۆرانی‌یەك پێشکێش بکات . گۆرانی‌بێژەکە ورد ورد ژێیەکانی (کوموز)ەکەی لەراندەوە ، چەند دەقیقەیەك بە بێ‌دەنگ دانیشت وەك ئەوەی بیر لە شتێك بکاتەوە ، پاشان هەڵی‌کردە گۆرانی ، گۆرانی‌یەکەی زۆری خایاندو دانیشتوان ترسان ئەگەر ئەم گۆرانی‌یە درێژە هیی بەشێکی کتێبەکە بێ داخۆ گۆرانی‌بێژ کەی لێ‌دەبێتەوە ؟ کتێبەکە چوار بەش بوو بەلام لەگەڵ ئەمەشدا گۆرانی‌بێژەکە لەپی خستە سەر ژێیەکان تا نەلەرنەوەو هیچی‌تری بەدوادا نەهات . ئەمە مانای ئەوەبوو شاعیرەکە هەموو هەستو سۆزی خۆی لە یەك گۆرانیدا کۆکردبوەوە . شاعیری لەمەڕ خۆمان لێی‌پرسی کە بۆچی وای‌کرد ؟ ئەویش وەلامی دایەوە :

« گوێ بگرە ، برام ! ئەمە کوموزی منە ، سێ ژێی پێوەیە کە ئاوازێك لێ‌دەدەم ناتوانم یەکەمجار ژێی یەکەم بەکاربێنم ئینجا ژێی دووەمو پاشان ژێی سێ‌یەم » .

دیسان لەبارەی بابەتەوە : لەوانەیە زۆر باو نەبێ کە دەڵێن کابرایەکی

چایی هەبوو گەلێ شانازیی بە جزمە بلندەکانیەوە دەکردو زۆر لێیان دەخەفت نەوەکو پیس بن . جاری‌وا هەبوو لەسەر پەنجەی پێ دەڕۆیشت تا جزمەکانی بە تۆز نەبن . ڕۆژێکیان رێی کەوتە شوێنێك یەك چۆکە خۆڵی تێدا بوو ، ئیدی کابرای بەستەزمان ناچار بوو لەسەر دەست بڕوا .

هەروەها وا رێك دەكەوێ : زۆر جار شاعیرەكان لەباتیی داهێنانی هونەری بەشداریی غارغارێنی ڕۆژی یەكشـــەممان دەكـــەن • لەو خۆشییەی كـە ئەسپەكەیان خەڵاتی بەربكەوێ ئامادەن تا ئەسپەكـــە خوێنی لێ دەچۆڕێتەوە قامچیكێشی بكەن • گەشەو خۆشیی سەركەوتن زوو دەبڕێتەوە بەڵام برینەكان تا دەرەنگ ساڕێژ نابن ••• وەكو (عەلی پۆڵا)ی خەڵكی گوندی (تەلەتل) بـــە هەموو دەمێ هەر ئامادەن •

وا بزانم ئێوە نەتانبیستوە عەلی پۆڵا چیی لێ قەوماوە •

جارێكی نایبی خونزاخ بە نۆكەرێكی خۆی گوت :

« خۆت ئامادە كە ، سبەی بەیانی زوو بچۆ گوندی (تەلەتل) » •

نۆكەری دڵسۆز وەڵامی دایەوە : « بەڵێ ، ئامادەم » •

بۆ ڕۆژی پاشتر هێشتا گزنگی زۆر تۆپكەی شاخانی ڕووناك نەكردبووەوە كە عەلی پۆڵا ئەسپی زین كردو بۆیدەرچوو • بۆ نیوەڕۆ گـــەڕایەوەو هاتەوە (خونزاخ) •

كە لە گونـــد نزیك بووەوە تووشی هـــەندێ چاییی ناسیار هـــات • ماندووبوونیان لێ كرد :

« عەلی پۆڵا ، ماندوو نەبی • دەڵێی لە سەفەرێكی دوور دێیتەوە ؟ » •

« تازە لە (تەلەتل) بووم • وا لەوێ دێمەوە » •

« بە چ ئیش چووبوویتە (تەلەتل) ؟ »

« پێم بڕوا بكەن نازانم • نایب دەزانێ • شـــەوێدی پێی گوتم بچمـــە (تەلەتل)• منیش ئەمڕۆ چووم » •

عەلی پۆڵای وا لە دونیای ئەدەبیشماندا هەن •

**شیعر** (*)

به لاوی ،
له زەماوەندا زۆر شادومان بووم ·

بادە شەرابی لەسەر دەڕژا ،
سەرپشك بووم ، كام كچ

بۆ هەڵپەڕكێ هەڵبژێرم ·
له هەرای زەماوەندا واقم وڕ مابوو

جوانیی چ كچۆڵەیەك پەسند بكەم ؟
گەورەكان ، ژیرانە فێریان كردم :

ئەمە هەڵمەبژێرە ، ئەوەیتر ، ئەویان ·
دەبینی پێڕاگەیشتووم ·

(كوموز) ئاوازی بۆ لێدام
تا گۆرانی بەسەر

ناوچەی (زەرادەریغ)دا هەڵبلێم ·
بەڵام هەروەكو منداڵیم ، فێرم :

بەسەر ئەم نا ، بەسەر ئەویاندا
هەڵبلێم ·

دیسان لەبارەی بابەتەوە : زۆر گەنجم دیوە كە دەیانەوێ ژن بێنن پرس

به هەستو سۆزی خۆیان ناكەن ، پرس به خزمەكانیان دەكەن ، پرس بە مامو پووریان دەكەن · پێویستە نووسەر له داهێنانی ئەدەبیدا به حەزلێكردن ژن بێنێ ، حەزلێكردن نەك هیچ شتیتر · ئەو ژنهێنانەی به ئامۆژگاریی پوور پێكدێ ڕەنگە منداڵی چالاكو زیندووی لێ بكەوێتەوە بەڵام دەڵێن تا خۆشەویستیی نێوان دایكو باوك پتەوتر بێ منداڵیان قشتو نازدارتر دەبن · ئەگەر نووسەرێك به بێخۆشەویستی داخوازیی بابەتێك بكاتو بیهێنێ ئەنجامەكەی كتێبێكی وشكو برینگی لێ دەكەوێتەوەو هیچیتر · پێش ئەوەی نووسەر

(*) ئەم شیعرە له ئینگلیزییەكەدا نەبوو · مامۆستا جەمشید حەیدەری لە ڕووسییەوە بۆی كردمە كوردیو منیش سەرلەنوێ دامڕشتەوە ·

خۆی لەگەڵ بابەتەکەی لێکبدا دەبێ ئاوڕێکی باش لە خوریەی دڵی خـــۆی بداتەوە •

ئەو شیعرانەی بە ئامۆژگاریی پوورو باپیر دێنە کایەوە چارەنووســـیان وەکو چارەنووسی کتێبی برادەرەکەی منی لێ دێ •

لەبارەی کتێبی برادەرەکەمەوە : بە تەواوی لەبیرم نەماوە لە چ ساڵێکدا بوو ، بەڵام لەبیرمە کە لەناکاو بانگەوازێك بڵاوکرایەوە وڵاتەکەمان پێویستی بـــە (گۆگۆڵ)و (ساڵتیکۆف)و (شیدرین)ی نوێ هەیە • پێویستی‌یەکی زەق بـــۆ بەرهەمی ساتیری سۆڤیێتی هاتبوە ئاراوە •

برادەرێکم هەیە ؛ نیوە شاعیرو نیوە پەخشان‌نووس‌و نیوە رۆژنامەنووسە ، بەکورتی : کابرا نووسەرە • ئەو برادەرەم بەدەم بانگەوازەکەوە هات‌و کتێبێکی لەبارەی بەرهەمی ساتیرەوە دەرکرد کە پڕ بوو لە قەمچی ڕۆحتەزێن بۆ گیانی بوختانکەرو کوسکێش‌و مێازو نموونەی تر کە ژیانی سۆڤیێتیمان لێ دەشێوێنن • هەرکە کتێبەکە کەوتە سەر تەقچکەی کتێبخانەکان یەکسەر ڕەخنەگرێك بـــە وتارێکی زۆر لە ڕووەوە لێی راپەڕی • نووسیبووی : « نووسەر پێویست‌بوونـی گۆگۆڵ‌و ساڵتیکۆف‌و شیدرینی تازەی بە شێوەیەکی زۆر سادەو ڕاستەوخـــۆ لێکداوەتەوە••تازە بۆمان دەرکەوت ئەم کابرایە دڵی چەند ڕەش‌و بۆگەنی‌یە • ئەم جۆرە کەسانەی لەکوێ دیوە کە لە کتێبەکەیدا باسی کردوون ؟ ئایا کەسی‌وا لە وڵاتی سۆڤیێتیماندا هەیە ؟ نەخێر ، هیچ کەسی وا لە وڵاتی سۆڤیێتدا نی‌یە • ئەمانە لە ئەندێشەی تاریکی ئەم کابرایەوە پەیدابوون کە کتێبە پڕبوختانەکـــەی دەبێتە بەڵگەیەکی باش بەدەست دوژمنەکانمانەوە »••

موختار بەگۆڤ ، کە کاربەدەستێکی گەورە بوو ، مستەکۆڵەیەکی لـــە مێزی بەردەمی داو نەڕاندی : « تۆ ، لەم سەرەزەمینەدا ـ بۆنموونە ـ لەکـوێ

سەرەك تیپیوا تەوەزەلو (بە كەڵك چ نەهاتوو ) ت دیوە كـــە بـــەدەوام سەرخۆش بێ .... »

كابرا وەڵامی دایەوە : « لە گوندی خۆمان ؟ » .

« ئەمە بوختانە . ئەمن دەزانم كۆلخۆزی گوندی ئێـــوە پێشڕەوە . سەرۆكی وا چۆن لەم تەرحە كۆلخۆزەدا دەبێ » .

بەكورتی ، نووسەرەكە كەوتبوە ناو ئاگری ئەو ساتیرەی كـــە خـــۆی هەڵی گیرساندبوو وەكو ئەو وێنە كاریكاتۆرییەی لە گۆڤارێكی پۆڵۆنیـــــدا بڵاوكرابوەوە . وێنەكە بریتی بوو لە دوو شانشین ـ باڵكۆن ـ : یەكێ لـــە خوارەوە لە نهۆمی یەكەم بوو ، ئەوەی‌تر لە نهۆمی سێیەم بوو . یەكـــەو پیاویان تێدا بوو . كابرای خوارێ كەربووچی دەهاویشتە كابرای ســـەرێ . كەربووچەكە نەدەگەیشتە كابراو بەسەر سەری خۆیدا بەردەبوەوە . كابرای سەرەوەش بە سووكو سانایی كەربووچی بەردەدایەوەو بە سەری كابـــرای خوارێ دەكەوت . ئەم وێنە كاریكاتۆرییە لە بنی نووسرابوو : « ڕەخنـــە لەسەرەوە ، ڕەخنە لە خوارەوە . »

یەكێك ئامۆژگاریی نووسەرە كڵۆڵەكەی كردو پێی گوت : باشترین شت ئەوەیە كە بە یەك جار واز نەهێنێ . زۆر جـــار تەوازۆ بۆ ئەم هەڵەیـــــە بخوازێتەوە ، هەركاتێ كە دەرفەتی بوو : چ لە ڕۆژنامەدا بێ ، چ لە گۆڤاردا بێ ، چ لەو كۆبوونەوانەدا بێ كە بەشداری‌یان تێدا دەكا .

نووسەرەكە لە بەردەم خەڵكیدا كەوتە پەشیمانی . بەڵام كارەكە بەوەندە نەوەستا . موختار بەگۆڤی كاربەدەستی گەورە پێی گوت : « دوای ئەو شیعرە پڕ بوختانانەت ئیتر ناتوانین هیچ متمانەت پێ بكەین ، پێویستە بـــە كردەوە ، بە قەڵەمی خۆت بۆمان بسەلمێنی كە هەڵەی خۆت ڕاست كردۆتەوە » .

برادەرەكەم هەموو شتێكی بەلاوە وەكو یەك وابوو : ڕەخنەیان بویستایە

ئامادە بوو • داوایان لێ بکردایە لە قسەکانی پاشگەز بێتەوە دیسان هەر ئامادە بوو • ئیدی دانیشت داستانێکی نوێی بە ناوی (مەرجانەی پێشکەر)ەوە نووسی • ئەم کچە کە پاڵەوانی سەرەکیی داستانەکەیە کچێکی چوستو چاڵاکە ، لە ڕیزی هەرە پێشەوەدایە ، توانیویە بە ماوەیەکی زۆر کەم کۆڵخۆزەکـەی بگەیەنێتە ڕیزی پێشەوە ، هەموو پلانو پرۆگرامێکی بەجێ هێناوەو لەئەنجامدا لە ئاهەنگێکی پێشبڕکێی هونەرمەندانلدا بە یەکەم دەرچوە • لەم ئاهەنگـەدا گۆرانیـیـەکی پێشکێش کردوە کە خۆی دایناوە • شیعرەکـە دەمو دەست لە گۆڤارێکـدا بڵاوکراوەتەوەو پاشان کراوە بە نامیلکە •

لەگەڵ ئەمەشدا ، زەمانـە گۆڕاو ، ئەو ڕۆژنامانـەی مۆری بوختانو بێ ئابڕوویی‌یان لە نێوچەوانی نووسەرەکە دابوو ئێستا سوور بوون لەسـەر ئەوە کە کابرا لەسەر زۆر کەمو کورتیی بازی‌داوە •

سەرۆکی گەورە ، دووبارە ، مستی لە مێز داو نەڕاندی :

« لـەکوێ کۆڵخۆزی دیوە کـەمو کورتیی تێدا نـەبێ ، کۆڵخۆزی نموونەیی وات لەکوێ دیوە ؟ » •

کابرای بەستەزمان هیچ وەڵامی پێ نەدرایەوە • هەندێ گرێ‌کوێر کـە هەن زۆر توند شەتەك دراون ، بۆیە بە دەست ناکرێنەوە ، لەبەرئەوەی لـە چلکاویش هەڵکێشراون ناتوانی ددانیان لێ بخەیتە کار • برادەرەکەم تێ‌گەیی کە تووشی بە تووشی گرێ‌کوێرکـەیەکی ئاوها بوە ، بۆیە بـە بێ‌دەنگـی دانیشتو سەری کز کرد •

بێ‌دەنگی‌یەکەی ماوەیەکی زۆری خایاند ـ دە سـاڵی خایاند • لـەم ماوەیەدا قەت سەری بە بارەگای یەکێتیی نووسەراندا نەکرد • تەنیا یـەك جار هات ئەویش ئەو کاتە کـە نۆرەی وەرگرتنی ئەپارتمانی پێ گـەیشت • بێ‌گومان ئەم جارە دەبوا هەر بهاتایە •

ئەو ماوەیەدا موختار بەگۆڤ سەبارەت بە ساختەکردنی هەندێ ڕاپۆرت لەسەر کارەکەی دەرکرا • کەس سووی لێ نەبووەوە • کابرا وەختی خۆی زۆر ئەراقی بوو لە ئاوی ساردو شیرینی قەزویندا مەلەوانی بکا ، سبەینـــەو ئێواران بە ئوتۆمۆبێلی ڕەشی ڕەسمیی ـ زیم ـ دەچوە کەناری دەریاو لـــەو شوێنە تایبەتی‌یە مەلەی دەکرد کە بۆی تەرخان کرابوو •

مالی لە کەناری دەریا نزیك بوو بەلام پاش دەرکرانی کەس چاوی پێ نەدەکەوت • شەرمی بە خۆی بوو کە لەگەل ڕەمەکی مەردومدا لە کەناری گشتی مەلە بکات چونکە نەیدەتوانی بەسەر فیزو لووت‌بەرزیی خۆیدا زال بێ یا بیگۆڕێ •

دیسان لەبارەی بابەتەوە : هەر کاتێ لە کۆسپەی دەرگا بچیتە دەرەوە گەلێ بالندەت دەکەوێتە بەرچاو کە بەم ناوەدا دەفڕن یا لەسەر دارو دەوەن هەلنیشتوون یا لەســـەر زەوی هەلدەبەزنەوە • بالندەی وایش دەبینی کـــە بەرزەفڕ بەرەو ئاسمان لە شەققەی بال دەدەن • هەندێك بەرز دەبنەوەو هەندێك هەر نزمن وەکو •• کێشکەو پەڕەسێلکەو قەلـــەڕەشکەو قەلەباچکـــە ••• بەرامبەر بەم هەموو بالندانە ئاسمان یـەك هەلۆی تێدایە • هەلۆ لە هەموویان بەرزتر دەفڕێ‌و لە مەودای چاو دەردەچێ • بەلام تاقە هەلۆیـەك لە ئاسـمان هەبێ پیاو کە چووە دەرەوە یەکسەر ئـــەم هەلۆیە پێش هەموو بالندەیـەك سەرنجی ڕادەکێشێ • ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ئەم بالندە گەورەیە لە هەموو بالندەکانی‌دی دوورترو بەرزتر دەفڕێ‌و سەرنجی پیاو بۆ خۆی ڕادەکێشێ کەچی دەبینی هەر پێنج هەنگاو لـــە دەرگا بەولاوە چۆلەکـــەیەك لەسـەر تەمامێك هەلنیشتوە •

لەگەل ئەمەشدا پیاو بە سەرنجدانـــە هەلۆ نابێ بە هەلۆ • نووسەرێك باسی پالەوانێتی بکات خۆی نابێتە پالەوان • زۆر پیاوی ترسنۆك دەناسم بـــە

شیعری پاڵەوانێتی ناوبانگیان دەرکردوە • ئەگەر بێتو (مەحەج دەخەدایف)ی ڕۆڵەی نەبەزی شاخان لە گۆڕەکەی ڕاست بێتەوە ئاخۆ چ بەو زانایە دەڵێ کە نامەی دکتۆرای لەبارەوە نووسیوە ؟

بێ گومان کە لە گۆڕەکەی هاتە دەرەوە پێی دەڵێ :

« تۆ کە نەتوانی لە بەرامبەر سەرنووسەرەکەتدا بەرگری لە تاقە ڕستەیەکی خۆت بکەیت چۆن دەتوانی باسی ژیانو پاڵەوانێتی من بکەی • هەر سەرنووسەرێك بییەوێ دەتوانێ بە کەیفی دڵی خۆی حوکمی تۆ دەرهەق بە من بگۆڕێو تۆش ناوێری یەك جار بەرپەرچیان بدەیتەوە • نەخێر ، تۆ شایانی ئەوە نیت نامەی دکتۆری لەبارەی کابرایەکی وەکو مەحەج دەخەدایفەوە بنووسیت ! »

هەندی کەس وا تێدەگەن ئەگەر یەکێ باسی بابەتێکی گەورە بکات پێی گەورە دەبێ • لەگەڵ ئەمەشدا ، گەورەیی لە شتی سادەدایە • لافاو لە دوو تۆی تاقە دڵۆپە ئاوێکدا پەنهانـە • جیاوازیی پیاوی گەورەو پیاوی بوودەڵە لەوەدایە دووەمیان تەنیا دیاردەو شتی گەورە بەدی دەکات کەچی دەرهەق شتی وردو بچووك دەڵێی چاوی بەستراوە ، بەرلووتی خۆی نابینێ • بەڵام پیاوی مەزن شتی گەورەو شتی بچووك ، هەردووکیان ، بەدی دەکاتو دەتوانێ سیحری شتی زۆر ورد ببینێو پیشانی خەڵکی بدات •

بیرەوەرییەك : وا دەبێ کە نووسەری بەهرەدار غەمبار بێ کەچی

---

نووسەری مام ناوەنجی لە ڕۆیشتندا سەری قیت دەکاتەوە • ئەمەش ئەو حەلە دێتەدی کە نرخ تەنیا بە نیازی پاکی نووسەر بدرێ نەك چۆنیەتیی نووسینو ئەو بەهرەو توانایەی خستوونیەتە کار • لەمبارەیەوە مامۆستا گەلێ لە خوێنەر زیاترن ، قرسێن گەلێ لە شتی قرساو زیاترن ، وڕێنەکەر گەلێ لە نووسەران زیاترن •

سەردەمێك باوكم سۆزێكی گەرمی لە دڵو دەروونیدا بوو بۆ نووسینی داستانێكی درێژ لەبارەی شامیلەوە . نەختێ بەر لە بڵاوبوونەوەی داستانەكە فەرمانێك دەركراو ڕایانگەیاند كە دەبێ لەمەولاو هەتا هەتایە شامیل بە نۆكەری تورك‌و ئینگلیز دابندرێ . وایان تێ گەیاندین كـــە شامیل بیست‌و پێنج ساڵ شەڕی كردوە ، شەڕەكەی لەپێناوی ئازادیی گەلانی داغستان نەبوە ، بەڵكـو بۆ ئەوە بووە ئەو گەلانە بكا بە كۆیلە .

جا باوكم (باڵەوانامە)كەی چ لێ بكات ؟ وایان بڵاوكردەوە گوایا بۆ یەكێكی وەكو ئەو نەهاتوە كاتی خۆی بە لێكۆڵینەوەو باس كردنی كەرەستەی كۆنی مێژوویی بـــە فیڕۆ بـدات . وا چاكـــە داســـتانێكی‌تر لـــە بارەی باسێكی‌ترەوە بنووسێ كە پێوەندی بەم سەردەمەوە هەبێ‌و لە خوێنەرانـــەوە نزیك بێ .

ئەو وەختـــە ، میوانێكی یەك‌ماڵو هەمیشـــەییمان هـەبوو ، ئەویش ئەبوتالیبی ڕووخۆش بوو كە هەمیشە بە خۆی‌و بە زوڕناكەی یا دووزەلەكەیەوە دەهاتە ماڵی ئێمە . ئەبووتالیب خۆی ڕێك‌خست‌و ئامێرەكەی ئامادە كردو گوتی : « هەمزە خەفەت لە خۆت بار مەكە ، گوێ مەدەرێ ، ئەمن كە منداڵ بووم‌و هێشتا شیعرم دانەدەنا ئەم زوڕنایـــەم لێ‌دەدا . ماوەی چەند ســاڵێك خۆم‌و خێزانەكەمم پێ بەڕێوەبرد . داوای هەر ئاوازێكیان بكردایە ، لێی هەڵدەستا . با یادی سەردەمی لاویمان بكەینەوەو نەختێ لە باسی شیعر دووركەوینەوەو گوێ لە مۆسیقا بگرین . ئەمن زوڕنا دەژەنم . هەمزە ، تۆش دەهۆڵ بكوتە . ئەمانە ساناترین ئامێرن بۆ ئێمە مانان » .

« ئەبووتالیب ، قســـەی وا مەكـــە . خراپ نەبوو ئەگەر زوڕنا ژەن‌و دۆڵەنگیو بین . سەماكەرو تەنافباز بە ئاوازی زوڕنای زوڕناژەنەوە دەكەونـــە سەماو هەڵبەڕكێ . زوڕناژەن لەسەر زەوی دەوەستێ ، كەچی تەنافباز بـــە

هەوادا دەڕوا • ئێستا ئەبووتالیب ، پێم بڵێ کامەیان ئیشی گرانترە ؟ من‌و تۆ وەکو تەنافبازەکە واین دەیانەوێ بمانکەن بە سەماکەرو تەنافباز ! »

ئەبووتالیبی ڕووخۆش بە خۆی‌و بە زوڕناکـــەی کزو غەمبار بوون • ماوەیەك کڕو بێدەنگ بوو پاشان سەری بەرز کردەوەو گوتی :

« شیعر نووسین کارێکی ئاسان نی‌یە ! »

**تۆپکەی بەرز نزیك دیارە ،**
**کە لە بەرپێی‌دایت وا دەزانی دەستت دەیگاتێ**
**ئینجا بە ڕێگەی بەردەلان هەڵدەگەڕێی‌و زەنە بەفر دەبڕی**
**دەڕۆی هەر دەڕۆی هێشتا کۆتایی دیار نی‌یە •**

**کارەکەی ئێمەش وێ ناچێ زەحمەت بێ**
**بەلام کە چەند سەعاتێك لەنێو وشان کار دەکەیت‌و**
**دێرێکت بۆ ڕێك‌ناکەوێ ، بۆت‌دەردەکەوێ ،**
**بە تۆپکە هەڵگەڕان گەلێ لە نووسینی گۆرانی‌یەك ئاسانترە •**

چیرۆکی ئەو باڵندەیەی ویستی ببێ بە هاوکووفی هەڵۆ :

کاتێك کە ڕانەمەڕێك لە قەدپاڵی شـــاخان شـــۆڕ دەبووەوە بێدەشت ، هەڵۆیەك وەك برووسکە هاتە خوارێ‌و چڕنۆکی لە کاوڕێك گیرکردو فڕاندی • باڵندەیەکی بچکۆلە چاوی لـــەم دیمـــەنە بوو ، بڕیاری‌دا ئەمیش وا بکات • بێجگە لەمەش مرخی خۆی خۆش کردبوو لـــە باتیی کاوڕێـــك بەرانێـــك بفڕێنێ • ئیدی بەرەو ئاسمان لە شەقەی باڵی دا • پاشان باڵەکانی نووشتاندەوەو خۆی شل‌کردو وەکو بەرد هاتە خوارێ ، خۆی پێ نەگیرایەوە لە قۆچـــی بەرانێك چەقی‌و قیاتی لەبەر برا •

شوانەکە باڵندە مردارەکـــەی خستە ســـەر لەپی خۆیـــەوەو گوتی : « مێشێکیش ، جارێکیان ، ویستی بەردێك غلۆر بکاتەوە » •

بەم جۆرە ئەو باڵندە بچووکەی ویستی ببێ بە هاوکووفی هەڵۆ ئەنجامی بەوە گەیشت کە لەگەڵ مێشێکدا بەراورد بکرێ •

دیسان لەبارەی بابەتەوە : بابەت وەکو دڵداری ، وەکو سوێند ، وەکو پاڕانەوە ، وەکو نوێژ وایە • لە ڕۆژهەڵاتدا وا باوە دەڵێن نوێژ بە دووپات بوونەوە هیچی لێ کەم نابێ ، بگرە نرخی زیاد دەبێ • بەڵام ئەمە بۆ (بابەت) ناگونجێ • ئەگەر ملی تەنیا یەك بابەت بگریتو هەر بیکوتیتەوە بابەتەکـــە دەسوێو نرخی نامێنێ • ئەڵماس تا گەورەتر بێ بەنرختره ، کێ بە تۆزێك ئەڵماس ڕازی دەبێ ؟

جارێکیان شیعرێکم لەبارەی (ڤێرا ڤاسیلێڤنا)وە نووسی کە مامۆستایەکی ئافرەتی ڕووس بوو ، بینیم هەموو خوێنەرو بگرە ڕەخنەگرەکانیش پەسندیان کرد • موچڕکێکی تیژم بە لەشدا هات ، بابەتەکەم گرتە ئامێز •

شیعرەکەم وەکو ئەو شەرابە وا نەبوو کە لەناو بەرمیلی داردا گەڵاڵـە دەبێ ، بەڵکو وەکو ئەو شەرابە وا بوو کە دوای شووشتنی بەرمیلەکە دەستمان دەکەوێ •

پیاو دەتوانێ خزمەتی شەرابێکیوا بکات کە هێشتا هەوێن نەکرابێ •

ئێستا بۆتان باس دەکەم ئێمە کە برادەرانی مۆسکۆمان فێری شەرابـی داغستانی دەکرد چیمان دەکرد •

هەر جارێك کە منو برادەرە قەوقاسیـیەکانـــم لە وڵاتی خۆمـــــان بچووباینەوە مۆسکۆ هەندێ شەرابمان لەگەڵ خۆمان دەبرد • برادەرەکانمان گرددەبوونەوە • گۆزەی شەراب نەدەسایەوە • ئاهەنگ گەرم دەبـــوو • شەرابەکـە کۆن دەبوو • باش پێدەگـــەیشت • شـــەرابێکی زۆر نایابی لێ دەردەچوو • برادەرەکانمان زۆر بە شانو شکۆی شەرابەکەیان هەڵـــدەداو خەبەریان دەدا برادەری خۆیانو شەرابەکە ڕاوکەری زۆر دەبوو • هێندەی پێنەدەچوو بەرمیلەکە بنی دەهاتو ئەو شەرابەی هێنابوومان تەواو دەبوو • جا دەهاتین ـ با پێ لە تاوانی خۆم بنێم ـ شەرابی ئاسایمان لە بۆڤێدا دەکڕیو لەناو بەرمیلی خۆمانمان دەکردو بە ناوی شەرابی خۆمانەوە بەســـەر

برادەرەکانماندا دەبەشی‌یەوە . برادەرەکانمان دەرگیان بە جیاوازی‌یەکـــە نەدەکرد . تەنیا یەکێکیان نەبێ کە پسپۆڕ بوو فڕێکی لە پێکەکە داو سەیرێکی منی کردو سەری بادا ، دەنا ئەوانەی‌تر تا زیاتریان دەخواردەوە سەریان گەرمتر دەبوو ، تا سەریان گەرمتر دەبوو زیاتر بە شەرابەکەیان هەڵدەگوت .

لەبارەی ئەو شیعرانەشەوە کە دەمخوێندنەوە هەمان شت بوو . تــاك تاکە خوێنەرە وریاو زرنگ‌و بەهرەدارەکان سەریان با دەداو دەیانگوت :

« ئۆی ، (دەلەگەلۆف)یش ئیشی‌وای دەکرد ! »

یان دەیانگوت :

« هەر دێ‌یەك گەوجێکی بەسە ! »

پاشان تێ‌گەیشتم کە من وەکو ئەو وەستا دەست‌ڕەنگینەم کە گۆپـاڵـی دروست دەکرد .

با بۆتان بگێڕمەوە مەسەلەکە چۆن بوو .

کاتێك کە منداڵ بووم پۆستەچی‌یەك هەبوو ناوی قوربان عەلی بـــوو . کابرایەکی گاڵتەچی بوو . خەڵکی دێی (ئیبۆت) بوو . کە دەگەڕا هەمـــوو جارێ سەرێکی لە باوکم دەدا تا پێکەوە سیلێك بخۆن‌و هەندێ قسە بکەن . نازانم بۆچی دڵی کەوتبوە سەر باوکم ؟ تەنیا باسی ژن‌هێنانی دەکرد ئەویـــش نەك ژن هێنانی گشتی بەڵکو ژن‌هێنانی خۆی چونکە یەکێك بوو لەوانەی بـە هەفتەیەك ژن دێنن‌و دوای مانگێك تەڵاقی دەدەن . تازە ژنێکی تەڵاق‌دابـــوو بەدوای‌بێوەژنێکی تەڕدا دەگەڕا . ڕەنگە هاوسەرێکی تەباو تفاقی بـــۆ خۆی دەست‌نیشان کردبێ چونکە هەمـــوو جارێ باسی جوانـــــی‌و جحێڵـی‌و خۆش‌مەشرەفیی ژنەی دەکرد .

لەناکاو هەموو باس‌و خواستێکی بێوەژنە جحێڵەکـــە بڕایەوە . قوربان

عەلی هەموو ڕۆژێك وەكو جاران دەهات بەڵام ئەو بەینە باسی كاروبـــاری كۆڵخۆزو ئاوو هەواو هەموو شتێكیدی دەكرا تەنیا باسی ژن هێنان نەدەكرا •

باوكم لێیپرسی : « ئەو ژنەی ڕات لێ بوو هێنات ؟ »

« ئاخ ، نەخێر ، هەمزە ! ویستم بیهێنم بەڵام ڕازی نەبوو • ئێستـــا دەبێ بە خـــوارو ژووروی داغســـتاندا بگـــەڕێم بەڵكو بێوەژنێكی جحێـــڵ بدۆزمەوە » •

قوربان عەلی ماوەیەكی زۆر بزر بوو • من وای بۆ چووم كە چوە لـــە گوندان بگەڕێو ئافرەتێكی شایستە بدۆزێتەوە • كە ئەو دیار نەبوو كوڕەكەی پۆستەی دەگێڕا •

لە ئەكامدا كابرای بەدبەخت بەدەركەوتەوە ، خۆمان پێ نەگیرا لێمـــان پرســـی :

« ها ، وەزعت چۆنە ؟ خۆ ڕێگاكەت ڕاستو نزیك بوو ؟ »

« ڕاست بوو بەڵام دەڵەگەڵۆف خواری كردەوە » •

« چـــۆن ؟ »

« زۆر ئاسانە ، بەشوێن كارەكەمدا دەچوومە هەر شوێنێك دەیانگوت : « درەنگ هاتی پێش پێی تۆ دەڵەگەڵۆف لێرە بوو » •

داریش دەڵەگەڵۆف دۆنجوانێكی بەناوبانگی ئافاری بوو • ساڵی ١٩٣٨ بۆ جاری هەژدەمین ژنی هێنا •

بەمجۆرە قوربان عەلی پۆستەچی ئەم پەندەی داهێنـــا كـــە دەڵێ : « پێش من دەڵەگەڵۆف لەوێ بوو » •

چیرۆكێكیترتان بـۆ دەگێڕمەوە كە باسی پیاوێكی گەوج دەكات • وا باوە دەڵێن هەر گوندەو گەوجی خۆی هەیە ، یەك تاقە گەوجی هـــەیـە •

ئەمە باشتریشە چۆنکە خراپــە گوند زۆری گــەوج تێدابێ • بەڵام کە هیــچ گەوجیشی تێدا نەبێ ، بێیەوە دیارە کــــە شتێکی کەمە • هەموو گەوجەکــان یەکدی دەناسن‌و سەردانی یەکتریش دەکەن • هەر بە پێودانگی ئــــەم ڕەوشتەش جارێکیان گەوجی گوندی «گورتاکۆلی» چوە سەردانی گەوجــی هاوڕێی لە (خونزاخ) •

« گەوجە ، سەلاموعەلێك » •

« وەعەلێکەسسەلام ، گەوجە ! »

وەك برادەران ڕایانبوارد • بە هێمنی لەبەر سۆبە دانیشتن • دەستیان بە خواردن‌و خواردنەوە کرد •

بۆ رۆژی سێیەم ، گەوجی گورتاکۆلی بیری کردەوە کە وەختــــی ڕۆیشتنی هاتوە • گەوجی خانەخوێ بە گوێرەی عادەت بــــە دیاری‌و سەربلندی‌یەوە میوانەکــــەی بەڕێ کرد • کە گەیشتنە پەرگــــەی دێ هەردوو گەوجەکە دەست‌ودەمی یەکتریان ماچ کردو ماڵاوایی‌یان کرد • بەمجۆرە هەموو داب‌و دەستوورێکی میوانداری هاتە جێ •

میوان کە یەکەم هەنگاو لە سنووری دێدا دەپەڕێتەوە مانای وایـە لەژێر پارێزگاریی ئەو دێیەدا نامێنێ‌و هەقی میوانداری چیتر نایگرێتەوە •

بۆیە لەم کاتەدا گەوجی خونــــزاخ هەڵی‌کوتایــــە سەر هــــاوڕێ گورتاکۆلی‌یەکەی‌و لە هێکەوە بە توندی بەربوە سەروپۆتەلاکی •

« باوکم بۆ لێم دەدەی ؟ چیم کردوە ؟ »

« نەکەی جارێکی‌تر بێی بە میوانم • ئــەدی نازانی یەك گەوج ســـەرو زیادە بۆ گوندێك » •

هەندێ جار کە لەم چیرۆکە ورد دەبمەوە وای بۆ دەچم کە یــــەك پیاوی ژیریش بەسە بۆ گوندێك •

له دەفتەری بیرەوەریمدا : جارێکیان خانێکی دەوڵەمەند لە هەزارێکـــی

پرسی : « کام شوێنی مراوی لە هەمووی خۆشترو بەتامترە ؟ ئەگەر وەڵامێکـــی ڕاستم بدەیتەوە خەڵاتت دەکەم . »

هەژارەکە یەکسەر وەڵامی دایەوە : « قوونەجۆڵەی » مراوی‌یەکیـــان برژاند . خان قوونەجۆڵەکەی تام کرد ، زۆر خۆش و زەریف بوو .

پاشان لە هەژارێکی تری پرسی : « کام شوێنی گا لە هەمووی خۆشترو بەتامتـــــرە ؟ »

کابرای دووەم مەراقی بوو خەڵات بکرێ ، بۆیە وەکو کابرای یەکـــەم وەڵامی دایەوە : « قوونەجۆڵەی »

خان خواردنەکەی تام کردو فەرمانی‌دا کابرایان قامچیکێش کرد .

بەداخەوە ئەو نووسەرانە قامچیکێش ناکرێن کە بێ‌ئەوەی بیر بکەنەوە لە هەلوێستی جیاوازەوە هەمان شت دەجوونەوەو بەدوای یەکتردا دەیلێنەوە .

ئێستاش لەبارەی نووسینەکەی سەرگۆپاڵی (ئۆنتسۆکۆل)ەوە :

ڤلادڤین باخنۆڤی نووســـەری مۆسکۆیی لەبـــەر ئەوەی کـــە شەل بوو بە گۆپاڵ دەڕۆیشت . جارێکیان کە پشوومان درابوو بـــەرەو داغســـــتان دەچوومەوە ماڵێ ، هەرلێم پێدا گۆپاڵێکی نایابی لەو گۆپاڵانە بۆ بێنم کە وەستا بەناوبانگـــەکانی (ئۆنتسۆکوڵ) دروستی دەکـــەن . کە گـــەیشتمەوە ماڵێ یەکسەر بۆ وەستایەکی گۆپاڵانی ئۆنتسۆکۆلی ناسیاوی خۆمانم نووسی‌و داوام لێ‌کرد گۆپاڵێکم بۆ دروست بکا . کابرای گۆپاڵ دروست‌کەر وەستایەکـــی چاك بوو ، جگە لەمەش دۆستی باوکم بوو . جا لێم مسۆگەر بوو کە گۆپاڵێکی زۆر نایابم بۆ دروست دەکات بەلام ئەوکاتە نەمزانی چ نووسینێکی بدەمـــێ لەسەر گۆپاڵەکە هەڵی‌کەنێ .

لەو ماوەیەدا وتـــارێکی ئەدەبیی درێژ لـــە ڕۆژنامەیەکی گەورەدا بڵاوکرایەوە بەناوی : « بەرچیخ لەباتیی ڕەخنــە ؟ » وام بۆ هات کە ئــەم ڕستەیە زۆر چاك لەگەڵ گۆپاڵەکەدا دەگونجێ ٠ بۆیە بڕیارم دا وا بکــەم ئەم ڕستەیە لەسەر گۆپاڵی دیاریی برادەرە مۆسکۆیییەکەم بنووسرێ ٠

پاش دوو هەفتە گۆپاڵەکە تەواو بوو ، جوانترین گۆپاڵ بوو ، تا ئــەو کاتە لە ئۆنتسۆکۆل دروستکرابێ ٠ لە جێگایەکی تایبەتیش ئــەم وشانــە هەڵکەندرابوون : « بۆ ڤ ٠ باخنۆڤ ٠ بەرچیخ لەباتیی ڕەخنە ٠ لە ڕەســووڵ هەمزەتۆڤەوە » ٠

دەبێ ئەوەش بڵێم کە گۆپاڵی (ئۆنتسۆکۆل)مان لە مەحەچ قــەڵاو کیسلۆڤۆدسكو پیتی گۆرسك ، لە دووکانی دیاریدا دەفرۆشرێن ٠ هەروەسا لە بازاڕی گوندە شاخاوییەکانیشدا دێنە فرۆتن ٠

دوای چەنــد مانگێك گۆپاڵی ئۆنتسۆکۆلی لــەم هەموو شوێنانەدا بــۆ فرۆشتن کەوتە بازاڕەوە ، هەمووش لەسەریان نووسرابوو :

« بۆ ڤ ــ باخنۆڤ ٠ بەرچیخ لە باتیی ڕەخنە ٠ لــە ڕەســــووڵ هەمزەتۆڤەوە » ٠

بێگومان ئەم شتە جێگەی سەرسامیی ئەو کەسانە بوو کە لە کاتــــی پشوودا چووبوونە گەشتو ئەو گۆپاڵانەیان کڕیبوو کە ئەو نووسینەیــــان لەسەر بوو بەڵام دیارە من لە هەموویان سەرسامتر بووم ٠

پاشان ئاشکرا بوو ئەم پیرە وەستایەی یەکەم گۆپاڵی بۆ من دروستکرد یەك وشەی ڕووسیی نەدەزانی ٠ وشەکانی لەســــەر پارچە قاقەزێك بــۆ نووسرابووەوە ٠ ئەویش بە دەقە خۆی لەسەر گۆپاڵەکە هەڵیکەندبــوون ٠

کابرا بیری کردبووەوە مادام شاعیرێك ویستوویەتی ئــەم وشانە لەســەر

گۆپاڵەکەی هەڵبکەندرێن ، دیارە دەبێ حیکمەتێکیان تێدابێ • کەواتە بۆچی هەموو گۆپاڵەکانی‌تریش بەم وشانە نەنەخشێنێ ؟

ئەو وەستایە ناهەق نی‌یە کە ئەوەندە بە ساویلکەیی متمانە بە شاعیران دەکات • متمانەی ئەو دڵسۆزی‌و خۆشەویستیی تێدایە • ئەدی ئێمەش کە نووسەری دونیادیتەین جاروبار وەکو ئەم کابرایە وا نین ؟ !

دوا شت کە دەمەوێ لەبارەی بابەتەوە بیڵێم : بابەت هەیە وەکو نوێژ تا زیاتر دووپات بکرێتەوە ، بەرزترو بەنرخترو دەوڵەمەندتر دەبێ • بابەت نوێژە ، بابەت نیشتمانە •

کە منداڵێك چەتوون بێ‌و بێحاڵی بکات‌و سزای بدەن ، ڕەوشتی چیاکانمان وایە ، لێ‌دەگەڕێن لە هەموو شوێنێکی لەشی بدەی تەنیا رووی نەبێ • ڕووی بنیادەم شتێکی زۆر پیرۆزە ، بۆیە هەموو چیایی‌یەکانمان ئەم دەستوورە بەجێ دێنن •

داغستان ڕووی منەو لێ‌ناگەڕێم هیچ کەسێك دەستی بۆ بەرێ •

خەڵکی شاخان کە بەشەڕدێن سنگیان زۆر فراوانە • ڕەنگە زۆر قسەی رەق‌و نارەوا بە یەك بڵێن هەر کەسێك قسەی ڕەق‌و جوێنی پیسی پێ بدرێ قسەی خۆیان پێ‌دەڵێتەوەو جوێنی خۆیان پێ‌دەداتەوە ، ئەمە ئەگەر قسەکە تەنیا کابرای شەڕکەر بگرێتەوە • بەڵام واوەیلا بۆ ئەوکەسە کە چ لە سەرمەستی بێ‌و چ لە بێ‌مەنەتی دەچێ قسە بە نامووسی دایك‌و خوشکی یەکێکی‌تر دەڵێ ، ئەو کاتە دەبێتە شەڕە خەنجەر •

داغستان ، تۆ دایکی منی • ئەوانەی لەگەڵ من بەشەڕ دێن با ئەوە لە بن‌سەری خۆیان دابنێن کە هەر قسەیەکی رەق بە من بڵێن قبووڵی دەکەم ، بەڵام قبوول ناکەم هیچ قسە بە داغستانەکەم بگوترێ •

داغستان ، تۆ خۆشەویستی منی ، نەزرو پاڕانەوەو نوێژی منی ، تەنیا تــۆ بابەتی سەرەکیی هەموو کتێبەکانو سەراپای ژیانمی .

هەندێ جار داوام لێ دەکەن تەنیا باسی (دوێنێ)ت بکەم : ڕەوشتو ڕێبازە کۆنەکانمان ، ئەفسانەو گۆرانییەکانمان ، ئاهەنگو شمشێرەکانمان . جەنگو دۆستایەتی ، موریدی نەبەرد ، کچی دڵسۆز ، ئازایی‌و گەورەیی ، خوێنی گەنجانو فرمێسکی دایکان ...

هەندێ جاریش داوام لێ دەکەن تەنیا باسی (ئەمڕۆ)ت بکەم : دەوڵەتو کۆڵخۆزو سەرۆك تیپەکانمان ، شـانۆو کتێبخانەکانمان ، دەسکەوتـە هێژاکانمـان .

من ناتوانم خۆم تەنیا بە یەکێ لە (دوێنێ)و (ئەمڕۆ)مان ببەستمەوە . بەلای منەوە تەنیا یەك داغستان هەیە کە تەمەنی هەزار ساڵە . بەلای منـەوە ڕابردووو ئێستاو دوارۆژی داغستان لەنێو یەك بۆتەدا دەتوێتەوەو ناتوانـم دابەشی چەند قۆناغێکی بکەم .

مێژووی وڵاتو دەوڵەتەکانی‌دی لەمێژە نووسراوەتەوە . هـەر بـە خوێن نەنووسراوە ، بە قەڵەمیش لەسەر قاقەز نووسراوە . هەر سەربـازو سەرلەشکر نەیاننووسیوە ، نووسەرو مێژوونووسیش نووسیویانە .

مێژووی داغستان بە شمشێر تۆمار کراوە . تەنیا لە سەدەی بیستەمـدا بوو کە داغستان باوەشی بە پێنووسدا کرد .

داغستان ! من بە ڕێگەی کۆنە جەنگەکانتدا ڕۆیشتووم . سەرم لە زۆر شەڕگە داوە کە ئێسكو پرووسکی جگەرگۆشەکانی تۆیان تێدا چاندراوە . بێ ناوێ کۆڵخۆزەکانی گەنمو دەرە لە قسەم زویر بن . کە بە شیعر باسـی داغستانی ئەمڕۆ دەکەم با ڕابردوو لۆمەم نەکات .

که له وڵاتی بێگانان دێمەوە جیایی‌یەکان له دەوروبەرم کۆدەبنەوەو داوام لێ دەکەن چیم دیوە بۆیان بگێڕمەوە • بەئەڵقە له دەورم دادەنیشن‌و گوێ ڕادەدێرن • ئەوپەڕەکەی دەتوانم سێ سەعات قسەیان بۆ بکەم‌و لەم ماوەیەشدا باسی فەرەنساو هیندستان‌و ژاپۆن‌و تورکیایان بۆ دەکەم • دوای سێ سەعاتەکە بە ناچاری قسە دێتەوە سەر داغستان‌و باسی داغستانی خۆمانیان بۆ دەکەم • برادەرەکانیشم ، هەرچەندە داغستان لەوان پێك‌هاتوە ، بەلام وا گوێم بۆ دەگرن دەڵێی یەکەمجارە ئەم شتانە دەبیسن •

مەحموود شاعیرێکی گەورە بوو • یەك بابەتی هەبوو • ئەویش ئەشق‌و ئەوینی مێرەم بوو • جارێکیان برادەرێکی زۆر نزیکی کوڕێکی بوو ، داوای له مەحموود کرد لایلایەیەك بۆ کوڕەکەی دابنێ • مەحموود چیی لەتوانادا بوو کردی بەلام بێهوودە بوو ، لەباتیی ئەوەی کۆرپەی ناو بێشکە بە گۆرانی‌یەکەی مەحموود ژێربێتەوەو خەوی لێ بکەوێ له جاران خراپتر دەیزریکاند •

جارێکی‌تر برادەرێکی‌دی داوای لێ کرد سەردوولکەیەك له یادی ژنی کۆچکردووی بنووسێ • مەحموود چیی لەتوانادا بوو کردی ، بەلام بێهوودە بوو • خەڵك که گوێ‌یان له سەروولکەی مەحموود بوو کەس دڵۆپە فرمێسکێکی له چاوان نەهاتە خوارێ ، بگرە هەندێکیان گرژینەوەش •

بەلام تا ئێستاش هەر کاتێ گۆرانی‌یەکەی مەحموود بگوترێ که لەبارەی خۆشەویستی‌یە ناکامەکەی مێرەمەوە نووسیویە کەس خۆی پێ ڕاناگیرێ • هەموو له پرمەی گریانێ دەدەن •

مێرەم بابەتی سەرەکیی مەحموود بوو ، بابەتی سەرەکیی من داغستانە •

عەشق‌و خۆشەویستیم گەورە بێ یا بچووك ، دڵسۆزیم کەم بێ یا زۆر ، هەستم کۆن بێ یا نوێ ، من هەر لەبارەی تۆوە دەنووسم ، ئەی

داغستانەکەم ! کە قەڵەم دەخەمە سەر کاغەز قەڵەمەکە بەناچاری لە ناودەستمدا دەلـــەرزێ .

باوکم دەیگوت : ئەگەر بێستانی شووتی لە دەم ڕێگا بێ هەموو ڕێبوارێك دەتوانێ کاڵکە شووتیی لێ بکاتەوە .

دەڵێـن : لە تاشەبەردێك مەنەوێ کە نەتوانی بەرزی کەیتەوە .

بە مەلەوانی لەوە دوورتر مەڕۆ کە نەتوانی بگەڕێیتەوە کەنار .

دەڵێن : ئەگەر ئاوی گۆم گۆزینگێك قووڵ بێ ، دەلینگی شەڵوارت تـا سەرچۆکان هەڵمەکە .



## ژانر

**گەوج بە زریکـــە تـرس دەردەبڕێو**
**پیاوی ژیر بـــە وشەی نەرم •**

**کە بەهار دێ گۆرانی بلێ •**
**کە زســــتان دێ هەقایەت بگێڕەوە •**

لە بەردەم شاخێکدا وەستاوم و دەبێ پێدا هەڵگەڕێم • ئەسپە ڕەسەنەکەم بەسەر هەموو هەڵەتێکدا هەڵدەگرێ • شاخ بابەتی منە ، ئەسپەکە زمانمە • ئێستا دەبێ ڕێگایەك هەڵبژێرم ئەم شاخە سەختەی پێ ببڕم ••

هەموو چیایی‌یە پێشینەکانمان ڕێگەی قەدبڕیان پەسندکردوە • ئەمجۆرە ڕێیە زۆر هەڵەت‌و پڕ مەترسی‌یە بەڵام زووتر پیاو دەگەیەنێتە ئامانج •

یان بڵێین : لە دیار قەڵایەك وەستاوم کە دەبێ داگیری بکەم • چەکێکی چاکم بەدەستەوەیە لە جەنگدا شەرمەزارم ناکات • قەڵا بابەتی منە ، چەکەکــە زمانمە • بەڵام دەبێ ڕێگایەکی‌وا بدۆزمەوە کە بە ئاسانی ئەو قەڵا ســـەختــە داگیـر بکـــەم •

ئایا کت‌وپڕ هێرشی بکەمە سەر ؟ یا تا ماوەیەك گەمارۆی بدەم ؟

دەرە لە زەویدا دەچێندرێ • ئاویش لە جۆگەیەکی شاخاویی نزیکدایە • بەڵام چۆن ئاوەکە بەربدەمەوە سەر زەوی‌یەکە ؟

سۆبە دارو دووی تێدایەو مەنجەڵێکی لەسەرە • هەندێ کەرەستەشم هەیە لە مەنجەڵەکەیان بکەم بەڵام نازانم چ چەشنە چێشتێك بۆ فراوین لێ‌بنێم ؟

سەرنووسەری گۆڤارەکە لە نامەکەیدا ماوەی دابووم بە ئارەزووی خۆم هەر ژانرێکم دەوێ هەڵی‌بژێرم : کورتە چیرۆك ، سەرگوزشتە ، شیعر ، وتار ••• تا مەودای هەڵبژاردن فراوانتر بێ هەڵبژاردنەکە زەحمەتتر دەبێ •

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : جارێکیان ، لە ئامۆژگەی ئەدەبدا ڕێکەوت وا بوو :

کۆڕسی یەکەم : بیست شاعیرو چوار پەخشاننووس‌و یەك شانۆنامەنووس •

کۆڕسی دووەم : یازدە شاعیرو هەشت پەخشاننووس‌و یەك شانۆنامەنووس‌و یەك ڕەخنەگر •

کۆڕسی سێیەم : هەشت شاعیرو دە پەخشاننووس‌و یەك شانۆنامەنووس‌و شەش ڕەخنەگر •

بۆ کۆڕسی چوارەم : یەك شاعیرو یەك پەخشاننووس‌و یەك شانۆنامەنووس‌و ئەوانەی‌تر هەموو بوونە ڕەخنەگر •

بێ گومان ئەمە هەمووی نوکتە بوو کردم ، بەڵام ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە زۆرکەس بە شیعر دەست پێ‌دەکەن‌و بادەدەنەوە سەر پەخشان‌و ئینجا شانۆنامەو پاشان دەبنە وتارنووس ••

سەربارەی ئەمانە ئێستاش بۆتە مۆدە کە بابدەنەوە سەر نووسینی (سیناریۆی فیلم) .

هەندێ سوڵتان و پاشا هەن لەبەرئەوەی ژنیان پەرك و نەزۆكە تەڵاقی دەدەن . دوای ئەوەی گەلێ ژن تەڵاق دەدەن ئینجا بۆیان دەردەکەوێ کە (شاژن و سوڵتانەکان) خەتایان نەبوە .

شان بەشانی ئەمەش دەبینین جووتیارێك سەراپای ژیانی لەگەڵ یەك ژندا دەباتە سەر و ژنەکەی دوازدە منداڵی لێ دەکەوێتەوە . ئەمن دەڵێم : شەراب بنۆشە بەڵام سووکایەتی بە نان مەکە . گۆرانی بڵێ بەڵام گوێ لە چیرۆکیش بگرە . شیعر بنووسە بەڵام چیرۆکی سادەش فڕێمەدە .

**پەخشان**

کە کۆرپە بووم و لەناو بێشکەدا ڕاکشابووم دایکم لایلایەی بۆ دەگوتم . تەنیا یەك تاکە لایلایەی دەزانی و بەس . ئەگەرچی باوکم شاعیرێکی بەناوبانگ بوو بەڵام هیچ گۆرانیی بۆ کوڕەکانی دانەدەنا . پێی خۆش بوو هەر چیرۆکمان بۆ بگێڕێتەوە . هەموو جۆرە چیرۆکێکی بۆ دەگێڕاینەوە : هەندێك لەبارەی شتی ڕاست و ڕووداوی ڕاستەقینەو هەندێك لەبارەی شتی خەیاڵی و ئەفسانەیی یەوە . ئەمەش هەمووی هەر پەخشان بوو .

باوکم حەزی نەدەکرد باسی شیعری خۆی بکا ، وا تێبگەم شیعری بە کارێکی سانا و زیادەکی دادەنا . ئەوەی زۆری بەلاوە گرنگ بوو بریتی بوو لە : زەوی کێڵان ، هەڵوەشاندنەوە و لێنانەوەی بان ، بەخێوکردنی ئەسپ و مانگا ، بەفرماڵکردنی سەربان ، لە ئاخرو ئۆخری ژیانیشیەوە بەگوێرەی تەمەن و توانای بەشداریی ڕاپەڕاندنی کاروباری دێ و ناوچەی دەکرد .

کە شیعرێکی دەنووسی ، بەلایەوە گرنگ نەبوو لە هەرکوێ چاپ و بڵاوبکرێتەوە . بەلایەوە وەکو یەك وابوو چ لە ڕۆژنامەی سەرەکی

بڵاوبکرێتەوەو چ لە (ڕۆژنامەی دیوار)ی دیدەوانــە گەنجەکانـــی دێ • وا بزانم ئەگەر شیعرەکەی لە ڕۆژنامەی دیوار بڵاو بکرابوایەوە پتر هەوەسی پێ دەهـــات •

زۆر جار قسەی «ئەناسل محمد»ی دەگوتەوە کە بە مەحموودی کوڕی گوتبوو • مەحموود شاعیرێکی بەناوبانگی دڵداری بوو • کاتێك کە مەحموود وەکو کوڕێکی بەنازو فیزو دەستبڵاو هاتەوە ماڵێ ، ڕەقوتەق‌و لەڕو لاوازو ڕەنگ‌زەرد بوو ، لەبەر ئەوین‌و گۆرانی‌و دڵداری داوەشابوو ، کە داوای خواردنی کرد ، باوکی بە نەرمی پێی گوت :

« کوڕم شیعر بخۆو دڵداری بەسەردا بنۆشە • شەکەت بووم هێـــدەی زەویت بۆ بکێڵم » •

ڕاستە ، باڵندە پێویستی بــە گۆرانی هەیە ، بەڵام ئەرك‌و کاری سەرەکی ئەوەیە کە هێلانەیەك بۆ خۆی دروست بکات‌و خۆراك بۆ بێچوەکانی پەیـدا بکـــات •

باوکم شیعری بەلاوە دەق وەکو گۆرانیی باڵندە وا بوو ـ جوانـــە ، خۆشە ، بەڵام شتێکی بنەڕەتی نی‌یە • شیعری بەلاوە وەکو (بەیانیت‌باش)ێـك وا بوو کە سبەینان لە یەکتری دەکەین ، وەکو (شەوباش)ێك وابوو کــە لەکاتی چوونە ناو نوێنەوە لە یەکتری دەکەین ، وەکو نامەی پیرۆزبایی وابوو لەکاتی بشوودانا ، وەکو سەرخۆشی‌کردن وابوو لەکاتی خـــەم‌و پەژارەو بەســـتیدا •

هەندێ‌کەس واتێدەگەن کە هەر شاعیرێك بەگوێرەی ئەو ڕێـــەی گرتوویەتەبەر دەبێ لە دەریای بیرو ئەندێشەو سۆزدا بخنکێ • بەڵام باوکـــم بە دڵ‌و گیان‌و ئەدگارەوە چیانشینێکی ئاسایی بوو • لە هەموو شتێك زیاتـــر حەزی لەوەبوو کە لەناو ئەڵقەی برادەران دابنیشێ‌و بێ بە قسەو گفتوگـــۆ ،

هەرکەسە چیرۆکو بەسەرهاتی خۆی بگێڕێتەوەو کەسیش قسە بە کەس نەبڕێ • ئەمەش هەمووی هەر یەخشان بوو •

کاتێك کە باوکم شیعرە سەرەتاییەکانی خۆی پیشانی مەحموودی شاعیری لێزانو شارەزا دا ، مەحموود سەری لە شیعرەکانی باوکم سووڕ ماو گوتی تێیان ناگەم • ڕاستی ، تەو وا تێنەدەگەیشت کەس هەبێ بتوانێ شیعر لەبارەی مانگاو تەرەکەرو سەگو ڕێگای خونزاخەوە دابنێ •

باوکم بە گوێرایەڵییەوە لێی پرسی : « ئەدی لەبارەی چییەوە بنووسم ؟ »

« لە بارەی خۆشەویستییەوە • تەنیا خۆشەویستیو بەس • پێویستە کۆشکی خۆشەویستی بنیات بنێی » •

شیعرێکی مەحموود :

**کۆشکێکی دڵداریم لەم سەرزەمینەدا دروستکرد ،**
**کەچی خۆم بە کلۆلی لە زەندۆڵێك کەوتووم •**
**پردێکی پتەوم بۆ گراوییەکەم دروستکرد**
**بەڵام داڕما ، ئێستا لەم دونیایەدا تەنیام •**

باوکم کۆشکی دڵداریی دروست نەکردوە ، هەرگیز بەتەماش نەبووە دروستی بکات • خواستو ئارەزووی ، کۆشکی ، ناوەرۆکی شیعرەکانی ، هەموو بریتی بوون لە : ماڵو خێزانو منداڵەکانی ، گوندو ئەسپو وڵاتەکەی ، ئاشتیو خاك ، ئاسمانو باران ، ڕۆژو گیا •

ڕاستە جارێکیان شیعرێکی دڵداریی دانا بۆ ئەو ئافرەتەی کە حەزی لێ دەکرد بەڵام بە عارەبی نووسی بۆئەوەی کەسی تر پێی نەخوێنرێتەوە • ئەم شیعرە تەنیا بۆ خۆیو بۆ دڵخوازەکەی بوو •

ڕاستییەکەی ، باوکم نەرمیو شێنەییو حیکمەتی چیرۆکی بەلاوە

خۆش بوو • ئێواران کە تاریك دادەهات لەسەر ڕانی خۆی دایدەنام‌و لە فەروە بۆن‌خۆشەکەی خۆی دەیئێچام‌و یەك لەدوای یەك چیرۆکی بۆ دەگێڕامەوە • چیرۆکی ئەو کەسانەی کەوتبوونە وڵاتی بێگانان‌و ئەوانەی لە وڵاتی خۆیان مابوونەوە • چیرۆکی ڕووبارو ڕێگاو گوڵ‌و ئەوەی هەنگ چۆن بەسەر گوڵانەوە دەنیشێ ، ڕۆژ چۆن هەڵدێ‌و چۆن ئاوا دەبێ • خووڕەوشتی ڕۆژگاری کۆن ، ئەو دوعایەی کە جەنگاوەر پێش تەقینەی شەڕ دەیخوێنێ •

باوکم هەر هێندە سەیرێکی ئاسمانی بکردایە یەکسەر دەیزانی داخۆ ڕۆژی پاشی باران دەبێ یان هەتاو • دەیزانی ئەگەر بارانەکە عامیە بێ‌و لە دێی تەلەتل ڕۆژ بەدەرەوە بێ مانای ئەوەیە دەشتی خونزاخ دەکەوێتە بەر زریانی تەزرەو ڕەهێڵە • باوکم دەیزانی گوڵەگەنم چەند دنکی تێدایە • پەلکەزێڕینەی جوان لە کوێوە دێ ؟

ئەگەر لە دووروە ڕێبوارێکی بکەوتایە بەرچاو لە گوندێکەوە بچێتە گوندێکی‌تر ، دەیزانی ئەو ڕێبوارە کێیەو ، دوای چ کارێك کەوتووەو ، ئەوشەوە مێوانی کێ دەبێ ؟

ئاخ ، بۆچی ئەم هەموو شتانەی هەر تەنیا بە قسە بۆ دەگێڕامەوە ؟ بۆچی نەیدەخستە سەر کاغەز ؟ ئەمە هەمووی بەخشانی ئەو بوو • بەخشانی هەمزە تساداساى شاعیر •

باوکم چیرۆك‌و ژیانی بەلاوە یەك شت بوو • بیرو ڕای بە چیرۆك دادەناو چیرۆکی بە لاوە بیروڕا بوو • ئەدی شیعر ؟ شیعری لەگەڵ دڵی لامل بەراورد دەکرد •

وا باشتر بوو کە باوکم هەموو چیرۆکەکانی خۆی تۆمار بکردایە چونکە کە گەورە بووم دڵە لاملەکەم ڕێگای خۆی هەر دەدۆزیەوە •

کاتێك که باڵندەیەکم بەلادا دەفڕی نەمدەپرسی : بۆچیو بۆ کوێ ؟ تەنیا حەزم دەکرد لە خانی فڕیندا بیگرم • کە هێشتا منداڵ بووم باوکم هەرچەنـــدە هەوڵیدەدا من لایلایە تاقانەکەی دایکمم لە هەموو چیرۆکەکانی ئەو پـــێ خۆشتر بـــوو •

دەوری منداڵیم بە گۆرانی بردەسەر ، بە لاوی هاوڕێی گۆرانی بووم ، بە گۆرانی بووم بە پیاو ، وا لەگەڵ گۆرانیشدا پیر بووم •

ئێستا وا دەزانم بە هەر شوێنێکدا سووڕابمەوەو هەرچـــی جـــۆرە گۆرانییەکم چڕبێ تاشەبەردێك هەر هەبوە چاوەڕێ بوە هەڵۆی لەســـەر بنیشێ ، درەختێك هەر هەبوە چاوەڕێ بووە باڵندە هێلانەی لەسەر بکـــات ، خانویەك هەر هەبوە چاوەڕێ بوە لە دەرگای بدرێ ، پەخشانێکیش هـــەر هەبوە چاوەڕێی شاعیر بوە •

بەمجۆرە من دابەزیومەتە سەر ئەو تاشەبەردەی چاوەڕێم بوو ، لە دەرگا دەدەم بەلکو بکرێتەوەو ماوەم بدەن بچمە ژوورەوە • چونکە تێگەیوم کـــە ناتوانم ئەو هەموو شتەی لە دونیادا دیومەو بیرم لێ کردۆتەوەو هەســـــتم پێکردوە بە شیعر دەریبڕم •

دەزانم پەخشان گۆرانی نییە پیاو بە پێوە بیچڕێ • دەبێ لە ســـەر کورسیو مێز دابنیشمو قۆڵو باسکی لێ هەڵکەم • دەبێ سەعاتەکـــەم وا دابنێمەوە بەیانی زوو لە خەو هوشیارم بکاتەوە ، دەبێ چایەکی خەست دابخەم تا شەوێ خەو نەمباتەوە •

بەڵێ ، ئەگەر بناغە بگاتە سەر ساغەو کۆڵەگەکان پتەو بن ، خانوەکە زوو تەواو دەبێ • جا ئەنجام بەچی دەگات : چیرۆك ، سەرگوزشتە ، هەقایەت ، ئەفسانە ، بیری ڕاگوزەری ، یا وتاری سادە ••• نازانم ؟

هەندێ ڕەخنەگرو سەرنووسەر چاویان پێ بکەوێ دەڵێن ئەوەی تۆ نووسیوتە نە ڕیوایەتەو نە هەقایەت . ڕاستی ، کەس نازانێ چی‌یە ؟ .

هەندێکی‌تر دەڵێن فلان شتو فیسار شتە ، تاقمی سێ‌یەمیش هەروا ، پێنجەمیش هەروا ، دەیەمیش هەروا دەڵێن . من هیچ بەرپەرچیان نادەمەوە . چی لە پێنووسەکەم بێتە دەرەوە ئەوە دەنووسم ، تۆش کەیفی خۆتە هەر ناوێکی لێ دەنێی لێی بنێ . من بەگوێرەی فەرمانی دڵی خۆم دەنووسم نەك بە گوێرەی دەستووری ناو کتێب . دڵ هیچ دەستوورێك نازانێ . یا بڵێین دڵ یاسای تایبەتیی خۆی هەیە لەگەڵ هەموو کەسێکدا ناگونجێ .

لە خۆم دەپرسم : ئەگەر گۆشتو برنجو میوەو بیبەر ، هەمووی تێکەڵ بکەمو لەناو مەنجەڵێکیان بکەمو خوێو هەنگوینی تێ‌بکەم ئاخۆ دەبێ تامی چێشتەکە تێك نەدەم ؟ لە لایەکی‌تریشەوە بۆی هەیە ببێ بە خواردنێکی دانسقەو بەتام‌وبۆ . ئەوانەی لەگەڵ مندا دێنە سەرسفرەو چێشتەکە دەخۆن با ئەوان بڕیاری لەسەر بدەن .

ئەی چیرۆکەکەم ! ئەی سەرنجەکانم ! ئەی هەقایەتەکەم !

لەبیرمە کە منداڵ بووم هەندێ جار زستانان کە شەو دەچوومە ناو نوێنەوە خەوم لێ نەدەکەوت . بە قرت‌وفرتو دوودڵی‌یەوە چاوەڕێی هاتنەوەی باوکم یا براکانم دەکرد . گوێم لە سیرەو تەقەی دەرگا دەگرتو دەقیقەیەکم لێ دەبوو بە سەعاتێك .

لەو شەوانەدا باپیرم لە تەنیشتم دادەنیشتو بە دەنگێکی نزم چیرۆکێکی بۆ دەگێڕامەوە یا گۆرانی‌یەکی بۆ دەگوتم یا هەندێ قسەی بەماناو هەندێکی بۆ پێکەنین‌و هەندێکی پڕترسی بۆ دەکردم . بەرم بە دەقیقەو سەعاتەوە نەدەما . تەنیا دەنگی باپیرم دەما ئەویش لەگەڵ ئەو وێنانەدا تێکەڵ دەبوو کە لە مێشکمدا پەیدا دەبوون . لەو کاتەدا باوکم یا براکانم بەسەردا دەهاتنەوەو قسەیان بە

باپیرم دەبڕی • منیش زۆرم لــە دڵ گران بوو ، چونکــە بەو هاتنــەوەیە چیرۆکێکی خۆشیان لێ دەپساندم •

پاشان کە گەورە بووم‌و بە دونیادا گــەڕام ، وەکو باوك‌و براکانم زوو دەگەڕامەوە ماڵێ • هەتا زیاتر لە ماڵــەوە نزیك دەبوومــەوە دڵم بەگوڕتر دەکەوتە خورپەو لێدان • ئەو دۆڵ‌و شیوانەم دەژمارد کە مابوو بیانبڕم • وا ڕێك‌دەکەوت کە هاوڕێ‌یەکم بەسەرهاتی خۆی بگێڕێتەوە یا ئەفسانەیــەك یا چیرۆکێك باس بکات ئیدی کە گوێم لێ دەگرت هیچ شتی‌ترم لە بیر نەدەما • وامان دەکرد گەیشتووینەتە جێ‌و زۆرم پێ ناخۆش بوو کە گەشتەکەمــان کۆتایی هات‌و نەمتوانی گوێم لە هەموو هەقایەتەکە بێ • باوکم دەیپرسی : « باشە ، چیاتان چۆن بڕی ؟ گەلی‌یەکە بە چی دەچوو ؟ پڕ بەفر نەبووبوو ؟ »•

من نە چیام دەهاتــەوە یادو نە گــەلی‌و نە بەفر • تەنیا قســەکانی هەقایەتخوانەکەم دەهاتەوە یاد • چیرۆکەکانی چیای سەختیان بۆ دەکردمــە دۆڵێکی پان‌و بەفری ساردیان بۆ دەکردمە پەمۆیەکی گەرم •

ئەی چیرۆکەکانم ! ئەی وردە بیرەکانم !

ئەرێ ئێوەش شەوی درێژی زستان بۆ ئەوان کەسان کورت دەکەنەوە کە پاڵ‌دەدەنەوەو لــە چاوەڕێ‌یی گەڕانــەوەی کەس‌و کاریان خــەویان لێ‌ناکەوێ ؟ ئایا گەشتی دوورو درێژی زستان بۆ ئەوکەسە کورت دەکەنەوە کە بە تالووکەیە بگاتەوە بەر ئاگردانی چاوەڕێ ؟

چۆن شۆربا هەندێ گیای بۆن‌خۆشی تێ دەکرێ ، منیش ئاوها چیرۆکە ساردو سڕەکانم ناو بە ناو بە یەك دوو پەند دەڕازێنمەوە •

کچەکانی گوندی (تایلوخ) دوو پنتکی بچکۆلە لە هەردوو لاڵغاوەیان دەکوتن • دەبا ئەم پەندانەش وەکو پنتکەکانی ڕووی ئەو کچانە پەخشانەکەم بڕازێنمەوە •

یادو بیرەوەریم لەناو دەفتەرەکەمەوە هەڵدەڕێژمە سەر بینای چیرۆکەکانم وەکو ئەوەی کە بەردی لووس و پووس بخەمە سەر دیوارێکی ڕاست و دروست • هەموو بەردەکان بە ڕێک و پێکی لەگەڵ دیوارەکەدا ناگونجێن • هەندێ جار کە هەندێکم داناون و کەوتوومەتە دوای چیرۆکەکەم هەستم وەکو ئەو ئیمانداره وابوە کە لەکاتی نوێژ کردندا دڵی لە لایەکی تر بێ •

ئەو بەردانەم وەلا ناوە کە لەگەڵ دیوارەکەدا ناگونجێن • بەم جۆرە لە شیعری ئاگرینەوە دەچمە سەر چیرۆک و پەخشانی هێمن •

ئەگەرچی بڕیارم داوە تا ماوەیەك واز لە شیعر بێنم بەڵام شیعر وازم لێ ناهێنێ • کە دەنووم وەکو پشیلەی دەستەمۆ خۆی لە بن جاجمەکەم ڕادەکات و دێ لە تەنیشتم ڕادەکشێ • کە بەیانیان پەنجەرە دەکەمەوە یەکسەر وەکو کزنگی سەرتۆپکە شاخان پێشوازیم دەکات •• لەگەڵ دوا دڵۆپە شەرابی ناو بادەدا چاوەڕێم دەکات •

کە شوێنم دەکەوێ وەکو ئەو ئافرەتە تەڵاق دراوە وایە کە ڕێگا بە خۆشەویستەکەی بگرێ و پێی بڵێ :

« بۆچی لەگەڵت براندمەوە ؟ لەو بڕوایەدای بە بێ من هەڵبکەی ؟ تۆ وەکو کەڵەکێوی یەکیت کە لە لەوەڕی دارستانی فێنك ڕاهاتبێ • وەکو ماسی یەکیت لە مەلەوانیی ئاوی ساردو تەزیو ڕاهاتبێت • ئایا لەو بڕوایەدای بە گۆمێکی گەرم و گەنیو دڵت دابکەوێ ؟ ئاخ ! ئەگەر بەڕاستی بڕیارت داوە وازم لێ بێنی ، وەرە لەگەڵم دانیشە ، با دوا قسەی (لێك دابڕان) بکەین » •

ئەی شیعر : ئەدی نازانی من قەتاوقەت ناتوانم وازت لێ بێنم ؟

---

کەی دەتوانم واز لە هەموو خۆشی و شادیی خۆم بێنم ؟ واز لەو هەموو فرمێسکانە بێنم کە لە دەروونمەوە دەکفکفێن ؟ •

تۆ وەکو کچێك وایت کـــە تازە لەدایك‌بووبێ‌و خەڵك بەتەمـای کوڕ بووبن • تۆ وەکو کچەکە ، لەگەڵ لەدایك‌بوونتەوە ، وەکو ئەوە وای کە بە خەڵکەکە بڵێی :

« من دەزانم ئێوە بە تەمای من نەبوون‌و جارێ کەسـتان خۆشی ناوێم • بەڵام ڕاوەستن با گەورە بېم‌و بخەملێم‌و بگەشێمەوە • با پرچم دابێنم‌و گۆرانی بڵێم ، ئەو حەلە دەبینن داخۆ لەم سەرزەمینەدا پیاو هەیە منی خۆش نەوێ ! » •

شیعر

کار ، ئینجا پاش کارەکە ـ حەسانەوە ،
ڕۆیشتن ، ئینجا پاش ڕۆیشتنەکە ـ دە دەقیقە پشوو ،
تۆ بۆ من ڕۆیشتن‌و پشوودانیت •
حەسانەوەو کاری سەختی پشت‌شکێنیت •

لەناو بێشکەمدا تۆ لایلایەم بووی
خەونی قارەمانێتیی بەهاری دوارۆژت پێ بەخشیم
لەگەڵ یەکەم خۆشەویستیدا بۆم پەیدا بووی
ئەگەرچی خۆشەویستیش لەگەڵ مندا پەیدا بووە •

بە منداڵی تۆم بە دایك دادەنا
ئێستا وەکو دەزگیران وایت ، کە پیریش بووم
وەکو قەیرە کچێکی نازدارت لێ دێ •
کە مردیشم گیانی زیندووم پێشانی خەڵك دەدەی •

هەندێ‌جار وەکو زنجیرە شاخ وایت ،
هەندێ‌جار وەکو باڵندەی کەوی‌و دەستەمۆ وایت ،
تۆ ـ ئەو باڵانەی کە پێیان دەفڕم •
تۆ ـ ئەو چەکەی کە پێی‌دەجەنگم •

ئەی شیعر ! تۆ بێ‌پشوویت ، بێ‌بەرگریت ، سەرکێشیت •
تۆ هەموو شتێکی منیت •
منیش بەڕاستی خزمەتت دەکەم •

---

کوا کۆتاییی کار ؟ کوا سەرەتای حەسانەوە ؟
کوا ڕۆیشتن ؟ کوا دە دەقیقە پشوودان ؟
تۆ بۆ من ڕۆیشتن‌و پشوودانیت •
حەسانەوەو کاری سەختی پشت‌شکێنیت •

باوکم دەیگوت : بۆ ئەوەی خۆهەلکێشێکی زۆربلێ دەمکوت کەیتەوە ، چاکترین شت ئەوەیە وابکەی پیرەمێردێکی نوورانی یا میوانێکی گرانو سەنگین بدوێ . ئەگەر بەمە وازی لە قسەی پڕوپووچ نەهێنا با یەکێك گۆرانی بلێ . ئەگەر بە گۆرانی‌یەکەش دەمکوت نەبووەوە ، پشتی ملی بگرەو فڕێی‌دە دەرەوە . هەرکەسێ دەنگی لەگەڵ جریکەی گۆرانی تێکەڵ ببێ پێویستە شەیازللە بخوات .

ئەی شیعر ! خۆت لە هەمووکەس باشتر دەزانی کە پاس‌کردنت هیچت لێ گەورەترو زیاتر ناکا . جما قسە گۆرانی ناسکتر دەکا ؟ ئاخۆ کتلێیە ئاوێك جۆگەلەی شاخان بەئاوتر دەکا ؟ ئایا دەتوانی بە فووی دەم هاژەی (با) تیژتر بکەی ؟ ئایا چەنگە بەفرێك هیچ لە لووتکەی بەرز زیاد دەکا ؟ ئایا دەستووری جلوبەرگ و ڕێکخستنی سمێڵ خۆشەویستی دایك بەرامبەر جگەرگۆشەکەی بەهێزتر دەکات ؟

ئەی شیعر ! من بە بێ‌تۆ هەتیوم .

**شیعر**

**دونیا بە بێ‌تۆ وەکو ئەشکەوتێکی تاریکە ،**
**وەکو مەیتێکە دەبێ لە کفن بپێچرێ ،**
**وەکو ئاسمانێکی بێ‌ئەستێرەیە ،**
**وەکو دلداریی بێ‌ڕاگوشین‌و ڕامووسانە .**

**دونیا ، دەریایەکی بێ‌شینایی‌یە ،**
**بێ‌بریقەو پایان‌و جاویدانی‌یە .**
**باخچەیەکی بێ‌گوڵ‌و گیاو شەونمە ،**
**بێ‌ئەو بولبولەیە کە ئێوارەی بەهاران دەخوێنێ .**

**درەخت ڕەش‌و ڕووت‌و مردوە ،**
**ساڵ هەمووی تشرینی دوەمە ، بێ‌زستان‌و هاوین‌و بەهارە ،**
**خەڵکی تێکڕا کێوی‌و هەژارو غەمبارن .**
**گۆرانی‌یش ـ گۆرانی‌گوتن هەر نی‌یە .**

ئاڤاره‌كان ده‌ڵێن : « شاعیر سه‌د ساڵ به‌ر له‌ په‌یدابوونی دونیا له‌دایك‌بوه‌ »

ئاشكرایه‌ مه‌به‌ستیان له‌م قسه‌یه‌ ئه‌وه‌یه‌ ئه‌گه‌ر شاعیر به‌شداریی دروست‌كردنی دونیای نه‌كردایه‌ دونیا هێنده‌ جوان‌و دڵكێش نه‌ده‌بوو .

ئێمه‌ چوار براو خوشكێك بووین . خوشكه‌كه‌مان نۆبه‌ره‌ بوو . وه‌كو هه‌موو ئافره‌ته‌كانمان به‌شی فرمێسك‌و خه‌مو ڕه‌ئانێكی زۆر بوو . زۆر جار باوكم ده‌یگوت :

« ڕۆڵه‌ ، ئێوه‌ چوار بران یه‌ك تاقه‌ خوشكتان هه‌یه‌ ، ئاگاداری بن ، له‌م سه‌رزه‌مینه‌دا خزمی له‌م خوشكه‌ نزیكترتان نی‌یه‌ » .

زۆر ڕاسته‌ ، خوشكم له‌ هه‌موو كه‌س‌و هه‌موو خزمێكم له‌ من نزیكتره‌ . به‌ڵام خوشكێكی‌تریشم هه‌یه‌و نازانم كامه‌یان ئازیزتره‌ ؟ ئه‌م خوشكه‌ی دوه‌مینم شیعره‌ . به‌ بێ ئه‌و نازیم .

هه‌ندێ‌جار له‌ خۆم ده‌پرسم ئاخۆ چ‌شتێك هه‌یه‌ جێگه‌ی شیعر بگرێته‌وه‌ ؟ بێ گومان ، من چیاو به‌فرو جۆگه‌و باران‌و ئه‌ستێره‌و ڕۆژو ته‌باره‌ گه‌نمم هه‌یه‌ ، به‌ڵام چیاو باران‌و گوڵ‌و ڕۆژ به‌ بێ‌شیعر چ نرخێكیان هه‌یه‌ ؟ شیعر به‌ بێ ئه‌وان چی‌یه‌ ؟ شیعر نه‌بێ چیا ده‌بێته‌ غه‌ره‌ به‌ردێك‌و باران ده‌بێته‌ گۆمو ته‌ڕوتووشی‌یه‌كی ناخۆش‌و ڕۆژ ده‌بێته‌ ته‌نێكی قورس‌و هێزی گه‌رمی بڵاوده‌كاته‌وه‌ .

دووباره‌و سێ‌باره‌ له‌ خۆم ده‌پرسم : چ‌شتێك هه‌یه‌ جێگه‌ی شیعر بگرێته‌وه‌ ؟ بێ‌گومان ، وڵاتی دوورو گۆرانیی مه‌ل‌و خوڕه‌ی دڵ هه‌ن ، به‌ڵام هیچ شتێك به‌ بێ‌شیعر وه‌كو چۆنه‌ ئاوها خۆی نانوێنێ . وڵاتی دوورو دڵكێش ده‌بێته‌ تێكه‌یشتنێكی جوگرافیی‌و هیچی‌تر ، ئۆقیانووس ده‌بێته‌ عه‌مباراوێكی بێ‌سوود ، گۆرانیی مه‌ل ده‌بێته‌ بانگی بایه‌لۆجیی به‌ینی نێرو مێ ، ئاسمان ده‌بێته‌ تێكه‌ڵه‌ی كۆمه‌ڵه‌ غازێك ، خوڕه‌ی دڵ ده‌بێته‌ سووڕی خوێن .

بێ گومان بەخشین و میهرەبانی و بەزەیی پێداهاتنەوەو خۆشەویستی و جوانی و چەلەنگی و نەبەردی و کینەو شانازی ••• ش هەن ، بەڵام ئەمانە هەموو جۆرە تێگەیشتنێکی وان کە لە شیعرەوە پەیدا بووین ، شیعریش لەوان پەیدا بوە •

شیعری من ، من دروست دەکات و منیش شیعرەکەم دروست دەکەم • ئێمە بە بێ یەکدی مردووین • وجوودمان نی یە •

ئەمن ماسوولکەم هەیەو ئێسقانیشم هەیە • پیاوی بیانی لەگەڵ یەکەم سەرنجدا نازانێ کامە ئێسکم ساغەو کامەی کۆنە شکەستەو گیراوەتەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تیشکی ( × ) دەتوانێ ناخی ژوورەوەم بەدی بکات و هەموو نهێنی یەکی شاراوەی بخاتە بەر چاوی کابرای بیانی •

گیانم لە دەندەو تیلەقەی پشت و سی یەکانم پتر لە بەرچاوی خەڵك بزرە ، بەڵام سەرباری ئەمەش شیعرەکەم دەتوانێ یەکسەر بکشێتە ناخی ناخەوەم و هەموو هەست و سۆزم پیشانی خەڵك بدا • کاتێك کە تیشکی سیحراویی شیعر گیانم ڕۆشن دەکاتەوە ، گیانم ڕووت دەبێتەوەو بەڕوونی وەکو خۆی دەکەوێتە بەر چاوان •

کۆمپیوتەری ئەمڕۆ هەزاران وایەرو پێچ و بلووچی تێدایە • پرۆگرامی زۆر ئاڵۆزو ژمارەی بێ ئەندازەی دەخرێتە بەر ، تەوژمی کارەبا بەناو دەیان هەزار وایەرو شانەو پێچدا دەڕوا • چاوو مێشك ناتوانن دەرك بە هەموو کردەوەکانی ئەم مەکینەیە بکەن • لەئەنجامدا ژمارەیەك دێتە دەرەوە ، ئەو ژمارەیە وەڵامی کۆتایی یە ، ئەنجامەکەیە •

هەروەهاش کەس نازانێ چ جۆرە سەرنج و چ جۆرە تەوژمێکی ڕق و خۆشەویستی بەناو شانە نەژمێرراوەکانی لەشمدا تێدەپەڕێ ، ئەوەی

لەکۆتاییدا سەر هەڵدەدا شیعرێکە • ئەو شیعرەش لووتکەو ئەنجامێکە گیانم لەو سەرنجانە دایدەهێنێ کە بەناخمدا تێ‌دەبەڕن •

لەم دونیایەدا زۆر گەڕاوم • بە پێ‌و بە سواریی ئەسپ ، بە فڕۆکەو لەسەر ڕەفکەی بەرز ڕاکشاوم • یا بە ئۆتۆمۆبیل‌و بە شاڕێی گشتیدا تیژ تێپەڕیوم •

خەڵکی کە دیویانە ملی ڕێم گرتوە یا سواری ئەسپ بوویم ڕەنگە گوتبێتیان : « ئەوا ڕەسووڵ هەمزەتۆف بەتەنێ دەڕوا • بۆ وادەکا ؟ لەوانەیە بێزارو کەوەڕێ بێ ! » لەگەڵ ئەمەشدا من هەرگیزاو هەرگیز تەنیا نەبوویم • هەمیشە (شیعر)ی خوشکم لەتەکمەوە بووە • چاوتروو کاێلك لێك دانەبڕاوین • بگرە هەندێ‌جار لە خەویشدا شیعر دادەنێم یا شیعرەکانی خۆمم دێتەوە بیر یا شیعری شاعیرانی‌دی دەخوێنمەوە •

پێشان وامدەزانی شاعیر لە دونیادا ژمارەیان زۆر کەمەو ئەو شاعیرانەش کە هەن زوو لە ژیانی ناو خەڵك وەڕس دەبن • هەرکەسێك هەندێ شتی هەیە لە ژیاندا مێشکی پێوە خەریکە ، شتی وان دەتوانێ بۆ دۆست‌و دراوسێکانی باس بکات وەکو : کار ، ژن ، کرێ ، ڕۆژی پشوودان ، ماڵ ، ماسیگرتن ، سینەما ، نەخۆشی ••• بەڵێ ، شاعیریش دەتوانێ باسی ئەم شتانە بۆ خەڵك بکات ، بەڵام کێ دەتوانێ بەشداریی ڕوانینی شاعیرانەی بەرامبەر جیهان‌و بەشداریی شیعرییانەی بکات ؟

پاشان بۆم دەرکەوت کەس نی‌یە کە شاعیر نەبێت • هەرکەسێك لە ناخی ناخەوەیدا تا ڕادەیەك شاعیرە • هەرچۆن بێت شیعر سەردانی هەموومان دەکات‌و وەکو برادەرێك وایە کە بچێتە ماڵی برادەرێکی •

خۆشەویستیی گۆرانی لەکن گەلەکەمان وەکو خۆشەویستیی منداڵەکانمان شتێکی سروشتی‌و خۆکردی‌یە • بەڕاستی ، ئێمە هەموومان شاعیرین •

جیاوازیمان لەوە دایە هەندێك بۆیە شیعر دەنووسن چونکە دەزانن چی بنووسن ، هەندێکی‌تر بۆیە شیعر دەنووسن چونکە وا تێ‌دەگەن کە دەتوانن بینووسن • تاقمی سێیەمیش هەن کە هەر هەوڵی نووسینەوەش نادەن • کێ دەزانێ ؟ بۆی هەیە ئەم تاقمی سێیەمە لە هەموویان شاعیری ڕەسەنتر بن •

من کە هێشتا شیعرم نەدەنووسی ، ئایا ئەو کاتە شاعیر نەبووم ؟ ئایا خورپەی دڵم سستترو خوێنی دەمارم ساردتر بوو ؟ ئایا هێزی خەم‌و شادی یا تاسەی فێربوونم کەمتر بوو ؟ ئایا ئەو کاتە زەویم لە ئێستا لە بەرچاو ناشیرینتر بوو ؟ ئایا کە لەنێو درزی هەوری تاردا چاوم بە ئەستێرەیەکی گەش‌و شین دەکەوت هەستم بە هەمان موچرکەو ڕاچەنین نەدەکرد ؟ شڵپ‌و هۆڕی ئاوی گۆم ـ ئایا گوێم لە ئاوازەکەی نەدەبوو ؟ ئایا قیرەی قورینگ‌و حیلەی کەحێل نەیاندەبزواندم ؟ ئایا گۆرانی‌یەکی کۆن یا سەربردەیەکی باب‌و باپیرانم دەبیست فرمێسکم لە چاو نەدەهات ؟

لە یادمە ؛ چۆن لە سەردەمی منداڵیم دەچووم ئیشم بۆ دراوسێکەمان دەکرد • ئەسپەکەیم دەلەوەڕاند • بۆئەوەی دوای سێ ڕۆژە ئیش کە گەڕامەوە جیرۆکێکم بۆ بگێڕێتەوە •

لە یادمە : چۆن سەردەمانێك وا ڕاهاتبووم لەگەڵ شوانان دەچووم بە شاخان هەڵدەگەڕام • دانەڕۆژێك دەڕۆیشتین ، دانەڕۆژێك دەگەڕاینەوە ، بۆئەوە لەگەڵیان دەچووم بەڵکو گوێم لە تاقە گۆرانی‌یەك بێ •

**هەرمێنی ئونتسوکول**
**ترێی ئیمرا**
**هەنگوینی بوتسرا**
**گۆرانیی ئاقاری**

لە یادمە : کە لە پۆلی دوەمی قوتابخانە بووم لە گوندی تسادای

خۆمانەوە بە ڕێگای سەخت و هەڵەتی شاخاویدا چوومە گوندی بوتسرا کە بیست کیلۆمەتر دوورە • بۆیە چووم چونکە پیرەمێردێکی لێ بوو برادەری باوکم بوو گەلێ گۆرانیی کۆن و شیعرو ئەفسانەی دەزانی • پیرەمێردەکە چوار ڕۆژی ڕەبەق لە بەیانییەوە تا ئێوارە شیعری بۆ خوێندمەوەو گۆرانیی بۆ گوتم • منیش تا پێم کرا گۆرانییەکانم نووسییەوە • پاشان کە لێ بوومەوە ، بەوپەڕی شادومانییەوە ڕێگایماڵەوەم گرتەبەر ، بەڵام چ ؟ جانتام لە شیعرو گۆرانی هەڵاخنیبوو •

چیایەك هەیە بەسەر بوتسرادا دەڕوانێ • کە گەیشتمە سەر ترۆپکی ئەو چیایە ، نەمزانی لەکوێوە ، ڕەوە سەگێکی گەورەی دڕی شوانانم لێ پەیدا بوون • شاڵاویان بۆ هێنام • دەرزەنێك دەبوون • چۆن تۆربیدۆ بەرەو کەشتی دەخشێ سەگەکان ئاوها گیای سەوزیان شەق کردو بەگوڕ بۆم هاتن • لالغاوەیان کەفی دەردابوو کەڵبەی زەردیان لە زار دەبریسکایەوە • ئێستا بمگەنێ شەتوپەتم دەکەن • لەناکاو گوێم لە شوانەکە بوو هاواری کرد : « دانیشە و خۆت مات کە » •

دانیشتم و خۆم بە زەوییەوە نووساند • دەتگوت مردووم و گیانم لەبەردا نەماوە • نەموێرا جوولە بکەم • وا بزانم هەناسەم هات و چۆی نەدەکرد • ئەوەندە هەبوو دڵم هێندە بە توندی پتەپتی بوو لەسەر زەوییەکە وامدەزانی خورپەی لە دوورەوە دەبیسرێ •

سەگەکان لە دەورم وەستان و بۆنیان کردم • جانتا پڕ شیعرەکەیان بۆن کردم • بە چاوێکی پڕ سەرکۆنەوە سەیرێکی یەکتریان کرد وەك ئەوەی کە تاوانێکیان کردبێ • ئیدی بەرەو نێچیری بەر چەرخی خەیاڵ تێیان تەقاندو خێرا لە پێچێکی ڕێگا شاخاوییەکەدا ئاودیو بوون •

منیش بە بێهەستو خوست لە شوێنی خۆمەوە لەسەر زەوی ڕاکشام • شوانەکە بە خۆو بە مێگەلەوە گەیشتە لامو لێی پرسیم :

« کوڕە ، ئەتو کێی ؟ »

« ڕەسوولی کوڕی حەمزەی خەڵکی تسادام » •

بە ئەنقەس ناوی باوکمم هێنا بەو ئومێدەی کە شوانەکە لێم بخەفتێو لە کێشەو قەرقەش بمپارێزێ •

« چ دەکەی لەسەر ئەم چیایە ؟ »

« بۆ ئەختێ شیعر چووبوومە بوتسرا ••• ئەوەتەن لەناو حانتاکەمدان » •

شوانەکە شیعرەکانی دەرهێناو تێیان ڕاما •

« دیارە تۆش دەتەوێ ببی بە شاعیر و لە سەگانیش دەترسی ؟ لەم ڕێگایەدا کە بۆ خۆت هەڵبژاردوە گەلێ سەگی لەمانە دڕترت تووش دێو شاڵاوت بۆ دێنن ، بەڵام ئەوان کە شیعرەکانیان بۆن کردی وازت لێ ناهێنن • تۆ هەرگیز نابێ بترسی ، نا • دەزانی ئەم چیایە چ چیایەکە ؟ ئەمە ئەو چیایەیە کە حاجی موارد خۆی لەسەر ڕا فڕێداو پاسەوانە چەکدارەکانی تەفرە دا • چەکدارەکان بە دەست بەتاڵی ڕۆیشتنو حاجی مورادیش خۆی دەرباز کرد • هەتا چیاش ئەگەر مولکی پیاو بێ فریای دەکەوێتو لە تەنگانەدا ڕزگاری دەکات •

پێشان وامدەزانی ئەو سۆزە شیعری‌یەی دەیکردمە کۆیلەو بەندە ، ئەو دڵسواری‌و بێتۆتکەیی‌یەی هەمیشە لە گیانمدا دەجۆشا ، ئەو خۆشەویستی‌یەی هەواری لە دڵم هەڵدابوو ، شڵپەی خوێنی دەمارەکانم ـ وامدەزانی ئەمانە هەموو شتی وەختینو زوو بەسەردەچن • بەڵام تا ئێستاش کە ڕیشم ماشو برنج بوە ، منداڵم هەراش بووین ، کتێبەکانم کۆن بووین ،

ئەم هەستانە هیچێکیان بەرۆکیان بەرنەداوم • شیعرەکەم دڵسۆزترین هاوڕێم بوە • وا ئێستا دەیدوێنم •

ئەی شیعر !

تۆ لە گەشتە دوورو درێژەکانی جیهانو ژیاندا لێم جودا نەبوویتەوە ، ئێستاش کە کەوتوومەتە ناو دەریای پانو بەرینی پەخشانەوە لێم دانابڕێی • دەزانم شتێکی بێ‌مانایە هەوڵی ئەوە بدەم کە چیرۆك بخەمە قاڵبی کێشو قافیەوە چونکە بەمەوە باشترین چیرۆك شیعرێکی خرایی لێ دەردەچێ • بەلام خوێ چۆن تامی چێشت خۆش دەکات ، شیعریش ئاوها تامی چیرۆك خۆش دکات •

بەڕاستی ، شیعر خوێی سەراپای ژیانم بووە • ئەو نەبوایە ژیانم شتێکی پووچو بێ‌تاموبۆ دەبوو • ئێمە لە شاخان کە خواردن دەخەینە بەر میوان لەبیرمان ناچێ خوێدانیشی بۆ بخەینە سەر مێز •

پەخشان مەودایەکی دوور دەفڕێ کەچی شیعر بەرزەفڕ دەڕوا • پەخشان وەکو فڕۆکەیەکی گەورە وایە بە ئاسانی دەتوانی بەدەوری زەویدا بسوورێتەوە کەچی شیعر وەکو فڕۆکەی جەنگاوەر یا بڕەتێن وایە بەتوندی بەرەو شینایی ئاسمان تێ‌دەتەقێنێو فڕۆکە گەورەکەی پەخشان هەرچەند بەرز بووبێتەوە ، ئەم بە چاوتروو کانێك دەیبەزێنێ •

من دەمەوێ گەلێ ژانری ئەدەبی لەناو کتێبەکەمدا تێکەڵ بکەمو ڕەوانەی ئەودیو سنووری ئاڤارستانی بکەم • بۆ وا نەکەم ؟ شیعرمان ڕێگای خۆی بەرەو دڵی خوێنەرانی ئەودیو سنووری داغستان گرتۆتەبەر • هەندێ چیرۆکیشمان ڤیزەیان وەرگرتووە ، بەلام گومانی تێدا نییە درامامان هێشتا لە وڵاتی خۆماندا گیری خواردووە • لەوانەیە ئێستا پێناسەکەی لە پێك‌هاتندا بێ‌و شێوازێکی باشی وەرگرتبێ •

ئەگەر من بمەوێ شانۆنامەیەك بنووسم ، ڕووداوەکەی سەرابای داغستان دەگرێتەوە بە هەموو گوندو شارەکانەوە . هەروەها وڵاتەکانی تری خۆمانو هەموو دونیاش دەگرێتەوە . شانۆکە بریتی دەبێ لە چیاو ئاسمانو ڕووباری زیندووو دەریاو زەوی . کاتی ڕووداوەکەش سەدەکانی ڕابردووو ئێستاو سەرابای داهاتوو دەگرێتەوە . هەزار ساڵو یەك چرکە دەگەیەنمە یەکەوە . کەسەکانیش ئەمانەن : خۆمو باوکمو کوڕەکانمو براکانمو خەڵکی‌تر ، ئەوانەی دەمێکە مردوونو ئەوانەی هێشتا نەهاتوونەتە دونیاوە ... ئەم شانۆنامەیە دەبێ بە بەرهەمی هەرە بەرزی ئەدەبیم لە ژیاندا . دەبێ بە کتێبی سەرەکیم . دەبێ بە (شەڕو ئاشتی)ی من ، (دۆن کیشۆت)ی من ، (کۆمیدیای یەزدانی)ی من ، بەڵام زات ناکەم ئەم شانۆنامەیە بنووسم . بەڕاستی ناوێرم تاکە کەرێووچێکی درامی بخەمە سەر کتێبی دواڕۆژ ... تا چەند ڕۆژی‌تر دراما دەنێمە لاوە ، یا ئاشکراتر ، بۆ نووسەرانی دیکەی بەجێ‌دێڵم . ئێستا بادەدەمەوە سەر شیعرو پەخشان . بە نۆرە باسیان دەکەم . شیعر وەکو غاردانی ئەسپ‌سوار وایە کەچی پەخشان وەکو پیادەیی وایە . بە پێ دوورتر دەڕۆی بەڵام بە سواریی ئەسپ خێراتر . جارێ لە ئەسپەکەم دادەبەزمو تاوێ دەکەومە سەر خانەی زین . ئەگەر بتوانم چیرۆك دەگێڕمەوە ، ئەگەر نەشم‌توانی ، ئەوەی بمەوێ بیڵێم بە گۆرانی دەیڵێم . من سەرگەرمیی لاوو ژیریی پیرم تێدایە . لێ‌گەڕێن با لاوێتیم گۆرانی گاز بکاتو ژیریم بە پەخشان بێتە دەنگ .

من زۆر کەس لە ناخەوەمدا دەژی : تاوێ بەروانکەیەك دەپۆشمو چەنگاڵێك بە دەستی چەپە دەگرمو دادەنیشمو دەکەومە سەر خواردنی نیوەڕۆ . تاوێ بە هەردوو دەست پیلە بەرخێك دەگرمو دەیخۆم ، لەپاڵ هاونیشتمانەکانم دادەنیشمو بوزای لەسەر دەخۆمەوە .

کە لە شارەوە دەچمە شاخان وەکو خەڵکی شار شەرابی نایابو میوە بە

دیاری دەبەم • کە لە میوانداریی گەرمو ساکاری شوانانیش دەگەڕێمەوە سەر کەلەشە بەرخێك دەخەمە پاشکۆی زینو دەیهێنمەوە •

سەرباری ئەمەش ، بۆی هەیە دەریا تاوێ میهرەبان بێو تاوێ دلگـــر ، تاوێ بەدفەڕ ، هەر بەم چەشنەش من گەلێ جۆرە میزاجو کەسێتیم لە ناخەوەدا دەژی •

جارێکیان کوڕو کچێکم بینی لەسەر لێواری هەڵدێرێـــــك دانیشتبوون ، یەکتریان گرتبوە ئامێز • تارماییان دیار بوو بەڵام هێندە کەوتبوونە نـــاو باوەشی یەکترو هێندە لەناو یەکدا توابوونەوە نەتدەتوانی لەیەکیان جـــودا بکەیتەوە •

بە هەمان شێوەش ، خەمو خۆشی ، فرمێسكو شادی ، بەهێزیو بێ هێزی، بە بێ پچڕان لە ناخەوەمدا دەژین •

**ئەسپی تەیار ، هەڵنەشاخا ، هەڵنەسایەوە سەر پاشوو ،**
**لە سەرکێشیدا لغاوی گرۆشت ،**
**تەنیا ددانی جیر کردەوە ، سپی بوو ، دەبریسکایەوە •**
**دەتگوت بنیادەمە ملی شۆڕ کردۆتەوە •**
**هەر ئەوەتا بۆی درێژی لە زەوی نەدەخشا •**
**گەوێت بوو ، وەك بلێسەی ئاگر دەچریسکایەوە •**
**کە سەیرم کرد ، یەکەمجار دەتگوت**
**پێدەکەنێ •**
**کێ سەری لە دیمەنی وادا سوڕنامێنێ ؟**
**بیرم کردەوە ، سەرنجێکیترم لێ دا :**
**ئەسپی تەیار پێنەدەکەنی ، نەء •**
**وەك بنیادەم سەری شۆڕکردبووەوە سەر زەوی ، دەگریا •**
**چاوەکانی وەك بادەم وا بوون ، گەورەو غەمناك •**
**باشم دی ، تەمی فرمێسکیان بەسەردا هەڵکشابوو •**
**هاوڕێم ، کە منیش پێدەکەنم لێم نزیك بەرەوە**
**نزیکتر بەرەوە ، سەرنجێکی نزیکترم لێ بدە ••**

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : چیانشینێکی خەڵکی گوندی (سیوخ) پەڵە هەورێکی سپیی لەقەد شاخێکەوە بینی ، وای‌زانی قۆمەتە خوری‌یەکی سپی پەڕەکراوەو بازیدا خوارێ . هەر چەندە کە هەوری خاوو قۆمەتە خوری یا پەمۆی پەڕەکراو زۆر بە یەك دەچن بەڵام یەك شت نین‌و هەرگیزیش نابن بە یەك .

ئەگەر کتێبێك بۆ خاتری شێوەکەی بنووسرێ ، هەر چەندە جوانیش بێ دڵی پیاو نابزوێنێ . نابێ تەنیا سەیری شێوە بکەین .

ماسیگرێك هەموو ژیانی خۆی لە دەریادا بردەسەر . جارێکیان ، لە دارستانێکدا هەڵەتە بوو ، تووشی شارە مێروویەك هات وای‌زانی کۆمەڵە کافیارێکە .

چیانشینێك کە چاوی بە دەریا نەکەوتبوو جارێکیان کۆمەڵە کافیارێکیان پێشان دا بە مێروویان تێ‌گەیشت .

دیسان لە دەفتەری بیرەوەریمدا :

گوڵ‌و میدالیا ، هەردووکیان دەچنە سەر یەك سنگ .
فرمێسك‌و خەندە لەیەك ڕوودا دەردەکەون[1] .
ژەهرو هەنگوین لەناو یەك دەمـــدا دەتوێنەوە[2] .
بازو کۆتر هەردووکیان بە یەك ئاسماندا دەفڕن .
ئاگرو ئاو لەناو یەك پەڵە هەوری ڕەش‌دان[3] .
کۆمۆزو خەنجەر ، هەردوکیان بە یەك سنگەوە هەڵدەواسرێن .

(١) لە ئینگلیزی‌یەکەدا دەڵێ : یەك دەزگیران دەشێ ئازاریش بگەیەنێ‌و خۆشیش ببەخشێ .

(٢) لە ئینگلیزی‌یەکەدا دەڵێ : یەك جووتە لێو ، دەشێ ناسکۆڵەش بن‌و مخەنەتیش .

(٣) لەئینگلیزی‌یەکەدا دەڵێ : یەك گەوارە ، برووسکەیشی تێدایەو تەزرەش .

دیسان له دەفتەری بیرەوەریمدا : کچێکی چیایی که یەکەمجار بوو کەوتبوە داوی ئەشق و خۆشەویستی ، بەیانی له پەنجەرەوە تەماشای دەرەوەی کردو هاواری لێ هەستا :

« ئۆی ئەم درەختانە چەند جوانن ، گوڵیان دەرکردوە !! » .

دایکی له دەمی دایەوە :

« کوا ؟ درەختی گوڵبەند لەکوێ بوو ؟ ئەمە بەفرە . دونیا پایزێکی درەنگە، نەخێر زستانە » .

بەمجۆرە یەك بەیانی ، خۆی بە بەهارو زستان پیشانی دوو ئافرەت دا .

من خۆم تاکە کەسێکم ، دوو جۆرە کەسی جیاوازم تێدا دەژی : گەنج و پیر ، گوڵ و بەفر ، بەهارو زستان ، جا ئەگەر شیعرو پەخشانت لە کتێبەکەمدا دی ، سەرت سووڕ نەمێنێ .

ڕەنگە لێم بپرسن : « ئایا ئەمە وەکو ئەوە وا نی یە کە بتەوێ دوو شووتی بە دەستێك هەڵگری ؟ » .

لە وەڵامدا دەڵێم : « نەخێر وا نی یە » .

چونکە من کە گەلێ ژانری ئەدەبی پێکەوە دێنم وەکو ئەوە نی یە کە زۆر تەرزە میوە کووز بکەم و تێکەڵیان بکەم و زەڵاتەیان لێ دروست بکەم . دەمەوێ هەموویان لەناو یەك شتدا بتوێنمەوە وەکو باخچەوانێکی پسپۆڕ کە بی یەوێ جۆرە میوەیەکی نوێی دەستگیر بێ .

نازانم ئاخۆ ئەنجام چی دەردەچێ ؟ بەڵام ئەدی ئەمەش وەکو هەموو کارو کردەوەیەکی تر نی یە ؟ تۆ کە ئاگر دادەگیرسێنی ناتوانی لە سەرەتاوە هەموو ئەنجامەکانی بێنیتە بەرچاو ، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نی یە هەرکاتێ

ویستت ئاگربکەیتەوە ترست لێ بنیشێ • من دنکە شقارتەیەك دادەگیرسێنم‌و دەیخەمە سەر لەپی خۆم‌و لە چڵێکی وشکی نزیك دەکەمەوە ، هەر پێی کەوت یەکسەر بڵێسەی لێ بەرز دەبێتەوە • ئاگرەکە هەرچەندە گڕو زم بێ ناترسم کە بێتە دەعبایەکیوا بە کەس ڕام نەبێ • بیر لە شتیوا ناکەمەوە • بە بێترس ، بە سانایی ئاگرەکە دەکەمەوە •

شامیل قسەیەکی هەبوو لەسەر شیرەکەی خۆی هەڵیکەندبوو :

«ئەوەی لەکاتی سواربوون‌و چوونە ناو جەرگەی شەڕەوە بیر لە ئەنجامەکەی بکاتەوە پیاوێکی ژیر نیيە » •

گوتوویانە : ژەهری ماریش بکەوێتە بەر دەستێکی کارامە سوودی دەبێ • هەنگوینیش بکەوێتە بەر دەستی پیاوی گێل زەرەر دێنێ •

گوتوویانە : ئەگەر ناتوانی چیرۆك بگێڕیتەوە ، گۆرانی بڵێ • ئەگەر ناتوانی گۆرانی بچڕی – چیرۆك بگێڕەوە •



# شێواز ( ستایل )

**« گۆرانی‌بێژ بە دەنگیدا دەناسرێتەوە »**
**« زێڕینگەریش بە نەخشی تایبەتیی خۆیدا »**

« نووسراوی سەر خشڵێکی کوباچی »

**« بۆ بەسەرمدا دەنەڕێنی ؟ »**
**« نانەڕێنم ، شێوەی گفتوگۆم وایە » .**

« گفتوگۆی نێوان پیاوێك‌و ژنەکەی »

**« شیعرەکانت بە شیعران ناچن ! »**
**« شێوەی نووسینم وایە ! »**

« گفتوگۆی نێوان خوێنەرێك‌و شاعیرێك »

ئێمە کە منداڵ بووین نەدەبا بچینە (گۆدەکان)ی دێ یا مەجلیسی گەوران کە پیاوی پیرو بەساڵاچووی تێدا کۆدەبوەوە . لەسەر تاشەبەردێك هەڵدەتووتاین دووربەدووری تەماشامان دەکردن .

ڕۆژێکیان بینیمان مێوانێك لە گوندی (ئاندی)یەوە هات‌و یەك سەعاتی خشت لە گۆدەکاندا قسەی کرد . ئەو ماوەیە جەماعەت هەموو واقیان وڕمابوو ،

کەس قسەی پێ نەبڕی • گوتمان دەبێ ئەو کابرایەی خەڵکی (ئاندی) دەنگ‌و باسێکی زۆر گرنگ‌و خۆشی پێ‌بێ بۆیە ئەو ماوە دوورو درێژە سەرنجی گوێ‌گرانی ڕاکێشاوە • کە چوومەوە ماڵێ لە باوکمم پرسی :

« ئەرێ بابە کابرای ئاندی چ دەنگ‌وباسێکی پێ‌بوو ؟ » •

«تواهو ! بەخوا کوڕم ، ئێمەی تسادایش بەلانی کەمەوە بیست جار ئەو شتەمان بیستوە ، بەڵام ئەو بەشێوەیەکی‌وا باسی دەکرد ناچار بووی ، خۆشت بێ‌و ترشت بێ گوێی بۆ بگری • قسەکەر بوو ها !! یاخوا عەمری درێژ بکات » •

شتێك لەبارەی شێوەی تایبەتی‌یەوە : هەر دڕندەیەك شێوەیەکی تایبەتی‌و ڕێگایەکی تایبەتیی هەیە خۆی پێ لە ڕاوکەر دەپارێزێ • هەر ڕاوکەرێکیش شێوەیەکی تایبەتیی هەیە بۆ بەزاندن‌و ڕاوکردنی نێچیرەکانی • بە هەمان چەشنیش هەر نووسەرێك شێوەی تایبەتی‌و ڕێگای تایبەتیی کارکردنی خۆی هەیە • خاسیەتی تایبەتی‌و شێوەی کەسێتیی خۆی هەیە •

کاتێك کە یەکەمجار وەکو شاعیرێکی لاو چوومە مۆسکۆ بۆئەوەی لە (ئامۆژگەی ئەدەب) بخوێنم کەوتمە دونیایەکی تەواو سەیرو نوێ‌و نەشارەزاوە • هەموو شتێك دەرس بوو بۆ من • مۆسکۆ خۆی ، کۆڕسەکان ، شاعیرە گەورەکان ، پرۆفیسورە ناسراوەکان ، هاوڕێ قوتابی‌یەکانم ، هاوڕێکانی‌ترم لە بەشی ناوخۆی ئامۆژگە • لە هەمولایەکەوە لافاوی ئامۆژگاری‌و ڕێنمایم بەسەردا ڕژا • ماوەیەك جڵەوم بەربوو • بەشێوەیەکی نوێ دەستم بە نووسین کرد شێوازێکی سەیرو غەوارەو نامۆی وام گرتە بەر پێشتر لە ئەدەبی ئاڤاریدا نەبو •

دەبێ بێی لێ بنێم کە ئەوکاتە زۆر ڕۆش بووم شیعرەکانم بکرێنە

ڕووسی • دەمەویست خۆم بە جەماوەری خوێنەری ڕووسی بناسێنم • وام هەستدەکرد ئەو شێوازە تازەیەی گرتوومەتەبەر لەوانم نزیکتر دەکاتەوە • ئیدی مۆسیقای زمانی ئاڤاری‌و ئاوازی شیعری ئاڤاریی خۆمانم خستە پشت گوێ • بیناو بیری ڕووت‌و پەتیم پێ لە هەموو شتێك گرنگتر بوو • وام دەزانی بەمەوە شێوازێکی نوێ بۆ خۆم دەستەبەر دەکەم ، کەچی ئێستا بۆم دەرکەوتووە کە من ئەو حەلە خۆم تەفرە دەداو هیچی‌تر •

چا بوو زۆری پێ‌نەچوو زانیم کە شیعرنووسین‌و خۆ تەفرەدان مێملی یەکترن • بەڵام پێش ئەوکاتەش باوکم لە نیازم گەیشتبوو • کە گوێی لە شیعرە نوێ‌یەکانم بوو یەکسەر زانی من ئامادەم لەپێناوی دونگدا قوربانی بە کەلەشە مەڕێکی تەواو بدەم • زانی هەوڵ دەدەم زەوی‌یەکی چەقین‌و بەردەلانی وا بکێڵم‌و تۆوی تێدا بوەشێنم کە هەر چەندە ئاوی بەربدەیتەوە سەر قەت هیچی لێ نەڕوێ ، زانی داوای بارانێکی بێ‌ئاسمان دەکەم •

باوکم یەکەو ڕاست لەم هەموو شتانە گەیشت ، بەڵام تەبیاتی زۆر ناسك‌و هێمن‌و لەسەرخۆ بوو • ڕۆژێکیان لە حانی گفتوگۆدا گوتی :

«ڕەسووڵ ، زۆر بەداخەوەم کە دەبینم خەریکە شێوەی دەستخەتت دەگۆڕێ » •

«بابە ، ئێستا منیش گەورە بوویم • تەنیا لە قوتابخانە تەماشای خەت دەکرێ • پیاو کە گەورە بوو خەڵکی تەنیا هەر ئەوە ناپرسن کە چۆنت نووسیوە ؟ بەلکو (چی)شت نووسیوە ؟ »

« ڕەنگە ئەمە بۆ میلیشیاو سکرتێری سۆڤێتی دێ شتی چاك بێ کە کاری پڕکردنەوەی پێناس‌و مۆر لێدانە ، بەڵام بۆ شاعیر خەت‌و شێوازی نووسین نیوەی کارەکەیەتی • ئەو بیرەی شیعرە کە دەری‌دەبڕێ هەرچەندە ڕەسەن بێ دەبێ جوانیش بێ ، نەك هەر جوان بێ بەلکو دەبێ لە خۆی بوەشێتەوە •

بەش بەحاڵی شاعیر دۆزینەوەی شێوازی تایبەتیو دیتنەوەی دەنگی خۆی مانای ئەوەیە کە ببێ بە شاعیر » •

« تۆ زۆر بە تالووکەی ! سەرچاوەی خێراو تیژو قۆشمە ناگاتە دەریا ، ڕووباری مەندو هێمن هەڵیدەلووشێ » •

« باڵندەیەك کە زۆر هێلانەگۆڕکێ بکاتو لەسەر هیچیان ئۆقرە نەگرێ ، ئەنجام بێ هێلانە دەمێنێتەوە • هیچ شتێك لەوە ئاسانتر نی یە کە باڵندە یەك تاقە هێلانە بۆ خۆی دروستبکات ، ئەو حەلە پێویستیش ناکات هێلانەیەك لەناو زۆر هێلانەدا بۆ خۆی هەڵبژێرێ •

ئێستاکە لە چل ساڵی هەڵمبواردوە • لەسەر چل کتێبەکەم دادەنیشم • کە پەڕەکان ئاوا دەکەم دەبینم ئەو زەوی یەی گەنمم بێ وەرگردبوو دەغڵی زەوی یەکانی دیی تێدایە کە من خۆم نەمچاندوون • ڕەنگە زیوانو بژار نەبن ، دەشێ خەڵەی بەسوود بن وەك : جۆ ، دەرە ، هەرزن ، بەڵام بێزۆکنو پەڕیونەتە نێو تەبارە گەنمی من •

هەندێ مەڕی ئاوگەلە لەنێو مێگەلەمدا بەدی دەکەم کە هەرگیزاو هەرگیز لە بەرزاییو ئاوو هەوای چیا ڕانایەن •

هەندێجار بێگانان لەناو دەروونی خۆمدا دەدۆزمەوە بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەمەوێ لەم کتێبەمدا تەنیا خۆم بم • جا باشترم یان خراپتر گرنگ نی یە • چۆنمو چیم ئاوها وەرمبگرن •

چیانشینێك کە دەچێتە زەماوەندێکی شاخان لەوانە دەپرسێ کە پێش خۆی گەیشتوون :

«ئەرێ ئێوە تەواون یان منیش بێم ؟ » •

..وانەکانی زەماوەند بەمجۆرە وەڵامی دەدەنەوە :

«وەرە ، ئەگەر بەڕاستی تۆ خۆتیت فەرموو وەرە » •

ئەمە کتێبەکەمە • دەبێ بەم کتێبە بیسەلمێنم کە من خۆمم • دەمەوێ ببم بە نووسەر نەك بەو کەسەی دەوری نووسەر دەبینێ •

سەیر کە ئەکتەرێك لەسەر شانۆ کۆنیاك دەخواتەوە ، سەرخۆشەو دەلا دێ ، دەنگی گرەو بە بڵمە بڵم قسە دەکاتو سەری بەردەبێتەوە سەر سنگی • ئەو بوتڵەش کە لەسەر شانۆ لێی خواردوەتەوە چای تێدایە نەك کۆنیاك • تۆ بە چا سەرخۆش نابیت • لێم مسۆگەرە ئەوانەی قەت کۆنیاکیشیان تام نەکردوە لەگەڵ ئەمەدان •

دیارە کە شانۆنامە دەوری شاعیرێکی تێدابێ گەورەترین کۆسپو تەگەرەی نووسەرەکە ئەوەیە شیعر بۆ شاعیرەکە دابنێ • هەر بۆیەشە ئەگەر شانۆنامە شاعیرێکی تێدا بوو ئەو شاعیرە قەت شیعری خۆی ناخوێنێتەوە • بەڵام شاعیر بە بێشیعر دەبێ چتۆ شاعیر بێت ؟ چ جیاوازییەکی لەگەڵ پەیکەری ڕازاوەی ناو ئاوێنەبەندی کۆگادا هەیە ؟

من نابێ بە هیچ کەس بچم ـ نە عومەرو نە پوشکینو نە بایرۆن •

هەندێ دز هەن کە گایەك دەدزن شاخی لێدەکەنەوە یا کلکی دەبڕن •

هەندێ دزیتر هەن کە ترۆمبێلێکیان دزی بە ڕەنگێکیتر بۆیاخی دەکەن •

بەڵام دزی هەرچەندە زیرەکانەش بشاردرێتەوە هەر دزییە •

ئەوەم لە هەموو شتێك پێ خۆشترە کە گوێم لێ بێ خوێنەرەکانم بڵێن : « ڕەسووڵ کتێبێکی ڕەسووڵانەی نووسیوە » •

ئەو باڵندەیەی کە بخوێنێ لەو باڵندەیەم خۆشتر دەوێ کە زیقەزیق بکات • ئەو باڵندەیەی لە فڕیندا بێ لەو باڵندەیەم خۆشتر دەوێ کە لەسەر گووفەك هەڵنیشتبێ • کەشتیی ناو دەریام لە کەشتیی بەندەری قەڵەباڵغ خۆشتر دەوێ •

تەماشای بەلەمی بچووك بکە چۆن بەدەم هەموو شەپۆلێکەوە هەڵدەبەزێتەوە • سەیری کەشتیی گرانو سەنگین بکە چۆن گەرداویش هەڵستێ هەر مەندو سەنگینو لەسەرخۆیە •

پیاوی گەوج بێئەوەی یەك دڵۆپە شەرابیش بخواتەوە وەك سەرخۆش دەقیژێنێو شەڕ بە خەڵك دەفرۆشێ • بەڵام پیاوی ژیر ئەگەر قەڕابە شەڕابێکیش هەڵقوڕێنێ بە بێمەستی ، بە دەنگێکی نەرم ، بە گرانیو هێمنی دەدوێ •

ئەی کتێبی ڕەسووڵ ! هەڵسو کەوتو جووڵانەوەت لەناو خەڵکدا بەجۆرێکیوا بێ لە کتێبی ڕەسووڵ بوەشێتەوە •

کە بێگانەیەك دەچێتە ماڵێکەوە تا سێ ڕۆژی بەسەردا نەچێ لێی ناپرسن ناوی چی‌یەو لە کوێوە هاتوە ؟

دە ئێوەش لە گەڵ کتێبەکەم وا بن • مەپرسن چی‌یەو لە کوێوە هاتووەو هین کێ‌یە ؟ لێ گەڕێن با خۆی بۆتان بدوێ • من حەز ناکەم لە خۆم نە باشتر بمو نە خراپتر •

ئەگەر لە بیست ساڵیدا هێزت نەبوو ، بەتەمای مەبە ، چونکە نایە •

ئەگەر لە سی ساڵیدا زیرەك نەبووی ، بەتەمای مەبە ، چونکە نایە •

ئەگەر لە چل ساڵیدا سامانت نەبوو ، بەتەمای مەبە چونکە نایە •

ئەمە پەندێکی ڕووسی‌یە • چیایی‌یەکانیشمان دەڵێن : « پیاو ئەگەر لە چل ساڵیدا هەڵۆ نەبێ قەت نافڕێ » •

لێ گەڕێن با ڕەوڕەوەکەم بە ڕێگای خۆیدا بخولێتەوە •

کە باران دەبارێ گەلێ جۆگا لەو شاخانەی بەسەر گوندەکەماندا دەڕوانن شۆڕدەبنەوە ناو دێو لە خوارەوە هەموو تێکدەکەنەوەو گۆمێکی وەختی پێك دێنن ، بەڵام ئەم گۆمە تەنیا یەك تاقە جۆگەی گەورەی لەبەر دەڕوا •

گەلێ تووڵەڕێ لە شاخەکانی دەوروبەرمانەوە دەخشێنە نێو دێ وەکو جۆگەکان لەناودێدا تێك دەکەنەوە ، بەڵام ئەگەر بتەوێ لە دێ بچیتە دەرەوە بۆ مەڵبەندی ناوچە یا بۆ نزیکترین بازێڕ یا بۆ دونیای ئەودیو تەنیا یەك شاڕێ هەیە پێیدا بڕۆی •

من نازانم خۆم بە چی بشوبهێنم ؟ بە ڕێگا ؟ یا بە زێو ڕووبار ؟ بەڵام ئەوەندە دەزانم کە بیروڕای گەلێ هاوگوندم ، وشەی گەلێ هاوگوندم ، هەستو سۆزی گەلێ هاوگوندم وەکو جۆگەی شاخو باریکەڕێی پێچاو پێچی شاخان لە دەروونمدا خۆیان لێك داوە • ڕێگەی تایبەتیو شەقامی تایبەتیی خۆم لە دێکەمەوە بەرەو دونیای شیعری بردووم •

من سەردانی گەلێ شوێنی ئەم دونیایەم کردوە • زۆر جێگا گەڕاوم ، فرە وڵاتو میللەتم دیوە • لە زۆر ئاهەنگی پێشوازیدا ئامادە بوویم کە هەندێ جار سەرۆكو پاشاو برێ جار سەرەك وەزیرانو ناوبەناویش وەزیرو سەفیر گێڕاویانە • لەم جۆرە ئاهەنگانەی پێشوازیدا : پێڵاو و سەری ڕووت چۆن دەبریقێنەوە ! قەرەوێتی مل چەند ڕێكو پێکە ! یاخەو سەردەست چەند بەفرڕەنگن ! خەندەو داهاتنەوە چەند بە تۆرانەن ! چۆن وریای هەموو جووڵانەوەیەکی خۆیانن • لەم جۆرە ئاهەنگانەی پێشوازیدا ئەکتەر وەکو سەرەك وەزیران وانو سەرەك وەزیرانیش وەکو ئەکتەر وان •

من لەم ئاهەنگانەدا هەرگیز وەکو خۆم چۆنم ئاوا نەبوویم • هەندێ جووڵانەوەی وا دەکەم کە حەزم لێ نییە بیانکەم • هەندێ قسەی وا دەکەم حەز ناکەم لە دەمی من بێنە دەرەوە •

لەناو بریقو باقی ئەم تەرزە ئاهەنگانەدا لە هیکەوە ئاگردانی خۆمانم دێتەوە بەرچاو لە تساداو دەبینم کەسو کارم دەوریان داوە • کۆبوونەوەی هاوڕێ بەختەوەرەکانم دێتەوە بەرچاو لە ژووری ئوتێلێك ئەڵقەیان بەستوە •

لەباتیی خواردنی بێگانان تاسەی خێنکاڵییەکی بە سیر دەکەم • وای چەنـــا خۆشە پیاو لە بەرئاگردانی خۆی ، لەناو هاوڕێو برادەرانی دابنیشێو چاکی لێ بکا بەلاداو بکەوێتە سەر خێنکاڵییەکی تێر سیرو ڕۆن لە پەنجەکانـــــی بجۆڕێتەوەو تا مڕ دەبێ بخوا •

هەندێ کتێب هەن کە دەیانخوێنمەوە وادەزانم نووسەرەکە لە ئاهەنگــی پێشوازیی دیپلۆماسیدا خۆی پێشکێش دەکات • هیچ سەربەستییەکی نییە ، نە لە دانیشتنو نە لە هەڵسوکەوتو نە لە گفتوگۆدا •

ئەی کتێبەکەم ! مەبە میوانی ئاهەنگی پێشوازیی دیپلۆماسی • قســەیوا بکە لەگەڵ سروشتی ڕاستەقینەی خۆتدا بگونجێ • هیچ قسەیەك بـۆ خاتری کلکەقوتێو ڕیاکاریو ماستاو ساردکردنەوە مەکە •

هەندێ کەسم دیوە لە ماڵەوە ، لەناو خاوو خێزانو ژنو منـــداڵو برادەرانی خۆیان پیاوی زۆر ئاسایین ، بەڵام وەرە لەســەر کورســـــی فەرمانبەریتی سەرنجیان بدە ـ چەند وشكو ڕەقو پیسۆن • دەڵێی پیاوەکەی جاران نین • لەگەڵ هەر بەرزبوونەوەیەکدا ، لەگەڵ هەر پایەو مەرتەبەیەکی نوێترو هەورازتردا ، سەرلەبەری سروشتو ڕەوشتو کەسمو ڕوخساریـــان دەگۆڕێ •

ئەی کتێبەکەم ! پیـــاوی بـاش بـە خـۆت لـە من زیـاتـر مەگۆڕە • ئاهەنگی پێشوازیت خۆش نـەوێ • مـەراقت دۆستو برادەرەکانت بـــێ ، جگەرەکێشانی بەر ئاگردانی سادەی خۆمان بێ • کێڵگەت خۆش بوێ نـەك هۆڵی ئاهەنگو زەماوەند • گوێ لە دەنگی زەوی بگرە نەك هەراوهۆریـــای کۆڕو کۆبوونەوە •

ئەدی زۆر جار وا نەبوە کە خەڵکی لە کۆبوونەوەدا جۆرە قسەیەا؛ بکەن‌و پاشانیش قسەیەکی‌تری تەواو جیاواز بکەن ؟

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : چ ڕۆڵەیەکی داغستان هەیە (تەپلەی گەورە)و (چاکەتی قورسی کەوڵەمەڕ) و (چەکمەی سووری پێستەگۆلک) ی سلێمان ستالسکیی نەدیبێ ؟ تۆ ئەگەر خەڵکی داغستانیش نەبیت بێ‌گومان ناتوانی سلێمان ستالسکی بە بێ‌چەکمەو تەپلەکەی بێنیتە بەرچاوی خۆت .

جارێکیان دەوڵەت سلێمان ستالسکیی خەڵات کردو مەکسیم گۆرکی ناوی هۆمیرۆسی سەدەی بیستەمی لێ‌نا . سلێمان بانگ کرایە مۆسکۆو لەوێ لەگەڵ وەزیری داغستانی کۆبوەوە . وەزیر بە شاعیری گوت : سلێمان گیان ، تۆ نابێ بەم دەستوورە بەناو مۆسکۆدا بگەڕێی ، دەبێ جل‌وبەرگی خۆت بگۆڕی .

حکوومەتی داغستان فەرمانی دا قاتێکی خوری‌یان بۆ سلێمان بە ڕادان دا و جووت قۆندرەیەکی نوێ‌و کڵاوێکی گەرمی بەلاچك‌و پاڵتۆیەکی زستانیی یاخە سەراخانی‌یان بۆ هێنا . سلێمان لەم شتانە نزیك بوەوەو هەڵگرو وەرگێڕی کردن . قۆڵی پاڵتۆکەی گرت‌و سەیرێکی کرد ، هەردوو لنگە قۆندرەکەی بە یەکدا داو هەموو شمەکەکانی بێچاو بەستی‌و خستنیە ناو جانتایەك‌و گوتی :

«سوپاس ، ئەم شتانە زۆر نوێ‌و جوانن . لە موسایب (مصعب)ی کوڕم دەوەشێنەوە ، بەڵام من دەمەوێ هەر سلێمانەکەی جاران بم . بەتەما نیم بۆ دەستە بەرگێك یا جووتە قۆندرەیەك ناوی خۆم بگۆڕم . چەکمە کۆنەکەم قەت لێم خۆش نابێ .

باوکم زۆری بەلاوە شتێکی گرنگ بوو کە سلێمان هێندە لەسەر جل‌وبەرگی خۆی سوور بوو .

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : زۆر جار کوڕەکانی سلێمان هەوڵیاندەدا باوکیان فێری خوێندەواری بکەن . سلێمان هەموو جارێ بەپەرۆشەوە دەستی پێ دەکرد بەڵام هەر زوو قەڵەمو کاغەزی فڕێ دەداو دەیگوت :

« نەخێر ، ڕۆڵەکانم ، کە دەست دەدەمە قەڵەم یەکسەر شیعرەکانم لەبەرم هەڵدێن . چونکە بیر لە شیعرەکان ناکەمەوە ، تەنیا بیر لەوە دەکەمەوە چۆن ئەم قەڵەمە نەفرەتی‌یە بگرم .

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : ئەفەندی کەپاییف برادەرێکی سلێمان ستالسکی بوو ، شیعرەکانی وەردەگێڕایە سەر زمانی ڕووسی . دۆستایەتیی ئەم دوانە بوو بە مایەی چاو پێ هەڵنەهاتن و حەسوودی پێبردنی هەندێ کەسی زگ‌ڕەش و بەستەزمان . ویستیان کەپاییف لە بەرچاوی ئەو شاعیرە مەشوورە بشکێنن . کەوتنە بوختان هەڵبەستن . بە سلێمانیان گوت :

«سلێمان ، تۆ ڕووسی نازانی ، بەڵام ئێمە کە دەیزانین دەبینین کەپاییف کە شیعرەکانت وەردەگێڕێ دەیانشێوێنێ . لە هەندێ شوێن بۆیان زیاد دەکات و لە هەندێ جێگا لێیان فڕێ دەدات . یا مانای هەندێ دێڕ دەگۆڕێ بۆئەوەی لەگەڵ بیروڕای خۆیدا بگونجێ .

ڕۆژێکیان لە گفتوگۆیەکی نەرم و هێمندا ، سلێمان باسەکەی هێنایە پێشەوە :

« برادەر ، بیستوومە لە منداڵەکانم دەدەی ؟ » .

ئەفەندی یەکسەر لە نیازی گەیشت و گوتی :

« مەبەستت چی‌یە ؟ سلێمان شیعرەکانت منداڵی تۆ نین ، شیعرەکانت بریتین لە تۆ خۆت ، کە سلێمان ستالسکیت » .

« کەواتە ، من کە پیرەمێردێکم لە منداڵەکانم پتر شایەنی ڕێز گیرانم » .

«سلێمان ، کامەیان گرنگترە ؟ ـ ژمارەی دێرەکانی شیعر ؟ یا شێوەو گیانی شیعرەکە ؟ شەرابت لە بەردەمدایە ، ئەگەر لێ بگەڕێی گەنی ببێت هیچی لێ کەم نابێتەوە بەڵام ئەو تامەی نامێنێ کە ئێمە حەزی لێدەکەین . گرنگ زۆریی شەراب نی یە ، گرنگ بۆنەکەیەتی ، تامەکەیەتی ، خەستی یەکەیەتی » .

«ڕاست دەکەی ئەمەیان گرنگترە ! »

بەڕاستی ئەفەندی کەپاییف بوو کە سلێمان ستالسکیی بە خوێنەرانی ڕووس ناساند .

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : ئەفەندی کەپاییف شیعرەکانی (هەمزە تساداسا)یشی دەکردە ڕووسی . جارێکیان بەدەم سکاڵاوە پێی گوتم : « کلیلی شیعرەکانی باوکتم بۆ نادۆزرێتەوە ، باوکت قوفڵی تایبەتیی خۆی هەیە . وادەزانی پێدەکەنێ کەچی ڕاستی یەکەی غەمبارە . وادەزانی بە یەکێك هەڵدەڵێ کەچی ڕاستی یەکەی تیزی بۆ دەکات . وادەزانی هەڕو گێف دەکات کەچی ڕاستی یەکەی دڵدانەوەیە . من هەست بە هەموو شتێکی دەکەم بەڵام ناتوانم بە ڕووسی دەری ببڕم . دەتوانم ماناو تەکنیکی شیعرەکانی وەربگێڕم بەڵام ئەوەی بۆم دەستگیر نابێ هەمزەی زیندوو و ڕاستەقینەیە بەوشێوەی کە لە ژیاندایە . من دەمەوێ خوێنەرە ڕووسەکانی هەمزە بەو شێوەیە ببینن و تێی بگەن ـ کە کابرایەکە بە هەموومان دەچێت و لە هەمان کاتیشدا وەکو هیچ یەکێکمان نی یە » .

پێویستە شیعری شاعیرانیش بەمچەشنە بێ .

لە بیرەوەریمدا : من ئێستا لە گوندەکەمان بە ڕەسووڵی هەمزەتۆفی شاعیر ناسراوم . وەختێ خۆی بە کرێت و بزۆزو سەربەگۆبەندو پیس و پلۆخ

ناسرابووم • که ئیشێکم‌دەکرد بیرم لای ئیشێکی‌تر بوو • ئەنجام وا دەکەوتەوە : کراسم بەرەواژی لەبەر دەکردو قۆپچەی چاکەتم بەپێچەوانە دادەخست‌و بەو شێوە دەچوومە دەرەوە • قەیتانی قۆندەرەم قایم نەدەکرد • ئەگەر قایمیشم بکردایە زوو دەبووەوە • خەلکەکە دەرهەق من دەیانگوت :

« چۆن دەبێ باوك وا ڕێك‌و پێك‌و پۆشتەو خاوێن‌و باوێن بێ ، کوڕ وا خاوو خلیچك‌و دابێزراو و شەت‌و وەت‌و بێ‌سەروبەر بێ • ئەم دوانە کامیان پیرترەو کامیان گەنجتر ؟ ئەوەی کە لە بیر دەکا قەیتانی قۆندەرەی شەتەك بدا ؟ یا ئەوەی قەت هیچ شتێکی لەبیرناچێ ؟ » •

منیش لە وەلامی ئەم قسە پووچانەدا دەمگوت :

« من پیریتیم لە باوکم وەرگرتوەو گەنجێتیی خۆم پێ بەخشیوە » •

ڕاستی ، باوکم تا دوا هەناسەی ژیانی هەر وەکو گەنجێك قیت‌و قۆزو پۆشتەو پەرداخ بوو • لە دەرەوەو ژوورەوەی خۆی هەردەم ڕێك‌و ڕەوان‌و هێمن‌و ئاسوودەو نەرم بوو •

هەموو خەلکی گوندەکەمان دەیانزانی بەتەواوی لە سەعات چەندو چەند دەقیقەدا بە پالتۆوە دەچێتە سەر بان • دەیانتوانی سەعاتی خۆیانی لەسەر ڕاست بکەنەوە • گوندی‌یەکی لاو بوە سەربازو لەوێ کاغەزێکی بۆ دایك‌و باوکی ناردبوو ، نووسیبووی :

«بەیانی زوو بە ئاگامان دێنن • ئەو کاتە هوشیارمان دەکەنەوە کە هەمزە دەچێتە سەر بانەکەیان » •

ئەگەر یەکێ بیویستایە بەیانیان چاوی بە هەمزە بکەوێ دەیزانی هەمزە کەی بەرەو خونزاخ دەکەوێتەڕێ • هەموو ڕۆژێ لە یەك کاتدا لە مالێ دەهاتە دەرەوەو دەچوو بۆ ئیش •

خەڵکی زۆر شتیان لەبارەیەوە دەزانی :

دەیانزانی تا کوێ جڵەوی ئەسپەکەی ڕادەکێشێ ؟ لەکوێ خۆی داوێتە سەر خانەی زین ؟ کراسی سادە ڕەش‌و شەلواری سواری‌یان دەناسی‌یەوە . ئەو جووتە چەکمەیان دەناسی‌یەوە کە دەستکردی خۆی بوون‌و هەر خۆیشی هەموو سبەینان پاکی دەکردنەوە . پشتێن‌و ڕدێنە هەڵپاچراوەکەیان دەناسی‌یەوە کە قەت مووسی بێ نەکەوتبوو . تەپلەکەیان دەناسی‌یەوە کە توند بەسەریەوە دەتووساو فەروەکەی نە زۆر قوت بوو ، نە زۆر تیسکن .

باوکم نموونەیەکی تایبەتیی خۆی هەبوو . هەر جلێکی لەبەری کردباو هەر ئیشێکی کردبا لەگەڵ ئەو نموونەیە ڕێك دەکەوت . نەتدەتوانی هیچ گۆڕانێك لە بەرگ‌و ڕەفتاری هەمزەدا بەدی‌بکەی . کە جل‌وبەرگی دەدڕاو ناچار دەبوو جلێکی نوێ بکا دەچوو بەدوای نموونەیەکی وادا دەگەڕا کت‌وەت وەکو جلە کۆنەکە بێت . هەرچەندە بەرگە نوێکەشی وەکو کۆنەکە بە هەمان قەبارەو هەمان دەستوور هەڵدەبڕی ، بەڵام سەرباری ئەمەش تا ماوەی چەند ڕۆژێك زۆر لەبەر بەرگە نوێکە سەخڵەت‌و نارەحەت دەبوو .

جارێکیان قایشی پشتی سواوو تەنك بووبوو ، پسا . پارەیەکی زۆری نەدەویست قایشێکی نوێ بکڕێ بەڵام هەمزە زۆر بە زانایی قایشەکەی چا کردەوەو ماوەیەکی‌تر لە پشتی بەست . کە ئەمەی کرد لەبەرئەوەنەبوو چرقۆك بێ یا پارەی بێ پاشەکەفت نەکرێ بەڵکو لەبەرئەوە بوو حەزی نەدەکرد لە شتێك ڕاهاتبێ‌و وازی لێ بێنێ . لەئەنجامدا قایشەکە دووبارە پسا ، ئەمجارەیان ناچار بوو قایشێکی نوێ بکڕێ ، بەڵام دڵی خۆی بەوە دایەوە کە ئاوزێنەی قایشە کۆنەکەی لە قایشە نوێکە بەست .

هەموو جارێ کە دەستی بە تەپلەکەی‌دا دەهێنا دەتگوت دەست بە پشتی بەرخێکی زیندوودا دێنێ . مادام هێندە بایەخی بە قایشە کۆنەکە دابێ بزانە داخۆ چ بایەخێکی زۆری بەم تەپلەیە داوە .

هاوینی ١٩٤١ کە شەڕ داگیرسا ، حوکوومەتی داغستان پێیداگرت کە دەبێ باوکم کوێستان بەجێبێڵێو لە (مەحەج قەڵا) دابنیشێ • ئەویش لەبەرئەوەی لە هەوای تەڕی شاخان ڕاهاتبوو شاری لەکن زۆر گەرمو تەنگو هەناسەبڕ بوو • ئەو جلوبەرگەی لە شاخان لەبەری دەکرد بۆ هەوای گەرمی شار زۆر قورس و ناهەموار بوو • بە تایبەتی تەپلەکەی لەگەڵ ئەم ئاوو هەوایەدا نەدەگونجــا • باوکم زۆر شەپقەو کڵاوی تاقیکردەوە بەڵام هەموو دیمەنو سەرو سیمایان دەگۆڕیو لێی نەدەوەشانەوە ، ئەویش لە سەری نەدەنـــان • ئێمە ، کە ئەو حەلە منداڵ بووین ، هەرچەندی هەوڵمان‌دەدا ئیقناعی بکەیـــن پێمان نەدەکرا • جا هەمزە کە بە شەقامەکانی مەحەج قەڵادا دەڕۆیشت تەپلەکەی هەر بەدەستەوە بوو • ڕەنگە جاروبار لە سەری بنایە بەڵام خێرا لە ســەری دەکردەوە ، ئەوەندە هەبوو یەك دەقیقە بە بێ تەپلە هەڵینەدەکرد •

خەڵك لە نەهامەتی گەورەی وەکو جەنگیش ڕادێن • لەکاتی جەنگـــدا ژیان بە جۆرێکی‌تر بوو • باوکم ناوبەناو گەشتێکی بۆ چیاکان دەکـــرد • چەند خۆش بوو هەناسەیەکی شاخان هەڵبکێشێو تەپلەی لە سەر بنێ • باوکـم لەو گەشتانەیدا وەکو یەکێك وابوو کە ماوەیەکی زۆر لە دەست بێ تووتنــی بناڵێنێ یا بەتوندی جگەرەی لێ قەدەغە بکرێو پاشان لە هێکڕا نەختێ تووتنـی خۆمانەی بکەوێتە بەردەستو بتوانێ بەکاوەخۆ ، بە خۆشیو شادی ، جگەرەیەك تێبکاتو بەکاوەخۆ ، بە خۆشیو شادی ، دایبگیرسێنێو بەکاوەخۆ ، بە خۆشیو شادی ، مژێکی قووڵی لێ بــدا •

باوکم جگەرەی نەدەکێشا بەڵام عەینی خۆشیو بگرە خۆشیەکـــی گەورەتریشی لە وردە شتی ژیان وەردەگرت • بێگومان حەوجە نییە باســی شتە گەورەکان هەر بکەین وەکو خۆشیی داهێنانی ئەدەبیو خۆشیی عــەشقی ماڵو نیشتمان •

له دەفتەری بیرەوەریی باوکمدا : له سەرەتای دەفتەری بیرەوەریی باوکمدا نووسراوه : « ئەگەرچی ڕەجەب برادەریشم بوو بەڵام له دوژمن خراپتری پێ کردم • گوێزانی دۆست بوو » •

جارێکیان ، باوکم خراپی بەسەرهات • ئەمەش مەسەلەکەیە :

« ساڵی ١٩٣٤ باوکم چووە مۆسکۆ بۆئەوەی بەشداریی کۆنگرەی یەکەمی نووسەران بکات • ڕەجەب دینماگۆمایێڤی نووسەری ئاڤاری که ئەو حەله هێشتا مابوو باوکمی ئیقناع کرد بچێتە لای سەرتاش و سەرو ڕدێنی رێك بخا • پیاو نازانێ فیکەی ڕەجەب بوو یا سەرتاشەکە بەهەڵە تێگەیشتبوو ، بەڵام هەرچۆن بێ ئەنجام بەمە گەیشت تا باوکم هاتەوە سەرخۆی ئەو ڕدێنە سپییەی که پێشتر قەت گوێزانی پێنەکەوتبوو له بنەوەڕا تراشابوو • تا زانی چ کارەساتێکی پێ کراوه کار له کار ترازابوو •

که له ئاوێنەدا ئەو ڕوخسارە بیانیو نەناسیارەی دی چاوی تێبڕیوه هاوارێکی لێ هەستاو دەستی به دەمو چاویەوه گرت و له سەرتاشخانەکە دەرپەڕییە دەرەوە • بەشداریی هیچ کۆبوونەوەیەکیتری کۆنگرەی نەکرد • شەرمی به خۆ بوو خەڵکی بەم شێوەیە ببینن • پاشان دەیگوت :

« من قەت نەمتوانیوە له ژیانمدا دووڕوو بم ، جا چۆن دەتوانم ڕووی شیعرەکانم بگۆڕم » •

باوکم حەزی نەدەکرد نه له ژیان و نه له شیعردا بەگوێرەی فەرمان بجووڵێتەوە ، تەنیا یەك جار نەبێ که خووی به ڕەفتارێکیواوە گرت لەو نەدەوەشایەوە • چاك بوو ئەویش زۆری دەوام نەکرد •

بیرەوەرییەك : هەندێ خەڵکی گوندەکەمان که بۆ سەردانی هەمزە تسادااسا هاتبوونە مەجەچ قەڵا دیتیان هەمزە دانیشتووە قسەیان لەگەڵ دەکات و زۆر به نارێکی چەنەگەی دەخاتە سەر سێ پەنجەوە •

چیایی‌یەکیان گوتی : « پێشتر قەت ئەو ڕەوشتەمان لێ نەدیبووی ، ئاوا چەنەگەت بخەیتە سەر سێ پەنجەوە ، ئەوە لەمێژە وا دەکەی ؟ ئەم ڕەوشتە لە ڕیشی تۆ ناوەشێتەوە ، ئەمە ڕەوشتی تۆ نی‌یە ، هەمزە ! » .

هەمزە گوتی : « بەڵێ ، وازی لێ‌دێنم . ئەمە سووچی (محی‌الدین جمال)ی هونەرمەند بوو . سێ مانگی ڕەبەق داینام نیگارم بکێشێ . سێ مانگ بە بێ جووڵانەوە لە بەردەمی دانیشتم‌و سێ پەنجەم دابوە بەر چەنەگەم . هونەرمەندەکە وای دەویست . منیش ناچار بووم بە گوێی بکەم ! » .

« جا ، ئەمە بۆ تۆ زەحمەت نەبوو ؟ » .

« دانیشتنەکە زەحمەت نەبوو . شێوەی دانیشتنەکە ناخۆش بوو . هەندێ‌جار وام هەست‌دەکرد ئەو سێ پەنجەیەی چەنەگەیان ڕاگرتووم پەنجەی خۆم نین ، هەندێ جاریش وامدەزانی پەنجەکانم چەنەگەی کەسێکی‌تریان بەسەرەوەیە . سێ مانگ ، هەموو ڕۆژێ ئەو دەورەم گێڕاو لێی ڕاهاتم . دەورەکە تەواو بوو . نیگارەکە کێشراو بە دیوارەوە هەڵواسرا ، بەڵام وەکو دەبینن من ئێستاش وازم نەهێناوە ، سێ پەنجەم دەخەمە ژێر چەنەگە . ئێوە خۆشتان دەزانن ئەگەر یەکێك نەخۆشیی دڵی هەبێ ، ئەگەر دڵیشی نەیەشێ ، هەر دەستی دەخاتە سەر لاسنگی چەپەی .

خەمتان نەبێ ئەم ڕەوشتە تەخر دەکەم ! » .

لە دەفتەری بیرەوەریی باوکمدا : لەبارەی چۆنیەتیی ددان لێ نانەوەی .

هەمزە کە هات دانی لێ بنێتەوە دختۆری دانساز لێی پرسی ، چ‌جۆرە دانێکی پێ باشە : زێڕ ، زیو ، پۆڵا ؟ هەمزە نەیزانی بڵێ چی . سەیرێکی

برادەرەکانی کرد کە لەتەنیشتیەوە دانیشتبوون بۆئەوەی فریای بکەونو ئامۆژگاری یەکی بکەن •

یەکێکیان گۆتی : « دانی زێڕ لێ بنێوە ، زێڕ زۆر بەنرخە • » یەکێکی‌تر گوتی : « لە پۆلا دروستی بکە ، پۆلا پتەوەو ناڕزێ • » باوکم بەرپەرچی دانەوە : « من ئەگەر بە دانی زێڕ یا پۆلا بچمەوە دێ کوو دەکەومە بەرچاوان ؟ خەڵك بەو چاوە سەیرم دەکەن کە لە جیاتی ددان فەنەرم لەناو دەمدایە • بریقەی ددانەکان دەمو چاوم دەشارێتەوە • ئەرێ ناکرێ ددانی ئێسکم بۆ لێ بنێیتەوە ؟ بۆئەوەی کەس هەست نەکا ددانی نوێم لێ ناوەتەوە • من ئەو جۆرە ددانەم دەوێ » •

دختۆری دانساز بە قسەی هەمزە ددانیوای بۆ لێنایەوە وەکو ددانی پێشتری خۆی وا بوون •

جا هەرکاتێك باوکم هەندێ دێڕی غەوارەو بێزۆکو خوازراوەی لە پارچە شیعرێك بدیبایە دەیگوت :

« ددانی دەستکردی تێدا دەبینم دەبریقێتەوە » •

بێ‌گومان ، دەتوانی بە ددانی زێڕیش قەپ لە سێو بگری بەلام وابزانم قەپەکەت ئەوەندە تەڕو بەتام نابێ وەك ئەوەی کە دانی خۆت لە سێوەکە ختم بکەی » •

بیرەوەری‌یەك : ساڵی **١٩٤٧** لە شەرافەتی یادی حەفتا ساڵەی لەدایك بوونی هەمزە تساداسای شاعیر ئاهەنگێکی گەورە لە مەحەج قەلا ڕێکخرا • گەلێ وتارو نامە خوێندرایەوە • زۆر دیاریی پێشکێش کرا • ئینجا نۆرە هاتە سەر ئاهەنگ بۆ گێراوەکە کە قسەی خۆی بکات • ئیدی باوکم چوە سەر سەکۆی دوان • بە شێنەیی پارچە کاغەزێکی لە باخەڵ دەرهێنا

ئەو شیعرانەی تێدا نووسرابوو کە بۆ ئەم ئاهەنگە دانابوون . هەر بە شێنەیی دەستی لە گیرفانێکی‌تر ڕاکرد چاویلکەکەی دەربێنێ ، لەم کاتەدا نەرمیو هێمنی‌یەکەی جارانی نەما ، شڵەژا ، بە حەپەساوی ئەم گیرفانو ئەو گیرفان گەڕا بێهوودە بوو . زانی‌یان باوکم چاویلکەی لە ماڵەوە نەهێناوە . یەکسەر منداڵێکیان نارد چاویلکەکەی بۆ بێنێ . بەڵام لەبەرئەوەی هەمزە بێ‌ئیش لەسەر سەکۆکە وەستابوو ، ئەبووتالیبی هاوڕێی چاویلکەی خۆی دایە . وای‌دەزانی بۆ ئەو دەشێ .

هەمزە چاویلکەکەی لێ وەرگرتو دەستی بە خوێندنەوە کرد . ڕاستە ، شیعرەکە هیی خۆی بوو بەڵام لە دەنگ‌و شێوەی راوەستان‌و دوانیەوە وا پەشۆکابوو دەتگوت پێشتر چاوی بەم شیعرانە نەکەوتووە کە دەیخوێندنەوە .

کە هاتە سەر شیعری دوەم ، ئەو منداڵەی بۆ چاویلکەیان ناردبوو بە ڕاکردن بە ژووریێ کەوت . هەمزە چاویلکەی ئەبووتالیبی داگرت‌و چاویلکەی خۆی کردە چاو . بە چاوتروکانێك شێوەی ڕاوەستانی گۆڕاو دەنگی متمانەو پتەوی‌یەکی تازەی تێ‌کەوت . دانیشتوان تێکڕا لە ناخی دڵەوە کردیانە چەپڵەڕێزان ، دەتگوت هەمزە تساداسای ڕاستەقینە تازە جۆتە سەر شانۆو ئەوەی پێشتر لەوێ وەستابوو خۆی نەبوو یەکێ بوو لەو دەچوو .

هەمزە بەدەم خەندەیەکی تەڵخەوە گوتی : « هێندەی نەمابوو ئەم چاویلکەیە یۆبیلەکەم لێ تێك‌بدات » .

ئەبووتالیب هاواری کرد : « بۆچی ؟ چاویلکەی من خراپ بوو ؟ » .

« چاویلکەکەت باشە . بەڵام هیی تۆیە . هەرکەسە چاوی خۆی هەیەو دەبێ چاویلکەی خۆی هەبێ » .

باوکم حەزی نەدەکرد لەبەر ڕووناکیی زۆر گەش یا لە تاریکـــــی تەماشای شت بکات • حەزی لە شتی زۆر خەست یا زۆر شل ، شـــتی زۆر سارد یا زۆر گەرم ، شتی زۆر گران یا زۆر هەرزان ، شتی زۆر دواکەوتوو یا زۆر پێشکەوتوو ، نەدەکرد •

ڕقی لە دڕندایەتیی گورگو منۆخیی کەروێشك ، دەسەڵاتی زۆردارو گوێڕایەڵیی سەرشۆڕ دەبووەوە • دەیگوت :

« نە هێندە وشك بە بشکێـــی ، نـــە هێندە تەڕیـــــش بە وەك بەڕە بگوشرێـــی » •

باوکم حەزی نەدەکرد بە دڵۆپە بارانێك تەڕ بێ‌و بە کزەبایـــــەك هەڵبوەرێ • کرێکارێکی سادە بوو • هەموو ڕەوشتە میللی‌یەکانی خۆمانـــی بە شانازی‌یەوە تێدا هەبوو •

بیرەوەری‌یەك : جارێکیان من‌و باوکم ناچار بووین لە مەحەج قـــەڵاوە بچینە سەردانی خزمێکی نەخۆش لە گوندەکەمـــان • عبدالرحمـــان دانیالۆڤ ئەو حەلە سەرۆکی حوکوومەتی داغستان بوو ، کە ئەم هەواڵـــەی کەوتە بەرگوێ ، ئۆتۆمۆبێلە ڕەشە حوکوومەتی‌یەکەی خـــۆی بۆ ناردیــن پێی بچین • وابزانم ئۆتۆمۆبێلەکە ـ زیم ـ بوو •

کاتێ کە بە سواریی ئۆتۆمۆبێلەکە بەناو شەقامەکانی شاردا دەڕۆیشتین باوکم زۆر باش بوو بەڵام کە لە شار چووینە دەرەوەو یەك یەك چیایی‌یـــە ڕێبوارەکانمان بەجێ‌هێشت ـ کە بە سواریی کەرو ئێسترو ئەسپ بـــوون ، یا پیادە بوون ـ باوکم حەجمانی لێ بڕا • من بەش‌بەحاڵی خۆم لەبەرنـــەوەی گەنج‌و هەرزەکار بووم سەرم لە پەنجەرە دەردەهێنا تا بمبینن سواری چـــۆ ئۆتۆمۆبێل بوویم ، کەچی باوکم بە هەموو توانایەکیەوە دەکشایەوە ژووری‌و خۆی پەنا دەدا بۆئەوەی نەیبینن •

دایکرده بارانێ • که گەیشتینه ڕووباری گۆتسانل پیرەمێردێکمان دی گالیسکەیەکی پێبوو ، گالیسکەکه له ناوەندی ڕووبارەکەدا چەقیبوو • باوکم یەکسەر ئۆتۆمۆبێلی ڕاگرت ، دابەزی ، چوه ناو ڕووبارەکه یاریدەی کابرا بدا • به هەردوکیان گاگانیان زەخته داو شانیان دایه بەر پێچکەکان و هێندەی نەبرد گالیسکەکه دەرباز بووو گەیشتەوه سەر ڕاستەڕێ • ئێمەش ڕۆیشتین • چەند کیلۆمەترێك بەولاوه تووشی ڕووبارێکی بووین • باوکم دیسان ئۆتۆمۆبێلەکەی ڕاگرت • ڕاوەستا تا کابرای گالیسکەسوار دەمانگاتێ :

« بێگومان لێرەش دەچەقێ • خۆم دەزانم لەم ڕووبارەدا جڵەوی گایەکان چۆن ڕادەکێشم • چاوەڕێی دەکەم تا دێ و له پەڕینەوه یارمەتی دەدەم » •

بەمجۆره چاوەڕێمان کرد تا گالیسکەکه به سیرە سیڕ گەیشته ئەم تەگەرەی دوەمینه • باوکم جڵەوی گاکانی ڕاکێشاو پەڕاندنیەوه •

هەمزه دەستی به دامێنی خۆی سڕی‌یەوەو بەرەو ئۆتۆمۆبێلەکه هاتەوەو گوتی : « منیش زۆر جار تووشی تەگەرەی‌وا هاتووم ، ئەوکاتەی که باری هەمەچەشنەم له گالیسکەکەم دەکردو له (بۆیناکسك)ەوه دەمبرده شاخان » • بەدەم خەندەیەکی غەمبارەوه سەیری گالیسکەکەی کرد وەك ئەوەی سەراپای ڕابردوو و تێکڕای ژیانی لەم گالیسکەیه بارکرابێ و لێی جودا بێتەوه •

کاتێ که بەرەو دەشتی بڵندی خونزاخ هەڵکشاین ، لەو هەورازە لۆری‌یەك خۆی له ئۆتۆمۆبێلەکەمان داو یەکێ پێچکەیەکی خست • باوکم زۆر هەوەسی بەم ڕووداوه هات چونکه بیانگەی بۆ پەیدا بوو که بە پێیان بچێته ناو دێ • زۆری به بەردا کەوتین چاوەڕێ بکا تا پێچکەی یەدەگی تێدەخەین بەڵام هیچ گوێی پێ نەبزووت :

« من پێم‌شەرمە بە ئۆتۆمۆبێل‌وا بچمە زەماوەند ، چ جای ئەوە کە بەم هەموو کەش‌وفش‌و دەبدەبەیەوە بچمە سەردانی برادەرێکی نەخۆش . بەڕاستی کەیفم پێ هات ئۆتۆمۆبێلەکە وەستا . خۆ ئەوجا دەتوانم بە پێیان بچم » .

ملی ئەو ڕێگایەی گرت کە بە منداڵی زۆر جار پێیدا چووبوو و ڕۆڵەی جیانشینەکانیش بێ‌ژمار پێیدا چوونەتەوە ناو دێ ...

ئێمەش پێچکەمان تێ‌خست‌و بە ڕاستەڕێدا ڕۆیشتین . لەگەڵ باوکم پێکەوە گەیشتینە ناو دێ .

کە گەڕاینەوە مەحەچ قەلا عبدالرحمن دانیالۆف پێی‌زانی‌و بە پەرۆشەوە پرسیاری ڕووداوەکەی کرد . باوکم بە گاڵتە وەڵامی دایەوە : « ئۆتۆمۆبێلەکە زۆر باش بوو . ئەگەر نەختێ خراپتر بوایە هیچی بەسەر نەدەهات » .

بیرەوەری‌یەك : باوکم لە ئاخرو ئۆخری ژیانی تووشی دەردێکی گران بوو .

---

لە گەشتێکی جیاکان بەسەری هات.چووبوو لە کاتی هەڵبژاردندا قسە بۆ کۆمەلانی لایەنگرو دەنگدەرەکانی خۆی بکات . بەرەبەری هەڵبژاردنی سۆڤێتی بەرز بوو . هەمزە تساداساش ناوی بۆ نایبی درابوو .

بە ئۆتۆمۆبیل گەیاندیانە مەڵبەندی ناوچە . بەڵام لەوێوە ناچار بوو بە سواریی ئەسپ گەشتی شاخانی تەواو بکات . باوکم حەزی لە ئەسپی نەرم‌و هێمن‌و گوێڕێر بوو . هەر بە ڕەهوانی‌و نەرمەغار ئەسپی دەهاژوا . زۆر جار دادەبەزی‌و جڵەوی ئەسپەکەی ڕادەکێشا . هەمزە ڕۆیشتنی بە پێیانی بەلاوە لە هەمووی خۆشتر بوو .

کاربەدەستانی هەرێمایەتی جوانوەمانەکی ڕەسەنیان دایە نایبی باشەڕۆژ . ئەمە شتێك نی‌یە لۆمەو سەرزەنشتی تێدابێ چونکە ئەمەیان بە نیازی پاك کرد ،

وایاندەزانی مێوانی خۆشەویست دەبێ باشترین ئەسپی ئەو ناوەی پێ بدرێ • پیرەمێردی حەفتاو دوو ساڵەش نەیویست دیاریی خانەخوێکان ڕەت کاتـــەوە • زەمانی گەنجیی هاتەوە یادو سووك خۆی هەڵدایە سەر خانەی زین • شاعیری بەساڵاچوو کە ئەم هەموو گەنجانە بە سواری دەوریان دابوو ، دەتگـــــوت ئیمامەو تایب دەوریان داوە •

سوارە گەنجەکان قامچی‌یان لە ڕەفسك‌و تەرۆکی ئەسپەکانیان داو بـــە گەلێ ڕێگای جیاوازدا بەرەو گوندی جۆراوجۆر تێ‌یـــان تەقاند بۆئـــەوەی ئاگاداریان بکەنەوە بەوە بەمزوانە هەمزە دەگاتە جێ •

هەوهەوی سواران ئەسپی هەمزەی هار کرد ، ئەسپ کەوتە لەپ وەشاندن‌و حیلکە حیلك‌و دەربەڕی • پیرەمێرد پێی بەرزەفت نەکرا • ئەسپەکە شێتانـــــە هەڵی‌گرت • هەمزە لەسەر زین هەژا ، تێکچوو ، حاڵی شڕ بوو ، دواجـار لـە ئەسپەکەیەوە گلا • بە نەخۆشی هێنایانەوە مەحەج قەلاو نەهاتەوە سەر خۆی‌و پێوەچوو •

پاشان بەدەم کۆخەوە دەیگوت :

« شیعریش هەمان شتە • شاعیر دەبێ سواری ئەسپی تایبەتیی خۆی بـێ کە لێی ڕاهاتووە نەك سواری ئەسپێکی بێگانە بێ پێی بەرزەفت نەکرێ • شکی تێدا نی‌یە کە ئەسپی بێگانە هەڵی‌دەدا » •

دەتوانم هەتا هەتایە باسی باوکم بکەم • بەڵام ئێستا دەمەوێ نەختێ باسی ئەبووتالیبی برادەری باوکمتان بۆ بکەم کە ترك‌وخوا دوێنێ هەموو دوێنـــێ لەگەڵیدا بووم •

ڕۆژە ڕابواردنێـك لەگەڵ ئـــەبووتالیب : بـەلای منەوە ناخۆشترین

شـــت ئـــەوەیـــە ، سەبـــارەت بـە هـەرچی بـــێ ، شیعرێکـــم بـــە نیوەچڵی بەجێ‌هێشتبێ‌و دووبارە بگەڕێمـــەوە ســـەری تەواوی بکـــەم •

چاپی‌یه‌کان ده‌ڵێن : « بۆق که کلکی نی‌یه سه‌باره‌ت به‌مه‌یه کاتی خــــۆی کرده‌وه‌ی کلك لێنانی خراوه‌ته رۆژی پاشتر » .

به‌یانی بڕیارم دا ئه‌و شیعره درێژه ته‌واو بکه‌م که پێش دوو هه‌فتــه ده‌ستم پێ کردبوو . مانای وابوو ده‌بوا ئه‌و ڕۆژه ئیشێکی زۆر بکه‌م . بۆیه به (فرۆسیا)ی کابانمانم گوت : « ئه‌گه‌ر که‌س له منی پرسی بڵێ چۆته ده‌ره‌وه . ئه‌گه‌ر ئیشێکی گرنگی هه‌بوو بڵێ دوای نیوه‌ڕۆ دێته‌وه » .

خۆم رێك‌خست‌و به پلیکانه‌دا سه‌رکه‌وتم‌و چوومه ژووری خۆم‌و ده‌ستم به ئیش کرد . پاش نه‌ختێ گوێم لێ‌بوو ده‌رگه‌ی حه‌وشه‌که‌مان ته‌قه‌ی لێــوه هات‌و زه‌نگی ده‌رگا ڕنگه‌ی لێ هه‌ستا . نه‌مزانی (فرۆسیا) چ ده‌ڵێ به‌ڵام ده‌نگی ئه‌بووتالیبم ناسی . یه‌کسه‌ر هه‌ستم کرد ئه‌و کورسی‌یه‌ی له‌سه‌ری دانیشتــووم وه‌کو تاوه‌یه‌کی گه‌رم یا وه‌کو قۆپه‌نه دڕکه‌زی‌یه‌کی تیژ وایه . قه‌ت ئه‌بووتالیب پێشان له به‌رده‌رگه‌ی ماڵی هه‌مزه تساداساو ئێستاش لــه ماڵی ڕه‌ســــووڵ هه‌مزه‌تۆف ، نه‌گه‌ڕاوه‌ته‌وه .

هه‌رگیز وا نه‌بوه که به به‌رده‌رگه‌ماندا بڕواو لانه‌دا . شتی وا ئه‌قــڵ نایگرێ . له هه‌مان کاتیشدا هه‌ڵوێسته‌که ناخۆش بوو ؛ له‌لایه‌که‌وه نه‌ده‌کــرا لێ بگه‌ڕێم ئه‌بووتالیب بگه‌ڕێته‌وه‌و بڕوا ، له لایه‌کی‌تریشه‌وه بۆ (فرۆسیا) جوان نه‌بوو ، چونکه ئه‌رکی سه‌رشانی خۆی به‌جێ‌هێنابوو و بــه ئه‌بووتالیبــی ڕاگه‌یاندبوو که من له ماڵه‌وه نیم‌و تا درەنگ نایه‌مه‌وه .

فه‌رمانی دڵم به‌جێ‌هێناو فه‌رمانی ئه‌قڵم پشت گوێ خست . سه‌رم لــه په‌نجه‌ره ده‌رهێناو بانگی براده‌ره دڵسۆزه‌که‌ی باوکم کرد :

« فه‌رموو ئه‌بووتالیب ، وه‌ره ژوورێ ، ئه‌من لێره‌م » .

« حه‌ی حه‌ی ، خوایه په‌نا به تۆ ، ئه‌وه ده‌بێ کوڕی هه‌مزه تساداسا خۆی له ساحێب قه‌ردان شاردبێته‌وه ! » .

ئەبووتالیب گورج تەبلەکەی داکەندو بە قیتی بە تەنیشت (فرۆسیا)دا تێپەڕی‌و سەرنجێکی توندو تیژی لێدا :

« ڕەسووڵ ، ئەم ژنە تێبگەیەنە کە ئەبووتالیب دێتە ئێرە ، دەرگەی ئەم ماڵە لە خۆڕا دەکرێتەوەو ڕەسووڵ ، تۆش هەمیشە هەر لە ماڵەوەیت • پێی بڵێ کە تۆ چوویتە دەرەوەش ئەم ماڵە خواردن‌و خواردنەوەیەکی بۆ ئەبووتالیب تێدایەو ئەگەر پێویستی پێبوو جێو بالنگانێکیش هەیە شەوی تێدا باتە سەر » •

« سووچی فرۆسیا نی‌یە • فاتیمە ئەمڕۆ بەیانی کە بە ئیش چوە دەرێ تێی گەیاند هەرکەسێ هات پێی بڵێ کە من لێرە نیم‌و دەرچوویم • ژنەکەم زۆر بەتەنگمەوەیە » •

ئەبووتالیب تەبلە تیسکنە تەڕەکەی ڕاوەشاندو گوتی : « چەند خۆشە پیاو ژنێکی‌وای هەبێ هەموو تاوانێکی خۆی لە ملی‌ڕا بکات • فاتیمە نەدەبوا لەبیر بکات کە ئەمڕۆ پێنج شەممەیە ! » •

« جا پێنج شەممە چ جیاوازیی لەگەڵ ڕۆژەکانی‌تردا هەیە » •

« چۆن ؟ ڕۆژی چوونە حەمامی منە • هەستت نەکردوە هەموو پێنج شەموان دەچمە حەمام • جا لەبەرئەوەی حەمامەکە زۆر لێرەوە نزیکە دەبێ هەردەم ئەوە ڕەچاو بکەن کە ڕۆژی پێنج شەموان بۆ قسەیەك‌و جگەرەیەك لابدەم » •

« جا ئەبووتالیب ، تۆ حەمامت بۆ چی‌یە ؟ خۆت لە ماڵەوە سەرشۆرك‌و ئاوی گەرمت هەیە » •

« دووش‌و حەوزاو پارچە نانێکی سووتاوە ، حەمام زیافەتی زەماوەندە • ئەمن باخچەیەکم هەیە ، جۆگەیەکی بە ناودا دەڕوا کە هەزار ساڵە لە شاخانەوە دەڕژێتە خوارێ‌و ئاوەکەم بەرداوەتە بن درەختەکان‌و تێراوی کردوون • ئایا دەتوانم ئەم هەموو درەختانە بە سەتڵ‌و فیچقە ئاو بدەم ؟ من حەمامم بەلاوە

وەکو جۆگەی پڕ ئاوی شاخان وایەو دووش‌و حەوزەکەش وەکو سەتڵ‌و فیجقە .

ئەخێر ڕەسووڵ ، تکایە با بووکەشووشە بۆ نورالدین یووسفۆفی شاعیری منداڵان بێ . دەڵێن خەریکە شانۆنامەیەك بۆ پێشانگەی بووکەشووشە دەنووسێ . با دووش‌و حەوزەکەی تۆ بۆ بووکۆکەکانی ئەو بێت » .

کە بەدەم ڕۆیشتنەوە گەیشتینە دالانی نزیك ژوورەکەم ، عەرزم کرد : « ئێستا ، مادام لە حەمام دێیتەوە ڕەنگە مگێزت لە پیاڵە چایەك بێت » .

« وەڵڵا (چا) خراپ نی‌یە ، بیللا (شۆربا) شتی چاکە ، تیللا (شەراب)یش خراپ نی‌یە . پاش حەمام تەختێ ڤۆدکای ساف لە هەموو شتێ باشترە » .

« کەمێ شۆربا هەیە بەڵام هیی دوێنێ‌یە . ئێستا بەیانی‌یەو شۆربای نوێ هێشتا پێ‌ڕانەگەیشتووە » .

« دەست بە شۆربای دوێنێ دەکەم‌و هێشتا لێ نابمەوە کە شۆربای ئەمڕۆ پێ‌ڕادەگات » .

کە فرۆسیا خەریکی ڕازاندنەوەی مێز بوو ئەمن خۆم بە شەرابی بێگانە هەڵدەدایەوە کە لەم وڵات‌و لەو وڵاتەوە هێناومن . زۆر جار بوتڵە شەرابی ڕەنگاوڕەنگم لە گەڵ خۆم دەهێنایەوە ـ بوتڵی ڕووم‌و براندی‌و جین‌و وێسکی‌و کاڵڤادۆس‌و ئەبسێنت‌و ڤێرمۆس‌و سلیڤۆمێتس‌و ئونیکەم ... زۆر جۆرە براندیی وەکو ـ مارتینیس‌و کامووس‌و پلیسکا .

« ئەبووتالیب ، حەزت لە کامەیانە ؟ کێهە دەخۆیتەوە ؟ » .

« ڕەسووڵ ، ئەم هەموو شتە بێ‌سوودانە بنێ بەلاوە . ئەگەر بە ڕاستی ڕێزم لێ‌دەنێی پێکێ ڤۆدکای سادەم بەرێ ، ڤۆدکا شتی چاکە . هەر لەبەرووەی نا کە ئێمە ڤۆدکا دەناسین ، بەڵکو لەبەرووەی ئەویش ئێمە دەناسێ . ئەوانەی

پێشانت دام ، ڕەنگە شتی چاك بن ، بەڵام لە هەندەرانەوە هاتوون و بە زمانێك دەدوێن کە من تێی‌ناگەم ، منیش بە زمانێك دەدوێم ئەوان تێی‌ناگەن ... ججیای ڕەفتاری جیاوازمان . چی ؟ خۆ یەکتر هەر ناناسین . هەموو ئەو بوتڵانەت وەکو میوانی بیانی وان : پیاو دەبێ یەکەمجار زمانێکی هاوبەش بدۆزێتەوە کە هەردوولا تێی بگەن ئینجا لە نزیکەوە یەکتر دەناسن‌و شارەزای یەکتر دەبن . بەداخەوە ، دەترسم لەگەڵ بوتڵەکانت هەڵنەکەم . ئەمانە بۆ نووسەرە مۆسکۆیی‌یە دۆستەکانت هەڵگرە . بۆ ئەوکەسانەیان هەڵگرە کە تامی خواردنی دەستی دایك‌و بەرئاگردانی خۆیان لەبیرچۆتەوە .

ئەم کۆمەڵە بوتڵە ڤۆدکایەکی تێدا نەبوو . خۆم وا پێشان دا گوایە دەمەوێ خۆم ئامادە بکەم‌و بچمە بازاڕ بوتڵێکی بۆ بکڕم ، بۆیەش خۆم وا پێشان دا بەلکو ئەبووتالیب پەشیمانم بکاتەوەو لێ‌نەگەڕێ بچم چونکە باران بوو ، بایەکی ساردی دەهات . سەرەڕای ئەمەش خواردنەوەیەکی زۆرم لە ماڵێدا هەبوو . تو خوا ئەدی ئەوە ناز نی‌یە جوانترین براندیی فەڕەنگی لەسەر مێز بێ‌و داوای ڤۆدکا بکەی ؟

بەڕاستی ئەبووتالیب هەوڵی دا پەشیمانم بکاتەوە :

« ڕەسووڵ ، هەموو کەس دەزانێ ئەگەرچی پشت ماش‌و برنج بوە بەڵام هێشتا هەر گەنجیت . چما دەبێ بە خۆت بچی ؟ کەسی بچووکتر نی‌یە بۆ ڤۆدکای بنێری ؟ بڕۆ بەر دەرگای حەوشەو منداڵە دراوسێ‌یەك بنێرە دووکان . من پەلەم نی‌یە .. تا دێتەوە بە کەیفخۆشی ڕادەبوێرم ...

بەقسەی ئەبووتالیبم کرد . هەندێ پارەم دایە منداڵە دراوسێکەمان‌و بە غار چوە دووکانێ .

ئەبووتالیب تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد ، سەری بەملاو ئەولادا گرت :

« هیچ میوانی شاخان له ماڵه‌که‌تاندا نابینم • ئێره ، ده‌ڵێی زیرۆحی تێدا نی‌یه » •

« نه‌خێر ، ئه‌مرۆ که‌س نه‌هاتوه » •

« که هه‌مزه‌ی دۆستم ، هه‌مزه‌ی بابت ، مابوو ، ئێره به هه‌موو ده‌مێ پڕ خه‌ڵك بوو • مێوان به‌خێره ـ دایم تووتنیان پێ‌یه » •

پاکه‌تێکم له چه‌کمه‌زه ده‌رهێنا که هه‌موو جۆره جگه‌ره‌یه‌کی تێدابوو ، گوتم :

« فه‌رموو ، جگه‌ره زۆره ئه‌گه‌ر ده‌یکێشی » •

« ئه‌م لووله سپی‌و بێزه‌وه‌رانه بۆ من نه‌هاتوون • له‌وانه‌یه له مۆسکۆ شتی‌وا بکێشن • به‌ڵام ئه‌من نه‌ • جگه‌ره‌یه‌کی توندی چیاکانی خۆمانم بده‌رێ • دڵم ئه‌وه ده‌خوازێ • ناچارم تووتنی خۆم ده‌ربێنم » •

ئه‌بووتالیب کیسه تووتنێکی گه‌وره‌ی له باخه‌ڵی ده‌رهێناو ئاوه‌ژووی کرده‌وه‌و ، هه‌ندێ تووتنی له بنی کیسه‌که ده‌رهێناو که‌وته به‌ر جگه‌ره‌پێچان • زۆر وه‌ستایانه ، جگه‌ره‌یه‌کی تێکردو سه‌ره زمانێکی پێدا هێناو نووشتاندیه‌وه •

« ئه‌م ده‌فته‌ر پێچانه چۆن دێنێته ڕیزی چیلکه سپی‌یه‌کانی خۆت ؟ جگه‌ره‌ی من شێوه‌ی تایبه‌تی خۆی هه‌یه • له‌م سه‌رزه‌مینه‌دا له هیچ شتێك ناکات ، ته‌نیا له خۆم ده‌کات • که‌چی جگه‌ره‌کانی تۆ هه‌موویان کت‌ومت یه‌ك شتن • ئێستا پێم بڵێ کامه‌یان خۆشتره : جگه‌ره‌یه‌کی حازرو داگیراو له پاکه‌ت ده‌ربێنی ؟ یا به ده‌ستی خۆت جگه‌ره‌یه‌کی نایابی وه‌کو ئه‌مه تێبکه‌ی ؟ من که جگه‌ره ده‌پێچم تامێکی زۆری لێ وه‌رده‌گرم • جا بۆچی خۆم له‌م تامه‌ی جگه‌ره‌خواردن بێ‌به‌ش بکه‌م ؟ » •

چه‌رخێکی غازی سویسری بوو یا به‌لچیکی بوو ده‌رم‌هێناو دامگیرساند ،

بەڵام ئەبووتالیب دەستی دایە بەر چەرخەکەو کوژاندیـــەوە . ئەســـتێو بەردەستێو هەندێ قاوی لە گیرفانی دەرهێناو قاوەکەی خستە سەر بەردەکەو ئەستێی لێداو پرووشکە ئاگری لێ هەستا ، ئینجا قاوەکەی لە هەوادا ڕاوەشاند تا ئاگرەکە گەش بووەوەو جگەرەکەی پێداگیرساندو پاشان قاوە داگیرساوەکەی هێنایە بەر لووتی مـــن :

« بۆنی کە ! بۆنی خۆشە ، وا نی‌یە ؟ بەدی خۆشە . ئەدی چەرخـــی تۆ هیچ بۆنی لێ دێ ؟ » .

ئەبووتالیب لەحزەیەك لەناو گەوارە دووکەڵێکدا بـــزر بوو ، کـــە بەدەرکەوتنەوە گوتی :

« ڕەسووڵ پێم بڵێ بۆچی وا زوو سەرو ڕیشت سپی بوو ؟ » .

« نازانم ! » .

« دەنا ئەمن دەزانم بۆچی ڕیشم سپی بوە ؟ » .

« بۆچی ؟ » .

« بۆیە ڕیشم سپی بوە چونکە ناچار بوویم چاوەڕێی منداڵی ئاڵچاخ بکەم کە بۆ ڤۆدکا چوویتە دووکان‌و درەنگ بگەڕێتەوە . بەڵێ ، ڕەسووڵ منـــداڵ تا خۆیان نەبن بە باوك لە هەست‌و سۆزی باوکیان ناگەن . ئەوەی نەشخواتەوە لە یەکێکی وەکو من‌و تۆ ناگات . هەقە یەکێکی‌وا بۆ ڤۆدکا کڕین بنێری کـــە خۆی مەراقی خواردنەوە بێ ، ئەو حەلە هیچ دواناکەوێ » .

فرۆسیا مێزی ڕازاندەوەو پاش نەختێك بوتڵە ڤۆدکاش لە ناوەنـــدی مێزەکە قیت بووەوە . ئەبووتالیب گوتی :

« ئۆی وەکو سەرۆکە سوورە وایە کە کت‌وپڕ لەناو جووتیارە سادەکانی کۆڵخۆزدا بەدیار بکەوێ » .

بوتڵە ڤۆدکاکەی هەڵگرت‌و وەکو کۆرپەی ساوا ڕایەژاندو گوتی :

« وەی ، وەی ! بوتڵە ڤۆدکایەکی چەند جوانە . دڵنیام ئەو منداڵـــەی کرپویە دەبێتە پیاوێکی باش » .

ئینجا ئەبووتالیب سەیری ئەو بادە بچووکانەی شەرابی کرد کە لەسـەر مێزەکە داندرابوون‌و ڕووی گرژ کرد ، خۆی مۆڕ کردەوە ، دەنگوت ددانی دەیەشێ یا شتێکی تفت‌و تاڵی لە دەمدایە .

بادەکەی خۆی هەڵگێڕو وەرگێڕ کردو تەماشای ناوەوەی کـــرد . وا بزانم مگێزی لێ بوو چونکە جگەرەکەی تێدا بکوژێنێتەوەو داخی دڵی خۆی بەو شتە دابڕێژێ کە بەڕاستی شایەنی ئەم داخ پێ ڕشتنەیە .

کەڵەشاخێکی [1] زلی شەراب خواردنەوەمدایـــە ئەبووتالیب کە لـــە جۆرجیاوە بە دیاری بۆم هاتبوو . شاعیری بەڕێز ماوەیەکـــی زۆر لێی ورد بووەوەو لەئەنجامدا ئەم حوکمەی بەسەردا دا :

« ئەمە کەڵەشاخێکی جوانە بەڵام ئەگەر ئەم نەخشە زیوانەی لەســەر نەبوایە جوانتر دەبوو . وەکو کەمەربەندی زاوا وایە . ئەم نەخشە زیـــوەی بۆ چی‌یە ؟ ئایا ئەم زیوە ڤۆدکاکە بەتامترو بەتینتر دەکات ؟ نەخێر ، ڕەسووڵ ، بادی‌یەکی گڵێنەی تەپشووتراشی سادەم بدەرێ کە بە درێژایی ژیانم بـــە دەستمەوە بوە ، چونکە دەزانم چەند قومی تێدایەو دەزانم کەی لە خواردنەوە بوەستم‌و کەی دەستی پێ بکەمەوە ؟ » .

ئەم ئارەزووەی ئەبووتالیبیشم هێنایەدی . بادی‌یەکی پڕ کرد . لـــەتە نانێکی تێ کردو بە دارچینی گوتی :

« دێرخاب ! » .

---

(١) ئەم جۆرە کەڵەشاخە شتێکی تەقلیدی‌یە بۆ خواردنەوە بە کار دێ .

دەمی پێوە ناو هەڵی‌قوڕاند • کە هەناسەی هاتەوە بەر گوتی : « پیـــاو دەبێ پێش خواردنەوە بڵێ ـ دێرخاب ! ـ بێ‌گومان ڕوون‌کردنەوەی مانای ئەم وشەیە شتێکی زەحمەتە ، ڕەنگە هەر هیچ مانای نەبێ بەڵام کە گوتـــت ـ دێرخاب ! ـ هەموو کەس لە مەبەستت دەگات » •

ئەبوتالیب کە لە خواردنەوە بوەوە ، لەگەنە شۆرباى پاکێشا پێـــش خۆی • گۆشتەکەی دەرهێناو خستیە ناو قاپێکی‌ترو نانی لە شۆرباکە کوشی • بە شێنەیی کەوتە سەر خواردن‌و زۆر بەتامەوە خواردی • لەگەڵ هەمـــوو کەوچکە چێشتێکی گەرم‌و بۆندار مڵچەی دەهات •

بەکاوەخۆ ، ناوە ناوە پارچە گۆشتێکی بچووکی لێ‌دەکردەوەو دەیخستە دەمیەوە • ئەگەر بهاتایە بە جۆرێکی‌تر بیخواردایە ، یا لەجیاتیی قەڵەمبڕەکەی بە چەقۆیەکی‌دی بیبڕیبوایە ، باوەڕ ناکەم گۆشتەکە ئەو هێندە تامەی هەبوایە •

گۆشت‌و شۆربا تەواو بوو • ئەبوتالیب چنکە نانەکانی سەر مێزەکەی خڕ کردەوەو خستیە زاریەوە • تەختێکی‌تری بەسەردا خواردەوە • سمێڵی با دا :

« ئێستا چات دەوێ » •

« ئێستا خواردنەوەم بریتی‌یە لە هەندێ جگەرەی‌تر • ڕەســـووڵ ، پێم‌بڵێ جیاوازیی جگەرەو شتی‌تر چی‌یە ؟ » •

« نازانم ! » •

« هەموو شتێك تا پتر ڕای‌بکێشی درێژتر دەبێ ، کەچی جگەرە کورتتر دەبـــێ » •

پێکەنی‌و ئەم مەتەڵە سادەو ساکارەی خۆی بەلاوە گەلێ خۆش بوو •

« ئەبوتالیب ، تۆ زۆر جگەرە دەکێشی • بۆ تەندروستیت خـــراپ نی‌یـــە ؟ » •

« دەڵێن خوا خۆیشی دوای جەمی چەور جگەرەیەك دەكێشێ » .
جگەرەكەی تەواو كردو لە هیكەوە پرسی : « ئەرێ كۆبوونـــەوەی داهاتووی دەستەی بەڕێوەبەری یەكێتیی نووسەران كەنگێیە ؟ » .
« بەیانی‌یە » .
« ئاگات لێ نی‌یە داخۆ ئەو داوایەی (زێندین) پێشكێشی ـ سندووقـــی یارمەتی‌دانی نووسەران ـ ی كردبوو لێی دەكۆڵرێتەوە ؟ یان نا ؟ » .
« نەخێر ، ئاگام لێ نی‌یە . جا ئەمە چ پێوەندێكی بە تۆوە هەیە » .
« گوێ‌بگرە مەسەلەیەكت بۆ بگێڕمەوە . بە منداڵی گۆلكەوان بووم ، گۆلكم دەلەوەڕاند . لە سەرەتاوە گۆلكەكان باش بوون ، ماندوویـــان نەدەكردم . بۆ خۆم لەسەر سەوزەگیا لێی ڕادەكشام و خۆم دەدایە بـــەر ڕۆژێ ، گۆلكەكانیش لە نزیكمەوە دەلەوەڕان . هەموو لا شادو بەختـــەوەر بووین ـ من‌و گۆلكەكان‌و خاوەنی گۆلكەكانیش . بەڵام پاشان خراپمـــان لێ قەوما . گۆلكێكی سەر بە گۆبەند دابڕاو ڕێگەی تەبارە هەرزنێكی گرتەبەرو ئەوانی‌تر بە ڕەوە دوای كەوتن . بەمـــەش زیانی ئاسوودەم كۆتایی هـــات . گۆلكەكان لێچ بوون‌و ئیدی نەمدەتوانی لە هەرزن پاسیان بكەم ، نەمدەتوانـــی شەقاوێك لێیان دوور بكەومەوە .
« سندووقی یارمـــەتی‌دانی نووســـەران و شاعیرەكانی ئێمەش وایان لێ هاتوە . تا بۆنی یارمەتیی ئەدەبی‌یان نەكردبوو بێ خەم‌و خەیاڵ دەژیـــان‌و كتێبیان دادەنا . نازانم یەكەم كەس كێ بوو ، بەڵام دەزانم ئێستا هەموویـــان وەكو هەرزن‌و گۆلكەكانی من دەم بۆ یارمەتیی ئەدەبی درێژ دەكەن . چەند بیر لە یارمەتیی ئەدەبی دەكەنەوە ئەوەندە بیر لە شیعرەكانیان ناكەنەوە . بەیانی كە لە خەو ڕادەبن لەباتیی شیعر نووسین دادەنیشن داواكاری بۆ بەخشیشـــی ئەدەبی دەنووسن . جا كەوابوو منیش دەمەوێ داوایەك بنووسم بۆئـــەوەی ئێوە لێی بكۆڵنەوە » .

« لەبارەی چییەوە ، ئەبووتالیب !؟ تۆ لە چیت کەمە ؟ »

« خۆت ئاگاداری من قەت خۆم پێشانی دخۆر نەداوە ، ئێستا بەتەمـــام بچمە بووژانگە ـ سەنەتۆری ، مصح ـ یکەوە » .

« هەر لە ئێستاوە داواکەت قبووڵە . وای دابنێ لە گیرفانی خۆتدایـــە . بەڵام وا باشتر نییە داواکەت پێشکێش بە ئەنجوومەنی باڵای سۆڤێتی داغستان بکەی تا یەکێتیی نووسەران ؟ تۆ خۆت ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای سۆڤێتیت . بووژانگەی میری لە هیی نووسەران باشترە » .

ئەبووتالیب سەری باداو (چوکەچوك) یکی کرد . ئـەم جـــۆرە چوکەچوکە زۆر مانای هەیە : خۆشی ، بێزاری ، سەرسامی ، یا وەکو ئێستا ڕازی نەبوون دەگەیەنێ .

« نەخێر ڕەسووڵ ، یەکەم : من تەنیا بۆ ماوەی چوار ساڵ بە ئەندامـــی ئەنجومەنی باڵای سۆڤێت هەڵبژاردراوم ، بەڵام بـە درێژاییی تەمەنم هـــەر نووسەرم . دووەم : هەر دوو جۆرە بووژانگە کەموکورتییان تێدایە . پێم بڵێ : کامەیان بە ئاسانتری ڕەخنەی لێ دەگیرێ . تۆو خەپەلایێف ؟ یان ئەنجومەنی باڵای سۆڤێت ؟ .

« زۆر باشە ، داواکەت پێشکێش کە . بەیانی لێی دەدوێین » .

« میرزا داواکەم بۆ دەنووسێتەوە . خۆم قەت داوام نەنووسیوە . تـــۆ تەرخان کردنی جێگاکەم بۆ پێك بێنە » .

ئەبووتالیب بەدەم ئەم قسانەوە هەستا ویستی بڕوا .

« ئەبووتالیب ، ئێستا دەچیتە کوێ ؟ » .

گوتم بچمە لای بڵاوکەرەکان . دەڵێن کتێبە نوێکەم دەرچـــووە . دەمەوێ بزانم کوڕە یان کچە ؟ » .

« ئێوارێ وەرە (ئامۆژگەی مامۆستایان) بۆ لامان ••• کۆڕی نووسەرو قوتابیی‌یانە •

« باشە ، دێم زوڕناکەم لەگەڵ خۆم بێنم ؟ » •

« ئاخ ! ئەبووتالیب !!!؟ تۆ زوڕنازەن نیت ! تۆ شاعیریت • باشترین کۆمەڵە شیعرت بێنە » •

ئەبووتالیب گوتی : « دەتانبینمەوە » و ڕۆیشت •

کۆڕە ئەدەبیی‌یەکەی (ئامۆژگەی مامۆستایانی کچان ) • سەعات حەوتی ئێوارە بوو • بۆ سەعات حەوت شاعیری نوێنەری گەلێ نەتەوەی داغستان هاتن‌و لە جێگەی خۆیان دانیشتن • چاوم لە ئەبووتالیب گێڕا نەکەوتە بەرچاوم • بە بێ‌ئەو دەستمان پێ کرد • شاعیرەکان یەك لەدوای یەك چوونە سەر مینبەرو شیعری خۆیان بە زمانی نەتەوایەتیی خۆیان پێشکێش کرد ـ یەکێ لەك ، یەکێ کۆمیك ، یەکێ لیزجیان ، یەکێ ئاڤار •

کاتێکی شاعیرێکی لاو لە گەرمەی خوێندنەوەدا بوو ، چەپڵەڕێزانێکی ناوەخت لە هۆڵەکەدا دەنگی دایەوە • ئەبووتالیب غەفووروۆڤ لە پەنا پەردە هاتە دەرێ ، کچەکان چەپڵەیان بۆ ئەو لێ‌دەدا •

پاش ئەوەی کە دوو شاعیری‌تر چوونە سەر مینبەر ئیشارەتم بۆ ئەبووتالیب کرد بۆئەوەی خۆی ئامادە بکات • بە هەیبەتەوە لەسەر کورسی‌یەکەی دانیشت وەکو ئەوەی کە خۆی لە بەردەم کامێرادا ڕێك‌بخات • سمێڵی با دا ، شێوەی دانیشتنی‌وای دەگەیاند کە بڵێ :

« بنۆڕە ، وا خۆم ئامادە کرد » •

ئەبووتالیب نەختێ بە ڕووسی‌و نەختێ بە ئاڤاری و نەختێ بە لەکی قسەی بۆ کچان کرد ، چونکە خۆی لە هەر زمانێك لە زمانی نەتەوەکانی داغستان کەمێکی دەزانی • دوو شیعریشی بە لەکی خوێندەوە •

بەشی ئەدەبیی ـ ئەگەر بتوانین وای پێ بڵێین ـ پرۆگرامەکەی بە دوو باز تەواو کردو وەکو ئەمە تەنیا ڕێ پاككەرەوە بێ‌و پێشەکی‌و بەشی سەرەکی هێشتا هەر مابێ ٠ بە دەست چەپڵەڕێزانی ڕاگرت‌و پرسی بە گوێگران کرد :

« حەز دەکەن زوڕناتان بۆ لێ بدەم ؟ » ٠

کچەکان بە یەك دەنگ هاواریان کرد : « ئەرێ وەڵڵا حەزدەکەین ، دە لێدە ، بەقوربانە زوڕنامان بۆ لێ‌دە » ٠

ئەبووتالیب لەسەر شانۆ بەشوێن زوڕناو دووزەلەکەیدا گەڕا ٠ دەستی پێ کرد ٠ بە نۆرە هەر جارە بە هێمنی یەکێکی لێ دەدا ٠ زانی‌یان دەیەوێ جارێ ئامێرەکان ڕێك‌بخات‌و دەنگی پاك بکاتەوە ٠ پاش ئەوەی ئەبووتالیب زانی ئامێرەکان ئامادەن ، لەناکاو پەرداخە ئاوێکی لەسەر مێزەکە هەڵگرت‌و لە گەرۆمەی زوڕناکەی کردو گوتی :

« چیایی‌یەکان دەڵێن : پێش ئەوەی خۆت ئاو بخۆیتەوە ئەسپەکەت ئاو بدە ٠ زوڕنازەنی شاخانیش دەڵێن ، پێش ئەوەی خۆت ئاو بخۆیتەوە نەختێ ئاو بکەرە گەرووی زوڕناکەتەوە » ٠

ئەبووتالیب دەستی بە زوڕنا لێدان کرد ٠ جارێ ڕووی دەکردە ئەم لاو جارێ ڕووی دەکردە ئەو لا ٠ ئەو هۆڵەی هەموو بەسەردا قژقژا کە بە کچی عازەب لە قالب درابوو ٠ ڕەنگە ئەو شەوە فیقەی زوڕنای ئەبووتالیب لە سەرانسەری مەحەج‌قەڵادا بیسترابێ ٠

ئەبووتالیب گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی‌و لە ڕیزی کارگێڕان دانیشت‌و بە ساویلکەیی لێی پرسیم :

« باشە ، زوڕنایەکی باشم لێ نەدا ؟ » ٠

« بەدی ، چۆن ؟ » ٠

« ئەدی کەوابوو بۆ هێندە بە ساردو سڕی چەپڵەت لێ دەدا ؟ دووبـارە چەپڵەیەکی گەرمم بۆ لێدە » •

ئەم قسەیەی ئەبووتالیب پێکەنینێکی پڕ بـــــە دڵی لە ناو هۆڵەکـــەدا تەقاندەوە •

ئەم ئێوارەیە کە سەرپەرشتیی کۆڕەکەم دەکرد زۆرم لە دڵ گران بوو کە شاعیرێکی چاکی وەکو ئەبووتالیب دەوری زوڕناژەن بگێڕێ • ئەمە وەکو ئەوە وابوو کە یەسەنینی شاعیری ڕووس لەجیاتیی ئەوەی شیعری خـــۆی بخوێنێتەوە بچێتە سەر شانۆ دانس بکات • من گومانم نی‌یە کە یەسەنین دانس دەزانێ بەڵام هەر شتەو بە جێگەی خۆی • گریمان من ڕووم گرژ کـــرد ، لەپێشەوە دانیشتم ، چەپڵەم کـەم لێدا ، دەبوا بەمـە خۆم لە ئەبووتالیب تووڕە بکردبوایەو گوێگرەکانیشم بخستبایە پێکەنین •

ڕەوە کچێکمان بەگەل کەوت • لەگەڵ ئەبووتالیب ، پێکەوە بە پێپلکەی بەردا چووینە خوارێ بۆ ژووری داکەندنی جلوبەرگ • من پاڵتۆی خـــۆم کردە بەرو لە ئاوێنەدا سەیری خۆم کرد • ئەو کاتە مۆدەی پاڵتۆی شـــان بڵندو بە ناواخن‌و چوارگۆشە بوو • پاڵتۆکەی منیش دوا مۆدێل بوو •

« جاران ناوشانمان بە خواردنی چـەورو لەشی سـاغ ، بـە چەوراتیی دونگەمەڕ ، ئەستوور دەکرد • کەچی ئێستا بە ناواخنـــی لۆکـــە ئەستووری دەکەین • جاران بە کوموز گۆرانیمان دەگوت کەچی ئەمڕۆ لە پارچە کاغـەز دەیخوێنینەوە • دونیا زۆر گۆڕاوە • ناتوانم بڵێم بە دڵمە » •

« ئەبووتالیب ، ئەمڕۆ ئێوارێ بۆ وا درەنگ هاتیت ؟ » •

« جلوبەرگم لەبەرکرد ، خەریك بووم لە ماڵێ بێمە دەرەوە ، ئەکتەرێکی شانۆی ئاڤاریم لێ بەژووریٰ کەوت » •

« جا تۆ چیت داوە لە شانۆی ئاڤاری ؟ » •

« دەزانی چیە ؟ شانۆنامەیەکیان هەبوو . دیمەنێکی شانۆنامەکە زەماوەندی تێدابوو . ئەم زەمانە شانۆنامە بێ زەماوەند نابێ – زوڕناژەنیشیان نەخۆش کەوتبوو ، زەماوەندی بێزوڕنا دەبێ چ زەماوەندێك بێ ؟ جا ناردیانە شوێن من بۆئەوەی تەنیا دە دەقیقە زوڕنایان بۆ بژەنم . بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا درێژەی کێشا ، تا چووینە شانۆو چاوەڕێمان کرد تا کاتی زەماوەندەکە هات . بە دوو گۆرانی گوێگرەکانم وا مەست کرد شانۆنامەکەم تەواو لەبیربردنەوە . هەموو گوێیان لە من گرتبوو . دەمتوانی ئەو شەوە تا بەیانی زوڕنایان بۆ لێ بدەم ئەوانیش هەر دادەنیشتن و گوێیان لێ دەگرتم .

« ئەگەر من لە جێگەی ئەبووتالیب غەفوورۆڤی شاعیری ناودارو ئەندامی سەرۆکایەتیی سۆڤێتی بەرزی کۆمارەکەمان بوومایە بە زوڕناژەنی ڕازی نەدەبووم . ئەبووتالیب خۆی ئیشی خۆی باشتر دەزانێ » .

« ئەرێ چوویتە دەزگای بڵاوکردنەوە ؟ کتێبەکەت چیی بەسەرهات ؟ » .

« سوپاس بۆ خودا کتێبەکەم دەرچوو . سوپاس بۆ خودا نەختێ پارەم وەرگرت . سوپاس بۆ خودا قەرزەکانم دایەوە . سوپاس بۆ خودا قازێکم کڕی » .

« بە تەما نیی (مەگاریچ – داوەت)ێکی بچکۆلانە بکەی ؟ زیافەتێك بکەی ؟ » .

« بۆ کێ ؟ » .

« بۆ سەرنووسەر ، بۆ نیگارکێش ، بۆ ژمێریارو بۆ هەر کەسێکی تر کە بەشداریی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی کردبێ » .

« زیافەت و بۆ سەرنووسەر ! مەگاریچ ؟ » .

ئەبووتالیب ئەوەندە تووڕە بوو قسەی بۆ نەدەهات .

« سەرنووسەر شایانی ئەوەیە (مۆگۆرۆج)ی بۆ بکرێ نەك (مەگاریج) •
مۆگۆرۆج وشەیەکی ئاڤاری‌یە بە مانای لێدان دێت •

ئەبووتالیب لەناخەوە بەم پلارو توانجپۆشی‌یە پێکەنی‌و پێداچوو گوتی :

« سەیر کە ڕەسووڵ ، خەڵکی دەڵێن هەر داغستانی‌یەك لێ بگەڕێ کوڕی سوننەت بکەن دوور نی‌یە کارەکەی لە دەست بچێ‌و لە پارتی‌یش دەربکرێ • ئەدی بۆچی ئەو سەرنووسەرانە دەرناکەن کە شیعرەکانی من شەت‌و پەت دەکەن ؟ » •

« لە شێوازی نووسینی هەر کتێبێکەوە دەتوانم پێت بڵێم سەرنووسەرەکە خەڵقی کام دێ‌یە • لەناو لەکایەتیی خۆماندا هەر گوندێك بە شێوەی تایبەتیی خۆی دەئاخڤێ • هەر سەرنووسەرێکیش هەوڵ دەدا شیعرەکانم وەربگێڕێتە سەر شێوەی گوندی خۆی » •

ئەبووتالیب کت‌وپڕ خامۆش بوو • ئینجا بەدەم زەردەخەنەیەکەوە دەستی پێ کردەوە :

« ئەو ئافرەتەی ڕێکەوتننامەکە بۆ مۆرکردن ئامادە دەکات زۆر قشتە • ئافرەتێکی جوانە ؟ تەنیا بەوم گوت : «سوپاس» •

« ئێ ، چیترت پێ‌گوت ؟ چ دیاریت پێشکێش نەکرد ؟ » •

« پێم‌گوت ئەگەر هیچ هیرباری کۆن یان قوپاو یان شکاوی هەیە بۆم بێنێ بە شادومانی‌یەوە بۆی چاك دەکەمەوە ، وایان چاك دەکەمەوە لەگەڵ هیی نوێدا جودا نەکرێنەوە » •

لەم ڕەفتارەی ئەبووتالیب پەست بووم • لەوە زیاتر پەست بووم کە چووبوو لەسەر شانۆی ئاڤاری زوڕنای لێدابوو •

پارچە سفرێکی کۆنم دی لە بن دیوارێك کەوتبوو ، جا بۆئەوەی پیرەمێردەکە تووڕە بکەم ، لێم‌پرسی :

« کاتی خۆی کە تەنەکەچی بووی لێ نەدەگەڕای پارچە سفـــری وا لەسەر زەوی بکەوێ ، وا نی یە ؟ هەڵتدەگرتەوەو دەتبردەوە ماڵێ ، ها !؟ » .

نەخێر ، قەت دەرفەتی وام بۆ هەڵنەکەوتوە ، ڕەسووڵ . یەکێك هـــەر دەبوو پێشی من هەڵی بگرێتەوە » .

لە ڕێگادا تووشی زەلامێکی پیادەی ناوەخت هاتین ، ئەبووتالیب بـــێ سێو دوو کردن ڕای گرت و داوای شخارتەو تەختێ تووتنی لێ کـــردو دەستی بە جگەرەکێشان کرد .

ڕاستی یەکەی ، ڕام لە ڕەفتاری ئەبووتالیب نەبوو : شاعیرێکی میللیـــی داغستان ، کابرایەکی وا کە لە سەرانسەری وڵاتدا ناوبانگی هەبێ ، ئەندامێکـــی فەرمانڕەوای دەوڵەت بێ ، بچێ لەسەر شانۆ زوڕنا بژەنێ ... داوا لــــە سکرتێری دەزگای بڵاوکردنەوەمان بکات کە هیربادی بۆ چاك بکاتەوە . لــە نیوەشەوێکی مەحەج قەلادا ، لە چەقی شەقامدا تووتن لە پیادەیەك بخوازێ !؟! بەڵام نەمویست تووڕەی بکەم . ترسام نەوەك دڵی برەنجێ .

پێم گوت :

« ئەبووتالیب ، تۆ کەوتوویتە ناو ساڵان ، بۆ تەندروستیت وا باشتر نی یە کە واز لە جگەرە بێنی ؟ » .

« بڕۆ بەو لاوە ! ئەمڕۆ ، واز لە جگەرە بێنە . سبەی ، هیربار چـــاك مەکەوە . دووسبەی ، زوڕنا لێ مەدە . خۆشم بێ و ترشم بێ دەبێ واز لـــە شیعریش بێنم . شیعرەکانم لێم دەڕەونەوە . ئەوان وەکو ئەبووتالیبی تەنەکەچی و جگەرەکێش و زوڕنازەن ئەمن دەناسن و خۆشیان دەوێـــم . چی یان لـــە ئەبووتالیبی‌تر داوە ؟ من ئەبووتالیب غەفووروۆفم نەك ڕەسووڵ هەمزە کە حەزی لە جگەرە نی یەو هیرباری پێ چاك ناکرێتەوە . هەر دەزانێ یەکێتیی نووسەران بەڕێوە بیا . هەروەهاش من نە یوسف خەیەلایێفم ، نە نورالدین یوسفۆفـــم ، نە مەکسیم گۆرکیم ، نە زۆشینکۆم » .

لەو سەردەمەدا زۆشینکۆ کەوتبوە بەر ئاگری ڕەخنەو ناوی بەسەر هەموو زاریکەوە بوو ، ئەبووتالیبیش ناوەکەی هاتبوەوە یاد •

« ئەگەر چیا نەبێ بزنەکێوی خۆی لەکوێ دەشارێتەوە ؟ ئەگــەر دۆڵ نەبێ جۆگە بەرەو کوێ شۆڕ دەبێتەوە ؟ سوپاست دەکەم ئەگەر بێتو کڵاوی خەڵکم لەسەر نەنێی • تکایە بەسیکە هێندە تانەو تەشەر لە ڕابردووم مەدە • بەڵێ زوڕناژەنی‌و تەنەکەچێتیم کردوە • جا من شەرمم بە ڕابردووی خۆمە ؟ ڕابردووم بریتی‌یە لە خۆم کە ئەبووتالیبم • ڕەسووڵ ، ئەم قسانەی مــــن لەبیرنەکەی : ئەگــەر دەمانچە بــە ڕابردووتـــەوە بنێی دواڕۆژت تۆپت پێوە دەنێتەوە • وازم لە زۆر ژن هێناوە • زۆر ژن وازیان لێ هێناوم بەڵام ئـــەو پیشەیەی کە دەیزانم ناتوانێ وازم لێ بێنێ هەروەکو منیش ناکارێم وازی لــێ بێنـــم » •

ئەبووتالیب ئەم جۆرە پیاوە بوو • شاعیرێکی بەڕێز بوو • برادەری باوکم بوو • هەمیشە بەمشێوەیە بوو ، دەبوا پێشی ڕازی بین • ئەگەر کەمێـــــك جیاوازیی هەبوایە نەدەبوو بەم ئەبووتالیبەو بەم شاعیرە •

ئێستا حەزدەکەم کورتە چیرۆکێکی‌ترتان بۆ بگێڕمەوە کە دەتوانین ناوی بنێـــین :

خانوە نوێکەی ئەبووتالیب :

تـــازە بـــۆ ســـەرۆکایەتیـــی دەســـتەی بەڕێوەبـەری یەکێتیـــی نووسەرانی داغستان هەڵبژێردرابووم • ئەم مەرتەبەیە دەسەڵاتی پترە تا ئەرك‌و پێویستی • ئەگەر خۆم بەدوای کاروباردا نەگەڕابوام دەمتوانی هەروەکو جاری جاران بە ئاسوودەیی شیعر بنووسم • بەڵام ئەوکاتە هێشتا گەنجێکی خوێن گەرم بووم‌و جموجووڵ‌و چالاکیم زۆر بوو • بۆیە هەر کارێکی یاسایی پێوەندی بە کارە نوێکەم هەبوا هەڵپەم بوو بەدوایەوە •

وابزانم ، ئەگەر یەکێ بی‌یەوێ پتەوی‌و مکوومیی خانووی بۆ دەربکەوێ دەبێ هەموو پردو گۆشەو هەموو ئەستوندەو کۆڵەگەکانی بە تێکڕایـــــی بەسەربکاتەوە .

جا منیش تەماشای ئەملاو ئەولام کرد بینیم کۆڵەگەی پتەوی یەکێتیــــی نووسەرانی داغستان بریتی‌یە لە چوار شاعیری میللی کە لە چوار نـەتـەوەی داغستانن : تاهیری لازجینی خەڵکی خرۆگ ، عەلی قازیۆفی کومیك ، ساجید هەجایێفی ئاڤار ، ئەبووتالیب غەفوورۆڤی لەك ... کە ئەمەم بۆ روون بوەوە نەخشەیەکم دانا . گوتم شتی چاکە ئەم چوار پیرەمێردە دونیادیتەیە بچنــــە دیدەنیی ئەندامێکی حوکوومەتی داغستان . شاعیرەکان دەتوانن پێویستــــی خۆیان بە حوکوومەت ڕابگەیەنن‌و حوکوومەتیش دەتوانێ خواســـــــتو ئارەزووی خۆی لە شاعیرەکان بگەیەنێ .

لەگەڵ عبدالرحمن دانیالۆڤی سکرتێری لێژنەی هەرێمایەتیی پارتیمـــان بوو بە گفتوگۆ . گفتوگۆیەکی خۆش . چامان خواردەوە . دەتوانین بڵێـــین گفتوگۆکە لە دڵەوە بوو بۆ دڵ .

شاعیرەکانمان زۆر شادومان بوون‌و تێکڕا بە ڕەســـــووڵ هەمزەتۆڤـــی سەرۆکی تازەی یەکێتیی نووسەرانیاندا هەڵگوت . هاوڕێ دانیالۆڤیش کـــە ئەم دیدەنی‌یەی شاعیرە میللی‌یەکانی زۆر بە دڵ بوو ، لەناخەوە سوپاســـــی کردم . منیش بە بێلایەنی دانیشتم .

باس هاتە سەر داغستان‌و ژیان‌و شیعر . لە ئاخرو ئۆخری دیدەنی‌یەکەدا سکرتێری لێژنەی هەرێمایەتی داوای لێ کردن هەریەکە داواکاریی خـــۆی پێشکێش بکا بۆئەوەی بۆیان جێبەجێ بکات .

یەکەم جار تاهیری خرۆگی هاتە گۆ :

« هاوڕێ دانیالۆڤ ، من زۆر پەرێشانم . کە زستانی سارد دێ مـــەڕو

ماڵاتمان لە کوێستانان قڕ دەبێ • ئەرێ ناکرێ بە هاوینەوە هەندێ زەلام ڕەوانە بکەن بۆئەوەی بەشی زستان ئالیك کۆبکەنەوەو دایبکەن » •

هاورێ دانیالۆڤ داوای شاعیرەکەی لای خۆی تۆمار کردو پرسی : « داواکاریی‌ترت هەیە ؟ » •

« ئەگەر دەکرێ ئۆتۆمۆبیلێك بۆ کۆڵخۆزەکەمان تەرخان بکەن کە لە گوندی خزۆگە » •

نۆرە هاتە سەر عەلی قازیۆڤ • دەمی بەش کردەوەو دانە کۆنو ڕزیوەکانی پێشانی ئێمەو سکرتێر داو گوتی :

« ئەرێ ناکرێ تاقمە دانێکی چاکو نوێم بۆ لێ بنێنەوە • بەم ددانانە خواردنم بێ ناجوورێ • پیرەمێردی کەلۆس گۆرانیی بەئاسانی پێ ناچڕێ • کە شیعرەکانم دەخوێنمەوە وەك ئەوەی فسەزمان بم وام » •

قازیۆڤ خۆی هێناو برد ویستی پێشانی بدا کە چۆن شیعر خوێندنەوە بۆ زاری بێ‌دان زۆر سەختو ناخۆشە • نامەیەکی ڕێك‌وپێکی لە گیرفانی دەرهێنا کە بۆ سەرۆکی لێژنەی ڕاپەڕاندنی شاری (خاسافیورت)ی نووسیبوو • شاعیری پیر زۆر بەگەرمی داوای کردبوو کە بۆ گەرم‌کردنەوەی خانوو خەڵووزیان بدەنێ •

دانیالۆڤ لێی‌پرسی : « خەڵووزەکەیان پێ‌دایت ؟ » •

« لە بارەوە مەسەلەکە هێشتا هەر لەژێر لێکۆڵینەوەدایە » •

دووبارە سکرتێر هەندێ تێبینیی تۆمار کرد ، ئینجا گوێی لە ساجید هەجاییڤ ڕاگرت داخۆ دەڵێ چی ؟

ـ « ئەو زەمانەی گۆرانی‌بێژە لاوەکان لەجیاتیی گۆرانی‌گوتن دەقیژێنو هاتو هاوار دەکەن • بەم هەراو هۆریایە گۆرانیی بەرزی میللی دەشێوێنن •

گۆرانییە نوێکان بەشێوەیەکی ئەوتۆن کە گۆرانیبێژ بیەوێو نەیەوێ هەر دەبێ هاوار بکات • گۆرانیی دڵداری یەکجار زۆر لە ڕادیۆدا بڵاودەکرێتەوە • هەندێ گۆرانی هەن بە پەریی ناو فسانەکان هەڵدەڵێن • هاوڕێ دانیالۆڤ ، لەسەر گۆرانیبێژەکان بکە چیتر گۆرانی بە پەریو حۆری هەڵنەڵێن •

قسەکەی تەواو بوو • هەجاییڤ بە چپە پێی گوتم :

« جگە لەمەش ، بیستوومە دوێنێ ئەحتامانۆڤو سلێمانوف لە ڕێستۆرانێکدا شەرابیان خواردۆتەوە • نابێ نووسەر ڕێگەی خواردنەوەی بدرێ • دەمەوێ لەمبارەیەوە بەتایبەتی لەگەڵت دابنیشمو قسەی لێوە بکەین » •

ئێستا نۆرە هاتە سەر ئەبووتالیب ، بە سکرتێری یەکەمی گوت :

« عبدالرحمانی ئازیز ، ژنەکەی بەم دواییەم کوڕێکی بوە » •

« چ بوو ؟ چیت گوت ؟ ژنەکەی ـ بەم دواییەـ ت ؟ » •

« بەڵێ بەڵێ ، زۆر ژنم هێناوە ••• چبکەم ؟ وێنەم لە ڕۆژنامەدا بڵاودەکرێتەوە • لە ڕادیۆدا باسم دەکرێ • بە خەڵکی ڕادەگەیەنن کە من شاعیری میللیی داغستانم • ئەندامی پەرلەمانم • خاوەنی ویسامی میریم • ژنی ساویلکە بەم قسانە تەفرە دەخۆن ، وا تێدەگەن یەکێ ئەو ناوبانگەی هەبێ دەبێ خاوەن کۆشکو تەلار بێ ، بە سندووق پارەو سامانی داکردبێ ، ئیدی مێردم پێدەکەن • پاشان کە دەبینن ئەبووتالیبی هەژار لە کەلاوەیەکدا دەژی پێم ڕازی نابن لێم هەڵدەگەڕێنەوەو زیز دەبن • هەر لەبەر ئەمەشە زۆر ژنم هێناوە • بەڵێ ، عبدالرحمانی ئازیزم ، من خۆم لە کەلاوەیەکدا دەژیم بەڵام گۆرانییەکانم وەکو بولبول دەفڕنە ئاسمان • گۆرانییە خۆشەکانم لە کەلاوە سادەو خاکییەکەمەوە بەر هەڵدەدەم • ژنە نوێکەم کە تازە کوڕێکی بووە هەڕەشەم لێ دەکا ئەپارتمانێکی باشو نوێم نەدەنێ دەڕواو وازم لێ دێنێ • کوڕەکەم بە بەرسنگیەوە دەگرێو دەڕوا • عبدالرحمان ، گوێت لێ بێ • ژنەکەم

هێشتا نەڕۆیشتوە • منیش پێم ناخۆشە دەستی لێ بەربدەم • توخوا زیانی خێزانەکەم لێ تێک مەدە • ئاگر دانێکم بدەرێ مەنجەڵەکەمی بخەمە سەرێ • عەمرم حەفتا ساڵ پترەو ڕەوڕەوەم بەرەو لێژاییە نەک هەوراز • لەبیرت بێ ئەگەر ئەپارتمانێکم بدەیتێ داوەتێکی ماڵەوەت دەکەم » •

حەفتە وەرنەسووڕایەوە ئەبووتالیب کلیلی ئەپارتمانە نوێکەی بە دەستەوە بوو • بەخێر بمێنێ کۆنە کەلاوەی خۆشنوود • ئێستا ئەبووتالیب چۆتە ناو ئەپارتمانێکی سێ ژووری کە لە نهۆمی دوەمی بینایەکی نوێدایە لە شەقامی پووشکین •

ڕۆژێکیان لە جادەدا تووشی هاتم لەباتیی چاک و خۆشی ، خۆی وا پیشان دا کە لەناو کۆمەڵە ئاسنێکی کۆندا بەدوای شتێکدا دەگەڕێ •

« ئەبووتالیب ، ڕۆژباش • لەگەڵ شوێنە نوێکەتدا چۆنی ؟ خانوەکەت بە دڵە ؟ » •

« ئەوا چەند ڕۆژە بەشوێن زەنگێکدا دەگەڕێم بۆئەوەی بە دەرگەی خانوەکەمایدا هەڵبواسم و ڕنگەی لێ هەڵستێنم بەڵکو کوڕی هەمزەی خەڵکی گوندی تسادا گوێی لێ بێ و بێتە سەردانم • سێ جار پەنجەرەکانم کردەوە کە بەسەر دەریادا دەڕوانن و زوڕنام لێدا ، بەو ئومێدەی کە گوێی لێ بێ و بەدەم بانگەوازەکەمەوە بێ • دیارە زەنگێکی گەورەم گەرەکە ، جا لە زەنگێکی وا دەگەڕێم » •

لەوێوە یەکسەر چووینە خانوە نوێکەی ئەبووتالیب • کە گەیشتینە جێ سەیرمان کرد لە دیواری ڕووت وقووت بەولاوە هیچی تری تێدا نەبوو • کەل وپەلەکانی چۆن لە کەلاوە کۆنەکە هێنابوو بەو دەقە لەسەر زەوی کەوتبوون ـ کۆنە زوڕناو کوموزو هەمبانەدەف ـ هەر خوا دەزانێ لەم خانوە نوێیەدا چ ئیشی بەو شتانە هەبوو ـ سۆبەی نەفت و هیربارو دەولک و مەنجەڵ و کڵاش و فەروە •

کاتێ کە پیرەمێرد لە شاخانەوە بە ئیش دەهاتە خوارێ‌و بە خۆو بـــە خورجینەی کۆنەوە سەریان بە ماڵی ئەبووتالیبی خانەخوێدا دەکرد ، ئەبووتالیب خورجینەی بەتاڵی میوانانی هەڵدەتەکاندو دەیگوت :

« خورجینی نەفرەتی ! ئەوە بۆ بەتاڵی ؟ ئەگەر شتێکی قورسی وەکو بەرخت تێدا بوایە میوانەکەم زۆر زووتر ئیشەکەی ڕایی دەبوو . هەر لەبەر بەتاڵیــی تۆیە دەبێ برادەرەکانم زۆر جار ، خت‌و خۆڕا بە چیای (چانخ)دا هەڵگەڕێن .

ئێستا ، ئەبووتالیب کە چاوی لە شتێ دەگێڕا ئەمن لەسەری دابنیشـــم بەوجۆرە کەوتە سەرزەنشتی خورجینەیەکی بەتاڵ . لە ئاکامدا هیچ شتێکـــی شیاوی چنگ نەکەوت . سیکاردێکی نایە دەستم‌و چووە لای پەنجەرەو پەنجەی بۆ کۆلێتێك درێژ کرد ، لە **حەوشەدا :**

« قازێك لەوێیە ، لەناو کۆلێتدایە . بڕۆ سەری ببڕە . با بیکەینە جەمێکی خـــۆش » .

دەرگەی کۆلێتەکەم کردەوە . پاش نیخە نیخێکی زۆر قازەکەم دەرهێنا . قازەکە کردی بە فڕەفڕێکی توندو بەتین . دەنگی ئەبووتالیــب لە سەرەوەڕا هاتە خوارێ :

« کێ ئاوها قاز سەردەبڕێ ؟ کوڕە سـەری بۆ لای دی وەرسووڕێنە ! نازانی مەککە لە کام لایە ؟ » .

ڕاستی ، ئیشەکەم بە پوختەیی کردو ئەبووتالیبم ڕازی کرد ــ وەکـــو خۆمان گوتەنی ــ ئەبووتالیب مەنجەڵی زین کردو بەپەرۆشەوە چاوەڕوانـــی پێگەیشتنی جەمەکەی دەکرد . منیش لەوماوەیەدا خەریکی پشکنینی ژوورەکە بووم . هەرچەندە شاعیری پیر کەلاوەی کۆنی بەجێ‌هێشتبوو بەڵام سەراپای ژیانی ناو کەلاوەکەی لەگەڵ خۆی هێنابوو . هەر لە مەنجەڵی کۆنەوە بگرە

تا دەگاتە ڕەوشتە دێرینەکانی خۆی • خانوەکە هیچ کورسیو مێزو کانتۆرو قەرەوێڵەی تێدا نەبوو • هەر هیچ کەلوپەلی ناو ماڵی تێدا نەبوو •

ئەبووتالیب ئەوە شیعرەکانت لەکوێ دەنووسی ؟ » •

« هێشتا هیچ شیعریوام لەم ژوورانەدا نەنووسیوە • لە سەرەتاوە بۆ شیعر نووسین دەچوومەوە کەلاوە کۆنەی گۆڕیشم • بەڵام ئێستا بە هونەرمەندێکیان داوە کردوویە بە مەرسەم • خوا شایەدە ، لێرە نووستنیشم ناڕەحەتترە تا لە کەلاوەکەم • لەوێ پارەم کەمتر دەچوو ، وەختم پتر بۆ دەمایەوە • خەڵك ئەوەندە بێزاریان نەدەکردم • لە کەلاوەکەمدا بەدەگمەن ئەگەر یەکێ بهاتایە بۆ سەرلێدانم • ئەوەندە هەیە لەوێ دەریام لێ دیار نەبوو ، کەچی ئێستا بە هەموو دەمێ لە بەرچاوی پیرە ئەبووتالیبدا ڕاکشاوە » •

ئەبووتالیب ماوەیەکی زۆر لە قەزوین ڕاما کە گەرداوێکی تووڕە ڕووی بە کەفێکی سپیواژی داپۆشیبوو • بیرکردنەوەکەم لێ تێك نەدا • هەردووکمان بێدەنگ بووین • پاشان ئەبووتالیب هاتە دەنگو گوتی :

« ڕەسووڵ ، با باسی دوو ڕۆژی ژیانی خۆمت بۆ بکەم ـ خۆشترین ڕۆژو ناخۆشترین ڕۆژ » •

« فەرموو ! » •

« بێگومان ، ڕەسووڵ ، ژیانم گەلێ ڕۆژی خۆشی تێدا بوە • کە مەدالیای میرییان پێ بەخشیم زۆرم کەیف پێ هات • کە ئەم خانوەیان دامێ زۆرم هەوەس پێ هات • لە بیستەکاندا ، لە سوپای سووردا ئەسپێکی حدوودیان پێ دام زۆر پێی دڵخۆش بووم ، لەگەڵ سوپای سووردا سوار بوومو ڕۆیشتم • زورناژەنی بەتالیۆنەکەمان بووم • لە ڕێگادا کە دەچووینە شەڕ ئەسپەکەم سەری لەدوای ئەسپی سوپاسالارەکەمان نابوو ، زۆرم شایی پێ دەهات ، بەڵام لەگەڵ

ئەمەشدا ئەو ڕووداوانە هیچیکیان نەبوون بە مایەی یەکەمین خۆشیو گەورەترین خۆشیی ژیانـــم •

کە منداڵێکی یازدە ساڵان بووم ، گۆلکم دەلەوەڕاند ، باوکم بۆ یەکەمـــین جار چەکمەیەکی پێشکێش کردم شتی وام نەدیبوو • کە چاوم بەو چەکمـــە نوێیە کەوت ئەوەندە شادیو شانازیم ڕژایە دڵو دەروون بە قسە ناگوترێ • نەبەردانە بەناو دۆڵو باریکە ڕێیەهادا دەڕۆیشتم کە هەر دوێنێ بوو پێم لەبەر تیشە بەردی تیژو سارد بریندار دەبوو • کەچی ئێستا بێئەوەی هەست بـــە هیچ ئازارو ساردییەك بکەم ، بە دلگەرمی و متمانەیەکیزۆرەوە پێ لە هەمان تیشە بەردی جاران دەنێم ••

دوای سێ ڕۆژ شادیو بەختیاری ، ناخۆشترین ساتی ژیانم هـــات • بۆ ڕۆژی چوارەم باوکم پێی گوتم :

« ئەبووتالیب ، ئێستا وا چەکمەیەکی نوێو توندو تۆڵت هەیە • داردەستێکت هەیە • یازدە ساڵ تەمەنت بەکۆڵەوەیە • کاتی ئەوەیە کە بکەویتە نێو دونیـــاو خۆت خۆراکو پۆشاك بۆ خۆت پەیدا بکەی ! » •

لەسەری کردم کە بە گوندادا بسووڕێمەوەو دەرۆزە بکەم • هیچ ساتێك لە ژیانمدا وەکو ئەو ساتە ئازاری قورسم نەکێشاوە • پاشتر گەلێجار وا بـــوە فرمێسکم ڕشتوە ، بەلام هیچ فرمێسکێك وەکو ئەمەیان تفتو تاڵ نەبوە » •

نووسەرێك پێی گوتم : « ئێستا ئەبووتالیب کە ئەو خانوە نوێیەی وەرگرتوە دەبێ چ جۆرە شیعرێك دابنێ » •

وەك ئەوەی کە ئەو شیعرانەی پیاو دەیانووسێ پێوەندیان بەو خـانووەوە هەبێ کە تێیدا دەژی !

شاعیر خۆی خانووی شیعرەکانی خۆیەتی • شاعیر شیعرەکانی لەنـــاو دڵی خۆیدایە •

هەموو ساتێکی خۆش و ناخۆشی ژیانم لە دەروونمدا دەژی ، جا مـن خۆم لە هەرکوێ بژیم یەك شتەو هیچ جیاوازیی نی یە •

ئەو سەردانەی ماڵی ئەبووتالیب زۆر بەتوندی هەژاندمی • کاربەدەستانـی حوکوومەتی داغستانم ئاگادار کردەوە • بڕیاردرا لەو پارەیەی کە ئەبووتالیب لە کتێبی (بەڕەسێلکەکان بەرەو خوار دەفڕن) دەیکەوێ هەندێکی بۆ کڕینـــی کەل و پەلی نوێی خانوە نوێکەی تەرخان بکرێ • لێژنەیەکی سێ قۆڵی لـــە بەڕێوەبەری دەزگای بلاوکردنەوەی داغستان و لە وەزیری بازرگانیی و لـــە من پێك هات • ئەرکی سەرشانمان ئەوە بوو هەر کەل و پەلێکی پێویست بـێ بۆی بکڕین و ڕەوانەی بکەین • منیان ڕاسپارد بۆئەوەی بچم لەم بارەیـــەوە لەگەڵ شاعیردا بدوێم •

هەرسێکمان تێکڕای کۆگاو دووکانەکانی مەحەج قەلا گەڕاین و ئەوەی پێویست بوو کڕیمان : ژووری نووستن (بۆ ئەوەی شاعیری میللیمـــان باش بخەوێ) ، کورسی و مێز و کەرستەی نووسین ( بۆ ئەوەی بەردەوام بێ لە شیعر نووسین ) ، ژووری نانخواردن (بۆئەوەی خواردنی خۆش و بەتام بێ ) •

وامان دەزانی ئەبووتالیب هەر ئەم شتانە وەربگرێ و لە ماڵێ دایان بەمەزرێنێ و ڕێکیان بخا هەڵەداوان دێ سوپاس و ستایشمان بۆ هەڵدەڕێژێ ، کەچی هیچمان لێ نەبیست ، تەنانەت سوپاسیشی نەکردین و بگرە هەر ئاگاداریشی نەکردینەوە کە کەل و پەلەکانی پێ گەیشتوە ، بۆیە بڕیارمان دا دیدەنی یەکی بکەین و بزانین چیی لەو شتانە کردوە کە بۆمان کڕیوە •

لە دەرگامان دا ـ دەرگای خانووی والا بوو • چووینـــە ژوورێ • ئەبووتالیب لە تەنیشت مێزی نانخواردن ، لەسەر زەوی پارچە مافوورێکـــی ڕاخستبوو و خواردنی لەسەر پارچە ڕۆژنامەیەك دانابوو • بە خۆو بە خێزانەوە چوار چمکی دانیشتبوون و دەوریان دابوو • ئەبووتالیب ماستاوی لەسەر مێزەکە

دانابوو ، جارجار بە چاوێکی‌وا سەیری خوانە خاوێنەکەی دەکرد دەتگوت ئەو خوانە کچەو داوای لێ دەکا بیگرێتە باوەش کەچی ئەم هەوەسی پێ نایە •

زوورەکەی‌تر مێزێکی جوانی تێدابوو • قەڵەم‌و کاغەزو مەرەکەبی لەسەر بوو • ئەمانەش هەموویان ـ بە مێزەکەشەوە ـ دەتگوت لە مووزەخانە داندراون ، نەك شتی‌وا بن کە خاوەنەکەیان بەکاریان بێنێ • لە سووچەکەی‌تری زووری هەندێ پەڕە کاغەز لەسەر زەوی کەوتبوون • بە پیتی عارەبی لێیان نووسرابوو •

« ئەبووتالیب ، ئەوە چی‌یە ؟ نازانی ئەلف‌و بێ بە باشی بەکاربێنی ؟ » •

« دەزانم بەڵام لە نووسینی کۆن ڕاهاتووم • یەکەم‌جار بە پیتی عارەبی دەنووسم ، پاشان بە ئەلف‌و بێی خۆمان دەینووسمەوە بۆ سەرنووسەر ، وەك بڵێی شتێ خۆم وەربگێڕم وام » •

ژنەکەی هەڵی‌دایە : « قەت لەسەر قەرەوێڵە نوێکەی نەنووستوە • ئێوە نەدەبوو زەحمەت بکێشن‌و ئەم هەموو شتە گرانانە بکڕن » •••

« تواهوو ! قەرەوێڵە چی‌یە ! کە یەکەم‌جار هاتمە شار لەباتیی سەرین سەرم بە بەردێکی شاخان دەکردو خەوێکی خۆشم لێ دەکەوت • بە شوانەتی لێ ڕاهاتووم کە نووستم سەر وە بەردێك بکەم » •

« دیارە بەم شتانە ڕازی نیت کە ئێمە بۆمان هەڵبژاردووی ـ ئەم مێزە ، ئەم کورسی‌یانە ، ئەم کانتۆرە ؟ » •

« بۆ ؟ شتی زۆر چاکن • بەڵام لە گۆتفرید حەسەنۆڤی دراوسێم دەوەشێنەوە » •

« گۆتفرید حەسەنۆڤت بەلاوە دراوسی‌یەکی خاس نی‌یە ؟ » •

« ڕەنگە کابرا پیاوی خاس بێ • بەڵام من‌و ئەو پێکەوە هەڵناکەین » •

« بۆچ ؟ » •

« ئەو زۆر ڕۆشنبیرە • من زۆر دەشتەکیمو ئەو زۆر شارستانی‌یـــە • من زۆر لە چیا ڕاهاتووم و ئەو زۆر لە پێدەشتدا ژیاوە • تەپلەی چیا لەســەر دەنێین • ڕەنگە سەریشمان جودا بێ • من ڕۆڵەی خاکی خۆمم ، ئەو ڕۆڵـەی پیشەکەیەتی • ئەو حەوسـەڵەی زوڕناو گۆرانی‌یـەکانی منی نی‌یـە ، منیش حەوسەڵەی پیانۆو سیمفۆنیاکانی ئەوم نی‌یە • من هەوڵدەدەم چێژ لە مۆسیقاکەی وەربگرم بەڵام بۆم ناکرێ • ئەویش هەر وایە • کە دەست دەکەمە زوڕنالێدان یەکسەر دەگاتە بەر دەرگامان • لە دەرگا دەدا :

« ئەبووتالیب ، تۆ نایەڵی من ئیش بکەم » •

منیش وای پیشان دەدەم کە من نیم زوڕنا لێدەدەم ، بەڵکو زوڕناکە لـــە ڕادیۆوە بڵاو دەکرێتەوە • زۆر جاری‌واش هەیە کە لە دەرگا دەدا زوڕناکـــە بەڕاستی لە ڕادیۆوە لێدەدرێ ، بەڵام دەیەوێ نەك هەر زوڕنا لێنەدەم بەڵکـو لە ڕادیۆشدا گوێی لێنەگرم • بەکورتی : لە هیچ ڕوویەکەوە بە یەك ناچین •

من کە میوانم دێ ، میوانەکانم لە گوندو چیاکانەوە دێن‌و خورجینەیـــان پێیە ، کەچی میوانەکانی ئەم لە مۆسکۆوە دێن‌و جانتای نوێیان پێیە •

من بۆ خواردن‌و خواردنەوە خینکالی تێر سیرو بوزا لەبەر میوانەکانـــم دادەنێم ، کەچی ئەم کۆنیاك‌و قاوەیان پێشکێش دەکات •

ئەمن دەچمە هەڕاجخانەو قازی بازاڕ ، کەچی ئەو دەچێتە موغــــازەو کۆگای تایبەتی • کە من دەنووم ئەو دەنووسێتەوە ، کە ئەویش دەخەوێ من دەنووسمەوە • ئەو حەزی لەو گوڵانەیە کە لە ئینجانەی شاران دەڕوێن ، کەچی من مەراقم ئەو گوڵۆکانەیە کە لە مێرگی چیا سەرکەشەکاندا شـــین دەبـن • گوێ بگرن ـ ئا ئەوە ئێستا سیمفۆنیا لێدەدا •

هەموومان دراوسێکەی ئەبووتالیبمان زۆر باش دەناسی • گۆتفریـــــد عەلی‌یەڤیچ حەسەنۆڤ کە هونەرمەندێکی پسپۆڕو لێهاتووی داغستان‌و ڕووسیای

فیدراڵی بوو • لەو کاتەدا خەریك بوو لە کۆنسەرتۆیەکی[1] پیانۆدا ئیشی دەکرد • بە شادومانی‌یەوە گوێم لە مۆسیقا ئیلهام‌بەخشەکەی گرت • لە دڵی خۆمدا گوتم :

« ئەگەر بتوانین ئەم دوو بەهرە گەورەو مەزنە لێك‌بدەین - بەهرەی سادەی میللیی ئەبووتالیب‌و بەهرەی ڕۆشنیری‌و پیشەگەریی حەسەنۆف - داخۆ دەبێ چ سیمفۆنیایەکی بێ‌وێنەمان چنگ بکەوێ ؟ » •

هەروەها بیرم کردەوە ، دەسکەوتێکی زۆر گەورەو بەنرخە ئەگەر بێت‌و شیعرو کتێبەکانم بتوانن ئەم دوو سەرچاوەیە تێکەڵ بکەن - سروشتی خۆڕسك‌و دڵی کراوەو دەروونی بێ‌گەردی گەلەکەم لەگەڵ توانای پسپۆڕی‌و شارەزایانەی مەیدان‌و قادی پیشەگەری •

دەمەوێ ئەبووتالیب‌و گۆتفرید لەناو شیعرەکانمدا کۆ ببنەوە • دەمەوێ لەناو شیعرەکانی مندا تەباو تفاق بن نەك ئەم جۆرە دراوسێ ناکۆکە بن کە لە ژیانی ڕاستەقینەدا هەن •

بەڵێ ، بەئومێدم ئەم دوو سەرچاوەیە تێکەڵ بکەم‌و ڕێکیان‌بخەم • بەڵام ئەگەر ئەمەم بۆ نەلواو ناچار بووم تەنیا یەکێکیان هەڵبژێرم ، وابزانم سەرەڕای هەموو شتێك ، ئاوی ساردو سازگارو ڕوونی وەك مرواریی جۆگەلەی شاخان بە بوختەترین تەرزە شەرابی شارستانی نادەم •

تۆ هەرچی دەڵێی بڵێ ، بەڵام ئەمن دەڵێم : ئەگەر یەکێ کارامەیی ڕۆشنبیری‌و شارستانێتی‌و پیشەگەریی نەبێ دەتوانێ پەیدای بکات ، بەڵام ئەگەر یەکێ کە لەدایك‌بوو بە خۆڕسك هەستی سادەی نەتەوایەتی‌و نیشتمانی‌و میللیی تێدا نەبوو بە هیچ جۆرێك پێی پەیدا نابێت •

---

(١) کۆنسەرتۆ : ئاوازێکە بە یەك یا چەند ئامێرێك لێ دەدرێ لەگەڵ ئۆرکسترا •

ئەبووتالیبی زوڕناژەن‌و شاعیری میللی ئەگەر هەل‌ومەرجی بۆ بڕەخسایە دەبوو بە مۆسیقارێکی پیشەیی‌و لەوانەیە ببوایە بە دانـەری ئاوازیش • بەڵام گۆتفریدی مۆسیقارو دانەری ئاواز قەتاو قەت نابێتە شاعیرێکی سادەی میللی •

کە هاتین ماڵاوایی بکەین‌و بڕۆین ، ئەبووتالیب پرسی :

« ئەرێ ڕەسووڵ ، ناتوانن تەلەفۆنم بۆ بێنن ؟ » •

« جا تۆ کە مێژو قەرەوێڵە بەکارنەهێنی تەلەفۆنت بۆ چی‌یە ؟ » •

« دەمەوێ هەندێجار بە تەلەفۆن زوڕنا بۆ مۆسکۆ ، بۆ نیکۆلای تیخەنۆف لێ‌بدەم ، هەندێجاریش بۆ سەرۆکی کۆڵخۆزەکەمان • ئەگەر وانەبێ سەرۆک چوزانێ من هێشتا ماوم‌و زوڕناکەشم هێشتا توانای ئاوازو گۆرانی‌یە دێرینەکانی جارانی ماوە ؟ سەرۆک کە لە تەلەفۆن گوێی لە زوڕنای من بێ دەزانـــــێ دەنگ‌وبۆنی چیاکانمان لە خانوە شارستانی‌یەکەمدا دەژی » •

« ئاخ ! تۆ وەرە ئەبووتالیب ، ئاوازەکانت ئەوەندە بۆنی چیایان لێ دێ بە بێ‌تەلەفۆنیش دەگەنە مۆسکۆو لە گوندی خۆتان‌و تێکڕای گوندەکانـــــی داغستان‌و سەراپای زەمیندا دەبیسترێن • ئاوازەکانت لە شەققەی باڵ دەدەن‌و لە چیاکان بەرزتر دەبنەوە » •

ئێستا ئەبووتالیب بەجێ‌دێڵم‌و نەختێ باسی خۆو باوکمتان بۆ دەکەم •

بیرەوەری‌یەک : نازانم لەبەرچی نەمانکردبوە عادەت شیعرەکانمان بــۆ یەکدی بخوێنینەوە ، یا بۆ یەکتری باس بکەین • من ئەوکاتە بەدوا شیـــعری باوکمم دەزانی کە بە چاپ کراوی دەمدی ، یا لە ڕادیۆدا دەمبیست یـــا برادەر گوێیان لێ‌دەبووو بۆیان باس‌دەکردم • هەروەهاش باوکم تا شیعرە نوێیەکانم بڵاو نەکرابانایەوە پێی نەدەزانین •

ساڵی ١٩٤٩ ڕۆژنامەیەکی ئاڤاری داستانی (ساڵی لەدایکبوونـــــم)ی

بڵاوکردەوە • بێ گومان باوکم ڕۆژنامەکەی خوێندبووەوە • ترك و خوا ئەو دانەیەم چنگ کەوت کە باوکم تێبینیی خۆی بە قەڵەمی ڕەش لەسەر شیعرەکەم نووسیوو •• دیارە باوکم نەك هەر بەووردی شیعرەکەمی خوێندبووەوە ، بەڵکو زۆر دێڕی بەگوێرەی شێوازی خۆی داڕشتبووەوە • ئەو دێڕانەی ڕازاندنەوەیان زۆر تێدا بوو ، گۆڕیبوونی • خوازە ـ میتافۆر ـ ی ئاڵۆزو لێکچواندنە دوورەکانی منی بە دڵ نەبوو • لەو دێڕانەدا کە لە پەراوێزی شیعرەکەمی نووسیبوونەوە تەقەلای دابوو بە شێوەیەکی سادەترو ڕۆشنترو ئاسانتر شت دەربڕێ • ئێستاش داخم ناچێ ئەو ڕۆژنامەیەم بزر کردوە کە سەرەقەڵەمەکانی هەمزەی تێدا بوو • ئەوەیە ڕەوشتم ، کە شیعرێکم بڵاوکرایەوە ئیدی هەموو دەسنووس و ڕەشنووسێکی شیعرەکە دەسووتێنم •

زۆربەی ئەم دەستکاری یەم بە دڵ بوو کە باوکم لە شیعرەکەی مندا کردبووی • شیعرەکەی بۆ باشتر کردبووم • بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ شتی دەستکاری کردبوو ، پێی ڕازی نەبووم ؛ پێم گوت :

« بابە ، بێ گومان تۆ لە من زاناترو بەهرەوەرتری • شاعیرێکی گەورەی سەردەمی خۆتی بەڵام من شاعیری سەردەمێکی ترم • من سەر بە قوتابخانەیەکی تری ئەدەبیم و چەشنەیەکی تری ئەدەبی و شێوازێکی ترم هەیە • ئێمە هەموو شتێکمان جودایە • لەو دەستکاری یەی تۆدا پیاو یەکسەر شێوەی ئەدەبی هەمزە تساداسای دێتە بەرچاو • من هەمزە نیم ، ڕەسووڵم • لێم گەڕێ با بم بە خاوەنی شێوازی تایبەتی و ڕێبازی تایبەتیی خۆم » •

« قسەکەت تەواو نی یە • پێویستە شێوەو ڕێبازت کە ڕێگاو ڕەوشتت دەگرێتەوە لە شیعرەکانتدا بخەیتە پلەی دووەم • دەبێ پلەی یەکەم بۆ ڕێبازو ڕەوشتی گەکەلەت بێ • تۆ پێش هەموو شتێك چاپیت ، ئافاریت ، پاشان ڕەسووڵ هەمزەتۆڤیت • تۆ لە شیعرەکانتدا وەکو هیچ چاپی یەك نادوێی •

ئەگەر شیعرەکانت بە گیانو ڕەوشتو میزاجی خەڵکی شاخان بێگانە بن ، دیارە شێوازی نووسینت دادەبەزێتە خوارێو دەکەوێتە قاڵبی شێوەخـــــوازی • شیعرەکانت وەکو بووکەشووشەی جوانو ناسکیان لێ دێت ••

هەور نەبێ باران لەکوێوە دێ ؟ ئاسمان نەبێ بەفر لەکوێـــــوە دێ ؟ ئاڤارستانو گەلی ئاڤار نەبن ڕەسووڵ هەمزە لە کوێوە دێ ؟ ئەگەر دەستووری گەلەکەت نەبێ کە سەدان ساڵە ڕەگو ڕیشەی داکوتاوە تـــــۆ دەستووری شیعرەکانت لەکوێوە دێنی ؟ » •

ئەمە ئەو گفتوگۆیە بوو کە جارێکیان لەگەڵ باوکمدا کردم •

ئەوەندە ساڵەی کە بەسەر گفتوگۆکەماندا تێپەڕیوەو ئەوەندە ڕێگایـەی کە گرتوومەتەبەر هەموو بۆیان سەلماندووم کە باوکم ڕاستی دەکرد •

<u>چیرۆکی ژنی سێیەم</u> : شاعیرێکی لاوی داغستانی چوە مۆسکۆ بۆئەوەی لە (ئامۆژگەی ئەدەب) بخوێنێ • دوای ساڵێك جارێ دا کە خەریکە ژنەکەی خۆی تەڵاق بدا •

ژنەکەی خەڵکی گوندێکی دووری شاخان بوو • ئێمەش ویستـــــمان بزانین مەسەلە چی‌یە :

« بۆچی ژنەکەت تەڵاق دەدەی ؟ هێندە لەمێژ نی‌یە هێناوتە • یەکترتان خۆشدەویست • چ‌قەوماوە ؟ »

« وامان لێ هاتوە چیتر لە زمانی یەکدی ناگەین • ژنەکەم شەکسـپـیر ناناسێ • هەرگیز (یۆجین ئۆنەگین)ی نەخوێندۆتەوە • قەت گوێـــی لـــە ( قوتابخانەی گۆڵەکان ) نەبوە • مێریمیە هەر ناناسێ » •

زۆری نەبرد شاعیرە لاوەکە گەڕایەوە مەحەج‌قەڵا • ژنێکی لە مۆسکۆ هێنابوو شەکسپیر مێریمێی زۆر باش بیستبوو • ژنە ساڵێك لـە شارەکەماندا

مایەوە ، پاشان مێردەکەی تەلاقی داو ناچار بوو بچێتەوە مۆسکۆ • لە کابرامان پرسی :

« بۆچی ژنەکەت تەلاق دەدەی ؟ هێندە لەمێژ نی‌یە هێناوتە • یەکترتان خۆش‌دەویست • چ قەوماوە ؟ » •

« ئاخر لە زمانی یەکدی ناگەین • ژنەکەم یەك وشەی ئاڤاری نازانێ • شارەزای ڕەوشتی ئاڤاریمان نی‌یە • لە میزاجی ئەو چیایی‌یانە ناگات کە من لێیان وەپاش کەوتووم و حەز ناکا بێتە سەردانمان • یەك تاقە پەندو مەیل‌و گۆرانیی ئاڤاری نازانێ » •

« ئەدی دەتەوێ چ بکەی ؟ » •

« وا بزانم دەبێ بۆ جاری سێ‌یەم ژنێك بێنم » •

من دەڵێم پێش‌ئەوەی ئەو شاعیرە لاوە ژنی سێ‌یەم بدۆزێتەوە دەبێ خۆی بناسێت‌و خۆی بدۆزێتەوە •

من دەمەوێ کتێبەکەم پێوەندیکی پتەوی بە چیاکانی ئاڤارستان‌و سۆنێتەکانی شەکسپیرەوە هەبێ‌و پێکەوە بیانبەستێتەوە • پێم‌خۆشە کتێبەکەی من ئەو سێ‌یەمین ژنە بێ کە شاعیرە لاوەکەی داغستان تا ئێستاش هەر بەدوایدا دەگەڕێ •

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : لە مەحەج‌قەلا ، بینایەکی چل ئەپارتمانی‌یان بۆ نووسەران دروست‌کرد • کە وەختی دیارکردنی خانووەکان هات • هەندێك گوتیان دەبێ بە گوێرەی بەهرەو توانای ئەدەبی دابەشی بکەن‌و هەندێکی‌تر گوتیان ـ نەخێر ، دەبێ بەگوێرەی سەرخێزان دابەشی‌بکەن •

پیاو بێ لێ بێ باشە ، دابەش‌کردنی خانوو بەسەر نووسەراندا کارێکی ئاسان نی‌یە ، بەڵام هەرچۆنێك بوو ئیشەکە کۆتایی پێ‌هات • خێزانی چل

نووسەر خانوویان بەرکەوت‌و ئاهەنگی هەواری نوێیان گێڕا • یەك ڕۆژی بێچوو ژنی بیست نووسەر بە گەلە چوونە مۆسکۆ ، دوای چەند ڕۆژێــك گەڕانەوە ـ ماندوو مردوو ، دەتگوت لە شەڕ هاتوونەتەوە • پاشان ئەو کەرەستە نوێیانەی ناومال کە لە مۆسکۆ کڕیبوویان هات‌و گەیشتە جێ •

وەکو ئێمە پێمان‌زانی ، لە پێشەوە چووبوون زۆر گەڕابوون‌و سەیری زۆر شتیان کردبوو ، هـــەرکەســـە ئامانجی خۆی دیار کردبوو • پاشـــان ژنێکیان ئازایەتیی خۆی نواندبوو ، ئەوەی گەرەکی بوو کڕیبووی • ئەوانەی‌تر نەیاندەویست مۆبێلی لە هیی ئەو کەمتر بکڕن بەڵام بەدبەختانە ژنی یەکـــەم چاکترین مۆبێلی فرۆتەنیی کڕیبوو و ئەوانەی‌تر لە هیی ئـەو باشتریان چنگ نەکـــەوت •

ئەنجام ، هەر بیست خانوو ئەوەندە بە یـــەك دەچوون دەتگوت دانـــی شانەن ، هیچێکیان لەوە نەدەچوو ماڵە ئاڤاری تێدا بژی • کەچی خانوەکانی‌تر ، میوان هەر لەسەر کۆسپەی دەرگاوە بۆنی گۆشتی برژاوو سجووقی خۆکردو بوزاو دونگی قرچاوەی دەکەوتە بەر لووت • ئاشـکرا دیارە ئەم خانوانـــە ئاڤاریان تێدایە • بەڵام ئاشکرا دیار نی‌یە کە ماڵە نووسەری‌وایان تێدابێ بیرو ڕاو شێوازی سەردەمی خۆیان دەربڕن •

دەمەوێ هەرکەسێ کتێبەکەم دەخوێنێتەوە هەست بکا ئاڤاری تێدا دەژی ؛ بەڵام دەمەوێ لە سەرەتاوە ڕوونی بکەمـــەوە کـە ئەمە ماڵێکی هاوچەرخەو کابرایەکی سەدەی بیستەمی تێدا دەژی •

من نامەوێ شت هەمووی هەر سێبەر بێ ، ناشمەوێ هەمووی هەر هەتاو بێ ، دەمەوێ خانوەکەم پەنجەرەی گەورەی بەرەو ڕۆژی تێدا بێ ، هەروەها گۆشەی تاریك‌و گەرمیشی تێدا بێ • دەمەوێ هەر میوانێکی هاتە ماڵەکـــەم هەست بە دڵنیایی‌و شادومانی بکا ، هێندەی بەلاوە خۆش بێ کە ڕۆیشـــت دڵی

تێدا بەجێ بمێنێ ، یاخود ـ مادام باسی میوان دەکەین ـ بە داخەوە بەجێی بێڵێ و بەپەرۆش بێ جارێکی تر بێتەوە •

جارێکیان بە سەفەر چووبوومە ژاپۆن • ئێمە نوێنەری گەلێ وڵاتی دونیا بووین و لەوێ یەکدی گر بووین و باسی هەست و سۆز و سەرنج و تێبینی خۆمان بۆ یەکتر دەکرد •

لەسەر کانی یەك وەستابووین دەتگوت لە تاتەکانی داغستان هەڵتراوە • ئەو تاتانەی کە گۆدەکان و ئەنجومەنی دێی بێ بەردڕێژ دەکەن •

یەکەم جار ئاوازدانەرێکی ئەمەریکایی هاتە دەنگ و گوتی :

« ئەم وڵاتە زۆر سەیرە • سیمای پیشەسازیی ئەمەریکا لە ڕووی ژاپۆندا دەبینم » •

ڕۆژنامەنووسێکی هایتی بەربەرچی دایەوە :

« نەخێر ، من تازە لە سەردانی گوندێکی ژاپۆنی هاتوومەتەوە • ژاپۆن لە هەموو شتێ زیاتر بە گوندە خنجیلانەکەی ئێمە دەچێ ! »

ئەندازیارێکی بیناکاری فەڕەنسەیی قسەی هەردوو کەسی پێشووی ڕەت کردەوە و گوتی :

« بەڕێزینە ! ئێوە هەرچی دەڵێن بڵێن ، بەڵام هەموو شادی و هەموو خەفەتی پاریس لێرەدا خەست بۆتەوە » •

منیش کە لە تاتەکانی کانی یەکەی ژاپۆن ورد بوومەوە کە دەتگوت لە گوندێکی ئاواری یەوە هێناویانە ، لە دڵی خۆمدا گوتم :

« ژاپۆن وڵاتێکی عاجباتی یە • هەرچی لە وڵاتەکانی تری دونیادا هەبێ لێرەش هەیە ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا وەکو هیچیکیان نی یە • ژاپۆنە » •

ئەی کتێبەکــەم :

حەز دەکەم هەموو کەس خۆی لەناو تۆدا ببینێتەوە • لەگەڵ ئەمــەشدا دەمەوێ کتێبی من بیت • دەمەوێ تۆ خۆت بیت و وەکو هیچ شتێکی تر نەبیت •

ئەی کتێبەکەم !

تۆ ماڵی ئاڤاری و داغستانی منیت • دەمەوێ شان بەشانی ئەم هەموو شتانــەی سەدان ساڵە لێرەدا هەن ، هەندێ شتی تریشت تێدا بێ کــە پێشتر هــەرگیزاو هەرگیز لێرەدا نەبووبن •

باوکم دەیگوت : ئەو بەرهــەمە ئەدەبی‌یــەی پیاو نووسەرەکەی تێــدا نەبینێ ، وەکو ئەسپێکە بێ سوار بە ڕێگادا بڕوا •

دەڵێن : چیایی‌یەك هەمیشــە هەر کچی دەبوو ، خەونی بە کوڕێکــەوە دەدی • هەرکەسە بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی کە ئامۆژگاریی ئەو باوکە بەدبەختە بکات • هێندەیان ئامۆژگاری کرد ، تا ڕۆژێکیان کەڵــەی لەســەردا نەماو نەیڕاندی :

« وازم لێ بێنن ، ئەوەندەم گوێ دایە ئامۆژگاری ، ئــەوەی دەشــمزانی لەبیرمچوەوە » •



# بینای ئەم کتێبە
# بابەتەکە

**ئێمە بەردین و بەم زوانە جێگایەک لە دیواری بەندیخانەیەک یا کەنیسەیەک یا سەرایەک دەگرین .**

« نووسراوی سەر بەردێک »

**بەرد لە شوێنی خۆی بەنرخەو پیاویش لە ماڵی خۆی .**

**زەماوەند گەڕاوە ، نۆرەی دروست کردنی خانوە .**

ئەی کۆشکی بەنرخی بیرەکانم ، ئەی قوللەی قووچی سەرنجەکانم ، ئەی خانووی چیرۆکەکانم ، ئەی بورجی بڵندی شیعرەکانم ! .

من بەردم هەلگرتوەو کاریتەم ئامادە کردوەو جێگایەکم بۆ دروست کردنی کۆشکێکی نوێ دەستنیشان کردوە . ئێستا پێویستە لە هەریەکە لەم شتانە کەمێک بم : بیناکار ، ئەندازیار ، بیرکار ، بەردتاش ، نەخشەکێش .

چ جۆرە کۆشکێک دروست‌بکەم؟ چ تەرزە سیماو دیمەنێکی پێ بەخشم بۆئەوەی زاخاوی چاو بداتـــەوە؟ جوان بێ، قەشـەنگ بێ، پێشتر شتی‌وا نەدیترابێ بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نامۆ نەبێ. هێندە نزم نەبێ، وەکو ئەو خانوە بچووکانەی ئەمڕۆ دروستیان دەکەن، پیاو سەری بە سایتەی بکەوێ. هێنـدە بڵندیش نـــەبێ پیاو ناچـــار بێ ملی درێژ بکا تا بنمیچەکـەی بـەدی بکات. دەرگاکەی، وانەبێ نەتوانی مێزێکی پێدا بەیتە ژوورێ، واش‌نەبێ حوشترێکی پێوە بچێ. یانەو کاروانسەرا نەبێ خەڵک بێن گوێ لە ئاهەنگ‌و مۆسیقا بگرن‌و بڕۆن. مزگەوتیش نەبێ خەڵک تەنیا بۆ نوێژ کردن تێیدا کۆببنەوە. شتێکی‌وا بێ بۆ فەرمانگەی پڕ کاغەزو پەیماننامەو داواکاری دەست نەدا، بە (ئاشەبا)کـــەی عەلیش نەچێ کە هەرگیز لە گەڕ ناکەوێ.

باوکم، دوای ئەوەی شیعری چیاییەکی گەنجی خوێندەوە، گوتی:

« ئەم شیعرە دیوارەکانی زۆر جوانن وەکو ئەو کۆڵیتە وایە کە عەلی‌کەبەد دروستی‌کردبوو. نابێ کۆڵیت بە کۆشك بچێ یا کۆشك بکرێتە کۆڵیت ».

باوکم کە چیرۆکێکی زۆر درێژدادڕو بەچیرەی نووسەرێکی خوێندەوە کە دیار بوو نووسەرەکە پێی تەواو نەکرابوو، پێی‌گوت:

« تۆ دەرگایـــەکت کردۆتـــەوە ناتوانی دایخەیتـــەوە، بۆڕی‌یە ئاوێکت بەرداوەتەوە ناتوانی بیگرێتەوە. کە گرێت لە پەت داوە پەتەکە زۆر تەڕ بوە ».

گۆرانی‌بێژی کۆلانانم لەیادە کە منداڵ بووم دەهاتنە گوندەکەمان. مـن لەسەر سواندەی بانەکەمان هەڵدەتروشکام‌و لەسەرەوە گوێم بۆ گۆرانی‌یەکان شل‌دەکرد. یەکێ تەمبوورینی پێ‌بوو، یـــەکێ کەمان، یەکێ چونگور، بەڵام زۆربەیان کوموزیان پێ بوو. زۆر وەختان لە زۆر شوێنەوە دەهاتن. هەموو جەشنە ستراتێکیان دەچڕی. ئەوەی بیانگوتایە نەیاندەگوتـــەوە. ئەوەم لـە هەمووی پێ خۆشتر بوو کە دوو سێ گۆرانی‌بێژ ملیان لەبەر ملی یەکتر دەنا.

گۆرانی‌یەکانیان زۆر درێژ بوو . هەمووم لەبیر چۆتەوە . بەڵام ئەوەندە هەیە لە هەر گۆرانی‌یەکدا هەشت یا چوار یا تەنیا دوو دێڕم لە بیر ماوە . ڕەنگە ئەم دێڕە لەبیرنەکراوانە لە هەموو دێڕەکانی‌تری گۆرانی‌یەکـــە شیعری‌ترو ژیرانەترو خۆشترو دڵگیرتر بووبن ، یا لە هەموویان غەمگینتر بووبن .

نازانم بۆچی ئەم دێڕانەم لەبیر ماوەو ئەوانەی‌ترم لـــە بیر چوە ؟ بـەڵام ئەوەی راستی بێ تا ئەمڕۆش هەر لێم جودا نابنەوە ، وەکو شتێکی زۆر بەنرخو پیرۆز لە دڵی خۆمدا هەر دەیانڵێمو دەیانڵێمەوە ، دەق بەو چەشنەی کە دڵـدار ناوی دڵخوازەکەی دووپات دەکاتەوە .

هەروەهاش هەندێ دێڕە گۆرانیی ئاقاریم بەلاوە پەســـندەو لە سەرەتاوە تا بنەتا لە بیرم ماون . ئەم دێڕانەم لە هەموو دێڕەکانی‌تری گۆرانی‌یەکان بەلاوە خۆشترە .

جا بۆ هەر گۆرانی ؟ بگرە لە شیعرەکانی خۆشمدا هەندێ دێڕم زۆر بـە دڵە . لە هەموو دێڕەکانی‌کەم خۆشتر دەوێن‌و لە هەمووشیان بەنرخترو ئاسانترو شیعرانەترن . بێ‌لێ‌دەنێم کە هەندێ شیعری درێژم هەن هەر بۆئەوە نووسیومن تا هەندێ دێڕی زۆر نایاب‌و دانسقەیان تێ بئاخنم .

ئەم دێڕە نایابانە چین ؟ ئەگەر شیعرەکە وەکو کەمەر وا بێ ، ئەم دێڕانـە خەتیجەری بەر کەمەرەکەن . ئەگەر وەکو تەبارە وا بێ ، ئەم دێڕانە گوڵـــە گەنمی تەبارەکەن . ئەگەر وەکو باڵندە وا بێ ، ئەم دێڕانە باڵی باڵندەکـــەن . ئەگەر وەکو شوورێك وا بێ کە لەسەر تەپکە شاخێك وەستابێ ئەم دێڕانە چاوی تیژو دووربینی شوورەکەن .

جارێکیان ڕووی پرسیارم کردە خۆم : کە شیعرێك بەلای خۆمەوە تەنیـا هەشت دێڕی بەنرخی تێدا بێ ، باشە هەشتا دێرەکەی‌تری بۆچی بنووسم ؟ بۆچی تەنیا بەم هەشت دێڕە هەرە باشە واز نەهێنم ؟ .

هەر لەبەرئەمەشە کە کتێبێکی تەواوم هەشت خشتەکی نووسیوە •

جیایی کە مێوانی دێ ئەوەندەی کەیف پێ دێ یەکسەر دەست دەداتــە سیکاردو گۆلکێك سەردەبڕێ •میوان تەنیا پارچە گۆشتێك دەخوا ؛هیچ میوانێ نی‌یە کەلەشە گۆلکێك بە تەواوی بخوات •

بیرم کردەوە : « مادام مریشکێك بەش بکا بۆچی گۆلکێك سەر ببڕم » •

هەر بۆیەشە دەمەوێ ئــەم کتێبە ، لە هــەموو سەرکۆت‌و پەلك‌و پاڵ‌و زیادەیەك پاکژ بکەمەوە ، کە ڕۆژێك دێ دایبنێم •

تەنیا ئەو شتانەی تێدا دەنووسم کە ، ئەگەر کتێبەکە دە هێندە یا بیســت هێندە درێژ بوایە هەر ئەوەندەم بەلاوە باش‌و بەجێ دەبوو •

جارێکیان شاعیرێکی گەنجی لەك هەنــدێ شیعری خۆی بۆ ئەبووتالیب خوێندەوە • دە شیعری بۆ خوێندەوە • کە ڕۆیشت ، ئەبووتالیب پێی گوتم :

« کاکی خۆم ، وا بزانم ئەم کوڕە بەهرەی شیعرداتانی هەیە » •

« مەبەستت ئەوەیە ، ڕات لە شیعرەکانی بوو » •

« هەموو شیعرەکانی سادە بوون ، بەڵام هەشت دێڕیان تێدابوو قەڵاتێکیان دەهێنا تازە لە شەڕدا گیرابێ • تا ئێستا هیچ کەسێك هەشت‌خشتەکی‌وای بــە لەکی نەنووسیوە » •

جۆن شیعرو گۆرانی هەنــدێ دێڕی لەبیر نەکــراویان تێدایە ــ جیا جوارخشتەکی بێ یا هەشت خشتەکی ــ بەگوێرەی نیشــتمانیش هەمان شتە • گەلێ ڕۆژو ڕێکەوت‌و قارەمانێتی و دەسکەوت هەن لە مێشکدا نەخش بووین • دەمەوێ هەڵیانبگرم‌و بیانخەمە ناو دیواری کۆشکە نوێکەم ــ کتێبە نوێکەم • نامەوێ وشەی بریقەداری ڕوونکردنەوەیان بخەمە شوێن • وازیان لێ دێنم با خۆیان بێنە دەنگ •

مانگی مارتی قەراخ دەریا هەمیشە مانگێکی تووش‌و بە ڕەشەبایە •

جارێکیان لە مارتێ تۆف‌و ڕەهێڵەو زریانێك دای لە مەحەج قەڵا • دوو ( با ) تێك‌هەنگژان ؛ یەکێ لە دەریای قەزوینەوە دەهات‌و ئەوەی‌تر بە گفەگف لە شاخان دەهاتە خوارێ • یەکێ دوای ئەوەی لەسەر دەریای پان‌و بەرین خۆی لە توورەیی وەردابوو ، خۆی بە شاردا داو ئەوەی‌تریش وەکو تاشەبەرد لە بڵندایی‌یەوە گلۆر بوەوە • هەردوو (با) بە توندی خۆیان تێك ڕۆ کردو چڕنووکیان لێك گیر کرد • بوو بە زۆرانبازی • کە دوو پاڵەوان لێیان دەبێتە شەڕ خەتەرە پیاو بکەوێتە بەینیان • مەحەج قەڵا کەوتبوە بەینی ئەم دوانەوە •

هەر شتێکی کەمکووم دانەڕژابوو یا توند لە زەوی نەچەقیبوو یەکسەر وەهەوا کەوت • درەختی شلك‌و تەنەکەی بەتاڵ‌و بانی کووخ‌و تەویلەی شەبکەدارو هەموو چەشنە زبڵ‌و زاڵێك باڵیان گرت ؛ کەچی درەختی پیرو خانووی گەورە بە شانازی‌یەوە چنگیان لە زەوی گیرکردو توند ڕاوەستان • هەر شتێکی کە سووك‌و بێ‌هێزو لەق‌و لۆق بوو کەوتە دەم باوە • تەنیا شتی پتەوو بەهێز خۆیان ڕاگرت •

قارەمانێتی‌و هەست‌و بیری مرۆڤیش دەق هەمان شتە • بۆی هەیە بە کزەبایەکی ناسکی ڕۆژانە هەڵتەکێ‌و بفڕێ ، بۆیشی هەیە بەجۆرێکی ئەوتۆ بێ کە گرانترین زەبری ژیان نەتوانێ پەرت‌و بڵاوی بکاتەوەو بیداتە دەم با •

دەبێ کتێبەکەم لە ڕووداوو بیرو ڕاو هەست‌و سۆزی توندو پتەو دروست بکەم • دەبێ لەسەر شێوازی کۆنی ئاثاری دروستی بکەم‌و لە هەمان کاتیشدا تازەو هاوچەرخانە بێ •

پێویستە ماڵ جێگایەکی‌وا بێ خێزان بە کامەرانی‌یەوە تێیدا بژی‌و میوانیش بە دڵنیایی‌یەوە سەری پێدا بکات •

پێویستە ماڵ جێگایەکی‌وا بێ منداڵ بەختیاری‌و ، گەنج خۆشەویستی‌و ، پیر ئاسوودەیی تێدا چنگ بکەوێ .

ئەی کتێبی من کە داغستانی منیت ! وێنەت چۆن بکێشم ؟ لەگەڵ چ وێنەیەکدا بەراوردت بکەم ؟ .

هەڵۆی باڵگرتوو ؟ ئاخر هەڵۆ دەستکردی ئادەمیزاد نی‌یە . دەستکردی سروشتەو بیری ئادەمیزاد بەشداری دروست‌کردنی نەبوە .

فڕۆکە ؟ ئاخر فڕۆکە گەلێ لەسەر زەوی بەرز دەبێتەوەو دێتە خوارەوەش تەنیا فڕۆکەخانەی هەیە لێی بنیشێتەوە . زۆر پێ قەڵس دەبم کە خەڵکی لە سەرەوە سەیری زەوی دەکەن‌و بە سووکی باسی دەکەن .

نەخێر ، بە مەکینەیەکی دەشوبهێنم کە وەکو فڕۆکە لە هەوادا بفڕێ ، وەکو شەمەندەفەر لەسەر زەوی بڕوا ، وەکو کەشتیی ئاو بڕ بکات . من خۆم فڕۆکەوان‌و شەمەندەفەرازۆو کەشتیڕانم ... داغستانی دێرین‌و مەرگبەزێن شوێنی بەڕێکەوتنمانە ، فڕۆکەخانەمانە ، ئێستگەمانە ، بەندەرمانە . دەتوانین لەوێوە ، بە هەواداو لەسەر زەوی‌و بەناو ئاودا ، بەرەو هەموو کونجێکی ئەم سەرزەمینە بکەوینە ڕێ . بەرەو ئەو شوێنانەی بە ڕاستی دیومانن و ئەو شوێنانەش کە تەنیا بە خەیاڵ بۆیان چووین . ئێمە دەفڕین ، لێ‌دەخوڕین ، مەلە دەکەین . لە پەنجەرەکانەوە چیای سپیی بەفرین‌و مێرگی وەك زمرووت‌و ڕووباری بەرین‌و ئۆقیانووسی بێ‌پەی دەبینین .

بەهاری ژیانبەخش‌و پایزی زەردو زستانی ساردو تووش‌و هاوینی گەرم‌و شێدار ، بەگوڕ بە بەر پەنجەرەکەماندا تێدەپەڕن .

ئەدی چەند نەفەرم هەیە ـ مریدەکانی شامیل بە لەشی بریندارو بە خوێن‌و خوڕەوە ، پێشمەرگەکانی شاخان ، هاوڕێکانم ، ژن‌و پیاوی خاوەن پیشەو فرمانی

جۆربەجۆر ، هەرکەسێ یەکجار قسەم لەگەڵدا کردبێ ، بینیبێتم ، تووشی هاتبم ، بیرم لێ کردبێتەوە ـ هەموو دێن دەورم دەدەن .

تکیت و حیجز کـــردنی سواربوونی شـەمەنەفەر ـ کتێبەکەم ، فڕۆکە ـ کتێبەکەم ، کەشتی ـ کتێبەکـــەم ، تەنیا ئەوەیە کە دەبێ هەندێ سەرنجم لـــە مێشکدا مابێ ، ئەوەیە کـــە خەڵک و ڕووداوەکـــان وەکو ئەو دێڕو هەشـــت خشتەکی‌یانە وابن کە لە گۆرانی‌یە درێژەکانی گۆرانی‌بێژە گەڕیدەکانی وەختی خۆیدا بیستبووم و هـــەر لە یادم ماون ، وەکو ئـــەو هەشت دێڕە وابن کـــە ئـەبووتالیب دوای بیستنی دە شیعری درێژ ، دەست‌نیشانی کردن ، دەبێ وەکو ئەو درەخت و خانوانە وابن کە ئەو کاتـــەی هەموو شێکی چرووک و لەق‌ولۆق وەک گەڵای پایز دەکەوێتە هەوا ، ئەوان بەرگەی ڕەشەبا دەگرن و نابزوون .

ئەگەرنا دەبێ وەکو ئەو (موسلیم)ەی خەڵکی دێی (کازانیشچی) بم کـــە ئەم چیرۆکەی لێ دەگێڕنەوە :

مانگی جۆزەردان ـ ئایار ـ بوو کـــە مەڕو ماڵات لـــە دەشتی گـــەرم و تۆزاوی‌یەوە بەرەو پاوانی چیا فێنکەکان لێ دەخوڕێن ، یان ڕەنگە لـــە مانگی ئەیلوولدا بووبێ کە بەپێچەوانەوە زستان دێت و دونیا سارد دەبێ . مەڕو ماڵات لە چیاکان نشێو دەبنەوە خوارێ بۆئەوەی زستان لە دەشتی گەرمیان بەنە سەر .

(موسلیم)ی خەڵکی دێی (کازانیشچی) داوای لە یەکێتیی نووسەران کرد لەگەڵ شوانکارەکاندا ڕەوانەی بکەین بۆئەوەی ڕووداوی کۆچ و کۆچبارەکەیان بنووسێتەوە . پێویستی گەشتەکـــەمان بۆ پێک‌هێناو (موسلیم) لێی‌دا ڕۆیشت . بەدرێژایی ڕێگا زۆر بەوردی شوێنی شوان و مێگەلەکانی هەڵگرت و تا کاتـــی گەڕانەوەی داهات ئەو دەفتەرانەی سەرنج و تێبینیی تێدا نووسیبوونەوە ئەوەندە زۆر بوون بە ئەسپێک نەبوا هەڵنەدەگیران .

ڕۆژ بە ڕۆژ چاوی بە هەر شتێ بکەوتایە دەینووسی‌یەوە . هیچ شـــتێکی

وردو درشت لەبەر نووکی قەڵــەمی دەرباز نەدەبوو • هـــەر جارێ ئەسپێکی بدیبوایە شتێکی لەبارەی ئەسپەکەوە دەنووسی • هەر جارێ شوانێکی بدیبوایــە شتێکی لەبارەی شوانەکەوە دەنووسی • هەر جارێ مەڕێکی بدیبوایـــە شتێکی لەبارەی مەڕەکەوە دەنووسی •

جا وەرە تەماشای کە ، چەند شوان‌و چەند مەڕ هەیە هیچی دەرباز نەکرد • نەك تەنیا ئەو شتەی بیدیبا تۆماری دەکرد ، بگرە ئەوەی هەر بشی‌بیستا تۆمـاری دەکـرد •

لەبارەی ئەوانەی نووسیبوو کە زۆر خۆشرۆن‌و دەبێ جڵەویان تونـــــد بگیرێ • لەبارەی ئەوانەشەوە کە زۆر سست‌و تەپن‌و دەبێ بدرێنە بەر زەختان •

ئەو کتێبەکەی لەبارەی سەفەرەکەیانی نووسیبوو لە ڕێگاکە درێژتر بوو • (موسلیم) لە گەشتەکەیدا چەندی پێ چووبوو ، خوێندنەوەی کتێبەکە ئەوەندەی دەویست •

پاشان ، شوانەکان بۆیان گێڕاینەوە گوتیان کە لە زنجیرە چیای (گومرین) شۆڕ بووینەوە چاومان بە ئێسترێك کەوت • موسلیم دڵی بەوەندە دانەکـــەوت کە وەسفی ئەو بەستەزمانـــە بکات ، چوو سمەکانیشی پشکنی • زەبرێکی لــە ئێسترەکە داو پاشووی توند گرت ، بـــەڵام ئێسترەکە لە نیازی نووسەرەکـــە نەگەیشت‌و نەیزانی بە چ ئەرکێکی گرنگەوە جەڕاوە • نامەردانە لەقەیەکـــی لە دەم‌و قەپۆزی نووسەری بەدبەخت گیرکرد •

شوانەکان دایانە قاقای پێکەنین :

« ئێستا ، موسلیم ناچارە ئەمەش لە دەفتەرەکەیدا بنووسێتەوە » •

بێ گومان ئێستر گیاندارێکی زۆر بەدخووە بەڵام ئەو جارەیان هەقی بوو • یەکێ زۆر خۆی لە شت هەڵقورتێنێ دەبێ سزای خۆی وەربگرێ •

پاشان نووسینەکەی موسلیم هاتە یەکێتیی نووسەران بۆ ئــەوەی قســەی لەسەر بکرێ •

بە گاڵتەوە پێمان گوت : « موسلیم : پێمان بڵێ ئەوە چۆنە لە کتێبەکــەتدا لەبارەی هەموو شتێکت نووسیوە ، هــەر لە جاشوولــەی گوندی (خاریکۆلۆ)وە تا دەگاتە سمی ئێستر ، بەڵام هیچ ناوی بزنی بێشاخت نەبردوە ؟ » •

« ئێوە سەهوون ، من لە چیرۆکەکەمدا بزنی بێشاخم بە ناوێکی ناوچەیی باس کردوە • لە چیرۆکەکەمدا ناوم بە کۆریس ـ خانکڤا ـ هێناوە » •

دامانە قاقای پێکەنین ، بەڵام پاشان هەوڵمان دا موسلیم تێبگەیەنین کــە نووسەر نابێ هەر شتێکی دی لەبارەیەوە بنووسێ • دەبێ لەو هەموو شتانە تەنیا ئەوە هەڵبژێرێ کە بە کەڵك دێ‌و جێگەی خۆی دەگرێ •

بۆی هەیە یەك تاکە ڕستە بیرێکی زۆر گــەورە بگەیەنێ ، یەك تاکــە وشە هەستێکی زۆر مەزن بگەیەنێ ، یەك ڕووداوی بچووك ڕووداوێکی زۆر گەورە بگەیەنێ •

ماوەیەك پێش ئێستا خەریك بووین سەرلــەنوێ شتمان ڕێك‌دەخستەوە • هێشتا هەروا خەریکین • ناوبەناو سەرلەنوێ شت دادەڕێژینەوە •

منیش تووشی ئەم دەردە بوویم • ئەو ژانرەی بەکاری دێنم خەریکــــم ڕێکی دەخەمەوە • هــەموو ژانرەکان لەناو یەك تاکــە کتێبدا دەتوێنمــەوەو دەیانخەمــە ژێر ڕکێفی خۆم‌و بەس • هەندێ جار ستاف (تاقم)ەکــەم کــەم دەکەمەوە ، هەنــدێ جار زیادی دەکــــەم • بەدەوری هەموو ژانرێکــدا دەسووڕێمەوە • دوویان تێکەڵ دەکەم‌و دەیانکەمە یەك شت ، یا یەکێکیان لەت دەکەم‌و دەیکەمە دوو •

تۆ ئەگــەر زۆر گۆڕان‌و ڕێخت‌و دارشتن بکــەی ، خۆو بەختیش بێ یەکێك هەر باش دەردەچێ •

## چیرۆکی ئەو چیایی یەی هاتە مەحەج قەلا :

چیایی یەك بە ئیش هاتبوە مەحەج قەلا ، پارەیەكی زۆری پێبوو (بێ گومان پارەكە هیی خۆی نەبوو ، پارەی ئیفاد بوو) • لـە چێشتخانەیـەكدا فراوین و شیوی خواردو شەرابی بەسەردا كرد • ڕۆژی یەكەم ، بۆئەوەی هەموو كەس لە چێشتخانەكەدا گوێیان لێ بێ ، بە دەنگێكی بڵند هاواری كرد :

« گارسۆن ، گارسۆن ، هەندێكی‌تر براندیم بۆ بێنە » •

خەڵكەكە هەموو ئاوڕیان دایەوەو سەیری كابرایان كرد كـە براندیی‌وا گران دەخواتەوە ، سەریان سووڕما • دەبێ ئەوە كێ بێ ئاوها هیچ زگی بـە پارە نەسووتێ ؟ » •

لە ڕۆژی دوایدا كابرا كە هەر ئەو ڕۆژەی مابوو لە شـار بانگی هەمان گارسۆنی كردو بە چرپە پێی گوت :

« لەگەنێك هەرشتە بە چەندە ؟ »

• هێزی گاجووت لە سەرەتای دەست بە جووت كردنەوە دیار نی‌یە ، لـە كۆتاییدا دەردەكـەوێ • لە جلیتبازی‌و تەرادانـەی ناو مێرگ‌و میرغوزارەوە دیار نی‌یە ، لە ڕاكیشانی هەوجاڕ دەردەكەوێ •

ئەسپ ئەو ئەسپەیە كە لێی دابەزیت پێی هەڵبڵێی نەك كە خۆت هەڵدایـە سـەرێ •

ئایا چۆن ئەنسالتانی‌یەكان فوو لە سیل دەكـەن ، ئاوها كتێبەكـەم فوو دەكەم ؟ ئایا وەكو (سیوختسیفی)یەكان سۆبەی دار دروست دەكەم ؟ ئایا لەبانیی گورگ سەگ دەكوژم ، هەروەكو چۆن خەڵكی گونـدی تسادا جارێكیـان وایان كردبوو ؟ •

لە سەرەتای ڕێگاوە ئامانج زۆر دوور دیارە • ئاخۆ من ئەو زاتو ئەوین و ئارامەم هەیە بتوانم بە ئامانج بگەم ؟ یاخود منیش ئەنجامم بەمە دەگا کە سەرم بخورێنمو واقم لە نرخی لەگەنە هەرشتەیەك وڕ بمێنێ ؟ •

بیرەوەرییەك : زستانێکیان ، شەختەو بەستەڵەك لە داغستان لەتامێ چووبوە دەر • لەناکاو بەفرێکیوا باری نزیکەی سێ پێ بەفری هاویشت • مەڕو بەرخ بێ ئالیك مانەوەو مەرگیان تێ کەوت • لە بارەگای لێژنەی هەرێمایەتی پارتییەوە بانگیان کردمو پێیان گوتم :

« ڕەسووڵ ، دەمانەوێ بچیتە یاوانان • نابێ ئەم مەڕو ماڵاتە قڕ ببن » •

« جا من چیم لە دەست دێ ؟ »

« کە گەیشتیتە ئەوێ تەگبیرێك بکە • ڕێگایەك بدۆزەوە • دەبێ ئەم ماڵاتە ڕزگار بکرێ » •

من بە ڕۆژی خۆش شارەزای ڕێگا نیم ، نەخوازەلا بەم تۆفو ڕەهێڵەو بەفرە • بەڵام چ بکەم ، دەستووری پارتی دەستووری پارتییە • بەناو بەفرو ڕەشەبادا ملی ڕێگام گرت تا لەئەنجامدا لە هۆبەیەك ڕاست هاتم • دیم شوانەکان هەموو کزو غەمگین بوون • فرمێسك لەسەر ڕوومەتو سمێڵیان مەیبوو • مەڕەکان نەوەندەی هەوڵ بدەن گیای سەوز لە بن بەفری بەستوودا دەربێنن هەموو لووزیان بریندار ببوو • بەکیان کەوتبوو ، نەیاندەتوانی تفری شەختەکە بشکێنن • سەگ بەریان بە گورگو دزانەوە نەمابوو ، بە شوێن داڵدەیەکدا دەگەڕان خۆیانی پێ لە ڕەشەبا پەنا بدەن •

دیمەنێکی زۆر جەرگبڕو بێدەستەڵاتانە بوو • کە شوانەکان چاویان بە من کەوت لە داخان دەستیان بە پێکەنین کرد :

« ئێرە هەر لە شیعرو گۆرانیی تۆی کەمە ، کوڕی هەمزەی تسادایی •

هاتووی شیعر بخوێنیتەوە یا گۆرانی بڵێی ؟ باشە دە سەردوولکەیەکمان بۆ بێژە با ئێمەش دەست بە واوەیلا بکەین •

سێ ڕۆژ لەناو ڕەشماڵی شوانان مامـــەوە ، تێگەیم کـە هیچ سوودم بۆ نەبوونو هیچ سوودیشم نابێ • ئیدی پشتم تێ کردنو ملی ڕێگای خۆم گرتو بەرەو مەحەج قەڵا بوومەوە •

لە بارەگای هەرێمایەتیی پارتی لێیان پرسیم :

« مەڕەکانت ڕزگار کرد ؟ »

« تەنیا سێ مەڕم ڕزگار کرد • »

« چۆن ؟ دە بۆمان باس بکە ! »

« زۆر ئاسانە ، شوانەکان سێ مەڕیان سەر بڕیو خواردمانن • من ئەوانە بە ڕزگار بوو دادەنێم • »

بە تووڕەیی بەرپەرچیان دامەوە :

« بەڕاست ؟ دە کەواتە بگەڕێوە لای شیعرەکانت • خۆمان دەچین مەڕەکان ڕزگار دەکەین ـ بێ گومان بەبێ یارمەتیی تۆ ـ ئەگـــەر سەرزەنشتێکی توندت بکەین ڕەنگە زیاتر هانت بدا بۆ نووسین » •

ئایا دەبێ کتێبەکەی منیش وای بەسەر بێ ؟ ئەدی من بۆ ئەوە نەچووبووم ماڵاتەکان ڕزگار کەم ؟ باشە ، هاتمەوە چیم لەگەڵ خۆمدا هێنایەوە ؟

ڕۆژ کە سەر لە سبیانێ گزنگ داوێ ، چی لێ ڕەچاو بکرێ هەمیشـــە هەر وا دەرناچێ •

بیرەوەرییەك : یەکەم ڕۆژم لە بیرە کە چووبوومە (ئامۆژگەی ئەدەب) •

تازە خوێندن دەستی پێ کردبوو • لە ڕۆژی لەدایکبوونمدا کەس پیرۆزبایی لێ نەکردم • هەندێ پارەم پاشەکـــەفت کردبوو • بەختیشی باوکـــم بـــوو ،

دای‌بوومێ پاڵتۆیەکی بۆ بکڕم • لە دڵی خۆمـــدا گوتم : « ڕەسووڵی کلۆڵ ، وەرە لە جەژنی لەدایك‌بوونتدا دیاری‌یەك پێشکێش خۆت بکەو پاڵتۆیەکی نوێ بۆ خۆت بکڕە » •

پارەکەم خستە گیرفانو چوومە بازاڕی (تشین) • ئەو یەك دوو ساڵەی پاش بڕانەوەی جەنگ ، مۆسکۆ چتۆ بازاڕی فەنتازیی تێدابوو !! دەستووری تایبەتی‌و دەڵاڵی تایبەتی‌و میلیشیای تایبەتیی خۆی هەبوو • ماکەرو نێرەکەر نەبێ ئەوەی‌تر هەرچی بتویستایە دەست دەکەوت • بازاڕی (تشین) دەتگوت شارە مێرووە •

سەعاتێك شانم لە شانی ئەو کەسانە خشاند کە هەموو جۆرە جلو بەرگێکی تیمداشتیان لە بەرچاوم ڕاگرتبوو • جلی پیاوانەی وەکو : قات ، چەکمە ، فەرو ، پاڵتۆ ، شەپقە • هەروەها جلی ژنانەی وەکو : کراس ، کەوێ ، بلووز ، فانیلە ، سۆل •

لەو کاتەدا زۆرم مەراق بوو وەکو وەزیران بکەومە بەرچاو ، جا دەمەویست پاڵتۆیەکی وا بکڕم کە کردمە بەر وەکو وەزیرم لێ بێ • ئەوەی دەمەویست خێرا لەسەر قۆڵی دەڵاڵێك کەوتە بەرچاوم • بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵك ڕابکێشێ پاڵتۆکە سەرکڵاوێکی لەگەڵدا بوو لە هەمان قوماش‌و بە هەمان ڕەنگیش •

لە سەر کڵاوەکەوە دەستم پێ کرد • لەسەرم ناو لە ئاوێنەدا تەماشای خۆمم کرد • وەزیرێکی تەواو !! دەستم بە مامەڵە کرد • کە بە دەنگێکی بەرز نرخێکی کەمم پێ دەدا فرۆشیارەکە وای پیشان دەدا کە گوێی لێ نی‌یە • کە بە چپەیەکی زۆر نزم پارەیەکی زۆرم پێ‌دا یەکسەر دەنگی قۆستمەوە دەتگوت ئەکتەرەو خۆی لە وشەی سوپاس مەڵاس داوە •

دەستمان خستە ناو دەستی یەکترو پێك‌هاتین‌و بڕیمانەوە • جا بۆ ئەوەی

بتوانم پێنج ڕۆبل بایی و سێ ڕۆبل بایی یەکان لێك جودا بکەمەوە پاڵتۆکەم دایە دەست کابرا • (٢٢٥٠) ڕۆبلم[١] ژماردو لە دەستم کرد و گەڕامەوە بۆ ژووری خۆم • هەستم بە شانازی یەکی زۆر دەکردو خۆمم وەکو وەزیران دەهاتە پێش چاو • کە گەیشـــتمەوە جێ بە بیرم هاتەوە وەختێ پارەم دا کابـــرای دەلاڵ پاڵتۆکەم لێ وەرنەگرتەوە • سەرکلاوەکە بۆ من وەستایە سەر (٢٢٥٠) ڕۆبل •

لە تەماعی ئەوەی کە وەکو وەزیرم لێ بێ ؛ پارەشم چوو پاڵتۆشم نەبوو •

یاخوا کتێبەکەم وای بەسەر نەیێ !

هەمووکەس دەزانێ پێویستە چ بکرێ بەڵام بە هەمووکەس ناکرێ •

هەمووکەس نیشانە دەبینێ ، بەڵام نیشانە بە هەمووکەس ناشکێ •

هەندێ کەس هەن وا تێ دەگەن دەزانن کتێب دەبێ چۆن بنووسرێ بەڵام نازانن چۆن کتێبێك بنووسنەوە •

گوتوویانـــە : یەك دەرزی بـــەرگی بووکێنیش دەدوورێ و کفنیشـــ دەدوورێ •

گوتوویانە : دەرگایەك مەکەوە نەتوانی دایخەیتەوە •

---

(١) ئەم پارەیە کۆنە بە گوێرەی نرخی ئێستای پارەی سۆڤێتی دەکاتە (٢٥٠) ڕۆبل • ئەوەی شایەنی باسە ساڵی ١٩٦٠ پارەی سۆڤێتی هەندێ گۆڕانی بەسەردا هێنراو نرخی ڕۆبل گران کرا •



# بەهرە

« لە پێناوی ڕووناکیدا بسووتێ ! »

ـ نووسراوی سەر چرادانێك ـ

چیرۆکی شاعیرو ماسیی زێڕین :

چیرۆکە ، دەگێڕنەوە ، دەڵێن : جارێکیان شاعیرێکی سەرنەکەوتوو ماسییەکی زێڕینی لە دەریای قەزوین گرت . ماسیی زێڕین لێی پاڕایەوە :

« شاعیر ، شاعیر ، فڕێمدەوە نێو دەریا » .

« باشە ، ئەگەر فڕێتدەمەوە نێو دەریا چیم پێدەدەی » ؟

« هەموو ئاواتێکی نهێنیت دێنمەدی » .

شاعیرەکە زۆر کەیفخۆش بوو . ماسییەکەی ئازاد کرد . تواهوو !! لەو ڕۆژەوە یەك لەدوای یەك سەرکەوتنی بۆ هات . یەك لەدوای یەك کۆمەڵە شیعری بڵاوکرایەوە . بوو بە خاوەنی کۆشکێك لە شارو خانوویەکی خۆش لە دەشت ... ناوبانگی دەرکردو ناوی کەوتە سەر

هەموو زمانێکەوە •• وەکو دەوری‌یە کەبابێکی باش‌برژاوی گەرمی پڕ وردە پیازو ئاوی لیمۆ ، دونیای لە بەردەم پان بوەوە ، دەست درێژ کــەو بخۆو خۆت خەنی کە !!

ماوەیەکی زۆری بەسەردا چوو ، دوای ئەوەی کە بوو بە ئەندامــی ئەکادیمیاو پەرلەمان‌و خاوەنی مەدالیای میری ، ڕۆژێکیان ژنەکەی زۆر بـە ساکاری لێی‌پرسی :

« پیاوێژگە ، ئەدی کــەوابوو بۆچی داوات لە ماسیی زێڕین نەکـرد نەختێ بەهرەیشت پێ بەخشێ » ؟

تازە بە تازە دەروونی شاعیرەکە گزنگی داو زانی ئەو هەموو ســاڵە لە شتێکی کــەم بووە • بە هەڵــەداوان خۆی گەیاندە کــەناری دەریاو هاواری کرد :

« ماسیی زێڕین ، ماسیی زێڕین ، نەختێ بەهرەم پێ کەرەم کە ! »
ماسیی زێڕین وەڵامی دایەوە :

« من هەموو ئاواتێکم بۆ هێناویتــە دی • لەمەودواش هەرچی بتەوێ بۆت دەکەم ، بەڵام ئەوەش بزانە کــە تەنیا بەهرەی شیعر بەشینەوەی بـە دەستە من نی‌یە ، چونکە بەڕاستی ، خۆم هیچ بەهرەی شیعرم نی‌یە » •

بە یەك وتە بڵێین : « لەوانەیە تۆ بەهرەوەر بیت‌و لەوانەشە بێ‌بەهرە بیت • کەس ناتوانێ بەهرەت پێ ببەخشێ‌و کەسیش ناتوانێ لێتی بسـەنێ • کە لەدایك‌بووی دەبێ بەهرەکەش لەگەڵ تۆدا بێتە دونیاوە » •

شاعیرەکەمان ، هەر چەنــدە ماسیی زێڕین زۆری خێرو بەرەکــەت بەسەردا ڕشتبوو ، بەڵام هەستی کرد قەڵێکەو پەڕی تاوسی پێوەیە • ڕەنگی قەشەنگی پەڕە ساختەکانی سپی بوەوەو ساڵ بە ساڵ پەڕەکانی تەنکترو بێ‌هێزتر بوون • تا دەهات هەر پەڕپووت‌و خـراپتــر دەبــوو ، خراپتــر دەبوو •

دووپات کردنەوە نوێ گەنی ناکات ، بۆیە دووپاتی دەکەمەوە :

بۆ ئەوەی پیاو بتوانێ شیعر بنووسێ دەبێ بەهرەی هەبێ . بەلام کە ماسیی زێڕینیش بەهرەی نەبێ ئەدی لەکوێوە بۆ بەهرە بگەڕێین ؟ .

باوکم جارێکیان بۆی گێڕامەوە : ڕۆژێکیان چیایی یەکی خەلکی گوندێکی دوور هاتە سەردانی باوکم و شیعرەکانی خۆی بۆ خوێندەوە . باوکم بە وردی گوێی لەو شاعیرە لاوە گرت و سەرنجی بۆ هەندێ لایەنی کزو لاوازی بەرهەمەکانی ڕاکێشا . لەئەنجامدا بە کابرای گوت ئەگەر بێت و ئەو بوایە ، واتە هەمزە تساداسا بوایە ، هەمان شیعری بە چ جۆرێك دەنووسی .

چیایی یەکە هاواری کرد :

« هەمزە گیان ، پیاو دەبێ بەهرەوەر بێ ئینجا وای بێ دەنووسرێ » .

باوکم وەلامی دایەوە :

« ڕاستە ، نەختێ بەهرە هیچ زەرەرت پێ ناگەیەنێ » .

چیایی یەکە لە تانەو پلارەکەی باوکم حالی نەبوو ، تکای لێ کرد :

« دە پێم بلێ نەختێ بەهرە لەکوێ بێنم ؟ »

« هەر ئەوەندە دەزانم ئەمڕۆ هیچ بەهرە لە دووکانانەدا نی یە ، تازە لەوێ بووم . برۆ بازاڕ بەسەر بکەوە داخۆ چنگت ناکەوێ » .

کەس نازانێ پیاو لە کوێوە بەهرەی بۆ دێ ؟ لە زەوی یەوە هەلدەقولێ ، یا لە ئاسمانەوە دێتە خوارێ ، یاخود زادەی هەردووکیانە ـ زەوی و ئاسمان ؟ ناشزانین لە چ جێگایەکی بنیادەمدا دەژی : لە دلی ، لەناو دەماری خوێنی ، لەناو مێشکی ؟ ئایا هەر لە ڕۆژی لەدایك بوونەوە هێلانە لەناو دلی بچکۆلەی ئادەمیزاددا دەکات ، یا دەبێ لە ڕێگای سەختی ژیاندا بیدۆزێتەوە ؟ خۆراکی لە هەموو شتێك زیاتر چی یە ؟ ـ خۆشەویستی یە یا

قین ؟ شادی‌یە یا شین ؟ پێکەنینە یا فرمێسك ؟ یاخود ئەمانە هەموویان پێویستن بۆئەوەی بەهرە بە چاکی بگەشێتەوەو بچەسپێ ؟ ئایا بەهرە شتێکی زگماکە ؟ یا لەئەنجامی ئەم هەموو شتانە پەیــدا دەبێ کــە پیاو دەیانبینێو دەیانبیسێو دەیانخوێنێتەوەو تاقی‌یان دەکاتەوەو تێ‌یان‌دەگات ؟ ئایا بەرهەمی ئیش‌و کارە ، یا گەمەو گاڵتەیەکی سروشتی‌یە ؟ ئایا وەکو ڕەنگی چاو وایــە کــە پیــاو لەدایك‌بوو هەیەتی ، یا وەکو ماسوولکە وایە بە مەشقی ڕۆژانە بەهێز دەبێ ؟ ئایا دار سێوێکەو بە ئەرکی بەردەوامی باخچــەوان بێ‌دەگا ، یــا سێوێکە لە دارسێوەوە بەردەبێتەوەو ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ناو لەپی منداڵان ؟

بەهرە شتێکی ئەوەندە ئاڵۆزو نهێنی‌یە ، ئەگەر هەموو شتێك لەبــارەی زەوی‌یەوە بزانرێ ـ ڕابردووو دواڕۆژ ، ئەگــەر هەموو شتێك لەبارەی ئادەمیزادەوە بزانرێ ، پاش ئەمانە هەمووی ئینجا تێ‌دەگەین بەهرە چی‌یە ؟ سەرچاوەی لەکوێوە دێ ؟ ئەسڵ‌و ڕەسەنی چی‌یە ؟ لەکوێ دەژی ؟ بۆچی هەندێ‌کەس هەیانەو ، هەندێ‌کەس نیانە ؟ .

بەهرەی دوو بەهرەدار وەکو یەك نی‌یە ، چونکە ئەو بەهرانەی لە یەك دەکەن بەهرە نین ... بێجگە لەمــەش بەهرە هیچ پێوەندی بە وێکچوونی ڕوخساری دەرەوەی بەهرەدارەکانەوە نی‌یە . زۆر کەسم دیوە ڕوخساریان بە باوکم دەچێ ، بەڵام کەسم نەدیوە بەهرەی باوکمی هەبێ .

بەهرە شتێك نی‌یە پشتاوپشت بێتە خوارێ ، ئەگەر وابوایە دەبوو هونەر بە بەرەباب بێ . زۆر جار پیاوی زیر کوڕی دەبەنگــی لێ دەکەوێتــەوەو لەوانەیشە کوڕی پیاوێکی گەوج‌و گەلحۆ کە گەورە بووو بێ‌گەیشت پیاوێکی زیری لێ دەربچێ .

بەهرە کە سەردانی بنیــادەم دەکات لــە ڕووپێوی زەوی‌و ژمــارەی دانیشتووانی ئەو وڵاتە ناپرسێ کە کابرای تێدا دەژی . هاتنی بەهرە زۆر

دەگمەن‌و ڕەچاونەکراوە ، وەکو برووسکە ، وەکو پەلکەڕەنگینەی ئاسمان ، وەکو بارانی بیابانێکی وشکی ئومێدبڕاو ـ وایە .

## چۆن برادەرێکم لەدەست چوو :

ڕۆژێکیان لەسەر مێزەکەم دانیشتبووم ، ئەسپسوارێکی گەنج هاتە ماڵەوە . سڵاوی لێ کردم :

« سەلاموعەلێکم ! »

« وەعەلێکوموسسەلام »

« ڕەسووڵ ، هاتووم ئیشێکی بچکۆلەم بۆ بکەی ! »

« فەرموو ، وەرە ژوورێ . داواکەت بخەرە سەر مێز » .

گەنجەکە بەڕاستی هەندێ کاغەزی لە گیرفانی دەرهێناو خستیە سەر مێزەکەم . یەکێکیان نامەی برادەرێکی باوکم‌و میوانی هەمیشەیی ئێستای من بوو . ئەم دۆستەی بنەماڵەو ئاگردانیمان بۆی نووسیبووم :

« ڕەسووڵی ئازیز ، هەڵگری نامە خزمێکی نزیك‌و پیاوێکی باشە . وا بکە ببێ بە شاعیرێکی ناوداری وەکو خۆت » ..

کاغەزەکانی‌تریش بریتی بوون لە نامەی سۆڤێتی گوندو کۆڵخۆزو ڕێکخراوی پارتی‌و کابرایەکی ڕدێن‌سپی . لە نامەکەی سۆڤێتی گوندا نووسرابوو فلانی کوڕی فلان برازای عەقی مەحموودی شاعیری بەناوبانگی خەڵکی (کاخاب ـ رۆسۆ)یەو شایەنی ئەوەیە بۆ ڕیزی پێشەوەی شاعیرانی داغستان ناوزەد بکرێ .

لە نامەکانی‌ترەوە بۆم دەرکەوت : برازای مەحموود تەمەنی بیست‌و پێنج ساڵە . نۆ ساڵ لە قوتابخانەدا خوێندوویەتی‌و تەندروستیی زۆر باشە .

پێم گوت : « زۆر باشە ، ئێستا با بزانین بەرهەمت چ هەیە ؟ بۆی هەیە

بەھرەت ھەبێو ببی بە شـــاعیرێکی ناودار • زۆر شـــادومانم کـــە ھەموو یارمەتی‌یەکت بدەمو داوای برادەرە خۆشەویستەکەمان بەجێ‌بێنم » •

« نەخێر ، ئەز قەت ھەوڵم نەداوە شیعر بنووسم • ئاخر بۆ ئەوە ڕەوانەی ئێرەیان کردووم تا تۆ فێرم بکەی ••• » •

« باشە ، چ کارەیت ؟ » •

« لە کۆڵخۆز کار دەکەم • ئەمە زۆر باشە • ھەموو ڕۆژە ئیشێکم بۆ دەنووسرێ بەڵام چیی‌وا وەرناگرم • خێزانێکی زۆرمان بەسەرەوەیە ، بۆیە بڕیاریان‌دا لەباتیی ئەم کارە بمکەن بە شاعیر • من دەزانم شیعر گوزەرانێکی باشی بۆ مەحموودی مامم ڕەخساندبوو • بێ‌گومان لـــە ئیشی کۆڵخۆزی من باشتر بوو •

ڕەسووڵ ، دەڵێن تۆش پارەیەکی باشت دەست دەکەوێ » •

« ھەرچەندە زۆریشم پێ خۆشە ، بەڵام داخەکەم ناتوانم بتکەمە شاعیر » •

« چۆن ؟ ئەدی من برازای مەحموودی شاعیر نیم ؟ تەماشای نامەکانـــم بکە ، سۆڤێتی گوندو ڕێکخراوی پارتی ھەردووکیان پشتگیریم دەکەن » •

« جا چ‌بوو ؟ با برازای مەحموودی شاعیریش بیت ؟ لەوانەیە بیستبێتت کە باوکی مەحموود ڕەزووکەر بوو نەك شاعیر » •

« ئەمە دادو عەدالەت نی‌یە • ئێوەی شاعیرو نووسەر لێرە ، لە مەحـــەج قەڵا کەلەشی چەورو قەڵەوی ئەدەب لەنێو خۆتان بەش دەکەن ، بۆچی منیش ھەندێ ڕیخۆڵەم بەرنەکەوێ ؟ لەمە زیاترم ناوێ • ئێستا چ‌بکەم ؟ ئیشێکم بۆ بدۆزەوە ، ئەوراقم ھەموو تەواوە » •

لەبەرئەوەی کـــە برازی مەحموود بوو ھەنـــدێ پارەمان لە سندووقی یەکێتی دایەو پاشان بەڕێوەبەری کارگەی دروست‌کردنی مەکینـــەی کارەبایی

داغستانم ڕاسپارد بۆئەوەی ئیشێکی بداتێ • بەڵام ئەو چلێس‌و چاوچنۆکـــەی بەتەما بوو ببێ بە شاعیری میللی بە چارەنووسی خۆی ڕازی نەبوو • باوکیشی کە برادەرێکی یەك ماڵمان بوو کاغەزێکی زۆر تووڕەو توندی بۆ ناردم :

« هەمزەی باوکت هەرچیم داوا لێ بکردایە بۆی جێ‌بەجێ دەکردم • هیچ جارێك نائومێدی نەکردووم • تۆش بەلای خۆتەوە کوڕی هەمزەی ، ئەم ئیشە بچکۆلەیەت بۆ نەکردم کە کوڕەکەم بکەیتە شاعیر • دیارە زۆر گەورە بوویت‌و لە پێستی خۆت چوویتە دەرەوە • تۆ بە باوکت نەچووی • تا ئێستا پێوەندیم لەگەڵ هیچ برادەرێك نەبڕیوە ، بەڵام ئێستا ناچارم • خوات لەگەڵ •

بەم‌جۆرە ، بەهرە یا ڕاستتر بڵێم بێ‌بەهرەیی برادەرێکـــی زۆر چاکی لەدەست دام • برادەرەکەم پیاوێکی زۆر باش بوو ، بەڵام نەیدەزانی هیـــچ کەسێك ناتوانێ با سەرۆکی یەکێتیی نووسەران‌و سکرتێری ڕێکخراوی پارتی‌و سەرەك حوکوومـــەتیش بێ ، ناتوانێ وەکو دابەش‌کردنی گۆشـــتە بەرخی هەڵماوی سەر مێزی چیایی‌یان بەهرە دابەش بکات •

لە ڕێگاکانی داغستاندا ، ڕەنگە چاوت بە گالیسکەیەك بکەوێ کە بارێکی قورسی پێوە بێ‌و بەقەد شاخێکدا هەڵگەڕێ ، یەکێ لەپێشـــەوە ڕایبکێشـــێ‌و یەکێ لەپاشەوە پاڵی پێوە بنێ • یان لەوانەیە لۆری‌یەکی گەورە ببینی کـــە قەمارەیەکی بچکۆلەی مۆسکۆڤیچ ڕایکێشێ بۆئـــەوەی لەناو زەنەکە بەفـــردا دەری‌بێنێ • یان لەوانەیە گەلابەیەکی زل‌و سەنگین بەدی بکەی کە ڕێگـــا لـــە ئوتومبێلێکی خۆشبەزی نەفەران بگرێ • ڕێگای چیا زۆر باریکەو ماوەی ئەوە نابێ ئوتۆمۆبێلەکە لۆری‌یەکە بەجێ‌بێڵێ •

بەڵام بەهرە گالیسکە نی‌یە دوو کـــەس ڕای‌بکێشن و پاڵی پێوە بنێن • بەهرە مۆسکۆڤیچ نی‌یە چەقیبێ‌و بەکێش‌بکرێ • بەهرە ئوتۆمۆبێل نی‌یە لـــە کۆسپی بەردەمی ڕەت بێ‌و بەرەو پێشەوە تێی‌بەقێنێ •

بەهرە پێویستی بە پاڵـــدان‌و دەرکێشان نی‌یـــە ، خۆی ڕێگای خۆی دەکاتەوەو دێتە دەرەوە •

هەندێ کەس هەن هێشتا هەر بەتەمان یان پاڵ بدرێن یان ڕابکێشرێن •

ئەمەش چیرۆکێکی‌ترە بۆ ئێرە کە دەشێ ناوی بنێین :

با ، پیر بێ بەڵام بەهرەدار بێ :

کاتێ کە لە مۆسکۆ قوتابی بووم‌و لە (ئاموزگەی ئەدەب) دەمخوێنـــد ، بڕێ شیعریان وەرگێڕامە سەر زمانی ڕووسی‌و لە هەندێ گۆڤارو ڕۆژنامـەدا بڵاویان کردەوە • بەمەوە شیعرەکانم بە نەتەوەکانی‌تری داغستانیش گەیشتن •

هەندێ زگ‌ڕەش‌و زمان‌درێژ هەبوون کەوتنە بەدکاری :

« ڕەســـووڵ هەمزەتۆف هـــەر هیچ نازانێ شیعر بە ئاڤاری بنووسێ • وەرگێڕە لێ‌هاتووەکانی برادەری دەیانـــەوێ ناوێکی بۆ پەیدا بکـەن • دیارە ئەویش شیعری‌وا دەنووسێ کە لەگەڵ چەشەی خوێنەری ڕووسدا بگونجێ •

ئەم قسانە هەمیشە شاعیرێکی داغستانیم دەخەنەوە یاد :

لە داغستان نەتەوەیەکی بچووك هەیە پێی‌دەگوترێ (تات) • ژمارەی ئەوپەڕەکەی دەگاتە یازدە هەزار کەس ، لەگەڵ ئەمەشدا پێنج شەش نووسەری بەتوانای تات هەن لە سەرانسەری داغستان ناسراون • کتێبەکانیان بە زمـــانی خۆیان لە مەحەچ قەڵا بڵاودەکرێنەوەو دەشکرێنە ڕووسی • ئەو چیرۆکـــەی باسی دەکەم لەبارەی شاعیرێکی تاتەوەیە • بە پێویستی نازانم ناوی بێنم •

خوێندنم لە ئاموزگەی ئەدەب تەواو کردو گەڕامـەوە مەحـەچ قەڵا • لەمێژ نەبوو چووبوومەوە کە شاعیرێکی تات داوەتی کردم • داوەتەکەی بردە جێگایەکی بەر هـەوا • پێشـەوەمان دەریای فراوانی قەزوین‌و پشـــتەوەمان چیا بوو •

شیعرەکانی خۆی بە تاتی بۆ خوێندەوەو وشە بە وشە ماناکەی بە ڕووسی بۆ لێکدامەوە تا تێی بگەم •

لەبەرئەوەی کە من میوانو ئەو خانەخوێ بوو ، لەبەرئەوەی نەوەك وا تێ بگا دەمەوێ ئەو زانیاری یەی لە مۆسکۆ فێری بوویم لێرە پیشانی بدەم ، لەبەرئەوەی هەموو شاعیرێك مەتحی لە ڕەخنە پێ خۆشترە ، لەبەرئەوەی بە هیچ ئەندازە ڕەخنەیەك جاکتر نەدەبوو ، هەروەها لەبەرئەوەش کە بە هەموو شیعرەکانی منی هەڵگوتو تا کەشکەشانی فەلەك بەرزی کردەوە ، ئەمەم هەموو ڕەچاوکردو منیش بێشەرمانە بە هەموو شیعرەکانی ئەودا هەڵگوت •

بەڕاستی ، هەندێ شیعریم بە دڵ بووو لە ناخی دڵەوەش پێم هەڵگوتن بەڵام هەندێ شیعری وای هەبوو کە هیچ نەبوونو لەگەڵ ئەوەش وام پیشاندا کە پرام لێیانە •

لەوکاتەدا کە وشە ساختەکانم لە دەم دەهاتە دەرەوە لە دڵی خۆمدا باوەشم بۆ شەپۆلەکانی قەزوین کردەوەو کرنۆشم بۆ بردنو هاوارم کرد :

« لەم درۆیەم ببوورن ! »

ئینجا هەر لە دڵی خۆمدا ئاورم لە چیاکان دایەوە • دەستم لەبەر تۆپکە سپی یەکان پان کردەوە • کرنۆشم بۆ بردنو هاوارم کرد :

« لەم درۆیەم ببوورن ! »

دوای ئەوەی تێر شیعرمان بۆ یەکتر خوێندەوەو پێکمان هەڵگوت ماوەیەك لە بێدەنگیدا نقوم بووین • من گوێم بۆ شەپۆلەکانی دەریا شل کرد ، مێشکی برادەرەکەشم ، وەکو پاشان بۆم دەرکەوت ، بە شتێکی ترەوە مژوول بوو •

لەئەنجامدا برادەرەکەم هەڵی دایە :

« ڕەسووڵ ، شتێکی زۆر گرنگ هەیە دەمەوێ بۆت باس بکەم ، بەڵام گفتم پێ بدە لە کن کەس نەیدرکێنی » •

گفتم‌پێ داو ئەویش دەستی پێ کرد :

« خۆت دەزانی ئێمەی تات نەتەوەیـــەکی بچووکین • جێگـــەی من و شیعرەکانم لەناو ئەم نەتەوەیـــەدا نابێتەوە • تۆ کارێکی باشت کرد بۆ خۆت خوێنەرت لە مۆسکۆ دۆزی‌یەوە • منیش خەریکم وا بکەم • دەمەوێ بچمە مۆسکۆ بەڵام لەوێ کەسم نی‌یە ، نە خزمێـك ، نە برادەرێك ، نە ناسیارێك ، هیچ جێگاش نی‌یـــە تێدا بژیم • تۆ چ‌دەڵێی ، ئەگەر ئەو پارەیەی لە کتێبە نوێکەمدا دەمکەوێ وەربگرم‌و بچمە مۆسکۆ ، دەبێ جێگایەکم دەست بکەوێ تێدا بحەوێمەوە » ؟

« بۆ دەستت ناکەوێ ! ئەگەر پارەت لە گیرفاندا هەبێ هەموو دەم دەتوانی ژوورێك بەکرێ بگری » •

« مەبەستم ئەوە نی‌یە • مەبەستم ئەوەیە ئاخۆ دەبێ ژنێکم دەست بکەوێ ؟ قەیدی نی‌یە ، بـا پیر بێ ، با ناشیرین بێ ، بەڵام بەهرەدار بێ • هەر ئەوەندەم دەوێ شیعرەکانم بکاتە ڕووسی‌و تەکانێکم پێ بدات‌و بجـــووڵێمەوە • کـــە جووڵامەوە من خۆم چارەی خۆم پێ دەکرێ • ئەگـــەر وانـەبێ لەناو قاوغی نەتەوەکەمدا وشك هەڵدەگەڕێم‌و چك دەکەم » •

تەماشایەکم کرد : لاوێکی بیست‌و پێنج ساڵە ، قەوقاسی‌یەکی خوێن گەرم ، کڵپەی زیندوویی لێ هەڵدەستا ، مووی دەستی زبر بوو ، هەتا پەنجەکانیشـی داپۆشـیبوو • مووی سـنگی هێندە ڕەق بوو دەتگـوت بزمارە لـە دیـوار کوتراوە • لێوی ئەستوور بوون ، چاوەکانی بەپێچەوانەی ڕووی ئەسمەرو تاری شین وەکو گۆمی قووڵ وابوون • ددانی گەورەو سپی بوون • لوولاقی وەکو کاریتە وابوون • هەموو لەشی ماسوولکەی لێ دەرپۆقیبوو • بەکورتی : منداڵێکی سەرەتایی سروشت بوو • لەم شارە چەند ملیۆنی‌یەو تەنیا سێ سـاڵ دوای جەنگ ئاخۆ دەبێ لە پەیداکردنی ژنێکدا چ گرفتێکی بێتە پێش ؟

ئاوهام پێ گوت :

« تەنیا لە ناوەندی شەقام بوەستەو فیکەیەك بکێشە ، هەموو تەرزە ژنێك دەکەونە شوێن دەنگەکەوەو دەورت دەدەن » .

برادەرەکەم وەك منداڵ شاگەشکە بوو . هەستایە سەر سەرو لەسەر لەپ ڕۆیشت‌و چوە ناو دەریا . بەڵام بەر لەوەی خۆی نقوم بکات بانگی کردم :

« ئامۆژگاریت چی‌یە ؟ چۆن بچمە مۆسکۆ ؟ بە فڕۆکە یان بە شەمەندەفەر ؟ » .

دوای نیو ساڵ بەسەر بارەگای (دەزگای بڵاوکردنەوەی پاسەوانانی لاو ) کەوتم . لەسەر پێپلکەی نهۆمی چوارەم شەپقەکەم لە بەفر دادەوشاند کە تووشم بوو بە تووشی شاعیرە تاتەکەوە . بەرەو ڕووم دەهات ، ئەو شاعیرەی کاتی خۆی لە قەراخ دەریای قەزوین داوەتی کردم ، جانتایەکی زلی لە بن‌هەنگڵی نابوو . ڕاستی ، یەکەم شت کە سەرنجی ڕاکێشام چۆنیەتیی جانتا هەڵگرتنەکەی بوو . وەکو نووسەران بە دەستی‌یەوە نەگرتبوو ، وەکو ژمێریارو ئەمینی‌دارایی خستبوویە بن‌کەشی‌یەوە ... هەستم کرد کە ماوەی ئەم شەش مانگە زۆر زۆر گۆڕاوە . پرچی کە وەکو پەڕی سیخوڕ وابوو ئێستا زۆر بە نەرم‌و ڕێك‌وپێکی داهاتبوو و زوڵفێکی وەکو هی دیسەمبەری‌یەکانی بەردابووەوە . پێنۆکی قلینچکی ئەوەندە تیژو درێژ بوو دەتگوت سەرەنێزەیە . یەنجەیەکی‌تریشی ئەڵقەیەکی گەوهەربەندی تێدابوو . لە جیاتیی بۆینباغ شتێکی وەکو دوو باڵە قالۆچەی لە یەخەی دابوو . نموونەیەکی پاکی‌و پۆشتەیی بوو .

چاك‌و خۆشیمان لە یەکتر کرد . بۆینباغەکەی بۆ ڕاست کردمەوە ، دیارە دەبێ تێك‌چووبێ ، هەڵبەتە منیش سوپاسی ئەو زەحمەتەیم کرد .

ئەحمەد ، منی پێشکەش ژنەکەی خۆی کردو ژنەکەیشی پێشکەش من کرد • ژنەکەی سێ پەنجەی بۆ درێژ کردمو گوتی :

« شادوماتم بە ناسینتان » •

ئێمە لە داغستان عادەتمان نی‌یە دەستی ژنان ماچ بکەین ، بۆیە تەنیا دەستیم گوشی‌و بەس • بەڵام ژنە ئەوەندە بە ئازارەوە چریکاندی دەتگوت هەموو هێسکی دەستیم وردو خاش کردوە •

« ببوورە چیایی‌یەکی نەزانم • بە ئەنقەس وام نەکرد » •

بڵماندی : « پێویستە نەختێ فێری سەقافەت بی » •

چوە لای ئاوێنەکەو بەنازەوە لە بەردەمی ڕاوەستاو دەستی بە تاس‌و لووس کردنی خۆی کرد وەك ئەوەی کە ئاوێنەکە بتوانێ شێوەی دەرەوەی بگۆڕێ‌و جوانتری بکات •

بەڵێ ، ئافرەتێکی پیرو ناشیرین بوو • ئەوەندەی پۆدرە لە دەم‌و چاوی دابوو بایی سپی کردنی ژوورێکی مامناوەنجیی دەکرد • زۆرم داخ خوارد کە ئەو دەمە ئەبووتالیب لەوێ نەبوو تا وەسفێکی پڕ بە پێستی خۆی بکات •

دەڵێن هیچ شتێك لە ڕێوی‌و کلکە ڕێوی زیرەکتر نی‌یە ، بەڵام دەبێ ئەو ڕێوی‌یە بۆزە چەند دەبەنگ بووبێ کە ببوو بە یاخەی ئەم پیرەژنە ئۆینبازە » •

ژنە چوو گۆڤارێك بکڕێ‌و من‌و ئەحمەد بەتەنێ ماینەوە •

« ئێ برادەر چۆنی ، لە چ‌دای ؟ »

« تواهوو ! دەڵێی ئەو گامێشەم کە نیسکی بێ گێرە دەکەن • ئەرکی خۆم‌و ئیشەکانمی گرتۆتە ئەستۆی خۆی • ئەتۆ نازانی چەند ڕۆشنبیرو تێگەیشتووە ! جا چەند زیرەکە !! دۆستێکی زۆر نزیکی بلۆك‌و مایاکۆڤسکی

بوەو لەگەڵ سێرگێی یەسینیندا هاوڕێی گیانی بە گیـــانی بوون • لە پاریـــس ژیاوە • ئینگلیزی یەکی زۆر باش دەزانێ •

خانوویەکی چوار ژووریمان هەیە ، هـــەر بۆ خۆمان • هیچ منداڵمان نی یە • یەك سەگمـــان هەیە ناوی (تۆشیك)ە[1] • بە ڕەسەن ژاپۆنی یەو لە پشیلە گچکەترە •

« بەڵێ ، بەڵێ ، دیارە لـــە ژیانێکی بەختـــەوەردایت • ئەدی ئێســـتا کوێوە دەچی » ؟ •

« هەندێ شیعرم داوەتە گۆڤاری ـ موورزیلکا ـ ی منداڵان بەڵام پێ یـــان گوتم ئەم شیعرانە زۆر گرانن ، بۆ منداڵان ناشێن • وابزانم دەیاندەمە گۆڤاری لاوانی کۆڵخۆز ، لەوێ ڕایان لێ دەبێ • هەر ئەوەندەیان دەوێ دێڕێکی بـــۆ زیاد کەم وشەی کۆڵخۆزی تێدابێ • ئـــەم ئێوارەیـــە بۆیان ڕێك دەخـــەمو دەیاندەمێ •

ئای ڕەسووڵ ، ئەمەیـــە تەنیا ڕێگای ژیان و ئیش کردن • ژنەکەم دەڵێ منداڵ پێش ئەوەی فێرە ڕۆیشتن بێ ، دەبێ ، گاگۆڵە بکات • کە وەختی هات دەبم بە خاوەنی دەنگ و پیشەی ڕاستەقینەی خۆم » •

ژنەکەی کە ئەولاوە هاتەوە بەتوندی تێی ڕاخوڕی :

« ئەلیۆشا ، با بچین خواردن بدەینە ـ تۆشیکا ـ و لەوێوە دەگەڕێینەوە بارەگای نووسینی ـ کرۆکەدێل ـ و ـ ڕابۆتنیتسا ـ » •

تا ماوەیەکی زۆر ئەحمـــەدم نەدیتەوە • ڕۆژێکیان نامەیـــەکی بۆ ناردم داوای کردبوو گۆزەیەکی لە بەلخار بۆ بە کردن بدەم لەسەری نووسرابێ : « بۆ ژنە خۆشەویستەکـــەم » • داواکەم بەجێ هێناو لە دڵی خۆمـــدا گوتـــم

(١) لە ئینگلیزی یەکەدا (تەرەزان)ە •

بێ‌گومان ئەم کابرایە زۆر قەرداری ژنەکەیەتی بەرامبەر بەم هەموو کارەی بۆی کردوە ...

زۆر جار شیعرەکانی وەردەگێڕایە سەر زمانی ڕووسی‌و لە (مووزیلکا)و (پایەنیر) و (کرۆکەدیڵ) بڵاودەکرایەوە . کەچی هەرگیزاو هەرگیز شتێکی بە زمانی زگماکی تاتیی خۆی لە مەحەج قەلا بڵاو نەکردەوە .

زۆرجار داوام لێ دەکرد شتێکمان بۆ بنێرێ بەڵام هیچ وەڵامم بۆ نەدەهاتەوە .

تا پازدە ساڵ چاومان بە یەکتر نەکەوتەوە . پاش ئەو پازدە ساڵە لە مۆسکۆ ، لە میهرەجانی هونەری داغستان کە چل شاعیرمان تێدا بەشدار بوون یەکترمان گرتەوە . لە هۆڵی کۆلەگان‌و شانۆی کرملین‌و کارگەیەکی ئۆتۆمۆبێل‌و تیپی پاسەوانەکانی (کانتیمیرۆفسکایا)دا شاعیرەکانمان بە گەلێ زمانەوە شیعریان پێشکێش کرد .

لە ئاهەنگی کۆتایی میهرەجانەکەدا بوو برادەرە تاتەکەم زۆر بە تاسەو پەرۆشەوە خۆی کوتایە بەنا پەردەی شانۆ ، دەگەڕا قسەیەکمان لەگەڵ بکات . بە پاڕانەوە پێی گوتم :

« ڕەسوول ، تۆ بێ خوا بمبەوە داغستان ، بۆ ڕیش چووم سمێڵیشم لەسەر دانا[1] » .

بەمجۆرە گەڕایەوە داغستان بەڵام هەرچی‌و چۆنێك بێت نەیدەتوانی پەندوورەکەی لێ بدات ، نەیدەتوانی کلیلەکانی توند بکات . وەکو جامێکی درزبردوو وابوو کە هەموو شەرابەکەی لێ چۆڕابێتەوەو هەرچەندی بتەوێ درزەکە بگری شەرابی هەر لێ بڕژێ‌و لەبەری بڕوا .

(١) لە ئینگلیزی‌یەکەدا دەڵێ : لە دونگێکی قەلەو دەگەڕام کەچی دونگە لەڕەکەی خۆیشم لەدەست چوو . بەڵام من بەم پەندە کردمە کوردی کە دەڵێ : ( بۆ ڕیش چوو سمێلیشی لەسەر دانا ) .

بە یەك وشـــە بیڵێین : یـــەكێ بـەهـرەی نەبێ وەرگێڕ ناتوانـــێ بیكاتە بەهرەدار .

هەندێ كەس دەڵێن : ئەفەندی كەپاییف سلێمان ستالسكیی دروست كردوە . هەندێكیش دەڵێن : سلێمان ستالسكی ئەفەنـــدی كەپاییفی دروست كـردوە . ڕاستی یەكەی ئەمەیە كە ئەوانە هەردوكیان بەهرەدار بوون . بەهرەی ئەفەندی ئەفەندیی دروست كردو بەهرەی سلێمانیش سلێمانی دروست كرد .

بە ئیزا دەڵێم : ئەمە ناونیشانێكی زۆر باشـە بۆ ئەو چیرۆكـــەی كە تازە هاتەوە یادم :

لە ( ئامۆژگەی مامۆسـتایانی داغسـتان ) یەكێ لــە هاوڕێكانم محەمەد سلێمانۆڤ بوو كە ئێستا نووسەرێكی بەناوبانگی داغستانە . هــەر لە منداڵی یەوە زۆر چەشنە بەهرەی هەبوو : شیعری دەنووسی ، (یەڤگێنی ئەنێگین)ی پوشكینی زۆر پێخۆش بوو . هێشتا قوتابی بوو خۆی خۆش كردبوو (یەڤگێنی ئەنێگین) وەرگێڕێتە سەر زمانی ئاڤاری . كە چوە سەنگەری شەڕیش كتێبەكەی هــەر پێبوو . لە كۆتایی جەنگدا محەمەد بە گوللەو ساچمەی تۆپ و نارنجۆك وەك سەرەندو بێژینگی لێ هات و كەوتە نەخۆشخانەی سەربازی لە مۆسكۆ . لەوێ تووشی كچێكی مۆسكۆیی بوو كە ناوی ماریا[1] بوو . كاتێك كە برینەكـانی سارێژ بوون ماریای خواست و گواستیەوەو لە مۆسكۆ گیرسایەوە .

كە بۆ خوێندن چوومە مۆسـكۆ بە یارمـەتیی (پرسگە) شوێنەكەیــم دۆزی یەوە ، من لەو دەگـــەڕام و ئەویش لـە من . ماریا قـــەت گفتوگۆی برادەرانەی پێ نـــەدەبڕین و خۆی تێ هەڵنـــەدەقورتاندین . هــەرسێكمان ماوەیەكی زۆر بەدەوری شـــەرابی خەســـتدا دانیشتین . محەمـــەد باســی جەنگی بۆ كردم و منیش باسی داغستان و چیاكان و گوندی خۆمانم بۆ كرد .

---

(١) لە ئینگلیزی یەكەدا (ڤالیا) یە .

شیعرم بۆ خوێندەوە ، شیعری خۆمو شیعری شاعیرە لاوە ئاڤارەکانی‌ترم بـــۆ خوێندەوە ••• پاشان لە محەمەدم پرسی داخۆ نەخشەی دواڕۆژی چی‌یە ؟

« زۆر بیرم لەم مەسەلـەیە کردۆتـــەوە • بەڵام ماریا پوورێکی هەیە ، پوورەکەیشی برادەرێکی هەیە ناوی ئیزایە • ئیزا پیاوێکی وایە لە مۆســـکۆ دەستی دەڕوا •

پووری ماریا بینی من پەرێشانم گوتی : محەمەد بۆچی خۆت پەرێشـان دەکەی ؟ بە ئیزا دەڵێم‌و ئەویش ئیشێکت بۆ پەیدا دەکات •

ڕاستی ، ئیزا کارێکی باشی لە ئاکـــادێمیا بۆ دۆزیمەوە ، ئێستـــا ئەوێ ئیش دەکەم » •

« ئەدی چیت لەگەڵ یگار کێشان کرد » ؟

« جەنگ هەموو لەشی بە گوللە نەخشاندووم • لێرەوە وازی لێ دێنم » •

« ئەدی شیعرەکانت » ؟

« ڕەسووڵ ، شـــیعر هیی دەوری هـــەرزەکاری بوو ئێستا لـــە خۆم گەڕاومەتەوە ، دەبێ ئیشی پیاوانە بکەم » •

« ئەدی چیت لە (یەڤگێنی ئەنێگین) کرد ؟ »

برادەرەکەم داما • دیاربوو برینێکم کولاندبوەوە •

« بۆ ناگەڕێیتەوە داغستان ؟ »

« ئەدی چ لە ماریا بکەم ؟ »

« لەگەڵ خۆتی بێنە »

« بێجگە لە ماڵی دەشتێ ماڵی‌ترمان نی‌یە • ناتوانم ماریا بەمە ئەوێ • بۆ ؟ ماریاو دایکم لە یەك حاڵی نابن • یان دەتەوێ تەرجومانێك لەگەڵ خۆمان بەرین تا ماریا لە دایکم بگات‌و دایکیشم لە ماریا بگات » •

بۆئەوەی ئەم باسە بگۆڕم کـــە محەمەدی ئازار دا ، پێکێکم بە خۆشیی محەمەدو ماریاو (یەڤگێنی ئەنێگین) هەڵدا .

جارێکی‌تر کە هاتمەوە دیدەنیی محەمەد ، ماریا پێی‌گوتم محەمەد تـەواو گۆڕاوە ، شەوو ڕۆژ بەردەوام ، هەرکاتێ کە بۆێش بێ ، بگرە زۆر جار لە کاتی نانخواردنو نووستنو حەوانەوەشـــدا دادەنیشێو دەنووسێ . ئەوەی دەینووسێ دەیدڕێنێ ، دووبارە دەینووسێتەوەو دیسان دەیدڕێنێ .

پووری ماریا ماوەیـــەك خۆی لێ دانووساند ، ویستی بزانێ ئاخۆ چ دەنووسێو بۆچی ئەوەی کـــە دەینووسێ جیڕ بە جیڕی دەکات . محەمـــەد پێی گوت :

« دەمەوێ ببم بە شاعیر . دەمەوێ (یەڤگێنی ئەنێگین) بکەم بە ئاڤاری » .

« جا چ‌بوە ؟ چما دەبێ ئاوا خۆت بکوژی ؟ بـــە ئێزا دەڵێم ، ئەو بۆت جێ‌بەجێ دەکات » .

« تواهوو !! نەخێر ، پووری ، نە ئێزاو نە سەرۆکی ئێزاو بگرە نە ژنی ئێزاش ، کەسیان ناتوانن بمکەنە شاعیر . ئەمە شتێکە تەنیا خۆم دەتوانم ... » .

هێندەی پێ نەچوو محەمەد بەشی یەکـــەمی (یەڤگێنی ئەنێگین)ی کردە ئاڤاری و بۆی خوێندمەوە . دوای سێ ساڵ وای‌لێ‌هات هەموو ئاڤارێك ئـــەم شیعرە بە زمانی ئاڤاری خۆمان بخوێنێتەوە .

وێنەی کێ دابندرێ : دەڵێن ژنی چاپوكو چالاك دەتوانێ وا لە مێردەکەی بکا کە لە دونیادا هەڵبکەوێ .

بەڵێ ، من ژنی‌وام دیوە . شاعیرێکمان کە زۆر چاك لە داغستان ناسراوە ژنێکی لەوجۆرەی هەیە . تەنیا ناوی بێ ، سەرابای یەکێتیی نووسەرانو گشت دەزگاکانی بڵاوکردنەوەو تێکڕای ڕۆژنامەکان دەکەونە لەرزین .

منیش لێی دەترسام ، جا بۆئەوەی خۆی لێ بپارێزم وێنەی مێردەکـەیم لە ژووری خۆم هەڵواسیبوو ، وامدەزانی هەوەسی بێ دێو بەنەرمی لەگەڵـم دەجووڵێتەوە ، بەڵام کەڵکی نەبوو ، دادی نەدام ٠ چونکە وێنەی مێردەکـەی کە لە ژووری مندا هەڵواسرابوو یەك کۆپێکی زیادەی بۆ ئەو تێدا نەبوو ٠

جارێکیان فەرمانی دا کە دەزگای بڵاوکردنــەوە زووبەزوو کۆمەڵـە شیعرێکی مێردەکەی بڵاوبکاتەوە ٠

بەڕێوەبەر بە ترس و لەرزەوە لێی پاڕایەوە کە پلانی بڵاوکردنەوەی ئـەو ساڵە تەواو بوەو نابێ دەستی لێ بدرێ ٠ کاغەز لە کورتیی داوە بەڵام بۆ ساڵی ئایندە شتێکی بۆ دەکرێ ٠

ژنە بە تووڕەیی قیژاندی : « بێویژدان ، نابێ حەیات هەبێ ، دەترسـی ئەوەك خەڵکی تێبگەن شیعری مێردەکەم تا چ ڕادەیەك لە شیعری تۆ باشترە ، بۆیە ئەم بڕو بیانوانەم بۆ دێنیتەوەو ئەم ئەفسانانە لـەبارەی کاغەزو پلانــەوە هەڵدەبەستی ٠ دەزانم چیت لە مێشکدایە لە من نابەیتەوە ٠ دەبێ کۆمەڵە شیعری مێردەکەم هەر چاپ بکەی !! » ٠

ژنە بە دەم ئـەم قسانــەوە ڕۆیشتو بەتوندی دەرگــای دەزگــای بڵاوکردنەوەی پێوەدا ٠

دوای دوو سەعات ، تەلەفۆنی سەرمێزی بەڕێوەبەر لێیدا ٠٠٠ سکرتێری لیژنەی هەرێمایەتی بوو ، تەلەفۆنی بۆ کرد ٠ سکرتێر تکای لێ کردو گوتی : « بکە لە ڕێی خوا شتێکیوا بکە ئـەم ژنــە چیتر نەیەتەوە سەرو کۆڵمان ٠ ناتوانم هێندە جامی سەر مێزەکەم بگۆڕم ٠ تازە دیسان مستەکۆڵەیەکی لێداو شکاندی » ٠

لەوباوەڕەدای ئەنجام بە چی گەیشتبێ ٠ (حاجی موراد) ی تۆلستۆی و

کتێبێکی منداڵانی هەمزە تساداساییان لە بڵاوی ئــەو ساڵە دەرهێناو کۆمــەڵــە شیعرێکی مێردی ژنە هارو هاجەکەیان خستە جێگەی ئەم دوو کتێبەوە .

هەق وابوو ئیتر ئەختێ ئاسوودە بین ، بەڵام نەخێر ، زۆری نەبرد هەراو هۆریایەکی‌تر قەوما . ئەمجارەیان هۆی ئەوەبوو کە وێنەی شاعیرەکە لەگــەڵ کۆمەڵە شیعرەکەیدا بڵاوتەکرابووەوە .

ژنە چریکاندی : « بێویژدان ، ناکەی حەیات هــەبێ ، دەترسی ئەوەلک خەڵکی تێبگەن مێردەکەم تا چڕادەیەك لە ئێوە هەمووتان کۆکترو جوانترە ، بۆیە وێنەکەیتان بڵاوتەکردەوە » .

بەڕێوەبەری دەزگای بڵاوکردنەوە وەڵامی دایەوە : « نەخێر ، لەبەرئەوە نەبوو ، لەبەرئەوە بڵاومان نەکردەوە نەمانزانی وێنەی کێ دابنێین ـ وێنــەی تۆ یا وێنەی مێردەکەت » ؟

ژنە خەندەیەکی خستە سەر لێوانو گوتی :

« کێ دەزانێ ؟ ئەگەر ئەمن نەبوومایە ڕەنگە هەر نەبووبوایە بە شاعیر » .
[ جارێکیان ئەبووتالیب ئەم شاعیرەی بینیو پێی گوت :

« گۆسا ، گوێت لێ بێ . یــەك هەفتــە واز لە ژنەکەت بێنە بۆ من ، یەکسەر مەدالیای (ستالین) وەردەگرم » .

« بە ڕاستە ئەبووتالیب ؟ دەنا ئەوە دە ساڵە من لــەگەڵی دەژیمو هێشتا پاداشی حاجی حەسوونیشم وەرنەگرتوە » .

« کەواتە داوای ئەختێ بەهرەی لێ بکە[1] » ] .

---

(١) ئەم چەند دێڕەی نێو ئەم دوو کەوانە لە دەقە ئینگلیزیەکەدا نەبـــوو . لە عەرەبیەوە کردوومە بە کوردی کە عبدالمعین الملوحی چەند بەشێــکی ئەم بەرگەی کردۆتە عەرەبیو لــــە گۆڤاری (الآداب الاجنبیة)دا بــڵاوی کردۆتەوە . ئەمە لە دەقە ڕووسیەکەشدا هەبوو .

## چیرۆکی ئەبووتالیب و خاتیمە :

ئەبووتالیب جاران شـوان بوو . پاشانیش کـه مەراقی کەوتە سـەر تەنەکەچێتی ، شمشاڵی دەوری شوانێتیی هەر پێ‌بوو ، هەرکاتێ دەرفەتی بوایە شمشاڵی لێ‌دەدا . ئەم پیشە نوێ‌یەی وای‌دەویست گوند بە گوند بگەڕێ .

هەندێك دەڵێن لە گوندی (کولی) بوو ، هەندێکی‌تر دەڵێن لە گونـدی (کوموخی) بوو کـه کچێکی نازداری خاتیمـه ناو هاتـه لای ئەبووتالیب ، مەنجەڵێکی پێ‌بوو .

ئەبووتالیب وەختێکی زۆری بە چاك کردنەوەی مەنجەڵەکەوە بردە سەر . لە سەرەتاوە مەنجەڵەکەی وەلا ناو جگەرەیەکی کێشا ، ئینجا نەختێ شمشاڵی لێ‌داو پاشان زۆر چەشنە چیرۆکی بۆ خاتیمە گێڕایـەوە ؛ هەندێکیان ڕاسـت بوون ، هەندێکیان ڕاست نەبوون .

خاتیمە ئارامی لێ بڕا . ویستی تەنەکەچی دنە بدا بۆئەوەی ئیشەکـەی زوو ڕایی بکات . بە بەری‌دا کەوت :

« دەبوا جگەرەکەت نەختێ کورتتر بێت ! »

« نەخێر ، خاتیمـەی نەشـمیل ، ئێستا جگـەرەکـەم یاردێك درێژ دەکەمەوە » .

لەئاکامدا ، کچـه ڕکی بووەوە ، ئیدی ئەبووتالیب چاری ناچار بـوو مەنجەڵەکەی بداتەوە . ئەبووتالیب خۆی زۆر پێوە ماندوو کردبوو . وەکـو مەنجەڵێکی نوێی لێ هاتبووەوە . بەڵام کاتێ کچە مەنجەڵەکـەی پڕ ئاو کرد ، یەکسەر ئاوی لێ چۆڕایەوە . بە تووڕەیی‌و بە چاوی پڕ فرمێسکەوە گەڕایەوە لای ئەبووتالیب :

« سەیر کە ، خۆت چەند بە چاك کردنەوەی مەنجەڵەکەمەوە ماندوو کرد ، لەگەڵ ئەوەشدا لە جاران خراپتر ئاوی لێ دەچێ » .

« خاتیمە ، دڵگیر مەبە ، دەك لاوی گۆكو نەبەرد هەموو ڕۆژێ بـــەرد باوێنە مەنجەڵەكەت ، بە قەستی كونێكم تێدا هێشتەوە تا بێیتەوە لامو بە دیدارت شاد بمەوە » .

خاتیمە قیژاندی : « نەوەڵڵا ، بەرد باوێنە سەركی تۆ نەك مەنجەڵی من !» ڕۆیشتو هەرگیز نەگەڕایەوە .

ئەبووتالیب لە حەزمـــەتان وێڵهاتەوە . ئەوینی خاتیمە لە دەروونیـــدا كڵپەی سەند . تا ئاگرەكە خۆشتر دەبوو ئەم پووتو لەڕو لاوازتر دەبوو .

ئەبووتالیب لەئەنجامی ئازارو خەمو خەفەتو هەژانەوە شیعرێكی لەبارەی خاتیمەو ئەوینی خاتیمەوە نووسی . پاشان شیعرێكی‌تری نووسی‌و دە شـــیعرو بیست شیعری نووسی . بەمجۆرە ، ئەم تەنەكەچی‌یە بووو بە شاعیرێكی ناودار .

لەو ماوەیەدا خاتیمە مێردی بە كوڕێكی گەنج كرد ، ناوی (حاجی) بوو . زۆری نەبرد خۆی پێ تەڵاق داو ئەمجارەیان شووی بە (مووسا) ناوێك كرد .

ڕۆژێكیان ئەبووتالیبی شاعیری ناودار بە ناوبازاڕدا دەڕۆیشـــت . یەكێك بانگی كرد :

« هۆ ، ئەبووتالیب ، مەنجەڵەكەم چاك ناكەیتەوە ؟ »

شاعیر كە ئاوڕی دایەوە چاوی بـە خاتیمە كـەوت ، بینی دەردو پیری پشتیان چەماندۆتەوە .

« ئەبووتالیب ، وا بزانم ئێستا گەلێـــك شانازی بە خۆتەوە دەكەی ... سەیر نی‌یە ! دەبینم بەرۆكت بە میدالیای میری ڕازاوەتەوە . وازت لە پێشەی تەنەكەچێتی هێناوە ، بەڵام نەختێ بیر بكـــەوە ، من بووم تۆم كردە شاعیر . ئەگەر كاتی خۆی مەنجەڵەكەم نەهێنابوا لات تا ئێستاش دەبوا لە بازاڕ هـــەر لە دووكانێ دابنیشی‌و تەقەی چەكوشت بێ » .

« ئێ ، خاتیمە ، مادام هێندە بە دەسەڵاتی‌و بە ڕاستی خەڵکت پێ دەکرێتە شاعیر ، ئەدی بۆچی (حاجی)ی مێردت نەکردە شاعیر ؟ بۆچی کەس گوێی لە گۆرانی‌یەکانی مووسای مێردی دووەمت نەبوو ؟ .

ئەبووتالیب ڕۆیشت . خاتیمە لە شوێن خۆی تاسا . دەمی بەش کردەوە . نەیزانی چۆن وەڵامی بداتەوە تا دڵۆپە بارانێکی پێ کەوت‌و هاتەوە سەر خۆی .

نەخێر ، ئەگەر یەکێ هیچی لەباردا نەبێ کەس ناتوانێ‌و ئەو دەسەڵاتەی نی‌یە بیکاتە شاعیر .

باوکم جارێکیان بۆی گێڕامەوە : کە یەکەم جار دەستم بە شیعردانان کرد ، کۆنە برادەرێکی باوکم کە کابرایەکی گران‌و سەنگین‌و بەناوبانگە لە داغستان ، پێی گوت :

« ئێستا زۆر شتی چاکە ڕەسووڵ تا بناگوێ لە خۆشەویستیدا نقوم بێ . گرنگ نی‌یە تا چ ڕادەیەك بەم خۆشەویستی‌یە شادومان دەبێ یان سەخڵەت ؟ گرنگ نی‌یە ئاخۆ خۆشەویستی‌یەکەی قبووڵ دەبێ یان نا . ڕاستی وا باشترە کە لە خۆشەویستی‌یەکەیدا نائومێد بێ‌و لە دەردو ئازارو ناخۆشی بەولاوە هیچی دەستگیر نەبێ ، بەمەوە یەکسەر دەبێتە شاعیرێکی گەورە » .

برادەرەکەی باوکم کچێکیشی دەستنیشان کرد ، کچێکی جوان‌و شۆخ‌و شەنگ بۆئەوەی جەفاکاریم لەگەڵدا بکات ، ئازارم بدات ، شێت‌و شەیدام بکات ، تا ئەنجام شاعیرم لێ دەربچێ .

باوکم بە برادەرەکەی گوت :

« سەیری کە لاوی ئاشق چەند زۆرن . ئایا هەموویان شاعیرن ؟ دڵداری بە تەزاکەت بەهرەی دەوێ : بێ گومان ، بەهرە بۆ دڵداری زۆر گرنگترە تا دڵداری بۆ بەهرە . نکوولی ناکەم کە دڵداری بەهرە پەروەردە

دەکات بەڵام ناتوانێ جێگەی بگرێتەوە ، لەبارەی ڕق و کینەشەوە ، کە هەستێکی پێچەوانەی خۆشەویستی یە ، هەمان شتە » .

« دە وەك نموونـەیەك مەحموود وەربگـرە کـە گۆرانی بێژێکی خۆشـەویستی یە » .

« ڕاست دەکەی مەحموود قەرداری خۆشەویستەکەیەتی کـە بۆتـە ئەم شاعیرەی ئێمە دەیناسین ، بەڵام من دڵنیام ئەگەر مەحموود دڵبەرەکەیشـی نەبوایە هەر دەبوو بە شاعیرێکی گەورە . گیانی یاخی و هەڵچوون و گەڕانـی دەروونی دەروویەکی بۆ دەبووەوە ، هەروەکـو چـۆن بنجـە گیای ناسك لەنێـو زەویی ڕەق و تەڕو تاردا ڕێگەی خۆی دەکاتەوەو بەرەو خۆر سـەر هەڵدەکێشێ . بـۆ ؟ خـۆ جاریوا هەیە گیا لەژێر بەردیشدا چەکـەرە دەکـات .

پیاو ناتوانێ باوەڕ بەمە نەکات کـە ئاگر چۆن دارودووو دەخوا بەهەرەش ئاوها لەسەر هەستی مرۆڤایەتی ، لەسەر کینـــەو خۆشەویستی دەڵەوەڕێ . شیعریش لە خەندەی شیرین و فرمێسکی تاڵەوە لەدایكدەبێ .

بەڵام ئەوەی کە دەمەوێ بڵێم بەم دوو نموونەیە باشتر ڕوون دەبێتەوە :

« چ خەمێك دەگاتە خەم و جەخاری ئەو دایکەی کوڕی لەبـــەر زگ هەڵگیراوە ؟ ئا ئەوەتا خەڵك گردبوونەتەوە بۆئـــەوەی کوڕەکەی بنێـژن ، سەرباری ئەمەش دایکە کپ و خامۆشە ، فرمێسکی بە ڕوودا دێتە خوارێ . ناتوانێ خەفەتی خۆی بە وشەیوا دەربڕێ کـــە وا لەوانەی تر بکا وەکـو ئەو بە سفت وسۆ بگرین ... ئینجا ئەوانەی پیشەیان سەردوولکەخوانی یــە دێن و دەگەنە جێ . هیچ فرمێسکیان لە چاواندا نی یە ، چونکە خەم خەمـــی ئەوان نی یە ، خەمی خەڵکی ترە ، لەگەڵ ئەمەشدا کـــە هەڵیان کردە هونـــەرە تۆقێنەرەکەیان ، ئەوانەی لەوێن هەموو بەجارێ لە پرمەی گریانێ دەدەن .

ــــ من دەڵێم ئەوانە هونەرەکەیان هونەرێکی تۆقێنەرە • بەڕاستی تۆقێنەرەو سەختیشە ؛ چونکە تاوانە دەیکەن •

خۆڕا نی‌یە ئاینی ئیسلام دەڵێ ئەم جۆرە سەردوولکەخوێنانە وەکــــو تەڵەکەبازو دووڕوو و بوختانکەران هەتا هەتایە بەشیان هەر ئازایە •

بەڵام ئەو هونەرەی کە هەموو ئامانجی تەنیا گریاندنی خەڵك بــێ جیی لەگەڵ دەکرێ ؟

بەپێچەوانەی ئەمەوەش ؛ چ خۆشی‌و شادی‌یەك دەگاتە خۆشیی ئـــەو دایك‌و باوکەی کوڕیان فەراقە بووبێ‌و بێ‌ڕاگەیشتبێ‌و خەریکی ژنهێنان بێ ؟ بەڕاستی زەماوەند گێڕان خۆشە • خەڵك لە زەماوەندا گۆرانی دەڵێـــن‌و ســەماو هەڵپەڕکێ دەکەن •

بێ‌گومان دایك‌و باوکی زاوا لە هەموو کەس بەکەیفترن ، بەڵام تـایـا دەتوانن کەیفی دڵی خۆیان بەجۆرێکی‌وا بە قسەو گۆرانی دەربڕن کە هەموو ئەوانەی بە شادومانی‌یەوە هاتوونەتە زەماوەندو زەماوەندەکە بۆ ئەوان نی‌یــە وا هەست بکەن کە زەماوەندەکە زەماوەندی خۆیانە ؟ نەخێر ، ناتوانن • بۆیـە ئەو دایك‌و باوکە دێ بە دێ بەدوای گۆیندەی چاکدا دەگەڕێن بۆئەوەی بێـن ئاهەنگیان بۆ گەرم بکەن •

گۆیندە دێن‌و دەگەنە جێ •

دوێنێ لە زەماوەندێکی‌تردا گۆرانی‌یــان دەگـــوت ، بەیانیش بـۆ زەماوەندێکی‌تر گۆرانی دەچڕن •

بەلای ئەوانەوە هەمووی یەك شتە ؛ بەڵام ئەو پسپۆڕی‌و لێزانی‌یــەی ئەوان هەیانە شادی‌یەکــی زۆرو کەیفێکـــی ڕاستەقینە دەخاتە دڵــی خەڵکـــەوە» •

ئینجا ، ئایا شارەزایی کەڵەکەبووی ژیان بەهرە دەگەشێنێتەوە ؟ ئایا هەموو دیاردەیەکی بەهرەی هونەری ئەنجامی زانینی زۆرو چارەنووسی ئاڵۆزو ڕاستەقینەی مەزنە ؟ ئەگەر وایە ئەدی ئەمە چۆن‌و بە چ لێک‌بدەینەوە کە مێرد منداڵێکی چواردە ساڵانی ئاڤاری ، زێدە لەباری هەندێ کوێر ، بتوانێ بە ئاوازی بەتدوورەکەی هەموو گوندەکانی ئاڤاران سەراسیمە بکات ؟ ئەمە چۆن و بە چ لێک‌بدەینەوە کە منداڵێکی‌تری محەمەد ڕەجەبۆف نــاو لــە منداڵی‌یەوە لەسەر جێ‌و بالینگان کەوتوەو گۆرانی‌یەکی‌وای بۆ دایکی داناوە لە سەرانسەری ئاڤارستاندا دەیچڕن ؟ ئەحمەد تسۆرمیلۆف ئاوازی بۆ گۆرانی‌یەکە داناوە . ئەم ئەحمەدەش پیاوێکە شەپلە لە لاقی داوە . جارێکیان ئەمن ئەم دێڕانەم بۆ نووسی :

**مەندۆلینەکەت هەشت ژێی هەیەو**
**هەشتا ئاوازی لێ هەڵدەستێ**

کوێری بەهرەدار لــە (بینا)ی بێ‌بەهرە زیاتر شــت بەدی دەکــات .

گوتوویانە : پیاوی ژیر لە ژووری خۆی دابنیشێ گەلێ لەو گەوجــە زیاتر شت دەبینێ کە بــە سەرانسەری دونیادا سووڕابێتەوە .

لەمەش زیاتر ، کاتێ کە مەحموودە کوێر لە بازاڕێ دەرۆزەی دەکرد هەرگیز لە ژماردنی ڕۆژانەکەیدا هەڵەی نەدەکرد .

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : ئەگەر نهێنیی بەهرە هەمووی هەر لە دیتن‌دا بێ ، ئەدی (کۆخجۆرسکی)ی شاعیری لیزجی ، کە خان هەردوو چــاوی دەرهێنابوو ، چۆن دەیتوانی گۆرانی بڵێ ؟

ئەگەر نهێنیی بەهرە لە ساماندا بێ ، ئەدی (عظیم أمین)ی شاعیری هەتیوو بێ‌نەوای لیزجی کووی توانی ئەو ناوبانگە بسەنێ ؟

ئەگەر نهێنیی بەهرە لــە خوێندەواریدا بــێ ، ئەدی (سلێمان ستالسکی)

چۆن بوو بە (هۆمیرۆسی سەدەی بیستەم)؟ خـــۆ ئیمزای خۆیشی نەدەزانی • کە پێویستی بکردایە پەنجەی بە مەرەکەب دەکردو مۆرێکی پێوە دەنا •

ئەگەر نهێنیی بەهرە لە خوێندنەوەی زۆرو ڕۆشنبیریی فراواندا بــێ ، ئەدی ئەو هەموو خوێندەوارو شارەزایانە دەناسم بۆچ ناتوانـــن یەك تاکـــە دێڕی جوان بنووسن ؟

عادەت وابوو لە شـــاخان کە شـــەڕە شـــیعری خۆش دەکـــرا ، موتەعەللیمەکان[1] کە خوێندەوار بوون‌و نووسین‌و خوێندنەوەی ئاقاری‌یـــان دەزانی لەلایەکەوە دەوەستان‌و شوانەکانیش کـــە نەخوێندەوار بوون‌و لـــە ئیشی خۆیان بەولاوە هیچیان نەدەزانی ، لەلایەکەی‌تر دەوەستان •

لـــە شـــەڕە شیعری نێـــوان ئەم دوو تاقمەدا بە زۆری هەر شوانەکان دەیانبردەوە •

دەنگی پێوانە بەسەتووی گۆرانی‌بێژە خوێندەوارەکان لەبەردەم ئـــەو گۆرانی‌یانەدا دەبەزی‌و دادەفرەقی کـــە وەکو بای تەلانە سەوزی شـــاخان ئازادو سەربەستن •

کەچی هەر دوو تاقم لە بەردەم ئەو شاعیرانەدا دەبەزیـــن کە هـــەم موتەعەللیم بوون‌و هەم شوان • ئەگەر مەحموودو هەمزەی باوکم بەشداریـــی شەڕە شیعرێکیان بکردایە ، ملیان لەبەر ملی یەکتر دەناو گۆرانی‌بێژەکانی‌تـــر لەدواوە بەجێ‌دەمان •

یان ئاخۆ نهێنیی بەهرە لە زیرەکیدایە ؟ بەلام من لە مۆسکۆو لە ولاتـــی بێگانان پیاوی زۆر زیرەکم دیوە ، ئەگەر ئەو زیرەکی‌یە بکەوتایە قالبی شـــیعر یا بوایە چیرۆك‌و ڕۆمان موعجیزەی هونەریی زۆر بەرزو بێ‌هاوتامان چنگ

(١) موتەعەللیم : وشەیەکی عەرەبی‌یە ڕەسووڵ وەکو خۆی بەکاری‌هێناوە •

دەکەوت ، بەڵام شتێك هەیە لێ ناگەڕێ بیرە زیرەکەکەیان لە نووکــــی پێنووسەوە بکەوێتە سەر کاغەز • جا ئەو بیرە زیرەکەیان ، یان دەکەوێتە دەم با ، یان لەگەڵ خۆیان دەیبەنە گۆڕەوە •

کەوابوو ئەدی ئاخۆ نهێنیی بەهرە لە کاری ســــەختو ئارەقــــەی نێوچەواندایە ؟ زۆر جار بیستوومە دەڵێن شتی وەکو بەهرە لەخۆڕا پەیــدا نابێ • بەهرە شتێکە بە کاری سەختو گران دەستگیر دەبێ •

من بەش بەحاڵی خۆم خوێندنی ئەو بولبولەی بە شادومانییەوە لەسەر چڵی درەختێك نیشتبێ لە زەڕەی ئەو کەرە پەسندتر دەکەم کە لەژێــــــر باری گراندا تکەنکی بێ •

ئەوەی گالیسکەی گران ڕادەکێشێ گۆرانی ناچڕێ ، گــۆرانی لــەو کەسەوە دێ کە سواری گالیسکە بوە •

وەی خوای گەورەو گران ! ئەم دونیایە چ دونیایەکــی پڕ پێچەوانــەو ناکۆکیو دووبەرەکییە •

ئەگەر گۆرانی بەرهەمی تەوەزەلیی پیاوی گالیسکە سوار بێ ، ئایــــا هەموو هونەرێك بەرهەمی تەوەزەلیو بێکارییە ، بەرهەمی ئاسوودەیــــیو دڵنیاییو کەم ئەرکییە ؟

بەڵام ئەدی ئەو گۆرانییانەی کە لە کۆشكو تەلاری بەرزو ڕازاوەدا دەنگ دەدەنەوە هەر ئەوانە نین کە لــە کەپرو کەوێڵی سادەدا هەڵقوڵاون ؟ هەر هەزارو بێنەوان کە ئەم هەموو چیرۆكو ئەفسانانەیان لەبارەی خــانو دەوڵەمەندانەوە داناوە •

(شامخاڵ) ، (ئیرچی کازاك)ی هەڵدایە سیبیریا ، بەڵام (ئیرچی کازاك) لە دوور وڵاتیشەوە لە شیعر نووسین نەکەوت ، هەر بەردەوام بوو • ئەوەی

ئێستا لەبارەی شامخاڵی کۆمیکەوە دەزانین لە شیعرەکانی ئێرچی کازاکـــەوە پێمان گەیشتوە .

جیاییەکان (دێڤید گۆرامیشڤیللی)ی شازادەی گەنجی جۆرجیایـــان فڕاندو لە (ئۆنتسۆکۆل) خستیانە ناو زیندانێکی قووڵ . شازادە، لەو زیندانـە تەنگو تارەدا، غەریبیی وڵاتە جوانەکەی جۆرجیای خۆی هەستاو دەسـتی بە شیعر نووسین کرد .

عەیشێی کچی خانی خۆنزاخ حەزی لە شوانێکی لاوی کۆك کرد . کە باوکی بەمەی زانی لە ماڵەوە وەدەری نا . کات شەوێکی ساردی زسـتان بوو . دونیا ساردو سەقەم بوو . بەفر یەك چۆك کەوتبوو . ڕەشەبایەکـی ئەوەندە توندو تیژ بوو کراسە تەنکەکەی بەری زیوار بە زیوار کرد . ئـا لەم کاتەدا بوو کە عەیشێ یەکەم گۆرانیی دانا .

کەوابوو دەبێ نهێنیی بەهرە لە نەبوونـــیو لانەوازیو بێهێزیـــی ئادەمیزادەوە بێ؟ دەبێ داخو بەدبەختی خۆشترین گۆرانی بە بەرهەم بێنێ؟

ئەی شیعر!

ــــ ئەرێ تۆ چیتو چیت دەوێ؟ کاتێك سەرت لە باتیرای دا کە بە پیریو نەساغیو برسێتی لەبەر ئاگردانی ساردو سڕ کەوتبوو . کاتێك چوویتـــە لای مەحموود کە لەناو سەنگەرەکانی (کاریات)دا سڕ ببوو و دڵخوازەکەیشی کە لە خۆرو زەوی زیاتر بوو بۆی، ژیانی بوو، بۆ یەکێکیتر دەگوێزرایەوە . کاتێك چوویتە لای ئەبووتالیب کە بە داردەستو هەگبەکەیەوە دێ بـــە دێ دەگەڕاو (خاتیمە) پێی ڕازی نەبوو، چوو مێردی بە یەکێکیتر کرد . کاتێك چوویتە لای (ئێلداریلاف) کە پیاڵەی ژەهری لە دەست خوێنڕێژەکانـــــی وەرگرت . (زۆتی)ی نایبی تاوانبار لێوەکانی (ئانخیل مارین)ی بـــە دەزوو بەیەکەوە دووری، ئەو کاتە ئانخیل خۆشترین گۆرانیی چڕی، گۆرانییەکیوا کە تا نایب مابوو خەوو خۆشیی لێ حەرام کردبوو .

کەواتە ، ئەی بەھرە ، پێم بڵێ نهێنیی تۆ لە چیدایە و لە کوێدایە ؟

ئایا تۆ ویژدانیت ؟ سەربەرزیت ؟ دلێریت ؟ یـــان ڕەنگە ترس بیت ! پیاوی ترسنۆك کە شەو بە ڕێگادا دەڕوا گۆرانی دەڵێ بۆئەوەی زاتی بێتـــەوە بـــەر • ئـــایـــا تـــۆ بەختیاریت ، یـــان بەدبەختیت ، پاداشتیت ، یان سزایت ؟ ئایا تۆ جوانیتو بۆئەوە پەیدا بووی خەڵك ئـــازارت بەدەستـــەوە بکێشێ ، یا ئەو ئازارەیت کە جوانیی لێ پەیدا دەبێ ، یـــان دەشـــێ زادەی ڕۆژگارو ڕووداو بیت ؟! پڕووشکە ئاگر لە یێك کەوتنی دوو بەرد پەیدا دەبێ • جەنگ دانیشتوانی زەوی زیاد ناکا بەڵام ژمارەی پاڵەوانان زیاتر دەکات •

ئەمن نازانم بەھرە چی‌یە ؟ ھەروەکو چۆن نازانم شیعر چی‌یە ؟ بـــەڵام ھەندێ جار کە لە ڕێگاوە بەرەو ماڵ دەبمەوە ، یا کە لە وڵاتی بێگانانم ، کاتێ کە دەخەوم ( دامەنی کەڕکەکەم دەنووشتێنمەوە ) ، یا کە بەنـــاو سەوزەگیادا دەڕۆم ( سەوزانی‌یەکە دەڵێی لەناو خوێنمدا دەجووڵێتەوە ) ، کاتێ خواردن دەخۆم یا گوێ لە مۆسیقا دەگرم ، یا لەناو خاو خێزانەکەم دانیشتووم ، یـــا لەناو ئەڵقەی گەرمی برادەرانم ، کاتێ کە مەلۆتکەیەك دەخەمە سەر بـــاسکمو پڕۆزبایی گەشتی دوورو درێژی بەردەمی لێ دەکەم ، یا شان دەدەمە بـــەر تەرمی برادەرێكو بـــۆ دوا مەنزڵگای دەبەم ، یاخود کاتێ کە سەیـــری ڕووی ئازیزێك دەکەم ـ لەم ھەموو کاتو ساتانەدا ، بارێکی ناوازەو دەگمەنو سەیرم بەسەردا دێ • شتێکی بەھێزو ئاڵۆزو سەیرە ! ڕەنگە شادی بـێ یـــا خەم • بەڵام ھەمیشە ھانم دەدا ئیش بکەم ، قسەم پێ دەکـــا • ئـــەم شتە بـێ ئەوەی من لە دووی بنێرم یا خۆی ئاگادارم بکاتەوە ، دێتە لام •

دێتو وێنەی مەحموود دێنێ جاکەتە چەرکـــەسی‌یەکەی لەبـــەرەو پەندوورەکەی بەدەستەوەیەو گۆرانیی بەسۆزی دڵداری ئەوەنـــدە زۆرە تەواو نابێ • وێنەی باوکم دێنێ خەندەیەکی نەرمو غەمباری بە لێوەوەیە • وێنـــەی

(ئێلداریلاڤ) دێنێ پیاڵە زەهرێکی بەدەستەوەیە • وێنەی (مارین) دێنێ خوێنی لە لێوان دەچۆڕێتەوە کە ئەوەبوو بە فەرمانی نایبی زۆردار لێویان بەیەکەوە دووری • لە پەنا ئەوانیشەوە وێنەی گەورە پیاوان دیارە وەکو : دانتـــــی ، تۆلستۆی ، شیللەر ، بلۆك ، گۆتــــە ، بلزاك ، دەستۆیڤسکی •

هەندێ جار وام بە خەیاڵدا دێ کــە تیشکێکی ڕووناك لەناو تەمو مژدا دەبریسکێتەوە ، خودای تێدا دەبریقێتەوە ، لەو شتە دەپرسم :

« تۆ چیت ؟ »

« من بەهرەی تۆم ، شیعری تۆم » •

« لەکوێوە هاتووی ؟ »

« من لە هەموو شوێنێکدام » •

« تەمەنت چەندە ؟ ئایا هاوڕێی منیت ؟ »

« نەخێر ، تەمەنم یەك چرکەیەو لە هەمان کاتیشدا هەزار سەدەیە • ئەمن سادەیی منداڵو سەرگەرمیی گەنجو ژیریی پیرم تێدایە • من بێ تەمەنــم • ئاگرێکم بە هیچ شتێك ناکوژێتەوە ، گۆرانی یەکم کەس ناتوانێ تــا کۆتایــی بیچڕێ ، فرمێسکم کەس پێی تەواو ناکرێ • من زۆر لە تۆوە دوورمو لەگــەڵ ئەمەشدا لەناو تۆدام • ئەوەی منی بێ مەستو بەختیار دەبێ بەڵام زۆریـــش ئازار دەکێشێ • هیچ بارێك لە من گرانترو سووکتر نی یە •

ئەگەر ئەمن هەبم لەرینەوەی ژێی کەمان بەردی ساردو کــەڕ وردو خاش دەکات • ئەگەر ئەمن هەبم ئاوازی زوڕنا بزنە کێوی لە گەلی یان دەخاتە هەڵەکە سەما • ئەگەر ئەمن هەبم خەنجەر لە دەستی زەلام کوژان بەردەبێتەوەو دڵدارەکان لەناو یەك ماچدا دەتوێنەوە •

کاتێ کە چاکەتیان لەبەر (پاتی)ی خەڵکی گوندی (ئاندی) دادڕی ، ئەمن لەوێ بووم • کە مێرەمیان فڕاندو خستیانە سەر زینی ئەسپی شۆڕە سوارێکەوە ،

ئەمن لەوێ بووم • کە ژاندارك شیری هەڵکێشاو سوپاکەی بۆ پێشەوە هاژوا ، ئەمن لەوێ بووم • کە بنیادەمێك باڵی بۆ خۆی دروست کردو لەسەر گومبەتێکەوە خۆی فڕێدا ، ئەمن لەوێ بووم • کە ماجەلان و کۆلۆمبس جڵەوی کەشتییان بەرەڵڵا کرد ، ئەمن لەوێ بووم • کە وێنەی مادۆنای سکستینی دەکێشرا ، ئەمن لەوێ بووم •

مەیدانی کارکردنم هەموو ڕۆژگارو هەموو وڵاتێکە [ کیشوەری جۆراوجۆرە ، حوکوومەتی جۆراوجۆرە ، پارتیی جۆراوجۆرە ، دەسەڵاتداریتیی جۆراوجۆرە ، چین و نەتەوەی جۆراوجۆری خەڵکە ](١) •

بنیادەم هاوڕێ و هاوپیشەمە • خەڵکی بیرو گیانیان دراوەتێ تا خۆشەویستیی تێدابێ یا کینە ، ئازا بن یا ترسنۆك ، مەزن بن یا منۆخ ، خۆبەختکەر بن یا خۆپەرست ، ڕاستیی پیرۆز بڵێن یا بوختانکەر بن ؟

بیرو گیانی خەڵك : شەرگەی منە ، گۆڕەپانی سەرکەوتن و ژێرکەوتنی منە ، تۆماری دەستکەوتەکانی منە •

کەواتە بەڕاستی پێم بڵێ من بۆچی باشم ؟ ئایا وەکو بەفرێك وا نیم کە سبەینێ زوو بتوێتەوە ؟ ئایا ئاو ناکەمە ناو دەفرێکی کونەوە ؟(٢) ئایا یەك تاکە پرووشکی نەکوژاوەت کەوتۆتە ناخی گیانمەوە ؟ ئایا یەك تاکە دڵۆپی گەرم و مەستی بەخشت کەوتۆتە سەر لێوەکانم ؟

چاوەکانم فرمێسکی خەم و شادییان لەبەر دەڕوات • من فرمێسکی تریشم هەن ، فرمێسکی شراوەن و خۆیان لە ژێر پێڵوەکانمدا مات کردوە وەکو چۆن کە باڵندەی ترسنۆك گوێی لە ترپەی پێی ڕاوکەر

---

(١) ئەمەی ناو دووکەوانەکە لە ئینگلیزییەکەدا نەبوو ، لە ڕووسییەکە وەرگێڕاوە •

(٢) کورد دەڵێ : مازووچنی پاشۆل کون •

بێ خۆی پەنا دەدا • ئەو فرمێسکە نهێنییانەش یا فرمێسکی شادین یا شین ، یا فرمێسکی بەختیارین یا بەدبەختی •

مووی سەرم دوو ڕەنگە ـ ڕەش و سپی • ڕاوەستاوم بێ یەکم لەسەر گەنجێتییەو بێ یەکەی ترم لەسەر پیری یە • پیری و گەنجێتی بەردەوام لە کێشەو ململانەدان • مەیدانی شەڕ ـ گیانی منە •

**خۆشەویستیم چنارێکە ، دوو قەدی بڵندی هەیە ،**
**یەکێ وشکە ، ئەوەی تر گەڵاپۆشە •**
**خۆشەویستیم هەڵۆیە ، دوو باڵی زلی هەیە ،**
**یەکێ هەڵدەفڕێ کەچی ئەوەی تر بەردەبێتەوە •**

**دوو برینم لە سنگدا دەسووتێنەوە ،**
**یەکێ خوێنی لێدێ ، ئەوەی تر سارێژ دەبێ •**
**هەر وا بوە ـ یەکەم جار شادی دێ ،**
**ئینجا خەم پەیدا دەبێ و جێگەی شادی دەگرێتەوە •**

ژیان سنووری هەیە • ژیان کۆتایی دێ • بەڵام خەونەکانی من سنووریان بۆ نییە •

هێشتا لە ڕێگادا شەکەتم ، کەچی خەونەکانم گەیشتوونەتەوە ماڵێ • بەڕێوەم بۆ سەردانی خۆشەویستەکەم ، کەچی خەیاڵم لە باوەشی خۆشەویستەکەمدایە •

ئەمن لە ساتی ئێستادا دەژیم ، کەچی ئەندێشەم ساڵەهای ساڵ مەدگەی پێشەوە تەی دەکات • بۆ ئەودیو سنووری تاریکستان دەبەڕێتەوە • ئەندێشەم ، بەرەو سەدەکانی داهاتوو ، بۆ پێشەوە لە شەقەی باڵ دەدات •

---

ئەو مەتەڵەی خرایە پێش شامیل : پەتێکیان دایە دەست شامیل سێ گرێی لێ درابوو • دوو گرێ لە سەرێکی پەتەکەوە زۆر لە یەك نزیك بوون •

گرێی سێیەم لەوپەڕی سەرەکەی تری پەتەکە بوو • شامیل پەتەکەی ڕاکێشا ، تەماشای کردو گوتی :

« گرێی یەکەم منم ، گرێی دوەم مەرگی منە ، گرێی سێیەمیش کە دوورە ئەو شوێنەیە بیرو خەونەکانمی تێدا دەگەنە یەك : ئەویش ئەو ئامانجەیە کە لە ژیاندا هەوڵی هێنانەدیی دەدەم » •

ئەو زەوی‌یەی لە خەونێدا دەیکێڵم زۆر لەو زەوی‌یە فراوانترە کە لە ڕاستەقینەدا دەیکێڵم • ئایا بەهرە خزمەتی کامیان دەکات ـ خزمەتی من یان خزمەتی خەونەکانم کە ئەوەندە لێم دوورکەوتوونەتەوە •

بەڵێ ، تۆ ئاگرێکی بە هیچ شتێك ناکوژێیتەوە ، گۆرانی‌یەکی کەس ناتوانێ تا کۆتایی بیچڕێ ، فرێنێکی کەس پێی‌تەواو ناکرێ •

بەڵام ئایا دەتوانم تەنیا یەك ئاوازی گۆرانی‌یە دێرینەکەت بچڕم ـ ئاوازی خۆم ، ئاوازی ئاڤاری ؟ ڕەنگە ئەوکاتە سەراپای گۆرانی‌یەکە بە پیت‌و بەرەکەت‌تر بێت •

ئایا دەتوانم ئاگرێکی بچکۆلە لەسەر تەپکە شاخەکانی داغستان بکەمەوە کە لە بڵێسەی جاویدانی تۆ وەرگیرابێ ؟ ئایا دەتوانم ، با بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ ، لە بەردێکەوە بۆ بەردێکی‌تر درێژە بە فرینە بێ‌سنوورەکەت بدەم ؟

گوندی من ناوی (تسادا)یە ، ئەمەش وشەیەکی ئاڤاری‌یەو مانای (ئاگر ـ بڵێسە) دەگەیەنێ •

جارێکیان ، کابرایەکی خەڵکی گوندێکی‌تر لێی پرسیم :
« ڕۆڵە ، تۆ خەڵکی کوێی ؟ » •
« خەڵکی تسادام ! » •
کابرا گوتی :

« دە هەندێ شیعری خۆتم بـۆ بخوێنەوە تا پێت بڵێـم داخـۆ شیعرەکانت ئاگرن یا خۆڵەمێشی سارد » •

گومان شاڵاوم بـۆ دێنێ • ئـایـا پاش ئـەوەی کـە سەرمای تووش ڕایەوەو ڕۆژ لە پەنا هەوری هەڵبرینگاو سەری دەرهێنا تازە بە تازە کـەرك لەبەردەکەم ؟ ئـایـا پاش ئـەوەی کـە مانگا دزرا ئینجا دەرگای گەوڕ کلیـل دەدەم ؟ ئـایـا شتێکی‌وا دووبارە دەکەمەوە کـە هەموو کەس سەد جـاری بیستبێ ؟ ئـایـا وەختێکی‌وا میوانان داوەت دەکەم کە تازە لەسەر زیافـەت هەستابن ؟ ئـایـا پێویستە ئـەم کتێبە بنووسم ؟

« ئەگەر پێت دەکرێ ئەم کتێبە نەنووسیت ، مەینووسە ! » •

« جـا دەبێ بتوانم نەینووسم ؟ نەخۆش کە گیانی زۆر دەیەشێ ئـایـا دەتوانێ نرکەو ناڵە نەکات ؟ یەکێك زۆر شادومان بێت دەتوانێ نەگرژێتەوە ؟ بولبول دەتوانێ لە مانگەشەوی کپ‌و بێدەنگدا نەخوێنێ ؟ تۆوی گیـا کـە لە ناخی زەویی نەرو گەرمەوە تۆقی ، دەتوانـێ چووزەرە دەرنەکـات ؟ کە خۆری بەهار گەرمایی بە چرۆکان بەخشی ئایا گوڵ‌و خونچە دەتوانـن نەپشکوون ؟ ئـایـا بەفر کـە دەتوێتەوەو بەفراوەکـە بەردی بەردەمـی ڕادەداو جۆگەلەیەکی شاخاوی پێك‌دێنێ ، جۆگەلەکە دەتوانێ بەرەو دەریـا نەخشێتە خوار ؟ ئـایـا ئـەگەر چیلکە داری قەڵاشکەری وشك کۆبکرێتەوەو بخرێتـە ناو مەڕزەوە ، ئاگرەکە دەتوانێ هاڵاوی لێ بەرز نەبێتەوە ؟

بە منداڵی فێر بووم داگیرسانی بڵێسەم خۆش بوێ :

ئاگری شوانان بە شەو ، ئاگری قـەراخ‌ڕووبارو قەدپاڵەکـان ، ئـەو ئاگرەی بەسەر ڕەوەزە شاخاندا باز دەدا ، ئەو ئاگرەی لەناو ئاگردانـدا دەلرفێنێ • من دەزانم داگیرساندنی ئاگر تەنیا نیوەی کارەکەیە ، پاراسـتن‌و ئاگادار بوونی ئەم ئاگرە لە شەوی شوومی زستاندا گەلێ لەو سەختترە •

هەست دەکەم ئاگرێکم لەناو دڵدایە ، جا دەبێ چ بکەم ، ڕەفتارم چۆن بێ بۆئەوەی وا نەکەم ئاگرەکەم بکوژێتەوە ، وا نەکەم زوو دابمرێتەوە ، تا گەرمایی خۆی بە خەڵك دەبەخشێو لە تاریکیدا ڕێگا بۆ نەشارەزایان ڕوون دەکاتەوە ؟ دەبێ چ بکەم بۆئەوەی بەرهەمم بەهێزو پێز بێ ؟

لە بیرەوەرییەکانی باوکمدا : جارێکیان ، چاپییەك هاتە سەردانی باوکمو گوتی :

« هەوڵم داوە بنووسم • بڕوایشم وایە کە توانای نووسینم هەیە ، بەڵام نازانم چ بکەم بۆئەوەی شیعری ڕەسەنو ڕاستەقینە بنووسم ؟ » •

باوکم وەڵامی دایەوە :

« هەر ئەوەندە بەس نییە ژێی کەمان شەتەك بدەی ، دەبێ بزانی چۆنی لێبدەی •• ئەوەندە بەس نییە کە زەویت هەبێ ، دەبێ بزانی چۆنی بکێڵیتو دایبچێنیت ؟ » •

« دەبێ چ بکەم تا شیعر بنووسم ؟ » •

« دەبێ چ بکەی ؟ کار بکە » •



# کـــار

**« ئەوەی وا تێدەگا کارەکەمان هەنگوینە ،**
**با بێ ببینێ چۆن لە کوباچی دەچەوسێینەوە »**

– نووسراوی سەر دەستکردێکی
وەستایانی کوباچی –

**بە درێژاییی ڕۆژ ، من ـ بەندەی شیعرەکانم ،**
**پشتم دەچەمێنمەوە، ئارەقەی شەکەتی دەسڕم،**
**ئاغاکانم لێ ئاگەڕێن سـەرم قیتکەمـەوە ،**
**شەوو ڕۆژ بمرەتێنن هێشتا ڕێیان کەمە .**

**من عارەبانەم ـ شەفتەکان لە هــــەردوو**
**تەنکێشم دەخشێن .**

**پێستم دەڕووشێنن و ئازارێکی قووڵم دەدەن ،**
**ڕۆژ بـە ڕۆژ بارم گرانترو گرانتر دەبێ .**
**ژیانم بەم جۆرە دەبەمە سەر .**

ئەوەی باسی دەکەم لەمێژە ڕوویداوە ، بەڵام ئەوەندە ئاشکراو تەواوم لەبیر ماوە هەر دەڵێی دوێنێ قەوماوە . بگرە داستانێکیشم دەرهەق نووسیوە ، بەڵام هەست دەکەم پێویستە ئێستا بگەڕێمەوە سەری .

که گوندەکەی خۆمانم بەجێهێشت‌و بەرەو مەحەج قەڵاو پاشان مۆسکۆ ڕۆیشتم کوڕێکی نەناسراوی هەمزەی شاعیری داغستان بووم • چەند ساڵی پێچوو ، لە (ئامۆژگەی ئەدەب) دەرچووم‌و دوو کۆمەڵە شیعرم بڵاوکردەوە • بە یەکێکیان خەڵاتی دەوڵەتم وەرگرت • ژنم هێنا • بە کورتی - بووم بە ڕەسووڵ هەمزەتۆڤی شاعیر •

ئەوکاتە خەیاڵی سەردانی گوندەکەمانم پەڕی‌یە کەللە •

ڕۆژ تا ئێوارە بەو شوێنانەدا سووڕامەوە کە بە منداڵی ئاشنایان بووم • تەماشای هەمان کەڤرو ئەشکەوتم کرد • قسەم بۆ خەڵك کردو گوێم لە خوڕەی جۆگا گرت‌و بە کپ‌و بێدەنگی لە گۆڕستاندا دانیشتم • بەناو زەوی‌و کێڵگەکاندا گەڕام‌و پاشان گەڕامەوە •

جارێکیان لە ئەمریکا ئوتۆمۆبێلێکی تازە کوورەم دی لە مەیدانی تایبەتیی تاقی‌کردنەوەدا دەیان هاژوا • پێویستە نووسەریش زێدی خۆی بۆ ببێ بە مەیدانی تاقی‌کردنەوە •

ئافرەت لە بژاری تەبارەی گەڕانەوە ، هەموو ماندوو مردوو ، لەشیان بە تەپ‌و تۆز بوو ، دڕکی تیژیان چەقیبوە دەست • لەلاڕێ دانیشتبوون پشوویەك بدەن • چوومە لایانەوە • ئایا دیبوویان لێیان نزیك دەبمەوە بۆیە باسیان دەکردم ، یا دەمێك بوو میان کردبوە کەرستەی گفتوگۆ ؟ - نازانم • هەر هێندەم گوێ‌لێ‌بوو ئافرەتێکیان ئارەقەی ناوچەوانی بە چەپکە گیایەك سڕی‌یەوەو گوتی :

« ئەگەر لێم بپرسن زێدە لە هەموو شتێك چیت دەوێ ؟ دەڵێم : دڵی بێ‌خەم‌و باری سووکی ڕەسووڵ هەمزەتۆڤ » •

ئافرەتێکی خزممان لەسەری کردمەوەو گوتی :

« بۆ ، چما وادەزانی دڵی ڕەسووڵ هەمزەتۆف پارچە پەنیرە قــەت ژانێ نەکات ؟ » .

« با پەنیریش نەبێ ، بەڵام خۆ مەجبوور نی‌یە بژارێ بکات . خــۆ زەنگی کۆلخۆز گازی ناکاتە سەر ئیش ، وەختی جەم خواردنی بۆ دیاری ناکات ! ئــەو نازانێ ڕۆژە ئیش یانێ چی ؟ چۆن حیساب دەکرێو ئێمە چی وەردەگرین ؟ هەموو کارو پیشەی هەر نووسینە ـ وڕێنەو ترالالاو ئــەجەڕو بەجەڕ . خەمی چی‌یەتی ؟ دڵی بۆچ ژان دەکات ؟ من بەختێکی لە بەختـــی ئەو چاکترم ناوێ ... » .

چۆن ئەو ئافرەتە بەستەزمانە تێبگەیەنم کە سروشتی کارەکەی مـــن چی‌یەو چۆن کارەکەی من کارێکی سەختەو هەرگیز کۆتایی نایە .

بە کزو غەمباری بەرەو دێ بوومەوە . ڕدێن سپی‌یەکان لە گۆدەکاندا بەردی ساردیان گەرم دەکردەوەو بە دڵنیایی باسی خاکو دروێنەی نــوێو چیاو پاوانو نەخۆشیو گیاوگۆڵی بە دەرمان ڕابردووی دێکەمانیان دەکــرد . چوومە ناو کۆڕەکەو لەسەر بەردێکی سارد دانیشتم .

پیرەمێردێك ژمارەیەکی نوێی ڕۆژنامەیەکی بەدەستەوە بوو کە هەندێ شیعری منی تێدا بڵاوکرابووەوە . گفتوگۆ چوە سەر شیعرەکان . ســـوار زۆری هەوەس پێ دێ مەتحی ئەسپەکەی بکرێ ، منیش بە ئومێد بـــووم خەڵکی گوندەکەمان مەتحی شیعرەکانم بکەن . خۆت دەزانی زۆر جار لـــە مەحەج قەڵاو مۆسکۆ تامی شتی‌وام چەشتبوو .. لەباتیی ئــەمــە گوێم لــە پیرەمێردەکەی ڕۆژنامە بەدەست بوو گوتی :

« هەمزەی بابت شیعری دادەنا . تۆش کە کوڕی ویی هــەر شیعر دادەنێی . کەنگی دەست بە کارو کاسبی‌یەکی ڕاستەقینە دەکەی ؟ یـــان بە تەمای لە ژیان هیچ شتێکی لە کەرتەنان گرانتر هەڵنەگری ؟ » .

لەگەڵ گۆرانی گفتوگۆکەدا تاسام ، زۆر بە سادەیی وەڵامم دایەوە :

« شیعر ـ ئەمەیە کاری من ! » .

« ئەگەر شیعر کار بێ ئەدی بێکاری چی‌یە ؟ ئەگەر گۆرانی کار بێ ئەدی شادی‌و حەسانەوە چی‌یە ؟ » .

« گۆرانی بۆ ئەوکەسەی دەیبێژێ شادی‌یە ، بەڵام بـۆ ئەوکەسـەی دایەنێ کارە . کارێکی بێ‌خەوو بێ‌حەجمانە . زەوی چۆنـە بـۆ تـۆ ، کاغەزیش ئاوەایە بـۆ من . پیتەکان تۆون‌و شیعرەکان گوڵەگەنمن » .

« ئەمانە هەموو قسەی جوان‌و ماقووڵن . کێڵگە نایەتە سەر بانـی خانووی من ، من خـۆم دەبێ بچمە دەرەوە بـۆ سەر کێڵگەو ئیشی تێدا بکەم . تۆ لە هەر کوێ بیت گۆرانیت دێتە لا ، تەنانەت ئـەگـەر لـەناو نوێنیشدا بیت . هەر گۆرانی‌یەکت میوانێکەو لە دەرگەی ماڵت دەدا ، هـەر گۆرانی‌یـەك ئاهەنگێکـە . بـەڵام کێڵگـەی ئێمە بریتی‌یـە لە ژیانـی ڕۆژانەمـان » .

پیرەمێردەکان بەم تێگەیشتن‌و بۆچوونەوە باسی مەسەلەکەیان دەکرد . منیش وەڵامم دانەوە :

« منیش گۆرانی‌یەکانم ژیانمن » .

« کەوابێ دەبێ سەراپای ژیانت بریتی بێ لە جەژن‌و شادی . ئێمـە زانیومانە نووسینی گۆرانی زادەی بەهرەیە . ئەگەر بەهـرەت هەبـێ گۆرانی‌نووسین شتێکی زۆر ئاسانە ، خۆ ئـەگەر بەهـرەت نەبێ ئـەوا بێ‌گومان کارێکی زۆر سەختە . کاریش ، کاری سەخت ، هەر بەتەنیـا بەس نی‌یە » .

« تۆ لەمەدا سەهووی . لەوانەیە پیاوێکی کەم‌بەهرە وا بڕوانێتە هونەر

که شتێکی ئاسانه وەکو ئەوە وایه له گـۆرانی‌یەکەوە بچێتـــه ســەر گۆرانی‌یەکی‌دی • ئەم جۆرە کەسە لەناو ئێمەدا پێ‌یان دەگوتــــرێ (مەنجەڵ کولێن)[1] • بەهرەی ڕاستەقینه بەشێکه له هەستێکی قووڵـــی لێپرسینەوە بەرامبەر بەو کارەی که پیاو دەیکات • یەکێ بەهــــرەی ڕاستەقینەی هەبێ شیعری خۆی به شتی زۆر گرنگ‌و کاری زۆر سەخت دادەنـــێ » •

« کەواته پێمان بڵێ تۆ چـــۆن کار دەکەی ؟ بۆچی پیشەکەت سەخت‌و گرانـــه ؟ » •

ئەوانەی له دەوروبەرم دانیشتبوون پیرە جووتیار بوون • ویســـتم کاری خۆمیان تێبگەیەنم کەچی دیتم ئەوەی بەلای منەوە زۆر سادەو ساتایه ناتوانم لەوانی بگەیەنم •

پرتەو بۆڵەبۆڵێکم کرد ـ بێ‌دەنگ بووم •

ئەو ڕۆژە پیرەمێردەکان منیان بەزاند • نەمتوانی بۆیان ڕوون‌بکەمەوە بۆچی شیعر نووسین زەحمەتەو ، شیعرنووسین به گشتی یانێ چی ؟ » •

لەوکاتەوە تا ئێستا چەندسالی بەسەردا تێپەڕیوە ، بەڵام ئێستاش ئەگەر یەکێ لێم بپرسێ باوەڕناکەم پێم‌بکرێ به یەك وته ڕوونی بکەمەوە که کاری من چیی تێدایه ؟ بۆچی کارێکی سەختەو ، چۆن لەگـەڵ کاری خەڵکـی‌تر جیاوازیی هەیه ؟ جێگەی کارکردنم لەکوێ‌یه ؟ بێ‌گومان لەسەر کورسی‌و مێزە ••• بەڵام دەشێ له ڕێچکەی شاخاویشدا بێ که دەگەڕێم‌و لەو ساتەوەش بیر له شیعرەکانم دەکەمەوەو وشەو ئاوازم بۆ دێـــت‌و هەڵیان‌دەبژێرم • یان دەشێ لەناو شەمەنەفەردا بێ که بۆ وڵاتانی‌ترم دەبات ، ڕەنگه لەودەمـــەدا

---

(۱) مەبەست له مەنجەڵ کولێن ئەو ئەدیبه یا ئـەو هونەرمەندەیه کـــه هەر بۆ پارە پەیداکردن کاردەکات‌و قەدری کاری ئەدەبی یا هونەریـــی ڕەسەن نازانێ •

تۆوی شیعرێکی نوێ چووزەرە دەربکات • هەروەکو دەشێ لەناو فڕۆکـــە یا ترامدا بێ ، لە گۆڕەپانی سووری مۆسکۆ بێ ، لە کەناری ڕووبارێك بێ ، لە دارستانێك بێ ، لە ژووری چاوەڕوانیی وەزیرێکی میری بێ •

جێگەی کارکردنم ئەو زەوی‌یەیە کە دەیکێڵمو دەیدوورمـــــەوە • دەشێ لە هەر شوێنێکو لە هەموو شوێنێکی ئەم سەرزەمینەدا بێ •

کەی کار دەکەم ؟ بەیانی یان ئێوارە ؟ ڕۆژە ئیشم چەند دەخایەنـــێ ؟ ڕەنگە شەش یا هەشت یا دوازدە سەعاتو بگرە پتریش بخایەنێ • ئەگـەر پترە بۆچی کەرەستەکانم فرێ نەدەمو تێ‌نەکۆشم کە ڕۆژە ئیشم ببێتە هەشت سەعات •

تێکڕای مەسەلەکە ئەمەیە ـ من هەمیشە هەر کار دەکەمو لەوەتـــی بە بیرم دێ بەردەوام لە کارکردندام • لە کاتی نانخواردنو لەسەر شانـــۆ ، لە کاتی کۆبوونەوە ، لە ڕاوێ ، لە کاتی چاخواردنەوە ، لە کاتـــی جەنازە هەڵگرتن ، لە کاتی ئوتومۆبیل هاژوان ، لە زەماوەند گێڕان ، بگرە لە کاتـی نووستنیشدا دێڕە شیعرو وردە بیرو وێنەو تەنانەت هەنــــدێ جار شیعرێکـی تەواوم بۆ دێ • کە دەشحەوم ڕۆژەئیشـــــم تەواو نابێ • دەمێکە دەبـــوا کەرەستەکانم فرێ‌بدەمو مان بگرم •

چۆن کار دەکەم ؟ ئاخ ! ئەمە گرانترین پرسیارە • ئەگەر جاروبـــار بە خۆم بڵێم دەبێ کارەکەم وەکو هەر کارێکی‌تر وابێ ، ئەوا جاری‌وایـش هەیە دەبێ دانی پێدا بنێم کە نابێ کارەکەم لەگەڵ هیـــچ پیشەیەکی‌تـــری هاوولاتەکانم بەراورد بکرێو لە هەموویان جیایە •

هەندێ جار وام دەکەوێتە بەرچاو کە ئەوانەی دەوروبەرم هەمـــوو خەریکی کاری قورسنو هەر من تەمبەڵو بێ‌کارەم • بەڵام هەنــــدێ

جاریتر وا هەست دەکەم کە تەنیا من خەریکی کارێکی قورسمو ئەوانەیتر هەموو تەوەزەلو بێ کارەن •

باڵندە وەختیان زۆر خۆشە ! بە درێژایی ژیان هەمان گۆرانی دووبات دەکەنەوە کە لە دایكو باوکیان فێر بووین •

یا جۆگەی شاخان وەربگرە ، هەزاران ساڵە هەمـــان ئاوازی لێ بــەرز دەبێتەوە • کەچی من ••• لەم ژیانە کورتەمدا دەبێ گۆرانییوا دابنێـــــم کە بەشی گەلێ گەلێ ساڵان بکات •

یەکەم کەس کە پارچە زەوییەکی بچووکی کێڵاوە زۆری زەحمەت پێوە دیوە ، هەروەهاش یەکەم کەس کە گۆرانیی دانـــاوە زۆر زەحمەتـــی کێشاوە • بەڵام دوای ئەوەی کە هەزار کەس هەمان زوییان کێڵایـــــەوە کابرای هـــەزارو یەکەمین زۆر بەئاســانی دەیکێڵێتەوە • لە لایەکیتریشەوە دوای ئەوەی کە هەزار کەس شیعریان نووسیوە ، ئیشەکە بۆ کابرای هەزارو یەکەمین زۆر بەزەحمەتتر دەکەوێ •

بۆیە بە جووتیار دەڵێم :

لە سەرێکەوە کارەکەی من زۆر بە کاری تۆ دەچێ ، جا تکایە ئـــەمن وەکو ئەو تەمبەڵە دامەنێ کە سەراپای ژیانی گەڕانێکی بەردەوامی گاڵتـــەو بێ کارییە • وەکو تۆ شەوی درێژو بێخەوم کردۆتەوەو بیرم لە زەوییەکەم کردۆتەوە • تۆ تۆوی بژاردە بـــە لانی زەوییەکانت وەردەکەی ، منیش وشەی بژاردە بۆ دێڕەکانم دەدۆزمەوە • منیش زۆر پارچە زەویی خـــۆم هەیە • هەوەسم بە دەرچوونی یەکەم چووزەرەو بە عەمباری پڕ بەروبوومی کارەکەم دێ • منیش کێڵانو هەڵگێڕانەوەی تایبەتیـــی خـــۆم هەیـــەو زەوییەکەم لە بژاردا خێکاوە دەبێ پاکژی بکەمەوە • لێك‌جوداکردنـــەوەی

دانی باش‌و خراپ بە مەکینەش بێ هەر زەحمەتە ، بەلام لەویش زەحمەتتر ئەوەیە وشەی بێجێ لە وشەی باش‌و دروست جودا بکەیتەوە .

تۆ زەویی‌یەکەت لە تەزرەو شەختەو ڕەشەبای بسووتێن دەپارێـــزی ، منیش دەبێ گۆرانیی ئەوتۆ بنووسمەوە کە بەرگەی ترسناکترین دوژمـــن بگرێ - کە ئەویش ڕۆژگارە . دیارە من دەمەوێ گۆرانیی وا بنووسمەوە کە سەدان ساڵ بژی .

منیش دووچاری بەڵای خـۆم دێم - ئەسپێ‌و کلۆو مشکی‌وا کە لەوانەیە هەموو دانەوێڵەکەم بدزن و بیبەن‌و لەناوی‌بەرن یا وا بۆگـــەنی بکەن کـە کەڵکی خواردنی پێوە نەمێنێ . بێجگە لەمەش مشکەکانی من لە ئەسپێکانـی تۆ زلترو بەزەبرترن‌و قەلاچۆکردنیان سەخترەو بگرە هەندێ جار هـــەر بێهوودەیـــە .

دەشێ ئاگر بسووتێ‌و دووکەڵ لە سەربانەوە پێچ بکات
بەلام کە دیوار درزی تێدا بێ ، با بچووکیش بێ .
(با)ی سەرگامیش سەری لێوە دێنێتە ژوورێ ،
ماڵ‌و ئاگردان‌و هەموو شتێك سڕ دەکات .

ڕەنگە شیعرەکەی منیش وای بەسەر بێ
هەڵەکانی بەگران لەسەرم دەکەون ،
دەشێ (با) لە وشەی شل‌و خاوەوە بێتە ژووری‌و
شیعرێکی تازە لەدایك‌بوو سڕ بکات‌و بیکاتە شەختە .

جا دەبێ بەرهەمەکەم بۆ خەڵکی داغستان‌و وڵاتانی‌تـــر لێبگەڕێـــم ، تـــا ئـــەوان تامی بکەن‌و بزانـــن تـــا چڕادەیەك تاڵـــەو تا چڕادەیـــەك شیرینە . تامی تایبەتیی خۆی چی‌یە ؟ نابێ لە تامی هیچ بەرهەمێکی‌تر بکات .

لە بیرمە کە منداڵ بووم باوکم فێری کردم چۆن هامێزە گیـــا ببەستم‌و کە چۆکم بە هامێزە گیاکەوە دەناو گوریسم شەتەك دەدا ، باوکم وریـــای دەکردمەوەو دەیگوت :

« ڕەسووڵ ، وریا بە گیاکە نەخنکێنی » •

ئێستاش ، کە دەستم بە شیعرێك ناشکێ‌و دێڕێکم لێ عاسێ دەبێ‌و ئەوەندەی باڵی پێوە دەنێم بۆئەوەی بچێتە شوێنی خۆی ، هیچ نابزوێ ، هەموو هێزم کۆدەکەمەوە بۆئەوەی دواجار ڕای‌بکێشم‌و بەرزەفتی بکەم ، لەوکاتەدا ئامۆژگاری‌یەکەی باوکمم دێتەوە یاد :

« ڕەسووڵ ، وریا بە گیاکە نەخنکێنی » •

بەرهەمی زەوی بە ساڵ دەگۆڕێ • ساڵی‌وا هەیە دەغڵ‌و دان ئەوەندە زۆرو زەوەندە لە عەمبارو چاڵ‌و سیفدا جێگەی نابێتەوە کەچی دوور نی‌یە سێ ساڵی داهاتوو بێ بە نەهات • منیش وام بەسەر دێ • هەمیشە کارەکەم بە یەك ڕادە نارِوات • پەین بە زەوی‌یەکەم وەردەکەم ، دەیکێڵم ، تۆوی نایابی تێدا دەوەشێنم ، لەگەڵ ئەمەشدا گەنمی لێ شین نابێ • ناچارم بابدەمەوە سەر وەرگێڕان‌و گەنم لە کەنەداو ئوستراليا بکڕم •

کاتێك کە بڵێسەی شیعرم کز دەبێ‌و شیعرەکانم مل نادەن لە ناخی گیانمەوە بڕژێنە سەر کاغەز هیچ کەس‌و هیچ کیمیایەك دادم نادا •

پیاو چ‌بکات ؟ ئەگەر هەموو ڕۆژەیەك سەرکەوتوو بوا هەموو کەس بەختیار دەبوو • ئەگەر زەوی هەموو ساڵێ هاتی بوایە کەس برسی نەدەبوو • ئەگەر هەر وشەیەك کەوتە سەر کاغەز بوایە گۆرانی ، خەڵك چیدی قسەی ئاسایی‌یان نەدەکرد هەر گۆرانی‌یان دەگوت •

بەڕاستی ، گۆرانی‌دانان ئاسان ني‌یە •

لە داغستان‌و جۆرجیاو ئەرمینیاو بولگاریا سەرم لە کارگەی شەراب داوە • هەروەها چوومەتە کارگەی گۆزەی (پلێژنی) • لەوکاتەدا هەستم کردوە کە شاعیرو شەرابکەر لە زۆر لاوە بە یەك دەچن • هەردوو لا

وردەکاریو نهێنیی خۆیان هەیە • شیعریش وەکو شەراب وایە دەبێ لە گیانەوە گەڵاڵە بێو بمەیێو پێبگا • شیعری چاك هێزێکی نهێنیی وای تێدایە دڵ مەستو شاد دەکات • شیعرو شەراب لەم ڕووەوە زۆر لە یەك دەکەن •

هەر بەینابەین لۆرییەکی پڕ بەرمیلە شەراب دێو دەگاتە گوندێكو ئەو بەرمیلە شەرابانە بەسەر دووکانی گوندانا بەشدەکات ـ بەرمیلێك بۆ ئەم گوندو بەرمیلێك بۆ ئەو گوند • بەمجۆرە سایەقەکان شەرابی (بویناك) دەگەیەنە گوندە شاخاوییەکان •

گەنجی بێباكو بێکارە ، کە چاویان بە لۆری دەکەوێ لە هەموو لایەکی دێوە بە هەڵەداوان دادەوەرنە بەر دووکانێ • چۆن کاتێ کە شوان خوێ بۆ مێگەلەکەی لە خوێڕسك ڕۆدەکات هەموو مەڕەکان بە غار دەکەونە سەری ، گەنجەکانیش ئاوها دادەڕژێنە سەر بەرمیلەکە •

کاتێ کە شەرابەکە لەناو گۆزە دەکەنو تامی دەکەن ، هاواری ناڕەزایی بەری ئاسمان دەگرێ :

« ئەمە کەی شەرابە ؟ دەڵێی ئاوە » •

« یەکسەر لە ڕووبارەوە هێناویانە » •

« با فرۆشیارەکە خۆی ئەم شەرابە بخواتەوە » •

فرۆشیار هەڵیدەداتێو دەڵێ :

« بۆچی سەرکۆنەی من دەکەن • خۆتان بینیتان لۆرییەکە هاتو بەرمیلەکەیان لێ هێنایە خوارێ ، تەنانەت خۆشتان لە داگرتنی بەرمیلەکە یارمەتیتاندام ••• ئەمن چبکەم ؟ ئەو شەرابەتان دەفرۆشمێ کە لەم بەرمیلەدا بۆم هاتوە • ئەگەر حەز ناکەن مەیکڕن » •

ڕاستی مەسەلەکە بەمچەشنە بوو : بەرلەوەی شەرابەکە بەسەر ناوچەکاندا بەشەوە بەڕێوەبەری کۆگای شار لە هەر بەرمیلێك نەختێ شەراب هەڵدەگۆزێ‌و ئاویان تێدەکاتەوە :

« لەوێ ئەمەشیان چنگ بکەوێ منەتبارن » .

بەرلەوەی بەرمیلەکان بگەنە دێ لە کۆگای دەشتێدا هەمان بەزمی پێدەکەن‌و دەڵێن :

« خەڵکی لادێ ئەمەشیان سەرو زیادە » .

پاشان لە ڕێگاوە سایەق‌و کرێکارەکان دوو لیتری لێ هەڵدەگۆزن بۆئەوەی سەریانی پێ گەرم بکەن‌و ڕێگای دووری پێ نزیك بکەنەوە ، دووبارە بەرمیلەکان بە ئاوی ڕوون‌و سازگاری کانی‌یەك یا ڕووبارێکی دەمڕێ پڕ دەکەنەوە . ئەنجام شتێکی‌وای لێ‌دەردەچێ دەشێ پێی‌بڵێین ـ شەرابەو ئاو شێواندوویە یا ئاوەو بە شەراب شێواوە .

دەتوانین هەمان قسەش دەرهەق ئەو شیعرانە بکەین کە کاتێ پیاو دەیانخوێنێتەوە نازانێ بەلای چیدا زیاتر دەشکێنەوە ـ شیعر یا قسەی پووچ . ئەوانیش بەرهەمی ئەو شاعیرە تەمبەڵانەن کە ئارامیان نی‌یە کارێکی سەخت ڕاپەڕێنن .

کەم وایە جۆگەی تەنگاو بگاتە دەریا .

حاجیی تەمبەڵ بە دەگمەن دەگاتە مەککە .

کە دوو ڕێبوار ناچار دەبن سواری یەك ئەسپ بن دەبێ توند یەکدی بگرن . بەهرەو کاریش بەم چەشنە سواری یەك ئەسپ دەبن .

ئەبووتالیب گوتوویە : بەهرەو کار لە شیعردا دەبێ وەکو خەنجەرو

---

کالان شان‌بەشانی یەکتر بڕۆن .

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : سەردەمێ وا ڕاهاتبووم وەختم زیاتر لـــە شەقام و کۆڵانان دەبردە سەر تا لە ماڵەوە . دەچوومـــە قوتابخانەو شیعریشم دەنووسی . بەڵام زۆر ماندوو دەبووم ، چونکە شیعرو ڕەوان کردنی وانەکانم بەسەرەوە بوو . نەمدەتوانی خـــۆم زۆر بە ئەرکی ماڵەوە خەریك بکەم . خۆم دەهێناو دەبرد . دەهەژام . بازم دەهاویشت و ئەگەر بەختم یار بوایـــە دەردەپەڕیمە دەرێ . تا ئێستاش من ئارام و داکاسانم کەمە .

ڕۆژێکیان ، باوکـم خستمیە سەر بەجێهێنانی ئەرکی ماڵەوە یا بڵێـــین شیعرنووسینەوە ( نازانم کامەیان بوو ) و خۆی چوە دەرەوە . هەر هێنـــدە ڕۆیشت و دەرگای لەدوای خۆیەوە پێوەدا یەکسەر هەستام و چوومە دەرەوەو بەسەربانی کەوتم . باوکم چاوی پێ کەوتم و هاواری کردە دایکم :

« ئەو گوریسەم بـــۆ بێنە کە بە بزمارەکەوە هەڵواسراوە » .

« بـــۆ چیتە ؟ » .

« ڕەسووڵی پێ لە کورسی دەبەستمەوە ، وا نەبێ لە هیچ شوێنێ ئۆقرە ناگـــرێ » .

ئینجا باوکم لەسەرەخۆ ، لە کورسی‌یەکەم شەتەکی دام و توندی کرد . دەستی بە نێوچەوانمدا هێنا ، پەنجەی بـــۆ پەڕە کاغەزێك درێژ کرد کـە لە بەردەمم بوو ، گوتی :

« ئێستا ، هەرچی لێرە ، لـەم سەرەدایـــە ، بیخەرە ئێرە سەر ئـەم کاغـــەزە » .

وای دەنا یەکێ هەبوا ، ناوە ناوە ئێمەی نووسەرانی لە کورسی‌یەکانمان بەستایەوە !!

لەوانەیە سەر لە کاردا بێت ، بەڵام ئەگـەر سەر لە کاردا بێت و دەستەکان

نەکەونە ئیش ، ئەمە کتومت وەکو ئاشێک وایە کە لە هەوادا بسووڕێتەوەو هیچ لێ نەکـات .

چیرۆکی شانگرێو کوڕەکەیو پێنج ڕۆبڵەکە : سەردەمانێک کابرایەکی بەڕێزو دەوڵەمەند لە خونزاخ هەبوو ناوی (شانگـــــرێ) بوو . کوڕێکی تاقانەی هەبوو . کوڕەکەی زۆر نازیمۆکو بۆشتەو پەرداخ بوو . شانگرێ ویستی کــــە کوڕەکەی گەورە بوو وەکو هەر کەسێکی تری گوندەکەیـــان ئیش بکاتو ببێتە پیاوێکی ڕاستەقینە بەڵام کوڕە هیچ مەیلی لە ئیش نەبوو . خزمو برادەرانی باوکی نازیان هەڵدەگرتو دیاریان پێشکێش دەکـــرد . یەکێ ئەسپێکو یەکێ پاڵتۆیەکو یەکێ نەختێ پارەو یەکێ خەنجەرێکی جوانی خەڵات دەکرد .

ڕۆژێکیان ، شانگرێ تووشی نەخۆشییەکی گران هات . بە هیچ داوو دەرمانێک چارەی نەکرا . هەموو خزمو دۆستەکانی لە دەوری کۆبوونەوە ، ویستیان بزانن چۆن چاک دەبێتەوە :

« چبکەین بـــۆ ئـەوەی بەلکو چاک بیتەوە ؟ » .

« تەنیا یەک شت هەیە دەتوانێ بەسەر پێیانم بخاتـــەوە ، ئـەویش بە ئێـــوە ناکرێ » .

« دە پێمان بڵێ چییە ! چی لە دەستمان بێ دەیکەین ! » .

ئەوکاتە چاک دەبمەوە کە کوڕەکەم پێنج ڕۆبڵم بـــۆ دەربێنێ کــە بـە ئارەقەو ماندووبوونی خـــۆی پەیدای کردبێو بڵێ : « بابە ، هانێ ئـــەوە بەشی تۆیە » .

دوو ڕۆژی پێچوو ، کوڕەکەی شانگرێ هاتە لای باوکیو پێنج ڕۆبڵ بایییەکی پێشانداو گوتی :

« هانێ بابە ، لە کەنداوی (فۆیسود)ی ئاڤار شەپکە دارم بــە ئاوەوە، ناو ئــەم پارەیەم پەیداکرد » •

باوکە سەیرێکی پارەکەی کردو لە کوڕەکەی ڕاماو پارەکەی هاویشتە ناو ئاگر • کوڕە وەك بەرد لە شوێن خۆی چەقی • ڕەنگی وا زەرد هەڵگەڕا دەتگوت شەقازللەیان لە بناگوێی داوە • پێنج ڕۆبڵی‌یەکە دیاریی مامێکی بوو کە گوێی لە ئاواتەکەی شاگرێ بووبوو بڕیاری دابو یاریدەی کوڕە بــداتو لەم تەنگانەیەدا ڕزگاری بکات •

پاش چەند ڕۆژێکی‌تر ، کوڕە هاتەوە دیسان پێنج ڕۆبڵی‌یەکی کاغەزی بەدەستەوە بوو • دایە باوکی‌و گوتی :

« ئەم پارەیەم لە (گونیب) پەیداکــــرد • لەگەڵ تاقمی کوتك‌شکێنان ئیشم کـــرد » •

باوکی سەرنجێکی لە پارەکەو لە کوڕەکە دا • پارەکەی هەڵگلۆفــتو لە پەنجەرەوە فڕێی‌دا دەرێ •

کوڕە بێ هەستو خوست لە شوێن خــۆی سڕ بوو • پارەکـــە هیی برادەرێکی باوکی بوو کە خەڵکی گوندی (گوتساتل) بوو •

بۆ جاری سێ‌یەم کوڕە هاتە لای باوکی‌و بــۆ جـــاری سێ‌یەم پێنـــج ڕۆبڵی‌یەکی کاغەزی لە دەست نا • باوکە هیچ تەماشای کوڕەی نەکـــرد • پارەکەی وەرگرتو دڕاندی‌و کردیە دوو کەرت • کـــوڕی وەك هەڵـــۆ خۆی لە پارچە دڕاوەکان ڕووکردو ویستی بەیەکەوەیـــان بنووسێنێتەوە • هاواری کرد :

« وادەزانی بـــۆئەوە لە (پترۆفسکی) تەویلەم پاك کردوەتەوە تا تۆ ئاوها بەئاسانی وەکو پەڕە کاغەزێکی بێ‌نرخ کرنی ماندووبوونەکەم بدڕێنــــــی ؟ تەماشای پفکەو پۆرگی دەستم کە ! » •

« ئێستا بڕوام کرد ، تۆ بە ئارەقەی تێوچەوان ئەم پارەیەت پەیدا کردوە » .

یەکسەر ، شانگرێ نەخۆشیەکەی پەڕیو وردە وردە هاتەوە سەر خۆی . ڕاستی ، ئەوەندەی نەبرد بەڵاو قەڵای لێنەما » .

بەڵێ ، تەنیا ئەوەی کە بە ڕەنجی شانی خۆت پەیدای بکەی هەر ئەوە نرخی ڕاستەقینەی هەیە . شیعریش هەمان شتە . تۆ ئەگەر بە شیعرەکەتەوە ماندوو بووی هەموو وشەو هەموو فاریزەیەکت بەلاوە پەسندو چاکە . بەڵام ئەگەر بیرەکەی لە ڕێگا هەڵبگریتەوە هەرگیزاو هەرگیز شیعرێکی ڕاستەقینەت دەست ناکەوێ .

**بۆم هەڵکەوتوە دیومە ،**
**چۆن زێڕینگری دراوسێیم ،**
**بە هۆی – گازاب – ەوە ،**
**بێ ماندووبوون زێڕی لە مس جودا کردۆتەوە .**
**ئەی خوێنەری من ، ئەی پسپۆڕی نرخاندن ،**
**ئەگەر گازابی تۆ نەبوا ، ئاخۆ دەتتوانی ،**
**لە ڕشتەی ڕازاوەی شیعرەکانمدا ،**
**دانە مسی بێنرخ لە زێڕی ساف جودا بکەیەوە ؟**

ئەگەر ماسیی ڕاستەقینەو بەتامت دەوێ ، چەنگاڵی خۆت باوێ ناو گۆمو خۆت بیگرە .

هەڵۆ بەناو زریانو ڕەشەبادا دەفڕێو ماسی لەناو تەوژمی ئاودا مەلەوانی دەکات ، شاعیریش ئەگەر خەمی لە شادیش پتر نەبێ لەناو چنگی سۆزی بەهێزدا شت دەنووسێ .

ئەمە بوو ئەو چیرۆکەی کە جارێکیان ئەبووتالیب بۆی گێڕامەوە .

چیرۆکی گۆزەکەرەکانی بەلخارو گۆزەکانیانو ئەو منداڵە

چەتوونانەی گۆزەکانیان کڕی :

گۆزەکەرەکان جەرەو گۆزەیان خستە ناو تێرکە (قەرتاڵە) و لە ئێسترانیان بار کردو بەرەو شار کەوتنە ڕێ بۆئەوەی بیانفرۆشن .

لە ڕێگادا تووشی هەندێ منداڵی لادێیی بوون کە تا بڵێی چەنوون و هەڵەپاس بوون :

« گۆزەکەرینە ، ئەوە ئۆغر بێ ؟ » .

« دەچینە بازاڕ گۆزەکانمان دەفرۆشین » .

« نرخیان چەندە ؟ » .

« بچووکەکان یەکی بیست کۆپێك . گەورەکان یەکی پێنج کۆپێك » .

« جا بۆ وا ؟ » .

« چونکە بچووکەکان دروست کردنیان زەحمەترە » .

منداڵەکان پارەی هەموو گۆزەکانیان داو کڕییانن . گۆزەکەرەکان سەری ئێسترانیان وەرسووڕاندەوە بۆلای ماڵەوەو گوتیان :

« خێر لە گۆزەکانمان دەبینن ، بە ویژدانی دروستمان کردوون ، کوڕی کوڕیشتان خێریان لێ دەبینێ » .

کە گەیشتنە سەر یەکەم سووگە ، سەنگلانەوە بۆئەوەی پشوویەك بدەن . ئاوڕێکیان لەو ڕێگایە دایەوە کە پێدا هاتبوون . دیمەنی ئەو منداڵانە سەرنجی ڕاکێشان کە گۆزەکانیان لێ کڕیبوون ؛ منداڵەکان خەریکی سەیرانێکی عاجباتی بوون . گۆزەیان لەسەر لێوی هەڵدێر دادەناو بیست شەقاو دەکشانەوەو بە نۆرە بەردیان تێ دەگرت . دیارە ملەلانەیان بوو داخۆ کامەیان زۆرتری پێ دەشکێ . گۆزەکان دەشکان و هەپروون بە هەپروون دەبوون . کەلەو پارچەکان لەو هەڵدێرەوە خل دەبوونەوە خوارێ . منداڵەکان زۆریان کەیف بەم کردەوەیە دەهات .

وەك ئەوەی گۆزەکەرەکان کتوپڕ فەرمانیان بۆ دەرچووبێ ، خێرا دابەزین و چەقۆیان هەڵکێشاو هەڵمەتیان بۆ منداڵە چەتوونەکان بردو هاواریان کرد :

« کوڕە ، هەی بەدکارینە ، نەکەن ، ڕاوەستن ! ئێمە باشترین گۆزەمان بە ئێوە فرۆشتوە ، بۆ وایان لێ دەکەن ، قەت شەرمتان بە خۆ نی‌یە » .

« تووڕەبوونی بێ‌ناوێ . ئێوە گۆزەی خۆتان بە ئێمە فرۆشتوەو ئێمەش هەقی ئێوەمان داوەو ئێستا گۆزە گۆزەی خۆمانە . ئێوە چیتان داوە لەوە داخۆ چی‌یان لێ‌دەکەین یا چۆن بەکاریان دێنین .... کەیفی خۆمانە ، بیانشکێنین ، بیانبەینەوە ماڵێ ، لەسەر ڕێگا بەجێ‌یان بێڵین . چۆنمان پێ خۆش بێ وا دەکەین » .

« گۆزەکان پێوەندی‌یەکی پتەویان بە ئێمەوە هەیە . پێش ئەوەی دروستیان بکەین یەکەم جار قوڕمان گرتوەتەوە ، قوڕگرتنەوە کارێکی سەختە ، دڵی خۆمان لەناو کارەکەدا تواندەوەو وامان داڕشت کە خەڵك ڕایان لە دەستکردمان بێ . وامان دانابوو گۆزەکانمان شادی بە دڵ و خۆشی بە ژیانی خەڵك ببەخشن . کە گۆزەکانمان بە ئێوە فرۆشت وامان‌دەزانی بوزا بۆ میوانان لە یەکێ دەکەن و ئاوی ساف و سازگاری شاخان لە یەکێکی تر دەکەن و گوڵی جوانی ڕەنگاو ڕەنگ لەناو یەکێکی‌تر دادەنێن . کەچی ئێوە هاتوون لەباتی ئەمە ، بێ شەرمانە ، پارچە پارچەیان دەکەن ـ هەموو کارو ئەرك و خەونەکانمان لە لێواری هەڵدێرا بەردەباران دەکەن . چۆن منداڵی ئارچاخ بەرد داوێنە باڵندەی جوان و نەغمەخوان ، ئێوەش ئاوها بەرد لە گۆزەکانمان دەگرن » .

گۆزەکەرەکان گۆزە ساغەکانیان دەرباز کردو بەرەوماڵ بوونەوە . هەر کەسێ کارێکی بە پوختەیی کردبێ و دڵی خۆی لەناو کارەکەیدا

تواندبێتەوەو ڕای لە بەرهەمی خـۆی بـێ ، زۆرباش لە تووڕەیی ئـــەم گۆزەکەرانە دەگات .

بەم جـۆرە ئـــەو چیرۆکەی ئـەبووتالیب بـۆی گێڕامەوە تەواو بوو .

ڕۆژێك ، لە سەردانێکی ژاپۆن ، دانیشتبووم تەماشای کچانم دەکرد . خۆیان لە دەریادا نقووم دەکردو بـۆ مرواری دەگەڕان ، ئـەم چیرۆکەی ئەبووتالیبم هاتەوە یاد ...

لەشی توندو تۆڵو نازداری کچەکان تا بنی دەریا دەچـوە خـوارێ . لەوێوە کە هەر ئەوەتە سیپەلکیان نەدەتەقی ، هەندێ چەقچەقۆکیـان لەنـاو کیسەی بەرکەمەریان دەکردو سەر دەکەوتنەوە . هەزاران چەقچەقۆکیـان دەشکاند تا بەختیان دەیگرتو یەکێ مرواریەکی تێـدا دەبوو . جـا سەیرکە خەناوکەیەکی مرواریی ڕاستەقینە چەند خـۆ نقوومکردنو چـەند هەزاران چەقچەقۆك شکاندنی دەوێ .

ئایا لەو بڕوایەدای کـە ئـەمە ئاسانتر بێ ملوانکەیەکی گۆرانی لـەم هەموو وشانە بهۆنیتەوە کـە خەڵك لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا بەکاریان دێـنن ؟ وشەو ڕووداوو هەستو سۆزو تاقیکردنەوەی ئاسایی ژیان ـ ئەمانە تێکـــڕا ئۆقیانووسنو گەلێ چەقچەقۆکیان بەناودا بڵاوبۆتەوە ، ئەوەی بـۆ مـرواری بگەڕێ دەبێ بەردەوام ناخی نهێنیی ئۆقیانووس بپشکنێ . ئاخـــۆ چ ئازارێك بەدەست کارەکەیەوە دەکێشێ . ئەمە ئەرکێکیوایە دەبێ سەراپای مەعلانیو بیندرێژیو تەندروستیو خۆراگرتنی خـۆی بـۆ تەرخان بکات . پێویســـتی بە بەختیش هەیە . ئارامیی ئەوکەسەی خـــۆی بۆ مرواری نقووم دەکاتو ئارامیی وەستای کوباچی کە تۆڕی زیو دروست دەکەن ـ هەمووی بۆ بەهرە دەگەڕێتەوە . هەمووی بریتییە لە بەهرەو کاری گران .

بۆئەوەی شیمرەکانم پاش خۆم بژێن ،
دەچمە گوندی کوباچی ،
دەبمە شاگردی وەستایەکی ناودار ،
بۆئەوەی فێری چەشەو ئارامم بکات .

ئەو دەستوورانەی هەموو چیایی‌یەك دەیانزانێ :

★ تا کچەکەت بێ‌ڕانەگات بە مێردی مەدە .

★ تا نەگەیتە ڕۆخ ڕووبار پێڵاوت لە پێ مەکەوە .

★ مادام ئەو نێچیرەی بەدوایدا دەگەڕێی هێشــــتا نەتکوشـــتوە مەنجەڵ مەخـە سـەر ئاگر .

★ ڕێویی بۆر ، نابێ بە هیی ئـــەو ڕاوکەرەی یەکەم جار بەدیی دەکات ، بەڵکو دەبێ بە هیی ئـەو ڕاوکەرەی دەیگرێ .

بیرەوەری‌یەك : ڕاستی نەمدەویست ئەم چیرۆکەی خوارەوە بگێڕمەوە چونکە شانازیی بــۆ من تێدا نی‌یە بــەڵام با وا بێ مـــادام قافی هاتوە بـا بیگێڕمـــەوە .

خۆڕا نی‌یە لە چیاکاندا دەڵێن : « ئەگەر تا ناوکت چوویتە ناو ئاوەوە بە تەواوی خـۆت نقووم کە » .

هەروەها دەڵێن : « ئەگەر گرێی کیسەت کردەوە هەرچیی تێـــدایـە هەمووی هەڵڕێژە » .

ئەگەر ئـــەم ڕووداوە ناخۆشە نەبوایە کە بەتەمام ئێستا باسی بکـــەم لەمێژ بوو ئـــەم کتێبەم تەواوکردبوو .

ڕەوشتم وایە کە دەست بە نووسینی کتێبێك دەکەم ، لەو ماوەیەدا هەر سەفەرێکم بکەوێتە پێش دەستنووسەکە لەگـەڵ خـــۆم دەبـەم . بـەمجۆرە دەستنووسەکانم لە گەلێ ولاتدا گەشتیان لەگەڵ کردووم . ئەمەش پێشی خۆی

هەیە ؛ بێ گومان بەیانیی‌وا دەبێ کە هیچ ئیش‌و کارم بەدەستەوە نی‌یە • ئیدی لە ژوورەکەی خۆم دادەنیشم‌و دەستنووسەکەم پان دەکەمەوەو پێیدا دەچمەوەو لاپەڕەیەکی بۆ زیاد دەکەم • هەر بەم‌جۆرە ئەم کتێبەش گەلێ دەریاو ئۆقیانووس‌و کیشوەری لەگەڵ مندا بڕیوە •

جارێکیان ، کە لە بڕۆکسل دەگەڕامەوە • لە ئوتێلی (مۆسکفا) گیرسامەوەو لە نهۆمی هەشتەم ژوورێکیان بۆ تەرخان کردم • مادام هاتینە سەر ئەو باسە پێویستە ئەوەش بڵێم مۆسکفا بۆ من تەنیا ئوتێل نی‌یە ، بگرە وەکو ماڵی دووەمیشم وایە • ئەگەر ئەو ساڵانە لێك بدەینەوە کە نووسەر بووم‌و دەبوا بە ئیش بچمە پێتەخت ئەوا دەبێ نیوەی ژیانم لەوێدا بردبێتە سەر •

هەموو ناونووس‌و پێش خزمەت‌و کچەکان زۆر باش دەمناسن‌و منیش زۆر باش ئەوان دەناسم • هەموو برادەرە مۆسکۆیی‌یەکانم دەیانزانی لە مۆسکفا دادەبەزم‌و هەندێکیان هەر ئەوەندە ئەو دەنگ‌و باسەیان بیستایە کە (ڕەسووڵ لە مۆسکۆیە) ئیدی ئەمە وەکو داوەتێك بوو بۆیان ، هەر کاتێ دەستیان بەتاڵ بوایە دەهاتنە سەردانم •

بەرلەوەی دەست‌و دەم‌و چاوم بشۆم تەلەفۆن دەزرنگێتەوە ، لە دەرگا دەدرێ • هەر زوو ژوورەکەم جێگەی دانیشتن‌و وەستانیشی تێدا نامێنێ • ئەگەرچی ژووری ئوتێل ماڵ نی‌یە ، بەڵام ئێمەی چیایی بەگوێرەی ڕەوشتی خۆمان تا سێ ڕۆژ تێ‌نەپەڕێ لەناوی میوانمان ناپرسین • جا لەبەرئەوەی کەس سێ ڕۆژ بە میوانەتی لە ئوتێلدا نامێنێتەوە زۆر کەس هەن دێنە دیدەنیم‌و ناویان فێر نابم •

جارێکیان ، کە لە بڕۆکسل دەگەڕامەوە تەبای جاران لە ئوتێلی مۆسکفا دابەزیم ، هەروەکو جارانیش ژوورەکەم قەڵەباڵغ بوو و لە قاڵب درا :

هەندێك هاتبوون پیرۆزبایی گەڕانەوەم لێ بکەن ، هەندێك ئاواتی کەسێکی بەختەوەرم بـۆ بخوازن بەرەو داغستان • هەندێکی تریش هەروەها هاتبوون • هەندێك داوەت کرابوون و هەندێك لەخۆڕا هاتبوون •

بە شان و شکۆی هەندێ کەسمان هەڵداو بەوپەڕی مەستی و شادی یەوە لە چاومان خواردنەوە ، کەچی بە دەنگی بڵند ڕەخنەمان لـــە هەندێکـــی تر گرت و لە چاوی ئەوانیشمان خواردەوە • دواین و خواردمانەوە ، پێکەنیـن و خواردمانەوە ، گۆرانیمان گوت و خواردمانەوە ••• ئەگەر داری تەڕیـــش لەژێر مێـز و چوارپاکـــەدا بســـووتایە دووکەڵی ژووری لەوە چڕتـــر و پـــڕتـــر نەدەبوو •

ئەبووتالیب دەیگوت کە سێ شت پیریان کردوە :

یەکەم : هەموو میوانەکانت کۆبووبنەوەو ناچار بی چاوەڕوانیـــــی هاتنی دوا میوان بکەیت ( ئەویش دیار نەبێ ) •

دووەم : ژنەکەت مێزی بـــۆ ڕازاندبێتەوەو کوڕەکەت بـــۆ بوتڵـــە قۆدکایەك ناردبێ و ناچار بی لەسەر مێزەکە چاوەڕوانیی بکـــەی و هێشتـــا نەگەڕابێتـــــەوە •

سێیەم و کۆتایی : هەموو میوانەکانت ڕۆیشتبن و بە ناچاری چاوەڕوانـــی ڕۆیشتنی دوا میوان بکەی • بەڵام ئەمەشیان کـــە بەدرێژایی شەو بێ دەنگ بوە کت و پڕ لە دەرگا بوەستێ و دەست بە قسان بکات وەك ئـــەوەی بی بەوێ تۆڵەی بێ دەنگیی خـــۆی بکاتەوە • لێشاوی قسە هیچ نیشانەی تەواو بوونی پێوە دیار نی یە • تۆش ئەگەرچی ماندووی و بە خورتی چاوی خەواڵـــووت دەکەیتەوە ، ناچاری گوێ لە قسە پووچەکانی بگری • هەرچی ئـــەو بڵـێ تۆ دەتەوێ بڵێی ڕاستە ، بۆئەوەی بەڵکو خواو ڕاستان چڵ بکات و وازبێنێ و

بڕوا ، کەچی تۆ بەمەوە زیاتر هانی دەدەیت بۆئەوەی گەرمتر بێو باشتر هەڵبڕێژێ .

ئەو ئێوارەیەی دەمەوێ باسی بکەم لە ئوتێل میوانێکی لەم چەشنەم هاتو بە ئەنجامێکی نالەباری گەیاندم .

دوای ئەوەی کە هەموو میوانەکان ڕۆیشتن ئەو خۆی دا پاش‌و خۆی پێدا شۆڕکردەوە . قونکە جگەرەی فڕێ دەدا زووری . بە پەردەو پشتە کورسی‌و جانتاو کاغەزەکانی سەر مێزەکە دەیکوژاندەوە .

یەکەم جار بە منی هەڵگوت ، ڕازی بووم . ئینجا بە خۆی هەڵگوت ، ڕازی بووم . پاشان بە ژنی خۆی هەڵگوت ، دیسان هەر ڕازی بووم . لەئەنجامدا دەستی بە جنێو کرد . جنێوی بە من داو هەرچی قسەی نابەجێ هەیە پێی گوتم ، ئەوکاتەش هەر ڕازی بووم . لە دڵی خۆمدا ، ترسام ، گوتم « ئێستا پێدا دێ جنێو بە خۆی‌و بە ژنەکەیشی دەدات » . بەڵام کە گەیشتە ئەو شوێنەی دەبوا بکەوێتە گیانی خۆی ، خەوێکی هاری بەسەردا باری‌و ڕای کردە ژووری خۆیەوە . بەڕاست ، بۆئەوەی سووم لە ڕۆیشتنی نەبێتەوە گفتی پێدام بەیانیش سەرم لێ بداتەوە .

پەندێك هەیە دەڵێ میوان لە هەموو لایەکەوە جوانە بەڵام لەلای پشتەوەڕا لە هەمووی جوانترە . پێشتر قەت ئەم پەندەم وەکو ئێستا پێ ڕاست‌و دروست نەبوە . کە میوانەکەم ڕۆیشت لە پشتەوەڕا زۆر جوان بوو . هەناسەیەکەم هەڵکێشاو گوتم : « ئۆخەی ، خۆ ئەم بەڵایەم لە هەوکێ بوەوە ، ئێستا بۆم دەکرێ نەختێ بخەوم » . خێرا دەرگام داخست‌و خۆم لە بنجێی ڕاکردو یەکسەر خەو بردمیەوە . خەوێکی خۆش ! وەکو یەکێك کە لەژێر کەپەنکی گەرمدا نووستبێ‌و لە دەرەوەش باران بەخوڕ بیکوتێ . خەونم دی . لەو خەونەدا لاموابوو بەڕاستی

لە بەر ئاگردانی ڕەشماڵان خۆم لە کەپەنك پێچاوە . هەندێ شوان لە دەوروبەری ئاگرەکە دانیشتبوون ، داریان دەخستە سەر ئاگرەکەو تەپو دووکەڵ چاوی دەزووراندمەوەو دفنی دەتووزاندمەوە . پاشان لامواببوو لە ئانەواخانەیەکدام . ئانەوا خانەکە زۆر گەرم بوو . بۆنی نانی سووتاوی لێ دەهات . دیسان دیمەنەکە گۆڕاو ئەم جارە لامواببوو ڕۆژی یەك شەممەیەو لەگەڵ برادەران بە سەیران چوومەتە دەشتێو خەریکی برژاندنی پارچە گۆشتی بەتامو خۆش بۆین .

لە ژانی بێئامانی چاوەکانم خەبەرم بوەوە . لەناو نوێنەکەم دەربەڕیم . ژوورەکەم هەمووی چڕە دووکەڵ بوو . چاوم هیچی نەدەدی . لەوسەری ژوورێ ، لە نزیك دەرگا ، زمانەی بڵێسە ئاگرێکم لێ دەرکەوت . هەڵمکوتایە سەر بڵێسەکە دیتم پشکۆی داگیرساوی جانتاکەمە لە تاریکیدا دەبریسکێتەوە .

جانتاکەم بەرگی جوانترین ئوتێلی جیهانی پێوە بوو . چەند وڵات بەیەکەوە گەڕابووین و چەند گومرگمان بە سەلامەتی بڕیبوو . بۆ دڵنیاییش ئەم جانتایە هیچ گاوێ شتی قاچاغی بەخۆیەوە نەگرتوە . وەکو خۆت دەزانی بۆی هەیە یەك بوتڵە ڤۆدکا یا یەك پاکەتە جگەرەی زیادەکی کە پیاو بۆ برادەرانی دەباتە دەرەوە (بێی ناوێ باسی بلووزی جوان بۆ هاوسەر هەر بکەین) ، بێ بە مایەی ناڕەزاییی فەرمانبەرانی گومرگ .

جانتاکەم کە بە سەلامەتی لەم هەموو گومرگانە دەرچووبوو ، لە ژوورێکی ئاسوودەی ئوتێلی مۆسکفا بەئەنجام گەیشت .

خێرا پاشماوەی سووتاوی جانتاکەم خڕ کردەوەو فڕێم دایە ناو گۆمی سەرشۆرکو ئاوی بۆڕیم بەردایەوە سەر . دووکەڵ ژووری قانگ دا . دەستو دەمو چاوم سووتا . ئەو کورسییەی جانتاکەی لەسەر بووو

مافوورەكەو پەردەكان مابوون بیانكوژێنمەوە . غارم دا تەلەفۆن بۆئەوەی بانگی ئیشكچیی لێ‌پرسراوی ئەم نهۆمە بكەم . هاوارم كردە ئەوەی سەر تەلەفۆن :

« بمگەنێ سووتام ، زووكەن وەرن ! » .

ئەو كچەی ئیشكچی بوو وای‌زانی ڕەسووڵ بە ئاگری ئەوینی ئەوەوە دەسووتێ ، بۆیە بە دەنگێكی نەرم‌و دایكانە هاتە وەڵام : « دەی ، دەی ڕەسووڵ بڕۆوە ناو نوێنی خۆت ، بەیانی چاك دەبیتەوە » .

ئای ژنینە !! چەند جار بە گاڵتەوە پێم گوتوون لەناو گڕو كڵپەی ئاگردام‌و پێتان بڕوا كردووم‌و هاتوونەتە هاوارم ، ئێستاش ئەمە یەكەم جارە كە ئاگری ڕاستەقینە خەریكە كڵوكۆم دابمركێنێ‌و پێم بڕوا ناكەن .

وەك ئاگركوژێنەوەیەكی دلێرو چاپووك بە تاقی تەنێ كەوتمە جەنگی بڵێسەكانەوە . لەئاكامدا ئەو بڵێسانەم كوژاندەوە كە بەڕەو كورسی‌و پەردەو تەختەفەرشی سەر زەوی‌یان داگرتبوو خەریك بوو هەموو بكەنە ڕەژوو .

بەڵێ ، بەسەر ئاگرەكەدا زاڵ بووم بەڵام پاش ئەوەی زیانێكی زۆری لێ دام .

ئەمەم هەموو سەبارەت بەوە لێ قەوما كە برادەرە سەرخۆشەكەم قونكە جگەرەیەكی فڕێدابوە ناو جانتاكەمەوە . كراس‌و قات‌و ئەو دیاری‌یانەی لە برۆكسلەوە هێنابوومن هەموو فەوتان . بەڕێوەبەری ئوتێل داوای بژاردنی هەموو شتە فەوتاوەكانی كرد ـ بەڕە ، كورسی ، پەردە . ئەمەش بە زۆر لەسەرم وەستا . خۆیشم بە ناچاری كەوتمە نەخۆشخانە . تەلەفۆنم بۆ ژنەكەم كردو تێم گەیاند كە لەبەر هەندێ ئیشی گرنگ نەختێ دوادەكەوم . لەبەرئەوەی پێشەكی بڕیارم نەدابوو بڵێم ئیشەكە چی‌یە هەرێم پێ دا دووبارە تەلەفۆنی بۆ بكەمەوە .

بەڵێ ، ئەمە هەمووی ئەنجامی قونکە جگەرەیەکی نەفرەتی بوو .

بەڵام با ئەمەت پێ ڕابگەیەنم ـ کە ئەم هەموو زیانە لەچاو زیانی سەرەکیم شتێکی هیچ بوو . جانتاکەم دەستنووسێکی تێدا بوو کە دوو ساڵ بوو پێیەوە خەریك بووم .

دەڵێن : گەورەترین ماسی ئەوەیە خۆی لە چەنگاڵ ڕاپسکاندبێ‌و دەرباز بووبێ . باشترین نێچیر ئەوەیە بۆت نەپێکرابێ . جوانترین ئافرەتیش ئەوەیە وازی لێ هێنابیت .

زۆر پەڕەی کتێبەکەم فەوتان . ئێستا وا تێدەگەم دەبێ ئەو پەڕانە باشترین پەڕەی نووسراوەکەم بووبن .

بێجگە لەمەش ، ئەو ماسی‌یەی لە دەستم بەربووبێ قەت هی من نەبوە ، ئەو نێچیرەی نەمتوانیبێ بیپێکم قەت هی من نەبوە ، هەروەهاش ناتوانم ئەو ژنە بە هی خۆم دابنێم کە وازی لێ هێناوم . بەڵام پەڕە سووتاوەکان هی خۆم بوون . من دروستم کردبوون . من ژیاندبوومن . ئازارم پێوە کێشابوون . گەلێ شەونخوونی‌و ڕۆژە ئێشم بەدیارەوە کێشابوون . هەر بۆیەشە کە ئەوەندە بە لەناوچوونیان غەمناکم‌و هەر بۆیەشە ئێستا دڵنیام کە دەبوون بە باشترین کتێبی من .

یەکسەر هەستم کرد کە هەتیو کەوتووم . وەکو ئەو زەوی‌یەی مەڵۆکانی هەڵگیرابێتەوە ، یا وەکو ئەو کێلووکەیەی لە پەرێزێ بەجێمابێ .

هەموو پیتی لاپەڕە سووتاوەکانم بەلاوە وەکو مرواریی پڕشنگدارو دێڕەکانیش وەکو ملوانکەی بەهادار وان .

بە جۆرێکی ئەوتۆ سارد بوومەوە تا دوو ساڵ چاوم بەرایی نەدا دابنیشم‌و لاپەڕە سووتاوەکان بنووسمەوە . دواجار کە هاتمەوە سەریان

تێگەیم بێشکە دەتوانم دووبارە دەرهەق هەمان شت بنووسم ـ بەڵام هەرگیزاو هەرگیز بۆم ناکرێ لاپەڕە فەوتاوەکان بدۆزمەوە • ئەمەش وەکو ئەوە وایە کە ژن و مێردێك منداڵێکی ئازیزیان بمرێ ، پاشان منداڵیان دەبێ و بەقەد ئەوەی یەکەم خۆشیان دەوێ بەڵام ئەمەیان منداڵێکی ترەو ئەوە نی‌یە کە لە دەستیان چووە •

دەڵێن شیعر لە ئاو دەترسێ • شیعر وەکو ئاگر وایەو داهێنانی شیعر وەکو سووتان وایە • بێگومان شیعر نابێ ئاویە بێ ، بەڵام خوا لەو ئاگرەی بپارێزێ کە لە ژووری ئوتێلەکەدا لە دەستنووسەکەم بەربوو •

## ماڵی ئەبووتالیب چۆن دزرا ؟

نازانم چۆن ڕێکەوت و کێ ڕێ و شوێنی بۆ دانابوو و بۆچی ئەو ڕۆژە ماڵی ئەبووتالیب کەسیان لە ماڵێ نەبوون بەڵام دەزانم کە ماڵی ئەبووتالیب دزرا ، سەعات و ئەنگوستیلەو زێڕو گوارەو خشڵەکانی تری کچی ئەبووتالیب جووبوون • باسی فەروەو پێڵاوو کراس و پارە هەر مەکە • ژنەکەی ئەبووتالیب هەر وەخت بوو لەداخان بوورێتەوەو کچەکەیشی بەدەم هەنسکی گریانەوە بەربووەوە سەر کورسی • کەچی ئەبووتالیب چوە ژوورەکەی ترو لەسەر زەوی دانیشت و دەستی بە زوڕنا لێدان کرد • ژنەکەی لێی بە ژوورێ کەوت :

« ئەوە تۆ دڵت نی‌یە ، چی‌یە ؟ لە کاتی‌وادا زوڕنا لێدەدەی ؟ هەستە ڕاکە بچۆ پۆلیس و حاکم ئاگادار بکەوە » •

« من خۆم زۆر بەختەوەرم • شیعرەکانم ساغ و سەلامەتن • دزەکان دەستیان لە هیچێکیان نەداوە ••• جا بۆ بگریم ؟ •

« تۆیش ! کێ بەکی لەسەر شیعری تۆ کەوتووە ؟ بەتایبەتی کە بە زمانی لەکیشە » •

« ئافرەت ، دیارە لە زۆر شت ناگەی • ئاخر ئەوانەی کە پێشیان دەڵێن شاعیر ، هیی‌وایان تێدایە هیچ ناکەن تەنیا شیعری خەڵك دەدزن • سوپاس بۆ خودا شیعرەکانم نەدزراون • ساڵێکی ڕەبەقـــە پێیانەوە خەریکم • یـــەك شیعر بچووبایە زیانێکی زۆر گەورەو قەبە بوو • زۆرنایشـــیان نەبردووم • ئـــەدی کەواتە بـــۆ بەکەیف نەبمو زۆڕنا لێ‌نەدەم » •

ئەبووتالیب هیچ گوێی بە هـــاتو هاواری ژنو کچەکـــەی نەبزووت • هەر لەسەر زوڕنالێدانی خـــۆی بەردەوام بوو •

ئەو جیرۆکەی ئەفەندی کەپاییف بـــۆی گێڕامەوە :

ڕۆژێکی خۆشی هاوین سلێمان ستالسکی لەسەر بانی خانووەکەیان ڕاکشابوو تەماشای ئاسمانی دەکرد ، مەلی ئـــەو ناوە دەیانجریواندو ڕووبارەکـــــــان هاشەیـــان دەهات • هەرکەسێ چاوی پێ بکەوتایـــە وای‌دەزانی سلێمـــان خەریکی حەسانەوەو پشوودانە • دەبێ ژنەکەیشی هەر وای بـــۆ چـــووبێ ، بـــۆیە چوە سەربانو پێی‌گوت :

« خینکالی‌یەکە پێگەیوە ••• وەرە نانت بخۆ » •

سلێمان وەڵامی نەدایەوە ، بگرە هەر تەماشایشی نەکرد • دوای نەختێ (ئاینە ـ عینە)ی ژنی دووبارە بانگی کردەوە :

« خینکالی‌یەکە سارد بوەوە ، هیچ تامی پێوە نامێنێ ، وەرەبیخـــۆ » •

سلێمان لە شوێنی خـــۆی نەجوولایەوە •

« ژنەکەی خواردنی بـــۆ بردە سەربان تا لەوێ بیخوا ، ڕەنگە میزاجی‌وا بخوازێ ، ژنە خواردنەکەی لە بەردەم داناو گوتی :

« لە بەیانی‌یەوە هیچت نەخواردوە • ئـــەم خینکالی‌یە بخـــۆ ، بزانـــە چـــەند زەریفە » •

سلێمان ڕاپەڕیو ڕکی خۆی لە ژنەکەی کردەوە :

« کە ئیشێك دەکەم هەموو جارێ دەبێ ئیشەکەم لێ تێكبدەی ! » .

« ئاخر تۆ ڕاکشابوویو بەس . هیچت نەدەکرد . وام زانی ... » .

« نەخێر ، ئیشم دەکرد . جارێکیتر سەخڵەتم نەکەی » .

بێ گومان سلێمان ستالسکی ئەو ڕۆژە شیعرێکی نوێی دەنووسی .

بەمجۆرە دەبینی شاعیر ئەو کاتەی لە سەربانیش باڵ دەداتەوەو لە ئاسمان ڕادەمێنێ هەر ئیش دەکات .

**شاعیرێك شیعرێکی بۆ ژنەکەی نووسی :**
**« هۆ ئەستێرەکەم ! ڕووناکییەکەم ، بەیانەکەم ، ژیانەکەم !**
**کە لە تەکمەوە بیت ژیانم شیرینە ،**
**کە لێم دیار نەبیت هەموو شتێکم تاڵە .**

**ژنەکەی ، کە ئەستێرەو ژیانی بوو ، هاتە ژوورەکەیەوە**
**شاعیرەکە بەسەریدا نەڕاند :**
**« دیسان هاتی ، کاتی بەنرخم بە فیڕۆ بدەی !**
**تۆ بڕۆ خوا لێمگەڕێ ئیش بکەم »**

چیرۆکێکیتری باوکم :

---

مەحموودی شاعیری گەورەی ئەوینو دڵداری بوو بە میوانی کابرایەکی زۆر بەڕێز . کابرا میوانی دیکەشی هەبوو . شاعیرەکە تا بەترەکی شەو چوو گۆرانیی خۆشی بۆ گوتن . ئینجا هەموو نووستن . باشترین ژووری میوانانیان دایە مەحموود . خانەخوێکە مەسینە ئاوێکو دەستشۆرکێکی بۆ لە ژوورێ دانا بۆ ئەوەی دەستنوێژی پێ هەڵگرێ . بە هیوای شەوێکی شادەوە بەجێی هێشتو ڕۆیشت .

بەیانی ، خانەخوێکە ترسا نەوەك مەحموود لە خەودا بمێنێو نوێژی سبانێی بچێ ، سەری لە ژوورێ هەڵکێشا . دیتی شاعیر هێشتا نەنووستوە .

لەسەر مافوور ڕاکشاوەو شیعر دەنووسیو لەبەرخۆیەوە دێڕەکان بە ئاهەنگەوە دەخوێنێتەوە :

**بە دۆڵەکانی بەهەشت هەڵنالێم ،**
**تکایە واجبم لەسەر هەڵگرە .**
**وا چاکە بۆ خۆت دایانبنێی ،**
**خۆشەویستی بدە من ـ بەسمە .**

« مەحموود ، کاتی نوێژی بەیانییە ، واز لە شیعر بێنە ، نوێژەکەت بکە » .

مەحموود پێی گوت : « شیعرەکەم نوێژی منە » .

بەمجۆرە دەبینی کە خەڵکیتر خەریکی نوێژیشن شاعیر هەر ئیش دەکات .

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : ئێستا چیرۆکێکتان لەبارەی شاعیرێکی ئاوارەوە بۆ دەگێڕمەوە ، بەڵام ناوی ناهێنم چونکە نامەوێ خەڵکی پەنجەی بۆ ڕابکێشنو پێی پێبکەنن ئەگەرچی (بەینی خۆمان بێ) بەڕاستی شایەنی ئەمەشە .

شاعیرەکە خەریکی چوونە پەردە بوو . ئاهەنگو زەماوەند بڕابووەوەو میوان ڕۆیشتبوونەوەو بووکو زاوا خەریك بوون بچنە ئەو ژوورەی کە بۆ ئەم شەوەی شای شەوان ئامادە کرابوو .

بووك لەسەر بالینگانی بووکێنی ڕاکشاو چاوەڕێ بوو زاوای بچێتە پاڵ . بەڵام زاوا لە جیاتیی ئەوەی بچێ دەست لە ملی بووکێ بکا چوو لەسەر کورسیو مێزێك دانیشتو دەستی بە شیعر نووسین کرد ... بە درێژایی شەو هەر نووسیو نووسی . بۆ بەیانی شیعرێکی درێژی لەبارەی ئەوینو بووكو شەوی پەردەیانەوە نووسیو تەواوی کرد .

ئایا لەمەوە وا تێبگەین کە ( شاعیر لە شەوی پەردەشدا هـەر نیـشی دەکات ) ؟ ئـەمن ئـەگەر وەکو ئـەو شاعیرە ئاقارەم بکردایە پەنجا هێندەی ئێستاکە کتێبم دەبوو • بەڵام گومانـم هەیە کـە کتێبەکان کتێبی ڕاستەقینە بوونایـە •

هەرکەسێ ژنەکەی باوەشی بـۆ بکاتەوە تا بچـێ بیگرێتـە ئامێـزو ئـەویش بچێ دابنیشێو بنووسـێ ، هەرکەسێ نەتوانێ لەگەڵ هاتنـی خۆشەویستەکەی قەڵەمو کاغـەز توورهەڵبـدا ، دەبێ کابرایەکـی دووفاقو لەخۆبایی بێ • ئەگـەر بیست هێندەی خەڵکیش شـیعر بنووسێ شیعرەکانی ڕاستیو دڵسۆزییان تێدا نابێ •

بێگومان پیاو دەبێ کار بکات • جارێکیان کابرایەکی زۆر ژیرو زانـا لە بن درەختێك پاڵی دایەوە ، پەتەما بوو سێوێك لەخۆڕا بەربێتەوەو بکەوێتە ناو دەمیەوە بەڵام هیچی بۆ نەبڕا •

لەگەڵ ئەمەشدا ، دڵسۆزیی شاعیر بەرامبەر بە خـۆیو بە هاوڕێکانی ، گەلێ گەلێ لە پیشەکارییو بگرە لە پەهرەش پێویستترە •

دەڵێن :

پیاوی ئـازا یان لەسەر زینە یان لە ژێر زەوی •

دەڵێن :

« پیسترینو ناشیرینترین دیمەن لەم سەرزەمینەدا چییە ؟ » •

« کابرایەك لە ترسان بلەرزێ » •

« ئەدی لەویش پیسترو ناشیرینتر چییە ؟ » •

« کابرایەك لە ترسان بلەرزێ » •



## ڕاستی‌و ئازایی

**ئایبێکی ڕیش سپی بە ئەنجومەنێکی گوت :**
**« دەبێ پیاوی هەرە ژیر ببێتە ئیمام ! »**
**یەکێك بەرپەرچی دایەوە :**
**« پیاوی هەرە ئازا دەبێ ببێتە ئیمام ! »**
**حوکمی هەموو دونیای بەرین لەوە**
**ئاسانترە کە ببی بە شاعیر کە تەنیا**
**حوکمی شیعر دەکات ، چونکە بێجگە**
**لەو سیفەتانەی تازە ناویان هات**
**دەبێ بە لانی کەمەوە سەدی تریشی هەبێ •**

ئاڤارەکان دەگێڕنەوە ، دەڵێن :

---

نەوە دوای نەوە ، ڕاستی‌و درۆ ، شان‌بەشانی یەکتر هاتوون • نــەوە دوای نەوە مشت‌و مڕیانە کامەیان بەهێزترو پێویسترو بەسوودتــرە • درۆ دەڵێ : « من ! » ڕاستییش دەڵێ : « من ! » • مشت‌و مڕو گێنگەشەیان قــەت دوایــی نایــە •

ڕۆژێ بڕیاریان‌دا بکەونە ناو دونیاو ئــەم پرسیارە لە خەڵك بکەن •

درۆ یەکسەر بەناو کۆڵانی تەنگ‌و تاریکدا ڕای کردو لە هەموو کەلـــەن‌و قوژبنێك تر بوەوەو هەموو کونێکی بۆن کردو لە هەموو گۆشەو کەچاییەکدا خولی دایەوە • ڕاستی بە سەربلندی‌و شانازی‌یەوە بە ڕێگایی ڕاست‌و بەریندا ڕۆیشت • درۆ قاقا پێدەکەنی ، ڕاستی سەرکزو بێ‌تووك بوو •

ڕێیان کەوتە گەلێ شارو دێ • زۆر ڕێ‌و بانیان کوتایەوە • لەگـەڵ پاشاو شاعیرو خان‌و حاکم‌و بازرگان‌و فالچی‌و خەلکی ڕەش‌و ڕووت دوان •

درۆ لە هەرکوێ دەرکەوتایە خەلکی هەستیان بە ئۆخەی‌و دڵنیایی دەکرد • بە ڕووگرژی سەیری یەکیان دەکرد • کە درۆیـــان دەکرد پێکەنینـــــان دەهـات ، دەیانزانی درۆ دەکەن‌و درۆیان لەگەڵ دەکرێ ، لەگەڵ ئـەمەشدا هەستیان بە شادی‌و بەختیاری دەکرد • شەرمیان پێ نەبوو ئـەگەر یەکتـر لە خشتە بەن‌و قسەی ناڕاست بکەن •

کە ڕاستیش دەربکەوتایە خەلکی ڕوویان ڕەش‌و شین هەڵدەگـــەڕا • چاویان نەدەبڕی‌یە یەکتر • سەریان شۆڕ دەکرد • بە ناوی ڕاســـتی‌یـەوە خەلکی خەنجەریان هەڵدەکێشا • چەوەساوە لە چـــەوسێنەوە ، کڕیار لـە بازرگان ، ڕەش‌وڕووتی خەڵك لە خانەکان ، خانەکـــان لە پاشاکان ڕاسـت دەبوونەوە • مێرد ژنەکەی‌و دۆستی ژنەکەی پێکەوە دەکوشت • خوێـن دەڕژا •

بۆیە زۆربەی خەڵك بە درۆیان گوت : « مەڕۆ ، بەجێمان مەهێڵـــە • تـــۆ باشترین برادەرمانی • ژیان لەگەڵ تـــۆ سووك‌و ئاسانترە • تۆش ئەی ڕاستی ، لە کێشەو گێجەڵ‌و قەرقەش بەولاوە هیچمان بـۆ ناهێنی • دەبـێ شت لێك بدەینەوەو هەست بکەین ، ئازار بخۆین و هەوڵ بدەیـــن • ئـەدی سەبارەت بە تـــۆ گەلێ سەربازی گەنج‌و شاعیرو شـۆڕەسوار نەفەوتان ؟ » •

ئـــەو حەلە درۆ بـە ڕاستیی گــوت : « باشە ، ئێستا دەبێ دان پێـــدا

بنێی کــه من لــه تــۆ پێویستترو بەسوودترم • چوونکە هــەر شوێنێـك خەڵك بەپیر منەوە هاتن نەك تــۆ » •

« بەڵێ ، زۆر ئاوەدانیی ئـەم سەرزەمینە گەڕایـن • ئێستا ، وەرە بــا بچینە سەر ترۆپکە بەرزەکان • با ڕای کانیی ڕوونو ســازگاری شــاخان وەربگرین ، ڕای گوڵی مێرگی شاخان وەربگرین ، ڕای ئـەو بەفرە یــەك پارچەیە وەربگرین کە هەتاهەتایە لەسەر تۆپکەکان دەبریسکێتەوە • ترۆپـك تەمەنیان هەزار ساڵە ••• کردەوەی نەمریی پاڵەوانو گەورە پیاوو شاعیـرو فەیلەسووفو پیاوچاکان لەوێدایە • بــڕوباوەڕو گۆرانیی‌یەکانیان لەوێــدا دەژی • هــەر شتێکی نەمــر بێو لە شپرزەبوونــی زەوی نەترسێ لەوێدا دەژی » •

درۆ گوتی : « نــا ، ناچمە ئـەوێ » •

« بــۆ ؟ لە شوێنی بلند دەترسی ؟ تەنیا قەل هێلانە لە تەورایی دەکات ، هەڵۆ لە بەرزترین چیاش هەورازتر دەفڕێ • قاتی لەو بڕوایەدا نیی کــە قەل بێت باشترە تا هەڵۆ ؟ وەی ، وەی ، دەزانم تــۆ دەترسێی • هەمیشــــە ترسنۆك بوویت • تـۆ کە لەسەر مێزی ڕازاوەی پڕ شــەرابی زەماوەنـــد دادەنیشی سەرت گەرمە ، بەڵام ناوێری بچیتە دەرەوە چونکە لەوێ لەباتیــی زرنگەی بادەی شەراب ڕنگەو چرتەی خەنجەر بەرز دەبێتەوە » •

« نەخێر ، لە ترۆپکەکان ناترسم ، بەڵام هیچ ئیشم بەوێ نی‌یە چونکە کەسی لێ نی‌یە ، مەیدانی من لێرەیە ، لەم خوارەوەیە کە خەڵکی تێدا دەژی • لێرە ، من هەر خۆم حاکمی بێ‌غەنیمەو هەمووڵایەك گوێڕایەڵی منن • تەنیـا هەندێ مەردی ئازا هەن دەوێرن دژی من بوەستنو ڕێگای تــۆ بگرنە بەر کە ڕێگای ڕاستی‌یە • بەڵام ئەوانیش گەلێ زۆر نین » •

« ڕاستە گەلێ زۆر نین بەڵام ئەوان ، پاڵەوانن شاعیرەکــان خۆشترین گۆرانی بەواندا هەڵدەڵێن » •

## چیرۆکی شاعیری تاقانە :

ئەم چیرۆکەم لە ئـەبوونالیب بیست •

لە وڵاتێکدا زۆر شاعیر هەبوون • گوند بە گوند دەگەڕان و گۆرانی‌یان پێشکێش دەکرد • هەندێك کەمان و تەمبوورییان پێبوو ، هەندێك چونگ و زوڕنا • ئـەو کاتەی کە خـان لەگەڵ ژنەکانی نەخافڵابوا ، یا خەریکـی کاروباری وڵات نەبوایە پێی خۆش بوو گوێ لە گۆرانی‌یەکانیان بگرێ •

ڕۆژێکیان ، خان گوێی لێ بوو یەکێ گۆرانیی لەبارەی دڕندەیـی و بێدادی و چاوچنۆکیی خانەوە دەگوت • خان تووڕەیی هەستاو فەرمانـی دا دەبێ دانەری ئـەم گۆرانی‌یە فیتەبازە بگیرێ و بگاتە کۆشکێ •

دانەری گۆرانی‌یەکەیان لە هیچ شوێنێ پێ نەدۆزرایەوە • ئینجا خـان فەرمانی بـۆ وەزیرو گزیران دەرکرد کـە هەرچی شاعیری وڵاتەکـەی هەیە بی‌یانگرن و بی‌یانخەنە بەندیخانە • پیاوەکانی خـان هەموو گونـدو ڕێگاو بان و تووڵەڕێی شاخاوی و دۆڵ و گەلیی وڵاتیان پشکنی • هەر کەسـێ یەك گۆرانیی دانابوو یا یەك گۆرانی چڕیبوو گرتیـان و خستیانە ژێر زەمینی کۆشکـێ •

بـۆ بەیانی خان چوە ناو شاعیرە گیراوەکان و گوتی :

« ئێستا دەمەوێ هەریەکەتان گۆرانی‌یەکی خـۆیم بۆ بڵێ » •

شاعیرەکان یەك بە یەك گۆرانی‌یان بە خاندا هەڵگوت ـ بە بیری تیژ و دڵی میهرەبان و ژنی جوان و هێز و سەربەرزیی خانیانـدا هەڵگوت • لـە گۆرانی‌یەکانیاندا گوتیان زەوی هـەرگیز خانـی‌وا گەورەو دادپـەروەی بەخۆیەوە نەدیوە •

خان یەك لە دوای یەك شاعیرە گیراوەکانی بەرەڵلا کـــرد ، تا تەنیا سـێ شاعیر لە زیندانێ مانەوە . ئـــەمانە قایل نەبوون بە خاندا هەڵبڵێن . ئیـــدی دەرگایان لەسەر خشت کلیل دان . لە خەڵکی وابێ خان لە بیری کردوون . دوای سێ مانگ خان چووە لای گیراوەکان و پێی گوتن :

« باشە ، ئیستا دڵنیام هەریەکەتان گۆرانی‌یەکی خۆیم بـۆ دەڵێ » .

یەکێ لە سێ شاعیرەکە یەکسەر دەستی پێ کرد ، بە خانیدا هەڵگوت ـ بە بیری تیژو دڵی میهرەبان‌و ژنی جوان‌و هێزو سەربەرزیی خانیدا هەڵگوت . لە گۆرانی‌یەکەیدا گوتی زەوی هەرگیز خانی وا گـــەورەو دادپەروەری بەخۆیەوە نەدیوە .

ئەو شاعیرەشیان ئازاد کرد . بەڵام دوەکەی‌تر دیســـــان قایل نەبوون گۆرانی بە خاندا هەڵبڵێن . هەردووکیان گرتن‌و بردیانن بـۆ گۆڕەپانێك کە پڕ داری قەڵاشکەری بوو .

خان بە تووڕەیی تێی‌ڕاخوڕین : « بە زیندووی چاوان دەتان‌سووتێنم ، ئەمە دواجارە پێتان دەڵێم ، یەکەو گۆرانیی خۆتانم بـۆ بێژن » .

یەکێکیان چریکەی لێ هەستاو هەڵی‌کردە گۆرانی‌و بە خانیدا هەڵگوت ـ بە بیری تیژو دڵی میهرەبان‌و ژنی جوان‌و هێزو سەربەرزیی خانیدا هەڵگوت . لە گۆرانی‌یەکەیدا گوتی زەوی هـــەرگیز خانـــی وا گەورەو دادپەروەری بەخۆیەوە نەدیوە .

ئەویشیان بەرەڵلا کرد .

مایەوە تەنیا یەك شاعیر کـــە لە هـــەموویان لاملترو کەللە ڕەقتر بـــوو . خان فەرمانی‌دا :

« لە داری ببەستنەوەو ئاگری تێ‌بەردەن » .

شاعیرەکە بە دارەوە بوو کە لەنکاوڕا هەڵی‌کردە گۆرانی ، عەینــی گۆرانیی لەبارەی دڕندەیی‌و بێدادی‌و چاوچنۆکیی خانــەوە گوت کە ئــەم هەموو هەرایەی نابوەوە .

خان نەڕانـدی : « زوو بەرەڵای کـەن . لــەناو ئاگر دەری‌بێنن . نامەوێ شاعیری تاقانەو ڕاستەقینەی وڵاتەکەمم لەدەست بچێ ... » .

ئەبووتالیب کــە لــە گێڕانەوەی ئــەم چیرۆکــە بوەوە ، گوتی : « قەت بڕوا ناکەم خانی وا مەردو ژیر لە دونیادا هەبووبێ بەڵام شاعیری وایش زۆر نیــن » .

باوکم بۆی گێڕامەوە :

ڕۆژێکیان لە شامیلی مەزنیان پرسی :

« ئیمام ، بۆچی شیعرنوسین‌و گۆرانی‌چڕینت قەدەغە کردوە ؟ » .

شامیل وەڵامی دایەوە :

« بۆئەوەی تەنیا شاعیری ڕاستەقینــە بمێنێتەوە . شاعیری ڕاستەقینــە هەروەکو جاران لە نووسین بەردەوام دەبێ ، بەڵام ئەو درۆزن‌و دووفاقانــەی ناویان لە خـۆ ناوە شاعیر زراویان لە بڕیارەکەی من دەچێ‌و واز لە شــیعر نووسین دێنن‌و چیتر خۆیان‌و خەڵك دەست‌خەڕۆ ناکەن » .

« ئیمام بۆچی شیعرەکانی سەعیدی ئاراکانت خستە ناو ڕووبارەوە ؟ » .

« شیعری ڕاستەقینە لە ڕووباردا ناخنکێ چونکە لەناو دڵی خەڵکیــدا دەژی . ئەگەر شیعرێك لەو کاغەزە زیاتر نەهێنێ کە لە سەری نووســراوە جێی خۆیەتی بەم دەردە بچێ . سەعیــدی ئاراکان هــەق وایە لەجیاتیــی نووسینی شیعری‌وا کە ئاو ڕایێچی بکات خۆی بە کارێکی سوودبەخشــەوە خەریك بکات » .

دەگێڕنەوە ، دەڵێن :

کە مەحموودی شاعیری گەورە کوژرا باوکی ئەوەندەی خەم خوارد ، لە داخان جانتای دەستنووسەکانی مەحموودی گرتو فڕێیدا ناو ئاگرەوە :

« دە بسووتێن ، هەی کاغەزی نەفرەتینە ، سەبارەت بەئێوە بوو کوڕەکەم بە جوانەمەرگی چوو » .

کاغەزەکان هەموو سووتان . بەڵام ئێمە هەموو شیعرەکانی مەحموودمان بە دەقە خۆی بۆ ماوەتەوە . ئەوەی نووسیویە یەك وشەی نەفەوتاوە . گۆرانییەکانی لەناو دڵی خەڵکدا دەژین و بە ئاگرو ئاو نافەوتێن چونکە شیعری ڕاستگۆن .

باوکم بەو کەسانە پێدەکەنی کە :

★ لە چاوی پیس دەترسانو شەو بە دزی دەچوونە سەفەرێ .

★ خورجینەی پاشکۆی زینیان پڕ بەرد دەکرد تا خەڵك وا تێبگا ئەستوورکی تێدایە .

★ ڕاوکەر بوونو لە ڕاوێ دەهاتنەوە و لەجیاتی کەو قەلە ڕەشکەیان دەهێنایەوە .

ئەبووتالیب ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە :

کابرایەکی هەژارو دەستکورت هەبوو دەیەویست خۆی بە دەوڵەمەند پێشان بدا . هەموو ڕۆژێ بە کامەرانی دەهاتە ئەنجومەنی دێ . خەندەی لە ڕوو دەباری و ڕۆنی لە سمێڵ دەچۆڕایەوە ، وەك ئەوەی کە تازە کەلەشی سوورکراوەی گۆلکە ساوایەکی لە بەردەم هەڵگیرابێ . بە دەنگی بەرز خۆی

هەڵدەکێشاو بە خۆی دەپەسنی : « وای ئەمڕۆ کاوڕێکی چەند قەڵەوم بۆ نیوەڕۆ سەربڕی ! گۆشتێکی چەند تەڕو بەتامی هەبوو ! » .

برادەرەکانی سەریان سووڕ مابوو « ئەو کابرایە هەموو ڕۆژێ کاوڕێك لەکوێ دێنێ سەری بڕێ ... دەبێ تاقیی بکەینەوە » .

گەنجە سووکەڵەکان چوونە سەربانی خانووەکەی و لە کلاوڕۆژنەوە تەماشایان کرد . دیتیان کابرای دەستکورت پارچە ئێسکێکی کۆنی فڕێدراوی کوڵاندەوەو دڵۆپە چەورەکانی کۆکردەوەو سمێڵی خۆی پێ چەور کرد . پاشان بۆ ئەو جەمە هەندێ جاترەی خوارد کە هەر ئەوەندە زادەیان لەماڵێدا هەبوو .

گەنجەکان لە سەربانی دابەزینە خوارێ و لێی بە ژووری کەوتن : « سەلاموعەلێك ! ... ڕێمان کەوتە ئەم ناوە ، گوتمان با لابدەینە ماڵی ئەوە ... » .

« نەختێ دواکەوتن ، پێڕانەگەیشتن ، تازە (بێ ئێوە ناخۆش) بەرخێکی قەڵەوم خوارد . ڕاستی خەریك بووم بڕۆمە دەرەوە » .

« کەواتە پێمان بڵێ ئەم جاترەیە لە کوێ پەیدا دەکەی ؟ » .

کابرای هەژار زانی گەنجەکان سرپیان هەڵماڵیوە . ئیدی سەری شۆڕ کردو بڕیاری بڕی جارێکی تر کەس نەیبینیەوە سمێڵی چەور بکات و بریقێنێتەوە .

بیرەوەرییەك : کە منداڵ بووم ، جارێکیان ، باوکم سزایەکی توندی دام . لە بیرم نەماوە چەند قامچیی لێدام ، بەڵام لەبیرم ماوە لەسەر چی لێی دام .

ئەو بەیانییە کە لە ماڵ چوومە دەرەوە وام پیشاندا دەچمە قوتابخانە ، بەڵام پێچێکم لێداو لە کەچایییەکی تر سووڕامەوەو ئەو ڕۆژە نەچوومە

قوتابخانه . لەجیاتیی قوتابخانه تا ئێوارێ لەگەڵ منداڵە کرێت و بزۆزەکانی سەرشەقام شێرو خەتانێم کرد . باوکم نەختێ پارەی دابوومێ کتێبی پێ بکڕم . قومارم بە پارەکە کردو لەم دونیایەدا ئاگام لە عەمری بێزەوار نەما . پارەکە زوو ڕۆیشت . بیرم کردوە نەختێ پارەی‌تر پەیدا بکەم . کاتێ کە لە یاریی (خۆوبەخت)دا هیرت بڕواو هەڵبقۆشێی وادەزانی ئەگەر پێنج کۆپێك باییەکی‌ترت بکەوێتە دەست ئەوەندەی دۆڕاندووتە هەموو دێنیتەوەو زیاتریش دەبەیتەوە . دڵنیا بووم ئەگەر هەندێ پارەم پێ پەیدا ببێ دەتوانم ئەوەندەی دۆڕاندوومە بیهێنمەوە .

داوام لەو منداڵانە کرد کە یاریم لەگەڵ دەکردن بۆئەوەی نەختێ پارەم بە قەرد بدەنێ . کەس قەردی نەدامێ . خۆت دەزانی لە یاری‌کردندا شوومە پارە بە قەرد بدەیتە دۆڕاو چونکە بەمەوە خۆت بە خۆت دەدۆڕێنی .

بیرێکی‌ترم بۆ هات . چووم ماڵ بە ماڵ گەڕام و گوتم بەیانی تیپی پاڵەوانبازی بە میوانی دێن و منیان ڕاسپاردوە پارەیان بۆ کۆبکەمەوە .

سەگی برسی و بەرەڵڵا کە دەرگە بە دەرگە دەگەڕێ چیی بەردەکەوێ ؟ یان ئێسکێك یان دارێك ! منیش وابووم : هەندێك بە نائومێدی و دەست‌بەتاڵی دەریان کردم و هەندێکیش نەختێ پارەیان لە دەست کردم - بێ گومان ئەمەش هەر بۆ خاتری ناوی گەورەی باوکم بوو .

کە سەراپای دێ گەڕام چیم دەست کەوتبوو ژماردم و لە دڵی خۆمدا گوتم : « ئۆخەی خۆ دەتوانم لە یاری هەڵبچمەوە . » بەڵام ئەو پارە بەدبەختەش زۆرم لەلا گیر نەبوو ...

بێجگە لەمەش یاری‌یەکە وای دەویست کە لەو گۆڕەدا لەسەر چۆك بخشێین ؟ تا ئێوارێ سەرچۆکی شەلوارم دڕان و چۆکی داماڵاوم لەناو شەباقە کونەکان سەریان دەرهێنا .

لەولاوەش ، لە ماڵێ کە هەستیان کرد دوا کەوتووم برا گەورەکانم بە شوێن مندا کەوتنە ناو دێ و ئەو خەڵکەش کە من باسی چیرۆکی پاڵەوانبازیم بۆ کردبوون یەك یەك چوونە ماڵی ئێمە بۆئەوەی زیاتر لەبارەی سەردانی پاڵەوانەکان تێبگەن •

بە کورتی : کاتێ کە گوێیان گرتم و هێنامیانەوە ماڵێ هەموو لایەك بە کردەوەی ئەو ڕۆژەیان زانیبووم •

وەك پێویستە ئاوا لە وەختی خۆیا بردمیان باوکم مەحکەمەم بکا • لە هەموو شتێك زیاتر لە حوکمی باوکم دەترسام • باوکم تەماشایەکی کردم و لە تەوقی سەرمەوە تا بنی پێم سەرنجی لێدام • ئەژنۆ ڕووت و ڕووشاوەکانم لە کونی شەڵوار هاتبوونە دەرێ ، دەتگوت بالیفی تووکن و پەنجەرەی شکاوی ماڵیان پێ گیراوە •

باوکم بە هێمنی ( یا من وا تێگەیشتم کە بە هێمنی‌یە ) پرسی :

« ئەمانە چین ؟ » •

ویستم کونەکان بە لەپم داپۆشم و گوتم :

« ئەژنۆمن ! » •

« همم ! ئەژنۆتن • وا نی‌یە ؟ ئەدی بۆ بەدەرەوەن ؟ چۆن ئەم کونانەت لە شەڵوارەکەت کرد ؟ سەرم شۆڕکردەوە و سەیری شەڵوارەکەم کرد وەك ئەوەی پێشتر ئەو کونانەم نەدیبێ • سەیرە ! سایکۆلۆژی‌یەتی ترسنۆك و درۆزن وەتۆیە : تۆ باش دەزانی کە گەورەکان ئاگایان لە هەموو شتێکە و پاکانە کردن بێهوودەیە • لەگەڵ ئەمەشدا خۆت لە وەڵامی ڕاست و دروستی پرسیارەکان دەکێشیتەوە و بەدوای برو بیانوودا دەگەڕێی •

باوکم ئاوازێکی ترسناکی لە دەنگی پەیدا بوو • ماڵەوە زانی‌یان ئەمە

یانی چی . خێرا خۆیان دایە لای من ، بەڵام باوکم دووری خستەوەو پرسیارەکەی دووبارە کردەوە :

« باشە ، شەڵوارەکەت چۆن دڕاند ؟ » .

« لە قوتابخانە ، لە بزمارێك جەڕا » .

« همم ! دووبارەی بکەوە ! » .

« لە بزمارێك جەڕا ! » .

« لەکوێ ؟ » .

« لە قوتابخانە ! »

« کەی ؟ » .

« ئەمڕۆ ! » .

ناو لەپە پانەکەی باوکم زرمەی لە بناگوێم هەڵساند :

« دەوجا بیخۆ ، بۆم دووبارە بکەوە شەڵوارەکەت چۆن دڕاند ؟ » .

بێدەنگ بووم . باوکم زللەیەکیتری خێواندمێ ، لە بناگوێکەی تری دام .

« پێم بڵێ ! » .

دامە پڕمەی گریان .

دەستی بۆ قامچی بردو نەڕاندی : « بەسیە فینگە فینگ ! » .

کڕبوومەوە . باوکم قامچیی بادا :

« ئەگەر ئێستا بەتەواوی پێم نەڵێی چ بوەو چیت کردوە بەم قامچییە شێتت دەکەم » .

دەمزانی ئەو قامچییە سەربەگرێیە چەند بەئازارە . ترسی قامچی لە ترسی ڕاستی بەهێزتر بوو . ئەو ڕۆژە لە بەیانییەوە چیم کردبوو یەك یەك بۆ باوکم گێڕایەوە .

مەحکەمە تەواو بوو • بەڵام خەمو جەخارو ئازاری من نەبڕایەوە • سێ ڕۆژی ڕەبەق بوو بەدەم هەستی جۆشاوەوە دەخولامەوە • ژیانی ماڵو قوتابخانەم وەکو جاران بوو ، بەڵام خۆم وەکو جاران نەبووم • دەمزانی بەم زوانە گفتوگۆی بەینی منو باوکم دێ • پێم خۆش بوو گفتوگۆکە ببێو بڕێتەوە • لەناخی دڵەوە بۆی پەرۆش بووم • ئەوەی لەو ماوەیەدا لە هەموو شتێ زیاتر هەراسانی کردبووم ئەوەبوو کە باوکم هیچ خۆی تێنەدەگەیاندم •

ڕۆژی سێیەم خەبەریان دامێ باوکم دەیەوێ بمبینێ • لە تەنیشتە خۆی دانامو دەستی بەسەرمدا هێناو پرسیاری قوتابخانەو نمرەکانی لێ کردم • ئینجا ئەم پرسیارە خۆی ڕەپێش کرد :

« دەزانی بۆچی سزام دایت ؟ » •

« بەڵێ ! » •

« دەپێم بڵێ بەلای تۆوە هۆی چی بوو ؟ » •

چونکە قومارم کردبوو » •

« نەء ، لەبەرئەوە نەبوو • کێ هەیە بە منداڵی قوماری نەکردبێ • ئەمن کردوومە • برا گەورەکانت کردوویانە » •

« چونکە شەڵوارم دڕاندبوو ! » •

« نەء ، لەبەر شەڵوار دڕاندنیش نەبوو • کێ هەیە بە منداڵی کراسو شەڵواری نەدڕاندبێ ؟ سەیر ئەوەیە کە سەری خۆمان نەشکاندبێ • خۆ تۆ کچ نیت بە نازو شەرمەوە بە کۆڵاناندا بڕۆی » •

« چونکە خۆم لە قوتابخانە دزیبووەوە » •

« ڕاستی هەڵەکە لێرەدا بوو • هەموو نالەباریی ئەوڕۆژەش سەبارەت بەمە بوو • سەبارەت بە نەچوونە قوتابخانەو جل دڕاندنو قومارکردن شایەنی سەرزەنشتێکی توندیت ، بەڵام ئەویەپەکەی گوێم بادەدای ••• کوڕم بۆیە

سزام دایت چونکە درۆت لەگەڵ کردم • درۆ هەڵەیەك یاخود سەهوویەك نی‌یە • درۆ مۆرکێکی شەخسی‌یەو بۆی هەیە ڕەگێکی قووڵ دابکوتێ ، چقڵێکی کوشندەیەو لە زەویی گیانتەوە ڕواوە ئەگەر بە دەستوبردی ڕیشەکێش نەکرێ لەوانەیە بە جۆرێکی‌وا کێڵگەکە دابگرێ کە جێگای پنج کردنی تۆوی چاکی تێدا نەمێنێتەوە • هیچ شتێك لە درۆ خراپتر نی‌یەو تەرخ کردنیشی وەکو ئەو سەخت نی‌یە • جارێکی‌تر درۆ بکەی سەرت دەبڕم !! لەمەودوا دەبێ هەمیشە زمانت هەر بە ڕاستی بگەڕێ : ئەگەر ناڵێك قۆپابوو بڵێ قۆپاوە • ئەگەر دەسکە جەرەیەك خوار بوو بڵێ خوارە • ئەگەر درەختێك گرنی گرنی بوو بڵێ گرنی گرنی‌یە • تێدەگەی ؟ » •

« بەڵێ ، تێدەگەم ! » •

« کەوابوو ، بڕۆ » •

لە کن باوکم ڕۆیشتم‌و پەیمانم لەگەڵ خۆم بەست کە هەرگیزاو هەرگیز جارێکی‌تر درۆ نەکەم • سەرباری ئەمەش هەستم کردبوو ئەگەر پەیمانەکەم بشکێنم ، هەر چەندە باوکم خۆشیشی دەویستم بەڵام لێی دەهات قسەی خۆی بگەیەنێتە جێ‌و سەرم ببڕێ •

دوای چەند ساڵێك ئەم چیرۆکەم بۆ برادەرێك گێڕایەوە ، بە سەرسامی‌یەوە هاواری کرد :

« چۆن ، مەبەستت ئەوەیە هێشتا ئەم درۆ بچووکەت لە بیر نەچۆتەوە » •

منیش وەڵامم دایەوە :

«درۆ درۆیەو ڕاستی ڕاستی‌یە ! گەورەو گچکەیان نی‌یە • ژیان هەیەو مردن هەیە • کە مردن دێ ژیان نامێنێ • یا بەپێچەوانەوە مادام

تروسکایی ژیان هەبێ مردن هێشتا نەهاتوە • شتاق پێکەوە هەڵناکەن • یەك یەکێ وەلا دەنێ • لەبارەی درۆو راستیشەوە هەمان شتە • درۆ ـ شوورەیی‌یە ، پیسۆیی‌یە ، مخەنتەتی‌یە • ڕاستی ـ مانای سافیی‌و جوانیی‌و ئاسمانی ساماڵە • درۆ ـ مانای ترسنۆکی‌یە • ڕاستی ـ مانای ئازایی‌یە ••• لە یەك کاتدا هەر یەکێکیان دەبێ‌و هەردووکیان پێکەوە نابن • مام‌ناوەنجی‌یان نی‌یە •

ئێستا ، هەر کاتێ کە بەرهەمی درۆی نووسەرێکی درۆزن دەخوێنمەوە قامچی‌یەکەی باوکمم دێتەوە یاد ـ وای چەند بەسوودە !! ئەو جۆرە نووسەرانە چەند پێویستیان بە باوکێکی توندو دادپەروەر هەیە بۆئەوەی لە کاتی خۆیدا هوشیاریان بکاتەوەو بڵێ : « ئەگەر درۆ بکەن سەرتان دەبڕم ! » •

« ئاخ ، چما هەر درۆ بە بێ‌سزا دەڕوا ؟! ئەدی واش نابێ کە ڕاستی سزا بدرێت ؟ ئەدی مێژوو پڕ نموونەی وا نی‌یە کە بەهۆی ڕاستی‌گوتنەوە تووشی فەلاقەو چەرمەسەری بووبن ؟ ئەدی بەهۆی راستی‌یەوە نەبوە کە قامچی‌یان لێ خراوەتە کار ؟

کە منداڵ بووم زۆر پێویستم بە ئازایی بوو بۆئەوەی بتوانم واز لە قسەی درۆ بێنم‌و بچمە سەر قسەی ڕاست ، بەڵام زۆر پێ دڵنیا دەبووم • لەمەش زیاتر ئازایی‌یەکی‌وامان گەرەکە کە بتوانین واز لە قسەی ڕاست نەهێنین • ئەگەر وازی لێ بێنی هیچ نۆخەی لە خۆت ناکەی ، بگرە ئازارێکی کوشندەترت تووش دەبێ ـ کە ئازاری ویژدانە •

پیاوی ئازا قەت قەناعەتی ناگۆڕێ • دەزانێ زەوی دەسووڕێ‌و بەدەوری ڕۆژدا دەخولێتەوە نەك بە پێچەوانەوە • دەزانێ شەو هەر دەبێتە بەیانی‌و ڕۆژ دادێ‌و ڕۆژەکەش شەوی بەدووودا دێتەوە • دەزانێ زستان بەهاری بەدوودا دێ‌و پاشان دەبێتە هاوینی خۆش •

له ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێ کە قامچیی ویژدان ، قامچیی شەرەف ، قامچیی ڕاستی ، درۆزن‌و دووڕووەکان دەچەمێنێتەوەو قەتاوقەت درۆ بەسەر ڕاستیدا زاڵ نابێ •

چەند قسەیەکی گوندەکەمان :

« ماوەی نێوان ڕاستی‌و درۆ چەندە ؟ » •

« یەك ــ ڤرشۆك[1] ــ ٥ » •

« ئەمە بۆ وایە ؟ » •

« چونکە ماوەی نێوان چاووگوێت یەك ڤرشۆکی ڕەبەقە • ئەوەی بە چاو دەیبینی ڕاستی‌یە • ئەوەی بە گوێ دەیبیسی درۆیە » •

بێ‌گومان ئەمە ڕاستە • تەنیا یەك جار شتێك بە چاوی خۆت بینی گەلێ لەوە باشترە کە سەد جار لە خەڵکی ببیستی • بەڵام دەبێ نووسەر ڕاستی لە هەموو سەرچاوەیەك هەڵێنجێ ؛ لەوەی دەیبینێ‌و لەوەی دەیبیسێ ، لەوەی دەیخوێنێتەوەو لەوەی تاقیی دەکاتەوە •

نووسەر چۆن دەتوانێ تەنیا پشت بە چاوەکانی ببەستێ ؟ بە چاو سەیری ژیان دەکا بەڵام گوێ لە مۆسیقا دەگرێ‌و شت لەبارەی مێژووی وڵاتی خۆی دەخوێنێتەوە • بەڕاستی هەندێ نووسەر هەن بایەخی هەرە گەورە بە چاوو گوێیان نادەن بەڵکو بە هێزو توانای بۆن‌کردنی دەدەن •

نووسەر پێویستی بە دەستی بەهێزە تا هەموو چەشنە ئیش‌و کارێکی پێ بکرێ • پێویستی بە لاقی بەهێزو ددانی بەهێزە تا بتوانێ لەو شتانەی کە دیونی‌و بیستوونی‌و خوێندوونیەتەوە ــ درۆو ڕاست ، زەردك‌و زێڕ ، کاو گەنم ، لێك جودا بکاتەوە • هەروەها پێویستی بە زانین‌و زیرەکییشە • پیاو بە بێ زانین‌و زیرەکی ناتوانێ بڕوا بە چاوەکانی خۆیشی بکات •

---

(١) ڤرشۆك : پێوانەیەکی ڕووسی‌یە = ١٫٧٥ گرێ یا = ٤٫٥٥ سم •

هەندێ چاییی نەزان کە قەت زێڕیان نەدیبوو بەڵام زۆریـــان لەبارەوە بیستبوو ، ڕۆژێکیان ، سندووقێکی قورسیان دیتەوەو بڕیاریاندا گوتیان :

« مادام ئەوەندە قورسە دیارە زێڕە ! » .

ئیدی لەسەر ئەم دەسکەوتە لێیان بوو بە شەڕو یەکتریان کوشـــت . کەچی سندووقەکەش مس بوو .

بەهرە وەکو ئاگر وایە ، بەڵام ئاگر بکەوێتە دەست پیاوی گەوج لەوانەیە هەموو شتێکی دەوروپشتی خـۆی بسووتێنێ . تەنیـــا زیرەکی دەتوانـــی ڕابەریی بکات . شۆڕەسواری چاپوك چۆن ئەسپی سەرکێش زین دەکا ، زیرەکیش ئاوها دەتوانی جوانی دەستەمۆ بکات .

جارێکیان ، لە چاییەکیان پرسی : « کامـــەت دەوێ ! ڕوخساری جوانی لاو یا ئەقڵی پیاوی پیر ؟ » .

کابرای گەوج جوانیی هەڵبژاردو هەر بە گەوجی مایەوە . گەوجـــە جوانەکە ژنەکەی خۆشی لەکن دانەنیشت . کابرای زیرەك ئەقڵی هەڵبژاردو بەم ئەقڵەوە توانی دەست بە سەری ژنەکەی خۆیدا بێنێ و لێنەگەڕێ بڕوا . هەمان شت لەو ئەفسانەیەدا هەیە کە ئەو پاڵەوانەی ئەقڵی هەڵبژارد توانـــی پەرییەك بخاتە سەر پشتی ئەسپێکی بەحری . هەروەکو هەقایەتێکی تریـــش لەبارەی سێ کوڕو سێ ڕێگاو سێ ئامۆژگاریی زیرانەوە هەیە . ئـــەوەی ئامۆژگارییەکانی لە گوێ گرت گەڕایەوە بـەر ئاگردانی خۆی . ئەوانەی گوێیان بە ئامۆژگارییەکان نەدا ئێسکیان لە وڵاتی بێگانان مایەوە .

هۆ ماسییە زێڕینەکەم ! بەهرەم بدەرێ ، خۆڕاگرتـــم بدەرێ ، دڵی چوست و ڕاستگۆی گەنج و ئەقڵی هێمنی پیرەمێردم بدەرێ . یارمەتیم بدە بەڵکو بتوانم ڕێگای سەخت و لێوەشاوەی خۆم هەڵبژێرم . ئەگەر ڕێگاکە ســـەخت و

ڕەقەن‌و پڕ مەترسیش بێ گرنگ نی‌یە • بەڵام نامەوێ ڕێگاکـــەم وەکو مار بەم‌لاو بەولادا پێچ بکاتەوە •

جیایی‌یەکان دەپرسن :

« بۆچی هەموو مارێك خوارو خێچە ؟ »

هەر خۆیشیان وەڵام دەدەنەوە :

« چونکە ئەو کون‌و کەلەنانەی بەناویاندا دەخشێ خوارو خێچن » •

بەڵام من بنیادەمم ! مار نیم • حەزم لە شوێنی بەرزو هەوای پاك‌و ڕێگای ڕاستە •

بمپارێزە ، لە نەساغی‌و ترس‌و ناوبانگی گران‌و بیری ساویلکە بمپارێزە •

بمپارێزە ، لە مەترسی‌و سەرخۆشی بمپارێزە ، چونکە پیاوی سەرخۆش شتی باش سەد قات لە خۆی باشتر دەبینێ •

بمپارێزە ، لە گەوجاتی بمپارێزە ؛ چونکە پیاوی گەوج شتی خراپ سەد قات لە خۆی خراپتر دەبینێ •

هەستێکی ئەوتۆی (ڕاستی)م پێ ببەخشە کە بە شتی خوار بڵێم خوارو بە شتی ڕاست بڵێم ڕاست •

**« دونیا ناخۆشە ـ هیچ دەستوورێك نازانێ »**
**شاعیرێك وای گوت‌و کەوتە خەباتێکی خاکی‌یەوە •**
**« دونیا جوانە ـ خۆشم دەوێ ! »**
**شاعیرێکی‌تر وای گوت‌و ماڵاوایی لە ژیان کرد •**
**سێیەم وازی لە هەوای بەشەرانەی خۆی هێنا ،**
**ناوبانگێکی‌وای سەند کە بە مەرگ نەبەزێ ،**
**بە شتی چاکی گوت چاك‌و بە شتی خراپی گوت خراپ ،**
**بەڕاستی پاراستنی سەربەرزی پاڵەوانی‌یە •**

جیایی‌یەك ئەڵقەیەکی لە گوێی مانگاکەی کرد بۆئەوەی لەناو مانگاکانی‌تردا بیناسێتەوە •

جیایی‌یه‌کی‌دی زه‌نگوڵێکی به ملی ئه‌سپه‌که‌یــه‌وه کــرد تا له‌ناو ئه‌سپی دراوسێکانیدا بیناسێته‌وه ، به‌ڵام ئه‌و سوارچاکه‌ی به تاریکه شه‌وێ ، له دووره‌وه ئه‌سپی ئازیزی خۆی نه‌ناسێته‌وه سواری چاك نی‌یه .

ئه‌وه‌تا ، ئه‌مه کتێبی منه . حه‌ز ناکــه‌م به ئه‌ڵقــه‌و زه‌نگوڵ‌و خشڵی‌تر بیڕازێنمه‌وه . له‌گه‌ڵ کتێبی دیکه‌ی تێکه‌ڵ ناکه‌م ، چ کتێبی خۆم بێ‌و چ کتێبی نووسه‌رانی‌تر . به ئومێدم خوێنه‌ره‌کانیشم لێیان تێکه‌ڵ نه‌بێ . هیوادارم هــه‌ر که‌سێ که خوێندیه‌وه ، ئه‌گه‌ر به‌رگیشی پێوه نه‌مابوو ، یه‌کسه‌ر به بێ‌دوودڵی بڵێ :

ئه‌مه کتێبی ڕه‌سووڵی کوڕی حه‌مزه‌ی خه‌ڵکی گوندی تسادایه .

ده‌ڵێن :

« ئازایی ناپرسێ ئه‌م دیواره به‌ردینه چه‌ند به‌رزه !؟ » .



## گومان

**کتێبەکان ، کتێبەکانی من ــ دێرو خەتن • ڕێگای ئەوکەسانەن کە هەم شەرمن و هەم ئازان •**

**من بەو بەرزاییانەدا هەڵگەڕاوم کە سەرنجیان ڕاکێشاوم •**

**من ، تۆ ، ئەو کە گلۆر دەبینەوە دۆڵ دەفڕین •**

**کتێبەکان ــ سەرکەوتنی خوێناوین • کە ڕوودەکەیتە ترۆپك ، ئایا دەزانی داخۆ خۆڕا لە قوڕدا دەگەوزێی یا تاجی ناوبانگ دەنێینە سەر •**

داغستان گەلێ زمان و گەلێ ڕەنگی هەیە • گەلەکانی زۆر دەستووری دێرینیان پاراستوە • دەستوورێکیوام لە حیزقێل ئەفسالۆمۆڤی نووسەری تات بیست •

لە شاخان ، کاتێ کە ژن و مێردێك منداڵیان نابێ مێردەکە پشتێنێکی خوری لە پشتی دەبەستێ بۆئەوەی خوا لەناو چیانشینەکانیتردا بیناسێتەوە • لە هەمان کاتیشدا کابرای چیایی دەستی دوعاو پاڕانەوە بۆ ئاسمان بڵند دەکا :

« خوایە ، بەزەییت بە بەندەی هـــەژاری خۆتدا بێتەوە ، کوڕێکـم پێ بەخشە ! » .

هەروەها ئەم تەرحە پشتێنە کەسانێك لە پشتی دەبەستن کە ژنیان بەس کچی بووبێ‌و ئەوانەش کە کوڕیان دەردەدار یا کوێر یا لاڵ یا گۆج یا قەمبوور بێ ، یا ئەوانەی کە کوڕیان گێل‌و وێل بێ . چیاییـەکان بەو نیازە لە پشتی دەبەستن بەڵکو خوا جارێکی‌تر بەزەیی پێیاندا بێتەوەو کوڕی ساغ‌و بەهێزیان پێ بەخشێ بۆئەوەی کە گەورە بوون بن بە سوارچاکی دلێرو ئازا .

گومان هێرشم بۆ دێنێ : ئایا پشتێنێکی عاجبایی وەکـــو هی تانەکـان دەبەستم کە بۆئەوە دەیبەستن تا مسۆگەری بکـــەن کوڕی ئایندەیان بە لەش‌و مێشك ساغ‌و سەلامەت بێ ؟ ئایا کتێبە نوێکـــەم کوڕ دەبێ‌و ســوارچاکی لێ دەردەچێ ؟ یا قەمبوورو کەڕو لاڵ دەبێ ؟

بێ‌گومان هەموو دایکێك کوڕی خۆی بەلاوە جوانە . چاوی ساغە بەڵام کەم‌وکورتی‌یەکانی کوڕەکەی بەدی ناکات . هیوادارم من‌و کتێبەکەم وامان بەسەر نەیەت ! .

ترسم لێ دەنیشێ . قەڵـەمم لە دەست دەلەرزێ . گومـان باڵم بەسەردا دەکێشێ :

ئایا لەباتیی هەڵۆ نیشانە لە پشیلە دەگرم ؟ ئایا خەریکم لەباتیی ئەسپ ، کەر زین بکەم ؟ ئایا وەکو خەڵکی (ئەخالچی) گەرەکمە بەپێچەوانە کاریتـــە باوێمە خانی کە نەیاندەزانی کاریتە بۆ بەرینایی بانە نەك درێژایی ؟ ئایا وەکو کابرای خەڵکی (هاریکۆلۆن) وا نیم لە ماڵەوە لە بـــەر ئاگردان دابنیشم‌و بـــە خەیاڵ وا بزانم بە زەبری زۆر قەڵای ئاندی داگیر دەکەم ؟ .

کتێبەکەم خەریکە کۆتایی دێ . هەست دەکـــەم وەکو قەسابێک وام کاوڕێکی شەق‌و پیل کردبێ‌و گەیشتبێتە دونگەکـــەی‌و چەقۆی لە دەســـت

شکابێ • ئایا پێم‌دەکرێ تا دوا نوختە هەمووی بنووسمەوە ؟ ئایا ئەنجام بە چی دەگات ؟ ئایا لە ناخی دەریاوە چەقچەقۆکەی پووچ دەردێنم ؟ یا چەقچەقۆکەکەم مرواری‌یەکی جوانی تێدایە ؟ •

بۆی هەیە ڕەشـــەبا لق‌و پۆپی درەختێك دارنێ‌و قەدەکەیشی بشکێنێ ، بەڵام کە بەهار هات چرۆی نوێ لە ڕەگەوە سەرهەڵـــدەداو درەختێــکی تازە دەڕوێ ••• کەچی ئەگەر بێت‌و درەختەکە لەناخەوە کرمێ بێ‌و کرمەکـــە گەیشتبێتە ڕەگ‌و ڕیشەی ، هیچ چارەی نی‌یە •

بنیادەمیش هەمان شـتە : برینی دەرەوە ، بگرە ئێسکی شـــکاویش زوو سارێژ دەبێ‌و دەگیرێتەوە کەچی ئەو دەردەی لەناخی ناخەوەی لەش کێــم‌و زووخاو بکات هیچ چارەی نی‌یەو مردنی بێ‌ئامانی بەدواوەیە •

ئایا کتێبەکەی من ساغە ؟ جێگەی ئومێدە ؟ بەهێزو پێزە ؟ ڕەگی خۆی داکوتاوە ؟ •

کتێبەکەم وەکو منداڵێکی هەراش وایە • خانوو بچووك بۆتەوە • وەختی هاتوە بڕواتـــە دەرەوە بۆ ناو دونیا • لە ڕێگاوە تووشی چی دەبێ ــ جنێو یا دۆستێنی ؟ ئاخۆ شەو دەیحەوێننەوەو خواردنی دەدەنێ ؟ یا لە دەرگاوە وەدەری دەنێن ؟ ئەمە پێوەندی بە منەوە نەماوە •

**شیعرت تەواو کردوە ، مافوورت چنیوە ،**
**بەڵام پەلەی شانازیت نەبێ ،**
**گۆشەو نەخشەکانی ڕێك‌بخە ،**
**مقەست‌و چەقۆیان لێ بخە کار •**
**شیعرەکەت تەواو بوە ، زەوی‌یەکەت کێڵراوە ،**
**بەڵام ئاوڕ لە کردەوەی دوێنێ بدەوە ،**
**جارێکی‌تر بە دێرەکاندا بچۆرەوە ،**
**نەوەك جاری یەکەم کاسنەکەت هەڵقۆزیبێتەوە •**

کتێبەکەم وەکو ڕایەخێك وایە تازە تـەواو بووبێ و پان کرابێتـەوە بۆ ئەوەی یەکەم‌جار بە شێوەیەکی تێکڕایی تەماشای بکەن • گەلێ دێڕی لەنگ‌و نەخشەی شێواوی تێدا دەبینم • نەخشەکان جێ‌جێ‌یە چوێرن‌و زۆر ئاشکرا نین

بەڵام تازە کەڵکی نییە چونکە ڕایەخەکە چنراوەو بڕاوەتەوە . ئەگەر بچووکترین شتی چاك بکەیتەوە دەبێ سەراپای ڕایەخەکە هەڵبوەشێنیتەوە .

کتێبەکەم گەرەکیەتی پاش گەشتێکی دوورو درێژو ماندووبوونێکی زۆر بگەڕێتەوە دێ بۆ ماڵەوە . دوو ساڵە لە ماڵی دوورکەوتۆتەوە . دوو ساڵە خەڵکی ــ دۆست و دراوسێ ، گەنج و پیر هیچیان لەبارەوە نەبیستووم . لە پەڕگەی دێ دادەبەزم و وارە وارە هەوساری ئەسپەکەم ڕادەکێشم . ئەو ئافرەتەی وەختی خۆی چرایەکی لەسەر لێوی پەنجەرەکەیان دانا تا ڕێگام بۆ ڕووناك بکاتەوە ئێستا لای دەبا . هاتوومەتەوە ڕۆژتان باش برادەرو خزمە بەنگینەکان . دوای دوو ساڵ گەشت و گوزار وا هاتمەوە . ئەسپەکەم تەمەنی دوو ساڵ زیاد بوە . خۆیشم هەندێ داوی تری سەرم سپی بوە . بەکاوەخۆ ڕێشمەی ئەسپەکەم بەناو کۆلانی دێدا ڕادەکێشم و تووشی هەر کەسێ بم پێی دەڵێم :

« خەڵکینە ، سەلامو عەلێك ! » .

« وەعەلەیکەسسەلام . ڕەسووڵی کوڕی هەمزەی . ئەم سەفەرەت کوو بوو ؟ خۆ ماندوو نەبووی ؟ چ دەستکەوتێکت لەگەڵ خۆت هێناوەتەوە ؟ ئەمە چی یە لەناو خورجینەی پاشکۆی زینەکەت سەری هەڵداوە ؟ » .

دەمەوێ پێیان بڵێم کتێبێکی نوێم بۆ هێناون ، بەڵام کتێب شتێکی وا نییە یەکسەر لەناو دەستی خەڵکی گوندی یا هەر کەسێکی تری بنێم . پێویستە یەکەم جار بیبەمە لای بڵاوکەرەوە . دەبێ ئەو بڕیار لەسەر چارەنووسی کتێبەکە بدات . بڵاوکەرەوە ، دەستنووسەکەم لێوەردەگرێ . سەیری لاپەڕەی یەکەم و حەفتایەمین و لاپەڕەی کۆتایی دەکات ــ خێر ! وەلای دەنێ :

« زۆر باشە ، دەشێ کتێبەکەت شتی چاك بێ ، بەڵام ئێمە بەرنامەی بڵاوکردنەوەی ئەمساڵ و ساڵی ئایندەمان داناوەو بڕیارمان لەسەرداوەو بڕاوەتەوە . کتێبەکەت لە بەرنامەکەماندا نییە » .

« له بەرنامەی منیشدا نەبوو . لەناکاو بۆم هات . ئیستا چ بکەم ؟ » .

« داوایەك پێشکێش بکە . ئێمە لێی‌دەدوێین . سەیری ناوەرۆکی کتێبەکەش دەکەین‌و بڕیارێکی دەرهەق دەدەین . دەتوانین بیخەینە بەرنامەی بڵاوکردنەوە . ساڵێکی‌تر ئەو محەلانە یان خۆت وەرەوە یان تەلەفۆن بکە » .

نامەکەی ئەبووتالیب بۆ دەزگای بڵاوکردنەوە :

« دەزگای بەڕێزی بڵاوکردنەوەی داغستان .

ئەمە لە ئەبووتالیبی شاعیری میللیتان ، ئەندامی سەرۆکایەتیی سۆڤێتی بەرزی داغستان‌و خاوەنی تەقاویتی‌یەکی تایبەتی‌یەوەیە .

ئەمساڵ تەمەنم دەگاتە هەشتاو پێنج ساڵ . دەزانم ئەگەر نەخۆش بکەوم‌و بمرم بڕیاری بڵاوکردنەوەی دوو کۆمەڵە شیعرم دەدەن . ئەرێ وا باشتر نی‌یە لەجیاتیی ئەو دوو کۆمەڵە شیعرەی لەپاش مەرگم بڵاویان دەکەنەوە ، ئێستا ، تا خۆم ماوم کۆمەڵەیەکم بۆ بڵاو بکەنەوە !؟

دڵسۆزتان :
**ئەبووتالیب** »

ئەمە داوایەکی نیاز پاکانەو دۆستانە بوو . هەندێ جۆرە داوا هەن پڕن لە گلەو گازاندەو خۆهەڵکێشان . هەندێ داوای‌تر کلکەقوتێن‌و هەندێکی‌تریش بە دەست ئازارەوە دەگرین یا لە ڕکان هاوار دەکەن . خۆ ئەو داوایانەی نادرێنە بڵاوکەرەوەو یەکسەر پێشکێشی لایەنی هەورازتر دەکرێن‌و شکات لە بڵاوکەرەوە دەکەن ، گەلێ گەلێ خراپترن ...

بگرە بڵاوکەرەوەش شایەنی کەمێك بەزەیی پێدا هاتنەوەن . تۆ پێت ناکرێ سێ چوار کەس لەسەر یەك کورسی دابنێی . ئەگەر دوو کەسیش بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر یەك کورسی دابنیشن ئیسراحەت لە خۆیان ناکەن .

یەکێ دەڵێ : « بۆچی شتی مەحموود بڵاودەکەیتەوە هی من بڵاوناکەیتەوە ؟ من لەو خراپترم ! » .

یەکێکی‌تر هاوار دەکات : « کتێبی من لە هەموو ئەوانە باشترە کە چەند ساڵە بڵاوت کردوونەتەوە . بۆچی دیسان نەتخستە ناو بەرنامەوە » .

من هیچ بەتەما نیم لەگەڵ بڵاوکەرەوەدا بە شەڕ بێم . خۆم هەڵگرتوە تا نۆرەم دێ . دەزانم بڵاوکەرەوەکان کاغەزیان بەش ناکات . ئەم هەموو کاغەزە چوە کوێ ؟ هەموو نووسەرەکان بردیان‌و خۆیشم لەگەڵدا بێ . کەوابوو بە چ‌هەقێك لەگەڵ بڵاوکەرەوە بە شەڕ بێم . ڕاستە هەندێ جار نووسەر لەجیاتیی زەڕکردنی لوولە کاغەز موعجیزەی‌وا دەخولقێنێ کە خۆی‌و بڵاوکەرەوەیشی بێ نەمر دەکات . چۆن دەستم بگرێ پەڕە کاغەزی کۆن فڕێبدەم کە وشەی‌وای لەسەر نووسرابێ پەڕە کاغەزەکە بکاتەوە بەو درەختەی لە بنەڕەتەوە کاغەزەکەی لێ دەرهاتبوو ، ئەو وشانەی کە وەکو ئیکسیر سەرلەنوێ درەختەکە زیندوو دەکەنەوە .

نەخێر ، بەتەما نیم لەگەڵ بڵاوکەرەوە بە شەڕ بێم . بە شێوەیەکی ڕێك‌وپێك‌و جوان‌و دۆستانە مەبەستی خۆمی تێدەگەیەنم :

« تۆ لە بەینی من‌و هاوڕێ گوندی‌یەکانم وەستاوی . لە بەینی من‌و خوێنەرەکانی مۆسکۆو شارەکانی‌ترمدا وەستاوی . ئەدی هەق وا نی‌یە کە ببی بەپێناوی بەینمان ؟ تکایە چیت لە دەست دێ بیکە بۆئەوەی من‌و خوێنەرەکانم بە یەك شاد بکەی ! برادەرانە دەستمان بخەرە ناو دەستی یەکتر . هاتوومە ڕجایێ ، تکام بگرە » .

بڵاوکەرەوە تکام دەگرێ‌و یەکسەر ڕەوانەی لای سەرنووسەرم دەکات . سەرنووسەر :

---

لەسەر دەرگاکەی نووسراوە : « بە قەدەر ببڕە » .

بڵاوکەرەوە پێی گوتم ـ ساڵێکی تر وەرەوە ـ سەرنووسەر کردی بە سێ هەفتە • خراپ نی یە • دەرفەتم دەبێ سێ چیرۆکی ترتان بۆ بگێڕمەوە :

سەرنووسەرەکە چۆن لە پەنجەرەوە فڕێدرایە دەرەوە :

شاعیرێکی ئاڤار هـەندێ شیعری دایـە سەرنووسەری ڕۆژنامەیـەك کـە بەبۆنەی سەری ساڵی نوێوە نووسیبوونی • شیعرەکان باش بوون‌و ڕۆژنامەکـە بڵاوی کردنەوە •

دۆست‌و برادەرانی ئەو شـــاعیرە بەختـەوەرە لـە ماڵی کۆبوونـەوە • شاعیرەکەش بە شانازی‌یەوە ڕۆژنامەکەی کردەوەو دەستی پێ کرد شیعرەکانی خۆی بۆ میوانان خوێندەوە • لەناکاو ڕووی زەرد هەڵگـــەڕا • دەستی چەپەی خستە سەر دڵی • دەتگوت تیر ئەنگاوتوویە • ڕۆژنامەکەی لە دەست بەربوەوە • برادەرەکانی هەڵیان‌کوتایە سەری • قیتیان کردەوە هەندێ ئاویان دایە • کـە شاعیرەکە وەخۆ هاتەوە زانی‌یان چ تیرێك پێکاویە • دەرکەوت شیعرەکانـــی چوار دێڕیان پەڕیبوو • شاعیرەکە ڕایکردە بارەگای ڕۆژنامەکە :

« کێ گەرووی چوار کاوڕی بژاردەی هەڵبڕیوم کە بەرم‌هەڵدابوون لـە مێرگی هەراوی ڕۆژنامەکەتان بلەوەڕێن ؟ کێ چوار دێڕی فڕێداوم ؟ » •

سەرنووسەرەکە بە بێ‌باکی وەڵامی دایەوە :

« ئەمن فڕێم‌دان •• جا چ بوو ؟ »

« چۆن وێرات فڕێیان بدەی ؟ »

« ماددەیەکی پەلەمان بۆ هات‌و پێویستمان بە جێگا بوو » •

« مادام تۆ بتوانی بێ‌ئەوەی داوای بووردن لە شاعیر بکەیت چەند دێڕێکی شیعری فڕێ بدەی ، منیش ئاوها دەتوانم لەم پەنجەرەوە فڕێت بدەمە خوارێ » •

شاعیرەکە خوێنی گەرمی چیایی‌یانی لە دەماری لەشدا دەگەڕا • پشتەمل‌و لوولاقی سەرنووسەرەکەی گرت‌و لە پەنجەرەوە فڕێی‌دا خوارەوە ••• بەختی

سەرنووسەر یار بوو ، لە نهۆمی دووەم بووو ، بەر پەنجەرەکەش گوڵزارێکی نەرمو نیان بوو •

شاعیرەکە لە بەردەم دادگادا گوتی : « چاو بە چاوو ددان بە ددان • ئەو منی فرێداو منیش ئەوم فرێدا » •

دەزانم سەرنووسەرەکە ئێستاش هەر دەستکاریی شیعر دەکاتو هەڵیدەپاچێ ـ ئەگینا سەرنووسەر نی‌یە ـ بەڵام ئەوەندە هەیە ئێستا پێشەکی پرس بە دانەرەکە دەکاتو داوای بووردنیشی لێدەکات •

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : باوکم دوو شانۆنامەی بە ناوی (پینەدۆز)و (زەماوەندی کۆدۆلاف)ەوە نووسی • شانۆنامەکان ڕۆیشتنو سووڕانەوە • لە شانۆوە بۆ بەشی ڕۆشنبیریو لەوێوەش بۆ ئەنجومەنی هونەری داغستان • باوکم دەیزانی شانۆنامەکان گەیشتوونەتە ئەوێو لەوێ تێنەپەڕیون بەڵام لە ئەنجومەنەکەدا کەس نەیدەزانی لەکوێن ؟ •

چۆن شوان کە مەڕێکی لە شاخان لێ بەجێدەمێنێ هەوا هەرچەندە تووش بێو شەو هەرچەندە درەنگ بێ ناچارە دەکەوێتە دوو سۆراغی مەڕەکەی ، باوکیشم ئاوها بە دوای شانۆنامەکانیدا دەگەڕا •

لە ئەنجومەندا ، باوکم خۆی پێشکێش کابرایەك کرد کە لێپرسراوی شانۆنامە بووو بەویشیان دەگوت سەرنووسەر • باوکم سەعاتێك پتر قسەی بۆ ئەم کابرایە کرد ، دوایی کتوپڕ لە شوێن خۆی تاسا چونکە تا باس باسی ئاوو هەواو پاوانو مەڕو ئەسپو مانگا بوو بە یەك زمان قسەیان دەکرد ، بەڵام کە هاتە سەر باسی ئەدەبو دراما باوکم وشەیەکی لێ تێنەگەیشت ••• لەگەڵ ئەمەشدا لە باس کردنی شانۆنامە نووسین نەکەوت • ئەوەبوو زۆری ئامۆژگاریی باوکم کرد کە چۆن دراما بنووسێ • باوکم کە لێی بڕ بووو چیتر خۆی پێ

ڕانەگیرا ڕووبەڕوو لێی پرسی داخۆ کابرا خۆی چی‌یەو ، چیی خوێندووەو پێش ئەوەی بچێتە ئەنجومەنی هونەر چ کارە بوە ؟ .

سەرنووسەرەکە بە لافو گەزافەوە وەڵامی دایەوە :

« خوێندنی بەرزم تەواو کردوە . پسپۆڕی بەیتاڵیم . ئەمە کارێکی نوێ‌یە پێ‌یان بەخشیوم » .

« چما شانۆنامەی من مانگان تۆ تیماریان بکەی ؟ قەت شاعیر ئامۆژگاریی دختۆری بەیتاڵیان کردوە ؟ نەخێر ، کەواتە بوچی هەرکەسێ ڕاست دەبێتەوە ئامۆژگاریی شاعیران دەکات ؟ » .

خوایە ! ئەگەر کتێبەکەم کەوتە بەردەستی سەرنووسەرێکیوا کە پێشتر بەیتاڵ بووبێ‌و فڕ لە ئەدەب نەزانێ ، هەر خۆت پشت‌و پەنام بی .

ئەبووتالیب‌و سەرنووسەر : قەل چۆن کەلەشی جەنگاوەر لە شەڕگەدا ئەنجن بە ئەنجن دەکات ، سەرنووسەریش دەستنووسەکەی ئەبووتالیبی ئاوها لێ کردبوو . پڕۆڤەکان بە شڕو شپڕێوی گەیشتنەوە دەست ئەبووتالیب . ئەبووتالیب لێ‌یان ورد بوەوە ، بڕوای بە چاوی خۆی نەکرد .

« ئەسپ مێرگە سەوزەکەیان پەستاومەتەوە . ئەوەی گوڵزار بوو ئێستا بۆتە زەنەك . لە قوتابخانەدا کە قوتابی هەڵەیەك لە دەفتەری نووسەوەریدا دەکات مامۆستا بۆی ڕاست دەکاتەوە . ئەدی ئەو مامۆستایە کێ‌یە زاتی کردوە بڵێ ژیانی من چیی ڕاستەو چیی چەوتە ؟ » .

ئەبووتالیب بە شێنەیی لە دەستکاریی سەرنووسەرەکەی کۆڵی‌یەوەو هاواری کرد :

« بێ‌شك دەزانم سەرنووسەرەکە خەڵکی کام دێ‌یە . دەیەوێ کتێبەکەم بە زاراوەی گوندەکەی ئەوان بێ . ئێمە گەلێ زاراوەمان هەن بەڵام تەنیا یەك

زمانو یەك گەلمان هەیە ••• ئەگەر بێتو هەر سەرنووسەرێك بەرەو گوندی خۆی ڕامانبکێشێ قەت یەکێتیی شیعرمان نایەتەدی •

بۆیە بە سەرنووسەرەکەم دەڵێم : لەبیرت نەچێ کە شان بەشانی گوندی تۆ ، کۆمەڵێ ترو گەلی تریش لە دونیادا هەن • منو تۆ بە شەڕ نەهاتووین تا هەنگژێینە یەکدی • ئەگەر سەرنجەکانت سوودیان هەبێ ڕەچاویان دەکەم • بەڵام ئەوەشت لەبیر بێ کە چەندم ڕك لە دوژمنی خوێنیم دەبێتەوە ، گۆرانی یەکانی خۆم ئەوەندە خۆش دەوێ • ئەمەش هەستێکی نوێ نی یە تازە بۆم پەیدا بووبێ • کە هێشتا گەنجیش بووم سەرەتای شیعرێکم بەم دێڕانە کردەوە :

**دێڕە ساردو گەرمەکانم ، وەکو تۆڵەیەکی دژوار**
**لە ناو سنگمدا شاردۆتەوە •**
**گۆرانیی خۆم ، وەکو پەیمانی نهێنیی خۆشەویستی •**
**لە چاوی پیسو بایی بوو پاراستوە •**

**کە یەکەم زریکەی مەلۆتکە تازە بووەکەمم بیست ،**
**ژیرم کردەوە •**
**وەکو سەعاتچی یەك ڕەمبەلەکەکان لێك ببەستێ ،**
**ئاوا لەگەڵ ئاوازی زرنگەداردا ڕێکم خست •**

**وەکو چۆن باشترین بوتڵە شەراب ،**
**لە ژێر زەمیندا بۆ میوان هەڵدەبژێرن ،**
**ئاوەها ئاوازدارترین وشەم ،**
**لە گەنجینەی زماندا بۆ دێڕەکانم هەڵبژارد •**

**شەو ، دەچمە دوو ڕەنگەکان ،**
**فرێیان دەدەم ، بەجێیان دێڵم •**
**وەکو چۆن ژنە داغستانی ، ماشەری ڕەنگاوڕەنگ ،**
**بۆ ئەو مافوورانە تاقی دەکەنەوە کە دەیانچنن •**

**ڕەنگە خەڵکی تر چاکتر گۆرانی بڵێن ،**
**منیش هەوڵمداوە بە چاکی بیچڕم ،**
**بەڵام ئاخۆ بە مرازی خۆم گەیشتووم ،**
**ناکرێ بە زاری خۆم بیڵێم •**

ئەگەر شیعرەکانم زۆر خراپیش بن
هەموو ژیانم لەناو وشەکان کردووە .
جا ، سەرنووسەر ، تۆ بۆچی وەکو مەل ،
پەڕو باڵیان دەکەیت ؟

باوکی خەڵك لەگەڵ منداڵی من ناگونجێن ،
ئازیزەکان ، وازیان لێ بێنن .
پێم بڵێن وەچەکانم چ عەیبیان هەیە ،
من خۆم گوێیان با دەدەم .

ئەوکاتە منیش شانۆنامەیەکم دانابوو بە ناوی (کچی چیا) کە لە زۆر شانۆی داغستان پێشکێش کرا . سەربردەکە بەمجۆرە بوو کە لە ئاخرو ئۆخری شانۆنامەکەدا کابرا کچە دەکوژێ .

من خۆم زۆرم زگ بە کچە چیایی یەکەم سووتا . کە تابلۆی کوشتنەکەم دەنووسی یەوە دڵم خوێنی لێ دەچۆڕایەوەو دەستم دەلەرزی . بەڵام پێم نەکرا خۆم لەم ئەنجامە لابدەم . زنجیرەی ڕووداوەکان بەجۆرێکی وا هاتبوو دەبوا کچە بەکوشتن بچێ .

بەم شێوەیە لەسەر شانۆی ئاڤاری پێشکێش کرا . ئەگەرچی تەماشاکەرەکانیش لە من زیاتر سوێیان لە کچەکە بووەوە بەزەیی یان پێدا هاتەوە بەڵام دەیانزانی ئەنجامەکە بەم شێوەیە نەبێ نابێ .

لە شانۆی دارجینیدا دەستکاریی شانۆنامەکەیان کرد . لەجیاتیی ئەوەی کچە بکوژرێ بسکی بە بڕین دەچێ ، بێ گومان ئەمە شوورەیی یەکی زۆر گەورەیە . کچە چیایی یەك کەزیی بەبڕین بچێ زۆر لە مردن خراپترە بەڵام مردنیش نی یە .

لە شانۆی کۆمیکیدا ، لێ نەگەڕان کچە بکوژرێ یان بسکی بەبڕین بچێ . چاویان دەرهێنا . ئەمەش چارەنووسێکی ترسناکە . ڕەنگە لە مردن و بسك بەبڕین چوون خراپتر بێ . کچە چیایی یەکەم دەژیاو بسکیشی ساغ بوو . لە شانۆی کۆمیکیدا وایان دەویست .

(چەچان)ەکان ڕێگایەکی زۆر ئاسانیان دۆزییەوە ، پرسییان : « بۆچی کچە بکوژین یا بسکی ببڕین یا کوێری بکەین ؟ لێ گەڕێن با بۆ خۆی بژی » •

هەر دەرهێنێك بەشێوەی تایبەتیی خۆی شانۆنامەکەی گۆڕیم • ئەوەیان لەبیرنەبوو کە بە هۆی ئەوەی بەزەییان بە کچەدا دێتەوەو ژیانی ڕزگار دەکەن ، سەری شانۆنامەکەی من دەبڕنو تەماشاکەرەکان تەفرە دەدەن • باسی شانۆنامەنووسەکە هەر ناکەین •

باوکم جارێکیان : کە ئەو ڕۆژنامەی گەیشتە دەست کە شیعری ئەویان تێدا شێواندبوو ، گوتی :

« دەزانم شیعرەکانم کەوتوونەتە بەر دەستی گێرەشێوێنان • لە سەراپای لەشەکە ئەندامێکی ساغیان نەهێشتوە » •

مەحموود ••• مەحموود قەت گازاندەی نەدەکرد ، چونکە تا مابوو هیچ کتێبێکی بڵاونەکرایەوە • ئەگەر زیندوو بوایەوەو بیدیایە هەندێ سەرنووسەر باشی خۆی چییان لە شیعرەکانی کردوە ، دووبارە دەمردەوە •

تۆ ناتوانی ترومبێلی نوێ بە تولەڕێی شاخاندا بازۆی • کە سەرنووسەرەکان واز لە مردووش نەهێنن ، من چۆن بتوانم ڕێگایان نەدەم دەست لە بەرهەمەکانم بدەن ؟ •

بەڵام سەرنووسەری بەڕێز : هەر چی کە لێرەدا گوتوومە بە خۆتی وەرمەگرە • دەزانم جۆرە سەرنووسەرێکی تریش هەن کە بە ڕاوێژی ژیرانەو بە ویژدانەوە باوەش بۆ نووسەر دەکەنەوە • دەشزانم تۆ لەمجۆرە نووسەرانەیت • ئیش لەگەڵ تۆدا خۆشە • دڵنیا بە ئەو نیشانانەی سەرسووڕمان ناخەمە پشت گوێ کە لە پەراوێزی دەستنووسەکەمدا داتناونو بەڵگەی

ڕەزامــەندیی تۆن ••• بەدوای هــەر تیشکێکدا دەچم کــە بۆ پەراوێزت ڕاکێشابێ و ڕای خۆت دەربڕیبێ و پێشنیارت کــردبێ لێرە دێرێك و لــەوێ وشەیەك بگۆڕم بۆئەوەی کتێبەکەم بوختە بێ •

دەشێ کتێبەکەم هەندێ دێڕی تێدابێ کە نەچنە بار یەك و وەکو دانــی لەق و لۆق وابن • دەشێ زۆر شتی دووبارەشی تێدابێ •

تکایە شوێنە لاوازەکان بدۆزەوە و هێڵیان بەژێردا بکێشە ، بیانخەرە بــەر سەرنجم • سەرێك باشە ، ســەرو نیوێك باشتریشە • هیوادارم من و تۆ دوو سەرو چوار دەستی ساغ و یەکسان بین و هەموو شتێك بێ گرێ و گۆڵ بڕوات •

دەمەقاڵی ئەمڕۆ لە شەڕی بەیانی باشترە • ئەمڕۆ بەتەواوی بیتەقێنینەوە باشترە نەوەك تا ماوین خەشمانــە لە یــەك بکێشین • بێ لەوەش گەلێ بــە شان و باڵم هەڵمــەدە •

ڕاوکەرێك بە کەروێشکێکی هەڵگوت چونکە کەروێشکەکە بەبێ باکــی چووبوو لەســەر گردۆلکەیــەك قیت ڕاوەســتابوو ڕاوکــەرەکــە بۆ ڕاوە کەروێشك نەچووبوو •

کەروێشك لە خۆ بایی بوو ، ئەو ڕەفتــارەی لە بەردەم ڕاوکەرێکی تر دووپاتە کردەوە کە لــە ڕەچەڵەکێکی تر بوو ••• پێی ناوێ زۆری بیر لێ بکەیتەوە ، ئەنجامی کەروێشکەکە ئاشکرایە •

دەزانم کە کارەکەت تەواو بوو کەس سوپاست ناکات • خوێندەوار کــە کتێبێك هەڵدەبژێرێ تەماشا دەکا بزانێ کێ نووســیویەو کێ نەخشــەی بۆ کێشاوە • قەت تەماشا ناکا بزانێ کێ سەرپەرشتیی کردوە • ئەوە ئەوهایە !!•

بە شێوەیەکی گشتی وا ڕۆیشتوە کــە شاعیر دەمڕاستی گەلە • دیارە سەرنووسەریش جاروبار قسەیان لەباتی دەکات •

ڕۆژێ ، شیعرێکی دڵداریم بۆ سەرنووسەرێك برد • تەماشای کردو گوتی بڵاوناکرێتەوە •

« ئێ ، بۆ ؟ »

« چونکە کەس نایخوێنێتەوە • ئەوان چی‌یان داوە لە ژنی تۆ ؟ » •

ئەم وەڵامە ئیلهامی نووسینی ئەم هەشت‌خشتەکی‌یەی خوارەوی پێ بەخشیم •

**دیسان گۆفارەکە ئەو شیعرەی ڕەت‌کردەوە ،**
**کە بۆ تۆم نووسیبوو ،**
**سەرنووسەرەکە پێی‌داگرت •**
**چ بکا ، کەس نایخوێنێتەوە !!**

**بەڵام شیعرەکەی نەدامەوە ،**
**بەڕاستی پەست‌و تووڕە بووم •**
**دیارە سەرنووسەرەکە بڕیاری داوە ،**
**بیباتەوە ماڵێ ، بۆ ژنی خۆی بخوێنێتەوە •**

باوکم دەیگوت : نووسەرو شاعیر وەکو ئەو شۆفێرانە وان کە ئیشی خۆیان بزانن‌و بە پێودانگی یاسا بجوولێنەوە ، بەڵام جاروبار بکەونە هەڵەو دەستووری هات‌وچۆ بشکێنن • دەیگوت لەوکاتەدا سەرنووسەرەکان وەکو پۆلیسی ڕێ‌وبان وان • باش قەیرێ بیر کردنەوە گوتی :

« لەو بڕوایەدا نیت کە سێ پۆلیس‌و یەك شۆفێر بەشێکی زۆرە » •

لەگەڵ ئەمەشدا بە بێ ئەو پۆلیسانەی کە پێ‌یان دەڵێن میلیشیا ئیش بە باشی ناڕوا • کۆمەڵە کەسێك لە دەوری مێزی خواردنەوە دانیشتبوون‌و بە نۆرە لە چاوی یەکتر هەڵیان‌دەدا • یەکێکیان میلیشیا بوو • کاتێ کە (تەمەدا)[1] یا ئاهەنگسازەکە پێکی بادەی هەڵبڕی بۆئەوەی بە خۆشیی میلیشیاکە بیخواتەوە ، سەرۆکی کۆمەڵەی بازاڕی هەرەوەزیی جووتیاران بادەی خۆی‌داناو گوتی :

---

(١) تەمەدا : لە وڵاتی قەوقاس بەوکەسە دەڵێن کە داوەتی خواردن بۆ خەڵك بگێڕێ •

« میلیشیا لــە سای کۆمۆنیزمدا نامێنێ • دەبێتە دیاردەیەکی سەردەم تێپەڕیو • بۆچی پێك بۆ میلیشیا هەڵدەدەی ؟ » •

میلیشیاکە هاتە جواب و گوتی :

« لەژێر ئاڵای کۆمۆنیزمدا ، هەبوون و نەبوونی میلیشیا بە گوێرەی هەبوون و نەبوونی بازاڕی هەرەوەزی یە » •

سەرنووسەری بەڕێز ! بێ لە سوحبەت با پێت بڵێم چ ساتێکم بەلاوە لە هەمووی خۆشترە ؟ ئەوساتەم پێ خۆشە کە من و تۆ پێکەوە دابنیشین ، لەسەر مێزی پڕ کاغەز نا ، لەسەر مێزی ڕازاوەو بەتامی خواردن • (دەبێ بڵێم ئەوەشم پێ خۆشە ) پێشتریش لەسەر دەستنووسەکەمت نووسیبێ (لێبدرێ) ، ئینجا ( چاپ بکرێ )و لە کۆتاییدا (بڵاوبکرێتەوە) •••

بەگوێرەی نووکە قەڵەمی تۆ کتێبەکە لێدرابێ و چاپ کرابێ و بڵاویش کرابێتەوە •

بیری لێ بکەوە ، چ وشەیەکی سیحراوی یە تۆ دەینووسی (بڵاوبکرێتەوە) •

تەنیا بۆ خاتری ئەم وشەیە چاو لە هەموو تاوانەکانت دەپۆشم • تەنیا بۆ خاتری ئەم وشەیە بەشداریی مێزێکت لەگەڵ دەکەم و لەگەڵت دەخۆمەوە • کەوابوو زووکە ئەم فەرمانە دەرکەو منیش یەکەم دانەی چاپکراوی کتێبەکەمت پێشکێش دەکەم •

ڕاستی ، چاوەڕێی ئەو کاتەم ـ ڕەنگە زووش بێ ـ کە هەموو نهێنی یەکی سەر ڕووی زەوی ئاشکرا بێ ، لەولاشەوە ئەو نهێنی یە تایبەتی یەی کە شاعیر بۆ خەڵکی ئاشکرا نەکات ، نایزانن •

چۆن زاوا پەردە لە ڕووی بووك لادەبا کە ئەم کارەش لە زەماوەندا تەنیا کاری زاوایەو پاشان هەموو لایەك بۆیان هەیە سەیری ڕوخساری بووك

بکەن ، منی شاعیریش بۆئەوە هاتوومەتە دونیـا کـە ئەوها پەردە لەسەر کات‌و شوێن لابدەم • ئەم کارەش لە داری دونیا تەنیا بە شاعیر دەکرێ ـ بۆئـەوەی خەڵك باشتر لە واقیـع بگـەن‌و تام‌و چێژ لەو شتانە وەربگرن کـە پێشتر نەیان‌دیوە : جوانیی کەون‌و گیانی بنیادەم ، بەتایبەتی ئەوکاتەی کە لە ڕووی هێزی شەڕخوازدا ڕاست دەبێتەوە •

سەرنووســەری بەڕێز ! تکات لێ‌دەکــەم ، ڕێ‌مـەدە هەرزەگۆکان پڕوپاگاندەی‌وا بڵاوبکەنەوە کە نەگوتنی باشتر بێ • بەڵام ئەوەش دامەپۆشەو مەشارەوە کە دەمەوێ وەکو شاعیرێك دەری‌برم • تکایـە گومان لـە دێڕو نەخش‌و نیگارەکانم مەکـە • ئەگەر نەخشی ماتوورەکـەم کەم‌وکورتی‌یەکی تێدابوو مەهێڵە هەرکەسێ ڕاست بوەوە بە مەرەکەب ڕەشی کاتەوەو بیسرێتەوە ـ چونکە بەمە یا دەدرێ یا لەکەدار دەبێ ! •

بێجگە لەمەش : بە بیرێك مەڵێ ئەمە چەوتە هەر لەبەرئەوەی کە بیری خۆت نی‌یە •

بێجگە لەمەش : نان‌و شـەکرو کـەرەو بگرە بزماریش بە تـەرازوو دەکێشرێ بەڵام خۆشەویستی ، نەء •

بێجگە لەمەش : گەز بۆ پێوانی تۆپە قوماش‌و بڵنـدیی ژوورو دیواری گۆڕستان بەکاردێ ، نەك بۆ جوانی •

بێجگە لەمەش : ئەوەی هەوڵ‌بدات ببێتە زیرەکترین کەس ، ڕەنگە بەمە ئیسپاتی بکات کە ڕاستەقینەی خۆیشی دەبەنگترە •

بێجگە لەمەش : من گەورە بوویم ، جا تکایـە بە لانی کەمەوە نەختێ متمانەم پێ بکە •

دەزانم بۆی هەیە یەکێ نهێنی لە یەکێکی‌تر زیاتر بزانێ ، چونکە :

وەکو ئەبووتالیب دەیگوت : ئەگەر گۆمێك بۆگـەنی بێ ، ئاوەکـەی ئەگاتە چۆکانیش بنەوەی نادیترێ •

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : کە منداڵێکی بچکۆلە بووم بە گـەورەترین هەڵەوەڕی ماڵێ ناسرابووم ؛ هەرچی لە کۆڵانێ بەرگوێم بکەوتایـە لە ماڵێ دووبارەم دەکردەوەو هـەرچی لە ماڵـەوە بمبیستایە لـە دەرەوە دووبارەم دەکردەوە •

پیرەمێردێك هەبوو ، بەین نا بەین دەهاتە سـەردانی باوکم • سەیرێکی دەوروبەری خۆی دەکرد ، بە چرپـەوە دەیگوت : « هەمزە ، ناکرێ بچینە ژوورەکەی‌تر هەندێ قسە بکەین » • دەخزانە ژوورەکەی‌ترو بە پستە پست دەدوان • ئەمە زۆر کەڕەت دووپات بوەوە ، تا جارێکیان کە پیرەمێردەکـە دیسان داوای کـرد : « هەمزە ، ناکرێ بچینە ژوورەکـەی‌تر ، هەنـدێ قسە بکەین » •

باوکم وەڵامی دایەوە : « نای ، وەرە ئەو تەرزە نهێنی‌یەی لە ژوورەکەی‌تر دەیچرپێنیتە گوێم ، لێرە ، لەپێش ڕەسووڵی بە دەنگی بەرز بیڵێ • بیڵێ‌و لـە هیچ مەترسە ... » •

نەخێر ، ڕاستی‌یەکەی ، بە منداڵیش حەزم لە شتی نهێنی نەبوو • گۆرانی بۆ ئەوەیە کە لە شوێنێکی بەرز ، بە دەنگێکی قایم‌و ئازاد بچڕرێ تا هەمووکەس گوێیان لێ بێ •

بێجگە لەمەش خۆ من لێ‌پرسراوی ئـەم هەموو وشانە نیم کـە لێرەدا دەیانخوێنیتەوە ، چونکە وەرگێڕیشم هەیە •

وەرگێڕ : من ئاڤارم • بە ئاڤاری لـەدایك‌بـووم‌و ناتوانم ببم بـە هیچ

شتێکی‌تر . که چاوم کردەوە یەکەم گەل گەلی ئاڤار بوو کەوتە بەر چاوم . یەکەم وشەی ئاڤاری بوو کەوتە بەرگوێم . یەکەم گۆرانی کە دایکم لەتەك بێشکەکەمەوە بۆی چڕیم لایلایەی ئاڤاری بوو . زمانی ئاڤاری زمانی زگماکمە . بەترخترین سەروسامانی من یا بڵێین هەموو ئاڤارەکانە .

ئێمەی ئاڤار ئەوەنــدە زۆر نین ، بــەڵام ئەوەنــدە کــەمیش نین . لە داغستاندا شاعیرمان هەیە بە زمانی‌وا دەنووسێ کە تەنیا دوو هەزار کەس پێی دەدوێن . گەلەکان بە سنووری دەوڵەتانە دابەش بووین بەڵام لەویش زیاتر بە زمان . دەشێ سنوورەکان بگۆڕێن یان هەر نەمێنن ، جاری‌وا هەیە دەبنە شتی ڕووکەش‌و هیچی‌تر ، بەڵام زمان شتێکە هەتا هەتایە دراوەتە خەڵك . نە هیچ شتێك هەیە جێی بگرێتەوەو نە دەشسڕێتەوە .

پیاو ئەو ڕۆژگارەی نایەتە بەرچاو کــە ئاڤارەکان بێ پوشکین دەژیان ، لیرمەنتۆڤیان نەدەخوێندەوە ، هیچیــان لــەبارەی تۆڵستۆی نەدەزانی ، تامی خوێندنەوەی چێخەڤیان نەکردبوو ! .

باوکم دەیگوت : ئێمەی ئاڤار بەختمان زۆر باش بوو کە درەختی پوشکین ڕەگی لە چیاکانمانا داکوتا ، چونکە ئەو جۆرە درەختە هەرچەندە ڕای‌بهەژێنی بەری تەڕو شیرینی تەواو نابێ .

ئەبووتالیب دەیگوت : سوپاس بۆ ئەوان کەسان کە چێخەڤیان بۆ هێنامە ناو کەلاوە تاریکەکەمو ، سوپاس بۆ ئەوان کەسانیش کە شیعری منیان لــەناو کەلاوەکەمدا بردە دەرەوە بۆ بەر دیوارەکانی کرملینی مۆسکۆ .

منیش دەڵێم : قەوقاسەکان سەر بۆ سوپاسالاران دانانەوێنن ، بەڵام بۆ شیعری ئەفسەرێکی گەنجی دادێنن[١] .

---

(١) مەبەست لەم ئەفسەرە گەنجە لێرمەنتۆڤە .

جارێکیان شتێکی سەیرم لەگەڵ سەرنووسەرێك لێ‌قەوما • کۆمەڵـە شیعرێکم کرابوە ڕووسی‌و نزیك بوو لە داغستان بڵاوبکرێتەوە • سەرنووسەرەکە لاپەڕەی دەستنووسەکەی هەڵدایەوەو گوتی :

« ئەوە بۆچی (یۆڵتافە)ت لەگەڵ دانەناوە ؟ » •

« خۆ (یۆڵتافە) شیعری خۆم نی‌یە • شیعری پوشکینەو هەر ئەوەندەیـە کە من کردوومە بە ئاڤاری • چۆن دەتوانم شیعری پوشکین بخەمە ناو کۆمەڵە شیعرێکی خۆمەوە کە بە ڕووسی بڵاوبێتەوە ؟ » •

با لەگەڵ سەرنووسەرەکەدا نەرم بین • ڕاستی ، ئاڤارەکان چۆن شارەزای ئەدەبی خۆیانن ئاواش شارەزای گەلێ بەرهەمی گەورەی کلاسیکین کە لـە زمانەکانی‌ترەوە وەرگێڕدراون • ئەگەر ئەوان نەبوونایە ئەدەبی ئاڤاری زەحمەت وەکو ئێستا وا بوایە •

دڵنیام ناوبەناو خەڵك پاش‌ملە پێم‌دەڵێن : « وای لە ڕەسووڵی ! باشـــە ، نەختێ توانای هەیە بەڵام تواناکـــەی لە ڕادە بەدەر نی‌یـــە • زۆر قەرداری وەرگێڕە ڕووسەکانیەتی ••• » •

خۆم بە حەشا لێ کردن‌و ڕەت‌کردنەوەی ئەم قسەیە هەراسان ناکـــەم ، چونکە ڕاستە ئەگەر وەرگێڕەکان نەبوونایە ئەمن نەدەبووم ؛ ئەوان بوون کـە جاری یەکەم هێن‌و بۆرنزو شەکسپیرو سەعدی‌و سێرڤانتس‌و گۆتەو دیکنزو لۆنگفێلۆو واڵت وایتمان‌و هەموو ئەوانی‌تریان پێشکێش کردم کە لەم ژیانـە کورتەمدا خوێندوومنەتەوەو ئەوان نەبوونایە نەدەبوومە نووسەر •

هەر ئەوانیش بوون کە جاری دوەم دەرگایان بۆ شیعرەکانم کردەوە • شیعرەکانیان وەرگێڕام • بە ناو ڕووباری خوڕو شاخی سەرکەش‌و بەسەر دیواری بڵندو تخووبی دوورو سنووری هـــەرە درێژو ناوبڕەی زمانەکاندا بەڕاندیانەوەو بەسەر کەڕی‌و کوێری‌و لاڵیدا زاڵیان کرد •

هەندێجار ڕووی پرسیار دەکەمە خۆم ؟ ئایا کامەیان گرنگترە : وەرگێڕ زمانی من بزانێ ـ بەڵام لەوانە بێ شیعرەکانی منی بەلاوە بیانی بی ـ ، یا بە دڵو گیان لە شیعرەکەم بگاتو هەستی لەگەڵی بزوێو وای دابنێ کە شیعرەکە دەق هیی خۆیەتی ؟ •

ساڵی ۱۹۳۷ پێش بڕکێیەك لە مەحەجقەڵا کرا بۆئەوەی باشترین وەرگێڕانی شیعری (گوند)ی پوشکین هەڵبژێرن • چل شاعیر ئەم شیعرەیان کردە ئاڤاری • زۆربەیان ڕووسیان دەزانی ، سەرەڕای ئەمەش خەڵاتەکە بە بەر هەمزە تسادا‌سا کەوت کە تا ئەووەختە قەت بە ڕووسی نەدوابوو •

پێویستە وەرگێڕ شاعیرو نووسەرو هونەرمەند بێو وەکو منیش هەست بکات کە ڕۆڵەی گەلی خۆیەتی •

هەندێ ڕووس هەن ئاڤارییان پێ دەخوێنرێتەوە بەڵام بەدبەختانە شاعیر نین • هەندێ شاعیری ڕووسیش هەن بەداخەوە یەك وشەی ئاڤاری نازانن • ئینجا چار چی‌یە ؟ ئایا هیچ ڕێی‌تێناچێ ؟ بەڵێ ، وەڵام وەرگێڕانی وشە بە وشەیە •

کەپری دارم دیوە لە گوندێکی ڕووسی گوێزراوەتەوە گوندێکی‌تر • کەپری دار بە یەك پارچەیی ناگوێزرێتەوە • دەبێ لەپێشەوە پارچە پارچەی بکەن • شەپکە بە شەپکە لێکی هەڵوەشێننەوەو بیگوازنەوە • پاشان لە شوێنە نوێکەوە تێکی‌هەڵکێشنەوە •

وەرگێڕانی وشە بە وشە : کەپرێکە بۆ گواستنەوە هەڵوەشاوەتەوەو کراوە بە شەپکەو تەختەو دەندەی بانو کەرپووچ • وەرگێڕ لەم کۆمەڵە کەرستە تێکەڵو پێکەڵەیە خانوویەکی نوێ هەڵدەنێتەوە • هەر شەپکەدارێك ڕزیبوو دەیگۆڕێ • هەر تەختەیەك بزر بووبێ تەختەیەکی‌تری لە جێ دادەنێ • ئەگەر نەخشەی پەروازی پەنجەرە بڕبڕە پەڕی بێ نەخشەکە چاك دەکاتەوە •

پەنجەرەکان پاکژ دەکرێنەوە • ئاگر لە سۆبەدا دادەگیرسێ ، دووکەڵ لە دووکەڵکێشەوە لوول دەخوات و هەڵدەکشێ • منداڵ لەسەر کۆسپەوە بە ژووریدا دەوڕووژێن • پەڕەسێلکە دووبارە هێلانە لەژێر سابیتەدا هەڵدەبەستن •

وەرگێڕانی وشە بە وشە چی‌یە ؟ پیاوێکە بینایی تاری بووەو هەر ئەوەتە دڵی لێ‌دەدا ، دختۆر دێ دەرزی‌یەکی لێ دەدا یا خوێنی دەداتێ یا دڵی دەشێلێ — و دووبارە ژیانی گەرمی دەچێتەوە ناو دەمارەکان •

وەرگێڕانی وشە بە وشە چی‌یە ؟ کومۆزێکە ژێ‌یەکانی بۆ ماوەیەك شل بووبنەوە ، ئاگردانێکە ئاگرەکەی بۆ ماوەیەك ڕوومردبێتەوە ، مەلێکە باڵەکانی بۆ ماوەیەك دەرکێشرابن •

وەرگێڕانی وشە بە وشە چی‌یە ؟ ئەو سەرتاشەیە کە ڕیشی تاشیوم و سەری چاك کردووم و بە ڕێی خۆمدا ڕەوانەی کردوومەتەوەو پێی گوتووم :

« تۆ کە هاتی وەکو وەرگێڕانی وشە بە وشە هاتی ، کە دەڕۆیتەوە وەکو وەرگێڕانی دروست و تەواو دەڕۆیتەوە ••• » •

مادام باس هاتە سەر باسی سەرتاشان با چیرۆکی سەرتاشێکتان بۆ بگێڕمەوە :

لە کووبا ، تازە گەیشتبوومە شاری — سانتیاگۆ — و پێویستم بە سەرو ڕیش تاشین بوو • چوومە سەرتاشخانەیەك • بە ئیشارەت پێویستی خۆمم تێ گەیاند •

لە کووبا ، کە ڕدێنت دەتاشن دەبێ وەکو نووستن لەسەر کورسی ڕابکشێی • خۆم ڕاکێشاو سەرتاشەکە کەفی لە ڕدێنم دا • تا گوێزانی لە ڕدێنم نەدابوو باش بوو ، بەڵام هەر هێندە گوێزانێکی پێدا هێنا ، جا گوێزانەکە کول بوو یا سەرتاشەکە نەزان بوو ، بەدەم ئازارەوە هاوارم لێ هەستا • ماوەیەك دانم جیڕ کردەوە ، پاشان زانیم بەرگە ناگرم • بە زمانێکی تێکەڵەی ڕووسی و

ئاڤاری تێم گەیاند ڕیشی ئازار داوم • دیار بوو سەرتاشەکە ترسا • دەربەڕی یە دەرەوە • دوای نەختێك هاتەوە کابرایەکی بەرگ سپی لەگەڵدا بوو • کابرا جانتایەکی بەدەستەوە بوو • تاقمە کەرەستەیەکی لە جانتاکە دەرهێنا • هـــەر لەبەرئەوەی کە من‌و سەرتاشەکە لەیەك حاڵی نەبووین ، دووکانی سەرتاشەکە بوو بە دووکانی دانساز • ئەگەر دەقیقەیەکی تری پێ بچووبایـــە لەوانـــەبوو جوتێ دانی ساغم بڕوا •

زۆر جاری‌وا هەیە وەرگێڕەکان هەموو ددانی شیعرێك دەردەکێشن‌و بەرەڵای ئەم دونیایەی دەکەن تا وەکو پیرەمێردی کەلۆس قلتەقلت بکات •

له دەفتەری بیرەوەریمدا : کە دەچمە دەرەوەی وڵات ، پێم خۆشـــە

هەندێ دەستکردی نەتەوایەتیی خۆمان لەگـــەڵ خۆم ببەم‌و بیانکەمە دیاری بۆ ئەو خانەخوێیانەی زۆرم ڕێز لێ دەنێن • کـــە چوومە ژاپۆن گۆزەیەکی نایابی دەستکردی وەستا دەست ڕەنگینەکانی بەلخارم هەڵبژاردو بردم •

لە هێرۆشیما ، دوو هونەرمەندی ژن‌و مێرد هاتنە دیدەنیم • زۆر دواین‌و زوو بووینە برادەری نزیك‌و خۆشەویست • لە دڵی خۆمدا گوتم : « گۆزەی بەلخـــار دەبێ بـــە هیی ئـــەم دوو هونـــەرمـــەندە • کێ لـــەمانـــە زیاتر نرخی شتی‌وا دەزانێ ؟ » •

جانتام کردەوە ، وام کرد ، گۆزە وردو خاش بوە • دەتگوت چەکوش کوت کراوە • دەبێ جانتاکەم شتێکی قورسی بێ کەوتبێ بەلام ناخۆ لە فڕۆکەخانـــەی مۆسکۆ بوە یا هنید یا تۆکیۆ ؟ نازانم • هەر ئـــەوەندە دەزانم بە من بوا لـــــە ساتەدا زەوی بقڵیشێتەوەو قووتم بدا چونکە گفتم بە میوانەکان دابوو دیاری‌یەکیان پێشکێش بکەم‌و ئەوانیش بە پەرۆشەوە دانیشتبوون چاوەڕێیان دەکرد •

وەکوو بەرد لەتەنیشت جانتاکـــەم تاسام‌و ڕەق ڕاوەســـتام‌و نەمتوانی بجووڵێمەوە • ئەقم لە دەم نەهاتە دەرەوە • هاوڕێکانم واقیان وڕ ما • دوایـــی

بۆیان دەرکەوت شتێك قەوماوە . هاتنە لامەوەو تەماشای کەلەو پارچەکانیان کرد . سەریان باداو دەستیان بە شانمدا هێناو دڵیان دامەوە . لە هەر سات و هەلۆیستێکی‌تر بوایە ئەمانە وایان نەدەکرد چونکە ژاپۆنەکان زۆر بە نەرم و ناسکی پەروەردە کراون . دیارە دەبێ بەڕاستی زۆر هەراسان و شپرزەو غەمگین و پەشۆکاو بووبم .

کەرت و پەرتەکانم کۆکردەوەو کردمە ناو کۆنە ڕۆژنامەیەك و خەریك بووم فڕێیان بدەمە ناو سەبەتەی زبڵ . لەپڕ هونەرمەندەکان دەستیان گرتم و لێنەگەڕان فڕێیان بدەم . بە ئەسپایی هەموو کەرتە گۆزەکەیان پێچایەوەو لەگەڵ خۆیان برد .

دوای چەند ڕۆژێ داوەتیان کردمەماڵەوە ... بێنە بەرچاوی خۆت دەبێ چەند سەرسام بووبم و چۆن تاسابم کە چاوم بە گۆزەکەم کەوت وەکو گۆزەی نوێ وا بوو ، دەتگوت تازە لە کوورەی گۆزەکەر هاتۆتە دەرێ . تا ئێستاش نازانم ئەم وردە تاسولقانە چۆن وا بە شارەزایی لێك درابوونەوە .

دەڵێن گۆزەی درزبردوو قەت وا چاك نابێتەوە ئاوی لێ نەچێ بەڵام ئێمە (کۆنیاك)ی داغستانی و (ساکی)ی ژاپۆنیمان لەو گۆزەیە کرد کە هونەرمەندە ژاپۆنی‌یەکان چاکیان کردبوەوە ، یەك دڵۆپیشی لێ نەچوو .

تەماشایەکی هونەرمەندە ژاپۆنی‌یەکانم کردو بیرم لە باشترین وەرگێڕی خۆم کردەوە .

وەرگێڕانی وشە بە وشەی شیعرەکانم وەکو پارچە گۆزەی شکاو وایە . ئەمانە لێك دراونەتەوەو گۆزەکە دەڵێی گۆزەی نوێ‌یەو نەخشە ئاقاری‌یەکانیشم ساغ و سەلامەتن . بێ‌گومان ، وەرگێڕ نابێ بیچم و شێوەی گۆزەکە بگۆڕێ ، یا گۆزەکە بێ دەسك بێ و لەخۆوە دەسکی لێ بنێ ، یا لەباتیی یەك بن دوو بنی لێ بنێتەوە .

زۆر لەمێژ نی‌یە دەزگای بڵاوکردنەوەی داغستان وەرگێڕانێکی نوێی (حاجی موراد)ی تۆلستۆیی بە ئاڤاری بڵاوکردەوە • کە خوێندمەوە دیتم ئێستاکە (حاجی موراد) دوو بەشی لە ئەسڵەکە زیاترە • لە وەرگێڕەکەم پرسی :

« ئەم بەشە زیادانە لەکوێوە هاتوون ؟ » •

« تۆلستۆی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر چیرۆکەکەی نووسیوە ، وا نی‌یە ؟ هەندێ دیمەنی هەڵەی تێدایە ، بێجگە لەمەش پێویستە خوێنەران لە ئەنجامی حاجی مورادو نەوەکانی ئاگادار بکرێنەوە » •

لە دەفتەری بیرەوەریمدا : شیعرێکی باوکم کرایە ڕووسی • دیاربوو وەرگێڕەکە کەم ئەزموون بوو • باوکم داوای لە یەکێك کرد کە زمانی ئاڤاریو ڕووسیی دەزانی بۆئەوەی دووبارە شیعرەکەی بکاتەوە ئاڤاری تا بزانێ دەڵێ چی • کە کابرا بۆی وەرگێڕا باوکم تاسێك بردی‌یەوە •

« کوڕەکەم لە دووره وڵات هاتۆتەوە ماڵێو ئەمن نایناسمەوە • نەخێر ، وا چاکە منداڵەکانم هەر لە شاخان بمێننەوەو لە ماڵێ دەرنەچن نەوەك وایان لێ بێ کە هاتنەوە ببینم ئەوەندە گۆڕاون » •

بەڵێ شیعری وەرگێڕاو وەکو ئە کوڕانە وان کە داكو بابیان بۆ خوێندن یا بۆ ئیش ڕەوانەی دەرەوەی دێیان کردبن • کوڕەکان کە دێنەوە ماڵێ گۆڕاونو بەوجۆرە نەماون کە وەختێ هێلانەی باوانیان بەجێ‌هێشتبوو •

کاتێ کە کوڕێك دێتەوە ؛ ڕەنگە شارەزاییی لە جاران پتر بێ یا کەمتر ، دیپلۆمای هێنابێتەوە یا یاسانامی ، ژۆرانبازێکی بەوەج بێ یا نەخۆشێکی لەڕو خەرپووش ، زانایەکی هەڵکەوتوو بێ یا مێبازێکی بەدناو • لەوانەیە دیاریی بەنرخ بۆ هەموو خزمان بێنێو لەوانەیشە بە کراسێ بەریەوە بێتەوە •

منیش کتێبەکەم ڕەوانەی گەشتێکی دوورو درێژ دەکەم • با شارەو شار

بڕواو لەناو خەڵکدا بژی • ئاخۆ چۆن سوود لەو شوێنە بێگانانە وەردەگرێ ؟ ئایا گەلو تەپلەی خۆمان لەبیر دەکات ؟

دەزانم پیاوی خراپ «یەمان» لەو سەرشاخانە هەر بەوە نابێتە پیاوی چاك «یاکشی» کە بەرەو دۆڵو دەشت بێتە خوارێ •

جا هەرکەسێ کتێبەکەم وەربگێڕێ داوای لێ دەکەم : « ئەگەر کتێبەکەم (یەمانە) لە دەقە خۆی لێی گەڕێ • ئەگەر ئەمن شەلو کوێرم دەستم ڕامەکێشەو لە ماڵی خۆم مەمبە دەرەوە • لێم گەڕێ با لە بەرئاگردانی خۆم ، لەسەر سەکۆی، ماڵی خۆم دابنیشم • لەگەنـــە سفرەکانم مەکـە تەنەکـــەو زیوەکانم بە زێڕ پێشان مەدە » •

ئەبووتالیب پێی گوتم : « کوڕێكو کچێکم هـەیە • کچەکـــەم کچێکی ژیرە • زۆر گوێڕایەڵـە • نموونەو ســـەرمەشقێکی باشە بۆ ئەوانی کـە کوڕەکەم کوڕێکی خراپە • چەتوونو هەڵەپاسە •

لە ڕادیۆدا باسی کچەکەم دەکەنو لە ڕۆژنامەدا لەسەری دەنووسن کـە ئیشکەرێکی بەوەجە ، هەق وایە بکرێتـــە سەرمەشـــقو چاوی لێ بکرێ • لەبارەی کوڕەکەشمەوە ، ڕۆژ بـە ڕۆژ شکاتو گلەو گازاندەم لە قوتابخانەو میلیشیاوە بۆ دێ • خەڵك باسی کچەکەم دەکەنو دەڵێن قوتابخانەو (پێشڕەوانی گەنج) و (کۆمسۆمۆڵ)ی وڵات پێیان گەیاندوە • لەبارەی کوڕەکەشـــمەوە دەڵێن ئەبووتالیبی شاعیری میللیی داغستان لە پەروەردەکردنو پێگەیاندنی ئەم کوڕە چ گێرەشێوێنێکی ناوەتەوە » •

کە گوێم لـە چیرۆکەکـــەی ئەبووتالیب بوو لە دڵی خۆمدا گوتـــم ، وەرگێڕانی شیعریش کتومت وایە :

ئەگەر وەرگێڕانەکە باش بێ خەڵك بە شانو باڵی دانەرەکە هەڵدەڵێنو وەرگێڕیان هەر لەبیر نییە • خۆ ئەگـــەر وەرگێڕانەکـــە خراپ بێ ئـەوا

سەرکۆنەی وەرگێڕەکە دەکەن‌و دەیانەوێ پاکانە بۆ دانەکەرە بکەن‌و تانووتی لێ نەدەن •

نەخێر ، وەرگێڕی ئازیز ، وەرە با پێکەوە بەرپرسیاری چاکەو خراپە بین • ئێمە هەردووکمان سواری یەك گالیسکە بووین ، کەواتە با پێکەوە سەر هەوراز پاڵی بدەین نەك هەر کەسە بۆ لایەك ڕای‌بکێشێ ، چونکە بەم جۆرە نە ئێمە لە شوێنی خۆمان دەجووڵێینەوەو نە گالیسکەکەش •

جارێکیان شتێکی زۆر سەیرو عاجباتی قەوما • لەناکاو چیایەکی گەورە بەرەو خوار خزی • لە نزیك گوندی (مۆخۆچ) گیرسایەوەو بەری ڕووبارێکی شاخاویی گرت • هەموو شتێك وەکو خۆی بێ‌دەردو بەڵا لەگەڵ شاخەکەدا هاتە خوارێ ـ مێگەلەکان ، شوانەکـــان ، ڕەشماڵی شوانان ، ئاگـــردانیان ••• شاخەکە هەروا لەوێ‌یەو گۆلێکی گەورەی لە بەریدا کۆبۆتەوەو ماسیی تێـدا زاووزێ دەکات • لە جێگای پێشوویدا کەس بەسەر شاخەکە نەکـــەوتبوو ، کەچی لێرانە زۆر گەڕیدەو وەفـــدو ماسیگرو قوتابی‌و ســـەیرانکەری تێـدا دەبینرێ •

من دەمەوێ کتێبەکەم بە زیانێکی کەمەوە بەرەو زمانی‌تر بخشێ و وەکو چیاکەی نزیك گوندی (مۆخۆچ) گەلێ کەس بۆ لای خۆی ڕابکێشێ •

بەڵام وەکو موسڵمانەکان دەڵێن : « ئەوەی تەقـدیر کرابێ ناگۆڕێ » ، یا بە شێوەیەکی‌تر دەڵێن : « بنیادەم نیەتی لێ دێنێ‌و خواش جێ‌بەجێی دەکات » ، یا بە شێوەیەکی کورتتریش : « قسمەتە » •

ڕەخنـەگر :

لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیە کـە پیاو لەبارەی ڕەخنەگرەوە بنووسێ • ئەگـــەر جنێوی بێ‌بـدەی خەڵك وادەزانن ڕەخنـــەی لێ‌گرتـــووی‌و قینی جۆشاندووی ، تۆش دەتەوێ ئەو دڕکەی لە بن‌پێ دەربێنـــی • ئەگـەر بـە

شان‌و شکۆیدا هـەڵبدەی وادەزانن دەتـــەوێ پشتی بگری‌و تی‌یە چاوێکیشن لە دواڕۆژە ٠

باوکم دەیگوت : من‌و ڕەخنەگر هەردووکمان شـــاعیرین ٠ من شیعر دەنووسم کەچی ڕەخنەگر لەبارەی شیعرەکەوە دەنووسێ ٠

ئەبووتالیب بە ڕەخنەگرێکی داغستانیی گوت :

« ئەمن شەراب لـە ترێ دروست دەکـــەم‌و تۆش تامی دەکەی تا بزانی چۆنە ! » ٠

بە کورتی : وا چاکـە پیاو گەلێك باسی ڕەخنەگر نەکات بەڵام لەگـەڵ ئەمەشدا ئەمن حەز دەکەم هەندێ ئامۆژگاریی پێشکێش بکەم :

١ ـ هەمیشە بە شتی خراپ بڵێ خراپەو ، بە شتی باش بڵێ باشە ٠

٢ ـ کە یەك جار مەتحی شتێکت کرد بامەدەوە بە توندی جنێوی پێ بدەی ٠ کە یەك جاریش جنێوت بە شتێك دا جارێکی‌تر پێی هەڵمەڵێ ٠

٣ ـ مێشوولە مەکە بە فیل‌و فیل مەکە بە مێشوولە[1] ٠

٤ ـ شتی‌وا بۆ خوێنەران باس بکە کە لە کتێبەکەدا هەبێ ، نەك شتی‌وا کە لە کتێبەکەدا نەبێ ٠

٥ ـ لە بلینسکی‌یەوە پێدا مەیە قسەی نووسەران بێنیتەوە بۆنەوەی پشتگیریی بیروباوەڕی خۆتیان پێ بکەی ٠ ئەگەر بیروباوەڕەکان ڕاستی هیی خۆتن هەوڵبدە بە ئەقڵ‌و مەنتیقی خۆت ڕاستی‌یان بسەلمێنیت ٠

٦ ـ بیروباوەڕی ڕوونائ‌و ئاشکرا بە وشەی ڕوون‌و سادە دەربڕە ٠ قـەت بیروباوەڕی ئاڵۆز مەخەرە ناو وشەکانتەوە ٠

---

(١) لە ئینگلیزی‌یەکەدا دەڵێ : « قۆپەنی شارە مێروو مەکە بە چیاو چیا مەکە بە قۆپەنی شارە مێروو » ٠

٧ ـ لەگەڵ هەموو بایەکدا شەنەبا مەکە[١] •

٨ ـ کە خۆت لە شتێك نەگەی هەوڵمەدە خەڵك باوەڕی پێ بێنن •

٩ ـ ئەگەر جزدانت سەد ڕۆبلی تێدا نەبوو ، وا پێشان مەدە کە ئەو پارەیەت هەیە •

١٠ـ ئەگەر لەمێژە سەرت لە گوندی خۆتان نەداوەو هیچ لەبارەی کاروباریانەوە نازانی ، مەڵێ تازە لەوێ هاتوومەتەوە •

ئامۆژگاری یەکانم هیچی نوێیان تێدا نی یە وەکو یەکەم دێڕی خشتەی لێکدان وا سادەن • ئەگەر هەموو ڕەخنەگرەکان بە ویژدانی پەیڕەویان بکەن بێ شك ڕەخنەمان زۆر باشتر دەبێ •

خوێنەر : قسەم لەگەڵ سەرنووسەرو بڵاوکەرەوەو وەرگێڕو ڕەخنەگر کرد • ئێستا هەندێ قسە بۆ گرنگترین کەس دەکەم کە هەموو کتێبێك هەر بۆ ئەو دەنووسرێ ـ ئەویش خوێندەوارە •

خوێندەواری دۆست و ئازیز ! دڵنیام کە تۆ کتێبی پەسندی خۆت هەیە • هەروەها ئێمەی نووسەریش دەڵێین نووسەر گرنگترین کتێبی بەلاوە ئەو کتێبەیە کە هێشتا نەینووسیوە بەڵام خەریکی نووسینیەتی‌و بیەعەیبیشە • نازانم ئەم قسەیە تا چ‌ڕادەیەك لای نووسەرەکانی‌تر ڕاستە • بەش بەحاڵی من ئەم قسەیە ڕاستەقینەیەکی زۆر تەواوە •

بەڕاستی ، هەمیشە ویستوومە کتێبێك لەبارەی وڵاتی خۆمەوە بنووسم ، بەڵام ڕاستت دەوێ ماوەیەکی زۆرە ئەم بیرەم پەنا داوە • هێشتا بۆی دانەنیشتووم • ڕەنگە بەهرەم نەبێ یان وەختێکی زۆری ژیانم بە ملیۆن وردەشتی‌تر بچوێنم یان ئازایی‌و بێندرێژیی پێویستم نەبێ •

---

(١) لە ئینگلیزی‌یەکەدا دەڵێ : « وەك کەلەشێری بایەوان بە هەموو بایەك مەسووڕێ » • کورد دەڵێ : « لە هەرلایەکەوە با بوو ، ئەو شەن دەکا » •

سالْ بە سالْ هەستی لێپرســینەوەی نووسەر بەرامبەر بە خۆی‌و بــە خوێنەرەکانی زیاد دەبێ • بە هەڵچوونێکی کەم دەست بۆ قەڵەم نابا • چاکترین کتێب کــە نووسەر وەئــەستۆی بگرێ ئەو کتێبەیــە کــە لــەبارەی وڵاتی خۆیەوە بێت •

نەخێر ، دەستم بە نووسینی ئەم کتێبە نەکردوە ، بەڵام زۆرم بیر لێ کردۆتەوەو دەزانم دەبێ چ جۆرە کتێبێک بێ •

ڕاستی ، هەستی خۆم دەرهەق ئەو کتێبە ڕژاندۆتە سەر کاغەزو پێم لە هەموو شتێکی ژیانم گرنگترە •

ئەم هەست‌و سۆزانە پاڵتۆی دڕاو نین ، تەنیا قوماشی پاڵتۆکەن • مافوور نین ، تەنیا ماشەرن • گۆرانی نین ، تەنیا ئەو خورپە دڵــەن کە گۆرانیی لێ پەیدا دەبێ •

گوتوویانە : ئەگەر هێشتا نوێژیشت نەکردبێ‌و هەر هێندە بیرت لــەوە کردبێتەوە کە شتی چاکە نوێژەکانت بکەی ، ئەوەندە بەسە بۆئەوەی لە ئاگری دۆزەخ چەپاڵەت بدا •

دەڵێن : پیاوی میوانپەروەر زۆر شادمانە کە هەرچی خواردنی ماڵەوەی هەیە لەگەڵ میوان بیخوات • ئەگەر ماڵ لە بوزا زیاتری تێدا نەبوو چیی بێ دەوێ میوان لەوە دڵگیر بێ کە شەرابی بێگانەی لەپێش دانەندراوە ( مادام هیچ لە ماڵەوەو لەو نزیکانە دەست‌نەکەوێ ) •

دەڵێن : ئەگەر ئیشی باشیشت نەکردبێ ، سوپاس کە نیازت باشە •

خوێنەرو دۆســـتی ئازیز ! هــەر کتێبێک دەنووسرێ بــە نیازی تۆ دەنووسرێ • تەقەلا دەدەم بڵاوکەرەوە ڕازی بکەم‌و قسە لەگەڵ سەرنووسەرو ڕەخنەگرەکان دەکەم ، بەڵام حوکمی تۆ حوکمێکی دادپەروەرانەیەو حوکمی

کۆتایی‌یە • وەکو دادیارەکان دەڵێن حوکمی کۆتایی‌یـــەو تەمیز کردنەوەی بۆ نی‌یە •

ئەی خوێنەر ! نووسەر تەنیا بۆئەوە دەژی بـــە تۆوە شاد بێت • من لە سەراپای ژیانم تەنیا سێ جار شپرزەیی ڕاستەقینـــەم دیوە • یەکێ : پێش ئەوەی بە تۆ شاد بم زۆر شپرزە دەبم • ئارەزوو دەکـــەم پێت‌بگەم‌و هەوڵ دەدەم بزانم ئاخۆ ئەنجام بە چی دەگات • ئینجا لە کاتی بەیەک‌گەیشتنەکە ، کـــە شتێکی زۆر ســـروشتی‌و ئاســـایی‌یە شپرزە دەبـــم • دوایش پاش بەیەک‌گەیشتنەکە شپرزە دەبم ، پیر لە قسەکانم دەکەمەوە ، هەوڵ دەدەم بزانم خوێنەران چۆن تێم‌گەیشتوون • لەبارەی خۆم‌و کتێبەکەمەوە چ‌دەڵێن •

سەرو سیمای خوێنەرەکانم دەبینم • جیاوازی‌یان هەیە • یەکێ ڕووی گرژو مۆنە ، وشەی وا لەکوێ بێنم ڕووگرژی‌یەکـــەی پێ خاو بکەمەوە • یەکێکی‌تر ڕووی ترش کردوە دەڵێی تازە شتێکی تفتی قووت داوە • سێیەم ڕووی کزو ماندوو دیارە ، ئەمە لە هەموویان ترسناک‌ترو بێ‌هیواترە •

لە هەندێ چیایی‌یان پرسی : « ئەرێ ئەوە بۆچی گوندەکانتان وا دووری

خەڵک لەسەر شاخان بنیات‌ناوە ؟ زۆر ئەستەمە پیاو بیانگاتێ • باسی مەترسیی باریکەڕێ‌و هەڵەت‌و هەڵدێرەکان هەر ناکرێ » •

چیایی‌یەکان وەڵامیان دایەوە : « برادەری چاک خۆمان پێ‌دەگەیەنن‌و بۆ خاتری ئێمە هەموو باریکە ڕێ‌یەکی ســـەخت دەبڕن‌و بە گژ هەموو جۆرە مەترسی‌یەکدا دەچن • برادەری خراپیش ـ ئێمە پێویستمان پێ نین ! » •

خوێنەری ئازیز ! ئەمن تەمەنم چل‌و چوار ساڵە • پیاو دەتوانێ لەو تەمەنەدا هەموو جۆرە لێ‌پرسینەوەیەک بگرێتـــە ئەستۆ • لەو تەمەنەدا نووسەر دەبێ لێ‌پرسراوی هەر وشەیەک بێ کە دەینووسێ یا دەیبێژێ •

ئەگەر بیرێکت لـــەناو کتێبەکـــەمدا دۆزی‌یەوە ، شـــەوێك لەگـــەڵ

نووسەرێکی‌تردا ڕاپبواردبێ لەسەری خۆت فرێی دە دەرەوە هەروەکو چۆن لە شاخان ئەگەر شەوی پەردە دەرکەوت بووك خۆی دۆڕاندوە فرێی دەدەنە دەرەوە ٠

ئەگەر بیرێکی ڕاستەقینەت لەناو کتێبەکەمدا دۆزی‌یەوە هێڵێکی بە ژێردا بکێشە ٠ ئەگەر بیرێکی ساختەت تێدا دۆزی‌یەوە دوو هێڵی بە ژێردا بکێشە ٠

ئەگەر بچووکترین درۆت تێدا دیتەوە هیچ دڵ لە دڵ مەدە ، یەکسەر هەموو کتێبەکە توورِ هەڵدە چونکە ئەگەر بێت‌و وا بێ شایەنی هیچ شتێك نی‌یە ٠

ئێستاش بەرلەوەی لە یەك جودا بینەوە چیرۆکێکی‌ترتان بۆ دەگێڕمەوە ٠

## چیرۆکی خانە دەوڵەمەندەکەو کوڕەکەی‌و خینکالیی بە سیرو دونگە مەڕ:

هەبوو نەبوو خانێکی دەوڵەمەند لە ئاڤارستان هەبوو ٠ سێ‌جار ژنی هێنابوو ٠ دەیەویست کوڕێکی لێ وەپاش‌بکەوێ ، بەڵام هیچ ژنێکیان کوڕی نەبوو ، بگرە هەر کچیشیان نەبوو ٠ خان چاری ناچار بوو بۆ جاری چوارەم ژن بێنێ ٠

ئەنجام ، خان کوڕێکی بوو ٠ بەزم و شادی نە سەری دیار بوو نە بنی ٠ گرمەی دەهۆڵ‌و جینگەی تەمبوورێن‌و زیکەی مۆسیقا و قریوەی پێکەنین ئاسمانی کەڕ دەکرد ٠ ئاهەنگ‌و سەیران‌و خۆشی سێ شەوو سێ ڕۆژ دەوامی کرد ، بەڵام هێندەی نەبرد خۆشی‌و شادی لە کۆشکی گەورەی خاندا بڕایەوە ٠ کوڕەکەی نەخۆش کەوت‌و کەس نەیزانی چ دەردیەتی ٠ هەرچەندە لایلایەیان بۆ گوت خەوی لێ نەکەوت ٠ هەرچەندە خواردنی خۆش‌و بەتامیان لەپێش دانا هیچی نەخوارد ٠ هەموولایەك شپرزەو هەراسان بوون ٠ کوڕە چەند ڕۆژێکی لە عەمری ماوەو دەڕوا ٠

نە دوختۆری ئەودیو دەریاکـــانو نە تەلیسمانی هیندو گیـای تـەبت نەیانتوانی تاقە میراتگرەکەی خان چاك بکەنەوە • دیارە خانیش لەپاش مەرگی میراتگرەکەی لە داری دونیادا نازێ •

ڕۆژێکیان ، پیرەمێردێکی خەڵکی گوندێکی ئەو نزیکانە هاتە لای خان • کابرا زۆر نابوودو بوودەڵە بوو • هات ، گوتی : چاك‌کردنەوەی میراتگری خان بە من گەیشت • بەردەستەکانی کۆشکی خان خەریك بوون بە پاڵەسوان وەدەری‌بنێن بەڵام خان تێی ڕاخوڕین : « هەرچۆن بێ کوڕەکەم وا دەمرێ • بۆچی ئەم دوا هەوڵەش تاقی نەکەینەوە » •

« چیت دەوێ بۆئەوەی کوڕەکەم ڕزگار بکەی ؟ » •

« دەمەوێ بە تاقی تەنێ لەگەڵ ژنەکەت دابنیشم » •

« چی ، چی ؟ بە تەنێ ؟ لەگــەڵ ژنی من ؟ ئەوە مێشکت لە ســـەردا نەماوە ! هەستە بڕۆ دەرەوە » •

کابرای بەستەزمان ڕۆیشت ، بەڵام خان لە دڵی خۆیدا گوتی : « هـەر چۆن بێ کوڕەکەم وا دەمرێ ، چیی تێدایە ئەگەر لێ بگەڕێم ئەم کابرایە بە تەنێ لەگەڵ ژنەکەم دابنیشێو ڕووبەڕوو بدوێنێ » •

« هۆ کابرای هەژار ، وەرە مەڕۆ • پاشگەز بوومەوە • فەرموو لەگەڵ ژنەکەم دانیشە » •

کابرای هەژار کە بەتـەنێ لەگـــەڵ ژنی خان خزایە ژوورێکـەوە ، لێی‌پرسی :

« دەتەوێ کوڕت چاك بێتەوەو نەمرێ » •

ژنە لە وەڵامدا ، کڕنۆشی بۆ کابرا برد •

« دە کەواتە پێم‌بڵێ باوکی ڕاستەقینەی ئەم کوڕە کێیە ؟ » •

ژنی خان بە ترس‌و لەرزەوە ئاوڕی لەم‌لاو لەولای خۆی دایەوە •

« هیچ ترست نەبێ • تهێنی‌یەکەت لەگەڵ خۆم دەبەمە ناو گۆڕ • ئەگەر ڕاستیم پێ نەڵێی کوڕەکەت دەمرێ » •

« خان کوڕی دەویست • منیش زانیم ئەگەر کوڕم نەبێ وەکو ژنەکانی تری تەڵاقم دەدا • بۆیە ڕۆژێك چوومە شاخان‌و لەگەڵ شوانێکی گەنجی ساویلکە نووستم‌و پاشان ئەم کوڕەم بوو » •

دوای ئەم گفتوگۆیە دختۆری میللی بە خانی گوت :

« ئەی خانی گەورەو مەزن ! چارەی دەردی کوڕەکەتم دۆزی‌یەوە • لەمەودوا لانکی لە تەنیشت ئاگرێکی وەکو ئاگری شوانی شاخان دابنێن • کەوڵەبزنی بەسەردا هەڵبکێشن‌و خواردنی شوانانی دەرخوارد بدەن •• » •

« ئاخر شوان خینکالیی بە سیرو دونگەمەڕ دەخۆن ، کۆرپەی قونداغە ئەمەی چۆن پێ دەخورێ ؟•• » •

کابرای هەژار بای‌داوەو ڕۆیشت • خان بیری کردەوە : « هەرچۆن بێ کوڕەکەم وا دەمرێ » •

دوای جەمە خینکالی‌یەکی کرد • ژنی خان خۆی جەمەکەی ئامادە کرد • خینکالی‌یەکی وەکو ئەو خینکالی‌یەی لێ‌نا کە ئەوشەوە پێش ئەوەی لەگەڵ شوانەکە بنوێ بۆی لێ‌نابوو • تەبەقێکی گەورەی‌وای لەبەردەم کوڕەکە دانا وەکو ئەو تەبەقە وابوو کە خستبوویە بەردەم شوانەکە •

خینکالی‌یەکان وەکو سایە بەرد گەورەو خڕ بوون • دونگەمەڕی قرچاوە ڕۆنی لێ‌دەچۆڕایەوە • جەرە ئاوێکی سازگاری جۆگەلەی شاخانیشیان بۆ لەتەك خواردنەکە دانا •

کە کوڕەکە بۆنی سیرو ڕۆنی قرچاوەی کەوتە بەر کونە کەپوو ، چاوی کردەوەو هەستایەوەو دانیشت • بە هەردوو دەستان پری دایە گەورەترین

خنکالیو لەو ساتەدا هێزی باوکە ڕژایە ناو لەشی کوڕەو وەکو شێری برسی خنکالیی هەڵلووشی . سەعات بە سەعاتو ڕۆژ بە ڕۆژ دەڕسکا ، گەورە دەبوو . زوو بوە گەنجێکی نازدارو بەو . هیچ دەوسی نەخۆشییەکەی جارانی پێوە نەما .

ڕەنگە شتیوا بەڕاستی ڕووی نەدابێ ، بەڵام شتێك هەیە باشی دەزانم ، ئەویش ئەوەتا :

کە ئەدەب خواردنی باوکی نەخوات و بابداتەوە سەر خواردنی تامخۆشی بێگانان ، کە ڕێزی ڕەوشتو زمانو کەسێتیی خۆی لە لا نەمێنێو دڵسۆز نەبێ بۆیان ، نەخۆش دەکەوێو لەڕو لاواز دەبێو هیچ داوو دەرمانێك دادی نادا .

وا بزانم لێرەدا کۆتاییی پێ دێنم . لە ڕۆژێکی گەرمی هاوین دەستم پێ کردو ئێستا پایزێکی ساردە . لە گوندێکی شاخاوی دەستم دایەو وا کۆتایییەکەی لە شارێکی گەورەو جەنجاڵ دەنووسم . کە دێڕی یەکەمم نووسی بەیانییەکی زوو بوو ، ئێستاش دەوروبەری نیوەشەوەو چراکانی شاریش خەریکن بکوژێنەوە .

لە گەشتو گەڕانی دوورم هاتوومەتەوە . لە بەرگەی دێ پیادە بوویمو جڵەوی ئەسپەکەم ڕادەکێشم و بەناو کۆڵانی خوارو خێچو دوورو درێژدا دەڕۆم . ئێستا جێی خۆیەتی کە زین لە ئەسپەکەم بکەمەوەو دەستی بە ملدا بێنمو بەرەڵڵای بکەمە ناو مێرگی گەورەو فراوان .

بەشبەحاڵی خۆیشم ، لەبەر ئاگر دادەنیشمو جگەرەیەك پێ دەکەم . دەڵێن خوا خۆیشی پاشئەوەی چیرۆکی خۆش بۆ دەستو پێوەندەکانی دەگێڕێتەوە یا ئامۆژگارییان دەکات ، جگەرەیەك دادەگیرسێنێ ، بەکاوەخۆ قومی لێ‌دەداو دەکەوێتە بیرکردنەوەو هەناسەیەك بە با دەدا .

با ئێمەش هەناسەیەك بدەین . هەموو ڕێگایەك بە شادومانی ناگاتە سەر ،

هەموو کتێبێکی نوێ سەرکەوتن نی یە . سبەی لەگـــەڵ گەردوگوڵی بەیاندا دەست بە کتێبێکی تر دەکەمو ملی ڕێگایەکی تر دەگرم .

بەڵام ئێستا لە ڕێگا شەکـــەتو ماندوو بوویم . خۆم لـە کەپەنکەکـەم دەپێچمو دەنووم .

شەوتان باش پیاو چاکینە !

بە سەلام دەستم پێ کردو بە سەلامیش دوایی دێنم .

والسلام والکلام ، آمین .

## پێزانـــین

زۆر مەمنوونی مامۆستا (جەمشید حەیدەری)م کە ئەم دەستنووسەم هەموو بۆ خوێندەوەو ڕستە بە ڕستە لەگەڵ دەقە ڕووسی یەکە بەراوردی کردو لـــە هەرکوێ جیاوازی یەك هەبوو بۆی دەستنیشان کردمو لەکوێ شتێ لە دەقـــە ئینگلیزی یەکەدا نەبوو بۆی کردمە کوردیو ، منیش هەموو کەمو کورتی یەکانم بەگوێرەی ڕووسی یەکە چاك کرد .

خوا دڵسۆزی وەکو مامۆستا (جەمشید)مان بۆ زیاد کا .

**عەزیز گەردی**

# لەبارەی ڕەسووڵو ئەم کتێبەوە

لەبارەی ڕەسووڵو کتێبەکەیـــەوە (یۆلیۆس کاتزەر) کە لە ڕووسی‌یـەوە کردوویە بە ئینگلیزی ، لە پێشەکیی کتێبەکەدا دەڵێ :

« ئەم کتێبە یەکەم بەرهەمی پەخشانی ڕەسووڵ هەمزەتۆڤی نووســەری ناوداری سۆڤێتی‌یە کە بە زمانی ئاڤاری ( ئەو زمانەی تەنیا ۱۷۰٫۰۰۰ کــەس قسەی پێدەکەن ) دەنووسێ ، بەڵام لەگەڵ ئەمەش ناوبانگێکی زۆری پەیـــدا کردوە .

ڕەسووڵ خەڵاتی لینینی وەرگرتوەو نازناوی شاعیری گەلی داغستانی پێ دراوە . شیعرەکانی بە گەلێ زمان بڵاوبوونەتەوەو بەرەو دڵی هەزاران خوێنەر ڕێچکەیان بەستوە .

ڕەسووڵ ساڵی ۱۹۲۳ لە (تسادا) کــە گوندێکی بچووکی داغستانــە ، هاتۆتە دونیاوە .

داغستان کە مانای ــ وڵاتی شاخان ــ ە بریتی‌یە لە کۆمارێکی ئۆتۆنۆمی‌دار کە ساڵی ۱۹۲۰ دامەزراوەو کەوتۆتە تەلانـــەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیای قەوقاس‌و لەســـەر لێوی دەریای قەزوێنــــە . ڕووبەری ۱٤٫۷۰۰ میلی چوارگۆشەیەو دانیشتوانی یەك ملیۆن‌و زوربەیان ( ئاڤارو دارجین‌و لیزجیان‌و کومیك )ن لەگەڵ هەندێ نەتـــەوەی بچووکی‌دی کـــە هەریەکـە بە زمانـــی خۆی دەدوێ .

پێتەختی داغستان (مەحەچقەڵا)یەو کەوتۆتە سەر ڕۆخی قەزوین .

(هەمزە تساداسا)ی باوکی ڕەسووڵ شـــاعیرێکی ناوداری ئاڤاری بوو ، کوڕیش چۆتە دوو باوکی ، ئەلهەق ڕەسووڵ لە باوکیشی تێپەڕاندوە . هەمزە تساداسا سەفەری هەرە دووری تا مۆسکۆ بوو ، کەچی ڕەسووڵ هەموو لایـەکی ئەم سەرزەمینە گەڕاوە .

ڕەسووڵ بۆ مامۆستایەتیی قوتابخانـەی خوێنـــدو ماوەیەك لە شانۆدا کاری‌کردو پاشان لە ڕۆژنامەیەکی خۆیی .

یەکەم کۆمەڵە شیعری ساڵی ۱۹۳۷ بە چاپ گەیاند .

کاتێ کە ڕەسووڵ لە (ئامۆژگەی ئەدەبی مۆسکۆ) وەرگیرا ئەم وەرگیرانەی زۆر بە قازانج بۆ گەڕا . لەوێ لەکن شاعیرە هەرە بەناوبانگەکانی وڵاتی خوێندو بۆ یەکەم جاریش شیعرەکانی بە ڕووسی بڵاوبوونەوەو بوونە بەشێکی شـــیعری هاوچەرخی سۆڤیەتی .

ڕەسووڵ نزیکـــەی چل کۆمەڵـــە شیعری لە مەحـــەج قەڵاو مۆســـکۆ بڵاوکردۆتەوە .

ئەوەبوو تازە گوتم ئەم کتێبە یەکەم بەرهەمی ڕەسووڵە بەرەو نووسینی پەخشان . ئەم کتێبە بەجۆرێکیوا نووسراوە ناکـــەوێتە هیچ خانەیەکـــەوە . نووسەر خۆی ناوی‌ناوە پێشەکیی کتێبی دوارۆژ بەڵام ئەمە هەر قسەیە .

ڕاستی‌یەکەی ، کتێبەکـــەی کتێبێکی تـــەواوە لەبارەی خۆیو پیشـــەی شاعیرییو خۆشەویستیی وڵاتو زۆر شتی‌تریش کە گومانی تێدا نی‌یە خوێنەر زۆریان تامو چێژ لێ وەردەگرێ . هەم سەربردەیەو هەم بەرهەمێکی هونەری . پڕاوپڕی پەندی ئاڤاریو گوتەو قسەی نەستەقو هەقایەتی خۆشو خەمنـــاکو بیروباوەڕی بەرزە دەربارەی مانای ژیان . بەکورتی بڵێین : پڕیەتی لە شیلەی میهرەبانیی مرۆڤایەتی .

(ڤلادیمیر سۆلۆخین)ی نووسەرو شـــاعیر زۆر بەچاکی ئـــەم بەرهەمەی کردۆتە ڕووسیو ساڵی ١٩٦٧ لە مۆسکۆ بڵاوبوەتەوە .

بەئومێدم کە من خۆم چ تامێکم لە وەرگێڕانەکەی وەرگرتوە ، خوێنەرەکانیش ئەو تامە لە خوێندنەوەی وەربگرن » .

---

## چەند تێبینی‌یەک

- ئەم کتێبە لەم دەقە ئینگلیزی‌یەوە کراوە بە کوردی :

  Rasul Gamzatov : My Daghestan Book One.
  Progressive Publishers. Moscow. 1970.

- ئەم بەرگەم لە هاوینی ١٩٧٧دا لە گوندی (بەحرکە) کرد بە کوردی .
- بەرگی دووەمی ئەم کتێبە ، هاوینی ١٩٧٦ ، هەر لە (بەحرکە) کراوە بە کوردیو ئامادەیە بۆ چاپ .
- ئەمین شوان بە ئینگلیزی‌یەکەیدا چوەتەوەو جەمشید حەیدەری لـەگەڵ ڕووسی‌یەکەیدا بەراوردی کردوە .
- محمد عبدالخالق دەقە ئینگلیزی‌یەکەی بۆ پەیدا کردم .
- محمدی مەلا کریمیش لەبارەی ڕێنووسەوە پیا چووەتەوەو ، سەرپەرشتیی لەچاپدانی کردوەو لەگـــەڵ فریاد محی‌الدین پێکەوە هەڵـــەی چاپیـــان ڕاستکردووەتەوە . داوای لێبووردنیش ئەکەن لەو هەڵانەی ماونەتەوەو زوربەیان تاوانی ئەوان نی‌یە .

# فەرهەنگۆك

**عەزیز گەردیو موحەممەدی مەلا کەریم**
ئامادەیان کردووە

( آ )

**ئاخەبان** : ئاغەبان ، سەربانی تەخت .
**ئارچاخ** : ئالچاخ .
**ئاوی‌یە** : بەراو .
**ئەجەڕو بەجەڕ** : قسەی بێسەروبەر .
**ئەدگار** : شێوە ، ڕوخسار .
**ئەسکورد** : ئەستو .
**ئەنگوتك** : گوتك ، گوتکە هەویر .
**ئیرەبی** : بەخیلی .

(ب)

**بادی‌یە** : قاپ ، دەفر .
**باگوردان** : بانگردێن .
**بزۆز** : بزێو .
**بژی** : یاڵی ئەسپ .
**بسەنگلێوە** : تۆزێ بوەستە ، کەمێ چاوەڕوانی بکە .
**بشرێتەوە** : بشاررێتەوە .
**بلمات** : فێڵ . بلمات گەورە : کەسێ کە فێڵی زل زل لە خەڵك بكات .
**بنکەش** : بنهەنگڵ ، بنکەوش .
**بووژانگە** : (مصبح) ، سەناتۆری .
**بەتر** : بەش (تەنها لەگەڵ [ شەو ] بەکاردێ ، دەڵێن : بەترێکی شەو) .
**بەتۆوانە** : ڕێك‌وپێك .
**بەرزەفت** : بەرزەفت کردن ، خستنە ژێر ڕکێف‌و دەسەلات .
**بیانگە** : بیانوو .
**بێزەوەر** : زۆر ناشیرین .
**بیژۆك** : زۆڵەك ، گیایەك لەناو كزمەڵە گیایەکی لە غەیری چەشنی خۆیدا ڕوابێ . بیژی : زۆڵ .

(پ)

**پت** : لاڵو پت ، کەسێ کە زمانی بگیرێ . بەتەنها (بێ لاڵ) بەکارناهێنرێ .
**پفکە** : تلۆق .
**پننگ** : بەرابەری (نقطه)ی عەرەبی‌یە .
**پۆرگ** : پێستی دەست کە ئەستوور ئەبێو ئەبێ بە گرێ .
**پەرك** : داری زڕ .
**پەنگر** : پشکۆ .
**پیاوێژگە** : تەعبیرێکە بۆ (تصغیر) ژن بە مەبەستی خۆشەویستی بەرامبەر بە مێردی بەکاری‌دێنێ ، واتە پیاوە گیانەکە .
**پێرۆ** : بە پێ ڕۆیشتنی باڵدار بەر لە فڕینی .
**پیسۆ** : دڵپیس .
**پیلەکە** : موناقەشەی بێ‌ئەنجام .

(ت)

**تاسولقە** : سواڵەت .
**ترار** : جام ، بادی .
**ترك‌و خوا** : ڕێکەوت .
**تفر** : توێژ .
**تلی** : دانە (حبە) . تەنها بۆ دەنکە ترێ بەکاردێ .

**تولاژ** : لاو ، گەنج .
**تووزاندنەوە** : سۆڵاندنەوە .
**تەبا** : وەك .
**تەبارە** : پارچە دەغڵ کاتێ کە دروێنەی هاتبێ .
**تەپشوو تراش** : وەك بە تەشوێ داتاشرابێ ، واتە سووچی هەبێ .
**تەخر** : تەرخ ، تەرك .
**تەرۆك** : کەلەکە ، لاقەپرغە .
**تەنکیش** : لا ، لای لەش .
**تەوازۆ** : تەوازوع ، عوزر .
**تێرکە** : خورجی بچکۆلە .
**تیز** : گاڵتە .
**تیلاك** : کلاوو جامانەی لارکراوە .
**تیلەقە پشت** : بڕبڕەی پشت .
**تی‌یە چاو** : لاچاو .

**(ج)**

**جمکانە** : دوانە ، توأم ، هاوجووت .
**جەلعە** : گۆزەلەی ئاو کە جووتیار لەگەڵ خۆی دەیبا .
**جیڕ بە جیڕ** : پارچە پارچە .
**جێو باڵنگان** : یاتاخ .

**(چ)**

**چارکە** : جۆرە ئارەقێکی داغستانی‌یە .
**چك‌کردن** : وشك‌کردن .
**چنکە** : چینچکە ، وردە .
**چوێر** : خوار .
**چەپاڵە** : پەنا .
**چەقچەقۆك** : هێلکە شەیتانۆکە .
**چەکمەژە** : چەکمەجە .

**(ح)**

**حان** : کات ، ئان ، عان .
**حەجمان** : ئارام .

**(خ)**

**ختم** : نقوم .
**خەربووش** : نابووت .
**خەناوکە** : ملوانکەی مووروو .
**خێواندمێ** : تێی‌سرەواندم .

**( د )**

**داگاسان** : داسوکنان ، ئارام بوونەوە .
**دامیاو** : جۆگەلە ئاوێ کە لە بەفری تواوە پەیدا بووبێ .
**دفن** : لووت .
**دۆلەنگێو** : دەهۆڵژەن .
**دووگاڕکێ** : دووبارە .
**دەکفکفێن** : هەڵئەچن .
**دەندە** : پەراسوو .
**دەوس** : نیشانە ، ئەثەر .

**( ر )**

**ڕاتەولاندن** : لەناو شینایی خستنی ولاخ بۆ لەوەڕان بەمەرجێ مەیدانی دەرچوونی لە شینایی‌یەکەی نەدرێ .
**ڕادان** : دروست‌کردن .
**ڕوومردنەوە** : دامردنەوە .
**ڕەوسە** : گەنم پاش شەن‌کردنی و جیاکردنەوەی لە (کا)کەی .

**( ز )**

**زنار** : تەلان .
**زووراندنەوە** : سووتاندنەوە .
**زەختە** : نەقیزە .
**زەندۆڵ** : زەویی قلەشاوە .
**زیخ** : ئازا .
**زێد** : ئەو شوێنەی تیا لەدایك‌بووبی ، (مسقط رأس) .

( ژ )

**ژانر** : جۆر ، جۆری ئەدەبی ·

( س )

**ساتیر** : هەجو ·

**ستێر** : ئەستێل ، گۆمی ئاو ·

**سنلم** : ئەو کۆتەی لە پێی ولاخی بەرزەی ئەکەن بۆ ئەوەی نەڕوا ·

**سەردولکەبێژ** : ئەوەی مردوو ئەلاوێنێتەوە ·

**سەرگۆت** : کۆتەڵ ، ئەو پڵ وپووشەی پاش لە بێژنگ دانی دانەوێڵە لە بێژنگەکەدا ئەمێنێتەوە ·

**سەرگۆنە** : لۆمە ·

**سەیز** : مەیتەر ·

**سیپەلك** : سی ·

**سیف** : عەمباری دەغل ·

( ش )

**شراوە** : شاردراوە ·

**شەباقە** : شەبەق ، درز ·

**شەپکە** : پارچە تەختە ·

**شەپلە** : شەلەل ، ئیفلیجی ·

( غ )

**غەرە** : کۆمەڵە بەردی لەسەریەك دانراو ·

**غەوارە** : بێگانە ·

( ق )

**قرچۆك** : ڕژد ·

**قرساو** : تەخمین کراو ·

**قرسێن** : تەخمین کەر ، موخەممین ·

**قلینجك** : پەنجە تووتە ·

**قۆپەن** : پەلە گیایەکی بەرزتر لە گیاکەی دەوروبەری ·

**قۆناغ** : مەنزل ، ماڵێ کە میوان زۆر ڕووی تێ بکا ·

**قەسەر** : ساقی گوڵەگەنم یا گوڵەجۆ پاش لێ کردنەوەی گوڵەکە · زلە قەسەر : تاقە ساقێك ·

( ك )

**کرێت** : خراپ ، ناشیرین ·

**کۆڕەو** : کۆمەڵە کەسێك پێکەوە بەڕێدابڕۆن ·

**کووزر کوت** : کوتاندنەوەی شتێك وەك کووزر ئەکوترێتەوە · کووزر : پاشماوەی دەغڵە کە بەر کوتان نەکەوتبێ یا باش نەکوترابێ ·

**کەسم** : شێو ·

**کەلەن** : کەلێن ·

**کێشکە** : چۆلەکە ·

**کێلووکە** : ئەو تاقە گوڵە گەنم و جۆیانەی پاش دروێنە لە پەرێزدا بەپێوە ئەمێننەوە ·

( گ )

**گاو** : کات ·

**گرژیەوە** : زەردەخەنەیەکی هاتە سەر لێو ·

**گۆدەکان** : وشەیەکی ئاڤاریە ، بە شوێنی کۆبوونەوەی لادێییەکان ئەڵێن ·

**گۆڕنگ** : قولەپێ ·

**گۆنکە** : مەرەت ·

**گەچلاو** : قوماشێ کە ژاکێنرابێ و لۆچ کرابێ ·

**گەڕیدە** : گەڕاڵ ، سائح ·

( ل )

**لاتە** : نێوانی دوو هێڵی زەویی کێڵراو ، کە تۆوی پیا دائەچێنرێ ·

**لاچك** : کڵاوی بە لاچك ئــەو جۆرە کڵاوەیە شتێك بەملاو بەولاوەیەتی گوێ دائەپۆشێ .

**لپر لپر** : گرنج گرنج .

**لەتەر** : ساقی پێ ، لاق .

**لەحەژمەتان** : لەداخا .

**لەنکاوڕا** : لەناکاوڕا ، لەپڕ .

**لە هیکڕا** : لەهیکەوە ، کوتوپڕ .

**لەهیکەوە** : کوتووپڕ .

**لەیستۆك** : بووکە شووشە .

( م )

**مکووم** : تۆکمە ، مەحکەم .

**مگێز** : ئارەزووی بەتین .

**منۆخ** : بوودەڵە ، هیچ‌وپووچ .

**مەدگە** : ئەوەندەی چاو بڕ بکا .

**مەعلانی** : کارامەیی .

**مەیل** : مەتەڵ .

( ن )

**ناپەنگێتەوە** : ناسڵەمێتەوە .

**نازیمۆك** : منالی ناز گیراو .

**نزەنز** : گۆرانی‌یــەکی بەئاستەم کە بۆ خەواندنی منداڵ ئــەوترێ ، وەك لایلایە .

**نیر** : ئەو دارەی ئەخرێتە سەر ئەستۆی وڵاخی جووت ، نیڵە .

( و )

**وێك‌هاتەوە** : گرژبووەوە .

( هـ )

**هاوژێ** : هاوتەمەن .

**هەرێ** : گفت ، وەعد .

**هەڵبقۆشێی** : هیچت نەمێنێ .

**هەڵدەبێ** : تووشی دەبێ .

**هەنگژان** : هەڵگژان ، هەڵشاخان .

**هەوك** : گەردن .

**هێدم** : تاس . هێــــدم گــــرتن : تاس‌بردنەوە .

**هیر** : بەخت .

**هیربار** : قاپو قاچاغ .

( ی )

**یەدەگ** : سپێر .

# بەر لە خوێندنەوە ئەم هەڵانە ڕاستبکەرەوە

| لاپەڕە | دێڕ | ڕاست | هەڵە |
|---|---|---|---|
| ١٠ | ١٧ | داتێشتبێ | دانیشتبێ |
| ٢٧ | ١٨ | چێشتیان | چینی یان |
| ٢٩ | ١٢ | جۆربەجۆرە | جۆربەجۆر |
| ٣٩ | ٧ | قسەکەرەکەکان | قسەکەرەکان |
| ٤٢ | ٢٢ | گرگەکەیان | گورگەکەیان |
| ٤٥ | ٤ | بسڕێتەوە | بشرێتەوە |
| ٥٢ | ١٦ | منیسك | میتسك |
| ٥٦ | ٢٠ | هەچەندە | هەرچەندە |
| ٥٨ | ٦ | هاژاویە | هاژوایە |
| ٦١ | ١ | دفتەری | دەفتەری |
| ٦٥ | ١ | تژدا | تیژدا |
| ٦٦ | ١٨ | جیهانی یەکان | زانا جیهانی یەکان |
| ٦٧ | ١٥ | شاخەتکان | شاخەکان |
| ٨٠ | ١٦ | هیویان | هیوی یان |
| ٨٢ | ٢ | بم | بووم |
| ٨٣ | ٩ | دەبێتە | دەبێتە میوانی |
| ٨٧ | ١٣ | بلندایی یەك | لە بلندایی یەك |
| ٩٢ | ١٤ | سوپاسگوازاری | سوپاسگوزاری |
| ٩٩ | ١٥ | ناچێ | نەچێ |
| ١٢٥ | ٤ | دانەکەی | داناکەی |
| ١٣٣ | ١٣ | کولخۆری | کۆلخۆزی |
| ١٤٠ | ١٠ | لەئەکامدا | لە ئاکامدا |
| ١٤٦ | ١٦ | سەرووولکەی | سەردوولکەی |
| ١٥٤ | ٢ | خانی | حانی |
| ١٦٣ | ١١ | گۆرانی یەکی | کە گۆرانی یەکی |
| ١٦٦ | ٩ | دکات | دەکات |
| ١٨٠ | ١٤ | هەلگرو | هەلگێرو |
| ١٨٠ | ١٦ | بێچاو | پێچاو |
| ١٨٤ | ١٨ | چرقۆك | قرچۆك |
| ١٨٥ | ١٦ | لەهێکرا | لەهیکرا |

| لاپەڕە | دێڕ | ڕاست | هەڵە |
| --- | --- | --- | --- |
| ١٩١ | ٦ | ڕووبارێکی | ڕووبارێکی‌تر |
| ٢١٣ | ٣ | فسانەکان | ئەفسانەکان |
| ٢١٨ | ١٦ | هەڵەداوان | بە هەڵەداوان |
| ٢٢٢ | ١٦ | خۆو | خۆم‌و |
| ٢٣٣ | ٩ | کەمکووم | کە مکووم |
| ٢٣٦ | ١٠ | کتێبەکەی | کتێبەی |
| ٢٤٧ | ٨ | هاتوەم | هاتووم |
| ٢٤٨ | ٢١ | برازێ | برازای |
| ٢٥٨ | ١٩ | بێتە | بێنە |
| ٢٦٣ | ١٩ | پێشەی | پیشەی |
| ٢٧٢ | ١١ | هاوڕێی | هاوزێی |
| ٢٧٣ | ١٥ | کۆنەوە | کونەوە |
| ٢٧٩ | ١٤ | گەڕانەوە | گەنم دەگەڕانەوە |
| ٢٨٠ | ١٣ | بە دەرمان | بە دەرمانو |
| ٢٨٤ | ١٠ | زوی‌یان | زەوی‌یان |
| ٢٩١ | ١ | (قۆیسود)ی | (قۆیسوو)ی |
| ٣٠٠ | ١٣ | ئوتێل | ئوتێل |

رسول حمزتوف

# داغستاني أنا

ترجمه من الانكليزية الى الكردية

عزيز گردي

من منشورات

اتحاد الادباء الاكراد ــ العراق

بغداد ــ ١٩٧٩

---

РАСУЛ ГАМЗАТОВ

# МОЙ ДАГЕСТАН

КНИГА ПЕРВАЯ

Перевод с английского на курдский язык

АЗИЗА ГАРДИ

Опубликовано

Союзом Курдских Писателей

Багдад 1979 г.

---

له كتێبخانەی نیشتمانیی بەغدادا

ژمارە ١٤٣٤ی سالی ١٩٧٩ی دراوەتێ

---

دانەی بە دینارو چارەگێکە